نووسەری کوردستان

بەرگی یەکەم

هەوالنامەی کتێب

مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری

ئۆرگانێکی کەلتوری و پەروەردەییە، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی (ی. ن.ک) پەسەندکراو لە چوارەمین کۆنگرە لە ساڵی ٢٠٢٠ دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لەرەخساندنی زەمینەی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی لەسەر بنەماکانی سۆشیالیست دیموکرات، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی بابەتەکانی بیری هاوچەرخ و دابینکردنی ئەدەبیاتی رێکخراوەیی، دەستەبەرکردنی ئامرازەکانی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی کادیران لە بوارە جیاجیاکاندا، نووسینەوەی مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و شۆڕشی نوێ و رۆڵی لە بووژاندنەوەی گیانی بەرگری و ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

نووسەری کوردستان

گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کوردستان

ژمارە (١) ئابی ١٩٨١ – ژمارە (٥) ئابی ١٩٨٣

ئامادەکردن و ساخکردنەوەی
یوسف محەمەد بەرزنجی

٠٥٩.٩١٥٩٧

ب ٩٢٣

بەرزنجی ، یوسف محەمەد.

نوسەری کوردستان (١٩٨١-١٩٩١)/ ئامادەکردن

یوسف محەمەد بەرزنجی . - ب١، چ١ . - سلێمانی : چاپخانەی حەمدی ، ساڵ٢٠٢٢

ل٧٠٦ ،. ١٧.٥*٢٣ سم . - (وێنەدار)

١ . گۆڤاری شاخ - ئەدەبی بەرگری ٢. چاوپێکەوتن

٣. چیرۆک - شیعر - ریپۆرتاژ أ. ناونیشان

* ناوی کتێب: گۆڤاری نووسەری کوردستان (بەرگی یەکەم)

*ئامادەکردن و ساخکردنەوەی: یوسف محەمەد بەرزنجی

* سکان و پاکژکردنەوەی کۆمپیوتەر: یوسف محەمەد بەرزنجی

بابەت: ڕۆژنامەوانی - ئەدەبی بەرگری

خەتی بەرگ: ئەحمەد سەعید

دیزاین: هەرێم عوسمان

چاپ: چاپخانەی حەمدی

نۆبەی چاپ: یەکەم

ساڵی چاپ: ٢٠٢٢

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردنی (١٣٩٩) ساڵی (٢٠٢٢)ی پێدراوە

مافی لە چاپدانەوەی بۆ ئامادەکار پارێزراوە

لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری / بۆردی ئەرشیف و مێژوو

ئەم بەرهەمە کەڕەنج و ماندوبونێکی زۆری لەگەڵ کێشراوە
پێشکەشە بەڕۆحی بەرزەفڕی شەهیدانی وشەو قەڵەم

*شاکرفەتاح ئەحمەد، جەمیل ڕۆژبەیانی، عەبدولخالق مەعروف، جەمال عیرفان، ئەنوەر مائی، سالّح یوسفی، عومەرتۆفیق، ڕەئوف زوهدی، دلّشاد مەریوانی، جەبار جەباری، کاکەی فەلّلاح، جەمیل ڕەنجبەر، ئەمین پۆلّا، مەلا عەلی، بارزان عوسمان، مەجید کەریم - غاندی، مەحمود خاکی.

* بەباوکم خوالێخۆشبوو (حاجی محەمەدی مەلا ڕەسولّی خەیات)، کەفێری کردم خوێندن و قەڵەم و نیشتمانم خۆشبوێت.

لەبارەی گۆڤاری (نووسەری کوردستان)ەوە

گۆڤارێکی ئەدەبیە یەکێتیی نوسەرانی کوردستان دوای وەستانی گۆڤاری پێڕوو، لەساڵی ١٩٨١دەری کردووە، ئەمەش لە سۆنگەی ئەوەوە سەرچاوەی گرتووە کەدوای ئەوەی ڕژێمی بەعس بڕیاریدا کە گۆڤاری نوسەری کورد دابخات، نوسەرانی شاخ بڕیاریاندا ناوی گۆڤارەکەیان بۆ نوسەری کوردستان بگۆڕن. زۆربەی ژمارەکان لەچاپخانەی برایم عەزۆ، عەبدوالخالق مەعروف، شەهید جەعفەر، چاپکراون، بەڵام ژمارەیەک لەچاپخانەی هەرێمی کوردستانی حزبی شیوعی عێراق، ژمارەیەکیش لەدەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەو سێ ژمارەش لە شاری سەقز چاپکراون. لەو سێ ژمارەیەی سەقز دوو دانە لەدەزگای ڕۆشنبیری یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان چاپکراوەو ژمارەیەکیش لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موحەمەدی چاپکراوە.

لەڕووی شوێنی چاپەوە، ئەم گۆڤارە لەبەر هەلومەرجی سەختی ئەو سەردەمە لە شوێنی جیاواز چاپکراوە. بەم پێیە، ژمارەکانی لە توژەڵە، ناوزەنگ، زەڵێ، بەرگەڵوو، سەرگەڵوو، یاخسەمەرو سەقز چاپکراون. ژمارەکانی ئەم گۆڤارە، ژمارەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەو سەقزی لێدەرچێ، هەمووی سیامەند مامیر شاسواری تایپ و دیزاییینی کردووە، شەماڵ کابان و جەزا عەبدولواحیدو حەمەڕەشیدو چالاک و هەندێ کەسییتریش بەشداریان لەچاپی هەندێک بابەتدا کردووە.

نوسەری کوردستان لەماوەی ١٠ساڵدا، واتە لە ساڵی ١٩٨١ تا ١٩٩١، ١٨ ژمارەی لێدەرچووە. ژمارە ١، لەمانگی ئابی ساڵی ١٩٨١ و ژمارە ١٨ لەوەرزی زستانی ساڵی ١٩٨١ دەرچووە.

*سەرچاوە: ئینسکۆپیای(ی.ن.ک) ب ١،چاپی سێیەم، ساڵی ٢٠١٦ ل ١١٣٩چاپخانەی حەمدی.

خڕکردنەوە و چاپکردنەوەی نووسەری کوردستان

شۆڕشی نوێ کە لە ساڵی ١٩٧٥ چەکەرە دەکا و لە ١٩٧٦ سەرهەڵدەدات، بە هەندێک تایبەتمەندی لە شۆڕش و بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی تری گەلی کوردستان جیا دەکرێتەوە:

تایبەتمەندییەکی ئەوەیە لەژێر کاریگەریی هەلومەرج و هەژموونی سیاسی جیهانی خەباتی نەتەوەیی بە خەباتی چینایەتی دەبەستێتەوە و مۆرکێکی پێشکەوتنخوازانەی وەردەگرێ (بەپێی لێکدانەوە و هەلومەرج و بیرکردنەوەی ئەوکات). خەباتی چینایەتیش پێویستییەکی زۆری بە رۆشنبیریی چینایەتی، مێژوو و ئەزموونی وڵاتە رزگاربووەکان، هزر و فەلسەفەی مارکسیسزم- لینینیزم هەیە، بۆیە هەموو حزب و رێکخراوە کوردستانی و عیراقییەکانیش بە جیاوازی مێژووی دروستبوون و ئامانجە گشتییەکانیان، بەشێوەیەک لە شێوەکان، خۆیان بە سۆسیالیزم دەبەستەوە و بانگەشەی ئایندەیەکی بێ چەوساندنەوەی چینایەتیان دەکرد. لەو مەیدانەدا سەرکردە و کادیری حزبەکان ناچار بوون بەدوای ئەزموون و سەرچاوە فیکرییەکاندا بگەڕێن و خۆیان و هەڤالانیان پێ گۆش و پەروەردە بکەن، بۆیە بزووتنەوەی هزری و رۆشنبیری گەشەیەکی زۆر دەکا و پەرە دەسێنێ. لەناو ئەو گەشەکردن و پەرەسەندنەدا نووسەرانی بەتوانا و بەهرەمەند هەڵکەوتن.

تایبەتمەندییەکی تری شۆڕشی نوێ بریتی بوو لە بەشداریکردنی نووسەران و هونەرمەندان، لە خەباتی فەرهەنگی، سیاسی و چەکداریش. نووسەران لەو مەیدانەدا ئازایانە ئەسپی خۆیان تاودەدا و لە ئەدەبی بەرەنگاریدا مێژووییەکی پڕ لە سەروەرییان

تۆمار دەکرد و بەرهەمەکانیان ئەوەندەی تر کورەی خەباتیان جۆش دەدایەوە. هەندێک لەو ئەدیب و شاعیرانە هەر تەنیا بە پەیڤی جوان و ئاگرین دڵیان دانەدەمرکایەوە، بگرە رێگای سەختی پێشمەرگایەتیشیان گرتە بەر، لەوانەش بەشێکیان لە مەیدانی رووبەڕووبوونەوەی داگیرکەراندا شەهید بوون، بە نموونەی (سالّح یوسفی، جەمیل رەنجبەر، مەلا عەلی، عەبدولخالق مەعروف، هەژار دێدەوانی...تاد).

دەکرێ نووسەرانی سەردەم پۆلێن بکەینە سەر چوار بەش:

یەکەم: ئەو نووسەرانە بوون کە پابەندی خەبات و شۆڕشی نوێ بوون و لە ناوەوە بەشیعر، چیرۆک، پەخشان و وتار بەشداریان لە ئەدەبی بەرەنگاریدا دەکرد. هەندێجار لە ناوخۆ و هەندێجاریش لە بڵاوکراوەکانی شاخ بە ناوی خۆیان یان خوازراو بەرهەمەکانیان بڵاو دەکردنەوە.

دووەم: ئەو نووسەرانە بوون لەبەر پێویستی یان نەیاندەتوانی لە سایەی رژێمی فاشستیدا بمێننەوە و بە ناچاری رووبان دەکردە شاخ و دەبوون بە پێشمەرگە.

سێیەم: ئەو نووسەرانە بوون، کە هیچ پەیوەندی و پابەندبوونێکیان بە حزب و رێکخراوە شۆڕشگێڕییەکانەوە نەبوو، بەڵام هەست و هەڵوێستیان نیشتمانپەروەرانە بوو.

چوارەم: ئەو جاش قەڵەمانە بوون، کە بەشان و باڵی سەدام حسێن و رژێمەکەیان هەڵدەدا.

دەکرێ بڵێین پتر سێ لەسەر چواری نووسەران دوژمن و دژی ستەمی رژێمی داگیرکەری بەغدا بوون، بۆیە جێدەستیان لە شۆڕشی نوێ ئەوەندە گەورەیە لە ئێستا و ئایندەشدا شانازیان پێوە دەکرێ.

لەسەردەمی خەباتی سەختدا دروشمی (بەدەستێک قەڵەم و بەدەستەکەی دی چەک) وێردی سەر زمانی نەک هەر تەنیا نووسەران، بگرە هی ئەو پێشمەرگانەش بوو، کە کۆڵەپشتەکانیان پڕ لە نوردییە نان و کتێب بوون.

دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کوردستان لە شاخ لە مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان وەرچەرخان و هەنگاوێکی زۆر گرنگ و گەورەیە. لە پێشەکی ئەم کۆبەرهەمەدا بەڕێزان دکتۆر رەفیق سابیر، هەڤاڵ کوێستانی، حەمە کەریم عارف، ئەوەندە بە وردی و جوانی باسیان لە چۆنێتی دامەزراندن و کارەکانیان

و دەرکردنی گۆڤاری نووسەری کوردستان کردووە، من نەتوانم هیچ مەڵۆیەکی تر بخەمە سەر خەرمانە زێڕینەکەیان.

بەئامانجی بە ئەرشیفکردن و پاراستنی تەواوی ژمارەکانی نووسەری کوردستان ئێمە لە مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری(ی.ن.ک) بڕیاری چاپکردنەوە و بڵاوکردنەوەی ئەو کۆبەرهەمەمان بە پێنج بەرگ گرتە ئەستۆ، هیوادارین کەڵێنێک لە لاپەڕەکانی مێژووی گەلەکەمان و کتێبخانەی کوردی پڕ بکاتەوە.

لێرەدا دەبێ رۆڵی کاک یوسف محەمەد بەرزنجی بەرز بنرخێنین. ئەو جوامێرە بەو پەڕی دڵسۆزییەوە ئەرکی کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئەو کۆبەرهەمەی گرتۆتە ئەستۆ. وێڕای پێزانین و دەستخۆشی سوپاسی دەکەین و هیوای تەمەن درێژی و بەردەوامبوونی لەسەر ئەو خزمەتە گەورەیە بۆ دەخوازین.

ئــاریــز عەبدوڵلا

تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢

لەبارەی دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان

دکتۆر ڕەفیق سابیر

١

لە کۆتایی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، ستەم و تاوانی دەوڵەتی بەعس، بەرامبەر خەڵکی کوردستان و عێراق، هەموو سنووردێکی تێپەڕاندبوو. ئازادیی نووسین، پەیڤین، ڕێکخستن و بڵاوکردنەوە، بە تەواوی زەوت کرابوون. ئەو سەردەمە بارەگاکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد و لقەکانی لە کوردستان، بوو بوون بە ناوەندی ئەدەبی و ڕووناکبیری. نووسەران و ڕووناکبیران. لەو ناوەندە ئەدەبییانەدا سیمینارو کۆڕی ئەدەبییان ڕێک دەخست. ئەمەش دەرفەتێکی گرنگ بوو تا ڕای خۆیان بە خەڵک بگەیەنن. زۆر جار لەو کۆڕو سێمینارانەدا، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، ئاماژە بە ستەمی دەوڵەتی بەعس دەدرا و ڕەخنەی لێ دەگیرا. خەڵکێکی زۆر، بە تایبەتی لاوان، بەشداری ئەو چالاکییە ڕۆشنبیری و ئەدەبییانە دەبوون.

دەسەڵات ئاگای لەو کۆڕ و سێمینارانە بوو. سەرەتا وێستی لە ڕێی چاوسوورکردن و دەستەمۆکردنەوە، سنوور بۆ چالاکیی نووسەران دابنێت، یان لە ڕێی کۆمەڵێک نووسەری وابەستەی خۆیەوە، دەست بەسەر یەکێتیی نووسەرانی کورددا بگرێت. بەڵام زۆرینەی نووسەرانی, کورد ئامادە نەبوون هاریکاریی دەوڵەت بکەن. سەرەنجام ڕێژیمی بەعس پلانی دانا کە یەکێتیی نووسەرانی کورد هەڵبەوەشێنێتەوە و بیکات بە لقێکی یەکێتیی نووسەرانی عێراق. چونکە ئەو سەردەمە دەوڵەت، دوای ڕاونان و گرتنی سەدان نووسەری ئازادیخوازو شیوعی، بە تەواوی دەستی بەسەر یەکێتیی نووسەرانی عێراقدا گرتبوو. ئەم پلانەی دەوڵەتی عێراق، لەو کاتەدا، کە یەکێتیی نووسەران گۆڕدرابوو بە سەکۆی دەربڕینی ئازاد و بوێرانە، ناڕەزایی زۆرینەی نووسەرانی کوردی لێ کەوتەوە. ئەوان ئامادە نەبوون دەست لە یەکێتییە سەربەخۆیەکەیان هەڵبگرن و وەک پاشکۆی یەکێتیی نووسەرانی عێراق کار بکەن.

لەو دۆخەدا و لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٠دا، کە کۆمەڵێک نووسەرو شاعیر پێشمەرگە بوون، بیرۆکەی دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان لە شاخ، سەری هەڵدا.

ئەو کاتە من لە ریزی حیزبی شیوعی عێراقدا، پێشمەرگە بووم. ساڵونیوێک زیاتر بوو، لەبوڵگارستانەوە گەڕابوومەوە کوردستان. لە ناوچەی ئازادکراوی ناوزەنگ، کە لەسەر سنووری ئێرانە، چەند بارەگایەکمان هەبوو. یەکێک لەو بارەگایانە، کە لە توژەڵە بوو، بارەگای سەرکردایەتیی حیزبی شیوعی و بەشی راگەیاندن بوو، کە لە کۆتایی ئۆکتۆبەری ١٩٧٩ (وا دامان مەزراند. ئەو کاتە بەشی راگەیاندن لە ژووریک، تایپێک، رۆنیۆیەک، چەند کارتۆن کاغەزی ئەیفۆر، سۆپایەک و لۆکسێکی غاز، پێک هاتبوو. سەرەتا سێ کەس لەوێ کارمان دەکرد، هاوڕێیان تەحسین محەمەد خەلیل، نەجیب (ئەبوجینان) و من. هاوڕێ نەجیب، لەپاڵ نووسین بە زمانی عەرەبی، کاری تایپیشی گرتبووە ئەستۆ. ئێمە دوو بڵاوکراوەمان دەردەکرد، (ڕێگای کوردستان) کە ئۆرگانی ڕێکخراوی هەرێمی کوردستانی حیزبی شیوعی بوو، لەگەڵ (ڕێبازی پێشمەرگە)، کە بۆ چالاکی پێشمەرگە و بابەتی سەربازی تەخان کرابوو. هەروا هەندێک نامیلکەی سیاسی و فیکرییشمان، بە کوردی، بڵاو دەکردنەوە. دواتر ڕێبازی پێشمەرگە، لە راگەیاندنی هەرێم جیا کرایەوە و خرایە سەر مەکتەبی عەسکەریی حیزبی شیوعی عێراق.

هەر لە توژەڵە و نزیکەی سەد میترێک لە سەرووی ئێمەوە، بارەگای راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەبوو، کە چەند نووسەر و ڕووناکبیرێک لەوێ کاریان دەکرد، لەوانە بەڕێزان ئەرسەلان بایز، عەباس محەمەد حوسێن (حاجی مەمۆ) و هەڤاڵ کوێستانی و چەند ڕووناکبیرێکی تر.

ئەو ڕۆژانە سەرەتای هەندێک گرفت، لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراقدا، دەرکەوتبوو، بەڵام پەیوەندی و هاریکاریی نێوان هەردوو لا هێشتا باش بوو. من پێشتر، لە ڕۆژانی ناو شار و خوێندنی زانکۆوە، ئەو سێ نووسەرەم دەناسی. لە شاخیش پەیوەندی باشم لەگەڵیان هەبوو، بۆیە بە زەحمەتم نەدەزانی، ئەگەر پەیوەندیی حیزبی شیوعی و یەکێتی ڕێگر نەبێت، کاری هاوبەشی ئەدەبی و ڕووناکبیری، لەگەڵ ئەواندا، بکەین و تەنانەت پێکەوە یەکێتییەک بۆ نووسەرانی شاخ دابمەزرێنین.

٢

پێکهێنانی رێکخراوێکی وەک یەکێتیی نووسەران، لە دۆخی سیاسیی شاخدا، تەنیا کارێکی ئەدەبی نەبوو، بەڵکو ناوەڕۆکێکی سیاسیشی هەبوو. هەروا ئێمەی نووسەران نەمان دەتوانی خۆمان ئامێری چاپ بکڕین، گۆڤار و کتێب و نامیلکە چاپ بکەین و بۆ شارو شارۆچکەو ئۆردوگاو بنکەکانی پێشمەرگەیان بنێرین. بۆیە پێش ئەوەی لەگەڵ نووسەرانی یەکێتیی نیشتمانیی ئەم باسە بکەین و رێک بکەوین، دەبوو سەرکردایەتیی حیزبی شیوعی ئاگادار بکەم. ئەو کاتە هاوڕێ عومەر عەلی شێخ، کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو، بەرپرسی رێکخستنی حیزب بوو لە کوردستان. لەگەڵ ئەو مەسەلەکەم باس کرد، ماوەیەک لەبارەیەوە قسەمان کردو بەڵێنی دا حیزب پشتگیری ئەم کارە بکات.

لە کوتایی مانگی کوتایی نوقەمبر ساڵی١٩٨٠ لە بارەگای راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، من و مامۆستا ئەحمەد دلّزار لەگەڵ بەڕێزان ئەرسەلان بایز، حاجی مەمۆ و هەڤاڵ کوێستانی دانیشتین، هەروا شاعیرو رووناکبیر بەڕێز ناسر حەفید، وەک نووسەریکی سەربەخۆ، ئامادە بوو. لەو دانیشتنەدا باسی دۆخی سیاسی و رووناکبیریی کوردستان و دامەزراندنی رێکخراوێکی ئەدەبیمان کرد لە شاخ. ئەوانیش، وەک ئەوەی پێشتر بیریان لەم مەسەلەیە کردبێتەوە، ئەم کارەیان بە گرنگ و پێویست زانی. دوای لێدوانێکی فراوان و هەمە لایەنە، بە باشمان زانی رێکخراوێکی ئەدەبی دابمەزرێنین، بۆئەوەی ئەو نووسەرانە کۆ بکاتەوە کە لە شاخن. هەموومان پێکەوە بتوانین کەشوهەوایەکی ئازادانە بۆ نووسین و داهێنان و بڵاوکردنەوەی کاری ئەدەبی بڕەخسێنین. لە هەمان کاتدا، لە ڕێی ئەو رێکخراوەوە، پەیوەندی و هەماهەنگیی لەگەڵ نووسەرانی کورد، لە شارەکان و نووسەران و رووناکبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دروست بکەین.

لەو دانیشتنەدا، لەسەر کۆمەڵێک پرەنسیپ و شێوازی کار و ناو و سروشتی رێکخراوەکە، رێک کەوتین و بڕیارماندا دەست بە کارەکە بکەین. ئەو برادەرانە منیان راسپارد بانگەوازی دامەزراندنی (یەکێتیی نووسەرانی کوردستان) بنووسم. لە کۆبوونەوەی داهاتوودا بانگەوازەکە خرایە ڕوو. دوای ئاڵوگۆڕکردنی چەند رستە و وشەیەک، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا. هەر لەوێ بڕیارمان دا هەردوو لایەن، لە ڕێی رێکخستنی تایبەتی خۆمانەوە، بانگەوازەکە بۆ شار و شارۆچکە و بنکەکانی پێشمەرگە

بنێرین. لە هەمان کاتدا هەندێک بنەما و شێوازی کارکردن و بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکەمان دیاری کرد، لەوانە:

– ڕێکخراوەکە ناوی (یەکێتیی نوسەرانی کوردستان)ی لێ نرا، بۆ ئەوەی نووسەرانی نەتەوەکانی تری کوردستانیش کە لە شاخن، یان دواتر دێنە شاخ، ئەگەر بیانەوێت، بتوانن ببن بە ئەندامی ڕێکخراوەکە.

– ڕێکخراوەکە ملکەچی هیچ حیزب و لایەنێکی سیاسی نەبێت، بە هیچ جۆرێک نەبێتە بەشێک لەو کێشە سیاسی و عەسکەرییانەی لە شاخ، لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا، هەبوون.

– تەنیا ئەو کەسانە ببن بە ئەندامی ڕێکخراوەکە کە نووسەر (ئەدیب)ن، واتا چیرۆکنووس، شاعیر، شانۆنووس، وەرگێڕ و ڕەخنەگری ئەدەبی. چونکە بە باشمان نەزانی ئەو ئەندام و کادیرە حیزبییانەی تەنیاوتارو نامیلکەی سیاسی دەنووسن، لە ڕێکخراوەکەدا، ببن بە ئەندام.

– لە ماوەیەکی کورتدا پەیڕەوی نێوخۆ، بۆ یەکێتیی نووسەران، بنووسرێت.

– گۆڤارێکی تایبەت بە ڕێکخراوەکە دەربکرێت، کە لەسەر ناوەکەی ساخ نەبووینەوە. هەروا سالانە کۆمەڵێک کتێب و نامیلکەی ئەدەبی، لە لایەن یەکێتیی نووسەرانەوە بڵاو بکرێنەوە.

– ئەرکی چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤارەکەو کتێب و نامیلکەکان بە هاوبەشی بێت، هەر جارەی لایەنێکمان ئەرکی تایپکردن و چاپکردنی ژمارەیەکی گۆڤارەکە و بڵاوکراوەکانی تر بگرێتە ئەستۆ.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا، دەستەیەکی بەڕێوەبردن, لە چوار کەس، پێک هێندرا: ئەحمەد دڵزار، حاجی مەمۆ، هەڤاڵ کوێستانی و من. ئەرسەلان بایز وتی من هەندێک وتاری ئەدەبیم بڵاو کردۆتەوە، بەڵام خۆم بە ئەدیب نازانم، بۆیە ئەو بەشداری نەکرد. هەر ئەو دەستەیەش بوو بە دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە. بۆ ئەوەی خۆمان لە گرفتی لاوەکی لا بدەین، باسی سەرۆکی ڕێکخراوەکەو سەرنووسەری گۆڤارەکەمان نەکرد. لەجیاتیان بڕیاماندا کارەکانمان بەکۆمەڵ بێت. ئەو سەردەمە شاعیر و نووسەر ناسر حەفید، وەک نووسەرێکی سەربەخۆ، لە توژەڵە بوو، لە دامەزراندنی یەکێتیی نووسەران و گۆڤارەکەدا، تا بەرەو ئەوروپا بەڕیکەوت، هاوکارمان بوو. لە دەروبەری مانگی ئایاری

١٩٨١دا شاعیر و نووسەر حەمەی حەمە باقی هاتە ناوزەنگ و لەلای برادەرانی یەکێتیی نیشتمانی مایەوە. هەر زوو هاتە دەستەی بەڕێوەبردنی یەکێتیی نووسەران و دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە و چالاکانە لەگەڵ ئێمە کەوتە کار.

ئەو کاتە چەند نووسەرێکی تر لە شاخ بوون، کە شایەنی ئەوە بوون لە دەستەی بەڕێوەبردندا بەشدار بن، بەڵام نووسەرانی شاخ زۆر کەم بوون. ئەگەر دەستەی بەڕێوەبردنمان فراوانتر بکردایە، ژمارەی دەستەکە لە ئەندامان زیاتر دەبوون. بەمەش کارەکەمان وەک (شاییەکەی بناویلە)ی لێ دەهات.

بناویلە گوندێکی پشدەرە، لە بناری چیای ئاسۆس و نزیک زێی سندۆڵانە. دەوترێ خەڵکی ئەو گوندە، حەزیان لە شاییکردن بووە. ئەوەی باوە لە شاییکردندا، هەندێک شایی دەکەن. زۆرینەی بەشداربووانی ئاهەنگەکە، چاو لە شاییەکە دەکەن و چیژی لێ وەردەگرن، بە تایبەت ئەگەر شاییەکە رەشبەڵەک بێت، یان بە رێکوپێکی بکرێت. هەروا شاییکارانیش دڵیان بەوە خۆش دەبێت کە خەڵک تەماشایان دەکەن. کەچی لە گوندی بناویلە، کە خەڵکەکەی زۆر نەبووە، بە پێچەوانەی ئەو رێسایە، نزیکەی هەموو خەڵکەکە شایی کردووە، تاک تاک چەند کەسێک ماونەتەوە (یان نەماوەتەوە) چاو لە شاییەکە بکەن.

بڵاوکردنەوەی بانگەوازی دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، لە شارەکانی کوردستاندا، هەندێک کاردانەوەی سیاسی و شەخسیی بەدوادا هات. وا دیاربوو برادەرانی یەکێتیی نیشتمانی، پێش ئێمە بانگەوازەکەیان گەیاندبووە شاری سلێمانی. هاوڕێیانی رێکخستنی حیزبی شیوعی لە سلێمانی، لە نامەیەکدا، داوای زانیارییان لەبارەی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان کردبوو، چونکە لایان وابوو کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، خۆی بە تەنیا، ئەم رێکخراوەی دروست کردووە.

کۆمەڵێک نووسەر، بە تایبەت لە شاری سلێمانی، بە گەرمی پێشوازییان لەو کارە کرد. هەرزوو، لە رێی رێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانەوە، بوێرانە و جوامێرانە، پەیوەندییان پێوەکردین، بە ناوی خوازراوەوە بەرهەمی ئەدەبیی خۆیان، بۆ ناردین. ئەم کۆمەک و پشتگیرییە گرنگەی ئەوان، ئێمەی لە دروستیی کارەکەمان دڵنیاتر کرد و باوەڕمان بە خۆمان زیاتر بوو. هەندێک نووسەری تریش، لەبەر هۆکاری سیاسی، یان شەخسی، هەڵوێستێکی نادۆستانەیان بەرامبەر رێکخراوەکە نواند. دواتر برادەرێکی

لیژنەی بەڕێوەبەری یەکێتیی نووسەران، وا بزانم کاک حەمەی حەمە باقی بوو، بە پێکەنینەوە پێی وتم دەزانی فلان نووسەر (ناوی نووسەرێکی دیاری برد لە سلێمانی، کە سالانێکیش مامۆستام بوو) گوایە وتوویەتی ئەمە یەکێتیی نووسەرانی رەفیق سابیرە!!

لیژنەی بەڕێوەبەری یەکێتیی نووسەران، چەند کۆبوونەوەیەکی تری کرد. زۆربەی بابەتەکانی ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکە ئامادە کرا، بەڵام هێشتا بێ ناو بوو. لەو سەروبەندەدا من نەخۆش کەوتم و لە کۆتایی مانگی جەنیوەری ١٩٨١ بۆ چارەسەرکردن چوومە تاران. لەوێ دوومانگێک زیاتر مامەوە. کاتێک گەڕامەوە توژەڵە برادەران ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکەیان بە ناوی (پێڕو) چاپ و بڵاو کردبۆوە.

وشەی پێڕو (واتا ئەستێرەی کۆ) پێشنیاری کاک هەڤاڵ کوێستانی بوو. ئەگەرچی وشەکە جوان و پرمانایە، بەڵام پێمواببوو بۆ ناوی گۆڤاری یەکێتیی نووسەران، گونجاو نییە. بۆیە پێشنیارم بە برادەران کرد ناوێکی نوێ، کە کەسایەتی، یان شوناسی، رێکخراوەکە دەربخات، لە گۆڤارەکەمان بنێین. لەنێو کۆمەڵێک ناودا (نووسەری کوردستان) بۆ ناوی گۆڤارەکە هەڵبژێردرا.

یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، لە ماوەیەکی کورتدا، خۆی ناساند. پڕۆژەی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی نووسرایەوە. ژمارەی یەکەمی گۆڤاری (نووسەری کوردستان) بە هاوکاری و بەشداری کۆمەڵێک شاعیر و نووسەری شاخ و شار، خرایە ژێر چاپ و لە ئابی ١٩٨١دا بڵاو کرایەوە. هەروا چەند کتێب و نامیلکەیەک بۆ بڵاو کردنەوە ئامادە کران.

ژمارەی یەکەمی نووسەری کوردستان، لە چاو (پێڕو)دا بەپێزتر و کاملتر بوو. کۆمەڵێک نووسەری تری شاخ و شار (بە ناوی خۆیان، یان ناوی خوازراو) بەشداریان تێدا کردبوو. ئەو ژمارەیە، لە راگەیاندنی هەرێمی کوردستانی حیزبی شیوعی چاپ کرا، چونکە پێشتر (پێڕو) لە راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چاپ کرابوو.

٣

ئێمە وەک یەکێتیی نووسەران حەزمان دەکرد، لە هەندێک ناوچەو شارۆچکەی ئازادکراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆڕی ئەدەبی و سێمینار رێک بخەین و، پەیوەندیی لەگەڵ رووناکبیرانی ئەو بەشەی کوردستان دروست بکەین. بەڵام ئەو ڕۆژانە

ڕێکخراوێکی ئەدەبی و ڕووناکبیری، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نەبوو تا بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ئەودا، لەوێ چالاکیی ئەدەبی بکەین.

ڕۆژێک کاک محەمەد حەمە باقی ئاگاداری کردم کە چەند نووسەرو ڕووناکبیری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان، بە سەردان هاتوونەتە ناوزەنگ، میوانی یەکێتیی نیشتمانین و دەیانەوێت چاویان بە ئێمەش بکەوێت. ئەمە دەرفەتێکی باش بوو تا بەوان ئاشنا ببین و ڕاستەوخۆ، لەبارەی ئەو کۆڕو سێمینارانەش، لەگەڵیان بدوێین. ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردن، لەگەڵ ئەو برادەرانەی کۆمەڵە، کۆ بووینەوە.

ئەوان باسی ریکخراوێکیان کرد، کە بۆ کاری فیرکردن و پەروەردە، کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایان، مەزراندبوو. ئێمە دەستخۆشیمان لێ کردن. ڕێککەوتین پێکەوە هەندێک کۆڕ و سیمینار، لە چەند ناوچەیەکی ئازادکراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕێک بخەین.

دانیشتنەکە لە ژووڕێکی نزیکی لای بارەگای بەڕێز نەوشیروان مستەفا بوو. دوای دانیشتنەکە چووینە لای کاک نەوشیروان. لەوێ زۆر بابەتی گرنگ و جۆراوجۆری فیکری، ئایدیۆلۆجی و ئەدەبی باس کران. گفتوگۆکان هێمنانە و بە جۆرێکی ڕووناکبیرانە بەڕێوە دەچوون. کە باس هاتە سەر مارکسیزم و لینینیزم، گفتوگۆکان گەرمتر بوون.

چەند هەفتەیەک بەسەر ئەو دانیشتنەدا تێپەڕی، هەواڵێکم لەبارەی ئەو کۆڕ و سیمینارانەی بڕیار بوو، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێکیان بخەین، نەبیست. ڕۆژێک لەو بارەیەوە لە کاکەحەمەم پرسی، ئەو وتی ڕاستییەکەی ئەوان ماوەیەکە وەڵامیان داوینەتەوە، بەڵام ئێمە دڵمان نەهاتووە پێتان بڵێین. پرسیم بۆچی؟ وتی ئەوان دەڵێن ئێمە ئامادەین ئەو کۆر و سیمینارانە پێکەوە بکەین، بەو مەرجەی ڕەفیق سابیر و ئەحمەد دڵزار بەشدار نەبن، چونکە ئەوانە شیوعین. من ئەو قسەیەم بە ئاسایی وەرگرت و بە کاکە حەمەم وت جا چی تێدایە، ئێمە بەشدار نابین. گرنگ ئەوەیە ئەو کۆڕ و سیمینارە ئەدەبییانە لەو ناوچانە بکرێن. کاکە حەمە وتی نا، ئێمە چۆن بە بێ ئیوە دەچین! ئەوانە خۆیان بەچی دەزانن تا مەرجمان بۆ دابنێن. هەروا وتی، دەزانی ئەو ڕێکخراوەی ئەوان هیچ پەیوەندی بە شیعرو ئەدەبەوە نییە، بەڵکو ڕێکخراوێکە بۆ کارمەندانی پەروەردە دامەزرێندراوە. دوای ئەوە، نازانم بە ڕاستی بوو یان هەر بۆ خۆشی، بە شێوازە خۆش و قۆشمەئاساکەی خۆی، وتی لەو ڕێکخراوەدا مامۆستا و تەنانەت فەڕاش و پاسەوانی قوتابخانەکانیش دەتوانن ببن بە ئەندام.

لە کاتی نووسینەوەی ئەم چەند دێڕەدا، بابەتێکی هاوشێوەی ئەو رووداوەی برایانی کۆمەڵەم بە بیر هاتەوە، کە خراپ نییە ئەویش بگێڕمەوە، چونکە هەردوو رووداوەکە لەو سەردەمەدا بوون، لە بنەڕەتیشدا، هەردووکیان بەرهەمی یەک کولتووری سیاسی و یەک جۆرە ئایدیۆلۆجیا و شێوازی بیرکردنەوە بوون.

لە ژمارەی یەکەمی (نووسەری کوردستان)دا وتارێکی بەڕێز سەلاحەدینی موهتەدی، کە لەبارەی هۆنراوەی (خەوەبەردینە)ی شاعیر سوارەی ئێلخانیزادە نووسیبووی، لەگەل دەقی هۆنراوەکە، بڵاو کرایەوە. دوای دوو هەفتەیەک هاوڕێیەکی سەرکردایەتی حیزب، کە لە بیرم نییە هاوڕێ عومەر عەلی شێخ بوو، یان هاوڕێ فاتیح رەسوڵ، بە زەردەخەنەیەکەوە پێی وتم برادەرانی حیزبی تودەی ئێران گلەییمان لێ دەکەن. وتم چی بووە! وتی نامەیەکیان بۆ ناردووین و نووسیویانە چۆن ئێمە رێگامان داوە لە گۆڤاری (نووسەری کوردستان)دا نووسینی کەسێک بڵاو بکەینەوە، کە دژی حیزبی تودە و شۆڕشی ئێرانە. من پێکەنینم بەو قسەیە هات و بە سەیرو ناماقوولم زانی. چۆن رێبەرایەتیی حیزبی تودە، رێگە بەخۆی دەدات، داوای لەو جۆرە لە ئێمە بکات! ئایا خۆبەزلزانین و لەخۆباییبوونی ئەوان گەیشتوتە ئەو رادەیە! دیاربوو گەلانی ئێران گرفتێکیان نەمابوو، لەو وتارەی کاک سەلاح و گۆڤاری نووسەری کوردستان گرنگتر بێت، تا حیزبی تودە خۆی پێوە ماندوو بکات!

هەتا ناوەڕاستی مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٨٢ من لە شاخ بووم و بەشداری ئامادەکردن و پێداچوونەوەی گۆڤارەکە و هەندێک کتێب و نامیلکە بووم. یەکێک لەو نامیلکانە چیرۆکێکی سەمەدی بەهرەنگی بوو (٢٤ سەعات لە خەو و بێدرای) کە لە فارسییەوە کردبووم بە کوردی، هاوڕێیەکی فیداییانی ئەکسەریەت (هاوڕێ یوسف) کە لەگەڵ دوو هاوڕێی تریاندا، ماوەیەک لە لای ئێمە میوان بوون، لە لێکدانەوەی هەندێک وشە و دەربڕیندا، یارمەتی دام. هەروا پێشتر، لە ساڵی ١٩٧٩ کە ماوەیەک شاری مهاباد ئازاد کرابوو، فریا کەوتم، لە رێی (کتێبخانەی سەیدیان)ەوە، کۆمەڵە هۆنراوەیەکی نوێ بە ناوی (رێژنە) و کۆمەڵەهۆنراوەی (پشکۆکان دەگەشێنەوە) بۆ جاری دووەم، لە مهاباد بڵاو بکەمەوە. هەروا لە شاخ کۆمەڵە هۆنراوەیەکی نوێم نووسی. سەرەتا وێستم، بە ناوی (چرای گۆڕستان) وەک بڵاو کراوەی یەکێتیی نووسەران، چاپی بکەم، بەڵام دواتر پەشیمان بوومەوە، چونکە بابەتی هۆنراوەکان و ستایلی نووسینیان، لەگەڵ

کەشوهەوای پێشمەرگایەتیدا نەدەگونجان. لەبارەی ئەو هۆنراوانە، لە پێشەکی بەرگی یەکەمی دیوانەکەمدا (سوێد ١٩٩٣) نووسیومە:

(ئەو هۆنراوانەی لە کاتی پێشمەرگایەتی، لە شاخ و چەند ساڵێکیش دواتر نووسیمن تێڕامانێکی شپرزەی خود و گیان و دەوروبەر بوون. هەوڵدانێک بوون بۆ دەربڕینی هەندێک ئاوات و ئازاری گیانیی مرۆڤ، کە لە سایەی تیرۆر و تووندوتیژیی دەوڵەتدا، تەنانەت نرخی مریشکێکی نییە. کاتێکیش بە مەبەستی پاراستنی ناوەرۆکی ئینسانییانەی خۆی ڕوو دەکاتە شاخ، هەست دەکات تەنیا پەناگەیەکی فیزیکیی دۆزیوەتەوە، یان تەنیا شوێنە جیۆگرافییەکەی گۆڕدراوە. کەچی ئازادی و بەها ئینسانییەکەی، لەوێش، لە بەردەم هەڕەشەدان).

ئەو هۆنراوانە دواتر، ساڵی ١٩٨٥ لەگەڵ چەپکە هۆنراوەیەکی تر، بە ناوی (سووتان لەبەر باراندا)، لە لەندەن بڵاو کرانەوە.

جێی خۆیەتی لێرەدا بڵێم، تا ئەو ڕۆژەی من کوردستانم بەجێ هێشت، ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی نووسەرانی شار، کە بە ناوی نهێنییەوە دەنێردران، هەموویان، لە ڕێی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانییەوە، دەگەیشتن. (ناوی ئەو نووسەرە بەڕێزانە لەم چاپە نوێیەی گۆڤارەکەدا هاتوون). دیاربوو ئەوان پەیوەندییان بە یەکێتیی نیشتمانییەوە هەبوو. باکیان نەبوو کە ئەگەر ناردنی ئەو بەرهەمانەیان ئاشکرا بێت، چ چارەنووسێکی ترسناک چاوەڕێیان دەکات. جێی سەرنج بوو، تا ئەو کاتە، یەک بەرهەمی ئەدەبیی هیچ نووسەرێکی ئەندام، یان دۆستی حیزبی شیوعی، لە شارەکانەوە، نەگەیشت. من لەم دیاردەیە هەم نیگەران بووم و هەم هەستم بە کەمایەسیی دەکرد. نیگەران بووم لەبەر ئەوەی پەیوەندیی ئێمە، لەگەڵ نووسەرە هاوڕێ و دۆستەکانی حیزبی شیوعی، بەو جۆرەی لێهاتووە. هەستم بە کەمایەسییش دەکرد، لەبەردەم دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتیی نووسەراندا، چونکە لەناو شارەکاندا هاوڕێیەکمان نییە، لە گۆڤارەکەدا، بە هۆنراوەیەک، یان بە نووسینێک، هاوکار و بەشدارمان بێت.

٤

ئێمە، وەک یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، لە دۆخێکی سیاسیی نەخۆش و پڕ لە گرژی و ناتەبایی و شەڕدا کارمان دەکرد. جیاوازیی ئایدیۆلۆجی و سیاسی و

حیزبی، گرفتی دروست دەکرد. لەوانەبوو گرفتەکە، بە ئاسانی ناکۆکیی لێبکەوێتەوە، ناکۆکییەکەش بگۆڕدیت بە شەڕ.

ئێمە، لیژنەی بەڕێوەبەری یەکێتیی نوسەران، لە رووی فیکری، سیاسی و تێڕوانینی ئەدەبییەوە جیاواز بووین، بەڵام لەناو خۆماندا گونجاو بووین. لە بیرم نییە لە ماوەی پێکەوەکاردنماندا گرفتێک، یان ساردییەک لە نێوانماندا، دروست بووبێت. ئێمە وەک کۆمەڵێک هاوڕێ و تیمێکی یەکسان و هاوئامانج کارمان دەکرد. لە کارەکانماندا، متمانەمان بە یەکتری هەبوو. دەمانەویست مۆدێلێکی باشی هاریکاری و پێکەوەهەڵکردن بخەینە روو. باوەڕبوون بە ئازادیی نووسین، ڕێزگرتن و قبوولکردنی یەکتری و هەستکردن بە بەرپرسیاری، بنچینەی کارمان بوون. بۆیە ناکۆکی و کێشەی سیاسی، تا ئەو کاتەی من لە کوردستان بووم، لە کار و پەیوەندیی نێوانمادا، ڕەنگی نەدایەوە. بەڵام دواتر، کاتێک شەڕی نێوان حیزبی شیوعیی عێراق و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەڵگیرسا، فەزای داهینان و پێکەوەهەڵکردن شەڕاوی کرا. بەداخەوە یەکێتیی نووسەران ڕاکێشرایە ناو کێشەکان، دووبەرەکی کەوتە ناو نووسەرانی هەردوو لایەن و سااڵنێک لە یەکتر دابڕان.

ئەو ڕۆژانە کوردستان لەناو خوێن و ژانی سێ شەڕدا دەتلایەوە، شەڕی دەوڵەتی عێراق و کورد، شەڕی عێراق و ئێران، هەروا شەڕی نێوخۆی هێزە چەکدارەکانی شاخ، کە لە هەموویان بە ئازارتر بوو. تا ناوەڕاسی بەهاری ساڵی ١٩٨٢ حیزبی شیوعی بە کردەوە لەو شەڕەدا بەشدار نەبوو. دوای ئەوە ڕاستەوخۆ تێکەڵی شەڕەکە بوو.

منیش بڕیارمدا کوردستان بەجێ بهێڵم و بۆ دڕێـژەدان بەخوێندن، بگەڕێمەوە دەرەوەی وڵات. ئەم بڕیارەم بە چەند هاوڕێی نزیکم گووت. هەروا لە دواکۆبوونەوەی لیژنەی بەڕێوەبەری یەکێتیی نووسەراندا، مالئاواییم لە برادەران کرد و پێیانم وت من بۆ ئەوە خوێندنم لە ئەوروپا بەجێ نەهێشت، تا لێرە شەڕی پێشمەرگە بکەم، بۆیە دەگەڕێمەوە هەندەران.

چـوار مانگێک دواتـر، من لە پێشمەرگەیەکی شەکەت و دڵشکاوی نیشتەجێی ناوزەنگەوە، بوومەوە خوێندکاری ئەکادیمیای زانستە کۆمەاڵیەتییەکانی بوڵگارستان، لە شاری سۆفیا دەستم بە خوێندن کردەوە.

دەمەوێت ئەم نووسینە، بە چەند ڕستەیەک دوایی پێ بێنم، کە لە ساڵی ١٩٩٣ لە پێشەکیی بەرگی یەکەمی دیوانەکەمدا، لەبارەی ئەو ڕۆژانە نووسیومە:

(ئێمە، کە لەرووی تیرۆرو فاشیزمدا چەکمان هەڵگرتبوو، دەتوت لە ساتێکی غەفڵت و بێئاگاییدا، رەنگی دوژمنەکەی خۆمان گرتووە. جۆرەها بۆچوون و رەفتارو مێتۆدو لایەنی کولتووریی ئەومان دەهێنایەوە بەرهەم. لە لای ئێمەش بایەخ و ڕێزی مرۆڤ تا ئەو رادەیە بوون کە ئامرازێک بێت بۆ خزمەتی ئایدیۆلۆجیا و خێل- حیزب! ئازادی و مافی مرۆڤ، لە نێو ئێمەدا، تا ئەو ئاستە بەرزە پارێزراوبوون، بۆ نموونە، تەنانەت نامەکانی منیش، کە لە لایەن هەندێک هاوڕێی پێشمەرگەوە بۆم دەهاتن، کۆنترۆڵ دەکران و پێش من، چاوانی باشقەڵەی کەسانێکی ئاریلە و مۆمیا و دووڕوو دەیانخوێندەوە.

ئایا ئەو دیاردە چەوتانە رەنگدانەوەی بێئاگایانەی عەقڵ و کولتووری باوی کۆمەڵ بوون، یان لە هەندێک ریشەی لێکچوونی ئایدیۆلۆجیای ئێمە و دوژمنەوە، سەرچاوەیان گرتبوو؟ یاخود لەوە هاتبوون کە هەردوو لامان، لەگەڵ جیاوازیی نێوان هێز و ئامانجمان، کەم تا زۆر، بەرهەمی یەک کۆمەڵی نەخۆش بووین؟!

هۆکارەکە هەرچییەک بووبێت، ئەنجامەکە هەر ئەوە بوو کە ئێمەیش نەمانتوانی نموونەیەکی نوێی فیکری، سیاسی و کولتووری بخەینە روو. نەمانتوانی بە چاوێکی دی بۆ مرۆڤ بڕوانین. کاتێکیش سەرۆکخێڵانی ئێمە، بە چەقەنەیەک، رووبان لە شەڕی براکوژی کرد، ئێمە بەرەوڕووی ئەزموونێکی دژوارتر بووینەوە. ئیدی مانەوەی من، وەک مرۆڤ و شاعیر، لە شاخ کارێکی بێمانا و وننبوونێکی بێبڕانەوە بوو.

ئەنجام:

رووکردنەوە هەندەران و ئاوارەبوونێکی دی.)

ئوپسالا

٢٠١٧/٣/١٥

لایەنی کولتووریی ئەومان دەهێنایەوە بەرهەم. لە لای ئێمەش بایەخ و ڕێزی مرۆڤ تا ئەو ڕادەیە بوون کە ئامرازێک بێت بۆ خزمەتی ئایدیۆلۆجیا و خێل- حیزب! ئازادی و مافی مرۆڤ، لە نێو ئێمەدا، تا ئەو ئاستە بەرزە پارێزراوبوون، بۆ نموونە، تەنانەت نامەکانی منیش، کە لە لایەن هەندێک هاوڕێی پێشمەرگەوە بۆم دەهاتن، کۆنترۆڵ دەکران و پێش من، چاوانی باشقەڵەی کەسانێکی ئاریلە و مۆمیا و دووڕوو دەیانخوێندەوە.

ئایا ئەو دیاردە چەوتانە ڕەنگدانەوەی بێئاگایانەی عەقڵ و کولتووری باوی کۆمەڵ بوون، یان لە هەندێک ریشەی لێکچوونی ئایدیۆلۆجیای ئێمە و دوژمنەوە، سەرچاوەیان گرتبوو؟ یاخود لەوە هاتبوون کە هەردوو لامان، لەگەڵ جیاوازیی نێوان هێز و ئامانجمان، کەم تا زۆر، بەرهەمی یەک کۆمەڵی نەخۆش بووین؟!

هۆکارەکە هەرچییەک بووبێت، ئەنجامەکە هەر ئەوە بوو کە ئێمەیش نەمانتوانی نموونەیەکی نوێی فیکری، سیاسی و کولتووری بخەینە ڕوو. نەمانتوانی بە چاوێکی دی بۆ مرۆڤ بڕوانین. کاتێکیش سەرۆکخێڵانی ئێمە، بە چەقەنەیەک، ڕوویان لە شەڕی براکوژی کرد، ئێمە بەرەوڕووی ئەزموونێکی دژوارتر بووینەوە. ئیدی مانەوەی من، وەک مرۆڤ و شاعیر، لە شاخ کارێکی بێمانا و ونبوونێکی بێبڕانەوە بوو.

ئەنجام:

ڕووکردنەوە هەندەران و ئاوارەبوونێکی دی.)

ئوپسالا

٢٠١٧/٣/١٥

وتـــەیـــەک

حەمەکەریم عارف

١

کۆی میراتی شارستانی و کولتووریی هەر نەتەوەیەک دەکاتە کەلەپووری ئەو نەتەوەیە، واتە کەلەپوور دەکاتە کۆی بەرهەمێن مێژوویی و هزری و فیکری و هونەری و شارستانی و کولتووریی ئەو نەتەوەیە. بەم پێیە، مرۆڤ مەحکومە بە کەلەپوور و لە ناوجەرگەی کەلەپووردا دەژی، لێ ئەمە بەو مانایە نییە کە لە کەلەپووردا غەرق ببێت، بەڵکو دەبێت بیکات بە بنکەیەک بۆ گوڕبەستنەوە بە ئاڕاستەی ئایندەدا.

پەیوەندیی نەتەوەیەک لەگەڵ کەلەپووری خۆیدا، دەرککردنی خۆیەتی لە ڕابوردوویدا، خوێندنەوەی ڕابوردووی خۆیەتی بە چاویلکەی ئێستاو بە ئاڕاستەی ئایندەدا... ئێستا تازەی دوێنێیە و دەبێت بە کۆنەی سبەینی... بۆیە بایەخدان و ئاوڕدانەوە بە کەلەپوور و لە کەلەپوور، بە مەبەستی پیرۆزاندنی کەلەپوور نییە، بەڵکو پاراستنیەتی وەکو بەشێک لە مێژووی گەل و نەتەوەیەک لە لایەک و بووژاندنەوەی ڕەگەزە زندووەکانیەتی لە قاڵبی ئەمڕۆدا و بە ئاڕاستەی ئایندە. ئەمەش بۆ خۆی دەسپێک و سەرەتایە بۆ خۆتازەکردنەوە کە زامنی بەردەوامیی ژیانە... من بەش بە حاڵی خۆم ڕەفزکردنەوەی هەر واقیعێکی چەقبەستوو بە پەسەند دەزانم، بەڵام پێویستە لەگەڵ سەرەتا و دەسپێکی هەر ڕەفزکردنێکدا وێناو تەسەورێکی ڕوونمان لەمەڕ واقیعێکی دروستی نوێ هەبێت... بەهەرحاڵ پەیوەندیی نێوان ڕۆشنبیریی نەتەوەیی و کەلەپوور، وەکو پەیوەندیی نێوان منداڵێتی و گەنجایەتی وایە، گەنجایەتی هەرگیز منداڵێتیی مرۆڤێک ناسڕێتەوە، بەڵکو لە چوارچێوەی ناسنامەی هەمان کەسدا گەشەی پێ دەدات...

٢

یەکێتیی نووسەران یەکێکە لە دەسکەوتە نەتەوەییەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە هەردوو تەڤگەری سیاسی و ڕۆشنبیریی کورد هەڤبەند بوون و لە کارلێکی بەردەوامدا بوون. بزووتنەوەی ڕۆشنبیری بەگوێرەی هەڵکشان و داکشانی تەڤگەری ڕزگاریخوازی سیاسیمان، هەڵکشان و داکشانی بە خۆوە دیتووە. ئیدی لە میرنشینەکانەوە بیگرە و پێیدا وەرە تا دەگاتە ڕۆژگاری ئەمڕۆ. لە بۆتان، خانی و جزیری و ئەو قوتابخانە ئەدەبییەی کە هەبوو؛ لە بابان، نالی و سالم و قوتابخانەکەیان و تا سالانی سەرەتای هەفتاکانی سەدەی بیستەم لەگەڵ هەڵکشانی باری سیاسیماندا، یەکێتیی نووسەرانی کورد وەکو لایەنێک لە لایەنەکانی هەڵکشانی بزاڤی ڕۆشنبیریمان و وەکو زادە و بەرەنجامی ئاوێتەبوون و کارلێکی هەردوو بزاڤی سیاسی و ڕۆشنبیریی کورد دامەزرا و توانا ئەدەبییەکانی ئەو قۆناغەی بە نەفەسێکی کوردانەوە لە خۆ گرت... چالاکییەکانی خۆی لە شێوەی کۆڕ و سیمینار و گۆڤار و کتێباندا پێشکەش بە جەماوەری ڕۆشنبیران و ئەدەبدۆستان دەکردو بە موو لە هەڵوێستی کوردانە و واقیعییانە لای نەداوە، تەنانەت بۆشاییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیشی لە کاتی پێویستدا پڕ کردووەتەوە و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردەواریان خزمەت و دەوڵەمەند کردووە... ئەمە جگە لە بەرهەمهێنانی دەیان دەقی ئەدەبیی شۆڕشگێڕانە کە دەکرێت بە بەڵگەنامەی مێژووی هەستی مرۆڤی کورد دابنرێت.

٣

لە سەرەتاکانی سالانی هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوودا، لە ئەنجامی یەکانگیری و کارلێکی کۆمەڵێک فاکتەر و هەلومەرجی بابەتی و خودیدا، بە تایبەتی جەنگی ماڵوێرانکەری هەشت ساڵەی عێراق و ئێران، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد جۆرە گەشەکردنێکی بە خۆیەوە بینی و لە ڕووی خەباتی چەکداریەوە، جۆرە وەرچەرخانێکی بە خۆیەوە بینی و توانیی چەندین ناوچەی ستراتیژی لە سوپای کوردکوژو داگیرکەری ڕژێمی بەعس پاک بکاتەوە، جۆرە ئومێدەوارییەک بە جەماوەری فیداکاری کوردستان ببەخشێت و جێگە و پێگەیەکی باشیش بۆ حەوانەوەو جەولەو چالاکی و چەلەنگیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش دابین ببێت... هەڵبەتە واقیعی قۆناغەکە بە جۆرە فرەخوازییەک (تعددية) ئاوس بوو و حیزب و گرووپ و لایەنە سیاسی و

چەکداریيەکانیش، هەرچەندە ژێراوژێر لە یەکدی بە گومان بوون، دەگەڵ یەکدا دڕدۆنگ بوون و ئەم مافی فرەخوازییەیان بە ئاسانی بە یەکدی ڕەوا نەدەبینی، بەڵام زۆر جاریش لەژێر گوشاری جەماوەری خەڵک و شەقی زەمانە و لەبەر بەرژەوەندیی حیزبی خۆیان، بە ناچاری و بە نەبەدڵی ملیان بۆ ئەو فرەخوازییە کە دەرهاویشتەی قۆناغەکە بوو، دەدا... لەو کەشوهەوایەدا و لەو قۆناغەدا ژمارەیەک نووسەریش ژیانی پێشمەرگایەتییان هەڵبژارد، کە خەڵکی سەر بە حیزبە جیاوازەکان و کەسانی بیلایەنیشیان تێدا بوو، لە ڕوانگەی دیموکراتییەتی کاری ئەدەبییەوە و لەو بۆچوونەوە کە ئەدەبیات دەوری بااڵی لە شۆڕشگێڕاندنی مرۆڤدا هەیە و کەناڵێکی مرۆڤانی هەستیارە بۆ بەردەوامانی پەیوەندییە مرۆڤانییەکان و شێوازێکی زۆر شارستانییانەی ئازادیخوازییە و بە مەبەستی کۆکردنەوەی توانا جیاوازە ئەدەبییەکانی ناو هەموو لایەنە سیاسییەکانی شۆڕشی کوردستان و کەمکردنەوەی گۆشاری ڕژێمی بەعس لەسەر نووسەرانی بەهەڵوێستی ناو شارەکان و پووچەڵکردنەوەی نیازی ڕژێم کە بە تەما بوو، بە پشتیوانیی هەندێ نووسەری دەستەمۆ، یەکێتیی نووسەرانی کورد، کە دەسکەوتێکی نەتەوەیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردبوو، بکات بە پاشکۆی یەکێتیی نووسەرانی عێراق، یان ئەگەر پێویستی کرد هەر دای بخات... بەهەرحاڵ، هەموو ئەو فاکتەرانەی سەرێ کردیانە کارێک چەند نووسەرێکی بەڕێز، بە جیاوازیی بیروباوەر و وابەستەگیی حیزبییانەوە، لە مانگی دوانزەی ١٩٨٠دا و دوای دوو کۆبوونەوە، دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان ڕابگەیەنن... بۆیەش کرا بە یەکێتیی نووسەرانی کوردستان تا یەکەم: نەبێت بە ئەڵتەرناتیڤی یەکێتیی نووسەرانی کورد و بە دەستی خۆمان ئاواتەکەی بەعس نەهێنینە دی، چونکە یەکێتیی نووسەرانی کورد وەکو دەسکەوتێکی نەتەوەیی خەباتی گەلی کورد لە لای هەر نووسەرێکی کوردپەروەر ئازیز بوو. دووەم: بۆ ئەوەی هەر نووسەرێکی کوردستانی، بە هەر زمانێک و خەڵکی هەر شوێنێکی کوردستانی گەورە بێت، بتوانێت ببێ بە ئەندام و لەو چوارچێوەیەدا مومارەسەی چالاکییە ئەدەبییەکانی خۆی بکات... بەهەرحاڵ، وەکو ئاماژەمان کردێ، یەکێتیی نووسەرانی کوردستان وەکو ماڵی هەموو نووسەران بە جیاوازیی بیروباوەڕیانەوە دامەزرا و بە نەفەسێکی کوردانەوە پێشوازیی لە توانا ئەدەبییەکانی ئەو قۆناغە دەکرد، پەیوەندییەکی باشی دەگەڵ نووسەرانی ناو شاریشدا هەبوو... ئیدی چالاکییەکانی لە شێوەی کۆڕ و سیمینار و گۆڤار و کتێباندا پێشکەش بە جەماوەری ئەدەبدۆستان دەکرد... یەکێک لە گۆڤارەکانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان،

(نووسەری کوردستان) بوو کە تا ڕاپەڕین (١٩٩١)، ئەوەندەی لە بیرم مابێت، هەژدە ژمارەی لێ دەرچوو، کە قەڵەمی شاخ و شار و زۆربەی پارچەکانی کوردستان لاپەڕەی هەر ژمارەیەکیان ڕازاندووەتەوە... ئیدی نووسەری کوردستان، هەم بوو بە پێشمەرگەو هەم بوو بە سەنگەرو هەر ژمارەیەکی بوو بە خودان سەربهوردو حیکایەتێکی پڕ لە سەرفرازی، هەر بن بەردو پەنا مزگەوت و کوێرە ئەشکەوتێکی کوردستان بدوێنی، حیکایەتی (نووسەری کوردستان) و خەمخۆرانی نووسەری کوردستان بە شانازییەوە دەگێڕێتەوە... ڕاستە یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، وەکو مەوقیعی جوگرافی، زیاتر لە ناوچە ڕزگارکراوەکانی ژێر دەستی(ی. ن. ک)دا بوو، بەڵام ڕێکخراوێکی سەربەخۆ بوو، نوێنەری نووسەران بوو بە جیاوازیی بیروبۆچوون و وابەستەگیی حیزبییانەوەو کژمەک و یارمەتیی بێمەرجی لە هەر کەسایەتی و گرووپ و حیزب و لایەنێکی شۆڕشگێڕ وەردەگرت، بە دڵنیاییەوە دەیڵێم زۆر لەم یەکێتیی نووسەرانەی ئەمڕۆ، لەم ڕێکخراوە پەنجا بە پەنجا حەیاتەی!!! ئەمڕۆ سەربەخۆتر بوو.

بەهەرحاڵ، (مەکتەبی گەشەپیدانی بیروهوشیاری) کە بە نیازن ژمارەکانی شاخی (نووسەری کوردستان) چاپ بکەنەوە، ئەمە کارێکی یەجگار هەژییە، جگە لەوەی ڕێز و حورمەتە بۆ ئەو نووسەرانەی کە لە سەروکاریدا بوون و پێوەی ماندوو بوون، وەفادارییەکیشە بۆ وشەی کوردی، نیشانەیەکی گرینگە بۆ هەڤبەندیی قۆناغەکانی مێژووی بزاڤی کولتووریی نەتەوەکەمان، چونکە ئەمە بەشێکە لە مێژووی نەتەوەکەمان و نابێ فەرامۆش بکرێت... چونکە سوڵتەی باڵای هەر میللەتێک بریتییە لە مێژووەکەی... هەڵبەتە بەو مەبەستە ئاوڕ لە ڕابوردوو دەدرێتەوە کە ڕەگەزە زیندووەکانی کەشف بکرێت و دەگەڵ ئێستادا ئاوێتە بکرێ... هەر نەتەوەیەک ڕابوردووی خۆی فەرامۆش بکات، تێی نەگات و خوێندنەوەی تازەی بۆ نەکا، ئەقڵی بە ئێستای خۆیدا ناشکێت و لە پەراوێزی ئیستادا دژایەتیی خۆی دەکات و ڕیسوایی بۆ ئایندە بەجێ دێڵێت...

لە کۆتاییدا دەستخۆشی ئەم بەرهەمەتان لیدەکەم، باریکەڵلا بۆ ئەم دەستپێشخەرییەتان کە ئەمە لە ڕاستیدا ئەرکی یەکێتیی نووسەرانی کورد بوو و دەبوایە ئەوان خەمی بخۆن، بەڵام...!!

سلێمانی
٢٠١١/٦/٢١

یەکێتیی نووسەرانی کوردستان... لە سەردەمی خەباتی شاخدا

هەڤاڵ کوێستانی

لە ساڵی ١٩٧٩دا، چەند نووسەرێکی پێشمەرگە بووین... کە شەڕی نیوان ئێران – ئێراقیش هەڵگیرسا، ژمارەمان بەرەو سەروو تر هەڵکشا... ماوەیەک بوو قسەمان لەسەر پێویستیی هەبوونی ڕێکخراوێک بۆ نووسەرانی شاخ دەکرد... بە تایبەتی کە ئێمە چیتر دەرفەتی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانمان لە گۆڤار و ڕۆژنامە ڕەسمییەکاندا نەمابوو. هەبوونی ئەو ڕێکخراوە تا دەهات زیاتر دەبووە پێویستی، هەم بۆ ئێمە و هەم بۆ ئەوانەش کە سەر بە هیچ لایەنێکی سیاسی نەبوون... هەروا بۆ ئەوەش ببێتە پردێک بۆ بەیەکگەیشتنی نووسەرانی ناو حیزبە جیاجیاکان، بەو حیزبانەشەوە کە شەڕی ناوخۆ ملی پێ لە بەر ملی یەکدی نابوون... کۆمەڵێک سەردان و دیدارمان ئەنجام دا، تا دواجار لەسەر بەستنی کۆبوونەوەیەکی فراوان ڕێک کەوتین... ڕۆژی ٥ی ١٢ی ١٩٨٠، لە سەربانی بارەگای دەزگای ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە تووژەڵە، کۆ بووینەوە... ئەوەندەی لە بیرم مابێ، ئەوانەی بەشداری ئەو کۆبوونەوە بوون، بریتیی بوون لە: ئەحمەد دڵزار، بورهان قانع، ڕەفیق صابر، ئەحمەد ڕەجەب، عەباس حوسێن محەمەد، ئەبووبەکر خۆشناو، فەرید ئەسەسەرد، ناسر حەفید، ئەرسەلان بایز، محەمەد ڕەنجاو، هاشم کۆچانی و هەڤاڵ کوێستانی.

دوو نووسەری ترمان کە بەشداری هەموو دیدارەکانی ئامادەسازی بۆ دروستکردنی ئەو ڕێکخراوە بوون، بورهان مستەفا مەعروف و جەمیل ڕەنجبەر کە بە داخی زۆرەوە، چەند مانگێک بەر لە سازدانی ئەو کۆبوونەوەیە شەهید بوون.

کۆبونەوە سەرباری بڕیاری دروستکردنی (کۆمەڵەی نووسەرانی کوردستان)، کۆمەڵێک بڕیار و ڕاسپاردەی ڕاگەیاند:

* ڕێکخراوەکە ناوی (کۆمەڵەی نووسەرانی کوردستان) دەبێ.
* گۆڤارێکی وەرزی دەردەکات بە ناوی (پێڕوو).
* کۆمەڵی نووسەرانی کوردستان، ڕێکخراوێکی ئەدەبیی سەربەخۆ دەبێ و پابەند نابێت بە سیاسەتی هیچ حیزب و لایەنێکەوە.
* ئامادەکردنی پەیڕەوی کارکردن.
* هەوڵدان بۆ پەرەدان بە ئەدەبی بەرەنگاری لە ڕێی بڵاوکراوە و کۆڕ و سیمینار لە ناو پێشمەرگە و دێهاتەکاندا.
* کردنەوەی بارەگایەک، بۆ ئەوەی ببێتە ماڵی هەموو نووسەران و بۆ هەوانەوەی ئەوانەش لەگەڵ هیچ لایەنێکی سیاسیدا نین.
*پەیوەندیکردن بە نووسەرانی شارەوە بۆ هاوکاری.
* پەیوەندیکردن بە هەموو لایەنە سیاسییەکانەوە بە مەبەستی وەرگرتنی کۆمەک و یارمەتی و دەخالەتنەکردن لە کاروباری ڕێکخراوەکە.
* جەختکردنەوە لەسەر ئازادیی نووسین و دەربڕین و داکۆکیکردن لە هەر نووسەرێک بەو هۆیەوە تووشی تەنگپێهەڵچنین ببێ.
* دەرکردنی بەیانی دامەزراندنی کۆمەڵەی نووسەران کە تێیدا جەختمان لەسەر سەربەخۆیی ڕێکخراوەکە کردبووەوە و خۆشمان بە بەدیلی یەکێتیی نووسەرانی کورد نەزانیبوو.
* لە کۆتایی کۆبونەوەکەشدا، لە ڕێی دەنگدانەوە، چوار کەس بە دەستەی بەڕێوەبەر هەڵبژێرران:
ئەحمەد دڵزار، ڕەفیق سابیر، عەباس محەمەد حوسەین (حاجی مەمۆ) و هەڤاڵ کوێستانی.
دوای ئەوەش کە لە مانگی ٥ی ١٩٨١دا کاک محەمەدی حەمە باقی پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد، ئەویش کرایە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر... دواتریش هەردەستەی بەڕێوەبەر بوون بە دەستەی نووسەرانیش.
یەکەم ژمارەی گۆڤاری (پێڕوو)مان دەرکرد کە ژمارەیەک شیعر و چیرۆک و لێکۆڵینەوەی لە خۆ گرتبوو...
لە هاوینی ١٩٨١دا، حکومەتی عێراق یەکێتیی نووسەرانی کوردی وەک قەوارەیەکی

سەربەخۆی کوردی هەڵوەشاندەوە و لکاندنی بە یەکێتیی نووسەرانی عێراقەوە... بەمەش بەشی هەرە زۆری نووسەران پەیوەندییان بەو یەکێتییەوە نەما. ئێمە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو هەنگاوەی حکومەتی عێراق، بەیاننامەیەکی ترمان دەرکرد و خۆشمان وەک جێگرەوەی یەکێتیی نووسەرانی کورد ڕاگەیاند و ناوی گۆڤارەکەشمان لە (پێڕوو)ەوە گۆڕی بۆ (نووسەری کوردستان).

لە هاوینی ١٩٨١ـەوە تا هاوینی ١٩٨٢، چوار ژمارەمان لە گۆڤاری نووسەری کوردستان چاپ و بڵاو کردەوە، وێڕای ژمارەیەک دیوانەشیعر و بەرهەمی ئەدەبیی تر... بەشی هەرە زۆری ئەو بەرهەمانە لە ناوەندی ڕۆشنبیریی کۆمەڵە و لە چاپخانەی دەزگای ڕاگەیاندنی یەکێتیدا چاپ کران.

سەرەتای ساڵی ١٩٨٣، دوای ئەوەی ژمارەیەکی تر لە نووسەران و شاعیران هاتنە دەرەوە و دوورکەوتنەوەی دەستەی بەڕێوەبەری پێشووش، هەریەکەمان بە هۆکارێکەوە ڕێگەی بۆ پێکهێنانی دەستەیەکی نوێی بەڕێوەبردن خۆش کرد و لەسەر چالاکییەکانی نووسەران بەردەوام بوون... لە نێوان ساڵانی ١٩٨٣–١٩٨٨دا، دە ژمارەی تری گۆڤاری نووسەری کوردستان چاپ کران، چەند ژمارەیەکیش لە گۆڤاری گزنگ و ژمارەیەکی زۆریش لە کتێب و بڵاوکراوەی تری ئەدەبی... لە هەموو ئەو ساڵانەشدا ژمارەیەک نووسەر لە شارەوە و بە ناوی خوازراوەوە، بەرهەمی خۆیان لە ڕێی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستانەوە بڵاو دەکردەوە.

دوای شاڵاوی ئەنفالیش و چوونمان بۆ دیوی ئێران، جارێکی تر بەڕێوەبەرایەتیی یەکێتییەکە و دەستەی نووسەرانیش ڕووبەڕووی ئێمە بووە کە پێک هاتبوون لە: جەوهەر کرمانج و محەمەد حەمە باقی و هەژار کوێستانی... شوێنی گردبوونەوەشمان شاری سەقز بوو... لێرەش بە هیمەتی ژمارەیەک لە نووسەران و بە هاوکاریی هەندێ لە نووسەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، دریژەمان بە چالاکییە ئەدەبییەکان دایەوە... لەو ماوەیەدا ژمارە ١٥، و ١٦ی گۆڤارەکەمان چاپ کرد و ژمارە ١٧شمان ئامادەی چاپ بوو... بە هۆی ئەوەی بەرگی دواوە و پێشەوەی ژمارە ١٦ی گۆڤارەکە ئاڵای کوردستان بوو، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کۆمەڵێک کێشەیان بۆ دروست کردین... لەو ماوەیەدا لە سەقز بووین، پەیوەندییەکی باشمان بە نووسەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە کرد و تەنانەت پەیوەندیمان بە کۆمەڵێک نووسەری ئیرانییشەوە کرد

و بەشداریی کۆمەڵی چالاکی ڕۆشنبیرییشمان کرد، دەبێ بڵێم لەو پەیوەندیکردنانە بە نووسەرە فارسەکانەوە، کاک بەڕۆژ ئاکرەیی زۆر هاوکارمان بوو... هەروەها هەر لە سەرەتاوە برایان کاک سیامەند شاسواری و سیار بامەڕنی و ڕێبوار سەعید لە دەرهێنانی هونەریی گۆڤارەکەدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو... هەر لەو ماوەیەدا، هەموو ئەو نووسەرانەی کە لە ناو حیزبەکانی تردا بوون، وەک پارتی و پارتی گەل و حیزبی شیوعی و سۆشیالیست و ئالای شۆڕش و... تا دوایی، ڕێکخراوێکی تری ئەدەبییان دروست کردبوو بە ناوی کۆمەڵەی نووسەرانی کوردستان، دوای هەوڵ و کۆشش و سەردانێکی زۆر، ڕێک کەوتین لەسەر بەستنی کۆنگرەیەکی هاوبەش. کۆنگرەکە لە پایزی ساڵی ١٩٩٠دا لە گوندی «نی» لە بارەگای پارتی گەل بە بەشداریی ٢٩ ئەندام بەسترا. لەو کۆنگرەیەدا هەردوو ڕێکخراوەکە هەڵوەشێنرانەوە و یەک ڕێکخراو دروست کرا، هەر بە ناوی «یەکێتیی نووسەرانی کوردستان» و گۆڤارەکەش هەر «نووسەری کوردستان» مایەوە... لە کۆتایی کۆنگرەشدا، دەستەیەکی نوێی بەڕێوەبردن هەڵبژێررا لە:

ئەبووبەکر خۆشناو، ڕێکار ئەحمەد، جەوهەر کرمانج، فەلەکەدین کاکەیی و هەڤاڵ کوێستانی... دیارە هەر هەمان دەستەش بوونە دەستەی نووسەران... ئەوەی جێی ئاماژەیە، ئەوەی ژمارەیەک نووسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەو کۆنگرەیەدا بەشدار بوون... دەبێ ئەوە بڵێم کە ئەو یەکگرتنەوەیە هەنگاوێکی باش بوو بۆ ڕێگرتن لە پەرتەوازەیی نووسەرانی کوردستان... هەر لە دوای ئەوەش، ژمارە ١٧ کە پێشتر ئامادەی چاپ بوو، بڵاو کرایەوە... دوای ئەوەش ژمارە ١٨خرایە بەردەستی خوێنەران.

لەگەڵ ڕاپەڕیندا چالاکییەکانی ئەو یەکێتییە وەستان، بە هیوای دەستبەکاربوونەوەی نووسەرانی کوردستان لە ڕێکخراوەکەی خۆیاندا، «یەکێتیی نووسەرانی کوردستان».

٢٠١١/٦/٣٠

سەرجەم ژمارەکانی نووسەری کوردستان،
ژمارە ١، ئابی ساڵی ١٩٨١ تا ژمارە ١٨، زستانی ساڵی ١٩٩١

ژمارە ١، ئابی ١٩٨١، ٨٤ لاپەڕە، ناوی چاپخانەی لەسەر نەنووسراوە، ١٦.٥–٢١ سم.
ژمارە ٢، سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی، ١٢٤ لاپەڕە، ناوی چاپخانەی لەسەر نەنووسراوە، ٥، ١٦–٢١ سم.
ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، ١١٦ لاپەڕە، ناوی چاپخانەی لەسەر نەنووسراوە، ١٦.٥–٢١ سم.
ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢، ٩٦، لاپەڕە، ناوی چاپخانەی لەسەر نەنووسراوە، ١٦.٥–٢١ سم.
ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، ٩٦، لاپەڕە، ناوی چاپخانەی لەسەر نەنووسراوە، ١٦.٥–٢١ سم.
ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، ١٢٠، لاپەڕە، ناوی چاپخانەی لەسەر نەنووسراوە، ١٦.٥–٢١ سم.
ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، ٨٢ لاپەڕە، ناوی چاپخانەی لەسەر نەنووسراوە، ١٦.٥–٢١ سم.
ژمارە ٨، تەموزی ١٩٨٤، ١٩٦، لاپەڕە، تایبەتە بە چیرۆک، ناوی چاپخانەی لەسەر نەنووسراوە، ١٦.٥–٢١ سم.
ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، ١٢٦ لاپەڕە، تایبەت بە شیعر، ناوی چاپخانەی لەسەر نەنووسراوە، ١٦–٢١ سم.
ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، ١٠٨ لاپەڕە، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ، ١٩٨٥. ١٦.٥–٢١ سم.
ژمارە ١١، شوباتی ١٩٨٦، ١٠٨ لاپەڕە، چاپخانەی شەهید جەعفەر، شوباتی ١٩٨٦، ١٦.٥–٢١ سم.
ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، ١٤٠ لاپەڕە، چاپخانەی شەهید جەعفەر، ١٩٨٦، ١٦.٥–٢١ سم.
ژمارە ١٣، مارتی ١٩٨٧، ١٣٣ لاپەڕە، چاپخانەی شەهید عبدالخالق معروف ١٩٨٧، ١٦.٥–٢١ سم.

هەوالنامەی کتێب

ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، ١٢٦ لاپەڕە، ناوی چاپخانەی لەسەر نەنووسراوە، ٥.٢٠-١٤.٥ سم.

ژمارە ١٥، ساڵی ١٩٨٩، ١٥٦، لاپەڕە، ناوی چاپخانەی لە سەر نییە. ٥.١٤-٢٠ سم.

ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، ٢٢٦، لاپەڕە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی محەمەدی، سەقز، چاپ و ویتوگرافی چهر تەبریز. تیراژ ٢٠٠٠دانە، ٥.١٦-٥.٢٤ سم.

ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، خولی دووەم، ١٨٠ لاپەڕە، ناوی چاپخانەی لەسەر نەنووسراوە، ١٨-٥.٢٥ سم.

ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، ١٣٦ لاپەڕە، خ، ایران اورمیە، ص. ب، نووسەری کوردستان ئەم ژمارەیە ناوی چاپخانەی لەسەر نەنووسراوە، بەڵام لە ورمێ چاپ کراوە. ١٨-٥.٢٥ سم.

تێوەشانێک
دەربارەی گۆڤاری نووسەری کوردستان

یوسف محەمەد بەرزنجی

یەکەم:

نووسەری کوردستان لە هەلومەرجێکی دژوار و سەختی خەباتی سیاسی و چەکداریی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان لە چیا و گوند و شاخەکانی کوردستان لە لایەن کۆمەڵێک نووسەر و ڕووناکبیر و ئەدیبی تێکۆشەرەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە. ١٨ ژمارەی بەدوای یەکدا لێ چاپ کراوەو بڵاو کراوەتەوە، ژمارە ١ی لە ئابی ١٩٨١دا چاپ و بڵاو کراوەتەوە و دواژمارەش، کە ژمارە ١٨یە، لە زستانی ١٩٩١دا دەرچووە و بڵاو کراوەتەوە، لەم کۆتا ژمارەیەوە نەتوانراوە دریژە بە بەردەوامی و بڵاوکراوەی نووسەری کوردستانی شاخ بدرێت و تەنها ئەم هەژدە ژمارەیەی لێ دەرچووە، پاشان خامۆش بووە و ئیتر دەرنەچووە و بڵاو نەکراوەتەوە. نووسەری کوردستان لە شاخ، تروسکەی لە نێوەندی ڕۆژنامەوانی و ڕووناکبیری گوردیدا کوژاوەتەوە، ئەم دۆخەش بۆ هاتنەپێشەوەی هەلومەرجێکی نوێ دەگەڕێتەوە کە ناوچەکە و کوردستانی گرتەوە و بە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە دژی دامودەزگاکانی بەعس لە ١٩٩١/٣/٥دا، کوردستان کەوتە هەلومەرج و دۆخێکی نوێوە.

نووسەری کوردستان، بڵاوکراوەی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان بوو لە شاخ، لە ژمارە ١ تا ژمارە ٩، ناوی چاپخانە و تیراژی ژمارەکانی لەسەر نەنووسراوە، ئەوەش بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە گۆڤاری نووسەری کوردستان هەر جارەی لە لایەن پارت و لایەنێک لە حیزبە کوردستانی و عێراقی و ئێرانییەکانەوە هاوکارییان کراوە و بۆیان لە چاپ دراوە؛ بەڵام زۆرینەی هەرە زۆری ژمارەکانی ئەم گۆڤارە لە لایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە و لە چاپخانەکانیدا چاپ کراوە. ڕەنگە ئەم دۆخە، کە ناوی چاپخانەوتیراژی چاپکراوەکانی لەسەر نەنووسراوەو ئاماژەی پێ

نەدراوە، لەبەر سەربەخۆبوونی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان بووبێت تا گرێدراو نەبن بە پارت و رێکخراوێکی سیاسییەوە. چاپخانەکانی کە نووسەری کوردستانی تێدا چاپکراوە، بریتییە لە چاپخانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، وەک چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ و شەهیدعەبدولخالق مەعروف و شەهید جەعفەر، دەزگای ڕۆشنبیریی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، دەزگای ڕۆشنبیریی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، هەروەها چاپخانەکانی حیزبی شیوعیی عێراق و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و... هاوکاری گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کوردستان بوون بۆ چاپکردن و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری نووسەری کوردستان لە شاخ، کە گرنگی و بایەخی داوە بە ئەدەبی بەرگری لە شیعر و چیرۆک و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان و کولتووری کورد بە گشتی...

دووەم:

ئ / بەپێی یاسای ڕۆژنامەوانی و چاپەمەنی، هەموو گۆڤارو ڕۆژنامەیەک کە چاپ و بڵاو دەکرێتەوە، دەبێت لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکەدا ستاف و دەستەی نووسەران و خاوەن ئیمتیازو ناوی چاپخانەو تەنانەت ساڵ و ڕۆژی چاپکردن، لەسەر ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپەمەنییەکان دیاری بکرێت، بەڵام لە گۆڤاری نووسەری کوردستاندا لە ژمارە ١ تا ژمارە تا ٩، ناوی چاپخانەی لەسەر نەنووسراوە و ئاماژەی پێ نەدراوە، لە ژمارە ١ تا ١٤، ناوی دەستەی نووسەران و سەرنووسەر لەسەر گۆڤاری نووسەری کوردستانی خولی شاخ، نەنووسراوەو دیاری نەکراوە، ڕەنگە ئەم دۆخە لە نەنووسینی ناوی سەرنووسەر و دەستەی نووسەران بۆ هەلومەرجی سیاسی و خەباتی چەکداری و شۆڕش و ئەو فشار و قورساییەی ئەو دۆخە نالەبارە بگەڕێتەوە کە کوردستان و خەڵکی پێیدا گوزەری کردووە، بۆیە بە ئاشکرا لەبەر گیان و ڕۆح و پاراستنی گیانی نووسەران و کەسوکاریان، نەتوانراوە ناوی سەرنووسەر و دەستەی نووسەران بە دروستی دیاری بکرێت و بە ئاشکرا لە ناو گۆڤاری نووسەری کوردستاندا ناویان بنووسرێت و جێگەیان بۆ بکرێتەوە، بەڵام وەک سۆراخم بۆ ئەم بۆچوونە کردبێت، بەڕێز هەڤاڵ کوێستانی لە دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە دەڵێت: ئێمە زیاتر وەک نەریتێکی جیاواز، ناوی دەستەی نووسەرانمان نەنووسیوە، سەرنووسەرمان نەبوو،

به‌ڵام ده‌سته‌ی نووسه‌رانمان هه‌بوو... هۆکارێکی تر بۆ نووسینی ناوی ده‌سته‌ی نووسه‌ران، بۆ ئه‌وه بووه که نه‌ماندەویست ڕژێم قه‌باره‌ی ئه‌و ده‌زگایه بزانێ و گه‌وره‌تر له قه‌باره‌ی خۆی حسابی بۆ بکات؟!

ب/ نووسه‌ری کوردستان له ژماره ١٦وه که له کوردستانی ئێران و شاره‌کانی تری ئێران چاپ کراوه، واته ژماره‌کانی ١٦، ١٧، ١٨ ده‌گرێته‌وه. شۆڕشی کورد به هۆی کاره‌ساتی کیمیاباران و شالاوه‌کانی ئه‌نفال و سوتماککردنی کوردستان، کشانه‌وه‌ی هێزی پێشمه‌رگه‌وه، زۆربه‌ی خه‌ڵکی گوند و شاره‌کانی خواروو‌ی کوردستان به ڕووناکبیران و نووسه‌رانیشه‌وه ئاواره‌ی سنوور و شار و گونده‌کانی ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان و شاره‌کانی ئێران بوون، نووسه‌رانیش له‌و دۆخه ئاڵۆزو سه‌خت و دژواره‌دا به‌دەر نه‌بوون و دووره‌په‌رێز له‌و شوێنانه نیشته‌جێ بوون و ئاواره بوون و به سه‌ربه‌رزی ده‌ژیان. له ژماره ١٥وه ناوی ده‌سته‌ی نووسه‌ران و ڕاوێژکارانی گۆڤاری نووسه‌ری کوردستان دیاری کراوه و نووسراوه، ژماره «١٥» له لایه‌ن نووسه‌ر (ئاسۆس هه‌ردی)یه‌وه چاپ کراوه، واته ته‌نها له‌سه‌ر ٤ ژماره‌ی نووسه‌ری کوردستان، ده‌سته‌ی نووسه‌ران و ڕاوێژکارانی گۆڤاره‌که ناویان نووسراوه و هاتووه، وه‌ک:

ده‌سته‌ی نووسه‌ران له ژماره ١٥دا به‌م شێوه‌یه نووسراوه و دیاری کراوه

١/ جه‌وهه‌ر کرمانج

٢/ محه‌مه‌د حه‌مه باقی

٣/ هه‌ڤاڵ کوێستانی

ده‌سته‌ی نووسه‌ران له ژماره ١٦وه پێک هاتووه له:

١/ ئه‌بووبه‌کر خۆشناو

٢/جه‌وهه‌ر کرمانج

٣/ هه‌ڤاڵ کوێستانی

٤/ فه‌له‌که‌دین کاکه‌یی

٥/ ڕێکار ئه‌حمه‌د

هەوالنەری کتێب

ڕاوێژکارانی گۆڤاری نووسەری کوردستان لە ژمارە ١٦وە پێک هاتووە لە:

١/ ئەحمەد هەردی

٢/ ئەرسەلان بایز

٣/ هەژار موکریانی

٤/حیکمەت محەمەد کەریم (مەلا بەختیار)

٥/ محەمەد حەمە باقی

٦/ عەباس بەدری

٧/ تەها مائی

سێیەم:

ئەو ئان و ساتەی گۆڤاری نووسەری کوردستان لە ئابی ساڵی ١٩٨١ لە شاخ چاپ دەکرا و بڵاو دەکرایەوە، زیاتر ژمارەکانی لە گوندە ئازادکراوەکان سەنگەر و بنکەکانی ژێر دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا بە زۆری دەبینران و دەخوێنرانەوە، ئەو کاتە بەندە لە گازینۆی گەل لەگەڵ خوالێخۆشبوو شەهید مەحموود خاکی کتێبخانەی خاکیمان پێکەوە هەبوو، ڕۆژێک خوالێخۆشبوو شێرکۆ بێکەسی شاعیر (١٩٤٠-٢٠١٣/٨/٤) داوای لێ کردم کە دوو بە دوو هەندێ قسەی تایبەتی هەیە دەیەوێت لەگەڵم بدوێت، ئەوە بوو کاک شێرکۆبێکەسی ڕەحمەتی داوای لێکردم کە چاپکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستانیان بە نهێنی بۆ بڵاو بکەمەوە، ئەو کاتە کاک شێرکۆ بە ناوی جوامێرەوە شیعرەکانی لە شاخ بڵاو دەکردەوە، منیش ئامادەییم بۆ داواکەی کاک شێرکۆ دەربڕی و پەسەندم کرد، پاش چەند ڕۆژێک، بۆ ئەو مەبەستە کاک شێرکۆی نەمر، محەمەد موکریی خوالێخۆشبووی پێ ناساندم تا ئەو بەرهەمانەم بۆ بهێنێت، ئەویش چەند بەرهەمێکی بڵاوکراوەی نووسەرانی شاخی بە نووسەری کوردستانەوە بۆ هێنام، منیش بۆم بەسەر کەسایەتی و ڕووناکبیر و نووسەرانی جێگەی باوەڕو متمانەپێکراودا دابەش و بڵاو کردنەوە، دواتریش کاک محەمەد موکریی لەگەڵ شاعیری کۆچکردوو عوسمان شەیدا ڕووبەڕووی کردمەوە، ئەوە بوو خوالێخۆشبوو عوسمان شەیدا تا گفتوگۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٨٤ لەگەڵ حکومەت و میری و چوونەدەرەوەی خوالێخۆشبوان شێرکۆ بێکەس و موحەمەد موکری، ئەو بەرهەمانەی بۆ دەهێنام و

لە شاری سلێمانی بڵاوم دەکردنەوە بەسەر خوێندەواران و نووسەران و کەسانی ڕووناکبیرو جێی متمانەدا، پاشتریش لەگەڵ خوالێخۆشبووعوسمان شەیدای ڕەحمەتیدا، چەند سەفەرێکمان پێکەوە بۆ ناوچە ئازادەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کرد لە سورداش و شوێنەکانی دیکەی تری کوردستان، نووسەری کوردستان و بەرهەمە چاپکراوەکانی تری شۆڕشمان دەگەیاندە ناو شاری سلێمانی. دوای ئەوەی گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ حکومەتی بەعسدا هەڵوەشایەوە و ناوچە ئازادەکان بوونە جێگەی شەڕ و پێکادان و سنووورەکان بە توندی گیران و فشاری توند لەسەر کۆمەڵانی خەڵک دانران و گرتن و ڕاوەدوونان لە لایەن حکومەتەوە پەرەی سەند و شەڕەکانی هێزی پێشمەرگەو حکومەت پاش گفتوگۆ و ڕێکنەکەوتن چووە قۆناغێکی نوێی پڕ مەترسییەوە، گەیاندنی سەرجەم چاپکراوەکان بۆ نێو شارەکان زۆر زەحمەت و گران بوون، تەنانەت نامە و شتی تایبەتیش زۆر بە گران دەگەیەنرانە نێو شارەکان؛ ئەوە بوو بەندە بە هۆی تێکەڵاویم لەگەڵ حیزب و پارت و ڕێکخراوە ئێرانییەکاندا، کە هاتوچۆی شاری سلێمانییان دەکرد، یاخود نوێنەریان لە شاری سلێمانی هەبوو، چاپکراوەکان و هەندێ لە نووسراو و نامەم دەگەیشتنە دەست و دەمگەیاندنە نووسەران، ئەو کەسانەی کە ناکرێت ناویان فەرامۆش و لە یاد بکرێت کە زەحمەت و هیلاکی و ماندووبوونی زۆریان لەپێناوی نێوەندی ڕووناکبیریدا کێشاوە و نامە و چاپکراوەکانیان بە گشتی دەگەیاندە دەستم، خوالێخۆشبوو نووسەر و تێکۆشەری سەردەمی کۆمەڵەی ژێکاف و کۆماری مەهاباد، عەبدولقادری دەباغی، ناسراو بە مامە قالە بوو، لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. کاکە عەبە لە کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستانی ئێران، کاک فاروقی نەقشی لە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێران، خاوەنی نووسەری چیا، موحسین شاسواری و فاروق شاسواری برای، هونەرمەندی شۆڕشگێڕو تێکۆشەر کاک نەجمەی غولامی... هەروەها تێکۆشەر کورده محەمەد شریف، کە خۆی لە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە ناو شاردا هەڵسوڕاوێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، زۆربەی بابەت و نامەکانی نووسەرانی شاری بە هۆی متمانەبوونەوە دەگەیاندە دەرەوە و وەڵامەکانیشی لەگەڵ چاپبوونی گۆڤاری نووسەری کوردستان دەهێنایەوە بۆ نووسەرانی شارەکان. بە هەمان شێوە، پێشمەرگە و تێکۆشەر تەها سێکانیانی لە گەیاندنی نووسەری کوردستان و گەیاندنی نامەکان و بەرهەمەکانی تر و پێویستییەکانی

چاپخانە لە پارچەی یەدەک و کاغەز و حیبر... و کڕینی و گەیاندنیان بە چاپخانەکانی شۆڕش دەوڕێکی گرنگی هەبوو، بەندەش زۆر هاوکاری بووم، کە پاشان بە گەیاندنی کۆمەڵێک نامەی نووسەران و چاپکراوەکانەوە، لە یەکێک لە بازگەکانی حکومەتی بەعسدا دەستگیر کرا و لە ئەبووغرێب زیندانی کرا. تالیب عە بدولاکریم و سالّح عەلی کریم بێچاری شاعیریش لەشاری سلێمانی،لەبلّاوکردنەوەی سەرجەم بەرهەمە ڕووناکبیرییەکانی شاخ بە گشتی و بلّاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانیی کوردستانی شاخ بەتایبەتی دەوری بەرچاویان هەبوو. کەواتە: بلّاوکردنەوەی ئەو بەرهەمانە و سەرجەم بەرهەم و بلّاوکراوەکانی شاخ لە ناو شاردا هەروا سانا و ئاسان و بێ کێشەو مەترسی نەبوون؟! بەڵکو دەستگیرکردن بەو چاپکراوانەوە لە ئان و ساتی خۆیدا بە واتای ملخستنە بەر چەقۆی تیژی حکومەت و بەعس بوو و دەربازبوون لێی زۆر زەحمەت بوو. بۆ مێژوو، لە چەندین نووسین و باس لە کۆڕو کۆبوونەوەی نووسەراندا، کاک حەمەکەریم عارفی نووسەر و وەرگێڕ و کاک ئەحمەد عارفی نووسەر و شاعیر بە گرنگییەوە باسی ڕۆڵ و ماندووبوون و زەحمەتیی ئێمەومانانیان کردووە، وەک وەفا و ئەمەکێک کە خۆیان یەکێک بوون لە نووسەرانی شاخ، ئەو شایەتییەمان بۆ دەدەن... هەر بۆیە جێی خۆیەتی سوپاسیان بکەین.

چوارەم:

دەبێت لەو ڕاستییە دوور نەکەوینەوە کە نووسەری کوردستان لە شاخ بە هەوڵ و ماندووبوونی چەندین نووسەر و هونەرمەند بەرهەم هاتووە و چاپ و بلّاو کراوەتەوە، یەکێک لەو کەسانەی کە وەک سەربازی ون بەبێ هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکی چەند ژمارەیەکی نووسەری کوردستانی تایپ و چاپ و دیزاین کردووە، نووسەر و تێکۆشەری ماندوو سیامەند مامیر شاسواری بووە. بەڕێز سیامەند شاسواری لە نامەیەکیدا ئەوە پشتڕاست دەکاتەوەو دەڵێت: لە ژمارە یەکەوە تا ژمارە سیانزە، لە دەزگای ناوەندیی ڕۆشنبیریی کۆمەڵەی ڕەنجدەران تایپ کراوە کە هاوڕێیان شەمالّ کابان، جەزا عەبدولواحید و چالاک تایپیان کردووە. هەم دەستەی هەڵبژاردەی گۆڤارەکە بووم و هەم مۆنتاژی هەر ١٣ ژمارەکەی و دیزاینی بەرگ و ناوەوە، هەر هەمووی من کردوومە. هەر ١٣ ژمارەکەی لە دەزگای ڕۆشنبیریی کۆمەڵەی

ڕەنجدەران چاپ کراوە (سیامەند، شەماڵ، جەزا، چالاک)، یەک یان دوو ژمارە نەبێ کە تەنها چاپکردنەکەی لە لای حیزبی شیوعی بوو (ڕەفیق سابیر، یان هاشم کۆچانی، دەزانن چەند ژمارە بووە)، لە گوندەکانی ناوزەنگ، تووژەڵە، بەرگەڵوو، یاخسەمەر، زەڵێ، ئەو ئەرکە گەورەی خستووەتە سەر شان و لە ئەستۆی گرتبوو، هەروەها چەندین هونەرمەند و نووسەری تریش لە بواری مۆتیڤ و خۆشنووسی و چاپکردنی ژمارەکانی تری نووسەری کوردستاندا بەشدار بوون و ماندوو بوون و هەریەک بە جۆرێک ئەرکیان کێشاوە کە ناکرێت ناویان فەرامۆش و لە یاد بکرێت، وەک، جەزا عەبدولواحید، حەمەڕەشید، شەماڵ بەهجەت کابان، بەختیار حەمەشەریف، ئازاد قادر، ڕێباز، شەهاب عوسمان، مامۆستا عەبدولڕەحمان، سیار بامەرنی، ڕێبوار سەعیدو ڕەمزی قوتبەدین و... کەوابوو، ئەگەر بە هەوڵ و ماندووبوون و شەونخونیی نووسەران و هونەرمەندانی ئاماژەپێدراو بە تایبەتی نەبوایە، نەدەتوانرا نووسەری کوردستانی شاخ کە زمانحاڵی یەکێتیی نووسەرانی کوردستانی شۆڕشگێڕ و بەهەڵوێستی شار و شاخ و گوندەکانی کوردستان بوو، بەرهەم بێت و چاپ بکرێت، کەواتە لە ماوەی ١٠ ساڵی تەمەنی گۆڤاری نووسەری کوردستان لە شاخ لە ساڵی ١٩٨١ تا ساڵی ١٩٩١، ١٨ ژمارەی لێ دەرچووە.

پێنجەم:

پاش هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر بۆ دەستخستن و کۆکردنەوەی گۆڤارەکە، سکانکردن و پاککردنەوەی سەرجەم لاپەڕەکان، ساخکردنەوەی زۆربەی ناوە خوازراوەکانی نووسەران لە کاتی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیاندا، چ بە چوونەلای نووسەران خۆیان، یان بە تەلەفۆن و گفتوگۆکردن لەگەڵیاندا بۆ ساخکردنەوەی ناوی ڕاستەقینەی نووسەران، هێشتا وەک دەبینرێت، ناوی خوازراوی هەندێکی تریانمان بۆ ساخ نەکرایەوە، ئەویش بەو هۆکارانەی کە هاتوونەتە پێشەوە، وەک لە کاتی سەردان و پرسیارکردن لە نووسەران، ئەوان بە هۆی تەمەن و باری تەندروستی و تێپەڕینی زیاتر لە ساڵ ٣٠ بەسەر بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان لە گۆڤاری نووسەری کوردستاندا، ناوە خوازراوەکانی کە کاتی خۆی لەژێر ئەو ناوەدا بەرهەمەکانیان بڵاو کردووەتەوە، لە ئێستادا لە یادیان نەماوە، هۆکارێکی تر ئەوەیە هەندێک لەو نووسەرانە

هەواڵنامەی کێبڕکێ

لە کاتی بڵاوکردنەوەدا چەندین ناوی خوازراویان بەکار هێناوە، هۆکارێکی تریش هەندێک لەو نووسەرانە کۆچی دواییان کردووە، یان لە دەرەوەی وڵاتن، بۆیە بە گشتی دەستمان پێیان نەگەیشتووە بۆ ساخبوونەوەی بەرهەم و ناوەکانیان، لەگەڵ داوای لێبوردن لەو نووسەرانەی تریش کە لەبەر دڵنیانەبوونی تەواوەتی، نەمانتوانیوە بە تەواوی ناوەکانیان بنووسین، لەگەڵ ڕێز و پێزانینمان بۆ هەموویان.

٢٠١٥/٥/١

ڕوونکردنەوەیەک

لیژنەی باڵای سەد ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی بیبلیۆگرافیای هەردوو گۆڤاری نووسەری کوردو نووسەری کوردستانی چاپ کردووە کە لە سلێمانی، ساڵی ١٩٩٨، لە چاپخانەی بێسارانی و بە تیراژی ٥٠٠ دانە چاپ بووەو هەردوو نووسەر یاسین قادر بەرزنجی و نەوزاد عەلی ئەحمەد ئەو بیبلیۆگرافیایەیان ئامادە کردووەو ئەرک و ماندووبوونی زۆریان کێشاوەو بڵاویان کردووەتەوە. ئەوان بیبلیۆگرافیاکەیان بە ناوی نووسەری بابەتەکانەوە کردووە و بڵاویان کردووەتەوە. منیش وەک ڕاستگۆیی و سوپاس و پێزانین بۆ نووسەرانی ئازیزو ماندووبونیان، ئاماژەم پێ داوەو لە هەندێ شوێندا سوودم لێ وەرگرتووە، دووبارە سوپاسیان دەکەم.

ناوبراوان بیبلیۆگرافیاکەیان بە ناوی نووسەری بابەتەکانەوە کردووە، بەڵام بەندە بە ناوی نووسەرو شاعیران و لێکۆڵەران و وەرگێڕە کوردەکانەوە بیبلیۆگرافیاکەم کردووە، بۆ کارئاسانیی نووسەرانی کوردو بابەتەکەیان لە گۆڤارەکەدا، لەگەڵ ڕێزدا.

ئاماری بابەتەکانی گۆڤاری نووسەری کوردستان

شیعری کوردی: ۱۰۱

شیعری وەرگێڕاو: ۷

وتار و لێکۆڵینەوە و ڕەخنە: ٦٧

یاداشت و بیرەوەری: ۲

چیرۆکی خۆماڵیی کوردی: ٦٦

چیرۆکی وەرگێڕاو: ۱۳

زمانەوانی: ۳

شانۆ: ۲

هەڤپەیڤین و چاوپێکەوتن: ۹

پەخشان وتاروشتی تر: ۱۸

نووسەری کورد

پێرستی ناوی نووسەران لە بڵاوکراوەی گۆڤاری نووسەری کوردستان
گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کوردستاندا
بەپێی نوسەران و شاعیران و وەرگێڕی کورد، ڕیزبەندی کراوە.
ژمارە ١ ی ئابی ١٩٨١ تا ژمارە ١٨ زستانی ١٩٩١

(ئ)

*ئازاد ئەحمەد

ـ ژمارە ٥ ئابی ١٩٨٢، بەختەوەری، فازل عەزاوی، وەرگێڕان، چیرۆک، ل٧٧ـ ٧٨

ئازاد کانی ساردی ( )

ـ ژمارە ٦ شوباتی ١٩٨٣، گرێ کوێرەی بیرێکی زیندوو،چیرۆک، ل ٩٨ ـ١٠٢

*ئازاد جوندیانی (ئازاد عەبدوالوەهاب محەمەد)

ـ ژمارە ١٦ پایزی ١٩٨٩، .. و گوڵە هێرۆکان دەلەرانەوە، چیرۆک، ل ١٣٩ـ١٤٢

ـ ژمارە ١٧ پایزی ١٩٩٠مەرگی بیرەوەریەکان، چیرۆک، ل ١١٨ـ١٢٠

ـ ژمارە ١٤ کانونی یەکەمی ١٩٨٨، گوڵی خۆشەویستی، چیرۆک، ل ٦١ ـ ٦٩

*ئازاد خانەقینی (ئازاد وەهاب عبدلڕەحمان)

ـ ژمارە ١٧ پایزی١٩٩٠، لە بیرەوەرییەکانی عەبە کوێر، وەرگێڕان، چیرۆک، ل١٣٠ـ ١٣٥

* ئاریز عەبدوللە ئەحمەد

ـ ژمارە ١٨، پایزی ١٩٩١، بە سەرهاتی(مۆمێ) لە گۆرانیەکی فۆلکلۆریدا، شیعر، ل١٢٧ـ ١٣٠

*ئاشتی(ئاشتی ئیبراهیم ئەفەندی)

ـ ژمارە ٣ شوباتی ١٩٨٢، سەرنجێک دەربارەی چیرۆکی شیلانە، ڕەخنە، ل٩٩ـ ١٠٢

*ئاسۆ (کاکە مەم بۆتانی)

ـ ژمارە ١١ شەباتی ١٩٨٦، ئەدەب وئەدیبی شۆڕشگێڕ، لێکۆڵینەوە، ل ٧١ـ ١٠٧

*ئەحمەد کەریم (ئەحمەد عارف)

ـ ژمارە ٦ شوباتی ١٩٨٣، چوار هۆنراوە، شیعر ل ٦٨ ـ ٦٩، بەرکوژەی خەم

ـ ژمارە ٧ ئاداری ١٩٨٣، شیعر ل٧٧ـ ٧٨، ژمارە١٢مایسی ١٩٨٦، پەنگەر، شیعر ل ١٢٤ـ ١٣١

ـ ژمارە ١٤ کانونی یەکەمی ١٩٨٨، ڕێژنە، شیعر، ل ٥٣ ـ ٥٥

*ئه‌حمه‌د ڕه‌جه‌ب

ـ ژماره ٣ شوباتی ١٩٨٢ لالۆ ڕه‌سوڵ، عه‌لی ئه‌شره‌ف ده‌رویشیان، وه‌رگێڕان، چیرۆک، ل٧٣ـ ٧٧

*ئه‌حمه‌د هه‌ردی (ئه‌حمه‌د حه‌سه‌ن عزیز)

ـ ژماره١٧ پایزی١٩٩٠، یه‌کێتی نووسه‌ران و هه‌ردی، لێکۆڵینه‌وه، ل ٩ـ ١٤

*ئه‌حمه‌د به‌حری

ـ ژماره١٧ پایزی١٩٩٠، ئه‌رکی ئه‌مڕۆی ئه‌دیبانی کورد، لێکۆڵینه‌وه ل٣٠ـ ٣٣

*ئه‌حمه‌د شریفی

ـ ژماره ١٨ زستانی ١٩٩١، زمانی کوردی له (یه‌کێتی فقه اللغه ایران)دا، لێکۆڵینه‌وه، ل٢٣ـ ٣١

*ئه‌حمه‌د قه‌ره‌نی(ئه‌حمه‌د محه‌مه‌د مام عوسمان)

ژماره ١٨ زستانی ١٩٩١، ژبیر ناکه‌م، شیعرل٥٧ ـ ٦٠

*ئه‌رسه‌لان بایز(ئه‌رسه‌لان بایز ئیسماعیل)

ـ ژماره١٧ پایزی ١٩٩٠، پرۆستڕۆیکاو دوا ڕۆژێکی ڕووناک، لێکۆڵینه‌وه، وه‌رگێڕان، ل٦٠ـ ٦٥

ـ ژماره ١٨ پایزی ١٩٩١، ڕازه‌کانم ده‌درکێنم ، چیرۆک، ل ٧٨ـ٨٢

*ئاڕام (ئاسۆس ئه‌حمه‌د حه‌سه‌ن هه‌ردی)

ـ ژماره ١٤ کانونی ١٩٨٨، له نێوان ژیان و مه‌رگا، چیرۆک، ل ٧٠ ـ ٧٢

*ئه‌بوبه‌کر شاخی (ئه‌بوبه‌کرمحه‌مه‌د حاجی قادر)

ـ ژماره ١٧پایزی ١٩٩٠، له کۆڵه‌پشتی، چیرۆک، ل ١٥٧ ـ ١٦٠

ـ ژماره١٦ پایزی ١٩٨٩، مه‌یلی، لێکۆڵینه‌وه ل ١٧١ـ ١٧٣

*ئه‌بوبه‌کر خوشناو(ئه‌بوبه‌کر عه‌بدوڵڵا حه‌سه‌ن)

ـ ژماره ١٨ پایزی ١٩٩١ بریاش چروی، وه‌رگێڕان ، شیعر، ل١٧ ـ ٢٦

*ئا.م.م ( )

ـ ژماره ١٨ پایزی ١٩٩١ ، گفتوگۆ له‌گه‌ڵ شاعیرێکی ئیلامی، لێکۆڵینه‌وه، ل١١٧ـ ١٢٠

*ئه‌بو شه‌هاب (ئیحسان نه‌جم)

ـ ژماره ١٣ مارتی ١٩٨٧، ته‌ڕی خوێندنه‌وه، ڕه‌خنه‌و لێکۆڵینه‌وه، ل ٢٥ ـ ٥٦

*ئەڵوەند( )
ـ ژمارە ١٦ پایزی ١٩٨٩، نان.، چیرۆک ل ١٤٣ ـ ١٤٥
* ئەنیس نزار( )
ـ ژمارە ١٥، ساڵی ١٩٨٩، چاڵ، چیرۆک، ل٦٩ـ٨٣
*ئەنوەر مەسیفی
ـ ژمارە ٧ ، ١٩٨٣، ل ٧٥ ـ ٧٦، شیعر، بۆ فرمێسکی سوورو سپی

(**ب**)

*بەختیار (حیکمەت محەمەد کەریم، مەلا بەختیار- بەختیار)
ـ ژمارە ٢ سەرماوەزی ٢٦٨١ کوردی ، گرنگی ئیلتیزام لە قۆناغی خەباتی ئێستاماندا، لێکۆڵینەوە، ل٣ـ ١١
*بورهان قانع (بورهان محەمەد قانع)
ـ ژمارە ٢ سەرماوەزی٢٦٨١ کوردی، دایک، مەکسیم گۆرکی، وەرگێڕان، چیرۆک، ل٧٠ـ ٧٧
*بەشدار ( )
ـ ژمارە ٨ تەموزی ١٩٨٤تایبەت بە چیرۆک، کوڕی چیا، چیرۆک، ل٩٥ ـ ١٠٠
* برادۆست ( )
ـ ژمارە ٨ تەموزی ١٩٨٤تایبەت بە چیرۆک، فەرهاد، چیرۆک، ل١٣٢ ـ ١٤٢
*بلێسە (محەمەد حسێن هەڵەبجەیی)
ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، دەنگی ئارام، شیعر، ل ٤٤ ـ٤٧
*ب، ولات (جەوهەرکرمانج)
ـ ژمارە ١٦ پایزی ١٩٨٩، تاهیربەگی جاف و مامۆستا هێمن، لێکۆڵینەوە ل١٧٤ـ ١٧٩
ـ ژمارە ١٧پایزی ١٩٩٠، ڕەگی بەرەنگاری لە شیعری کوردیدا، لێکۆڵینەوە، ل ٤٣ ـ ٥٩،
ـ ژمارە، ١٥، ساڵی ١٩٨٩چی بنوسین وچۆن بنوسین، وتار، ل٢٧ـ ٣٩
*بێریڤان(بێریڤان دۆسکی)
ـ ژمارە١٦ پایزی ١٩٨٩، ڤینەک بێ هیڤی، شیعر، ل١٨١ـ ١٨٣
*بەندە باوەنور( )
ـ ژمارە ١٤ کانونی یەکەمی ١٩٨٨، جاش پەیژەی مێژوو، چیرۆک، ل ٧٥ ـ ٧٨

*بێزار( )
ـ ژمارە ١٦پایزی ١٩٨٩، هەڵوێستی بێدەنگی، شیعر، ل١٩٢ـ ١٩٤

(ت)

*تیلی ئەمین،
ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، رەڤ ، شیعرل ١٤ ـ ١٥
*تارا ( )
ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شەهید، شیعر، ل ٨٧ ـ ٨٨
*توفیق ئیبراهیمی(ڕەنجدەر)
ـ ژمارە١٧پایزی ١٩٩٠، چەند تابلۆیەک، شیعرل ١٠١ـ ١٠٢

(پ)

*پەیمان( )
ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤تایبەت بەشیعر، زەردەخەنەی خەبات، شیعر، ل٦٦ـ ٦٩
*پەرویز جیهانی
ـ ژمارە ١٧پایزی ١٩٩٠، بەرەوزمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردی، لێکۆڵینەوە، ل١٥ ـ ١٩
*پاوان عەبدوالموجود
ـ ژمارە ١٨ زستانی ١٩٩١، ئیدی بۆکوێ بچین، چیرۆک، ل١٠٣ـ ١١
*پرۆفیسۆر شاکرخدۆ
ـ ژمارە١٦ پایزی ١٩٨٩، خەباتا کوردزانی بێ گاڤێن مەزنداڤێژە، لێکۆڵینەوە ل٥٨ ـ ٦٥

(ج)

*جوامێر(شێرکۆفایەق بێکەس)
ـ ژمارە ١ ئابی ١٩٨١، لە شەوێکدا، شیعر، ل٤٦ ـ ٥٠،
ـ ژمارە ٥ ئابی ١٩٨٢، شیعری کاریکاتێر، شیعر، ل ٤٤ ـ ٤٥
ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، بانگ، شیعر، ل ٤٨ ـ ٥٥
ـ ژمارە١٠ تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، کەڵ، شیعر ل٨١ ـ ٨٤

هەوالنامەی کێبڕکێ

*ج، ڕەوەز( )
ـ ژمارە ٣ شوباتی ١٩٨٢، تفێک، چیرۆک، ل ٦٤ ـ ٦٨
*جەوهەر کرمانج(جەوهەر مستەفا حەمک)
ـ ژمارە، ٥ ئابی ١٩٨١، کۆچی زاوایەکی نامۆ، شیعرل٤٦ ـ ٥١
ـ ژمارە ٧ ئاداری ١٩٨٣، میهرناز، سوکی موهتەدی، چیرۆک، ل ٣٨ـ ٤٠
ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، داو، شیعرل٣٠ـ ٣٦
ـ ژمارە ١٨ زستانی ١٩٩١، پەیمان شیعرل٥٢ ـ ٥٦
ـ ژمارە١٠ تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، پشکۆ، شیعر ل ٨٥ ـ ٨٨
ـ ژمارە١٢مایسی ١٩٨٦، تفەنگ، شیعرل١٠٣ ـ ١٠٥
ـ ژمارە ١٥، ساڵی ١٩٨٩، هەڵەبجە یەکەم هاتن و دووەم هاتن، شیعر ل١٠٢ ـ١١٠
ـ ژمارە ١٤ کانونی یەکەمی ١٩٨٨، پانۆرامای شیعر، شیعر، ل ٤٩ ـ ٥٢
*جەلال تاڵەبانی(جەلال حسامە ددین نورللە)
ـ ژمارە ٤ ئایاری١٩٨٢، پێم وایەکاک کەریمی حسامی باش بۆی چووە، لێکۆڵینەوە ل١٤ ـ ١٨
*جەلالی میرزا کەریم
ـ ژمارە ٦ شوباتی ١٩٨٣،(.....) شیعرل ٤١ ـ ٤٢
*جولا ( )
ـ ژمارە ٨ تەموزی ١٩٨٤ تایبەت بە چیرۆک، ڕەبەنوک، چیرۆک ل٥٠ ـ٥٧
*جەلال مەلەک شا
ـ ژمارە ١٧پایزی ١٩٩٠، ڕێبوار، شیعرل١٠٧
*جگەرخوێن( )
ـ لەگۆڤاری (ڕۆژهەلات) وەرگێڕاوە ژمارە ٣، ١٩٨٢ ل ٤٥ ـ ٥٢
*جلیلی جەلیل
ـ مارف عومەرگوڵ ، ژمارە ١٧، ١٩٩٠، ل ٨٥ ـ ل ٨٩

(ح)

*حەمە کەریم عارف

ـ ژمارە ٦ شوباتی ١٩٨٣حەوتەوانەی عەشقی پیرۆز، چیرۆک ل٦٠ ـ ٦٧

ـ ژمارە ٧ ئاداری ١٩٨٣، چیرۆک، چیرۆک ل٢٧ـ٣٧

ـ ژمارە ١٢مایسی ١٩٨٦، هەرەس لە تای تەرازوی خوێندنەوەدا، ڕەخنە، ل٦ ـ ٣٩

ـ ژمارە١٣ مارتی ١٩٨٧ کۆچ، چیرۆک ل٨٧ ـ١٠٢

ـ ژمارە ١٤ کانونی یەکەمی ١٩٨٨، قاچاخچی، چیرۆک، بکر یلدیز، وەرگێڕان، ل ٣ ـ ٢٤

حەمەتاڵ (حەمە نووری تۆفیق)

ـ ژمارە ٨ تەموزی ١٩٨٣ تایبەت بە چیرۆک، ڕێبوارەکان، چیرۆک ل ٦٩ـ ٨٤

* حسێن سنجاری

ژمارە ٨ تەموزی ١٩٨٣، تایبەت بەچیرۆک، بەهەشتی، چیرۆک ل١٦٠ـ ١٦٣

*حەمە سەعید حەسەن

ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، کاتێ شارە زەردەوالّە ئەوروژێ، شیعرل ٥٩ ـ٦٠

ـ ژمارە١٧ پایزی ١٩٩٠، لێک دابڕان، شیعر ل٩٦ـ ٩٧

*ح، مەولاوی(حسێنی مەولایی)

ـ ژمارە ١٦ پایزی ١٩٨٩، ناسک بەختی من گوزەل، مەحمود دەولّەت ئابادی، چیرۆک، وەرگێڕان ل ١٥٧ ـ ١٦٥

*حیکمەت محەمەد کەریم(مەلا بەختیار)

ـ ژمارە١٧ پایزی ١٩٩٠، ئاستەنگی ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا، لێکۆڵینەوە ل٢٠ ـ ٢٩

ـ ژمارە ١٨ زستانی ١٩٩١، ڕیالیزی سۆشیالیزم و بەهرەی ئازادی، لێکۆڵینەوە ل٣٢ـ ٣٧

*حکیم مەلا سالّح

ـ ژمارە پایزی ١٩٩٠، مۆتەکە، چیرۆک ل١١٣ـ ١١٧، ژمارە ١٨ زستانی ١٩٩١، تلیاک، چیرۆک ل٩٤ ـ ١٠٢

*حسێن عبدالقادر

ـ ژمارە ١٤ کانونی یەکەمی ١٩٨٨ مانگ بۆ نایەت، حسێن پناهی، وەرگێڕان، شانۆ، ل ٩٦ ـ ١٠٢

هەولّامەی کتێب

(خ)

*خلیل دهۆکی

ـ ژمـارە ٦ شوباتی ١٩٨٣، شۆڕشگێڕ و هۆزانڤانی کـورد، کەمال بورقای، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە ل ٥ ـ ١٦

ـ ژمارە ٧ ئاداری ١٩٨٣، شەڤەکە پیزێ، ا باڤێ نوری ، ژبەرهەڤ کردنا، چیرۆک ل٢ ـ ٢٦

ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤تایبەت بە شیعر، باژێڕێ من، شیعرل ٦ ـ٧

ـ ژمارە ١٠ تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، نۆ بەدارێ سەهۆسالّێ، شیعرل ٩٠ ــ ٩١

*خالید جوتیار(خالید مەولوود ئەحمەد)

ـ ژمارە ٥ ئابی ١٩٨٢، بەرەو لێکدانەوەی فۆلکلۆری کوردی، لێکۆڵینەوە ل٢١ ـ ٢٤

ـ ژمارە ٧ ئاداری ١٩٨٣، بەرەو لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆری کوردی، لێکۆڵینەوە ل١٣ ـ ١٦

*خەسرەوی نامۆ( )

ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤ تایبەت بە شیعر، کەمین بۆ دزەکانی دارستان، شیعر ل٩٦ ـ ٩٩

* خورشید فاتح

ـ ژمارە ١٠ تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، لە گورگانا شەوێ ی بەعسا، چیرۆک ل٥٥ ـ ٦١

*خالید ئەسعەد (مەلا بەختیار)

ـ ژمـارە ١٦پایزی ١٩٨٩، ڕیالیزمی شۆڕشگێڕ لە نێوان دۆگم وئـازادیـدا، لێکۆڵینەوە ل٢٦ ـ ٣٣

*خ. عبالکریم (خەبات عبدوالکریم)

ـ ژمارە ١٤ کانونی یەکەمی ١٩٨٨، کورتەیەک لە مەڕ کۆچی سور، ئەبوشەهاب، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە، ل ٢٧ ـ ٣٥

(چ)

*چیمەن کاوێس

ـ ژمارە ٦شوباتی ١٩٨٣، سروودی سەرکەوتن، شیعرل٩٦ ـ٩٧

* چیا گەرمیانی ( )

ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤تایبەت بە شیعر، گوێم لێ بوو ژووڕەکەم پێناسەی خۆی کرد، شیعر ل ١٦ ـ٢٠

- چیا (ڕەزا سەیدگوڵ بەرزنجی)

ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤ تایبەت بە شیعر، لە یاداشتی پێشمەرگەیەک دا، شیعرل ٧٩ ـ ٨٠

(د)

* دکتۆر کەمال فواد

ـ ژمارە ٣ سەرماوزی ٢٦٨١، لە شیعرە بڵاونەکراوەکانی سالم، لێکۆڵینەوە ل٤٠ ـ٥٢

ـ ژمارە٣ شوباتی ١٩٨٢، ڕۆژنامەی کوردستان، لێکۆڵینەوە ل٣ـ ١٥

ـ ژمارە ١٦پایزی ١٩٨٩، چەند سەرەتایەکی زمانەوانی، لێکۆڵینەوە ل٩ ـ١٣

* دڵزار(ئەحمەد مستەفا محەمەد)

ـ ژمارە٢ سەرماوەزی ٢٦٨١ ی کوردی خەسرەوی گوڵسورخی، لێکۆڵینەوە وەرگێڕان ل ٣٤ـ ٣٩

ـ ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢ دیدارێک لەگەڵا ئەدیبی سۆڤێتیدا، ڕۆشنبیر لە ژێر سایەیی دیموکراسیدانەبێ گەشەنەکات ، حاجی جوندی، لێکۆڵینەوە، وەرگێڕان، ل٤ ـ ١٣.

ـ ژمارە٧ ئاداری ١٩٨٣، لە یادی نەورۆزدا، شیعر، ل٥٩.

* دەرسیم( )

ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤ تایبەت بە شیعر، پێنج چەپک گڕی سوور لە ئاگردانێکی گەرمیان، شیعر،ل٢٧ ـ ٢٩

* دلۆڤان( )

ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤ تایبەت بە شیعر، دیوارب گوهن، شیعرل٣٧ ـ ٣٩

* دلاوەر مەحمود(مارف عومەر گوڵ)

ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤ تایبەت بە شیعر، لاپەڕەیەک لە پەیامی زیندانیەک، شیعر ل٨٩ ـ ٩١

ـ ژمارە١٠ تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، دەسەڵات، شیعر، ل ٨٩

* دکتۆر شێرکۆ(شێرکۆ عەبدوڵڵا ڕەشید)

ـ ژمارە١٧ پایزی ١٩٩٠، خەمنامە، شیعر، ل١٠٠

* دڵشاد عومەر کاکی

ـ ژمارە ٣ شوباتی ١٩٨٢، شێتە ، چیرۆک، ل٧٨ ـ ٨٥

(ڕ)

* ڕۆزا (شیرین. ک ـ شیرین کەمال)
ـ ژمارە ٣ شوباتی ١٩٨٢، منالانی شارەکەم دەزانن چی بەدایکیان دەڵێن، چیرۆک ل٧٢
* ڕەفیق سابیر(دکتۆر ڕەفیق سابیر)
ـ ژمارە ١ ئابی ١٩٨١، سوتان لە بەر باراندا، شیعر ل٤٠ ـ ٤٥
ـ ژمارە ٣ شوباتی ١٩٨٢، دەربارەی پێکهێنانی یەکێتی یەک بۆ نووسەرانی هەموو کوردستان، لێکۆڵینەوە ل١٦ ـ٢٠
ـ ژمارە ٤ ئایاری ١٩٨٢، پێنج هۆنراوە، شیعر ل٤١ ـ ٥١، ژمارە ١٥، سرودی خاک، شیعر، تایبەت بە تۆماری هەڵەبجە ل٨٤ ـ ١٠١
* ڕێبوار(ڕەئووف بێگەرد)
ـ ژمارە ٤ ئایاری ١٩٨٢، قفڵ، چیرۆک ل٦٦ـ ٦٩
ـ ژمارە ٥ ئابی ١٩٨٢، پێ داگرتن، چیرۆک ل٩٠ـ ٩٩
ـ ژمارە ٨ تەموزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، درەختی پیرۆز، چیرۆک ل٢٦ـ ٣٧
* ڕێبوار جاف ( )
ـ ژمارە ٥ ئابی ١٩٨٢، چەند هۆنراوەیەکی ئاگراوی ، شیعر ل٦٢ـ ٦٥
* ڕێژین ( )
ـ ژمارە ٨ تەموزی ١٩٨٤ تایبەت بە چیرۆک، بەڵێن، چیرۆک ل ٥٨ ـ ٦٨
* ڕێزان (ئاسۆ ئەحمەد)
ـ ژمارە ٨ تەموزی ١٩٨٤ تایبەت بە چیرۆک، نەفرەت، چیرۆک ل ١٤٩ ـ ١٥٩
ـ ژمارە ١٣مارتی ١٩٨٧، هونەر لەجوغزێکی تەنگدا، لێکۆڵینەوە ل٥٧ ـ٧٠
* ڕەنو( )
ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، ژانی ئەستێرەیەکی چیایی، شیعر ل٥٦ ـ ٥٨
* ڕێبوار عبدوللا ئەحمەد (ڕەئووف بێگەرد)
ـ ژمارە١٠ تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، کارگە، چیرۆک ل٤٣ ـ ٥٤
* ڕەحیمی لوقمانی
ـ ژمارە ١٧ پایزی ١٩٩٠، ساز، شیعر ل٩٩

* ڕاوەندی ( )
ـ ژمارە١٧ پایزی ١٩٩٠، بازنەی گەمارۆ، چیرۆک ل١٣٦ ـ ١٤١
* ڕەهێڵە ( )
ـ ژمارە١٧ پایزی ١٩٩٠، شەوێکی جیا لە هەموو شەوانی تر، شیعر ل٨
* ڕەمەزان عیسا
ـ ژمارە ١٨ زستانی ١٩٩١، دوو خوژی، شیعر ل٧٣
* ڕێکار ئەحمەد
ـ ژمارە ١٨ زستانی ١٩٩١، ئاوارەیی، چیرۆک ل٨٩ ـ٩٣
* ڕەحیم عەزیز
ـ ژمارە ٣ شوباتی ١٩٨٢، عاشقی چیا، شیعر، ل١٠٣ ـ ١٠٥
* ڕێبوار(موسڵیح شێخ ئەلئیسلامی)
ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، سنوور شیعر، ل١١٦ ـ ١٢٢
*ـ ژمارە ١٦ پایزی ساڵی ١٩٨٩، پیرەدار، شیعر، ل١١٠ ـ ١١١
* ڕێبین هەردی (ڕێبین ئەحمەد حەسەن هەردی)
ـ ژمارە ١٤ کانونی یەکەمی ١٩٨٨، دۆزەخ، چیرۆک، ل ٨٤ ـ ٩٠

(ز)

* زەردەشت ( )
ـ ژمارە ١١ شوباتی ١٩٨٦، دالّدە، چیرۆک ل٥٠ ـ ٧٠
* زۆزان ( )
ـ ژمارە ١٧ پایزی ١٩٩٠، چەند شیعرێکی عەباس بەدری، وەرگێڕان، شیعر ل ٩٤ـ ٩٥
* زیاد مەولود ( )
ژمارە ١٨زستانی ١٩٩١، یاداشتی مرۆڤێکی وون، وەرگێڕان، چیرۆک ل ٥٧ -

(ژ)

* ژوان (نەجیبە ئەحمەد)
ـ ژمارە ١١ شوباتی ١٩٨٦، دوا وروژان، چیرۆک ل ٤٥ ـ ٤٩

هاوڵاتی کتێب

ـ ژمارە١٢ مایسی ١٩٨٦، شارێ ، چیرۆک ل ٩٢ـ ١٠٦
ـ ژمارە ١٣ مارتی ١٩٨٧، لوتکە، چیرۆک ل ٧١ـ ٧٧
* ژاڵە(مەهاباد قەرەداغی)
ـ ژمارە ١٣مارتی ١٩٨٧، پرسەی ئامانج، شیعر ل١١١ ـ ١١٢
* ژیلا(ژیلا حوسێنی)
ـ ژمارە ١٦ پایزی ١٩٨٩، کۆست، شیعر ل ١٨٤

(س)

* سەلام محەمەد
ـ ژمارە ١ ئابی ١٩٨١، پێرووم خوێندەوە، ڕخنە ل ١٤ ـ ٢٨
* سەلاحەدینی موهتەدی
ـ ژمارە ١ ئابی ١٩٨١، خەوە بەردینە شیعری سوارە، شیعرو لێکۆڵینەوە، ل٣٩ ـ ٤٤
* سیامەند مامیر(سیامەند مامیر شاسواری)
ـ ژمارە ٢ سەرماوەزی ٢٦٨١ کوردی، کارەساتی هونەری ئەمڕۆلە مەڕ هونەرمەند و ڕوناکبیر، ڕۆژە گارودی، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە ل ٢٥ ـ ٣٣
ـ ژمارە ٣ شوباتی ١٩٨٢، شاملو شیعری نوێی فارسی، لێکۆڵینەوە، ل٢١ ـ ٤٤
ـ ژمارە ٤ ئایاری ١٩٨٢، تیوری ڕەنگدانەوە و داهێنان، لێکۆڵینەوە ل١٩ـ ٢٨
* سامی شۆڕش (سامی عەبدولفەتاح عەبدولەتیف عەبدولوەهاب)
ـ ژمارە ٦ شوباتی ١٩٨٣، عاشقی ئەو ، وەرگێڕان، چیرۆک، ل ٧٩ ـ ٨٧
ـ ژمارە ٥ ئابی ١٩٨٢، دوو هۆنراوە، شیعر ل ٦٩ ـ ٧١
* سعدواللا پەرۆش
ـ ژمارە ٦ شوباتی ١٩٨٣، گەشتی چۆلەکە، چیرۆک ل٩١ ـ ٩٥
* سەپان ( )
ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، چەک وکاروان، شیعر ل٢٤ ـ ٢٦
* سەعید دێرەشی
ـ ژمارە ٩ کانونی یەکومی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، گوندی وێران، شیعر ل٩٢ ـ ٩٥
* سەرهەنگ حەمدی ( )

ـ ژمارە ١٠ تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، تروسکەیەک لە ئەدەبی بەرگری، لێکۆڵینەوە، ل٢٣ ـ ٤٢
* سیروان (عەبدوللە کەریم مەحموود)
ـ ژمارە١٢ مایسی ١٩٨٦، دوا چیرۆک، شیعر ل١٣٧ ـ ١٣٨
* سابیر(سابیر سدیق)
ـ ژمارە ١٢مایسی ١٩٨٦، دوا سنەوبەر، شیعر ل١٣٢ ـ ١٣٦
ـ ژمارە ١٣ مارتی ١٩٨٧، بەتیارەی ئازادی، شیعر ل١٠٦ ـ ١١٠
ـ ژمارە ١٤ کانونی یەکەمی ١٩٨٨، شەپور، شیعر، ل ٥٦ ـ ٥٩
* سیامەند شێخ ئاغایی
ـ ژمارە ١٣ مارتی ١٩٨٧، جودایی ، پەخشان، ل١٢٠ ـ ١٢٩
* س.ع. ص( )
ـ ژمارە ١٦پایزی ١٩٨٩، ئەمینی ئەودآڵ، حاجی جوندی، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە ل٢٢ ـ ٢٥
* سەید ئەحمەد (سەید ئەحمەد حەمەلاو)
ـ ژمارە ١٧ پایزی ١٩٩٠، بڕوخێ ژۆرداری بژی ئازادی، چیرۆک ل١٢٢ ـ ١٢
* سەلام زەندی( )
ـ ژمارە١٨ زستانی ١٩٩١، محەمەد ئەمین بوزئەرسەلان، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە ل ٣٨ ـ٥٠
* سەلاح موکریانی
ـ ژمارە ١٧پایزی ١٩٩٠، تێبینیەک لە سەر شیعرەکەی هێمن، ڕەخنە ل ١٦٤ ـ ١٦٥
* سەیران (دڵشاد محەمەد ئەمین، دڵشاد مەریوانی)
ـ ژمارە ٢ سەرماوەزی٢٦٨١ی کوردی، پاکانە، مزفەر النواب، وەرگێڕان، شیعر ل٥٧ ـ ٦٤
٨ ص. سوارۆ( )
ـ ژمارە ١٤ کانونی یەکەمی ١٩٨٨، دڵە تەپێیی وجودیەت، سیروس پەرهەم، چیرۆک، وەرگێڕان، ل ٢٥ ـ ٣٦

(**ش**)

* شەمآڵ(دکتۆر ئەمجەد ئەرشەد حەویزی ـ شەمآڵ حەویزی)
ـ ژمارە ٤ ئایاری ١٩٨٢، سەگی بەرەڵا، سادقی هیدایەت، وەرگێڕان، چیرۆک ل٧٠ ـ ٧٨
ـ ژمارە ١٨ زستانی ١٩٩١، کاتێ شیعر...، شیعر ل١٢١ ـ ١٢٦

هاوڵاتیمەدی کێتێب

* شەهاب عوسمان

ـ ژمارە ٥ ئابی ١٩٨٢، گۆرانی سوتاو کۆچێکی پایزی، شیعر، ل٥٧ ـ ٥٩،

ـ ژمارە ٦ شوباتی ١٩٨٣، هونەرمەند و نووسەری شۆڕشگێڕی کورد یەلماز گونەی، لێکۆڵینەوە ل ١٠٦ ـ ١١٩

* شێرۆ(شێرزاد حەسەن)

ـ ژمارە ٨ تەموزی ١٩٨٤ تایبەت بە چیرۆک، دووکەڵ، چیرۆک ل٨٥ ـ ٩٤

* ش (عەبدوڵڵا سەڕاج)

ـ ژمارە ١٠ تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، چالاکیەکی نەبەردانە، ئاش داخ، وەرگێڕان، چیرۆک ل٦٧ ـ ٧٥

* شێرکۆ بێکەس(شێرکۆ فایەق عبدوالله)

ـ ژمارە ١١ شوباتی ١٩٨٦، هەرەسم خوێندەوە، ڕەخنە ل٥ ـ ٤٤

ـ ژمارە ١٢ مایسی ١٩٨٦، شایی شەهید، شیعر ل١١٤ ـ ١٢٣

ـ ژمارە ١٦ پایزی ١٩٨٩، ئینجانە، تاقە شایەت، شیعرل ١٠٥ ـ١٠٧

ـ ژمارە ١٧ پایزی ١٩٩٠، چاوپێکەوتنی ئەدەبی، شیعر ل ٩٠ ـ ٩٣

ـ ژمارە ١٥ ، سالّی ١٩٨٩، بالّا، شیعر، ل١٢٠ـ ١٢٥

* شوان کابان (شوان کەریم کابان)

ـ ژمارە ١٣ مارتی ١٩٨٧، سێ چەپک خەم، لە خەمەکانی ئەم شەوم، شیعر ١١٦ ـ ١١٨

* شێخ محەمەد بالّەک

ـ ژمارە ١٧ پایزی ١٩٩٠چلّەکێش، شیعر ل ١٠٥ ـ ١٠٦

* شۆڕش زیرەک ( )

ـ ژمارە ١٥ سالّی ١٩٨٩، لە کۆمارا گورجستانێ، هەڤ پەیڤین لەگەڵ سەروەرێ تیاترۆیا کوردی لە کۆمارا گورجستانێ، هەڤ پەیڤین، ل٥٠ ـ ٥٧

* ش ـ ا ( )

ژمارە، ١٥ سالّی ١٩٨٩، وت وێژێک لەگەڵ ئایدا، چاوپێکەوتن، ل ٥٨ ـ ٦٨

(ع)

* عەبدوالقادر سەعید

ـ ژمارە ٥ ئابی ١٩٨٢، وەرزی ئازار ، شیعر ل ٦٦ ـ ٦٨

* عەلی خالید حمید (کاکە مەم بۆتانی)
ـ ژمارە ٨ تەموزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، دەرویێش برایم لە بێشکەی سزادا، چیرۆک ل ٨ ـ ١٩
* عوسمان شەیدا (عوسمان ڕەشید عەولا)
ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤ تایبەت بە شیعر، دیوی دووەم لە کاسێتی هەنگاو مێژوو، شیعرل ٢ ـ ٥
* عەبدول الکریم دەشتی
ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، کەپکە برین، شیعرل ٤٠ ـ ٤٣
ـ ژمارە ٧ ئاداری ١٩٨٣، کوچەی مەرگ، شیعر ل٦٤
* عەزیز ئالی ( )
ـ ژمارە ١٦ پایزی ١٩٨٩، عکس، شیعرل ١٨٥ ـ ١٨٧
* عومەر فاروقی
ـ ژمارە ١٦ پایزی ١٩٨٩، مەلا عەبدوالرەحمانی نیعمەتزادە، لێکۆڵینەوە ل١٦٧ـ ١٧
ـ ژمارە ١٧ خولی دووەم پایزی ١٩٩٠، لە یادی ڕۆشنبیرێکی نیشتمانپەروەردا، لێکۆڵینەوە ل ١٥٤ ـ ١٥٦
* عەزیز کەیخوسرەوی
ـ ژمارە ١٧ خولی دووەم پاپزی ١٩٩٠، چیرۆکی مەرگی هەڵۆی سوور، شیعرل ١٠٣
* ع. ن. ر ( )
ـ ژمارە ١٧ خولی دووەم پایزی ١٩٩٠هەڵۆی ئازادەکە، چیرۆک ل ١٠٩ ـ ١١٢
* عەباس عبدوالرەزاق
ـ ژمارە ١٧ خولی دووەم پایزی ١٩٩٠، سیناریۆ، چیرۆک ل ١٤٢ ـ ١٤٩
* ع. ن. پ ( )
ـ ژمارە١٤ کانونی یەکەمی ١٩٨٨، بەیداخی سەرکەوتن یان بەیداخی نەمری، لێکۆڵینەوە، ل ٣٦ ـ ٤٣
* عبدالله قەرەداغی
ـ ژمارە ١٤ کانونی یەکەمی ١٩٨٨، سێ چریکەی هەتیو، شیعر، ل ٦٠
* عبدالله عبدالکریم(عەبدولڵا کەریم مەحموود)
ـ ژمارە ١٤ کانونی یەکەمی ١٩٨٨، دایک، چیرۆک، ل٩١ ـ ٩٥

هەوالنامەی کێبڕکێ

(ص)

* صەباحی غالب
ـ ژمارە ٥ ئابی ١٩٨٢، هەوێنی بوون، چیرۆک ل١٧ ـ ٢٠
* صاڵح یوسفی
ـ ژمارە٢ سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی ، وڵاتی من، شیعر ل ٥٣ ـ ٥٦

(ف)

* فەرەیدون عەبدوالقادر(فەرەیدون عبدولقادر فەرەج)
ـ ژمارە ژمارە٢ سەرماوەزی ٢٦٨١ ی کوردی، خەباتی ڕاست وچەپ، لێکۆڵینەوە، ل٦٥ ـ ٦٩
* فەرهاد(ڕەئووف بێگەرد)
ـ ژمارە ٣ شوباتی ١٩٨٢، چەند سەرنجێکی ڕەخنە گرانە لە چیرۆکی شێتە، ڕەخنە ل٨٦ ـ ٩٢
* ف. ئەسەسەرد (فەرید سابیر قادر حەسەن)
ـ ژمارە ٤ ئایاری ١٩٨٢، پەیکەر، چیرۆک ل٥٧ ـ ٦٥
* فەرید زامدار(فەرید بەکر ئەیوب)
ـ ژمارە ٦ شوباتی ١٩٨٣، تیشک، شیعر ل ٥٩
* فازل کەریم ئەحمەد (مامۆستا جەعفەر)
ـ ژمارە ٨ تەموزی ١٩٨٤ تایبەت بە چیرۆک، هەڵهاتن، چیرۆک ل١١٤ ــ ١٣١
* فەرهاد سەنگاوی (فەرهاد حەمەسالّح کەریم)
ـ ژمارە ١٦ پایزی ١٩٨٩، گۆڕ غەریبێک ، پەخشان ل ١٩٥
* فەرهاد ڕەسوڵ (حاکم فەرهاد مەلا ڕەسوڵ گورون)
ـ ژمارە١٦ پایزی ١٩٨٩، کاتێک خۆشەویستی ڕەگ دادەکوتێ.. چیرۆک ل ١٤٦ ـ ١٥٠
ـ ژمارە ١٤ کانونی یەکەمی ١٩٨٨، سوتوو، چیرۆک، ل ٧٩ ـ ٨٣
* فەرهاد پیربالّ
ـ ژمارە ١٧ پایزی ١٩٩٠، دوو پارچە شیعر، شیعر ل ٩٨
ـ ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، پێنج ژمارەی نووسەری کوردستان، لێکۆڵینەوە ل٥ ـ ٢٢
* فەرهاد عەلی
ـ ژمارە ٨ تەموزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، نامە، چیرۆک ل١٤٣ ـ ١٤٨

* فازیل قه‌ساب
ـ ژماره١٦ پایزی ١٩٨٩، دایکه کێوی، گی. ی. مۆپاسان، وه‌رگێڕان، چیرۆک ل١٥١ ـ ١٥٦
ـ ژماره ١٥ ساڵی ١٩٨٩ کامه یه سه‌نگه‌ری جه‌ماوه‌ری سه‌ربه خۆ، وتار، ل٤٠ ـ ٤٩
* فه‌خره‌الین محی الدین (ئه‌دیب نادر)
ـ ژماره ٨ ته‌موزی ١٩٨٤، به‌رات، تایبه‌ت به چیرۆک ، چیرۆک ل ١٠٨ ـ١١٣

(ک)

* کۆسره‌ت (هه‌ڤاڵ کوێستانی)
ـ ژماره ١ ئابی ١٩٨١، چاوپێکه‌وتنێک له‌گه‌ڵ نازم حیکمه‌ت دا، شاردۆدۆبزینسکی، وه‌رگێڕان، چاوپێکه‌وتن، ل٩ ـ ١٣
ـ ژماره ١٣ مارتی ١٩٨٧، له چاوه‌ڕوانی گه‌ڕانه‌وه‌ی ون بوویه‌کدا، چیرۆک ل ٧٨ ـ ٨٦
* کاکه‌باس(عه‌باس محه‌مه‌د حه‌سێن ـ حاجی مه‌ۆ)
ـ ژماره ١ ئابی ١٩٨١، قوتابخانه‌که‌مان چی به‌سه‌رهات، چیرۆک ل ٦٤ ـ ٦٧
ـ ژماره ٣ شوباتی ١٩٨٢، چیرۆکه‌کانی ژماره‌ی پێشوم خوێنده‌وه، لێکۆڵینه‌وه وڕه‌خنه ل٩٣ ـ ٩٨
ـ ژماره٤ ئایاری ١٩٨٢ئه‌م خانوه‌ی که‌وتۆته سه‌روه‌ی هه‌ور، ساندرۆبریسۆنی، وه‌رگێڕان، شانۆ ل ٧٩ ـ ٩٥
* کاوه (دکتۆر ڕه‌فیق سابیر)
ـ ژماره١ ئابی ١٩٨١، زوڵمئاوا، عه‌لی ئه‌شره‌ف ده‌رویشیان، وه‌رگێڕان، چیرۆک ل ٦٨ ـ ٧٨
* کارزان. ف ( )
ـ ژماره ٦ شوباتی ١٩٨٣، سێ شیعری کافانی، وه‌رگێڕان، شیعر ل ٨٨ ـ٩٠
* کاکه (سلێمان قائیمیانی)
ـ ژماره ٩ کانونی یه‌که‌می ١٩٨٤تایبه‌ت به شیعر، به‌ند له شیعری، نا نه‌تناسیوم ، شیعرل١١١ ـ ١١٥
* کارزان( )
ـ ژماره٧ ئاداری ١٩٨٣، سێ شیعری نیرۆدا، وه‌رگێڕان، شیعر ل٦٩ ـ ٧٦
* که‌ریمی حسامی
ـ ژماره ٢ سه‌رماوه‌زی ٢٦٨١ی کوردی، نامه‌یه‌کی کراوه، گفتوگو، ل ٨٧ ـ ٩٠

هه‌واڵنامه‌ی کێبڕکێ

* کامەران قازی
ـ ژمارە ١٣مارتی ١٩٨٧، تەنیایی، شیعر ل١١٩
* کاکە لاس ( )
ـ ژمارە ٦ شوباتی ١٩٨٣ ئەوڕوبارە، شیعر ل٥٦ ـ ٥٨

(گ)

* گیابەند(جەزا عەلی ئەمین)
ـ ژمارە١٢ مایسی ١٩٨٦، سنوری بەخشین ، شیعر ل١١٣ ـ ١١٥
* گوندی( )
ـ ژمارە ١٨ زستانی ١٩٩١، شاعیر.. ناخی وەک سەماوەرەکەی قوڵپ دەدات، چیرۆک ل ٨٣ ـ ٨٥

(ل)

* لاوک (مستەفا سالّح کەریم)
ـ ژمار ە٨ تەموزی ١٩٨٤، ژمارەی تایبەت بە چیرۆک، کورەی دڵی باوک، چیرۆک ل ١٠١ ـ ١٠٧
* لوقمان (سیامەندمامیر شاسواری)
ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤ تایبەت بە شیعر، دێم، شیعر ل١٠٢ ـ ١٠٩

(م)

* محەمەد حەمە باقی
ـ ژمارە ١ ئابی ١٩٨١، شاعیر و شەهید، لێکۆڵینەوە ل٤ ـ ٨
ـ ژمارە ٢ سەرماوەزی ٢٦٨١ ی کوردی، شیعرەکانی ژمارەی پێشوم خوێندەوە، ڕەخنە ل٩١ ـ ١٠٤
ـ ژمارە ٣ شوباتی ١٩٨٢، گێژەنگ، شیعرل٥٣ ـ ٦٣
ـ ژمارە ٤ ئایاری ١٩٨٢، شیعر لە نێوان نالی و کوردیدا، لێکۆڵینەوە، ل٢٩ ـ ٤٠
ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شاعیر، شیعر ل٧٠ ـ ٧٥
ـ ژمارە ١٠ تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، زاوا، شیعر ل ٩٢ ـ ١٠٣

ـ ژماره ١٢مایسی ١٩٨٦، خاک، شیعر ل١٠٧ ـ١١٣

ژماره١٦ پایزی ١٩٨٩، گورگ، شیعر ل١١٢ ـ١٢٣،

ـ ژماره ١٧ پایزی ١٩٨٩، ئه‌شێ ده‌ستبه‌رداری ڕیالیزمی سۆسیالیست بین، وه‌رگێڕان، لێکۆڵینه‌وه ل٦٦ ـ ٧٩

ـ ژماره ١٥ ساڵی ١٩٨٩، هه‌ڵه‌بجه: ئه‌ده‌ب هونه‌ر سیاسه‌ت، وتار، ل١٢٦ـ ١٥٠

ـژماره ١٤ کانونی یه‌که‌می ١٩٨٨، یه‌ڵماز گونه‌ی، شیعر، ل ٤٧ ـ ٤٨

* محه‌مه‌د موکری (محه‌مه‌د عه‌لی محه‌مه‌د)

ـ ژماره ٦ شوباتی ١٩٨٣، دواسه‌رنج، چیرۆک ل٤٣ ـ ٥٦

ـ ژماره ٨ ته‌موزی ١٩٨٤ تایبه‌ت به چیرۆک، بۆسه، چیرۆک ل ١٦٤ ـ ١٩٢

ـ ژماره١٢ مایسی ١٩٨٦، گوڵسورخی وه‌رگێڕان، لێکۆڵینه‌وه ل ٤٠ ـ ٩١

ـ ژماره ١٤ کانونی یه‌که‌می ١٩٨٨، من برتولت بریێشتم، لێکۆڵینه‌وه، ل١٠٣ ـ ١١٦

* مسته‌فا غه‌فور

ـ ژماره ٥ ئابی ١٩٨٢، ده‌رباره‌ی هونه‌ر بۆ هونه‌ر، وه‌رگێڕان ل٥ ـ ١٦

ـ ژماره ٦ شوباتی ١٩٨٣، هونه‌ر چی یه؟ تولستۆی، وه‌رگێڕان، لێکۆڵینه‌وه ل٧٠ ـ ٧٨

* محه‌مه‌د ڕه‌نجاو(محه‌مه‌د عه‌بدولڕه‌حمان شێخ)

ـ ژماره ٥ ئابی ١٩٨٢، سه‌ره‌تایه‌کی کورت له میژووی ئه‌ده‌ب، لێکۆڵینه‌وه ل٣٥ ـ ٣٩

ـ ژماره ٧ ئاداری ١٩٨٣، دیداریک له‌گه‌ڵ دڵداری شاعیردا، لێکۆڵینه‌وه ل٣ ـ١٢

* موجود سامان

ـ ژماره ٥ ئابی ١٩٨٢، له‌دایک بونێکی تر، فروغ فروغ زاد، وه‌رگێڕان، شیعر ل٧٢ ـ ٧٦

ـ ژماره ٧ئاداری ١٩٨٣، هه‌رته‌نها به‌فره شیوه‌نت ده‌کا، شیعر ل٥٦ ـ ٥٨

ـ ژماره ٩ کانونی یه‌که‌می ١٩٨٤، تایبه‌ت به شیعر، تاریکی، شیعر ل٧٦ ـ ٧٩

* م. زریان (سه‌ڵاح عومه‌ر)

ـ ژماره ٥ ئابی ١٩٨٢، جیابونه‌وه، چیرۆک ل ٨٥ ـ٩٠

* مه‌حمود خۆشناو (مه‌حموود سلێمان عه‌بدوڵڵا)

ژماره ٧ ئاداری ١٩٨٣، که‌ی دێیته‌وه برا گیان، عه‌لی ئه‌شره‌ف ده‌رویشان، وه‌رگێڕن، چیرۆک ل ٤١ ـ ٥٤

* م. ش (عبدوللە سەرا ج)
ـ ژمارە ٨ تەموزی ١٩٨٤ تایبەت بە چیرۆک، ڕەشۆ، چیرۆک ل٢٠ ـ ٢٥
* مەریوان وریا قانع
ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤، خۆڵ باران، شیعر ل ٨ ـ١٣
* مەغدید مولود (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)
ـ ژمارە١٠ تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، زینانە، چیرۆک ل٦٢ ـ ٦٦
* مەحمود ڕەزا (مەحموود ڕەزا ئەمین)
ـ ژمارە١٣ مارتی ١٩٨٣، منیش هەمویانم خوێندەوە، ڕەخنە ل٣ ـ ٢٤
* مارف ئاغایی
ـ ژمارە ١٧ پایزی ١٩٩٠، بەیتی فولکلۆری و شیعری کوردی نوێ، لێکۆڵینەوە ل٣٤ ـ ٤٢
ـ ژمارە ١٨ زستانی ١٩٩١، نامەیەکی دڵسۆزانە، پێشنیارل ١٣١
* مەریوان فتاح
ـ ژمارە ١٦ پایزی ١٩٨٩، نووسەری کوردستان لە دیدی خوێنەرانەوە، ڕەخنە ل١٤ ـ ٣١
ـ ژمارە ١٥، ساڵی ١٩٨٩، ئەدەبیاتی ئەم سەردەمەی ئەمریکای لاتین سەرنجێکی گشتی، پیت ماکنسین، لێکۆڵینەوە، وەرگێران، لە فارسییەوە، ل١٦ـ ٢٦
* مارف عومەر گوڵ
ـ ژمارە ١٦ پایزی ١٩٨٩، ئەی تۆفـ دەوازم لێبێنە، شیعر ل ١٠٨ ـ ١٠٩،
ـ ژمارە ١٧ پایزی ١٩٩٠، جلیل جەلیل، لێکۆڵینەوە ل٨٥ ـ ٨٩
* مەحەمەد مورتەزایی
ـ ژمارە ١٧ خولی دووەم، پایزی ١٩٩٠، عەلی ڕەزا بەدەل، شاعیری شۆڕشگێڕی ئازربایجانی، لێکۆڵینەوە ل٨٠ ـ ٨٤
* مەحمود شکاک نەژاد
ـ ژمارە١٧ خولی دووەم پایزی ١٩٩٠، سەرنجێک و هەڵوێستەیەک لە سەرشیعرەکەی هێمن، ڕەخنە ل١٦٦ ـ ١٦٨
* م . بریندار( )
ـ ژمارە ١٧ خولی دووەم پایزی ١٩٩٠، دوو هۆنراوە، شیعر ل١٠٤

(ن)

* ناله(ناسر حه‌فید)

ـ ژماره ١ ئایی ١٩٨١، شیلانه، چیرۆک ل٥ ـ ٥٩

ـ ژماره٢ سه‌رماوه‌زی ٢٦٨١ی کوردی بۆ چونی ده‌سته‌ویه‌خه، ڕه‌خنه ل ١٠٥ ـ ١٢٣

* نه‌جیبه ئه‌حمه‌د،

ـ ژماره ٤ ئایاری١٩٨٢، سه‌دا، شیعر ل٥٤ ـ ٥٦

ـ ژماره ٩ کانونی یه‌که‌می ١٩٨٤، تایبه‌ت به شیعر، هه‌ڵوێست، شیعر ل٨٣ ــ ٨٦

ـ ژماره ١٦ پایزی ١٩٨٩، چه‌ند نامه‌یه‌کی کراوه، چیرۆک ل١٢٥ ـ ١٣٨

ـ ژماره ١٧خولی دووه‌م پایزی ١٩٩٠، نۆما، چیرۆک ل١٥٠ ــ ١٥٣

ـ ژماره ١٥ ساڵی ١٩٨٩، شای شه‌هیدان، شیعر، ل١١١ـ ١١٩

ـ ژماره ١٤ کانونی یه‌که‌می ١٩٨٨، شوانکاره‌ی خه‌م، شیعر، ل٤٤ ـ ٤٦

* نه‌وزاد ڕه‌فعه‌ت

ـ ژماره ٥ ئابی ١٩٨٢، کورته‌باسێک ده‌رباره‌ی نووسه‌ر و ئه‌زمون، لێکۆڵینه‌وه ل٤٠ ـ ٤٣

* نه‌که‌ڕۆز(ڕه‌حیمی لوقمانی)

ـ ژماره ٩ کانونی یه‌که‌می ١٩٨٤، ئاگره سووره ، شیعر ل١٢٣

* نامۆ( )

ـ ژماره ١٢ مایسی ١٩٨٦، مردنی ده‌نگ وڕه‌نگ، شیعر ل١٣٥ـ ١٣٦

* ناصر، ئاراس ( )

ـ ژماره ١٧ خولی دووه‌م پایزی ١٩٩٠، په‌تی سێداره، شیعر ل ١٠٨

(ھ)

* هه‌ڤاڵ کوێستانی(عومه‌رحاجی خدرحسێن)

ـ ژماره ١ ئایاری ١٩٨١، دوو چیرۆک بۆ منداڵان، چیرۆک ل٦٠ ـ٦٣

ـ ژماره٢ سه‌رماوه‌زی ٢٦٨١ی کوردی، به‌رده‌باز، چیرۆک ل٧٨ ـ ٨٦

ـ ژماره ٤ ئایاری ١٩٨٢، دوو پارچه هۆنراوه، شیعر ل٥٢ ـ ٥٣

ـ ژماره ٩ کانونی یه‌که‌می ١٩٨٤ تایبه‌ت به‌شیعر، بڕیارێکی دره‌نگ وه‌خت، شیعر ل٦١ ـ ٦٥

ـ ژماره ١٦ پایزی ١٩٨٩، ئێستای شیعر و چه‌ند مه‌سه‌له‌یه‌کی شیعری، لێکۆڵینه‌وه، ل ٣٤ ـ ٥٧

هه‌واڵنامه‌ی گێژ

* هاشم کۆچانی

ـ ژمارە ١ئابی ١٩٨١ نامەیەکی کراوە، لێکۆڵینەوە ل٧٥ ـ ٧٨

ـ ژمارە٢ سەرماوەزی ٢٦٨١ ی کوردی، چیرۆکەکانی ژمارە یەک و چەند سەرنجێکی خێرا، ڕەخنە ل١٢ ـ ٢٤

ـ ژمارە ٥ ئابی ١٩٨٢، ژەنراڵ و حەقیقەت، شیعر، ل ٥٢ ـ ٥٦

* هێژا(حەمەکەریم عارف)

ـ ژمارە ٦ شوباتی ١٩٨٣، سوکە پێشەکیەک دەربارەی ئەفسانەی کۆن، صمەدی بەهرەنگی، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە ل١٧ ـ ٣٢

* هەڵگورد (دکتۆر نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد)

ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤تایبەت بە شیعر، بۆ هاوڕێیەکی فەلەستینی، شیعر ل٣١ ـ٢٣

* هەڵوێست (دکتۆر ئاراس عزیز عەبدوڵڵا)

ـ ژمارە ٩ کانونی یەکەمی ١٩٨٤ تایبەت بە شیعر، دڵی تۆیە وا ئەسوتێ، شیعر ل ٨١ ـ ٨٢

* هیوا (دکتۆر، ڕەئووف عوسمان)

ـ ژمارە ١٠ تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، چیرۆکی کارگە، لەڕوانگەی ئەدەبی بەرگرییەوە، ڕەخنە ل ٧ ـ ٢٢

* هیوا (سەرکەوت محەمەد زەکی)

ـ ژمارە ١٦ پایزی ١٩٨٩، چەند دیمەنێک، شیعرل ١٨٨ ـ ١٩١

* هۆشەنگ ( )

ـ ژمارە ١٨ زستان، ژمارە ١٦ پایزی ١٩٨٩ـ١٩٩١، بۆکوژانەوەم..چەند سەدەیەکی بێدەنگی چیرۆک ل٨٦ ـ ٨٨

(و)

* وسو (حسێن عارف)

ـ ژ ١٩٨٣ماره ٦ شوباتی، زەربەیەکی تر، چیرۆک ل٣٣ ـ٤٠

ـ ژمارە ٥ ئابی ١٩٨٢، ئەگەڕێمەوە.... ئەبینرێمەوە، چیرۆک ل ٧٩ ـ ٨٤

پێرست بەپێی ناونیشانی بابەتەکان

ئ

- ئەدەب و ئەدیبی شۆڕشگێڕ، لێکۆڵینەوە، ئاسۆ (کاکەمەم بۆتانی)، ژمارە ١١، شوباتی ١٩٨٦، ل ٧١ـ١٠٧.
- ئەرکی ئەمڕۆی ئەدیبانی کورد، ئەحمەد بەحری، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، لێکۆڵینەوە، ل ٣٠ـ٣٣.
- ئیدی بۆ کوێ بچین، پاوان عەبدولموجود، ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، چیرۆک، ل ١٠٣-١١٦.
- ئاستەنگی ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا، حیکمەت محەمەد کەریم (مەلا بەختیار)، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، لێکۆڵینەوە، ل ٢٠ـ٢٩.
- ئاوارەیی، ڕێکار ئەحمەد، ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، چیرۆک، ل ٨٩-٩٣.
- ئەمینی ئەودالّ، حاجی جوندی، س.ع.ص ()، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە، ل ٢٢- ٢٥.
- ئینجانە، شێرکۆ بێکەس، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، شیعر، ل ١٠٥ـ١٠٧.
- ئەو ڕووبارە، کاکە لاس ()، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، شیعر، ل ٥٦-٥٨.
- ئەشێ دەستبەرداری ڕیالیزمی سۆسیالیست بین، محەمەد حەمە باقی، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٨٩، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە، ل ٦٦ـ٧٩.
- ئەدەبیاتی ئەم سەردەمەی ئەمریکای لاتین، سەرنجێکی گشتی، مەریوان فتاح، ژمارە ١٥، ١٩٨٩، پیت ماکنسین، لە فارسییەوە، لێکۆڵینەوە، وەرگێڕان، ل ١٦-٢٦.
- ئەی تۆف-دەوازم لێبێنە، مارف عومەر گوڵ، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، شیعر، ل ١٠٨-١٠٩
- ئەگەڕێمەوە... ئەبینڕێمەوە، وسو (حسێن عارف)، ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، چیرۆک، ل ٧٩-٨٤.

هەوالنامەی کتێب

- ئێستای شیعر و چەند مەسەلەیەکی شیعری (هەڤاڵ کوێستانی)، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، لێکۆڵینەوە، ل ٣٤- ٥٧.
- ئەم خانووەی کەوتۆتە سەرەوەی هەور، ساندرۆ بریسۆنی، کاکەباس (عەباس شێخ محەمەد حسێن -حاجی مەمۆ- کاکەباس)، ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢، وەرگێڕان، شانۆ ل ٧٩-٩٥.

پ

- بەختەوەری، ئازاد ئەحمەد، ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، فازل عەزاوی، وەرگێڕان، چیرۆک، ل ٧٧-٧٨.
- بەسەرهاتی (مۆمی)، لە گۆرانییەکی فۆلکلۆریدا، ئاریێز عەبدوڵڵا، ژمارە ١٨، پایزی ١٩٩١، شیعر، ل ١٢٧-١٣٠.
- بریاش چروی، وەرگێڕان، ئەبووبەکر خوشناو، ژمارە ١٨، پایزی ١٩٩١، شیعر، ل ١٧-٢٦.
- بەرەو زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردی، پەروێز جیهانی، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، لێکۆڵینەوە، ل ١٥-١٩.
- بانگ، جوامێر (شێرکۆ بێکەس)، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٤٨-٥٥.
- بەهەشتی، حسێن سنجاری، ژمارە ٨، تەموزی ١٩٨٣، تایبەت بە چیرۆک، چیرۆک، ل ١٦٠-١٦٣.
- باژێڕی من، خلیل دهۆکی، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٦ -٧.
- بەرەو لێکدانەوەی فۆلکلۆری کوردی، خالید جووتیار، ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، لێکۆڵینەوە، ل٢١- ٢٤.
- بەرەو لێکدانەوەی فۆلکلۆری کوردی، خالید جووتیار، ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، لێکۆڵینەوە، ل ١٣-١٦.
- بەرات، فەخرەدین محێدین ـ ئەدیب نادر، ژمارە ٨، تەموزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، چیرۆک، ل ١٠٨-١١٣.
- بەڵێن، رێژین ()، ژمارە ٨، تەموزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، چیرۆک، ل ٥٨-٦٨.
- بەتیارەی ئازادی، سابیر (سابیر سدیق)، ژمارە ١٣، مارتی ١٩٨٧، شیعر، ل ١٠٦-١١٠.

- بڕوخێ زۆرداری بژی ئازادی، سەید ئەحمەد (سەید ئەحمەد حەمەلاو)، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، چیرۆک، ل ١٢٢ـ ١٢٩
- بالّا، شێرکۆ بێکەس، ژمارە ١٥، ١٩٨٩، شیعر، ل ١٢٠-١٢٥.
- بەیداخی سەرکەوتن یان بەیداخی نەمری، ع. ن. پ ()، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، لێکۆڵینەوە، ل ٣٦-٤٣.
- بەند لە شیعری، نا نەتناسیوم، کاکە (سلیمان قائیمیانی)، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ١١١-١١٥.
- بۆسە، محەمەد موکری، ژمارە ٨، تەموزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، بۆسە، چیرۆک، ل ١٦٤-١٩٢.
- بۆچوونی دەستەویەخە، نالە (ناسر حەفید)، ژمارە ٢، سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی، ڕەخنە، ل ١٠٥-١٢٣.
- بەردەباز، هەڤاڵ کوێستانی، ژمارە ٢، سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی، چیرۆک، ل ٧٨ـ٨٦.
- بڕیارێکی درەنگوەخت، هەڤاڵ کوێستانی، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٦١-٦٥.
- بۆ هاوڕێیەکی فەلەستینی، هەڵگورد (دکتۆر نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد)، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٣١-٢٣.
- بۆ کوژانەوەم... چەند سەدەیەکی بێدەنگی، هۆشەنگ ()، ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، چیرۆک، ل ٨٦ -٨٨.
- بۆ برایان نووسەرانی کوردستان، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، ل ١٠٤-١٠٥.
- بازنەی گەمارۆ، ڕاوەندی ()، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، چیرۆک، ل ١٣٦-١٤١.
- بەیانی خیتامی، ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، ل ١٠٤ـ-١٠٨.
- بۆ فرمێسکی سوورو سپی، ئەنوەر مەسیفی ژمارە ٧، ١٩٨٣، شیعر، ل ٧٥-٧٦
- بانگەواز، ڕووناکبیران و نووسەرانی عەرەب و سوریایی و جیهانی کوشتارکاری صدام تاوانبار ئەکەن لە کوردستانی عێراق، ژمارە ١٥، ١٩٨٩، ل ٩-١٥.

هەوڵدەمەی کتێب

ت

- تفێک، ج، ڕەوەز ( )، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، چیرۆک، ل٦٤-٦٨.
- تفەنگ، جەوهەر کرمانج، ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، شیعر، ل ١٠٣-١٠٥.
- تلیاک، حەکیم مەلا سالّح، ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، چیرۆک، ل ٩٤-١٠٢.
- تیۆری ڕەنگدانەوەو داهێنان، سیامەند مامیر (سیامەند مامیر شاسواری)، ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢، لێکۆلّینەوە، ل ١٩-٢٨.
- تروسکەیەک لە ئەدەبی بەرگری، سەرهەنگ حەمدی، ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، لێکۆلّینەوە، ل ٢٣-٤٢.
- تێبینییەک لەسەر شیعرەکەی هێمن، سەلّاح موکریانی، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، ڕەخنە، ل ١٦٤-١٦٥.
- تیشک، فەرید زامدار، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، شیعر، ل ٥٩.
- تەنیایی، کامەران قازی، ژمارە ١٣، مارتی ١٩٨٧، شیعر، ل ١١٩.
- تاهیربەگی جاف و مامۆستا هێمن، ب، ولّات (جەوهەر کرمانج)، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، لێکۆلّینەوە، ل ١٧٤ـ-١٧٩.

پ

- پرۆستڕۆیکاو دواڕۆژێکی ڕووناک، ئەرسەلان بایز، لێکۆلّینەوە، وەرگێڕان، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، ل٦٠-٦٥.
- پەیمان، جەوهەر کرمانج، ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، شیعر، ل ٥٢-٥٦.
- پشکۆ، جەوهەر کرمانج، ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، شیعر، ل ٨٥ -٨٨.
- پانوراماى شیعر، جەوهەر کرمانج، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، شیعر، ل ٤٩ -٥٢.
- پێم وایە کاک کەریمی حسامی باش بۆی چووە، جەلال تالّەبانی(جەلال حیسامەدین)، ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢، لێکۆلّینەوە، ل ١٤-١٨.
- پێنج چەپک گڕی سوور لە ئاگردانێکی گەرمیان، دەرسیم ()، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٢٧.
- پێنج هۆنراوە، ڕەفیق سابیر، ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢، شیعر، ل ٤١-٥١.
- پێداگرتن، ڕێبوار (ڕەئووف بێگەرد)، ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، چیرۆک، ل ٩٠-٩٩.

- پرسەی ئامانج، ژاڵە (مەهاباد قەرەداغی)، ژمارە ١٣، مارتی ١٩٨٧، شیعر، ل ١١١-١١٢.
- پێڕووم خوێندەوە، سەلام محەمەد، ژمارە ١، ئابی ١٩٨١، ڕەخنە، ل ١٤ـ-٢٨.
- پاکانە، مظفر النواب، سەیران (دڵشاد محەمەد ئەمین، دڵشاد مەریوانی)، ژمارە ٢، سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی، وەرگێڕان، شیعر، ل ٥٧-٦٤.
- پەیکەر، ف. ئەسەسەرد (فەرید ئەسەسەرد)، ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢، چیرۆک، ل ٥٧-٦٥.
- پیرەدار، ڕێبوار (موسلیح شێخ ئەلئیسلامی)، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، شیعر، ل ١١٠ـ-١١١.
- پەنگەر، ئەحمەد کەریم (ئەحمەد عارف)، ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، شیعر، ل ١٢٤-١٣١.
- پێنج ژمارەی نووسەری کوردستان، فەرهاد پیرباڵ، ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، لێکۆڵینەوە، ل ٥-٢٢.
- پەتی سێدارە، ناصر، ئاراس ()، ژمارە ١٧، خولی دووەم، پایزی ١٩٩٠، شیعر، ل ١٠٨.
- پڕۆژەی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، ژمارە ١، ئابی ١٩٨١، ئەم پڕۆژەیە یەکێتیی نووسەرانی کوردستان گەڵاڵەی کردووە، شێنێ، تەموزی ١٩٨١، ل ٧٩ـ-٨٣.
- پێشەکی، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، ل ١.
- پەیامی نووسەر، نۆ ساڵ خەبات و بەرهەم، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، ل٣-٧.
- پرسەنامە، خاتوو ئیلینا زاخاڕۆف، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، ل ٢٠٦-٢٠٧.

هەوالنامەی کێبڕکێ

چ

- جاش پەیژەی مێژوو، بەندە باوەنور ()، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، چیرۆک، ل ٧٥ـ-٧٨.
- جودایی، سیامەند شێخ ئاغایی، ژمارە ١٣، مارتی ١٩٨٧، پەخشان، ل ١٢٠ـ-١٢٩.
- جیابوونەوە، م. زریان (سەلاح عومەر)، ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، چیرۆک، ل ٨٥-٩٠.
- جەلیلی جەلیل، مارف عومەر گوڵ (دکتۆر)، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، لێکۆڵینەوە، ل ٨٥ -٨٩.
- جگەرخوێن دەدوێ، لە گۆڤاری ڕۆژهەڵاتەوە وەرگیراوە، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، گفتوگۆ، ل ١٦-٢٠.

ح

- حەوتەوانەی عەشقی پیرۆز، حەمەکەریم عارف، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، چیرۆک، ل ٦٠-٦٧.

خ

- خەباتا کوردزانی بی گاڤێن مەزنداڤێژە، پرۆفیسۆر شاکرخدۆ، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، لێکۆڵینەوە، ل ٥٨-٦٥.
- خەمنامە، دکتۆر شێرکۆ(شێرکۆ عەبدوڵڵا ڕەشید)،ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، شیعر، ل ١٠٠.
- خەوەبەردینە، شیعری سوارە، سەلاحەدینی موهتەدی، ژمارە ١، ئابی ١٩٨١، شیعر و لێکۆڵینەوە، ل ٣٩-٤٤.
- خەباتی ڕاست و چەپ، لێکۆڵینەوە، فەرەیدون عەبدولقادر، ژمارە ٢، سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی، ل ٦٥-٦٩.
- خاک، محەمەد حەمە باقی، ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، شیعر، ل ١٠٧-١١٣.
- خۆڵباران، مەریوان وریا قانع، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، شیعر، ل ٨-١٣.
- خەسرەوی گوڵسورخی، دڵزار (ئەحمەد دڵزاری شاعیر)، ژمارە ٢، سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە، ل ٣٤-٣٩.

چ

- چاڵ، ئەنیس نزار ()، ژمارە ١٥، ١٩٨٩، چیرۆک، ل ٦٩-٨٣.
- چی بنووسین و چۆن بنووسین، ب، وڵات (جەوهەر کرمانج)، ژمارە ١٥، ١٩٨٩، وتار، ل ٢٧-٣٩.
- چەند تابلۆیەک، توفیق ئیبراهیمی (ڕەنجدەر)،ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، شیعر، ل١٠١-١٠٢.
- چیرۆک، حەمەکەریم عارف، ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، چیرۆک، ل ٢٧-٣٧.
- چەند سەرەتایەکی زمانەوانی، دکتۆر کەمال فواد، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، لێکۆڵینەوە، ل ٩-١٣.
- چەند شیعرێکی عەباس بەدری، زۆزان ()، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، وەرگێڕان، شیعر، ل ٩٤-٩٥.
- چەند هۆنراوەیەکی ئاگراوی، ڕێبوار جاف ()، ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، شیعر، ل ٦٢-٦٥.

- چەک و کاروان، سەپان ()، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٢٤-٢٦.
- چالاکییەکی نەبەردانە، ئاش داخ، ش (عەبدوڵڵا سەڕاج)، ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، وەرگێڕان، چیرۆک، ل ٦٧-٧٥.
- چاوپێکەوتنی ئەدەبی، شێرکۆ بێکەس، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، شیعر، ل ٩٠-٩٣.
- چلەکێش، شێخ محەمەد بالەک، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، شیعر، ل ١٠٥-١٠٦.
- چیرۆکی مەرگی هەڵۆی سوور، عەزیز کەیخوسرەوی، ژمارە ١٧، خولی دووەم، پایزی ١٩٩٠، شیعر، ل ١٠٣.
- چەند سەرنجێکی ڕەخنەگرانە لە چیرۆکی شێتە، فەرهاد (ڕەئووف بێگەرد)، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، ڕەخنە، ل ٨٦ -٩٢.
- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ نازم حیکمەتدا، شاردۆ بزینسکی، کۆسرەت (هەڤاڵ کوێستانی)، ژمارە ١، ئابی ١٩٨١، وەرگێڕان، چاوپێکەوتن، ل ٩-١٣.
- چیرۆکەکانی ژمارەی پێشووم خوێندەوە، کاکەباس (عەباس محەمەد حەسێن حاجی مەمۆ)، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، لێکۆڵینەوە و ڕەخنە، ل ٩٣-٩٨.
- چەند نامەیەکی کراوە، نەجیبە ئەحمەد، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، چیرۆک، ل ١٢٥-١٣٨.
- چیرۆکەکانی ژمارە یەک و چەند سەرنجێکی خێرا، هاشم کۆچانی، ژمارە ٢، سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی، ڕەخنە، ل ١٢-٢٤.
- چیرۆکی کارگە لە ڕوانگەی ئەدەبی بەرگرییەوە، هیوا (دکتۆر ڕەئووف عوسمان)، ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، ڕەخنە، ل ٧ـ-٢٢.
- چەند دیمەنێک، هیوا (سەرکەوت محەمەد زەکی)، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، شیعر، ل ١٨٨-١٩١.

د

- دایک، مەکسیم گۆرکی، بورهان قانع، ژمارە ٢، سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی، وەرگێڕان، چیرۆک، ل ٧٠-٧٧.
- دەنگی ئارام، بلێسە (محەمەد حسێن هەڵەبجەیی)، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٤٤-٤٧.
- داو، جەوهەر کرمانج، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٣٠- ٣٦.

- دیداریک لەگەڵ ئەدیبی کوردی سۆڤێتیدا، ڕۆشنبیر لە ژێر سایەی دیموکراسیدا نەبێ گەشە ناکات، حاجی جوندی، دڵزار (ئەحمەد دڵزاری شاعیر)، ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە، ل ٤-١٣.
- دیوارب گوهن، دلۆڤان ( )، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٣٧-٣٩.
- دەسەڵات، دلاوەر مەحمود (مارف عومەر گوڵ)، ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، شیعر، ل ٩٨.
- دەربارەی پێکهێنانی یەکێتییەک بۆ نووسەرانی هەموو کوردستان، ڕەفیق سابیر، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، لێکۆڵینەوە، ل ١٦-٢٠.
- درەختی پیرۆز، ڕێبوار (ڕەئووف بێگەرد)، ژمارە ٨، تەموزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، چیرۆک، ل ٢٦-٣٧.
- دۆزەخ، ڕێبین ئەحمەد هەردی، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، چیرۆک، ل ٨٤-٩٠.
- دالّدە، زەردەشت ()، ژمارە ١١ شوباتی ١٩٨٦، چیرۆک، ل ٥٠ -٧٠.
- دوا وروژان، ژوان (نەجیبە ئەحمەد)، ژمارە ١١، شوباتی ١٩٨٦، چیرۆک، ل ٤٥-٤٩.
- دوو هۆنراوە، سامی شۆڕش، ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، شیعر، ل ٦٩-٧١.
- دوا چیرۆک، سیروان (عەبدوڵڵا کەریم مەحموود)، ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، شیعر، ل ١٣٧-١٣٨.
- دوا سنەوبەر، سابیر (سابیر سدیق)، ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، شیعر، ل ١٣٢-١٣٦.
- دڵەتەپێیی وجودیەت، سیروس بەرهەم، ص. سوارۆ ()، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، چیرۆک، وەرگێڕان، ل ٢٥-٣٦.
- دووکەڵ، شێرۆ (شێرزاد حەسەن)، ژمارە ٨، تەموزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، چیرۆک، ل ٨٥ -٩٤.

دەرویش برایم لە بێشکەی سزادا، عەلی خالید حەمید (کاکە مەم بۆتانی)، ژمارە ٨، تەموزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، چیرۆک، ل ٨- ١٩.

- دیوی دووەم لە کاسێتی هەنگاو و مێژوو، عوسمان شەیدا، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٢-٥.
- دایک، عەبدوڵڵا عەبدولکەریم، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، چیرۆک، ل ٩١-٩٥.

- دوو پارچەشیعر، فەرهاد پیربالّ، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، شیعر، ل ٩٨.
- دایکە کێوی، گی. دی. مۆپاسان، وەرگێڕان، فازیل قەساب، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، چیرۆک، ل ١٥١ـ-١٥٦.
- دیدارێک لەگەڵ دڵداری شاعیردا، محەمەد ڕەنجاو، ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، لێکۆڵینەوە، ل ٣-١٢.
- دوو هۆنراوە، م. بریندار ()، ژمارە ١٧، خولی دووەم، پایزی ١٩٩٠، شیعر، ل ١٠٤.
- دوو چیرۆک بۆ منداڵان، هەڤاڵ کوێستانی، ژمارە ١، ئایاری ١٩٨١، چیرۆک، ل ٦٠-٦٣.
- دوو پارچە هۆنراوە، هەڤاڵ کوێستانی ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢، شیعر، ل ٥٢-٥٣.
- دڵی تۆیە وا ئەسوتێ، هەڵوێست (دکتور ئاراس عەزیز)، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٨١ ـ-٨٢.
- دەربارەی هونەر بۆ هونەر، مستەفا غەفور، ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، وەرگێڕان، ل٥-١٦.

ڕ

- ڕێژنە، ئەحمەد کەریم (ئەحمەد عارف)، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، شیعر، ل ٥٣-٥٥.
- ڕازەکانم دەدرکێنم، ئەرسەلان بایز، ژمارە ١٨، پایزی ١٩٩١، چیرۆک، ل ٧٨-٨٢.
- ڕەگی بەرەنگاری لە شیعری کوردیدا، ب، وڵات (جەوهەر کرمانج)، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، لێکۆڵینەوە، ل ٤٣ـ-٥٩.
- ڕەڤ، تێلی ئەمین، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ١٤-١٥.
- ڕێبوار، جەلال مەلەکشا، ژمارە ١٧ پایزی ١٩٩٠، شیعر، ل ١٠٧.
- ڕەبەنوک، جوڵا ( )، ژمارە ٨، تەمووزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، چیرۆک، ل ٥٠-٥٧.
- ڕێبوارەکان، حەمەتاڵ (حەمە نووری تۆفیق)، ژمارە ٨، تەمووزی ١٩٨٣، تایبەت بە چیرۆک، چیرۆک، ل ٦٩- ٨٤.
- ڕیالیزمی سۆشیالیزم و بەهرەی ئازادی، حیکمەت محەمەد کەریم (مەلا بەختیار)، ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١ لێکۆڵینەوە، ل ٣٢-٣٧.
- ڕیالیزمی شۆڕشگێڕ لە نێوان دۆگم و ئازادیدا، خالید ئەسعەد(مەلا بەختیار)، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، لێکۆڵینەوە، ل ٢٦-٣٣.
- ڕۆژنامەی کوردستان، دکتۆر کەمال فواد، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، لێکۆڵینەوە، ل ٣-١٥.

هەوالنامەی کێبڕکێ

- ڕۆژانی ئەستێرەیەکی چیایی، ڕەنو ()، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٥٦-٥٨.
- ڕەشۆ، م. ش (عەبدوڵڵا سەراج)، ژمارە ٨، تەموزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، چیرۆک، ل ٢٠-٢٥.
- رابطة الكتاب والصحفيين والفنانيين الديموقراطيين العراقيين، منظمت انصار، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢- ل١١٢-١١٤
- ڕوونکردنەوەیەک، دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، ل ١٣٩.

ز

- زمانی کوردی لە (یەکێتیی فقە اللغە ایران)دا، ئەحمەد شریفی، ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، لێکۆڵینەوە، ل ٢٣- ٣١.
- زەردەخەنەی خەبات، پەیمان ()، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٦٦-٦٩.
- زوڵمئاوا، عەلی ئەشرەف دەرویشیان، کاوە (دکتۆر ڕەفیق سابیر)، ژمارە ١، ئابی ١٩٨١، وەرگێڕان، چیرۆک، ل ٦٨-٧٨.
- زاوا، محەمەد حەمە باقی، ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، شیعر، ل ٩٢-١٠٣.
- زەربەیەکی تر، وسو (حسێن عارف)، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، چیرۆک، ل ٣٣-٤٠.
- زینانە، مەغدید مەولود (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)، ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، چیرۆک، ل ٦٢-٦٦.

ژ

- ژبیر ناکەم، ئەحمەد قەرەنی، ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، شیعر، ل ٥٧-٦٠.
ژەنراڵ و حەقیقەت، هاشم کۆچانی، ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، شیعر، ل ٥٢-٥٦.

س

- سەرنجێک دەربارەی چیرۆکی شیلانە، ئاشتی (ئاشتی ئیبراهیم ئەفەندی)، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، ڕەخنە، ل ٩٩-١٠٢.
- سەگی بەرەڵا، سادقی هیدایەت، شەماڵ (شەماڵ حەویزی)، ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢، وەرگێڕان، چیرۆک، ل ٧٠- ٧٨.

- سێ چەپک خەم لە خەمەکانی ئەمشەوم، شوان کابان (شوان کەریم کابان)، ژمارە ١٣، مارتی ١٩٨٧، شیعر ١١٦-١١٨.
- سیناریۆ، عەباس عەبدولڕەزاق، ژمارە ١٧، خولی دووەم، پایزی ١٩٩٠، چیرۆک، ل ١٤٢-١٤٩.
- سێ چریکەی هەتیو، عەبدوڵڵا قەرەداغی، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، شیعر، ل ٦٠.
- سوتوو، فەرهاد ڕەسوڵ (فەرهاد مەلا ڕەسوڵ)، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، چیرۆک، ل ٧٩-٨٣
- سێ شیعری کافانی، کارزان. ف ()، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، وەرگێڕان، شیعر، ل ٨٨ -٩٠.
- سێ شیعری نیرۆدا، وەرگێڕان، کارزان ()، ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، شیعر، ل ٦٩-٧٦.
- سنووری بەخشین، گیابەند (جەزا عەلی ئەمین)، ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، شیعر، ل ١١٣-١١٥.
- سەرەتایەکی کورت لە مێژووی ئەدەب، محەمەد ڕەنجاو، ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، لێکۆڵینەوە، ل ٣٥-٣٩.
- سروودی سەرکەوتن، چیمەن کاوێس، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، شیعر، ل ٩٦ـ٩٧.
- سەرنجێک و هەڵوێستەیەک لەسەر شیعرەکەی هێمن، مەحمود شکاک نەژاد، ژمارە ١٧، خولی دووەم، پایزی ١٩٩٠، ڕەخنە، ل ١٦٦-١٦٨.
- سەدا، نەجیبە ئەحمەد، ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢، شیعر، ل ٥٤ـ٥٦.
- سووکە پێشەکییەک دەربارەی ئەفسانەی کۆن، صەمەدی بەهرەنگی هێژا (حەمەکەریم عارف)، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە، ل ١٧ـ٣٢.
سوتان لەبەر باراندا، ڕەفیق سابیر، ژمارە ١، ئابی ١٩٨١، شیعر، ل ٤٠ـ٤٥.
سروودی خاک، ڕەفیق سابیر، ژمارە ١٥، شیعر، تایبەت بە تۆماری هەڵەبجە، شیعر، ل ٨٤ ١٠١.
- ساز، ڕەحیمی لوقمانی، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، شیعر، ل ٩٩.
- سنوور، ڕێبوار (موسلیح شێخ ئەلئیسلامی)، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ١١٦-١٢٢.
- سڵاو بۆ گیانی بارزان عوسمانی شەهید، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، ل ٣.
- سەروتار، (ڕەئووف بێگەرد) نووسیویەتی، ژمارە ٨، تەموزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، ل ١-٧.
- سەید کامیل ئیمامی، زەمبیلی ئاوات، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، ل٢٠٠-٢٠٢.

هەولێری کتێب

ش

- شەوێکی جیا لە هەموو شەوانی تر، ڕەهێڵە ()، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، شیعر، ل ٨.
- شارێ، ژوان (محەمەدی حەمە باقی)، ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، چیرۆک، ل ٩٢-١٠٦.
- شاملو شیعری نوێی فارسی، سیامەند مامیر (سیامەند مامیر شاسواری)، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، لێکۆڵینەوە، ل٢١-٤٤.
- شەیپور، سابیر(سابیر سدیق)، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، شیعر، ل ٥٦- ٥٩
- شایی شەهید، شێرکۆ بێکەس، ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، شیعر، ل ١١٤-١٢٣.
- شاعیر... ناخی وەک سەماوەرەکەی قوڵپ دەدات، گوندی ()، ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، چیرۆک، ل ٨٣ -٨٥.
- شاعیر و شەهید، محەمەد حەمە باقی، ژمارە ١، ئابی ١٩٨١، لێکۆڵینەوە، ل ٤-٨.
- شیعرەکانی ژمارەی پێشووم خوێندەوە، محەمەد حەمە باقی، ژمارە ٢، سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی، ڕەخنە، ل ٩١-١٠٤.
- شیعر لە نێوان نالی و کوردیدا، محەمەد حەمە باقی، ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢، لێکۆڵینەوە، ل٢٩-٤٠.
- شاعیر، محەمەد حەمە باقی، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٧٠-٧٥.
- شیلانە، نالە (ناسر حەفید)، ژمارە ١، ئابی ١٩٨١، چیرۆک، ل ٥١-٥٩.
- شای شەهیدان، نەجیبە ئەحمەد، ژمارە ١٥، ١٩٨٩، شیعر، ل ١١١-١١٩.
- شوانکارەی خەم، نەجیبە ئەحمەد، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، شیعر، ل٤٤-٤٦.
- شێتە، دڵشاد عومەر کاکی، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، چیرۆک، ل ٧٨-٨٥.
- شۆڕشگێڕ و هۆزانڤانی کورد، کەمال بورقای، خلیل دهۆکی، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە، ل ٥-١٦.
- شەڤەکە پیزی، باقی نوری، ژبەرهەڤ کردنا، خلیل دهۆکی، ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، چیرۆک، ل ٢-٢٦.
- (...)، جەلالی میرزا کەریم، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، شیعر، ل ٤١-٤٢.

ع

- عاشقی چیا، ڕەحیم عەزیز، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، شیعر، ل ١٠٣-١٠٥.
- عاشقی ئەو، سامی شۆڕش، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، وەرگێڕان، چیرۆک، ل ٧٩-٨٧.
- عکس، عەزیز ئالّی ()، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، شیعر، ل ١٨٥-١٨٧.
- عەلی ڕەزا بەدەل، شاعیری شۆڕشگێڕی ئازربایجانی، مەحەمەد مورتەزایی، ژمارە ١٧، خولی دووەم، پایزی ١٩٩٠، لێکۆڵینەوە، ل ٨٠ -٨٤.

ف

- فەرهاد، برادۆست ()، ژمارە ٨، تەموزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، چیرۆک، ل ١٣٢-١٤٢.

ڤ

- ڤینەک بی هێڤی، بێریڤان(بێریڤان دۆسکی)، ژمارە ١٦ پایزی ١٩٨٩، شیعر، ل ١٨١-١٨٣

ق

- قاچاخچی، بکر یلّدیز، حەمەکەریم عارف، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، چیرۆک، وەرگێڕان، ل ٣-٢٤.
- قفلّ، ڕێبوار (ڕەئووف بێگەرد)، ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢، چیرۆک، ل ٦٦-٦٩.
- قوتابخانەکەمان چیی بەسەر هات، کاکەباس (عەباس محەمەد حەسەن حاجی مەمۆ)، ژمارە ١، ئابی ١٩٨١، چیرۆک، ل ٦٤-٦٧.

ک

- کوڕی چیا، بەشدار ()، ژمارە ٨، تەموزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، چیرۆک، ل ٩٥-١٠٠.
- کەلّ، جوامێر (شێرکۆ بێکەس)، ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، شیعر، ل ٨١ -٨٤.
- کۆچی زاوایەکی نامۆ، جەوهەر کرمانج، ژمارە ٥، ئابی ١٩٨١، شیعر، ل ٤٦-٥١.
- کۆچ، حەمەکەریم عارف، ژمارە ١٣ مارتی ١٩٨٧، چیرۆک، ل ٨٧-١٠٢.
- کاتێ شارە زەردەوالّە ئەوروژێ، حەمەسەعید حەسەن، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٥٩-٦٠.

هاوڵنامەی کتێب

- کەمین بۆ دزەکانی دارستان، خەسرەوی نامۆ ()، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٩٦-٩٩.
- کورتەیەک لە مەڕ کۆچی سور، ئەبوشەهاب، خ. عەبدولکەریم (خەبات عەبدولکەریم)، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە، ل ٢٧-٣٥.
- کارگە، ڕێبوار عەبدوڵڵا ئەحمەد (ڕەئووف بێگەرد)، ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، چیرۆک، ل ٤٣-٥٤.
- کۆست، ژیلا (ژیلا حوسێنی)، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، شیعر، ل ١٨٤.
- کارەساتی هونەری ئەمڕۆ لەمەڕ هونەرمەند و ڕووناکبیر، ڕۆژە گارودی، سیامەند مامیر (سیامەند مامیر شاسواری)، ژمارە ٢، سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە، ل ٢٥-٣٣.
- کاتی شیعر... شەماڵ (شەماڵ حەوێزی)، ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، شیعر، ل ١٢١ـ-١٢٦.
- کەپکەبرین، عەبدولکەریم دەشتی، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٤٠-٤٣.
-کوچەی مەرگ، عەبدولکەریم دەشتی، ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، شیعر، ل ٦٤.
- کاتێک خۆشەویستی ڕەگ دادەکوتێ... فەرهاد ڕەسوڵ (حاکم فەرهاد مەلا ڕەسوڵ)، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، چیرۆک، ل ١٤٦-١٥٠.
- کامەیە سەنگەری جەماوەری سەربەخۆ، فازیل قەساب، ژمارە ١٥، وتار، ل٤٠-٤٩.
- کورەی دڵی باوک، لاوک (مستەفا سالّح کەریم)، ژمارە ٨، تەموزی ١٩٨٤، ژمارەی تایبەت بە چیرۆک، چیرۆک، ل ١٠١-١٠٧.
- کەی دێیتەوە برا گیان، عەلی ئەشرەف دەرویشان، مەحمود خۆشناو، ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، وەرگێڕان، چیرۆک، ل ٤١-٥٤.
- کورتەباسێک دەربارەی نووسەر و ئەزموون، نەوزاد ڕەفعەت، ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢ لێکۆڵینەوە، ل ٤٠-٤٣.
- کۆمەڵەی فریاکەوتن و چەند سەرنجێک، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، ل٢١٠-٢١١.

گ

- گرێکوێرەی بیرێکی زیندوو، ئازاد کانی ساردی، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، چیرۆک، ل ٩٨- ١٠٢.
- گوڵی خۆشەویستی، ئازاد جوندیانی (ئازاد عەبدولوەهاب)، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، چیرۆک، ل ٦١- ٦٩.
- گفتوگۆ لەگەڵ شاعیرێکی ئیلامی، ئا. م. م ()، ژمارە ١٨، پایزی ١٩٩١، ئیلامی، لێکۆڵینەوە، ل ١١٧ـ١٢٠.
- گرنگیی ئیلتیزام لە قۆناغی خەباتی ئێستاماندا، بەختیار (حیکمت محەمەد کەریم)، ژمارە ٢، سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی، لێکۆڵینەوە، ل٣ـ١١.
- گوێم لێ بوو ژوورەکەم پێناسەی خۆی کرد، چیا گەرمیانی ()، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ١٦ـ٢٠.
- گەشتی چۆلەکە، سەعدوڵڵا پەرۆش، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، چیرۆک، ل ٩١ـ٩٥.
- گوندی وێران، سەعید دێرەشی، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٩٢-٩٥.
- گۆرانی سوتاو، کۆچێکی پایزی، شەهاب عوسمان، ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، شیعر، ل ٥٧ـ٥٩.
- گۆرغەریبێک، فەرهاد سەنگاوی، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، پەخشان، ل ١٩٥.
- گێژەنگ، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، شیعر، ل ٥٣ـ٦٣.
- گورگ، محەمەد حەمە باقی، ژمارە ١٦ پایزی ١٩٨٩، شیعر، ل ١١٢-١٢٣.
- گوڵسورخی، محەمەد موکری، ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە، ل ٤٠-٩١.
- گولیلکە گەشەکان، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، ل ٩٩ـ١٠٥.

ل

- لە بیرەوەرییەکانی عەبە کوێر، ئازاد خانەقینی، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، وەرگێڕان، چیرۆک، ل ١٣٠- ١٣٥.
- لالۆ ڕەسوڵ، ئەحمەد ڕەجەب، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢ چیرۆک، ل٧٣-٧٧.
- لە کۆڵەپشتی، ئەبووبەکر شاخی (ئەبووبەکر محەمەد حاجی قادر)، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، چیرۆک، ل ١٥٧- ١٦٠.

– لە شەوێکدا، جوامێر (شێرکۆ بێکەس)، ژمارە ١، ئابی ١٩٨١، شیعر، ل٤٦ –٥٠.
– لێکدابڕان، حەمەسەعید حەسەن ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، شیعر، ل ٩٦–٩٧.
– لە گورگانەشەوی بەعسا، خورشید فاتح، ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، چیرۆک، ل ٥٥–٦١.
– لە شیعرە بڵاونەکراوەکانی سالم، دکتۆر کەمال فواد، ژمارە ٣، سەرماوەزی ٢٦٨١، لێکۆڵینەوە، ل ٤٠–٥٢.
– لە یادی نەورۆزدا، دڵزار (ئەحمەد دڵزاری شاعیر)، ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، شیعر، ل ٥٩.
– لاپەڕەیەک لە پەیامی زیندانییەک، دلاوەر مەحمود (مارف عومەر گوڵ)، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٨٩–٩١.
– لە یاداشتی پێشمەرگەیەکدا، چیا (ڕەزا سەیدگوڵ بەرزنجی)، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٧٩–٨٠.
– لوتکە، ژوان (نەجیبە ئەحمەد)، ژمارە ١٣، مارتی ١٩٨٧، چیرۆک، ل ٧١–٧٧.
– لە نێوان ژیان و مەرگا، ئارام (ئاسۆس ئەحمەد حەسەن هەردی)، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، چیرۆک، ل ٧٠–٧٢.
– لە کۆمارا گورجستانی، هەڤپەیڤیین لەگەڵ سەروەری تیاترۆیا کوردی لە کۆمارا گورجستانی، شۆڕش زیرەک ()، ژمارە ١٥، ١٩٨٩، هەڤ پەیڤیین، ل٥٠–٥٧.
– لە یادی ڕۆشنبیرێکی نیشتمانپەروەردا، عومەر فاروقی، ژمارە ١٧، خولی دووەم، پایزی ١٩٩٠، لێکۆڵینەوە، ل ١٥٤– ١٥٦.
– لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی ونبوویەکدا، کۆسرەت (هەڤاڵ کوێستانی)، ژمارە ١٣، مارتی ١٩٨٧، چیرۆک، ل ٧٨– ٨٦.
– لەدایکبونێکی تر، فروغ فروغزاد، مەوجود سامان، ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، وەرگێڕان، شیعر، ل ٧٢– ٧٦.
– لێرەولەوێ، نووسەری کوردستان، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، ل ٢٠٨–٢٠٩.
– لە ساڵیادی ڕۆژی لەدایکبوونی «یەکێتیی نووسەرانی کورد»دا، نووسەری کوردستان، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣/ شەهاب عوسمان لەسەر دوابەرگ نووسیویەتی.

م

- مەرگی بییرەوەرییەکان، ئازاد جوندیانی (ئازاد عەبدولوەهاب)، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، چیرۆک، ل ١١٨-١٢٠.
- مەیلی، ئەبووبەکر شاخی (ئەبووبەکر محەمەد حاجی قادر)، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، لێکۆڵینەوە، ل ١٧١-١٧٣.
- میهرناز، سوکی موهتەدی، جەوهەر کرمانج، ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، چیرۆک، ل ٣٨- ٤٠
- مۆتەکە، حکیم مەلا سالّح، ژمارە پایزی ١٩٩٠، چیرۆک، ل ١١٣-١١٧.
- مانگ بۆ نایەت، حسێن پەناهی، حسێن عەبدولقادر، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، وەرگێڕان، شانۆ، ل ٩٦-١٠٢.
- منالّانی شارەکەم دەزانن چی بە دایکیان دەلّێن، ڕۆزا (شیرین.ک ــ شیرین کەمال)، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، چیرۆک، ل ٧٢.
- محەمەد ئەمین بوزئەرسەلان، سەلام زەندی، ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە، ل ٣٨-٥٠.
- مەلا عەبدولڕەحمانی نیعمەتزادە، عومەر فاروقی، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، لێکۆڵینەوە، ل ١٦٧ـ ١٧٠.
- من برتولت بریشتم، محەمەد موکری، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، لێکۆڵینەوە، ل ١٠٣-١١٦.
- منیش هەموویانم خوێندەوە، مەحمود ڕەزا، ژمارە ١٣، مارتی ١٩٨٣، ڕەخنە، ل ٣-٢٤.
- مردنی دەنگ و ڕەنگ، نامۆ ()، ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، شیعر، ل ١٣٥-١٣٦.
- مەحمود دەولّەت ئابادی، نووسەران، شەیدایانی مرۆڤایەتی، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، وەرگێڕان، ل ٨٧-١٠٣.
- مامۆستا شێخ محەمەدی خالّ، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٦، کۆچی نەمران، ل ١٩٧-١٩٩.
- مامۆستا محەمەدی ڕەسولّی شیرازی ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، ل٢٠٠-٢٠٥
- مافپەروەران، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، ل ٢١١-٢١٢.

ن

- نان... ئەلّوەند ()، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، چیرۆک، ل ١٤٣-١٤٥.
- ناسک بەختی من گوزەل، مەحمود دەولّەت ئابادی، ح، مەولاوی (حسین مەولاوی)، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، چیرۆک، وەرگێڕان ل ١٥٧-١٦٥.

هەوالنامەی کتێب

- نۆ بەداری سەهۆسالّی، خلیل دهۆکی، ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، شیعر، ل ٩٠-٩١.
- نامە، فەرهاد عەلی، ژمارە ٨، تەموموزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، چیرۆک، ل ١٤٣-١٤٨
- نامەیەکی کراوە، کەریمی حسامی، ژمارە ٢، سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی، گفتوگۆ، ل ٨٧ - ٩٠.
- نامەیەکی دلّسۆزانە، مارف ئاغایی، ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، پێشنیار، ل ١٣١.
- نووسەری کوردستان لە دیدی خوێنەرانەوە، مەریوان فتاح، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، ڕەخنە، ل ١٤-٣١.
- نۆما، نەجیبە ئەحمەد، ژمارە ١٧، خولی دووەم، پایزی ١٩٩٠، چیرۆک، ل ١٥٠-١٥٣.
- نامەیەکی کراوە، هاشم کۆچانی، ژمارە ١، ئابی ١٩٨١، لێکۆلّینەوە، ل ٧٥-٧٨.
- نامەی ئەدیبان و وتەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، ل ١٠٦-١١١.

هـ

- هەلّەبجە، یەکەم هاتن و دووەم هاتن، جەوهەر کرمانج، ژمـارە ١٥، ١٩٨٩، شیعر، ل ١٠٢-١١٠.
- هەرەس لە تای تەرازووی خوێندنەوەدا، حەمەکەریم عارف، ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، ڕەخنە، ل ٦-٣٩.
- هونەر لە جوغزێکی تەنگدا، ڕێزان (ئاسۆ ئەحمەد)، ژمارە ١٣، مارتی ١٩٨٧، لێکۆلّینەوە، ل ٥٧ - ٧٠.
- هەوێنی بوون، سەباحی غالب، ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، چیرۆک، ل ١٧-٢٠.
- هونەرمەند و نووسەری شۆڕشگێڕی کورد یەلّماز گونەی، شەهاب عوسمان، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، لێکۆلّینەوە، ل ١٠٦-١١٩.
- هەرەسم خوێندەوە، شێرکۆ بێکەس، ژمارە ١١، شوباتی ١٩٨٦، ڕەخنە، ل ٥ -٤٤.
- هەلّۆی ئازادەکە، ع. ز. ڕ، ژمارە ١٧، خولی دووەم، پایزی ١٩٩٠، چیرۆک، ل ١٠٩-١١٢.
- هەلّهاتن، فازل کەریم ئەحمەد (مامۆستا جەعفەر)، ژمارە ٨، تەموموزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، چیرۆک، ل ١١٤-١٣١.
- هەلّەبجە: ئەدەب، هونەر، سیاسەت، محەمەد حەمە باقی، ژمارە ١٥، ١٩٨٩، وتار، ل ١٢٦ـ١٥٠.
- هونەر چییە؟ تولّستۆی، مستەفا غەفور، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، وەرگێڕان، لێکۆلّینەوە، ل ٧٠-٧٨.

- هەر تەنها بەفرە شیوەنت دەکا، مەوجود سامان، ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، شیعر، ل ٥٦ -٥٨.
- هەڵوەستەیەک، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، ل ١٠٠-١٠١.
- هەردیی شاعیر بۆ نووسەری کوردستان دەدوێ، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، ل ٦٧-٨٦.

و

- وتوویژێک لەگەڵ ئایدا، ش-ا ()، ژمارە ١٥، ١٩٨٩، چاوپێکەوتن، ل ٥٨-٦٨.
- وتەی ژمارە، دەستەی نووسەران، ژمارە ١، ئابی ١٩٨١، ل٢-٣.
- وتەی ژمارە، ژمارە ١، سەرماوەزی ٢٦٨١، ل -١-٢.
- وتەی ژمارە، ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢، ل٢-٣.
- وتەی ژمارە، ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، ل ١-٣.
- وتەی ژمارە، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، ل ٣-٤.
- وتەی ژمارە، ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، ل ١.
- وتەیەکی پێویست، ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، ل٤-٦.
- وتەیەک، ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، ل ٧٦-٨٠.
- وتەی ژمارە، ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، ل ٤-٥.
- وتەی ژمارە، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، ل ١-٢.
- وتەی ژمارە، ژمارە ١٥، ١٩٨٩، ل٣-٧.
- وتەی نووسەران، ژمارە ١٨، زستانی ساڵی ١٩٩١، ل٢-٤.

***

چەند وردەوتار و سەروتار و وەرگێڕانێک بە ناوی دەستەی نووسەران و نووسەری کوردستانەوە نووسراون، بەپێی ژمارەکانی نووسەری کوردستان.

١- وتەی ژمارە، ژمارە ١، ئابی ١٩٨١، دەستەی نووسەران، ل٢-٣، پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، ئەم پرۆژەیە یەکێتیی نووسەرانی کوردستان گەڵاڵەی کردووە، شێنێ، تەموزی ١٩٨١، ل ٧٩-٨٣.

٢- ژمارە ١، سەرماوەزی ٢٦٨١، وتەی ژمارە، ل ١-٢.

٣- ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، ل ١-٢، جگەرخوێن دەدوێ، لە گۆڤاری ڕۆژهەڵاتەوە وەرگیراوە، گفتوگۆ، ل ١٦ــ٢٠، نامەی ئەدیبان و وتەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان، ل ١٠٦-١١١، ڕابطة الكتاب والصحفيين والفنانيين الديموقراطيين العراقيين،منظمت انصار، ل ١١٢-١١٤.

٤- ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢، وتەی ژمارە، ل٢-٣.

٥- ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، وتەی ژمارە، ل ١-٣.

٦ـ- ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، وتەی ژمارە، ل ٣-٤، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، سڵاو بۆ گیانی بارزان عوسمانی شەهید، ل ٣، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، بۆ برایان، نووسەرانی کوردستان، ل ١٠٤-١٠٥.

٧ـ- ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، وتەی ژمارە، ل ١.

٨- ژمارە٨، تەموزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، سەروتار (ڕەئووف بێگەرد) نووسیویەتی، ل ١-٧.

٩ـ- ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، پێشەکی، ل ١، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، هەڵوەستەیەک، ل ١٠٠-١٠١

١٠ـ- ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، وتەیەکی پێویست، ل ٤-٦، ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، وتەیەک ل ٧٦- ٨٠، ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، بەیانی خیتامی، ل ١٠٤-١٠٨.

١١ــ- ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، وتەی ژمارە، ل ٤-٥، ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، ڕوونکردنەوەیەک، دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، ل ١٣٩.

١٢- ژمارە ١٣، مارتی ١٩٨٧، پێشەکی، ل ٢.

١٣ـ- ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، وتەی ژمارە، ل ١-٢.

١٤ـ- ژمارە ١٥، ١٩٨٩، وتەی ژمارە، ل٣-٧، ژمارە ١٥، ١٩٨٩، بانگەواز، ڕووناکبیران و نووسەرانی عەرەب و سوریایی و جیهانی کوشتارکاریی صدام تاوانبار ئەکەن لە کوردستانی عێراق، ل ٩-١٥، ژمارە ١٥، ١٩٨٩، وەسیەتنامەی سەروەری، تایبەت، ل ١٥١ـ-١٥٥.

١٥- ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، پەیامی نووسەر، نۆ ساڵ خەبات و بەرهەم، ل٣- ٧، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، هەردیی شاعیر بۆ نووسەری کوردستان دەدوێ، ل ٦٧ـ-٨٦، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، مەحمود دەوڵەتئابادی، نووسەران، شەیدایانی مرۆڤایەتی، وەرگێڕان، ل ٨٧

ـ-١٠٣، ژماره ١٦، پایزی ١٩٨٦، کۆچی نه‌مران، مامۆستا شێخ محه‌مه‌دی خاڵ، ل ١٩٧-١٩٩، ژماره ١٦، پایزی ١٩٨٩، سه‌ید کامیل ئیمامی، زه‌مبیلی ئاوات، ل ٢٠٠ـ-٢٠٢، ژماره ١٦، پایزی ١٩٨٩، مامۆستا محه‌مه‌دی ڕه‌سوڵی شیرازی، ل ٢٠٠-٢٠٥، ژماره ١٦، پایزی ١٩٨٩، پرسه‌نامه، خاتوو ئیلینا زاخارۆف، ل ٢٠٦- ٢٠٧، ژماره ١٦، پایزی ١٩٨٩، لێره‌وله‌وێ، نووسه‌ری کوردستان، ل ٢٠٨-٢٠٩، ژماره ١٦ پایزی ١٩٨٩، کۆمه‌ڵه‌ی فریاکه‌وتن و چه‌ند سه‌رنجێک، ل ٢١٠- ٢١١، ژماره ١٦، پایزی ١٩٨٩، مافپه‌روه‌ران، ل ٢١١-٢١٢.

١٦ـ- ژماره ١٧، پایزی ساڵی ١٩٩٠، سه‌روتار ل ٣-٥.

١٧ـ- ژماره ١٨، زستانی ساڵی ١٩٩١، وته‌ی نووسه‌ران، ل ٢-٤.

هه‌واڵنامه‌ی کتێب

گـۆڤـاری پێڕووو

دەربارەی گۆڤاری پێڕوو

پاش ئەوەی بزووتنەوی چەکداری لەشاخ و گوندەکان گەشەیان سەند، شان بەشانی ئەوانیش رۆشنبیرو نوسەرانیش پاڵیان بەزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستانەوە داو پشگیریان لەجوڵانەوەکە کردو شان بەشانی ئەوان بەشداریان تێداکرد، دەرکردن و بڵاوکردنەوەو بیرۆکەی گۆڤاری»پێڕو» بۆ کۆبوونەوەی ٥ ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٠ ی ناوزەنگ دەگەڕێتەوە، کۆبونەوەکە بەهەوڵ وتەقەلاو دەستپێشخەری چەند نووسەرێک بەسترا بۆ تاوتوێکردنی هەوڵەکانی ڕژێمی عێراق بۆ هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی نووسەرانی کورد.

نووسەرەکانی نێو ئەم کۆبونەوەیە، بڕیاریاندا لیژنەیەکی ئامادەکار بۆ پێکهێنانی نوسەرانی کوردستان پێک بهێنن، لە سەروبەندی ئەو کۆبونەوەیەدا بڕیاریاندا، گۆڤارێک بەناوی «پێڕوو» بڵاوبکەنەوە، گۆڤارەکەش سەرجەم بابەتاکان و نێوەرۆکی گۆڤارەکە لە ئەدەبی بەرگریدا خۆی ببینێتەوە، ئەوە بوو گۆڤاری «پێڕوو» تەنها یەک ژمارەی ساڵی ١٩٨١ لێ دەچوو، دوای دەرچوون وبڵاوکردنەوەی ئەم ژمارەیە، هەندێ لە ئەندامانی لیژنەی ئامادەکردن پێشنیاری گۆڕینی ناوەکەیان کرد بۆ گۆڤاری»نوسەری کوردستان» کە لە ئابی ساڵی ١٩٨١ یەکەم ژمارەی لێدەرچووە، دەستەی نوسەران بەم شێوەیە بۆچوونی خۆیان دەربڕیوە کە پاش داخستنی یەکێتیی نوسەرانی کورد(لیژنەی ئامادەکردن) بڕیاری دا ناوی گۆڤاری پێڕوو، بگۆڕێت بۆ گۆڤاری»نوسەری کوردستان»کە نزیکترە لە ناوی یەکێتیی نوسەرانی کوردستانەوە، بەهیوای کە لەمەودوا ئەگەر بۆمان لوا بەڕێکوپێکی لە کاتی خۆیدا بیگەنینە دەست خوێنەرانی خۆشەویست.

تاکە ژمارەکەی «پێڕوو» لە ئازاری ساڵی ١٩٨١ دەرچووە، لە قەبارەی نیو فۆلسکابدایەو لە ٧٢ لاپەڕە پێکدێ. ژمارەکە ناوی سەرنوسەرو دەستەی نوسەرانی لە سەر نیە، بەڵام لە ناو نوسەراندا سێ کەس ڕۆڵی دەستەی نوسەرانیان گێڕاوە، کە بریتین لە حەمەی حەمە باقی، هەڤاڵ کۆیستانی و ئەبوبکر خۆشناو، لە ناو ئەم دەستەیەدا، (هەڤاڵ کۆیستان)ی ناوی گۆڤارەکەی هەڵبژاردووەو ئەرکی دیزاینی بەرگ و خۆشنووسی، ئەبوبەرکر خۆشناو لە ئەستۆی گرتووە.

ژمارەکە لەچاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ لە توژەڵە چاپکراوەو ئەوانەی بابەتیان تێدا بڵاوکردوەتەوە بریتین لە ئەبوبەکر خۆشناو، ساجد قەراغی، ئازاد عەبدوڵڵا، جەمیل ڕەنجبەر، هەڤاڵ کۆیستانی، فەرید ئەسەسەرد، حاجی مەمۆ(کاکە باس)، ناسر حەفید(مامە ناڵە)، محەممەدڕەنجاو، ڕەحیم عەزیز، ژمارەکە سێ بابەتی وەرگێڕاوی ە. و گارودی و خەسرەو گوڵسورخی و زەکەریا تامری لە خۆ گرتووە. بەشێوەیەکی گشتی، بابەتەکان بە سەرلێکۆڵینەوەو شیعرو چیرۆک و وەرگێڕاندا، دابەشکراون، بەڵام بابەتی شیعر زۆرترین لاپەڕەی داگیرکردووەو لەم ڕووەوە لە ٧٢ لاپەڕەی گۆڤارەکە ٣٤,٧٪ ی بۆ شیعر و٣٢٪ بۆ نوسین لە سەر شیعرو ٣٣,٣٪ ی بۆ باتەکانی تر تەرخان کراوە

پێڕستی نووسەران و بابەتەکانی گۆڤاری پێڕوو، ئاداری ١٩٨١

ناونیشان: گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کوردستان
ناوی گۆڤار: پێڕوو
*لیژنەی ئاماده کردن ـ ئاداری ١٩٨١
*سەرنووسەر:
*خاوەن ئیمتیاز:
*شوێنی دەرچون:
*چاپخانه:
*نرخ:
زمان: کرمانجی:
*ژمارەی دەرچوو: (١)ژمارە
*ژمارەی لاپەڕە:٧٥ نیو ئەی فۆر
***

*ئازاد عەبدوڵا
*شاعیرو ڕەخنه، هـ .و. گارود، بابەت لێکۆڵینەوەی ئەدەبی،وەرگێڕان له فارسییەوە ل٣٤ـ٣٦
*ئەبوبەکر خۆشناو
ـ لێکۆڵینەوەی شیعری بەرەنگاری، بابەت لێکۆڵینەوە، ل٧ـ٢٢

ب

*باوکی ئازاد
ـ گوڵسرخی بەرلەسێدارەدان،وەرگێران لەفارسییەوە، بابەت ـ ئەدەب شیعر ل٥٨ـ ٦٠

ڕ

*ڕەفیق سابیر
ـ چوار هۆنراوە، بابەت شیعر، ل٤٢ـ ٤٦
*ڕەحیم عەزیز
ـ موعتەسەم، بابەت شیعر ل٥٣ ـ٥٧

ج

*جەمیل ڕەنجبەر
ژانی برسییەکان، بابەت شیعر، ل٤٧ـ٤٩

س

*ساجد قەراغی

ـ هەڵوێست، بابەت شیعر، ل٣٣

ک

*کاکە باس

ـ هەرچەند مێش ومەگەز زۆربێت کوشتنی ئاسانتر دەبێت، زکریا تامر، بابەت چیرۆک، وەرگێڕان لەعەرەبییەوە ل٦٩ ـ ٧٢

ف

*فەریدئەسەسەرد

ـ دۆزەخ، بابەت چیرۆک، ل ٦١ـ ٦٨

*فازل قەساب

ـ گورگ و مەڕ، سەمەد بەهرەنگی، وەرگێڕان لەفارسییەوە، بابەت چیرۆک، ل٧٣ـ ٧٤

م

*محەمەدڕەنجاو

ـ ئەدەب وشۆڕش، بابەت لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، ل٢٣ـ٢٨

ـ لێکۆڵینەوە، لەیەفتە شینکۆ دەدوێ، ل٢٩ـ ٣٢

*مامەناڵە

ـ دوو هۆنراوە، بابەت شیعر، ل٥٠ـ٥٢

هـ

* هەڤاڵ کوێستانی

ـ چوار هۆنراوە، بابەت شیعر، ل٣٧ـ ٤١

هەولێر ئامەی کتێب

پێڕەو

گۆڤاری
یەکێتی نووسەرانی کوردستان
- لێژنەی ئامادەکردن -

ئاداری ۱۹۸۱

۱

× هەر نووسینێک کە بڵاو دەکرێتەوە ، تەعبیر لە رای نووسەرەکەی دەکات .
× ڕیز گرتنی بابەتەکان پەیوەندی بە دەرئەنجامی هونەری یەوە هەیە .
× نووسینەکان ، بەو ناوانە بڵاودەکرێنەوە کە نووسەرەکان ، خۆیان هەڵی دەبژێرن .

" پێڕوو "

هەوڵنامەی کتێب



گۆڤاری
یەکێتی نووسەرانی کوردستان
- لێژنەی ئامادەکردن -

٢

چەند وێنەیەک

دوای ئەوەی یەکێتی نووسەرانی کوردستان لە سەنگەری خەبات و تێکۆشاندا ، بە شێوەیەکی بابەتی و سروشتی لە دایك بوو ، پاش هەوڵێکی دڵسۆزانەش گۆڤاری ، نووسەرانی کوردستانیش ، وەك ئەستێرەیەکی گەش ، لە سەر لوتکە بڵندەکانی کوردستانەوە ، کەوتە دەرەوشانەوە ....بەو هیوایەی ببێتە مینبەرێکی ئازاد ، بۆ هەموو دەنگێکی نەترسی ئازادیخواز و شۆڕشگێڕ ، تا بتوانی دڵسۆزانە هەموو قەڵەمە پێشکەوتنخوازەکانی کۆبکاتەوە و ڕاستگۆیانەش تەعبیر لە دەنگ و ویژدانی هەموو ئەو نووسەرە کوردستانیانە بکات کە پاراستنی

هەوالنامەی کتێب

ئەدەب و هونەری رەسەنی میللەتەکەیان ، بە ئەرکی سەرشانی خۆیان دەزانن . هەروا بەو ئومێدەی هەنگاو-یێکی کاریگەرانەش بێ بۆ بەرەو پێشەوە بردنی بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلەکەمان و زیاتر دەرخستنی رووی فاشستیانەی رژێمی بەعسی رەگەزپەرست .

ئێمە لای خۆمان بەلێن دەدەین کە لە سەر ڕێبازی دروستی خزمەت بە ئەدەب و هونەری پێشکەوتنخوازی گەلەکەمان بدرێژە بە خەباتی خۆمان بدەین و دەرگای گۆڤاری (پێشڕەو) ش بۆ هەموو نووسەرێکی دیموکراتیخواز و راستگۆ لە سەر پشتە و بێگومان هاریکاری و بەشداری کردنیش لە بەرجێ گەیاندنی ئەم پەیامە پیرۆزە دا شەرەفێکی ئەدەبی و نیشتمانی گەورەیە .....

سڵاو ..... بۆ هەماوەری زەحمەتکێشی گەلەکەمان ، کە ئیمرۆ بەو پەڕی خۆراگری یەوە بەرەنگاری درندانەترین شاڵاوی فاشستەکان دەبێتەوە .

سڵاو ... بۆ هەموو نووسەرێکی پێشکەوتنخواز !

(دەستەی نووسەران)

◎ پێشڕەو ◎

بانگه‌واز بۆ نووسه‌رانی کوردستان

نووسه‌رانی خۆشه‌ویست :

ئه‌مڕۆ ئه‌ده‌ب و هونه‌ری نه‌ته‌وه‌که‌مان دووچاری مه‌ینه‌تێکی هێنده سه‌خت و دژوار بووه که به دڕێژایی مێژووی ئه‌م سه‌رده‌مه به خۆیه‌وه‌ی نه‌دیوه ... ئه‌وه‌تا له سایه‌ی رژێمی زه‌برو زه‌نگ و پیاوکوژانی بێ شه‌رمانه ، ئه‌ده‌بو هونه‌رو زمان و میژووی نه‌ته‌وایه‌تیمان هه‌ڵێندرێ ... ته‌نانه‌ت به توندی دژمنایه‌تی هه‌موو جۆره ڕۆشنبیری و بیرو باوه‌ڕێکی پێشکه‌وتنخوازانه ده‌کرێ ... ئه‌دیب و نووسه‌ر و هونه‌رمه‌نده پێشکه‌وتنخوازه‌کانی کوردستان سه‌رجه‌می ئه‌وه‌ی به ته‌واوی سه‌ربه‌ستی داهێنانیان لێ زه‌وت کراوه‌و هه‌روا وه‌ك ته‌واوی ڕۆڵه دڵسوزه‌کانی گه‌له‌که‌مان هه‌ستی مرۆڤانه‌یان خراوه‌ته ژێر پێوه ، ئه‌وه‌تا له‌م دوایی یه‌شدا دوای ئه‌وه‌ی نه‌یان توانی ده‌ست به سه‌ر یه‌کێتی نووسه‌رانی کورددا بگرن به بریارێکی ره‌سمی هه‌ڵیان وه‌شانده‌وه .

به‌رده‌وامیش تارمایی گرتن و ئه‌شکه‌نجه ودا پلۆسینی پۆلیسیانه روو رووبان ده‌بینه‌وه . بۆیه ئێمه که ده‌سته‌یه‌کی ئه‌ده‌بو نووسه‌ری دیموکراتی خوازی کوردستانین و ئه‌م بانگه‌وازه‌تان ئاراسته ده‌که‌ین ، ڕێگه‌یه‌کی دیکه‌مان له به‌رده‌مدا نه‌ماوه ، ئه‌وه نه‌بێ به‌ره‌نگاری ئه‌م واقیعه تاڵ ودژواره

دڵسۆزانە و دەستپاکانە بەرگری لەو نەریتە پێشکەوتنخوازو ئەو گیانە شۆرشگێڕی یە بکەین کە ئەدەبو رۆشنبیری ی نەتەوەکەمان بە درێژایی مێژووی نوێ ی پاراستوویەتی و ، نووسەرە پێشکەوتنخوازەکانی کوردستان لە کۆڕی تێکۆشانی گەلەکەماندا هەڵی داگیر کەران و رژێمە دیکتاتۆر و شۆڤینی یەکانی عیراق گەشەیان پێدا وە هەڵ بەرگری کردن لە حەقیقەت و وشەی شۆرشگێڕ و مافەکانی مرۆڤ روو بە رووی هەموو جۆرە ئێشو ئازارێك بوون و دەبنەوە •

بۆیە ئێمە بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین لە لوتکە گەردن کەشەکانی کوردستانەوە هەنگی بێزاری خۆمان هەڵبژین و بەرەنگاری رەوشتی شۆڤینی رەگەزپەرستی و زەبروزەنگی دژندانە پەیڕەوەو هەڵی خۆمانەوە لێرەی ئامادە کردنی یەکێتی نووسەرانی کوردستان بێڵێین بەهۆی ئامانجەی گرو تینێکی نوێ بە بەر ئەو پەیامە پیرۆزەدا بکەین کە لەدەمێکەوە رۆشنبیرە پێشکەوتنخوازەکانی کوردستان گرتویانەتە ئەستۆ ••• بەو ئامانجەی ئەدەب و هونەری پێشکەوتنخوازی نەتەوەکەمان لە هێواندن بپارێزن • سیما و خاسیەتە رەسەنە نەتەوایەتی یەکانی هەکە بە درێژایی مێژووی لە گەڵ خۆی دا هەڵی گرتوە هەڵتر بکەینەوە هەروەها بەو ئامانجەی شان بە شانی تەواوی رۆشنبیرە دڵسۆزەکانی گەلەکەمان هێش لە لێشاوی ئەو ئەدەب و هونەرە هیچ و پووچو شۆڤینی یە دواکەوتوە ی دەوڵەت بگرین کە پاکانە بۆ رەگەز پەرستی و کوشتن و زەبروزەنگ دەکا

و دەیەوێ نەرێت و ڕەوشتە دواکەوتووەکانی سەردەمە تاریکەکان لە کوردستان و تەواوی عێراق دا بچەسپێنێ ـ

ئێمە لە کاتێکدا کە پێشوازی لە هەموو دەنگێکی دلێرو قەلەمێکی نەترس و هاریکاری یەکی دڵسۆزانەی تەواوی نووسەرە دڵسۆزو دیموکراتیخوازەکانی کوردستان دەکەین ، لەو باوەڕەداین زۆربەیان لەسەنگەری ئێمەدا ڕادەوەستن و دەنگی ئێمە بەدەنگی خۆیان دەزانن و کۆمەکی جۆر بەجۆرمان پێ دەکەن ۰ هەوڵ و کۆششی هەموو لایەکیشمان پاڵپشتێکی کاریگەرانەی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی گەلەکەمان دەبێ و بەشداری بنکۆڵ کردنی قەڵای زەبرو زەنگ و فاشیزم دەکا و ئەدەب و هونەری نەتەوەکەشمان لەو مەینەتە سەختەی تێی کەوتووە دەرباز دەکا ۰

یەکێتی نوسەرانی کوردستان
ـ لێژنەی ئامادەکردن ـ
١٩٨٠/١٢/٣

٧

لێکۆڵینەوە ... ئەپووپەکرخۆشتاو شێعری یەرەنگاری

دەمانەوێ بپرسین کە ئایا دەکرێ شیعر وەک چەکێک بەکار بهێندرێ و لە بەرامبەر تفەنگدا بوەستێ ؟
هەوڵ دەدەین لەم گوتارەدا وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە ٠

لە سەردەمی زوودا هێزو توانای لەشکری وڵاتێک ، یاخود بە شێوەیەکی دیکە بڵێین هەورەبێی پاشایەک بە گەورەیی و لێ هاتوویی و تەردەستی شاعیرەکانی لێک دەدرایەوە ٠ دەلێن کە سوپایەکی لە شەڕێکدا بە سەر سوپایەکی دیکە دا زاڵ دەبوو پێش هەموو شتێک زمانی شاعیرەکانیان دەبرێ ٠ بۆ ئەوەی شاعیرەکان بە زمان بەرە نە ـ گاریان نەبنەوەو نەکەونە هاندانی خەڵکی ٠
پاشایەک کە دنیا لە بەری دەلەرزی و زۆردارییەکەی خەڵکی دەتۆقانە هەبوو خەڵکی نەیاندەوێرا هەتا لە نا و دڵیشیانا باسی بکەن هەیگوت .

(خودایە نەمشەیتە بەر زەبری دوو شت
یەکەم : نەوای هەتیوان
دووەم : زمانی شاعیران

ده‌بێ زمانی شاعیران چ برنده‌یه‌ك بێ ؟
تۆ هه‌ته تیغی ده‌بان و من هه‌مه تیغی زبان
فه‌رقی ئه‌م دوو تیغه ئاسمان و ریسمان !

که‌باسی هێزی وشه ده‌که‌ین ، ئه‌وه له‌بیر ناکه‌ین که مه‌به‌ستمان له‌و وشه‌یه که لایه‌نگیری چینی چه‌وسا وه‌و گه‌لانی ژێر ده‌سته ده‌کا ، چونکه ئه‌رکی (ئه‌ده‌بی شۆرشگێرانه ئه‌وه‌یه دریژه به جه‌نگی بدا و به‌ڕۆنگار ببێ و ره‌ت بکاته‌وه‌و نه‌فره‌ت بکا و کون بگۆڕێ و نوێ بنیات بنێ)[1]

شیعری به‌ڕۆنگاری چی یه‌و به‌چی ده‌ڵێن ؟
شیعری به‌رنگاری به‌بزوتنه‌وه‌ی به‌رنگاری یه‌وه به‌نده‌و واته (که‌باسی شعری به‌ڕۆنگاری ده‌که‌ین ده‌بێ بزوتنه‌وه‌ی به‌ره‌نگاری له‌کایه دابێ ، بۆ شه‌وه‌ی له‌گه‌ڵی دا ئه‌ده‌بێکی به‌ڕۆنگار دروست ببێ ، ده‌بێ جه‌نگاوه‌ر و شه‌و جه‌نگه‌هه‌بێ)[2]

بزوتنه‌وه‌ی به‌ڕۆنگاریش به‌تێگه‌یشتنی ئێمه دوو قۆناغی هه‌یه ، یه‌که‌م : ره‌ت کردنه‌وه‌و بێزاری . دووه‌م : شۆرشی چه‌کداران .

را و تێبینی له‌سه‌ر واتا و سیفاتی شعری به‌ره‌نگاری زۆره ، هه‌ر یه‌که له‌رواندگه‌یه‌که‌وه بۆ مه‌سه‌له‌که ده‌روانێ . هه‌یانه به‌و شعره‌ی که له ئژی زوڵمی کۆمه‌ڵایه‌تی و بۆ پێشکه‌وتن و خۆشه‌ویستی نیشتمان ده‌گوترێ ، ده‌ڵێ شعری به‌ره‌نگاری .
هی وایش هه‌یه ته‌نیا به‌و شعرانه ده‌ڵێ به‌ره‌نگاری که شاعیرانی

پێشەرگە دەیان نوسن •

شعری بەرەنگاری وەك لەسەرەوە گوتمان دوو قۆناغی هەیە ، یاخود دووبەشە •
یەکەم : ئەو شعرانەن کە لەلایەن شاعیرانی شۆرشگێڕەوە لەناو شارەکان دا دەنوسرێن و بە شێوەیەکی ئاشکرا رژێمی فاشست رەت دەکەنەوەو رەفتارە نامرۆڤایەتی یەکانی بۆ کۆمەلانی خەڵك وەدەر دەخەن •

کە وڵاتێك لەلایەن دەولەتێکەوە داگیردەکرێ و سەربەستی لێ زەوت دەکرێ • خەلکەکەش هێشتا هێزی ئەوەیان نی یە بەچەك بەرەنگاری ببنەوە ، بۆیە ئەو دەمە وەك هیرتزن دەڵێ :(ئەدەب دەبێتە هۆیەکی بنچینەیی بۆ دەربڕینی هاواری ناڕەزایی دژ بە داگیرکەران) •

ئەم جۆرە شعرانە لەو کاتەدا کە هێشتا شۆڕشی چەکدارانە درووست نەبوە دەورێکی زۆر چاك دەگێڕن ، بەڵام لەگەڵ پەیدا بوونی پارتی زانەکان ، ئەدەبی شۆڕش جێگای دەگرێتەوە ،هەر چەندە دەور و هێزیشی دەمێنێ،بەڵام دەوری پشت گیری کەر دەبێنێ •

دووەم : ئەو شعرانەن کەلەلایەن شاعیرانی پێشمەرگەوە دەنوسرین • ئەوانە بە شعرو تفەنگ بەرەنگاری فاشستەکان دەبنەوە •

هەر شعرێك بەوشەی بریقەدار برازێندرێتەوەو تورەیی تێدا بێ و ، نالێن شعری بەرنگاری • ناوەرۆکی شعری بەرەنگاری رەت کردنەوەی زوڵم و ئاکاری فاشستەکان و وەرە بەرزی پێشمەرگەکان

به‌خۆیه‌وه ده‌گرێ .
شێوه‌ی گۆرانی و لاواندنه‌وه به‌سه‌ر هه‌موو شعری به‌ره‌نگاری دا زاڵه ، (چونکه تاقی گردنه‌وه‌ی شعری به‌ره‌نگاری ، سفه‌تی هه‌ڵچونی راسته‌و خۆ وه‌رده‌گری و له‌گه‌ڵ تاقی کردنه‌وه‌ی تێ کۆشانی شۆرشگێڕان دا ده‌ژیێ و خود له‌نا و ئه‌و تاقی کردنه‌وه‌دا ده‌وڕێکی گرنگ ده‌گێڕێ) .(٢)

جه‌نگ بۆ رووده‌دا؟ دنیا یه‌کی پر له‌چه‌وسانه‌وه ، چینی ده‌سته‌ڵات دار ده‌یه‌وێ هه‌موو شتێك وه‌ك خۆی بهێڵێته‌وه ، مانه‌وه‌ی شتا کانیش وه‌ك خوی واته به‌رهه‌ستدنی پاش که‌وتن ، ئه‌وده‌مه‌ش ژیان ده‌بێته به‌شێك له مه‌رگ . چونکه ژیان به جوڵانه‌وه‌و پێش که‌وتن ژیانه . ئه‌رکی شۆرشگێڕان ئه‌وه‌یه ئه‌و ژیانه بگۆڕن که‌تیایدا مرۆڤ له‌لایه‌ن مرۆڤه‌وه ده‌چه‌وسێته‌وه . مه کسیم گۆرکی ڕاستی ده‌کرد که‌ده‌یویست به‌کاری نوسین و ڕۆمان چیهانی چه‌و - سانه‌وه بگۆڕێ و ئایندەیه‌کی ڕوونا ك بۆ چینه چه‌وساوه‌کان دروست بکا (بۆ ئه‌وه ها تومه‌ته جهان ، نا ره‌زایی ده‌ربڕم و به‌ره‌نگاری شته کۆنه‌کان ببمه‌وه) .(٤)

که چینی ده‌سه‌ڵاتدار ده‌ست به‌سه‌ر هه‌موو هۆیه‌کی ژیاندا ده‌گرێ ، ئه‌وانه‌ی هه‌ست به چه‌وسانه‌وه ده‌که‌ن له هه‌موو لایه‌که‌وه ڕاست ده‌بنه‌وه‌و به‌ره‌ه‌لستی داگیر که‌ران ده‌که‌ن . که‌واته ئه‌گه‌ر گۆرانی یه‌کی (میکیس تیودوراکیس) له کاری تانکیك زۆر تێربێ شتێکی ناڕاسایی ڕووی نه‌داوه (ئێوه تانکتان هه‌به‌و مێشی گۆرانی) . چونکه هونه‌ر مه‌ند له‌شه‌ری به‌ره‌نگاری دا به‌یه‌ك

ئاست دەوری بیرو شۆرشگێڕی دەگێڕێ ، چونکە وەک فابتزاروف گوتەنی (مەسەلەکە هەر بەتەنیا لەسنوری تەسکی شەردا نامینێتەوە ، کە دەنوسی لەباتی سەروا قومپەلەیەک دەتەقێنیتەوە • ئایمسان بە موشەک دەتەنرێ و شار پڕ دەبێ لەئاگر ، ئەو دەمە تێ دەگەی لە چیاتی مەرەکەب بەخوێن نوسیوتە •) (٥)

کە شاعیرپەک خۆی بەمیللەتەکەیەوە دەبەستێتەوە و خەم و ناسۆرو خۆشی یەکانی دەبڕێ ، دەنگێکی تایبەتی بۆ خۆی دروست دەکا و ئەو دەنگە لەبەرەنگار بوونەوەی دوژمن دا رولێکی گرنگ دەگێڕێ • ئەگەر ئەسپەکەشی گلا خۆی وەک تاکێک ، وەک قارەمانێک ژیانێ لەدەست دەچێ ، بەڵام لە ئەنجامدا چینە چەوساوەکەی سەر دەکەوێ ، ئەودەمە ژیانێکی خۆش بۆ هەموو گەل دروست دەکا ، وەک بوتبۆف گوتەنی •

شاعیرانی شۆرشگیر بە بیرو باوەر تێ دەکۆشن ، بۆیە کە دەکوژرێن یان دەگیرێن ، هەڵوێستی مەردانە دەنوێنن و بۆ چەند دڵۆپە خوێنێک ناپارێنەوە • کە (خۆشەوی گوڵسرخی) یان بە مردن مەحکوم کرد ، لە بەر دەمی دادگای کارتۆنی دا بەبەکرێگیر اوانی رژێمی شای گوت (دەتگم ئەم دیوارە تێک و پێک دەدا ... ئەگەر لەشە بەخوێن رەنگینەکەم بخەنە گۆڕ ، ئەدی هاوارە ئاگرینەکانم چی لێ دەکەن) •

ئەو شاعیرە شۆرشگێڕانەی لەشەری رزگاریخوازی و بەرەنگاری دا بەشداریان کردوە تەنیا شەهیدیان ئەنوسیوە ، بەڵکوو لەبەرەکانی پێشەوەی شەڕیش دا جەنگاون • مرسا جەلیلی تەنەر لەگەڵ

هەڵگیرساندنی شەڕی نیشتمانی دژ بە فاشیزم لەبەرەکانی پێشەوەی شەڕدا کرا وەتە پەیامنێری گۆڤارێك لەوێدا گیراوە لەزیندانەکانی فاشیزم دا شەهید بوو .

یەفگینی پیترۆف شیعرو فرۆکەی لەیەك نزیك خستەوە . لیارو سلاف و لۆرکاش بەدەستی بەکرێگیراوان کوژران .

هەندێ کەس دەلێن ، کە تەقە دەکرێ (وشە) سەری سوور دەمێنێ . ئەم قسەیە راستە ، چونکە لەکاتی تەقەکردن دا مەیدانەکە هی تفەنگە وهی ئەو نی یە . راستیش نی یە چونکە وشە پێشتر کاری خۆی دەکا و کارەکەی ناراستەو خۆیەر ئیلهامی چەکدارە شۆڕشگێڕەکانە . ئەگەر وانەبێ بۆچی زایۆنیستەکان بەر لە خەلکی دێکە (غەسان کەنەفانی) یان کوشت ؟ .

ئەگەر زەبری وشە لە گوللە کەمتر بوایە رۆژێك لە رۆژان (ئەراگون)ی سەرۆك نووسەرە شۆڕشگێڕەکانی فەرەتسای دژ بە فاشیزم ـ جاك مارسیناك ی لەسەر هەڵدواخستنی کارێکی ئەدەبی سەر زەنشت نەدەکرد . (جاك مارسیناك) بۆ کارێکی ئەدەبی بۆ شوێنێك نێردرا بوو ، لەڕێگادا لەبەرەی شەر نزیك بوو بوەوە ، دەستی دابووە چەك و کارە ئەدەبی یەکەی لەبیر چوو بوەوە . کەهاتەوە ئەراگون سەرزەنشتی کردو تێی گەیاند کەکاری ئەدەب لە هی گوللە کەمتر نی یە بەڵام بمشێوەیەکی دیکە . (٦)

بەشداری کردنی ئەدیبە شۆڕشگێڕەکانی لەشەڕی رزگاری

نیشتمانی دا جێگای شانازی یە (ناشتوانن بەبێ ئەوەی لەخەباتی میللەت دا بەشداربن ، بەرهەمێکی چاك بدەنە دەست ، کەمەبەستیش دێتە سەر بەرگری کردن لە گەل و بەرەنگار بوونەوەی دکتاتۆریەت و ڕۆشنبیری چەواشە لە ریزی پێشەوەدا دەبینرێن ، ئەڕێ جێگای سرنج نیە شاعیرێکی وەك (خۆزیە مارتێ) ی مەزن سەرکردەیەکی گەورەی ئەمریکای لاتینیشە[٧]) شاعیرێکی وەك (ئۆگستینۆ نیتۆ) ش خەباتی گەلی ئەنگۆلای بەرەو ئازادی بردو بووە بەکەمسەر کۆماری ولاتەکەی ،

لە وەلامی پرسیارێکدا کە ئایا ئەدەب دەتوانێ ڕوو بە ڕووی لوولە تۆپی دیکتاتۆرەکان ببێتەوە ، (جۆرج ئەنریك) ی ئەکوادۆری دەڵێ (ئەگەر ئەدەب هیچی بێ نەکرێ و ئەرکێکی گرنگی لە سەر شان نەبێ ،بۆ دەبێ رژێم ئەوەندە لەوشە بترسێ ؟

ئەدی لە پای چی بلاوکەرەوەو شاوەن کتێبخانەکان و تاوانباری ژمارە یەك- ئەدیب- دەگرێ و ئازاریان دەدا و ڕاویان دەنێ و کتێبەکانیان دەسوتێنێ) (٨)

(ئەدیبەکانی سەر بە بەرەی میللەت وەکوو ئەو تیپە دیدەوانا - نەی شەڕ وان کە ڕێگا لە دوژمن پاك دەکەنەوە ،ئەگەر شتێکیش ڕوو یدا ئەوا بە یەکەم گوللە دەکوژرێن)(٩)

میللەت پاداشتی ئەو ئەدیبە شۆڕشگێڕانە دەداتەوە کە لە خەباتی ڕزگاریخوازی نیشتمانی دا بەشداریان کردووە ، لە ژیانیان دا ڕیزیان لێ دەگیرێ و لە کاتی مردنیان دا تەرمەکانیان دەخرێتە سەر شان و پاش مردنیشیان پەیکەریان بۆ دروست دەکرێ وجلدەو گۆڕەپانەکانیان بە ناو دەکرێ ،

که شاعیری نه‌رویژی (کنوت هامسن) له گه‌ڵ فاشسته‌کانا هاوکاری کرد هاوڵاتیانی نه‌رویژی نارەزایی یان ده‌ربڕی هەموو ئەو کتێبانه‌ی نووسیبوونی بۆ یان فرێ دایه حه‌وشه‌ی ماڵه‌وه ٠ که ئه‌دیبێکی گه‌وره‌ی وه‌ك (هنری باربۆس) - یش مرد هەموو دانیشتوانی پاریس له‌ناشتنی دا به‌شداری یان کرد

به‌رەنگار بوونه‌وه و به‌رهه‌ڵستی دا گیرکەران هەر به تەنیا له ڕەت کردنه‌وه‌ی ڕووت دا نیه چونکه شاعیری شۆڕشگێڕ له هەمان کاتدا جەنگاوەرێکی ئازا و بوێرێشه ، چەندان ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتی له بەر چاو دەگرێ و له‌پێناوی بنیاتنانی کۆمەڵگایه‌کی سۆشیالیستی دا خەبات دەکا

غەسان کەنەفانی دەڵێ (هەڵوێستی بەرەنگاری ئەوەندە ئاسان نیه ، چونکه به‌رده‌وام له گەڵ دوژمنێکی چەپەڵ دا له جەنگی ڕۆژانه دایت و مەسەله‌که ژیان و مردنه)(١١١)

ئەو ئامانجه‌ی شۆڕشگێڕان خەباتی بۆ دەکەن هەر وابه سووك و ئاسانی جێبەجێ ناکرێ ئەوەتا (نازم حیکمه ت) بەم شێوەیه دەڵێ :

(ئەو ئامانجەی که دەست نیشانمان کردووه
به خوێن دەینەخشێنین
به چرنووکیش سەرکەوتنمان وەدەست دێنین)

ئەدەب وەك مۆسیقا میلك زاخاو دەدا و ئەدیبیش گیانی یاخیبون وەبەر خەڵکی دەدا و بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی زوڵمی ڕژێم هانیان دەدا ٠

هەوڵنامەی کتێب

لەم بارەیەوە (کورتازار) ئەدیبی ئەرژەنتیبی دەڵێ
(من خۆم لە هیچ هەرێکدا بەشداریم نەکردووە بەڵام زۆر برادەرم
هەن کەلە هەباتی چەکدارانەدا بەشداریان کردووە هەڵێن
ئەدەب هۆرمۆنەو هێزی بەردەوام بوون بە شۆرشگێڕان دەبەخشێ)(١٢)
گیفارا یەکێک بوو لەوانەی زۆری حەز لە خوێندنەوە
دەکرد . لە کاتی هەباتی چەکدارانەدا شیعری (نیرۆدا و خۆزیە
مارتێ و لیون فلیپ و ئەنتۆنیو ماچیدۆ) ی دەخوێندەوە . لە
کاتە زۆر ناسکەکانیش دا لە خوێندنەوە نەدەکەوت . ئەوەتا لە
کاتێکدا کەوتۆتە بۆمەی دوژمنەوە و نزیکە مەرگ هەڵێ بە یەکێک
لە پالەوانی چیرۆکەکانی (جاک لەندەن) دەچوێنێ (١٣)

مرۆڤ لە سروشتی دا شەرانی نییە هەکس لە سەر هیچ و خۆڕا
حەز بە خوێن رشتن ناکا . دیمەنی هێشک و برین ئەوەندە لە بەر
چاوان هوان نین . بەڵام کە ئەم دیمەنانە بە سەر مرۆڤ دا دەسە
پێندرێن بەرپەرچ دانەوەی دەبێتە شتێکی ناچاری ئەو دەمە
پێویستە بە هێزەیەکی شۆرشگێڕانە وەڵام بدرێنەوە

(ئاسانێکی هین و خەیاڵانەم هەبوو
بۆرژوا کان بە سەر سەرمیان دا رووخاند
چۆرە خوێنێکی رەش و ،
چەپکێ خەونی هەنگوینی و چەند کتێبێکم هەبوو
ئەویشیان برد بە تاڵان
بەڵام کاتێ
هاتن پێستە کەم بگۆڕن
دەم و چاوم بشێوێنن

بەفرو بروسکەم کردە بەر
ڕلاتەکەم نایە کۆڵ و ٥
ڕێگای تفەنگم گرتە بەر

شاعیر لە سەردەمی خۆیدا هەڵوێستی هەیەو هەر وەهەیەك دە نگ دانەوەو هەر بێدەنگیەکیش مانای خۆی هەیە ٥ (من ئلوپیـــر و هەردوو برای گۆنگۆڕ بە لێ پرسراو دەزانم چونکە کە هۆرهگیڕانی کـــۆنـــەی پـــاریـــس وەبەر نیزەی تفەنگدران هـــنـــە وان لە بڕی تەو کوشتارە دڕندانەیە هێڵگیان نەنووسی ٥ ڕەنگـــە هەندێ کەس بڵێن خۆ مەسەلەکە بەیەوەندی بە وانەوە نەبوو ٥ ئەگەر وابێ مەسەلەکەی کاڵس کەمکوشتنی کورەکەی تاوانبار کرابوو چەیەوەندی بە ئۆلتیرەوە هەبوو هەدی تاوانبارکردنی دڕێفـــوس بەیەوەندی بە ئەمیل زۆلاوە هەبووەوە ی مەسەلەی بەڕێوەبـــردنی گۆنگۆ مەسەلەی ئەندێجید بوو ؟)

مەسەلەکان چ پەیوەندیان بە شاعیرەکانەوە هەیە ؟
نهێنیەکە لەوەدایە وەك ڕەسوڵ هەمزا تۆف گوتەنی :
(شاعیرەکان لێپرسراوی جیهانن)

شیعر وەك هەر شتێکی دیکە لە جیهاندا دوو بەرە ٥
وەك چون تایدۆلۆژیای چینی گرێکار هەیە و لە بەرامبەری دا تایدۆلۆژیای بۆرژوا هەیەلە ناوەڕاستدا تایدۆلۆژیای سێیـــەم نییە هەڵبژاردنی شیعر هەیە بۆ خواست و ئامانجەکانی چینـــــــی چەوساوە دەنووسێ و خزمەتی سروشتیەتی دەکا وو لە بەرامبەریشی دا شیعر هەیە خزمەتی چینی چەوسێنەر دەکا وبا نووسەرەکانیشی

هەڵبژاردەی کتێب

پێی نەزانن لە ناوەڕاستیش دا شتێك نییە .
یان چەپیان راست چەپو راست لە یەك کاتدا لای ئێمە قبوڵ ناکرێ
شیعر ئەگەر بۆ تازانچو خواستی چەوساوەکان نەنووسرێ و نە بێتە
ئیلهامی شۆڕشگێڕان هبا نەنووسرێ .

(هەر وشەیێ
وەك گوللەیێ
بۆ تفەنگی ئازادیخوا بە کار نەیێ
هەر وشەیێ ،
وەك دێمکە ئاوێکی بااڵدار
نەفرێ لە بنکەیەکەوە بۆ بنکەیێ
چاکتر وایە ئەو وشەیە
چەکمەی دوژمن بسڕێتەوە هەوەك فلچەیێ) (١٦)

چەنگاوەر کە لە گەڵ دوژمن دا هەر دەکا ، پێویستی بە خواردن و
فیشەك و حەسانەوە هەیە . خواردنێکی دیکەش هەیە هەرەنگە لای زۆران
کەس گرنگیی پێ نەدا لە خواردن و فیشەك کەمتر نەبێ ئەم خواردنە
ئەدەبە و ئیلهام و دایەنەمۆی شۆڕشگێڕانە . سەیر کە ئەفسەرێك لە
بەرەکانی شەڕی نیشتمانی بەرەنگاری فاشیزم دا چی بۆ
میخائیل شۆلۆخۆف نووسیوە (منیش وەك هاوڕێکانم هیەکێك
لەکتێبەکانتم لە ناو جانتاکەم دا گل دا وەتەوە ئەم کتێبە
یارمەتی ژیانمان دەدا و ورەمان بەرزتر دەکاتەوە) (١٧)

دەبێ ئەدیبە شۆڕشگێڕەکان لە شەڕی رزگاریخوازی نیشتمانی
و بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەران دا هیچ دەورێ بگێڕن ؟

لە سەر دەمی فاشیزم دا ، ئەدیبە پێشکەوتنخوازەکانی
فەرەنسا بەرەی ئەدیبانی دژ بە فاشیزمیان پێکهێنا بوو هو بە

هه‌موو شێوه‌یه‌ك به‌رهه‌ڵستی یان ده‌کرد .
ئه‌دیبه‌کانی فێتنام جه‌نگاوه‌ریش بوون هه‌روای شیعره‌کانیان له ده‌نگی ته‌قه ده‌چوو .
ئه‌دیبه شۆڕشگێڕه‌کانی میلله‌ته دواکه‌وتوو و ژێر دەسته‌کان هه‌ر له هه‌موو دانیشتوان وه‌به‌ر زه‌بری گرتن و ئازار دان و راونان ده‌که‌ون هێنده ئه‌وان پێش هه‌موو که به‌رەنگاری دا گیر که‌ران ده‌بنه‌وه . (گیم شی ها) ی کۆریای به تاوانی به‌رهه‌ڵستی رژێم به مردن مه‌حکووم کرا (به‌لام ده‌نگی نارەزایی پێشکه‌وتنخوازه‌کانی جیهان حوکمه‌که‌ی سووك کرد) ه (عبدالله‌لطیف‌الطیبی) ی مه‌غریبی به‌تاوانی جولانه‌وه‌ی دژ به رژێم (١٠) ساڵ به گرتن درا .

شه‌باتی گه‌لانی ژێر دەسته له‌ڕی دا گیر که‌ران به‌رده‌وامه‌و ئه‌دیبه شۆڕشگێڕه‌کانیش له ریزه‌کانی پێشه‌وه‌ی به‌رەنگاری دان . به خۆڕایی نییه هۆشی منه ده‌ڵێ :
(ئه‌دیب له شه‌ڕی رزگاریخوازی دا جه‌نگاوه‌ریکه به وشه‌ شه‌ر ده‌کا) . که ده‌شکوژرێ هۆیانی له ویژدانی گه‌له‌که‌ی و گه‌لانی تێکۆشه‌ر دا دەستپێ ده‌کاته‌وه .
ئه‌گه‌ر قسه‌که‌ی فابتزاروفمان نه‌بیستبا که له به‌ر ده‌م پەتی سێداره‌دا گوتبوی مه‌رگه به ته‌واوی باوه‌ڕمان بەو قسه‌یه‌ی سه‌ره‌وه نه‌کردبا . ئه‌و له به‌ر ده‌م سێدارە گوتی :
(ئه‌وه‌ی له جه‌نگی سه‌ربەستی دا بکه‌وێ
هه‌رگیز نامرێ ....

قەت و قەت پێی ناکرێ بمرێ !)(١٨)

ئەو شاعیرە بەدناوەرەی بەشداری خەباتی گەلەکەی دەکا بە تەنیا بۆ خۆشی خۆی و گەلەکەی نییە بەلکوو بۆ هەموو مرۆڤایەتییە ،مادام زۆربەی جیهان لە یەک سەرچاوەوە زۆر لمیان لێ دەکرێ ،خەبات کردنیش تەنیا بۆ خواستی پارچەیەک نییە ، بەلکوو بۆ نەهێشتنی چەوسانەوەو بنیاتنانی کۆمەلگایەکی نوێی سۆشیالیستییە

(بە رووی تۆدا ئەی درندە
بەرووی تۆدا ئەی کوێلەیی
شۆرشقانە یاخی بووەکە رادەپەڕێ و ،
تفەنگەکەشی سوار کردووە) (١٩)

شیمر چەکیکی کاریگەرە • زۆربەی کارەکەی بە شێوەیەکی ناراستەوخۆیە • شیمر چەکێکە و ئەگەر لە کاتیکی گونجاودا بە کار بێ لە نارنجوکێک بە زەبر تر ە •

مەحمود دەرویش دەڵێ :

(پێشتر نەمدەزانی شیمر ئەوەندە بە کارە ، بەم دواییە کە بە کۆمەڵێ شیمرەوە رووم کردە ژووری حاکمی سەربازیی ئیسرائیلی بۆ ئەوەی ڕێگای چاپ کردنیم بدا ، کە ئەفسەرەکە شیمرەکانمی تەواو خوێندەوە ، ئەوەندەم زانی شەقازللەیەکی وای لە بنا گوێدام هەتا دەمرم لە بیرم ناچێتەوە • ئەو دەمی تێگەیشتم کە شیمرەکانم چ مانایەکیان هەیە وتا چ رادەیەک دوژمن دەتۆقێنێ • بۆیە بڕیارمدا شیمرەکانم وەک چەکێک لە دژی دوژمنەکە چینایەتی و

نه‌ته‌وایه‌تی‌یه‌کانم به کار بهێنم)(٢٠)
به‌ڵێ شیعری بوێر له راونان و ئازاردان ناترسێ و له کورسی‌و نێزه‌ی تفه‌نگه‌کانیان ناسله‌مێته‌وه . ئاکار و نه‌ریتی بۆرژواکان ره‌ت ده‌کاته‌وه . شیعری بوێر شان به شانی تفه‌نگسه‌نگه‌ری دوژمن ده‌ڕووخێنێ . با گوێ بده‌ینه ڤیتالی وه‌زیرۆف و بزانین ده‌رباره‌ی کاری ئه‌ده‌ب چیمان بۆ ده‌گێڕێته‌وه

(له کاتی چوونم دا بۆ ڤێتنام ، توانیم به ئاسکرا کاری ئایدۆلۆژی له کاری شۆڕشگێڕانه‌دا ببینم . رۆژێکیان هه‌والێیان دامێ که شۆڕشگێڕه‌کان عه‌مه‌لیه‌ی شۆڵۆخۆفیان ئه‌نجام داوه . یه‌کێک له تیپه‌کان رۆمانێکی شۆڵۆخۆفیان به ده‌ست نووسیبووه‌وه له کاتی پشوو دان و حه‌سانه‌وه دا له ناو خۆیان دا ده‌یانخوێنده‌وه . له یه‌کێک له شه‌ره‌کاندا ئه‌و ده‌ستنووسه ده‌که‌ونه ده‌ست دوژمن . شۆڕشگێڕان گۆ ده‌به‌نه‌وه و سوێند ده‌خۆن که ده‌بێ به زووترین کات ئه‌و ده‌ست نووسه وه‌ده‌ست بخه‌نه‌وه .

شه‌وێکیان هێرشیان برده‌سه‌ر باره‌گاکانی دوژمن و ئه‌وانه‌ی کوژران کوژرانی ئه‌وانی دیکه‌شیان لێ به دیل گرتن . گه‌لێ شتیشیان ده‌ست که‌وت و رۆمانه‌ده‌ستنووسه‌که‌شیان ستانده‌وه .

ئه‌وه مانای ئه‌وه‌یه‌ که هێزو توانا ده‌داته گه‌ل ، هێزو توانا که‌ش بار ته‌قای چه‌ک و فیشه‌ک و نانه هێزێکی ئیلهام به‌خش و هاندەره .)(٢١)

شیعری به‌ره‌نگاری له گه‌ڵ شۆڕش دایه ، هه‌ندێ

جار ڕێگای ڕوونا ئ نیشانی پێشمەرگەکان دەدا و
هەندێ ئاری دیکەش وەشوێن پێشمەرگەکان دەکەوێ
شیعری بەرەنگاری و شۆڕش، لە یەکلەش دا
میسک و خوێنن ٠ تووژەڵە/ ١٩٨٠

سەرچاوەکان :

١ - محمد الجزائری، حین تقاوم الکلمة ص ١٨
٢ - شاکر نوری، المقاومة فی الأدب السوفیتی ص ٤٦
٣ - فاضل ثامر، سالم جدیده فی ادبنا المعاصر
٤ - عبدالمطلب صالح، دراسات فی الأدب و النقد المقارن ص ٣٦
٥ - الجزائری، همان سەرچاوە
٦ - عصام محفوظ، أراغون
٧ - ریجی دوبرە، المثقفون والسالم الثالث،
٨ - جورج انریك، الأدب فی المواجهه البنانق
٩ - اتیلا یوسف، مجلة الکلمة ١٩٧١
١٠ - فیتالی کروتیچ، لماذا نحتاج الشعر ؟ طریق الشعب (٩٧٩)
١١ - غسان کنفانی، ادب المقاومة فی الارض المحتلة ص ٢٤
١٢ - یفتشنکو یەناور کورتازار
١٣ - گیفارای شۆڕشگێڕ ص ١٨
١٤ - رەفیق سابیر، ڕێژنە ل ٥٢
١٥ - سارتر، الأدب الملتزم ص ١٠
١٦ - پەشێو مەو نیە خەونتان پێوە نەبینم ل ٣٦
١٧ - شاکر نوری همان سەرچاوە

١٨ - شاکر نوری ، هەمان سەرچاوە
١٩ - یوجین بوتی ، مجلة الطریق (٦) ١٩٧١
٢٠ - محمود درویش ، یومیات الحزن العادی
٢١ - فیتالی وزیروف الصداقة والروح الامیة لوتس(٤) ١٩٦٩

xxx ⊙ xxx

ئەو پیاوانە ،
نە بۆ مەدالیا شەریان کرد
نە بۆ پاداشت
نە بۆ ناوبانگ
وەک کرێکاری بەنگاوەر
بۆ نەمری و سەربەرزی جەنگان

(فینست ئەدوان گرۆسلاند)

هەولێر کتێب

ئەدەبی وشۆڕش

محمد رەئجاو

ئەدەبی هەموو میللەتێک ئاوێنەی کێشەو باری واقیعی ئەو سەردەمە زەمینە یەکە دەبێتە منالدانی هاکارە ئەدەبییەکەو بەرهەمەکە هەری تیدا هەڵدەدا چونکە (بەرهەمی بیرو بۆچوون و بۆش یە کەدگری و لەپیش هەموشتێکدا دەبەسرێتەوە بەراستە خۆیی لەگەڵ چالاکی مادی و پەیوەندی مادی مرۆڤەوە ، کە هەر دوو لایان زمانی ژیانی واقیعی)

مرۆڤیش لەوەتەی ئەم زەمینەی دستۆتە ژیر زەبری هۆش و بیر کردنەوەی و بەدوای ڕێتە نەدۆزراوەکاندا دەگەڕێ توانیویەتی مادیانە تەماڵ لەگەڵ مەسەلەکاندا بکات و هۆش و بیر کردنەوەی خۆی لە پێناوی بەستراوە بەرهەسینی و ئەدەبیش کە بەرهەمی هۆش و بیرکردنەوەی مرۆڤەموکاتی پاشکۆی واقیع بوە بەمانا فراوانە....

مادیه‌که‌ی • واته ئه‌ده‌ب ره‌نگی ژیانه مادیانه‌که‌ی مرۆڤی
داوه‌ته‌و ه‌و به‌یوه‌ندیه‌کی لێڵ دانه‌براوویه‌ کانگیری به‌رووداوو
شته مادیه‌کانه‌وه هه‌بوه‌و نه‌یتوانیوه خۆیان لێببوێرێ له
ئه‌نجامی جوڵانه‌وه‌و ره‌کار که‌وتنی شته مادیه‌کان واته واقیع و
ده‌وروبه‌رو رووداوو کێشه جه‌نجاڵه‌کانی مرۆڤایه‌تی ، ئه‌ده‌ب که
به‌رهه‌می هۆشه ، تیۆری و ڕێنوینی که‌ری ژیانه ، له‌دایك بوی
منالدانی شته مادیه‌کانی ده‌وروبه‌ره هه‌روه‌کو مارکس له‌پۆچونه ـ
کانیدا ده‌ڵێ (شێوازی مادیانه ، هه‌موو شێوازه‌کانی تری پێوه
به‌ندن جا ئه‌م شێوازانه تیۆری بن یا سیاسی یاخۆ ئاینی) و
ئه‌ده‌ب خۆی به‌رهه‌میکی تیۆریه له چوار چێوه‌ی هۆشی کۆمه‌لایه‌تیداو
به‌رهه‌می تیۆریش باشبه‌ندی به‌رهه‌می مادیانه‌یه‌و هه‌ر بۆیه‌شه به
چه‌واشه بونی واقیع و تێکچونی که‌رسه‌کانی ده‌وروبه‌رو ترازانی
یاساکان له هۆیه‌ن پێ‌ش خۆیان ناکۆکی و ناله‌باریه‌کی هه‌ڵده ـ
داو باره سروشتیه‌که‌ی واقیع ده‌شێوێنی و ده‌وروبه‌ر له مه‌جرا
سروشتیه‌که‌ی واقیع ده‌که‌وێ که ئه‌وه‌ش له‌ئه‌نجامی دیمکراسی و
سۆسیالیستی و کۆمه‌نیستی دا ده‌بێته‌وه ، ئه‌و راچه‌نینه‌ی که
پێویستی میژویی و واقیع ده‌ی رسکێنێ له ئه‌نجامی تعامل کردنی
هۆشی مرۆڤ به‌شته مادیه له‌بارا چوه‌کانه‌وه دێته کایه‌وه ، ئه‌و
کێشه‌و خه‌باته زۆرانه‌ی که گه‌ل له پیناوی رزگاری خۆیدا واته گیر
انه‌وه‌ی شته له‌بارا چوه‌کان بۆ سه‌ر سروشتیه‌تی خۆی به‌رپای ده‌کات
هۆشمه‌نده‌کانیش ئه‌و هۆشمه‌ندانه‌ی که‌ئه‌دیبه‌کان لایه‌نێکی گرنگیان
لێ پێك دینن وه‌ك ره‌نگدانه‌وه‌یه‌کی واقیع ... ئه‌و واقیعه تاڵه‌ی
که‌میلله‌ته‌که‌ی تێدا ده‌ژی ، ئه‌و به‌ره‌و روو بونه‌وه یه‌ی به‌رامبه‌ر
ئه‌و واقیعه تاڵه وه‌ستاوه وانه کاری شورشگیرانه‌ی هه‌ماوه‌ر له

بەرهەمە ئەدەبیەکانی ئەدیبەکاندا رەنگدەداتەوە ، چونکە گۆران و لەبار چونی دەوروو بەرو ژیانی کۆمەلایەتی کارێکی راستەو خۆی هەیە لەسەر هۆشی بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی چونکە هەروەکو وتمان ئەدەب بەرهەمی راستەو خۆی هۆشی مرۆڤەکانی دەورو بەرو شۆرشی میللەتەکەیە کەواتە ئەدەبەکەس ئەوسا دەبێتە بومەلەرزەیەکی کاریگەر بۆ بەگز داهاتنەوەی واقیعە لەباراچوەکەو بەشداریەکی کاریگەری بەگز داهاتنەوەکە دەکا دەبێتە هاندەرێکی بەهێز بۆ پاڵ نان بەرق و کینەی جەماوەرەگەو رازی نەبون بە واقیعە تاڵ و چۆڵدادانەکە ، لەو ساتەی ئەدەب بەشداری ئازارەکانی کۆمەڵ دەکا بەشداری گۆرانی واقیعی تاڵ و بیری گەندەڵ دەکا ئەو ساتەی کە دەبیتە دەستیکی گەورەبو بەرەوپیش چونی رەو رەوەی میژوو ، لەو ساتەی ئەدەب دەبێتە سەرچاوەی هۆشی کارگەرو رەنجکێشان و جوتیاران • ئەو کاتە ئەدەب بەشداری رووداوەکان دەکا و ئاوێتەی ژیان دەبێت ئەوساتە ئەدەب ، بەرگی شۆرشگێڕیەتی لە خۆی دەپێچی ئەوسا ئەدەب بەگز سەرمایەدارو دەربەگ چەوسێنەرەکان دا دێتەوە ئەوسا لەناو باوەشی واقیع ، بۆ بەشداری کردن لەبینا کردنی کۆمەڵ ئەدەبی شۆرشگێڕ لەدایك دەبێت سەر هەڵدانی و پەیدا بونی •ـ رد فصلێك ـ ەوە بەرامبەر لەباراچون و نارێکی واقیعەکە کە لەمەدا کێشەکە لەبەرگی پەرەو روو بونەوەیەکدایە بەرامبەر بە لەبارا چونی دەوروبەرەکە ئەو دەوروبەرەی کەمرۆڤ واتە شتە مادیانەکەی تێدا کۆبۆتەوە ئەوسا مرۆڤ لە کەرمسەمەوزوعیەکان دەبینی و لەبەرەو روبونەوەکەدا لە تەنها هەر کێشەو واقیعە لەبارچوەکە دەردەخا بەڵکو لە ئەنجامی ـ رد فصل ـ

که‌و رازی نه‌بون به‌واقیعه له‌باراچوه‌که بۆ داهێنانی واقعیکی
مه‌وزوعی ترو له‌بار هه‌وڵ ده‌دان هه‌روه‌کو لینین ده‌ڵێ (هۆشی
مرۆڤایه‌تی ته‌نها هه‌ست به‌چیهانی مه‌وزوعی ناکات به‌ڵکو
خۆیشی جیهانه مه‌وزوعیه‌که ده‌خوڵقینی) هه‌ر لێره شه‌وه‌یه که
مرۆڤ له‌راست بونه‌وه‌و رازی نه‌بونه‌که‌یدا داهێنانێك ده‌خو-
لقێنێ ، داهێنانی تیۆری رازی نه‌بون به‌واقیعه کۆنه‌که ئه‌و
واقیعه‌ی که ئه‌وه‌ی تیدا بێ پایه‌خ و پشت گوێ خراو چه‌وساوه‌یه
چونکه هه‌مو میلله‌تێکی هۆشیارو زیت به‌رامبه‌ر ئه‌و شتانه‌ی که
ده‌بنه ته‌گه‌ره‌یه‌ك له‌به‌رده‌م ڕێزه مرۆڤانه‌که‌یو به‌ره‌و پێش چو-
نیدا راده‌وستێ و به‌رهه‌می ئه‌ده‌بیش به شیعرو چیرۆك و نوسینه‌وه
به‌رهه‌میکی له‌یه‌کنه پچراوو به‌کانگیری میشك و هۆش و بیرکردنه-
وه‌ی مرۆڤه‌کانی ده‌ورو بەره ئه‌و مرۆڤانه‌ی که‌له ژماره‌دا که‌م و
خاوه‌ن بیرکردنه‌وه‌و داهێنانیکی زۆرن .

(٢)

که‌واته له ئه‌نجامی به‌گژدا هاتنه‌وه‌ی میلله‌ت و مرۆڤه رمسه‌نه -
کانی کۆمه‌ڵ به‌رامبه‌ر واقیعه تاله باره‌که بومه‌له‌رزه‌یه‌ك ده‌بێ
و له ئاکامی تێکۆشان و راپه‌رینی میلله‌تیشدا روداوێکی تراژ -
یدیانه سه‌ر هه‌ڵده‌دات که‌له ئه‌نجامی به‌ره‌و روبونه‌وه‌ی ئه‌و
یاسایانه‌و په‌یدا ده‌بێت که‌یاری کۆمه‌ڵایه‌تی و سیاسی و ئابوری
کۆمه‌ڵیان له گرێژه‌نه بردوه که‌به‌و به‌گژدا هاتنه‌وه‌یه‌ش ده‌وترێ
کاری شۆڕشگێڕانه ئه‌و کاره‌ی که زۆربه‌ی میلله‌ت واته مرۆڤه
چه‌وساوه‌کان ، ئه‌و مرۆڤانه‌ی که‌به‌رژه‌وه‌ندیان له ئازادی و که‌واته
مه‌به‌ست له ئه‌ده‌بی شۆڕشگێڕ لایه‌نێکی مه‌زن ئه‌وه‌یه که کارگه‌رانه

بەشداری گۆڕینی باری تالی گوزەرانی جەماوەر بکات، ڕوەو داهێنانی بارێکی لەبار و ئاسودە کە بەختیاری بۆ جەماوەرە چەوساوەکە دابین بکات کە لێرەشدا ڕوداوەکانی دەوروبەرو کێشە جەنجالەکانی وڵقیع دەبنە کەرەسەیەکی خاوی بەرهەمە ئەدەبییەکەو نوسەر زەخیرەی داهێنان و کەرەسە بنچینەییەکانی لێوە هەڵدێنچێ، ئەوسا ئەدەب لە کێشەکانی شۆڕشدا ئەو ئەرکە بەجێ دەگەینێ کە ببێتە پاڵێکی بەگور بۆ تەقاندنەوەی زەخمە جەماوەریەکە ڕوەو فراوان کردن و ڕەخساندنی هەلی گونجاوی شۆڕش و لەهەمان کاتیشدا دەبێتە ئاوێنەیەکی ڕاست و دروستی ئەو واقیعە نالەبارەی کەمیللەتی تێدا دەژی ڕۆڵی سەرەکی ئەدەب دەبێتە دەرخستنی هەمو ڕوداوەکانی شۆڕش و هاندانی جەماوەر بۆ بەرگری کردن لەو پاڵە پەستۆیەی دەکەوێتە سەریان بۆ بەگژداهاتنەوەی پاڵەپەستۆکەو لەهەمان کاتیشدا هەلسەنگاندنی کێشەکان و ڕوداوەکانی شۆڕش دەبێتە لێپرسراویەتێک بەنسبەت ئەدەبەوە شۆڕشگێڕەکەو هەروەکو کارل ریدیکیش ئەو مەسەلەیەی ئەدەبی شۆڕشگێڕی هەڵدەسەنگێنێ و دەڵێ (ئەدەبی ریالیزمی سۆسیالست تەنها ئەو واقیع و حەقیقەتانە ناخاتە بەرچاو وەک ئەوەی کە هەیە، بەڵکو ئەو زانینانەمان دەخاتە بەرچاوان کەلە کام ڕواندگەوە شتەکان دەجولێن) واتە هەست کردن بەڕوداوەکان و بەشداری کردنی شۆڕش پێشبینی کردنی ئەو ڕوداوانەی کەلە تەقینەوەدان و هەڵسەنگاندنی هەمو لایەنەکانی شۆڕش و بەرەو پێش چونی ئەو جگە لە بینینی ئەو ڕۆڵەی کە پێشمەرگەیەک لەسەنگەرەکەیدا دەیکات هەر بۆیەشە ئەدەب لەسەردەمی شۆڕشدا واتە لەسەردەمی گۆڕانی قۆناغێکی

میژویدا ره‌نگدانه‌وه‌ی هه‌لسوکه‌وت و نه‌خشه‌کێشانێکی دروستی شۆرشگێڕه‌کان و چونه‌ناو بۆته‌ی شۆرشه‌که‌ی له ئه‌ستۆدایه کاری ئه‌ده‌ب ده‌بێته ده‌رخستنی هه‌مو روه‌کانی باری کۆمه‌ڵ و رووداوه‌کان و به‌شداری کردنێکی گه‌وره‌ش هه‌یه له‌سه‌ر هه‌ڵسه‌نگاندنی هه‌مو لایه‌نه‌کانی سه‌رده‌می شۆرشدا و کاری ئه‌دیبه‌کانیش به ئه‌نجام گه‌یاندنی پەیامی پێروزو گه‌ران و قوڵبونه‌وه‌یه بۆ هه‌مو ئاماڵه‌کانی ژیان و سه‌ره‌تاتکێی ئه‌دیب له‌گه‌ڵ به‌رهه‌مه شۆرشگێڕیه‌که‌یدا سه‌ره‌تاتکێی ئه‌دیبه له‌گه‌ڵ مه‌رگی خۆیدا ئه‌و کاته‌ی ئه‌دیب شۆڕشی چینه‌که‌ی خۆی به‌به‌رهه‌مه‌که‌ی ده‌زه‌رد ده‌کاته‌وه و له‌به‌رده‌م رقی چینی بۆرژوادا وه‌ك پێشه‌رگه‌یه‌کی دیار به‌ر به‌ره‌کانی ده‌کرێ هه‌ر ئه‌و هه‌ست کردنه‌ش بو که‌وای له ئیتلایوسف کرد که‌بلیت (ئه‌دیبه شۆرشگیره‌کان هه‌روه‌کو چه‌ند تیپێکی پشکنین وایلکشافه ـ وان له‌هه‌نگدا ، ئه‌وانن که ڕێگا بۆ پاکردنه‌وه ده‌پشکنن و هه‌رئه‌وانیشن به‌یه‌که‌م گوللە ده‌کوژرێن) .

هەولێر کتێب

لێکۆڵینەوە ...
بە ڤشەشێکۆ دەدوێ

ئەوەی لە دووڕەوە ناوی ئەم شاعیرەی بیستبێ و شیعرەکانی خوێندبێتەوە ، بە شاعیری لاوانی سۆفیەتی زانیوە . بەڵام کە خۆی دەبینێ ، قژە سپی بووەکەیت بەچاو دەکەوێ ، چرچی دەم و چاوی دەبینی ، یەکسەر تووشی سەرسوڕمان دەبی .... بەڵام گۆڕانی بیچم کاری نەکردۆتە سەر ناوەرۆک ، بە هەراو هۆریایە هەرزەکاری یەکەی ، بە کراس و جلە رەنگاو رەنگەکانی ، هەست بە جموجۆڵی لە بن نەهاتووی گەورەیی ئەم شاعیرە دەکەی ، کە دەتوانێ لە هەموو شوێنێکەوە سەرنجی خۆشەویستی خەڵک بۆ خەندەی سەر لێوی زاوکان رابکێشێ .

شیعر سیاسەتە :

- شاعیرەکان لە بەردەم بڵاو بوونەوەی شەڕو گیرەو کێشە لە ناوچە جیاجیاکانی جیهان دا دەبێ چی پێش کەش بە خەڵک بکەن ؟

× بە رای من شیعر بۆتە سیاسەت ، واتە شیعری راستەقینە بەردەوام دیفاع لە مافەکانی مرۆڤ دەکات دیفاع لەو خەڵکە سادەو ساکارانە دەکات کە خوێندەواری یان نی یە

جا هەتا ئەگەر شاعیر وەک پێشمەرگەیەک لە سیاسەت دا بەشداری نەکات هەتا ئەگەر راستەوخۆ شاعیر لە دژی شەڕ

نه‌نووسیێت ، ئه‌وه جوانی شیعره‌کانی ده‌ستی یارمه‌تی بۆ مرۆڤایه‌تی دڕێژ ده‌کات .

رۆژێکیان رۆستۆینسکی گوتی .((جوانی جیهان رزگار ده‌کا))من باوه‌ڕم به‌م قسه‌یه هه‌یه ، چونکه شاعیری پاک‌هه‌تا ئه‌گه‌ر چه‌کداریش نه‌بێت ، ئه‌وه گومانی تێدانی یه که ناوه‌رۆکی شیعره‌کانی ڕه‌تی له‌هه‌ست و نه‌ست بۆ تێکڕای مرۆڤایه‌تی ، بۆیه ئه‌ویش جه‌نگاوه‌ڕێکه له پێناوی ئاشتی‌دا ...لێره‌دا چه‌شنێک شاعیر هه‌ن ، راسته‌و خۆ له‌مه‌ته‌عبیر ده‌که‌نه‌وه ،من خۆم به یه‌کێکی له‌وانه ده‌زانم ، من له نووسینی راسته‌خۆ شه‌رم نام گرێ ... چونکه ئه‌وه شتێکه به کَسایه‌تی هه‌ر شاعیرێک له شوێنی خۆی به‌نده ، بۆ نموونه باسترناک شاعیرێکی سیاسی راسته‌و خۆ نه‌بوو ، که‌چی مایاکۆفسکی شاعیرێکی شۆڕشگێڕی کراوه بووه ، به‌ڵام باسترناک‌و مایاکوفسکی هه‌ر دوو وه‌ک یه‌ک‌خه‌باتیان بۆ ئاشتی مرۆڤ کردووه .

شیعر ئه‌و ڕووباره‌یه هه‌رگیز ووشک نابێته‌وه و به‌رده‌وام ده‌ڕوا و ده‌ڕوا ....

ـ ئه‌گه‌ر هه‌ندێ له‌ شاعیره‌کان کرانه سه‌رکردایه‌تی جیهان و حکومه‌ته‌کان ، ده‌بێ مه‌سه‌له‌کان چاکتر به‌ڕێوه ببرێن ؟ !

شاعیر ده‌ڵێ : من نه‌بۆ خۆم و نه‌بۆ هاوڕێیه‌کانم ئه‌م جۆره پیشه‌یه ناخوازم ، ئه‌م جۆره ده‌ره‌جه‌داریه‌ی یه بۆ که‌س به‌رده‌وام نابێت ، چونکه مه‌حاله هه‌موو که‌سێک وه‌ک یه‌ک‌ڕازی بکرێ .... به‌ڕای من حکومه‌ته‌کان به‌تێکڕا چه‌ند ده‌ڕگایه‌کن به‌داخه‌وه !

پێبوستی ماتپی یان هه‌یه .

لینین به‌ئاشکرا ڕوونی کردووته‌وه که مرۆڤ له داهاتوودا که

بەتەواوی پێ دەگات ، پێویستی بەهیچ جۆرە حکومەتێك نی یە ..... کەواتە حکومەتەکان شتی کاتین ، دێن و دەڕۆن ، بەڵام شیعر بەردەوامە و نابڕێتەوە ..

- ئایا مولتزم بوونت هیچ جۆرە گیر و گرفتێکی لەسەر خستنی ئایەتی شرنەر وەنا ریتەوە ؟

- مولتزم بوونم هیچ جورە تەنگ و چەلەمەیەکی بۆ نەهێناومەتە پێشەوە چونکە من لە خێزانێکی شۆرشگێڕ لەدایك بووم و لە منداڵی مەوە بەتوندی بە شۆڕشەوە ڤرچکم خواردووە ، هەردەم ئەدیبێکی مولتزم بوویمە ، لە نێوان هەموو ئەو نووسینەمە ، بەشێکی گەورەی کەوتۆتە ژیر ناوی ((شیعری سیاسی)) هەروەها بەشی تریش هەن لە شیعرەکانم سیاسی نین .

هەوڵم داوە تەعبیر لە هەموو جۆرە هەست و نەستێك بدەمەوە .. خۆشەویستی ، خەم ... تەنیایی ... شۆڕش ... هەموو ئەوانە کەسانەتی من پێك دەهێنن ، ناتوانم بە هیچ جۆرێك بیان گەڵێنم ....

- ئایا دەتوانی هەموو شتێك بڵێی ؟

X بەڵێ .. ئێستا هەموو شتێك دەڵێم ..

- ئەدی لە رابردوودا ؟

X لە سەردەمی ستالین من بچووك بووم ، بەشێوەیەك کە ناتوانم رای خۆم دەربڕی دەربارەی دەربەدەرم ..

- ئایا هیچ هۆنراوەیەکت نووسیوە ، تواناى بڵاوکردنەوەیت نەبووبێ ؟

- زۆر شیعرم نووسیوە ، جێ ی ڕەزامەندی خەڵکی تر

نه‌بووه ، نه‌ندێ بلاوکه‌ره‌وه بریاری بلاوکردنه‌وه‌یان نه‌داوه ، به‌ڵام ئه‌مه مه‌وزوعێکی تره ، چونکه ئه‌وه‌ی ئاره‌زووم بووه ، به بێ سێ و دوو نووسیومه .

یه‌فته‌شیفگۆ له چه‌ند دێڕێکدا :-

- له ساڵی ١٩٢٣ له سیبیریادا له دایك بووه
- یه‌که‌م کۆمه‌ڵه شیعری له ١٩٥٢ دا بلاو کرایه‌وه
- شیعره‌کانی بۆ زۆربه‌ی زمانه‌کان نێدنیا وه‌رگێڕدراون .
- تا ئێستا زیاتر له (٣٣) کۆمه‌ڵه شیعری بلاو کرده‌وته‌وه .
- جگه له شیعر ، رۆمانیش ده‌نووسێ و کاری سینه‌مایش ده‌کا .

هه‌والنامه‌ی کتێب

سۆشیالیزم ئامانجه
سه‌رمایه‌داری دوژمنه
چه‌کیش گشتی یه ،
به‌ڵکو تفه‌نگه !

مایکۆفسکی »



(١)

ئەگەر دەفتەری یادەکانت هەلدایەوە و
لەلاپەرەی وون بوەکاندا ناومت خوێندەوە
ئەوسا بزانە ،
لەگەل هەوریکی سووری بەهارا
بووم بەبارانەو
باریوم بەسەر کێلگەی
جوتیاریکی هەژارا

(٢)

ئەگەر لاپەرەی ئاوازەکانت هەلدایەوە و
لەدامینی سرودی کەسانی دا ناومت خوێندەوە
ئەوسا بزانە ،
بووم بە لایلاڵە
بو منالی گریکاری
کەلەبرسانا خەوی نایە

(٣)

ئەگەر لە پرسەی ماتەمی شاعیریکا
چیروکی دلداری مەم و ژینیکی تورت خوێندەوەو
دلت بە فرمیسکیکی چاو ئاوی خواردەوە
ئەوسا بزانە ،
من هونراوە
بووین بە ئەرخەوان
بوگردی سەیوان !

لێکۆڵینەوە ...

شاعیر و رەخنەگر

(ه . و . گارود)

د ەشێ یەکەم جار (سنگا) و پاشان (بن جانسۆن) و هاوبیرەکانیان بووبن کە گوتویانە (رەخنەگری شیعر دەبێ شاعیر بێ) بە پای من هەر چەندە پلەی رۆشنبیریشم میندە بلند نی یە پیم وایە کە (سنگا) یان بە هەڵە داچووە یان هەموو مەبەستی خۆی دەرنەبڕیوە .

کاتێک سەیری رەخنەگرە سەرکەوتووەکان دەکەم و سەرنجیان دەدەم ، دەگەمەئەو قەناعەتەی کە رەخنەگری شیعر دەبێ خۆیشی شاعیر بێ ، بەڵام پێویست ناکا شاعیرێکی باش بێ . بەو جۆرەزۆربەی رەخنەگرە چاکەکان شاعیری پلەدوون ، شاعیرانی پلەیەک دیسانەوە کاتێک کەلە شیعرەوە ، رووڵە رەخنەی شیعری دەکەن بەتاقیکردنەوە دەر کەوتووە کە رەخنەگری لێ نەهاتووڵە تۆناغ دابراویان لێ دەر دەچێ

بەڵای منەوە (گۆتە) گەورەترین شاعیری سەدەی نۆزدەمی ئەوروپایە ، ئەی هەر ئەویش نیە کە (سوین برین) بە خراپترین رەخنەگری جیهان لەقەڵەمی دەداث؟ بۆ سەڵماندنی ئەم رایەش چەندین نموونە لەبەرهەم و بیر-وڕای گۆتە دەکاتە بەڵگە .

باسەرنجێکی (فیکتۆر هۆگۆ) ش بدەین (ئاناتۆل فرانس)

دەیگوت : شتێك بەناوی رەخنەوە لە ئارادانیە هەلکو ئەوەی کە هەیە بریتی یە لەمسەلەی (خۆوستن) و (خۆنەویستن) ٠ نموونەی راستەقینەی ئەویش لەسەر (فیکتۆر هۆگۆ) بوو کە دەیگوت . هۆگۆ لەبۆ چوونێکی دانەبێ هەتەواوی بۆ چوونە گرتگەکانی دیکەیدا دەربارەی کلاسیکەکان بە هەڵە دا چووە و سەرنەکەوتووە ٠

گەر (بایرون) لەگەڵ (گۆتە) و هاوچەرخەکانی بەراورد بکەین شاعیرێکە وەك (شکسپیر) کە چی لە هەموو جوکمەکانیدا لەمەڕ شاعیرانی دیکەوە ، بە چەشنیك لە قۆناغ جێ ماوە کە مایەی سەرسوڕمانە ٠

ئەگەر (والتر سکوت) شاعیرێك پەسند بکات ئەو شاعیرە هەقیەتی شانازی بە خۆوە بکات ، لە کاتێکدا (ورد زورت) هەر شیعرێك باشیش بوایە ئەگەر هی خۆی نەبوایە بەبەرهەمێکی خراپی دەزانی ٠

لەگەڵ ئەوەش دا تێڕوانینی شاعیرە گەورەکان چ لەمەڕ شیعرەوە بەگشتی وچ دەربارەی شاعیرانی دیکە هێندە کەم بەهاو بێ سوود نیە ٠

بەڕای من تێڕوانینی ئەم شاعیرانە ، رەنگدانەوەی خواست و خووڕەوشتی خۆیانە زیاتر لەوەی رەخنەیەکی زانستی بێ ٠ چاکترین رەخنەی شاعیرێك لەسەر شاعیرێکی دیکە ، شیعرەکانی ئەو شاعیرە خۆیەتی ٠

ئەوانەی دژی رەخنە گرتنن ـ شتێکیان لەوانە کەمترە کە نکۆلی لەراستی دەکەن ـ ئەم مەسەلەیە پەچاوێکی سووکەرە سەیر دەکەن و هێرشی نارەوای دەکەنە سەر ، ئەمانە دەڵێن ؛

ـ ئەگەر شاعیرە گەورەکان نەزانن شیعر چی یە ، ئەی ئیتر کێ دەزانێ ؟

وه‌ڵامه‌که‌ی ئه‌مه‌یه‌که : ته‌نها ره‌خنه گرێکی هێژا ده‌زانێ شیعر چی یه ٠ ئه‌رێ ئێوه‌ش هه‌ر چاوه‌ڕێی هه‌مان وه‌ڵام نه‌بوون ؟
کاتێک شاعیرێک له‌لایه‌ن شاعیرێکی دیکه‌وه ده‌درێته به‌ر ره‌خنه ، یان دزێک به‌دوای دزێکی دیکه‌دا ده‌نێرین ، له‌راستیدا (ره‌گه‌زی) زاڵ و هاوبه‌شی له هه‌ردوو لادا فه‌رامۆش ده‌که‌ین ٠٠٠
شاعیر گه‌وره‌کان له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا که هاوه‌نی هه‌ست و سۆزێکی به‌رزن ره‌خنه گرێ‌سه‌ر که‌وتوویان لێ هه‌ڵناکه‌وێ ٠
نامه‌وێ بڵێم له‌دایک بوونی ره‌خنه‌گر ، مه‌رگی شاعیره. به‌ڵام پێم وایه کاتی شاعیرێک خۆی به‌ره‌خنه‌وه خه‌ریک ده‌کات ، هه‌موو هه‌ست و سۆزی ناسکی خۆی له‌دست ده‌دات ٠ شاعیری گه‌وره هه‌رگیز له هه‌ست و سۆزی خۆی جودا نابێته‌وه و لێک دانابڕێن ٠

هه‌ڵواڵنامه‌ی کتێب

⊙ ئازاد عه‌بدوڵڵا ⊙
له‌فارسیه‌وه کردویه به‌کوردی

شیعر ....

چوار هۆنراوە

١- کەویڵ

ڕەهێڵە و با ،
سەری بۆران پێچیان ،
کردین بە کەوێڵێکی لاڕێ دا
پشتی کە وێڵ ،
وەکو بەری ، دەستی زبری خاوەنەکەی پڕ شەقارەو ،
لەگەڵ هەر ڕێژنە بارانێکی تووڕە دا ،
چەند دڵوپێ ، دەتەڕێن و
لەشەقاری بن میچەوە .. دەتکێنە خوار !
دڵوپەکان ،
یەک نین .. دەنین ،
نازانم نا ،.. بەمنی تەزیو .. نایەنە ژمار !
بەڵام ئەوەی ، کەدەیزانم و لێم تێک ناچێ
((هەردڵوپێ ، دێتە خواڕێ ،(تۆ) یەکی تیای !
ئای چەند خۆشە ،
کەدەتبینم ، تۆش ،وەکومن ، ئابەم شەوە عەشقی چیای !))

١٩٧٩/١٠/١
نێوزەنگ

٢- چه‌پکه گوڵێک

بۆ
شه‌هید برایم عه‌زۆ و
هاوڕێکانی

له دامێنی ، باخچه‌یه‌کی سوتاوه‌وه ،
به‌دزیه‌وه ،
چه‌پکه گوڵێ ، به‌ره‌و گۆڕی خۆی راسکاند !
کاتێ درکه ، سیخوره‌کان بێیان زانی
ده‌وریان لێدا و ،
به‌ره جوانه ته‌نکه‌کانیان ،
یه‌ک .. یه‌ک .. وه‌راند !
که‌به‌یانیش ، مه‌لا بانگدان ، |
لانگه سه‌وزه رووتاوه‌کان ،
له‌خه‌و هه‌ستان
سه‌رنجیان دا ،
به‌ره سووره پڕواوه‌کان ،
هه‌ر هه‌موویان ،
بوون به فه‌رشی به‌ر ده‌رگای ماڵی هه‌ژاران !

١٩٨٠/٢/٧
زه‌لێ

هەولێر کتێب

٢- زیندان

شەو راشکا ،
چرای ئەو دیو ،
دەرگای پۆلای ژووریکی تەنگ دا گیرسێنرا
دوا دڵۆپی خوێنی گەشی
دڵی گەورەی ،
جووتیاریکی چۆغە درا وی باوەشی چیا !
جووتیاریکی نووقمی بیری ،
رزگار بوونی رەنجدەرانی کوردستان و ،
دوا هەرێمی سەوزی دنیا !
بۆ ناو کەدەی ،
شووشەی بانکە خوێنە دزراوەکان هەڵچوریێنرا !
شەو راشکا ،
کلیلی ناو کیلۆنی دەرگای ژووره نووتەکەکە سوڕێنرا !
هەر بەو شەوە
جەستەی سووری ،
ئەو مرۆڤەی ئازاردانی بەر بەریانە
لێوی ئەویان پێ نەجوولا
بەرەو چالێکی ئامادەی
گۆڕستانی (مجوزەکان) راکێشـــــکرا !

١٩٨٠/٢/٢٨
زەڵێ

٤٠

٤- ئەوین

کەو تا لە بری ،
بەفری شاخان ،
لەناو لمی بیاباندا ، نەیان گەوزاندر
گری عەشقی بەفری کوێستان
پەرو بالّە جوانەکانی هەڵنەکروزاند
منیش هەتا ،
لەدەشتێکی ڕووت و قوتدا
نەکەوتمە ناو کەمینەوەو
ڕێژنەی گوللە ، وەکو تەرزە بەسەر سەرم دانەباری
خۆشەویستی ،
بەردو دەوەنم نەزانی .
کرێکارەکەی هاوڕێشم ،
هەتا پایپی چەوسانەوە ،
تەمەنی نەکـــــرد بەسوتەك

هەولێری کتێب

(قوچ باشی)[1] ئەوینی ئەم ڕێیەی نەتوانی
تۆش تا وەك من ،
هونەری گریان فێر نەبووی
ئامێزت بۆ ، بارانی خەندەو پێکەنین نەکردەوە
هەتا وەك من ،
زووقمی دووری نەتکایە ناو هەناوتەوە
نەبووی بە پۆلە تیشکێکی ڕەوەندو
لە تووڵەی زڕێباری ئەوینم دا ، نەتوایتەوە .

١٩٨٠/٩/١٨
قەڵاتۆکان

(١) قوچ باش : بەرزترین لوتکەی قەندیلە

شیعر ٤٢

چوار هۆنراوە

ڕەفیق سابیر

١- گۆڕی بۆشەکان

بە بێ دەنگی ، مانّاوایم لە ئەسپە گلاوەکەم کردو
بە ناو ئێوارە خۆیناوییەکەدا
هەنگاوی شەرزەم نا
لە سەر یالّە تەماویەکەی ئەوبەر
بەرامبەری گژە بایەکە دانیشتم
پالّم بە گۆڕستانەکەوە داو
دەم و چاوم لە ناو لەپی دەستەکانم دا شاردەوە
گژە بایەکە خۆڵی میژووی بە سەر داکردم
بەرەو سەردەمی مندالّیم
برسێتی و
بێ وانەمەرگی بردمەوە .
بەم بێ وەختە بۆ کوێ دەچی ؟
چ ئاگرێ لە ناو دڵتا هەڵگیرساوە ؟
بڕوسکەی کام خۆشەویستی ،
کام نەبێنی
لە گیانتا چەخماخەی داوە ؟
جارێ سەری خۆت هەڵمەگرە
ناکرێ دەورەی ئاوایەکە چۆڵ کەین
هێشتا نە ڕێژنەکە خۆشی کردۆتەوە
نە لاڤاوەکە نیشتۆتەوە .

ئەو تروسکەیەش ، کە لە سەر گردە رووتەنەکە
وەک ئەستێرەیەکی دوور ئاسمانی کون کرد بوو ،
لە ناو هەورە نزمەکان دا توایەوە .
ئێمەش تا ئێستا بۆمان نەکراوە دارە مەیت و
کفنەکان ئامادە کەین
پێش ئەوەی لاشەکان بۆگەن کەن
باشتر وایە
لە ناو چاڵە بەفرەکان دا بیان نێژین
یان گۆڕە بۆشەکانی باپیرانی پێ پڕ کەینەوە .

٢ ـ کفن دز

هەر لە ئێوارەوە
دارستانەزەرد هەڵگەڕاوەکەم بە جێ هێشت
چاوم بڕیە گۆڕستانەکە و
چیا سووتاوەکەم لە ئامێز نا ....
هەردوو چنگم پڕ لە خۆڵەمێش کردو
لە ناو گڕە بایە بەفرینی یەکەدا حەشارم دا .

ئەم شەو تا ڕۆژ دەبێتەوە
هاڵاوی زەردی کفنەکانی ڕوخساری ئاسۆ دەتەنێ ،
دڵە پڕژیلەمۆیەکەم
لە ژێر هەوری خۆڵە میشا دەتوێتەوە .
لە کەیەوە چاوەڕێین ؟

ڕێژنـــه‌یه‌ك دا ینه‌کرد ئه‌م ژیله‌مۆیـــه بشواته‌وه‌و
هاڵاوی ئه‌م خاکه خوێناوی یه دا مرکێنیتـــه‌وه ...
به‌فرێکـــی ئه‌مســـتوور نه‌باری
ته‌رمه‌کان و .... ڕێگا دووره‌کان دا پۆشـــێ
ئێمه‌ش تا مانێکمان به ده‌وره‌ی گۆڕستانه‌که دا هه‌ڵنه‌چنێ

ئه‌وا چه‌ند شـــه‌وێکه
چرای گۆڕستانه‌که ره‌نگـــی مردووانـــی گرتووه،
زێوانه‌که‌ش هه‌ر له ئێواره‌وه ده‌نوێ.
ده‌شێ ئه‌م شـــه‌ویش
کفندزه‌کـــان چه‌ند گۆڕێکی تر هه‌ڵده‌نه‌وه‌و
خه‌و له چاوی مردووه‌کان بدزن
گۆڕه‌کـــان - به‌ته‌نیا - له‌به‌رسه‌رما دا و
مردووه‌کان - به ڕووتوقووتی - له‌به‌ر با دا
به شێ بـــێـــڵن.

٣ - له کوێ بتنێـــژم

بو هاوڕێ ی
شه‌هید شه‌فیق که‌ریم (شامۆ)

بایه‌کـــی سپی له و بناره‌وه هه‌ڵده‌کـــا و
گیانـــی شیرزه‌م ده‌تـــه‌نـــێ
گڕو گیای گۆڕســـتان و
ئاره‌قـــی ســـه‌ر ڕوخساره جوانه‌کـــه‌ت دا ده‌پۆشـــێ
شۆڵی سه‌ر زامه‌کانت به نا و ئێواره دا پـــه‌خش ده‌کـــا

بایەکسی سپی پرچە ئالۆسکاوەکەت
وەک پۆلە تیشکی ناو ئاو رادەژێنێ .
بەرەو ئاسۆی لێڵی و نبوون هەڵمدەگری و
پەنجەکانم وەکوو چیلکە رەق و وشک دەکاتەوە .
بەم پەنجە سڕو بێ نینۆکانە
چەپکە گزنگێ - بۆ زامەکانت چۆن بچنمەوە...
داستانی سووڕت
لە تاوێر و بالای ئێوارە چۆن بنووسمەوە ،
دڵێشم شەختە و گڕ تەنیویەتی
چۆن تەرمەکەتی تیا بشارمەوە !.

٤ - لوتکە

لە نزیک ماڵەکەیانەوە ئاوارێ هەستا
بە یەلە رابوو چراکەی کوژاندەوەو
لە سیلەی پەنجەرەوە سەرنجی کۆلانی دا ،
ریزێ گوللەی ئاگر دار تونیلێکی دڕێژی لە شەو دا کرد
ماڵەکەی بەرامبەر یشیان چرایان کوژاندەوەو
گەرەک بە تەواوی لە ناو تاریکی دا نقووم بوو
کەچی لە سەر گردەکەی ئەو بەر ئاواییەوە
چرایەک وەک ئەستێرەیەکی کز
وەک ئاگری سەر لوتکەیەکی دوور دەسووتا

ئەو لوتکەیەی ... رواندگەی ئایندەی بوو
تاریک وروونی بەیانی دەچوو پاڵی پێوە دەدا
لە ژێر دەوەن و تاوێرەکانیا
سەربەستی و
خۆشەویستی و
تەمەنی خۆی هەڵدەدا .

هەوالنامەی کتێب

× ئەم هۆنراوانە لە سێ بەمین کۆمەڵە هۆنراوەی هاشیر (بۆ ای گۆڕستان) کە لە ژێر چاپدایە ، وەرگیراون .

× هەفیق کەریم (شامۆ) ماموستای زمانی ئینگلیزی بوو ... وەک پێشمەرگەیەک لە شەڕەکەی قزڵەردا شەهید کرا .

شیعر ...

ژانی پرسیپەکان

بۆ
(لینین) ی مەزن

لەنا و ژانی خۆری گەردوون
گرێکی ساووری بێ پشووی،
لە ژێر تیشکی ... چاوە شینەکانی (مارکس)
لەدایك بووی
لەنا و چرکەی
کاتژمێری رۆژانەدا
سروەی کارگەرانت ووت
لەنا و دەنگی تۆپە بوونی، برسیەکانا
نا وی تۆمان
بەگوێی کرێکاران دەبیست

لوتکەی مەزن
لەمەتارەی تینوەکانا
کانیی زولاڵت مەڵکەندو ....

شیعری: سەید حەمید ئامێدی

گوڵێ کێوێت ، لەیەخەی سەربەستی دەبەست
مەلی هەنگە برکێی زامیش
لەگەرمیانی ، ڕێگەختنی بۆڵشەویکا
لە کارگەکانی مۆسکۆدا
پەنجەی خەمەکانت دەگەست
ئەی ڕوانگەی هەژارەکان
کاتێ خورەی قەد پاڵەکان
لەلوتکەی بەفرینەکانی یاخی دەبێ
لەکانیاوی دامێنی چیا
ڕووباری ڕابەڕینی تۆڕ
خورەی خەو بەسەر لەوتنی
پڕۆلیتێری سوور دەبینێ •

ماوڕێ لوتکە
ئەمڕۆ ئێمەی ڕەش و ڕووتی کوردستانیش
لەسەر گۆڕی زیندوو تاین و ،
چەپکە گوڵی بیرەکانت
دەخەینە گوڵدانی هەژار

ئاوی دێمکەی تۆ دێنین و
وەک شاگردی ئازاری تۆ
نوردیە نانی شوانی برسی

هەولێری کتێب

توربـــەی خەمی ناو وەردو شـــۆ
دێنینەوە .....
بۆ رەنجـــدەرانی ناو گزنگ !

ئەی ماموّســـتا
نانە رەقی گوندی ســـووتاو
دەنێینە ناو فیشەکدانی شـــۆرشی نوێ
ســـەرمایەدار لە ناو دەبەین
ســـەردەکەوین .....ســـەردەکەوین
مادام هێزی
کارگـــەرانی کـــورد دەبزوێ !

١٩٨٠ / ٤ / ٢٢
تـــووژەلـــە

ماموّســـتا جەمیـــل رەنجـــبەری شـــاعیر : لـــە ١٨ / ١١ / ١٩٨٠ و لە گـــونـــدی (جەلکـــان) ی بنـــار کێـــوەرەش شـــەهید بوو .

دوو هۆنراوه

(١)

من ره‌نجده‌رم
بۆنی له‌شی گریساویم
لوتی هه‌مووتان پڕ ئه‌کات
بورجوا کان پێی پێست ئه‌بن
به‌لاّ کا تێك دڵدا ره‌کەم
تونگ تونگ ئه‌مگریت به‌خۆیه‌وه
پڕ به‌ هه‌موو سیه‌کانی ،
هه‌ناسه‌ی قوڵ هه‌ڵ ئه‌کێشیت
به‌سه‌ر شانما ،
فرمێسکی به‌ختیاری ئه‌ڕژێت
ئه‌لێت .. چرام !
ئه‌م بۆنه‌ت بۆسه‌ر به‌رزی من له‌ خۆت دا وه
به‌رگه‌که‌ت له‌ قوتابخانه‌ی چه‌وسانه‌وه‌دا دراوه
ئه‌وه گوڵه به‌ روته‌وه یان ڕه‌شاوه !
ماچم ئه‌کات

هه‌ولاّمه‌ی کتێب

ماچی ئەکەم
هەموو رەشی ماندوو بونمان
بە رومەتی دڵمانەوە جێ ئەمێنێت
لە ئاوێنەی سبەینێ دا
کاتێ روی خۆمان ئەبینین
پر بە پری ،
هەموو گەردون پێئەکەنین !

من رەنجدەرم
دڵم بە قەد زەوی ئەبێت
ئەم سنورە بۆگەنانەی دایان ناوە
لە سنوری سەری خۆیان تێ ناپەڕێت
ئەمانە سنور نین کێشراون
سەری مرۆڤی دواکەوتون ریز کراون
داوی قاچاخچیەکانەو ... داکوترا ون

(٢)

لە گەردونی ژینی منا
هەموو شتێك لە کۆتایی و تەوا و بونە
بیرکردنەوە و عەشق نەبێت
ئەو کاتانەی کە رقیشم ،
لە خوین مژەکان هەڵ ئەسێت
ئەو رقەم وەك کێژێکی جوان
لاشیرینەو خۆشم ئەوێت

٥٢

لە گەردونی ژینی منا
هەموو شتێك لە کۆتایی و تەواو بونە
بیرکردنەوەو عەشق نەبێت
لە کەناری رۆژەکانما ،
گوڵەو ئەرۆێت
بیرکردنەوەو عەشق نەبێت
وەکو بنیشت ،
لەناو دەمی کاتەکان دا
لە لیکاوی زاما ئەمێنێت .

هەولێر کتێب

⊙ ١٩٨١/٣/١٣ ⊙

شێخ ... رەحیم عەزیز



(١)

دەنگی دەسریژێك گوللە دێ .
دڵۆپە خوێن ، تك تك ، بێ بە زەیی یانە ...
لە برینە قوواڵەكانەوە دەرژێ .
دەم وچاوێكی ئەسمەر وەك زامی سەخت ...
لە تازەرەكاندا گیندگل دەدا ،
وەك خوێنی رژاو رەش داده گەڕێ و دەمەیی .
بەدەستە مەزنەكانی لەسەرە مەرگدا ...
باوەش لەخزڵەر و حزب دەدا .
ووشەی نەمر ...
وەك ڕێژنەی گوللەی پێك هەڵپژانەكە .
وەك گەلاڕیزانی دار بەرووەكانی ژوور سەری ،
بەسەر دیمەنی تەرمەكەیدا دەباڕێ .

(٢)

تنۆكە فرمێسكی زیاتر بووی ،
لەچاوی هۆشەویستەكانتەوە تكای .
لەسەر گوڵمەكان نەوەستای
هەتا ناخمان شۆڕ بوویتەوە .
وەك ئەستێرەیەكی زێڕین ....
لەبیرەوەریەكاندا دەدرەوشێیتەوە .
لەباوەشی حزبدا هەڵدێ .

لە ئاسمانی قزلەریش ئاوا نابی ٠

xxxxx

ئەگەر بەفریش نەباریّ ،
تکەی دلّۆپە خوێنێك دەستم دەگریّ ٠
بەفرو یادەکانی ئاشنایەتیمانم پێ دەشێلیتەوە ٠
لەبەر دەمی دیمەنە دلّتەزێن و دەگمەنەکان ،
لەبەر دەمی ئاواتە مەزنەکان رامدەگری ٠
ساتە مەزنەکانم بیردەخەیتەوە ٠
ئەوەتا دلّۆپە فرمێسکی قەتیسما و دەبینم ،
کاتی بەپەنچەی تابلۆکانت .....
تارای رووی کچە هەژارێك هەلّدەیتەوە ٠

(٣)

ئاخ موعتەسەم !
تفلەو دەم و چاوە دزێوانەی .....
وەك ترسنۆکی تۆقاو ،
چاویان زەق بوو بوو لەترسان ٠
بۆ خواردنەوەی خوێنە کەشت ....
قورگیان ووشك بوو بوو لە تێنوان ٠
تفلەدەستە خوێناویەکەی سەرمایەداران ٠

xxxxxxxx

ئاخ موعتەسەم !
چەندە بەدو ناشیرینە لەبەر چاوم ....
دیمەنی گوندی قزلەر ٠

دەڵێی هەموو دارو بەردی .....
لەسەر کاسەی سەرم هەڵچێنراوە .
دەڵێی هەموو کوندو داڵێ ئەم دونیایە .....
هێلانەی لەوێ کردووە .

(٤)

پاش نیوەڕۆی ڕۆژە گەرمەکانی هاوین ،
بۆرژاو دەرەبەگە تاوانبارەکان ،
لەگەرماوی مالّە رازاوەکانیانەوە دێنە دەرێ .
بەلارو لەنجە تایبەتی یەکانیانەوە ،
خۆیان لە ژوورە فێنک کراوەکان دەئاخنن .
بە فیزەوە .....
جگەرۆ گران بەهاکان دادەگیرسینن و .....
بیر لە رەنج مژینێکی تر دەکەنەوە .
ئەی تۆ بیرت لەچی دەکردەوە .
کەلە سێبەری دار بەروودا پاڵ دەگەوتی .
ئارەق دەم و چاو و گەردنی دەشوشتی .
یان شەوان بەدیار تیشکی کزی چراکەوە ،
بێدار دەبوویتەوە .
گوێت لە ئازارەکان رادەگرت و وێنەی شەهیدەکانت دەکێشا
دەپێم بڵێ تۆ بیرت لە چی دەکردەوە .
دەمژدەیەکی تر بدە بە چەوساوەکان .
دەمژدەیەکی تر بدە بە دڵە شکاوەکان .

(٥)

هەموو رۆژێ ،
هەژارە پەککەوتوو و کلۆلەکانی سەر شەقامەکان ،
یەکێ جنگی خۆڵ هەلدەمژن .
رۆژ هەیە بێ تاوانێ نەکوژن ؟ !.
کەچی زۆر کەس لەبەر هەڵپەرستی و ترسنۆکی ،
خۆیان لەمەیخانەکان دەئاخنن .
دەیانەوێ ئازارەکان لەبیر خۆیان بەرنەوە .
دوور لەشەڕە چینایەتی یەکان دەوەستن .
وەکو شێت لە رووخساری ژیان وورد دەبنەوە .

xxxxxxxxxx

هاوڕێ شەهیدەکەم .... سوعتەسەم !،
کاتێ تاوانەکانی بیردەکەوتەوە .
ئازایەتی و نەبەزینی دەشتە دڵێ چیاوە و دەیووت :
(ـ ئەی چیای بەمۆی مەزن !
وریا بە ،
وریا بە ،
نەکەی خۆت بکوژی .)
منیش ئەگەر ئەسپێک پێم بڵێ
(دەیانەوێ جگە لە نیەتمانەکەم ،
منیش زەوت بکەن و لەو چیایەم دابڕن)
پێی دەڵێم
ـ ئەگەر ویستیان بتگرن و دەرباز نەبووی ،
لە بەرزترین لوتکەوە خۆت فڕێ دە خوارێ .

هەولێر بۆ کتێب

- ٦ -

ئێوارەیەکـــی درەنگـــە
ئاوازێکی خەماوی لە روخساریەوە دەڕژێ .
منیش جۆگەلەیەک فرمێسکم ،
لە بیرەوەریەکانی تۆ و .....
لە خەم و گریانی رابردووی خۆم ئالاوم .
دەروانمە ئاســـۆیەکان
وەک مندالێکی هەژار ،
چۆن لەپی دەستەکانی بە بیا مخانەی کۆگایەکەوە دەنوسێنێ
و دەروانێتە ستێکـــی جوان
ئای .... ئێوارەیـــەکـــی چەند ماتو بێ دەنگـە
دەڵێ ی تەرمەکـــەی تـــۆیـــە ....
ئاوا بەرەو
باوەشی تاریکایی و ون بوون دەیگوازنـــەوە .

ك٢ / ١٩٨١

موعتـــەـــم : هونەرمـــەندێکی لێهاتوو و
پێشمـــەرگـــەیەکـــی عەرەب بوو لە شەری
قزڵەردا شـــەهید بوو .

شیعر و وێژەران ...

خوێنی ئێمە لە بەفری رەشەمی دەپشکوێ
خوێنی ئێمە لە سەر لالە دەپشکوێ
خوێنی ئێمە کراسی کرێکاران
خوێنی ئێمە کراسی جووتیاران
خوێنی ئێمە کراسی سەربازان
خوێنی ئێمە کراسی خاکمانە

xxx

لم نمی باران بە خوێنی ئێمە
ئاری ئازادی پێك دێنێ
نم نمی باران بە خوێنی ئێمە
هاوارمی سەبەینێ پێك دێنێ
خوێنی ئێمە کراسی کرێکاران
خوێنی ئێمە کراسی جووتیاران
خوێنی ئێمە کراسی سەربازان

xxx

ئەدەبیاتی کتێب





شیعری وەرگێڕدراو ....

٢- نووستنی پەر باران

دەستێك لە نێوانی خەنجەر و دیوار دایە
دەستێك لە نێوانی خەنجەر و دڵدا نییە
لە پێ پلیکانەکان
دێمە خوارەوە
ئێستا بێ پێ
.....
لەیلای من هەمیشە لە پشت پەنجەرەوە دەخەوێ و
باش دەزانی
کە من سپێدەی بەیان بێ دەست دێم و
توانای پەنجەرە کردنەوەم نییە
.....
لەکانی قەراغی عومان
رەنگیان ناپەڕێ
ئەمە کوڵمەی منە
کە رەنگی دەشتی سووتاوی هەیە
کاتێك تۆ
لە ناو زەریا دا
بێ پەنا دەبینم
دەستێ لە نێوان خەنجەر و دڵدا نییە
.....

خسرەوی گلسرخی ○ باوکی ئازاد ○ کوردووبە بەکوردی

نووستووی ؟
نا به ئه‌بـــه‌ری
ئایـــا تۆ خـــۆر
بۆ شـــار ده‌بـــه‌ی
تا کۆلانه نووستووه‌کانی به‌ر باران و
وشه شـــێ داره‌کـــانی دووری
دا بگیرسێنـــی
تا هه‌ردوو رۆشـــی چه‌م بزانـــن
کـــه ئاگـــر
هه‌میشـــه له ژێر خۆڵه میێش دا نانوێ
له ژێر دارژانـــی گه‌واڵه‌ی تۆی رووتدا
ده‌زانم ـ که بنارت ده‌وێ ـ ده‌زانم
تا له که‌ناره‌وه بـــۆی و
په‌نجه‌ره‌کـــان
رووه‌و بـــه‌یان بکـــه‌یتـــه‌وه
.....

من به ره‌شی دوو چاوی ره‌شی تـــۆ
ده‌نووســـم
له سه‌ر هه‌ر به‌شـــێکی ئه‌م باخـــه
ده‌ســـتێك هه‌میشـــه چاوه‌ڕوانی ده‌ستێکـــی تـــر
چاویـــك هه‌میشـــه هه‌یـــه کـــه نـــانوێ ٠

هه‌واڵنامه‌ی کتێب

چیرۆک ...

ف.ئەسەرد ۞

دۆزەخ

تیشکێکی کزو خەفەی چرایەکی کۆن لە گۆرستانەکەی لای باکوری رۆژ هەلاتی گوندەکە بەدی دەکرا ، چەند پیاوێك راوەستابون و چاویان بری بوە هاوڕێکانیان کە لاشەی کابرایەکیان دەشاردەوە ۞ هەندێکیان لەتاو هێلنجدانەوە تەواوی جەستەیان هاتبوە لەرزین و دیمەنەکە پرزەی لێ بڕی بون ، هەندێکی تریان نەیاندەتوانی دان بە خۆیانا بگرن و ئێش و ئازاری لە ئەندازە بەدەری خۆیان بشارنەوەو پیاوەکانیان بەحێ هێشت و گەڕانەوە ۞

مام تۆفیق کە شەکەتیەکی زۆر هەمو لەشی داگرتبو گوتی ـ (هەرگیز شتی وام نەدیوە ، نازانم بڵێم چی ، سەری دونیام لێ هاتۆتەوە یەك ۞ پەنجا ساڵم لەو دێیەدا بردۆتە سەرو شتێکیوام بەرچاو نەکەوتوە ، ئێستا ، لەئاخری تەمەنما ، توشی روداوێکی وا ببم هەر خواش قبوڵی تاکات)

چرچ و لۆچ دەموچاوی بو بونە نیشانەی سەرسورمان و پەشۆکاوی ۞ مام تۆفیق کابرایەکی بەسالاچوبو ، کۆتە بالاو تۆزی قەڵەو بو ، مۆرێکی ڕێزو ژیری بە دەموچاویەوە دیار بو، دوچاوە بجوکە

نیمچە نوقاوەکانی کە پتر لە چاوی پشیلە ئەچون ئەوپەری هێمنی و کابرایەکی فرە سادەی نیشان دەدا . دەموچاوی کزو زەرد هەڵگرابو ، تیشکی کزو خەفەی چراکەش پتر زەردی کردبو . تاو تاو هەردو لێوی کتوپر دەکەوتنە لەرزین وەک ئەوەبێ تەزویەکی ئارەبا بەلەشیا هاتبێ . چەندین چاڵی قوڵ لە سەرو چاوی وەدەر کەوتبون ، وپەردەی لەسەر دو شەویلاکەکەی لادابو کەژمارەیەکی یەکجار کەم دانی ساخی تێدا ماوە ، رەنگە تەنها پێنج بێ یا شەش .

مام تۆفیق هەرکەلاقەیەکی دەبووە دەنگی پتر دەخنکا . وەختێک کابرایەکسەرەتای رووداوەکەی لی پرسی هەلوپەرەی ئانی ئارەتەی دەم و چاوی سری و هەناسەیەکی هەلکیشا و گوتی ـ (کە ئەو یادە ناخۆشەم بیر دەکەوێتەوە هەستێکی سەیرو سەمەرە دامدەگرێ و سیبەکانم بەزەحمەت هەوای پاک هەڵدەمژن . لەو بەیانیە فێنکەدا چاوەڕێی هیچ شتێکی نا ئاساییم نەدەکرد . وەکو جاران وەدەر کەوتم و روم کردە کێڵگەکەم کە خۆم و چوار کورەکەم لە باکتاو کردنی بو بوینەوە هەمان رێگا خۆڵە پەتیکەم گرتەبەر کە پیاو دەیگرێتەوە بەر ، تا نزیک بو بگەمە مەبەستی خۆم و لە پر لەدەرەوە ، نزیک بەردە گەورە رەشەکە کە مندالان هەموو رۆژ لەوێ یاری دەکەن لاشەیەکم بەر چاو کەوت . ئۆە زمانم تاپرزێتە سەر باس کردنی ئەم شتە بەسامە . کزە لەجەرگم هات و دو دڵ بوم لەوەی لێی نزیک ببمەوە یان نا ، بۆ تاوێک پەلم نەبزواندوسەرم لێ شێواو .

ئاخرەکەی تاوم دایە خۆم و بە هەنگاوی لەسەرە خۆو قورسەوە لە لاشەکە نزیک دەبومەوە • لای لاشەکە راوەستام و هێڵنبم دەهاتێ • بەتەواوی نەمدەزانی ئەبێ چی بکەم • نەوێرام پەنجەی بۆ بەرم، نەوێرام جێی بهێڵم • ترس دانی چەقاندبوە زمانم و تەزویەکی سارد دایپڵەکاندم • لەو کاتەدا هەندێ بیرم بۆهات: دەستی پۆلیسێک تووند شانم بگری و بەرەو ئەوشوێنە راپێچم بکات کە لێی دەترسم • لەوانەیە تۆزێک دەهاتمەوە سەرخۆو ئازاتر دەبوم ئەگەر لاشەکە لاشەی کابرایەکی مردو بوایە وەکو هەمو لاشەیەکی بێ گیان، بەڵام وەشتێک خۆت لەیەنا لاشەیەکی سەر پڕاو دا دەبینی، ئەوا مەسەلەکە ئاسانو سادە نیە ! ئۆە لەوساتانەدا ئەو پەری پەشۆکاو و شپرزە بو، ئەوساتانە لە هەمو ساتێکی تر بەسامتر بون • پرسیار وەکو لافاو وەگیرم دەکەوت، پرسیاری وا کە بەشوێن وەلامدا دەگەڕێ، ئاخۆ کێ بێ ؟ لە کوێوە هاتبێ ؟ کێ کوشتویەتی ؟ بۆ کوشتویەتی ؟ بۆچی سەری بڕیوە؟! ئایا بۆ ئەوەی کەس نەیناسێ ؟ تەواوی شتەکانی ئەم جیهانە لێم بو بونە سەری پیاوەکۆژراوەکە، بەردە رەشەکە، کێڵگەکەم، گشتی وەکو بەشێک لەسەری ئەو پیاوە هاتە پێش چاو).

مام تۆفیق لەقسەکانی بومەوە بێ دەنگی بالی بەسەر گۆڕەکانا کێشا • زۆر بەیان تەنها ئەو شتانەیان دەزانی کە لەتەواوی دێکەدا بلاو ببوەوە، قسەلۆکی ئافرەتان، و گیرانەوەی مندالان، و بگرە و بردەی زۆر هاتەکان پتر راستیەکانی تێکەڵ بە درۆو دەلەسە کردبو • بێ گومان شتێک نەبو لە پۆلیس بشارێتەوە، مام تۆفیق شوێنی لاشەکەبانی پیشان دان و دەسبەجێ پۆلیس دەستی

کرد بە کاری رۆتینیانەی خۆی . دوای ئەمە ژمارەیەکی تری پۆلیس گەیشتنە لای بەردەرەشەکە ، فایلەکانیان دەرهێنا و هەموشتێکیان سەبارەت بە لاشەکە تێدا نوسی و تەواوی ناوچەکەیان پشکنی و لە دواییدا بەو وتەیە کۆتاییان بە کاروباری خۆیان هێنا : (دوای ئەوەی بەست بەست ناوچەکەمان پشکنی ، سەیری کۆژراوەکەمان نەدۆزیەوەو نەمانزانی کێیە) . دوای پشکنینێکی دوورو درێژ هیچ ئەنجامێکیان وەدەست نەکەوت ، لاشەکەیان دایە دەستمام تۆفیق بۆ ئەوەی بینێژێ و نەیانبردە تۆیژالگا (مشرحە) (هەر چونێک بێ لەو شارەی ئەو رودا وەی تیا رویدا تۆیژلگای لێ نیە) و ر پۆرتیان سەبارەت بەم تاوانە بۆ دەزگای لە خۆ بالاتر بەرز نەکردەوە چونکە نەیانویست لە پێش ئەواندا خۆیان بشکێنن گوایە تاوانێک رویداوە و پۆلیسی دەوڵەت تاوانبارەکەی نەدۆزیوەتەوە (خۆزگە لەو رادەیە بوەستایە ، بگرە نەیانزانیوە تاوان لێ کراوەکەش کێیە) .

وەختێک پیاوەکان چاڵەکەیان بەگڵ پر کردەوە هەمعات ئەریک بو ببێتە هەشتی شەو . هەندێکیان بەخاکەناس گڵەکەیان پەستو چونە سەری . یەکێکیان بە مام تۆفیقی گوت .

ـ(ئەرێ ئەو چرایەم بدەرێ و با برۆین ، شەوانی زستان تاریک و درێژن و باهنر وایە بەپەلە پرۆژی بگەرێینەوە بەر لەوەی لێمان ببێ بە باران . هەوری رەش باران لەگەل خۆی دێنێ) .

کەس نەبو بتوانێ بڵێت ئەوەی رویداوە شتێکی بەسام و سامناک نەبوە ، هەندێکیان بەلێکدانەوەی خۆیان ـ لایان وابوو

گوایە ئەو گوڕانەی بەسەر ئاو وەواکە دا رویداوە ، پێوەندی بە ناشتنی لاشەکەوە هەیە ، لە پرێکا ئاسمان کەوتە لەرزین هەیف نەما ، پەردەیەکی زیلی تاریك لە ئاسمانەوە هاتە خوارێ . پاش تاوێك بارانێکی توند لە ئاسمانەوە زەوی قوڵکە قوڵکە کرد ، ئاو هەموو گۆڕەکەی پر کردو لەو قوراوەدا جۆگەلەی کورت و درێژ دروست بوو ئاو وەکو قولە مار رێگای خۆی دەدۆزیەوە لە دەورو بەری گۆڕەکە گۆمە ئاوی پەرت بلاو دروست بو . ئاسمان بوبە مەیدانێکی جەنگ ، هەورە تریققە و رۆشنایی بروسکە گەردوونی داپۆشی . دنیا بوو بە دۆزەخ

هەورە تریشقە دەنگی دەدایەوە . لە گەڵ بە هێز ترین هەورە تریشقە دا ئەو گورە کەوتە لەرزین کە تاوێکی پێش ئێستا پیاوەکان هەڵیان کەند بوو . چینی سەرەوەی گۆڕەکە بە شێنەیی دەجولایەوە هاڵە ئاو بچوکەکانی سەر گۆڕەکە وردە وردە پەرش و بڵاو دەبوونو ئاوەکەی لێ دەهاتە خوارێ . لە پرێکا تەواوی گۆڕەکە لەرزی و درزێکی گەورە لە بەشی سەرەوەیدا پەیدا بوو ، قوڕەکەش بە لای راست و بە لای چەپا دەکەوت و لە گۆڕەکەوە سەرەپەنجە قوراوییەکانی لاشەکە وەدەرکەوتن . ئینجا پتر بەرز بوونەوە تا هەموو دەستەکە بە پێنج پەنجەکەیەوە دەبینرا ، پتر بەرەو سەرەوە بەرز بووەو تا هەموو بازووەکەی وەدەرکەوت . باران هێشتا بە توندی زەوی دەکوتی . لە ناکاو دا لاشەکە لە گۆڕەکە گورج راپەڕی تەکانی دایە خۆی و هەموو لەشە داچەقێنراوەکەی ناو قوڕی هێنایە دەر . لاشەکە ، پەیتا پەیتا ، و توزێك بەنارەحەتی توانی لاقەکانی خۆی لەو قورە دەربازبکات کە بوو بوو بە کۆسپێك لە بەر دەم هاتنە دەرەوەی دا . لاشەکە پتر لە دەختێك ئەچوو

نه له ره‌گـه‌وه هه‌لکه‌نرێ . لاشه‌کـه زیره‌کانـه کاری خـۆی به‌جێ هێنا مۆی له گۆره‌کـه ده‌رباز کردو له نزیك گۆره‌کـه راوه‌ستا وه‌ك ئه‌وه‌ی بێ بیر له‌و کاره بکاته‌وه که مه‌بەستیه‌تـی . قوڕ زۆربه‌ی لاشه‌که‌ی داپۆشیبوو ، باران ئه‌رکی لابردنی قوڕه‌کـه‌ی گرته ئه‌ستۆ .

گومان له وه‌دا نه‌مابوو که سه‌خت و دژواره مرۆڤ ناوێـك بۆ ئه‌و (تارمـایـیه) بدۆزیته‌وه که تاوێکه له گـۆڕ هاتۆته ده‌ری . ئێستا به لاشـه ناژمێردرێ ، مرۆڤـێـکـی زیندووش نـیه .

تارمایه‌که ، که‌نه سه‌ری نه‌یه نه‌نا و ، به‌ره‌و گونـده دراوسێکه نه‌نگاوی نا ، وتیپه‌ڕی ، ئینجا گه‌یشته گونده‌کـه‌ی تر بۆ ئه‌وه‌ی له‌وێ بوه‌ستێ . وه‌خته‌ك سێیه‌م گوندی لێ به‌دی که‌وت تاوێك مات و بێده‌نگ بو . له ده‌ره‌خته‌ك نزیك بووه‌و چلێکـی گه‌وره‌ی لێ کرده‌وه‌و روی کرده گونده‌که .

له گونده‌که له هه‌وه‌زنگا نقوم بوبو ، هه‌وره تریشقه‌و ده‌نگی باران له هاواری سه‌ره‌تای جه‌نگ ئه‌چون . له‌باکوری گونده‌که‌دا کۆشکێکی فراوان هه‌بو . تارمایه‌که که زانی ئه‌وا ورده ورده له‌و کۆشکه نزیك ده‌بێته‌وه ، توند داره‌که‌ی نێو دەستی خـۆی گوشی و هه‌نگاوی گه‌وره‌ی نایه پێشه‌وه . هه‌وره تریشقه هێنـده به هێز بو که‌س نه‌بو گوێ‌ی له سه‌گ وه‌ڕێ‌نێ سه‌گه‌کان هه‌ستیان به‌شتێکی سه‌یر کرد له نزیك ده‌روازه‌که‌وه .

تارمایه‌که به‌سه‌ر دیواره‌که که‌وت و خۆی هاویشته سـه‌ر زه‌ویه قوڕاویه‌که . له‌سه‌ره‌خۆ له پەنجه‌ره‌یه‌کی گه‌وره نزیـك

هەولێری کتێب

بووە ، کە لە پەنجەی کۆشکێکی ئیمپراتۆری ئەچوو ، دارەکەی بەرز کردەوە و شوشەکەی وردو خاش کرد ، پارچە بچوکەکانی شوشەکە پتر لە چوار مەتر دوور کەوتنەوە • تارمایی یەکەچووە ناو کۆشکەکە و بێ سێو دوو رووی کردە ریچکەیەکی دریژو تاریک کە دەگاتە چوار ژوور ، هەر دوانیشیان بەرامبەر بە دوو ژوورەکەی تر • تارمایی یەکەژوورێکیانی هەڵبژارد و دەرگاکەی کردەوە • ژوورەکە تاریک بوو ، هەورە تریشقە زۆربەی شتە بەنرخەکانی ژوورەکەی ڕۆشن کردەوە • تاوێک تارمایی یەکە ماتبوو ئینجا لە رایەخێکی گەورە نزیک بووە کە پیاوێکی زور قەڵەوی لە سەر خەوتبوو • دەستی بۆ دریژ کردو هەردوو شانی هەڵتەکاند • پیاوە خەوتوەکە لە سەر رایەخەکە گیرۆڵەی دەدا ، دەمی کردەوە و لێوی جولاند وەک بڵێی شتێکی خۆش جوێت • جارێکی تر تارمایی یەکە هەژاندی ، پیاوە خەوتوەکە کە پتر لە بارونێکی سەدەی ناوەڕاستەکان ئەچوو ، هەستی کرد شتێک هەوە شیرینەکەی لێ تێک دەدات • وەختێک پاوی کردەوە ، لە تاریکیا تارمایی پیاوێکی بێ سەری لێ هاتە پێش چاو ، ورتەی لێوە نەهات ، لە هەموو لایەکەوە ترسی لێ نیشت ، سەری لێ شێوا ، پاوی بە هەموو لایەکا گێڕا وەکو کابرایەک بیەوێ هاوار بکات بەڵکو فریای بکەون هەر کە چاوی بە تارمایی یەکە کەوت دارێ بەرز دەکاتەوە و دەیەوێ سەرو پۆتەلاکی بکوتێ ، نیوەی گیانی لە کیس چوو •

تارمایی یەکە بێ سێ و دوو بە دار کەوتە سەرو پۆتەلاکشکاندنی کابرا و ئەو کاتە وەستا کە هەستی کرد ئیتر سەری کابرای وردو خاش کردوە و هیچی لێ نەهێشتۆتەوە ۞

شوێنه‌که هیچ هاتوهاوارێکی لێ نه‌ما . باران وه‌ستا
پەله هەور پەرش و بڵاو بوو و هەیقەتارێکی تر وەدەرکەوت
تارمایی‌یەکە خۆی هاویشتە سەر کورسی‌یەکی قوژبنی ژوورەکە
و هەردوو ئانیشکی نایە سەر میزێک و کاغەزێکی بۆ لای خۆی
راکێشا و لە سەر میزەکەی دانا و ئەمەی تیا نووسی:
(پێویستە ئاکات لە شوێنێکا شت بنووسم کە روونا کی رۆنی
کردبێتەوە چونکە من خۆم ئێستا لە جیهانی تاریکی دام .
پۆلیسەکان ئەوپەڕی تووڕەیان کردم ئێستاش ئەو ئەرکەم
بەجێ هێناوە کە ئەبوایە پۆلیس بیکات هەری ئەو کەسەم
هەپروون بە هەپروون کرد کە منی کوشتوە)
تارمایی‌یەکە لە هەمان پەنجەرەوە هاتە دەری کە لێوەی پتوو
بوە ژوورێ . هەگوەر جارێکی تر هەرز بووەوە بەڵام هیچ
هەگیڵ نەدەویرا پەلاماری بدات . لە کەپوارەکەدا ئاودیو بوو
و هەمان رێگای گرتە بەر کە لێوەی هاتبوو . کە گەیشتە
گۆڕەکەی خۆی هەردوو لاقی بە شێنەیی راکێشا و
لەشی خزانده ژوورەوەو کپ لێی خەوت .

هەولێر کتێب

هەرچەند میژوو مەگەڵ تۆزێت ،
کۆشکی ئاسانی دەچێ

دەسپێکەم (١) "دەریاتامە"

"دوا قسەکانی ماسی یەکە"

ماسی کە دەکەوێتە تۆڕی راوچی یەوە چی دەڵێ ؟

دەڵێ : وا دیارە دەریا چەند پەنجەرەیەکی بچووکی بۆ پەیدا بووە . هەر ئەو ماسی یە گیراوە دەبێ چی بیژێ کە دەخرێتە ناو روونی قرچاوەوە ؟

دەڵێ : برسیتی بەرەو بە پیرەوە چوونی ئەوەی بردم کە خۆم ببم بە خۆراکێ بۆ برسی یەکان .

(٢)

"گاز گرتنی بە ئاشکرا"

لێکۆلینەوە رەسمی یەکانی حکوومەتی ئەمریکی ئەوەیان ساغ کردووتەوە کە سەگەکان لە دریژایی تەمەنی سالێکدا ، زیاتر لە یەک ملیۆن مرۆڤ ئەمریکی دەگەزن .. ئەمە لەوولاتێکدا روو دەدات کە لەریزی وولاتانی جیهانی سی یەم دانی یە ، کە چی لە زۆربەی وولاتانی جیهانی سێ یەم دا ، حوکمدارەکان بە خزیان گەلەکانیان دەگەزن .

(٣)

"جه‌نگی جورجـــــــــه‌کان"

له‌هه‌ندێ وولاته عه‌ره‌بی یه‌کان دا ، رۆژ نی یه بڕیاری دامه‌زراندنی تیپی قه‌لاچۆکردنی جورج نه‌درێ ، بۆیێ دوور نی یه له‌م وولاتانه‌دا شه‌رێکی دژوار له‌نێوان جورج و مرۆڤ دا هه‌ڵبگیرسێ .. هه‌روه‌ها دوور نی یه جورجه‌کانیش به‌ده‌وری خۆیانا ، ریزه‌کانیان ریك بخه‌ن و باری نائاسایی و پێك هێنانی ده‌سته‌ی به‌ره‌به‌ره‌کانی مرۆڤ ئیعلان بکه‌ن ، ئینجا ده‌بێ کێ له‌م شـــــه‌ڕه‌دا سه‌ر بکه‌وێ ؟!

چه‌ند راستی یه‌کی رووداوه‌کانی رۆژانه‌ی ئه‌م ناکۆکی یه ، ئه‌وه‌ی نیشان ده‌دا که ده‌بێ سه‌ر که‌وتن بۆ جورجه‌کان بێت ، چونکه جورجه‌کان گیان له‌به‌ر ژێر رووی زه‌وین و بێ زه‌وه‌رترین شێواز به‌کار ده‌هێنن که هه‌رگیز گیان له‌به‌ره‌کانی سه‌ر زه‌وی و بـــــه‌ر تیشکی رۆژ خۆیانی لێ نزیك ناکه‌نه‌وه ، به‌ڵام گۆڕانکاری یه‌کانی دامانتروی نیشتمانی عه‌ره‌بی ، هه‌میشه ئه‌وه ساغ ده‌که‌نه‌وه کـــه سه‌رکه‌وتنی کۆتایی ته‌نیا بۆ مرۆڤی راسته‌قینه‌ی خاوه‌ن بـــاوه‌ڕه به‌وه‌ی که هـــ رو ئاده‌میزادێك به تێکڕایی مافی یه ساکـــــی و شادی و به‌خته‌وه‌ری ژیانیان هه‌بێ .

(٤)

"راستگۆیی زیان به‌خش"

له ئۆقیانوسه‌وه تا ده‌گاته خه‌لیج ، چه‌ندان ساله شریـق و مۆری هوتاف لێدانه به‌و ناوه‌ی که ئه‌م زه‌وی یه‌ی دوژمن گرتویه‌تی (بۆی ده‌گه‌ڕێنه‌وه) بۆیێ ئه‌و خه‌ڵکانه‌ی هه‌زیان به‌راســـــتگۆیی یه ، زۆر به‌په‌له‌ن بۆ کۆچ کردنی هاوین ، چاوه‌روانـــــی به‌سۆزی گه‌رانه‌وه‌ی زستانن ، بۆ ئه‌وه‌ی له‌ته‌م و ره‌هێله داوا

بەڵکو ، بەناوی ئەوانەوە بۆ زەوی داگیر کراوی بدرکینێ (چەرمسەری هەر بۆتۆیە ، کەس بۆ لات ناگەڕێتەوە ، یان گەڕۆکن یاخود لاشەی کوژراوەکانە)) .

(٥)

" خانووی هەژارەکان "

گۆڤارە تایبەتی یەکانی لەوولاتانی عەرەبی دا پرە لە پلارو توانج و بەهێزو ڕێك و پێك دەربارەی دۆستایەتی بە جۆش لە نێوان پیاو وژن دا ، کەبە لەیەکتری مارە کردن و ژیانی ناو هێلانەی بەختیاری، کۆتایی دێت .

ئەم تەملیقانە ڕووی ڕاستی پیشان دەدەن ، چونکە عەرەبی هەژار ئەگەر بیەوێ ژن بخوازێ ، خانوویەکی بەکرێش دەست ناکەوێ جا ئەگەر بەراستی بیەوێ لەژێر سەربانێك دا بخەوێ ، ئەوە ناچارە لەسەر داریك و تارمایی سێبەرێك هێلانە دروست بکات .

(٦)

" مەیموونەکان "

دەزانی بۆ (ابونواس) ی شاعیر لەیەکێك لە هۆنراوەکانی دا ناوی سەردەمی خۆی بەناوی ڕۆژگاری مەیموون دەهێنێ ؟

ئۆی هەیە لەبەر ئەوە بیت ، کە مەیموونەکان لەو ڕۆژگادا ژمارەیان زۆر بوو بێت ، بۆیێ هەر دەبووایە بەئارەزووی خۆیان گالتە بکەن ، ڕابوێرن ، بسووڕێنەوە ، لێسنەوە ، ئەو کورسی - یانەش بگرنەوە کە ڕێگای دەسەلاتی وەرگردنی ئەو بریارانە دەدات کە پێویستە بدرێن .

(٧)

ئه‌زمونێك بۆ ئه‌وه‌ی ده‌یه‌وێ نه‌مر بێ

ماموستا ـ بۆ به‌یانی یان ئیشكی خۆر له‌رۆژهه‌لاته‌وه هه‌ڵدێ؟

خوێندكار ـ چونكه رقی له خۆر ئاوا ده‌بێته‌وه .

ماموستا ـ جیاوازی نێوان ووشه‌ی (به‌ڵێ) و (نا) چی یه؟

خوێندكار ـ تاكه جیاوازی یان ئه‌وه‌یه كه ووشه‌ی (به‌ڵێ) له‌ چوار پیت پێك هاتووه و ئه‌وی تریان ته‌نیا له‌دوو پیت دروست بووه .

ماموستا ـ دروكه‌ی به‌راست ده‌كه‌وێته‌وه ؟

خوێندكار ـ ئه‌گه‌ر دروماستاو كردنێكی ئایدیۆلۆژی یانه‌ی له پاله‌وه بكریت ، ئه‌و كاته ده‌بیته راستی یه‌كی ده‌قاو ده‌ق .

ماموستا ـ بۆ هه‌موو به‌یانی یه‌ك كه‌له‌شیر بانگ ده‌دات؟

خوێندكار ـ بۆ ئه‌وه‌ی خاوه‌ن گوێچكه‌كان ئاگادار بكاته‌وه كه خاوه‌نی گوێچكه‌ن بۆ بیستن نه‌وه‌ك هه‌ر بۆ خه‌وتن .

ماموستا ـ بۆ له هاوین دا به‌فر نابارێ؟

خوێندكار ـ چونكه له‌گه‌ڵ كۆمپانیا یه‌ك ڕێك كه‌وتووه كه ته‌نیا كاری بووپاگه‌نده كردنه بۆ فرۆشتنی ده‌رپێی مایۆی لاستیك .

ماموستا ـ له‌له‌ت و پەت كردنی به‌رده‌ستی بۆمبای نیترونی خراپ تر هه‌یه ؟

خوێندكار ـ به‌خیلی كه هیچ كریه‌كی ئه‌و تۆی ناوێ .

ماموستا ـ كێ سەر كۆماری میسری عه‌ره‌بی یه ؟

خوێندكار ـ رونالد ڕیگن .

○ كاكه باس ○

كردوویه به كوردی

گورگ و مەڕ

"سەدەی پەرەوگی"

هەبوو نەبوو مەڕێکی زەق هەبوو . رۆژێکیان مەڕەکە لە ناو میرگێکدا دەلەوەڕا ، کە سەری بەرز کردەوە و تەماشای کرد گورگێکی برسی بەرەو لای دێ و لە دوورەوە ددانەکانی لێ جیر دەکاتەوە .

مەڕەکە گوتی : سەلام !

گورگەکە ددانەکانی زۆرتر لێ جیر کردەوەو گوتی : سەلام و ژەمری مار ! تۆ لێرە چی دەکەی ؟ ئایا نازانی ئەم شاخانە هی باوو باپیری منە ؟ هەر ئێستا دەتخۆم .

مەڕەکە سەری سورما . هەوڵی دا نێڵێك بدۆزێتەوەو ، خۆی پێ رزگار بکا .

مەڕەکە گوتی : من باوەڕ ناکەم ئەم شاخانە هی بارك و باپیری تۆ بێ و من هەروا بە ئاسانی باوەڕ ناکەم . ئەگەر راستیش دەکەی ، وەرە با بچین بۆ سەر ئەم پیاو چاکە و لەوێ سوێند بخۆ تا باوەڕت پێ بکەم ئەو کاتە دەتوانی بمخۆی .

گورگەکەش گوتی :

مەڕێکی سەیرم وەگیر کەوتووە . دەڕۆم و سوێند دەخۆم و پارچە پارچەی دەکەم

گـــورگ و مەرەکـــە بەرەو پیا وچا کەکە رۆیشتـــن .
ســـەگی رانەکە خۆی لە نا و پووش و پەلاشـــەکە
شـــاردبووەوە .
مەرەکە بە گورگەکەی گوت : فەرموو ســـوێند
بخـــۆ .
کاتێ گورگەکە مەریکی سوێند خواردن بوو ،
ســـەگەکە لـــێی راپەڕی و قورقورۆکـــەی گـرت ،
و کوشـــتی ! .

" ئـــەحمـــەد رەجـــەب "
لە فارسی یەوە کردوویە بە کوردی

هەوالنامەی کتێب

ناوەرۆک

٢ چەند وشەیەک ..... دەستەی نووسەران
٤ بانگەواز ..... ک
٧ شیعری بەرەنگاری ..... نەبوو بەکر خۆشناو
٢٣ ئەدەب و شۆرش ..... محمد رەنجاو
٢٩ یەفتەشینکۆ دەدوێ ..... (.....)
٣٤ شاعیر و رەخنەگر ..... گارروود ...
٣٧ چوار هۆنراوە ..... هەڤال کوێستانی
٤٢ چوار هۆنراوە ..... رەفیق سابیر
٤٧ ژانی برسی یەکان ..... هەمید جەمیل رەنجبەر
٥٠ دوو هۆنراوە ..... مامە نالە
٥٣ موعتەسەم ..... رەحیم عەزیز
٥٨ بەر لە سێدارەدان ..... خسروی گلسرخی
٦١ دۆزەخ ..... ف. ئەسەد
٦٩ هەر چەند میش و مەگەز زۆربێت ،
کوشتنی ئاسانتر دەبێ ..... رەکەریا تامر
٧٣ گورگ و مەڕ ..... سەمەدی بەهرەنگی



هەولێر مەلبەندی کتێب

نووسەری کوردستان

ژمارە (١)

هەواڵنامەی کتێب

نووسەری

کوردستان

ئۆرگانی یەکێتی نووسەرانی کوردستان

ژمارە - ٩ -

١٩٨١

هەوالنامەی کوردی



ژمارە: ١٠ ئابی ١٩٨١

ژمارەی ژمارە

لەمانگی ئاداری ئەمسالدا بوو کە لیژنەی ئامادەکردنی "یەکیتی نووسەرانی کوردستان" ژمارە (١) ی گۆڤاری "پێڕەو" ی ژیکەلۆ شیرینی، وەک یەکەم بنرەتی نوبەرەی خۆی چاپ و بلاوکردەوە کە کۆمەڵی بابەتی ئەدەبی و هەمەجۆری لەئامێز گرتبوو..

"پیرەو" سەرەرای ئەوەی سەرەتای زمان پژانی "یەکیتی نووسەرانی کوردستان" بوو بەڵام تاقی کردنەوەیەکی باش بوو کە "یەکیتی" مان بۆی دەرکەوت ئەو بابەتە ئەدەبی یانەی "پیرەو" لەئامێزی گرتوون، چ لەرووی ناوەرۆک و چ لەرووی هونەری چاپەوە هێشتا لەوە لاوترن ئوخژن بگەینە بە ئەدەب و ئەدەبدوستانی کورد.

جگە لەمانەش، هەر دوای دەرچوونی "پیرەو" دام و دەزگا رەگەزپەرستانەکەی "صەدام" ی گیلە سوارو دۆراو، دەرگای "یەکیتی نووسەرانی کورد" ی بو ئیجگاری خەر داخست. بەو هیوایەی ئیتر نرکەی راپەڕیوی ووشەی کوردی کپ ئەکاتەوە.. بەڵام نەخەباتی جوامێرانەی "یەکیتی نووسەرانی کورد" کوتایی دێت و، نەووشەی کورد بێبش کپ ئەکرێت. بوبە وەک بەرپەچ دانەوەیەکی رژێمی خوین و سپیدارەی "صەدام" لەکلیل دانی "یەکیتی نووسەرانی کورد" و، دەرێزەپیدانی گۆڤاری "نووسەری کورد" ی خەباتگێر، لیژنەی ئامادەکردن بریاری دا ناوی "پیرەو" بگۆڕێت بەگۆڤاری "نووسەری کوردستان" (کەنزیکترە لەناوی – یەکیتی نووسەرانی کوردستان – موە). بەو هیوایەی لەمەودوا ئەگەر بومان لوا بەریک و پیکی لەگاتی خوید ا بێگەینینە دەست خوینەرانی خوشەویست. تکا کارین ئەدەب و ئەدەبدوستانی کورد، گۆڤارەکەمان

به‌ده‌نگی خۆیان بزانن و به‌ووسینی ئه‌دەبی هه‌مه‌جۆرو سه‌رنج و پیشنیاری دلسوزانه‌ هاوکاریمان له‌گه‌ڵدا بکەن .

گۆڤاری " نووسه‌ری کورد ستان " خۆی به‌ده‌نگی هه‌موو ئه‌دیب و رونا‌کبیریکی راپه‌ڕیو به‌شکۆتنخوازی گه‌نجه‌مان ئه‌زانی و به‌شه‌ره‌ف و شانازی‌یه‌وه ئه‌رکی به‌رگری لەئه‌ده‌ب و که‌له‌پووری نه‌ته‌وه‌که‌مان ئه‌گرێنه ئه‌ستۆ پێمان بو " نووسه‌ری کورد " و هه‌مو گۆڤارو رۆژنامه‌یه‌کی دلیرو چاونه‌ترس و جوانه‌مه‌رگه‌کانی کورد تازه ئه‌ڵێته‌وه ، که‌ئه‌مه‌ش له‌ئه‌مان سه‌نگه‌ری داکۆکی و به‌رگری له‌ماف ره‌وا و پی شێلی کراوه‌کانمان ئه‌بی وه‌ك ئه‌وان به‌پێوه بڕۆین هه‌ر به‌پیشه‌وه جوانه‌مه‌رگ و شه‌هید بین .

دەستەی نووسه‌ران

لەکوتایی مانگی خۆزه‌یرانی رابردوو دا . فاشی یه‌کانی به‌غدا دەستی دڕندانه‌ی تاوانیان له‌نووسه‌ری نیشتمانپه‌روه‌ر سه‌روکی پیشووتری یه‌کیتی‌ی نووسه‌رانی کورد ماموستا سالح یوسفی وه‌شاند و به‌شێوه‌یه‌کی نامه‌ردانه شه‌هید یان کرد .

ئه‌م تاوانه چه‌په‌له ئه‌و راستی‌یه‌ی بو میلله‌ته‌که‌مان ڕوونتر کرده‌وه که به‌عسی یه فاشی یه‌کان چه‌ند دوژمنی هه‌مرو قه‌ڵه‌میکی پاك و دوژمنی هه‌موو جوره دەنگیکی به‌رهه‌ڵستکارن !.

ئیمه‌له‌کاتیکدا به‌و په‌ری نیگه‌رانی یه‌وه پرسه‌ی خومان بو هاوری‌یان و بنه‌ماله‌ی سه‌ید ا سالح دەنیرین دڵنیاشین که‌له داهاتوویه‌کی نزیکدا پیاوکوژان به‌رهه‌می تاوانه‌کانیان دەچنه‌وه‌و له‌ژیر پی‌ی کومه‌لانی خه‌ڵکیدا پان دەبنه‌وه .

دەستەی نووسه‌ران

هه‌ولێری کێبڕکێ

جەمیل رەنجبەر



لەروژگاری ئیستای کوردستاندا بەگشتی و ، کوردستانی عیراق بەتایبەتی ، ترسی گرتن .. ترسی کوشتن .. ترسی راونان .. ترسی راگویزانەوە .. ترسی سووتاندن .. ترسی هەلدانی بی هۆ لەسەر چەقی شەقام و کولان و ناو ژووری مالی خوت .. ترسی زمان بڕین .. هتد . شتێکت لا دروست ئەکات کە هەمووی (ترس) دەبیتەوە . سەرەتا لەخوت ئەپرسیت : بۆ وام لێ ئەکەن ؟ ! دیارە وەلامەکەی لای مرۆڤی هۆشیار ، ئاسانە چونکە ئاسان بوونی وەلامەکەی و دوای تێگەیشتن لەسروشتو حەقیقەتی داگیرکەرو خوین ڕیژ ، خوت وا ئامادە ئەکەیت کەلەگەلیدا رابیت و ، ئەوسا کاریگەرترین چەکی ئەو خو راهێنانە : بیروباوەڕە ...

کەواتە کە چەکی بیروباوەڕت پێ بوو ، ئامادەیت بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەو هەموو ترسە .

" جەمیل رەنجبەر " ی شاعیرو شەهید .. یان شەهید و شاعیر . هەر زوو ئەو چەکی بیروباوەڕەی کردە شانی و لە کوتایی شەستەکانەوە لەناو ڕوناکبیرەکانی شاری ـ هەولێر ـ دا سەری هەلدا . کە ئەو ڕوناکبیرانە ، زمانی بەرگرییان ، هەر لەسەرەتاوە بەشیعر پڕا .. ئەو شیعرەی دوای سالی ١٩٧٠ لەکوردستانی عیراقدا ، زۆربەی لاوەکان هەناسەدانی خۆیان تیا ئەدا .. لەبەر ئەوە جەمیل رەنجبەر ـ هێشتا سەرەتای هاتنە ناوکوری ژیانی بوو ، کەچەکی بەرگری خوی پەیا کردووە .. خوی بە بیروباوەڕی نیشتمانپەروەری و پێشکەوتنخوازانە پەروەردەکردووە .

حمدی حمە باقی

لیرەوە ــ جەمیل رەنجبەر ئەو سامی ترس و بیمەی لا گەمتر بوتەوە خوی ئامادە کرد ووە لەگەلیاندا بجەنگی .

دوای خو پەروەردەکردنیش بە بیروباوەر ، زمانی بەچەکێکی هاوشانی ئەو چەکەی پیشوتر پڕا ، کەشیعرە . . بویە چەکی شیعریشی کردە شانی و لەسالی ١٩٦٩دا یەکەم دیوانی شیعری بەناونیشانی ــ رازو سکالا ــ بلاوکردەوە .

سەرەتای شیعری وەک زوربەی ئەو شاعیرانەی هاوری‌ی دەست پی‌کرد کە ئەو سەردەمە دەستیان بەشیعر نووسین کرد . بەڵام وەک وتم ، جەمیل رەنجبەر پیش‌ئەوەی شاعیر بی نیشتمانپەروەرو خەباتگیرە . . چونکە شیعر لای جەمیل هەموو شتیک نەبووە و ، هەموو تینوبتی‌ی و کەف و کولی هوشیار بوونەوەی ، دژی ئەو سەردەمەی خوی ، بەتەنیا بەشیعر دەرنەبریوە . . تیکەڵی خەباتی سیاسی و ریکخراوی سیاسی کورد ستانی‌ی بووە . . شەو ــ نخوونی لەگەلیاندا گیشاوەو بویان ماندوو بووە . . ئازاری لەگەلیاندا گیشاوەو گوێی نەداوەتە ئەنجامی ئازاری ئەو خەباتە سەختەی . . هەر لەسەر خەباتی سیاسی گیراوەو ئازار دراوەو . . حوکم دراوە . . بەڵام کەبەر دراوە ، ریگای سەختتری گرتوتە بەرو ئەمجا ــ رەیان چەکێکی تریشی لەرووی داگیرکراندا بەکارهیناوە . کەسەنگەرو تفەنگی پیشمەرگەبووە . لەریزەکانی پیشمەرگایەتیشدا بەگورترو بەتین‌تر تیکەڵ کاروانە گەورەکەی ناو هاوبیرانی بووە . چەکی بیروباوەرو شیعرو سەنگەرو تفەنگی لەیەک کاتدا دژی دوژمنان بەکار هیناوە . یان بەواتایەکی تر ــ جەمیل رەنجبەر ــ شتیک نەماوە ، کەپیویست بی بیکات بو بەرگری و بەرەنگاربوونەوەی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی . . . ئەوەی لەتواناید ابووە ، بی دریغی و کەمتەرخەمی‌ی ، بەپیویستی سەرشانی خوی زانیوە . .

خەونی بەرزگاری نەتەوەکەی و ئازادی‌و ئاشتی و برایەتی هەموو گەلانەوە دیوە . پروژەی مروقانەی لای خوی بو نەخشاندوون . . کاری بو کردوون . . خەلکی هان داوە . تیکەڵ هەماوەر بووە . . برسیتی‌ی‌و ماندوویەتی و شەونخوونی‌ی لەگەلیاندا بەسەر کردوتەوە . . روژ دوای روژیش هەتا هەتاتووە پتەوترو نەبەزتر بووە . . پلەی هەماسەت و بەرەو پیشەوە سنگ کوتانی ، هەر زورتر بووە . . ئاسوی ئاواتی جەمیل رەنجبەر ، زور بەرین تر بووە لەئاسوی ئاواتی مروفیکی ئاسایی . . هەستی کردووە ئەسپێکی تورو سەرکێش و کیوی ، لەسنگیایەتی و ، هەرگیزو هەرگیز بوی دابین نابی . . وەک زیندانەکانی ــ أمن العامه ــ و ــ ابو غریب ــ نەیان توانی ئەو ئەسپە کیوییەی سنگی ئەو ، دەستەمور مالی بکەن . . ئاواش ژیاو ئاواش وەک مروفە سەرکێش و نەبەزەکانی ئەم خاکە ، بیری ئەکردەوە

گوێی نەئەدایە هەسانەوەی گیانی خۆی و بەتەنگ ژیانی رۆژانەی خۆیەوە نەبووە . . نەیتوانیوە خوێ لەسنووری خیزانیکی بچووکدا زەوت بکات و هاتووە تیکەل خیزانە گەورەکە بووە :

خوشەویستم .
گەر پرسیان : کوا هاوسەرت !
بلێ ، رۆیی و ..
نەیوویست بێی بەشوستەتان
تا پوستالی زولمی ئیوەی پیا تیپەڕی . .

* * *

خوشەویستم
گەر پرسیان .. کوا ئەو گرە !
بلێ : رۆیی و .. بەم زستانە
لە ئاسمانی هەژارانا دادەگیرسێ(١)

هەروەها :

وا شارە خنکینراوەکان بەجێ دێڵین
بەرەو سەنگەر .. بەرەو شۆرشێ
هەویری ئازووخەی برسی
لە هەورازی ئاوازی گەلدا دەشێلین
دەبا ریگا لەگەلما بێ
تیمە خورەی روبارێکین
دەبا ئاگر دەروونمان بێ
چونکە هەموو گوڵی خەونی منالانین
باخی رزگاری شارێکین . . — ٢ —

ئەو گری عەشقەی — جەمیل رەنجبەر — ی هەڵئەگرت و ، بەرد او بەردو ، هەورازەهنشیو ، ئەیگەران ، عەشقی بەرگرییەکی سەخت و پتەو بوو . چونکە — جەمیل رەنجبەر — لەزور کەسی ئاسایی ، لەزور پیشەرگەی ئاسایی .. شۆرشگێر تر بوو . لای (جەمیل) چەند چەکێکی بەرگری ، وەک بیروباوەر ، شیعرو تفەنگ ، کوبوونەوەو بەهەرسیکیان (جەمیل) یان دروست کرد بوو . یان (جەمیل) ئەوانی دروست کرد بوو . . کەخوی لەخویدا کوبوونەوەی ئەو هەموو جەنگە بەرگرییە ، زاتیکی گەورەتر ئەخاتە بەردەم ئەو ترس و سامەی لە دەروونی

— ٦ —

مروڤی رۆژهەلاتی ناوەراستدا دروست بووە . . زاتیك گەمرۆکاتی خوی ئەبینی ئەوەندە چەکدارە ، زووتر ، خیراتر ، بەهەلمەتتر ، بەتوانا تر بەرەو دیاردە ترسینەرەکان ئەچیت.

بیرمە منال بووم . ئەوندە باسی جنوکەو دیو و رنجم لا باس کرابوو ، ئەگەر شەوان وناوەختو بەیانیانی زوو . بەریگایەکی چولدا رابوردمایە ، لەبەر خومەوە ، ئەمووت : بسم‌الله . . بسم‌الله . . ! کە گەورەش بووم ، تا ماوەیەکی درەنگ ماکی ئەو ترسە کونەم هەر پی مابوو . بەلام کە گەورەتر بووم ، چەند جارێك بەریکەوت بەپیشمەرگایەتی و تفەنگەوە ، شەوانی درەنگو سامناك ، بەهەمان ئەو کولانانەدا رائەبوردم کە بمنالی ی لێیان ترسابووم . . چەکەکەی شانم ، زاتیکی گەورەتری ئەخستە بەرم . . ئالیرەوە — جەمیل رەنجبەر — بەو هەموو چەکەوە چاوقایم تر ، بەرەنگاری جنوکەو دێوو درنجە تازەکانی ئەم سەدەیە ئەبووە . . هەموو گیانی پارچەیەك بەرگری بوو ، کە پی ی ئەوترا ، جەمیل رەنجبەر . زور بەوەفاداری و ئەمەك و پاکیتی یەوە هەلویستی شیعرو باوەرو تفەنگی ، تیکەل یەك ئەکرد و ، هەموویانی لەبوتەیەکدا ئەتواندەوە .

جەمیل رەنجبەر بەهەموو مانای ووشەوە ، پیشمەرگەیەکی شاعیرو شورشگێرێکی سەرسەخت بووە . نموونەی هەلویستیکی گەورەی شاعیری پیشمەرگە بووە . . هەرچی خەون و ئاواتی هەبوون ، زور بە ئەمانەتەوە ، بەزمانیکی ئاشکرا ، کردوونی بەشیعر . هەندی جار بەو خەونانە ویراوەو توانیویتی بیانکات بەشیعر . هەندی جاری تریش ، شیعر بەئاسانی بوی دەستەوە نەبووە . . — گوران — واتەنی . نەیتوانیوە مەبەستەکانی بخاتە ناو چوارچیوەی هەلبەستەوە .

جەمیل رەنجبەر پیش شەهید بوونی بماوەیەك لەگەل ئەندامانی لیژنەی ئامادەکردنی (یەکیتی نووسەرانی کوردستان) دا خولیای دروستکردنی ، ئەم یەکیتی یەی ئیستای لەسەر دابوو . گەلی باس و خواست و گفتوگۆی لەو بارەیەوە لەگەل هەندیکیاندا ئالوگور کرد . . کە دوای شەهید بوونی ، لیژنەی ناوبراو پێك هات و (یەکیتی نووسەرانی کوردستان) دروست بوو . شەهید جەمیل ئەوەندە نەبوو یان راستتر بلێم لە ١٨/ ١١ / ١٩٨٠دا وەك کیوە سەرکەشەکانی کوردستان ، بەکاریکی ریکخستن و پیشمەرگایەتی ، لەگەل کۆمەلی پیشمەرگەی تردا بەرەو — دەشتی هەولێر — ی شیرین ، شور ئەبنەوە ، کەلەناکاویکدا فرۆکەکانی رژیمی (صدام) ی خوین ریژ لێیان پەیدا ئەبن و ، — جەمیل رەنجبەر — و ژمارەیەکی تری پیشمەرگە شەهید ئەکەن .

لیژنەی ئامادەکردنی یەکیتی نووسەرانی کوردستان ، بەوپەری شانازییەوە ،

شەهید جەمیل وەك تاجی فیداکاری شاعیران و ئەدیبانی کورد ، ئەخاتە سەرسەری و پەیمان بو هەموو لایەك تازە ئەکاتەوە کە ریبازە مەزن و پیروزەکەی ئەم شەهیدە شاعیرە ، ئەم شاعیرە شەهیدە وون نەکەن .

— ١ — هونراوەی ، چەپکە گولیك بو یەخەی هەلویستی ژنەکەم .
— ٢ — هونراوەی ، میژووی ئازارەکان سەوزن .

گوقارەکەمان لەژیر چاپدابوو ، کەهەوالی کوچکردنی رابەرو ملەوستای گورانی کوردی ، هونەرمەند (عەلی مەردان) مان بیست .

ماموستا عەلی مەردان ئەو هونەرمەندە رەسەن و جگەر سوزەیە کە سەرجەمی تەمەنی خوی بو پیشخستنی گورانی کوردی و گەشەپیدانی هونەری نەتەوەکەمان تەرخان کرد . . هەر ئەم دەورگیران و خزمەتە مەزنەو ، دەنگە ئاریگەرو بەسوزەکەیشی وایان کرد ووە کەماموستا لەناو دل و ویژدانی نەتەوەکەماندا بژی . .

ئیمە لەکاتیکدا پرسەی خومان بو بنەمالەو هاوریان و دوستانی ماموستای کوچکردووەمان دەبیرین ، دلنیاشین سبەینی ، کاتی هەتاوی سەرکەوتن ولاتەکەمان لەئامیز دەگری ، نەتەوەکەمان بەو شیوەیەی کەشیاوی هونەرمەندیکی مەزن بی ، ریز لە ماموستای کوچکردووەمان دەنی .

دەستەی نووسەران

هاوپێک وتێک ئه‌گەڵ

نیازم حکمەت‌دا

شارل دوبزینسکی
ئامادەی کردوە . .

دوبزینسکی : بەڵای تووە ، شەپۆلی نوێ لەشیعردا ، چی دەگەیەنێ ؟

حیکمەت : بەڵای منەوە ، ئەم شەپۆلە نوێیە ، لەسالی ۱۹۵۸ دا و ئەوەش کەلە سالی ۱۹۷۸دا ، یان لەسالی . . . ۲دا رووددەدات ، هەمان شتە . بەرای من ، ئەمە لەهونەری تایبەت بەشیوەی (دەمارگیری) دا ، خەتەریکی گەورەیە . ناشمەوێ ، بەمە بوچوونی تایبەتی خوم بسەپینم . من هەموو تیروانینەکانی ترم قبوڵە ، چونکە راستی — ئەو راستییەی ئیمە دەیزانین هیچ کاتی موتڵەق نییە — بەیەکجاری . یەکێتی ناکۆکی یەکان نەبێ وەگیر ناکەوێ .

شەپۆلی نوێش ، هەر چۆنێک بێت ، لەقۆرم و ناوەرۆکەوە دەستنیشان دەکرێ ، لەشەپۆلی نوێدا ، وەک من بۆی دەچم ، ناوەرۆک زۆرتر لەوەی باری واقیعی مرۆڤایەتی بە . گەڵای منەوە — ناچاری " الاحبار " دەگریتە خۆی . شێوە کورت کردنەوەو چڕکردنەوەو وردەکاریە . چونکە مانای ئەوەیە راستەوخۆ بێت . دەبێ وەک رووناکی مانگ وانەبێ . بەڵکو دەبێ وەک خۆر پرشنگداربێ .

دوبزینسکی : شیعر ، گیروگرفتی دەربڕینی تایبەتی دەخاتەروو . کەلەناو ئەم مەرجەی هاوسەنگی نێوان واقعی مرۆڤایەتی و نێوان کورت کردنەوەی زمانەوانی دا (الاقتضاب اللغوی) ، زاڵ بوون بەسەریدا ئاسان نییە . چ هۆیەک وا لەتو دەکات کە ئەمە وەک پێویستیەکی موتڵەق وابێ ، لەرووی ئیستاتیکاوە (جمالی) ؟

حیکمەت : دووبارەی دەکەمەوە کەمن تیکڕای بوچوونەکانی ترم قبوڵە . شیعری باروکی ، شیعری بەڵاغی ، شیعری تەجریبی ، هەرشتێک کەخاوەنی نرخێکی هونەری و مرۆڤانە بێت قبوڵمە .

بەڵام ئەگەر من مافی هەڵبژاردنم هەبێ ، ئەوا دامالین (انسلاخ) و سادەییم لاپەسند . دەبێ بەشیوەیەک کاریگەبن ، کەیەک فاریزە لەهونراوەیەک لابەرین ، هونراوەکە تێک ناچێ . . .

دەبی لەم رێگایەوە هەوڵ دەین بۆ گەین بەوەی جەوهەرییە .

سەبارەت بەدەربڕینیش . من دان بەهەموو توانایەکدا دەنیم . خۆئەگەر هۆیەکی تیوریشت دەوێ بۆ ڕوونکردنەوەی ئارەزووی من سەبارەت بەو سادەیی یەی لەدووری هەموو شتێکی جەوهەری ئالاوە ، ئەوە رەنگە بەڕەچ دانەوەیەك بێ دژی هونەری تەقلیدی نـــاو " دیۆمخانان " . دژی ڕووتکاری (التجرید) و دژی ووشەی قەبەو بریقەداری ڕۆژهەلاتی .

دوبزینسکی : ئایا هەندی بابەت ، یان هەندی ووشەت پێ لەئێدیکە چاکترە ؟

جیکمـــەت : من پێم وانییە ، کەزمانێکی تایبەت بەئەدەبهەبێ . یان زمانێکی (صوری) هـــەبێ . هەروەها ، بڕوام بەبوونی بابەتی تایبەتیش نییە . من لەگەل هەموو ووشەکـــان دام ، هەروەهـــا لەگەل هەموو بابەتەکان ، بەمەرجێك دیکتش هەمە هەز دەکەم گەر بیخەمە ڕوو . من بڕوام وایە کە دەتوانری بەباشی دەربڕین (تعبیر) لەشیعری کێش دار دا ئەنجام بدری (کەلەسەر شێوەی کۆن هونرابێتەوە) . بەهەمان ڕادەش بڕوام بەتوانای دەربڕیـــن هەیە لەشیعری ئازاد دا . من بڕوام وایە کە هەر هونراوەیەك ناوەڕۆك و (کێشێکـــی) تایبەتی دەگرێتە خۆ . ئەمە پێویستی تۆزێنەوەو گۆنجاندنی فۆرمی لەبار دەگرێتە خۆ بـــۆ ناوەڕۆك لەهەر شیعرێکدا . بەهەمان شێوە ، فۆرمە کلاسیکی و فولکلۆری یەکان دەتوانن لـــە گەل ناوەڕۆك دا بگونجێن . یان دەتوانری فۆرمی نوێ بدۆزرێتەوە . هەتا ئەگەر وا ڕوویـــدا من ئەو (سونات) هەی کە لەنیشتمانەکەی من دا فۆرمێکی تەقلیدی پێك ناهێنی ، بەکاربێنم . ئەوا ، ئەوەی بەلای منەوە لەو حالەتەدا گرنگە ، لاسایـی نەکردنەوەی (سونات) ی کلاسیکی یە بەڵکو گرنگ ئەوەیە بتوانم لەناخەوە ئەو لاسایـی کردنەوەیە بدۆزمەوە . دڵنیام لەوەی کـــە یەکێتی یەك لەنێوان فۆرم و ناوەڕۆك دا هەیە . بەڵام لەهەمان کات دا ، کارتێکردنێکی دوو لایەنیش لەنێوانیان دا هەیە . سەرەنجام . هەر ناوەڕۆکە کە سەرکەوتن وەدەست دێنی . بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ناتوانین نکۆلی لەوە بکەین کە فۆرم کار دەکاتە سەر ناوەڕۆك .

دوبزینسکی : لێرەدا ، لەڕاستیـــا ، پەیوەندییەکی جەوهەری ـــ دیالکتیکی هەیە . هـــەر لەبەر ئەمەش بوو ، کە لە نامەی بۆ (شاعیرە لاوەکان) دا ، دەستنیشان کردنێکی تەواوت تیدا خستۆتە ڕوو ، کەتا ئێستاش لەبیرمانا وەك خۆی ماوەتەوە . ڕێگام بدە ، با نموونەیەکـــی لێ بهێنمەوە . " هەر ناوەڕۆکێك ، دەبێ فۆرمی تایبەتی خۆی هەبێ ، ئەو فۆرمەی کـــە پێویستە ناوەڕۆگێکی وەك ئاوریشم شەفافمان بداتی . دەبێ بەهەمان باشیەوە . بەناوەڕۆکەوە بنووسـی " . بەڵام تۆ ، لێرەدا ، تووشی نەریتە ئەدەبیەکانی ناو نیشتمانەکەی خـــۆت بوویتەوە . ئێنجا ئایا ، ـــ نەریتە ئەدەبیەکان ـــ چ لەهەڵبژاردنی فۆرم دا هەیە ؟

جیکه‌ت : ئه‌میان که‌یوه‌ندی به " فورمه نه‌ته‌وه‌یی یه‌کان " موه هه‌یه له‌ئه‌مه‌دا ، گیرو-گرفتیکی گرنگه . هه‌ر له‌سه‌رمتاوه ، من‌پیم وایه که " فورمی نه‌ته‌وه‌یی " دیارکراوی به‌گویره‌ی میژوو ، له‌هه‌موو ولاتیکدا هه‌یه . له‌ولاتی منیش‌دا ـ تورکیا ـ له‌هه‌ر سه‌رده‌میکی میژووییدا فورمیکی تاییه‌ت به‌مو سه‌رده‌مه هه‌یه که‌له‌گه‌ل نه‌ته‌وه‌و له‌گه‌ل گه‌لدا . گه‌شه‌ده‌کات . به‌لام ده‌شبی کارتیکردنیک له‌نیوان فه‌رهه‌نگی نه‌ته‌وه جوربه‌جوره‌کان و له‌نیوان هه‌ر (فورمیکی نه‌ته‌وه‌یی) دا رووبدا . له‌نیوان ره‌گه‌زیک (عنصر) یان زیاتری یه‌ک نه‌ته‌وه . یان نه‌ته‌وه‌ی زورتر . هه‌ر ئه‌مه‌شه ، که‌له‌ئه‌نجاما ده‌بیته هوی به‌خشینی که‌سایه‌تیه‌کی جیهانی (شخصية عالمية) . من خوم ته‌نها به‌میراتگری فه‌رهه‌نگی تورکی نازانم . به‌لکو به‌میراتگری تیکرای فه‌رهه‌نگی مروڤایه‌تی . کاتیکیش‌که ده‌رباره‌ی فه‌رهه‌نگ ده‌دوێم . ته‌نها بیر له فه‌رهه‌نگی گریکی (اغریقی) کون ، یان سه‌رده‌می راپه‌رین (عصر النهضة) ناکه‌مه‌وه . به‌لکو به فه‌رهه‌نگی ئاسیاو ئه‌فریقیاو ئه‌مریکا . .

به‌و رادەیه‌ی که‌من مروڤیکی روژئاوایی‌یم ، شانازی به‌وه‌وه ده‌کم که فه‌رهه‌نگی روژئاوایی توانیویه‌تی له‌گه‌شه‌پیدانی فه‌رهه‌نگی ناو ولاته‌که‌مدا به‌شداری بکات . به‌پیچه‌وانه‌شه‌وه شانازی به‌وه‌شه‌وه ده‌کم که فه‌رهه‌نگی تورکی و تیکرای فه‌رهه‌نگی روژهه‌لاتی که‌له‌پووری مروڤایه‌تی و روژئاواشی ده‌وله‌مه‌ند کردووه .

به‌گویره‌ی تیگه‌یشتنی خوم . وا بوی ده‌چم که هه‌ر مروڤیکی موسیقا زان که ده‌توانی به‌هه‌مان رادە چیژ له موسیقای ئه‌لمانی و چینی و تورکی وه‌رگری .

دوبزینسکی : نکولی کردن ، له‌وه‌ی که فه‌رهه‌نگی جیهانی . له‌ناو خویاندا قه‌رزداری یه‌کترین ، کاریکی بی هوده‌یه . بیگومان ، هه‌ر ئه‌مه‌ش بوو ، که ئاراگون ، له‌کاتی وه‌رگرتنی پاداشتی (لینین) دا ، ده‌ویست بیلێ . . گرنگی‌ی روژهه‌لات له‌پیشخستنی میشکی مروڤ‌دا . له‌گه‌ل ئه‌مه‌شدا ، وا ده‌بینم به‌شیک که‌یه‌وه‌ندی به‌ئه‌ده‌به‌وه هه‌یه ، به‌ته‌دیش له‌سه‌ر ئاستی شیعر ، به‌گویره تاییه‌تیه نه‌ته‌وه‌یی یه‌کانی زمان یان هه‌ندی شیوازی بیرکردنه‌وه ، جوره قورسیک له گواستنه‌وه‌ی دا هه‌یه . له‌شوینیکه‌وه بو شوینیکی تر .

ئا ئه‌مه‌یه ، که‌لیره‌دا ئه‌و به‌شداری کردنه ده‌ینیته پیشه‌وه که له‌توانادا نی‌یه ده‌سکاری بکری و تاییه‌ته به هه‌ر گه‌لیکه‌وه . تا ئیستاش‌شاعیرو نووسه‌ری زور هه‌ن ، نکولی له بایه‌خیان ناکری . هه‌تا له‌ری‌ی ئه‌و وه‌رگیرانه‌شه‌وه که‌می رادە ده‌لسوزن . به‌نیسبه‌ت ئیمه‌وه هه‌ر (بیانی) ماونه‌ته‌وه . روونتر ، چونکه ـ وه‌ك ده‌رد ده‌که‌وی ـ به‌گویره‌ی یاسای پروگرامی جیاواز له (حساسیه‌ت) دا ته‌عبیر له‌د مرووني خویان ده‌که‌ن . یان له‌بەر ئه‌وه‌ی هه‌ندی

لە بەرهەمەکانیانمان (المعطیات) لەدەستدەچێ ، بەهۆی ئەوەی کەپیوەندی بە کەسایەتی نەتەوایەتی زمانەکەیانەوە هەیە .

حیکمەت : ئەمە حالی هەموو نووسەرو هونەرمەندان نی یە . لەهەموو شوینێکدا ، نووسەرو هونەرمەند هەن . هەستو نەستیان ، تەنها لەچوارچێوەی شتە نەتەوەیی یەکانیدا نامینێتەوە . چونکە ئەگەر هات و هەست ، تەنها بەسەرچاوە نەتەوەیی کانەوە بەسترایەوە ، ئەوا بەشێک لەتوانای خوی لەدەستدەدات . بانموونەیەک وەرگرین . شیعرەکانی ماوتسی تونگ ، گەرچی بەگوێرەی نەریتی "ئەدەبی" کونی چینی نووسراونەتەوەو فورمێکی کلاسیکیان هەیەو ، سەرباری وەرگێرانەکەش . . . کەچی لەگەل ئەوەشدا ، ناوەرۆکی ئەم شیوانە بەکەلک و باشن بو هەر مرۆڤێکی سەدەی بیست . ئەوەش دەلیم ، کەئیمە ، پێویستە پیرۆزبایی ئەم موناسەبەیە لەخومان بکەین ، بو هەلویستی ئەم سەرکردە سیاسی یە . سەـ ـارەت بەو گیروگرفتە ئەدەبیانەی کە لەئەنجامی چاپکردنی شیعرەکانی دا وروژاندنی . بگولیش لەوە ناکەم ـ هەتا لەچوارچێوەی پرسیارەکەت دەرنەچم ـ کەشاعیر هەن ، سەرتاپا نەتەوەیین . لەولاتی خویاندا ، یان لەهەندی ولاتی گەی تردا نەبی ، ناتوانرێ نرخ و ریزیان بو دابنێری .

لەیەکێتی سوڤیەتدا ، زور شاعیری ئیتالی هەن ، کەشاعیری لاویشیان لەگەلدان ، ناسراون و جێی ریزلێ گرتنن . بەگوێرەی زانینی خوم ، لەفەرەنسادا ، کار هەر لەسەر ئەم پیوانە ناڕوا . . کەچی لەگەل ئەوەشدا ، خەلکی مایکوفسکی یان خوشدەوێ . فورمی شیعرلای مایکوفسکی تابلێی قورسە . کەچی لەگەل ئەمەشدا ، لەناو هەست و نەستیدا شتێکی جیهانی هەیە . لەسنور ئاوادەبی و ، لەزمان تێدەپەرێنێ .

دوبزینسکی : لەوەلامەکەتدا ، رووبەرووی هەلویستی سەرکردەیەکی سیاسی بوویتەوە ، کە لەهەمان کاتدا شاعیریشە . سەبارەت بەگیروگرفتێکی تایبەتی ئەدەبی .

ئیستا ئەگەر شتەکەمان هەلگیرایەوە ، وەک تو بروات پێیەتی دەبی هەلویستی شاعیر لەگیروگرفتە سیاسی یەکان چون بی ؟ ئایا وا دەبینی کە شاعیر رولێک یان پەیامێکی هەیەو پێویستە ئەنجامی دا ؟ وەئایا بروات بەپێویستی بوونی ئەو شتە هەیە کە بەمبالغەر زیادەرویی یەوە بە (ئیلتیزام) ناوبراوە ؟

حیکمەت : خوت دەزانیت کە من لەسالی ۱۹۲۳ وە لە حزبی کومونیستدا ئەندامم . تاکە شتێکیش کەشانازی پێوە بکەم ئەمەیە . پێم وایە ، سەبارەت بە پێوەندی نێوان دەولەتان ، کەسیاسەتی بی لایەنی بتوانی بەڕاکە بگەرێتەوە . بەڵام بی لایەنی سیاسی لای نووسەر

نی یه . هه‌ر بویه‌ش ، ده‌ستنیشان کردنی ته‌نها ناوی یه‌ك نووسه‌ری گه‌وره ، له‌میژووی جیهاندا ، که به‌ته‌واوه‌تی به‌بی لایه‌نی مابیته‌وه ، یان به‌ته‌واوه‌تی بی ده‌نگ بووبی ، به‌رامبه‌ر به‌گیروگرفته‌کانی سه‌رده‌مه‌که‌ی خوی ، کاریکی زور ستمه .

ده‌کری مروف ، بروای وابی که بی لایه‌نه‌و ، ده‌توانی راشی گه‌یه‌نی کهبی لایه‌نه . به‌لام له‌راستیدا بی لایه‌ن نی یه . به‌لام سه‌باره‌ت به‌خوم من وام بی چاگه ، که‌به‌هه‌موو هوشیاریه‌که‌وه لایه‌نداری بکه‌م . .

کۆسره‌ت
کردووی به‌کوردی

---

* ئه‌م چاوپیکه‌وتنه . له‌لایه‌ن شارل دوبزینسکی یه‌وه له‌ئایاری ۱۹۵۸دا ، ئاماده کراوه . بو یه‌که‌م جاریش له‌سالی ۱۹۷۸ به زمانی عه‌ره‌بی له گوڤاری (الاسبات) ژماره ـ ۳ ـ بلاوکراوه‌ته‌وه .

هه‌والنامه‌ی کتێب

خوێنی شه‌هیدان

خوێنی شه‌هیدان ئاو نیه تاکو
ئاگری شورش بکوژێنێته‌وه

به‌نزینه به‌نزین ، تاپتر بڕژێ
پتر گه‌رمبی و ئه‌تەنیته‌وه !

ـ دلێزار ـ

"پیرۆز" مرخۆینەوە

سەلام محمەد

لەسەنگەری بەرەنگاربوونەوەو خەباتی روژانە دژی رژیمیکی رەگەزپەرستی دیکتاتورو بەهێز کەخاوەنی سوپایەکی گەورەو تازەترین چەکی قورسی تەفروتونا کەرە . ئا لەو کاتە ناسك وپڕ جۆشانەی لەهەموو ساتێکدا چاوەروان دەکریت هەوریکی رەشی چڵکن لەشیوەی فرۆکەیەکدا پەیدا ببی و بومباو ناپالمی لی ببارێت . چەند لاوێکی نووسەرو شاعیری خوێن گەرمی پێشکەوتنخواز لەناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان و لەسەر لووتکە سەرکەشەکاندا پاش ئەوەی هەواڵی هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی تووسەرانی کوردیان بیست لەلایەن دوژمنە میژوویی یەکانی ووشەی کوردیی یەوە لە بەغدا لیژنەی ئامادەکردنی " یەکێتی نووسەرانی کوردستان " یان پێك هێنا وەکو بەرەنگاربوونەوەیەکی دڵسوزانە لەو هەڵوێستە ناجوامێرانەیەو کۆکردنەوەی نووسەران و شاعیرانی کوردستان و دڕێدان بە خەباتی " یەکێتی نووسەرانی کوردستان " ی جوانەمەرگ کەلە تەمەنی دە ساڵەیدا کوت و کەلەپچەی رەگەزپەرستان خرایە دەستی .

پاش پێك هێنانی لیژنەی ئامادەکردن چالاکانە کەوتنە خم و جوول و هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی ئەدیب و شاعیرە رەسەن و چاونەترسەکانی نەتەوەی کورد ی قارەمان . یەکێك لەو چالاکی یانە بیرکردنەوە بوو لەدەرکردنی گۆڤارێکی تایبەتی (بەو هێوایەی ببێتە مینبەرێکی ئازاد بۆ هەموو دەنگێکی نەترسی ئازادیخوازو شۆرشگێر . ئەوەبوو لە ئاداری ١٩٨١دا ژمارە (١) ی پیرۆز وەکو ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە ئاسۆگەی لووتکە بەفرینەکانەوە چاوی هەڵهێنا . .

بێگومان دەرکردنی گۆڤارێکی روشنبیری و ئەدەبی لەبارودۆخێکی وەهادا کارێکی ئاسان نی یەو گوڵی کوسپ و گرفتی دێتە ڕێگا بەتایبەتی لەروویچاپەوە بوێە دەرکردنی گۆڤارەکە بەو قەوارەو شێوەیە خۆی لەخۆیدا یەکەمین سەرکەوتنی لیژنەی ئامادەکردن دەستنیشان دەکات. جێگای شانازییە کە ئەرکی هەڵسەنگاندنی ئەو ژمارەیەیان بەمن سپارد و نیاز خوازم سەرنجەکانم جێگەی خۆیان بگرن .

قەوارەو ناوی گۆڤارەکە

وتمان پیرۆز یەکەم تاقی کردنەوەی لیژنەی ئامادەکردنە . بێگومان گشت تاقی کردنەوەیەکیش

له‌سه‌ره‌تای پێگه‌یشتن و چاوکردنه‌وه‌یدا بێ کەم وکورتی نابێت به‌تایبه‌تی هه‌ندێ براده‌رانی لێزنه‌که‌ له‌به‌واری روژنامه‌نووسیندا کاریان نه‌کردووه .

سه‌باره‌ت به ناوی گۆقاره‌که ((پیروو ــ الثریا)) ئه‌گه‌ر چی زاراوه‌یه‌کی دڵگیرو ناسکه‌و به‌ده‌گمه‌نیش به‌کار هاتووه به‌ڵام بو ناوی گۆقارێکی روشنبیری‌و ئه‌ده‌بی ناگونجێت به‌ڵکه زیاتر بو ئه‌وه‌ ده‌شێت بگرێته ناونیشانی شیعرێك یان تابلۆیه‌کی هونه‌ری چونکه ناونانی گۆقارێك پەیوه‌ندی به‌ربیازو ناوه‌رۆکی گۆقاره‌که‌وه هه‌یه بو یه باشتر بوو لێزنه‌ی ئاماده‌کردن ناوێکی تری له جێگای ــ پیروو ــ دانایه وەك (نووسه‌ری پیشه‌رگه . نووسه‌ری شۆرشگێر . دەنگی نووسه‌رانی کوردستان . نووسه‌رانی کوردستان .. تاد) له‌باره‌ی قه‌واره‌ی گۆقاره‌که‌وه پێویسته ئه‌وه‌مان له‌پێش چاوبێت که‌ هه‌رکه‌سێ گۆقارێك له‌ناو شۆرشدا و له‌سه‌نگه‌ری تێکۆشانی راسته‌وخۆ له‌گه‌ڵ دۆژمندا و .. له‌پەنا به‌رد و کونه‌شکه‌وت و ناوچه‌یه‌کی شاخاوی چه‌ردا . جیاوازی‌یه‌کی تایبه‌تی و شۆرشگێری هه‌یه ، له‌گه‌ڵ گۆقاری ناوشاردا بوێه مه‌سه‌له‌ی به‌رگ و قه‌واره‌و ده‌رهێنانی هونه‌ری به‌نده به زۆری گشتی شۆرشه‌وه ناتوانرێ ره‌خنه‌ی لێ بگیرێت .

سه‌باره‌ت ناوه‌رۆك . گۆقاره‌که له‌قه‌واره‌یه‌کی بچووکی (٧٤) لاپه‌ره‌یی دایه له‌مانه (٢٥) لاپه‌ره‌ی شیعره‌و (٢٣) لاپه‌ره‌ی نووسینه ده‌رباره‌ی شیعر واته‌نیا (٢٦) لاپه‌ره‌ی بو چیروك و وتارو باسی هه‌مه‌جۆر ماوه‌ته‌وه .

له‌مه‌دا ده‌رده‌که‌ویت که لایه‌نی شیعر زاڵه به‌سه‌ر تیکرای گۆقاره‌که‌دا و زیاد له‌پێویست هه‌قی داوه‌تێ . چاکتر وایه لێزنه‌ی ئاماده‌کردن له‌ژیانی شیعر بایه‌خ بدەنه چیروك و لیکۆلینه‌وه‌ی شۆرشگێرانه‌وباسی هه‌مه جۆر له‌باره‌ی ژیان و خه‌بات و هه‌ڵس و که‌وتی پێشه‌رگه‌وه . من له‌ڵایه‌ن خۆمه‌وه ئه‌م (ده‌رده شیعره) به‌به‌شێك له‌گۆڵی و بی به‌ختی ژیانی ئه‌ده‌بیمان ده‌زانم چونکه خوێندەواری کورد ته‌نیا به‌شیعر تێنوێتی ناشکێ و ده‌یان کارەسات و روداوی جه‌رگ بری وامان هه‌یه هه‌ژان و به‌سه‌رکردنه‌وه‌یان بو چیروك و رومان و کاری‌شانۆیی ده‌گه‌ڕێنه‌وه . به‌ڵام ئه‌گه‌ر ئه‌م ــ ده‌رده‌شیعره ــ له‌ناو شاردا بوته‌ یه‌تایه‌ك ئه‌وا پێویسته له‌گۆقاریکی شۆرشگێری وەك پیروودا بن‌بر بکرێت .

کاك ابوبکر خوشناو سه‌ره‌تای وتاره‌که‌ی (شیعری به‌رەنگاری) به پرسیارێك کردوته‌وه :ــ ئایا ده‌کرێ شیعر وەك چه‌کێك به‌کاربهێندرێ‌و له‌به‌رامبه‌ر تفه‌نگا بوه‌ستێ ؟ .. سه‌رجه‌می وتاره‌که‌ی ته‌رخان کردووه بو وه‌ڵامدانه‌وه‌و نموونه‌هێنانه‌وه‌ی ئه‌و پرسیاره ...

سه‌ره‌تا له‌سه‌رده‌می زوودا پیاهاتووه‌و پێشانی داوه که‌پاشاو ده‌سه‌ڵاتداره‌کان تاج راده‌یه‌ك له‌ژمانی شاعیران ترساون و چون به‌ربه‌ره‌کانی یان کردوون . ئێنجا هاتوته سه‌ر

باسکردنی شیعری بەرەنگاری و رووبی کردوتەوە کە دوو قۆناخی هەیە .

١ــ شیعری شاعیرانی شۆرشگێری ناوشارەدا گیرکراوەکان .

٢ــ شیعری شاعیرانی پێشمەرگــــە .

پاشان چەند نموونەیەکی شیعرو شاعیرانی بەرەنگاری هێناوەتەوەو لەکۆتایشدا ئاشکــــرای کردووە کە (شیعری بەرەنگاری لەگەل شۆرشدا یە هەندی جار ڕیگای ڕووناک نیشانـــــــی پێشمەرگەکان دەدا و هەندی جاری دیکەش وەشوێن پێشمەرگەکان دەکەوێت) .

جێگای ڕێزە کاکە خۆشناو بابەتێکی گرنگی گرتۆتەو لای لی کردوتەوە بەڵام لەکۆرتە وتارێکــی وادا ئ پێویست ناکات پەنا ببرێتە بەر (١٨) سەرچاوەو کۆمەڵی ڕای جیاوازی سەربە ئایدیولـــوژی جیاواز بێنێتەوە بۆ پێناس کردنی شیعری بەرەنگاری . پاش خوێندنەوەی وتارەکە یەکســـــــەر پرسیارێک خۆی لەبەر دەمما قوت کردەوە .

چی لێ تێگەیشتم و تاچ رادەیەک بابەتەکەی شی کردوتەوە ؟

لەوەلامدا وتەیەکی (شاکر نوری) هێناوەتەوە کە دەڵێت (شیعری بەرەنگاری بە بزووتنەـــوەی بەرەنگاریەوە بەندە واتە کەباسی شیعری بەرەنگاری دەکەین دەبێ بزووتنەوەی بەرەنگاری لـــــە کایەدا بێت) ئەگەر چی بزووتنەوەکەی کردوتە دوو بەشەوە .

١ــ ڕەت کردنەوەو بیزاری ٢ــ شۆرشی چەکدارانە .

بەڵام دەبوو پێناسێکی وردو زانستی یانەی شیعری بەرەنگاری بکات بەجۆرێک لەمێشکـــــی خوێنەردا بچەسپێ و شوێنەوارێک جێ بهێلێت چونکە شیعری بەرەنگاری چەندان شێوەی جۆراوـــجۆری هەیەو زۆرجار ئەو پێناسە بەپێی کات و شوێن و جۆری دوژمن و داگیرکەرو چەوســـینـــەر دەگۆڕێت بۆ نموونە شیعری بەرەنگاری فەرەنسی جیازانە لەشیعری بەرەنگاری ڤیێتنامی و هەردووـــکیان جیاوازن لەشیعری بەرگری فەلەستینی یان کوردی چونکە مەسەلەکە لەوەدا ئاوێتە بووە تاچ رادەیەک هەست بەزوردارێو چەوساندنەوەی دەکرێت بەو بڕگەیەی داگیرکردنی خاکێـــک جیاوازە لەبەرهەڵستێ و ڕق و یاخی بوونی جەماوەر دژی حکوومەتێکی دیاریکراو هەروەهـــــا ئینکارکردنی دەنگی نەتەوەیەک جیاوازە لە بەزور کپ کردنی هەستی نارەزایـــی دەربڕیـــن بەم پێیە خاسیەتەکانی شیعری بەرەنگاریش جیاوازن و تایبەتی خۆیان هەیە .

کاکە خۆشناو لەنموونە هێنانەوەدا زیاتر پشتی بەئەدەبی بیگانە بەستووەو سووکە ئاوردانـــ نەوەیەکی بچووک نەبێت لای لەشیعری بەرەنگاری کوردی نەکردوتەوە . لەنموونە هێنانەوەکەیشدا زیاتر لەبیست ناوی گەورەو گرانی وەک (میکیس تیۆدوراکیس و خوسرەوی گوڵسورخی و مووســـا جەلیلی و ئەراگون و فابتزاروف و مارتی و . . . و . . تاد) وەکو بەڵگەنامە خستوتە پێش چاو

به‌بی ئه‌وه‌ی ئاگادار بیت زوربه‌ی ئه‌و ناوانه هیچ پەیوەندییەکی فیکری و ئایدیولوژی پیکەوەیان نابەستی بو نموونه جوری بیرکردنەوەو بوچوونی (هەنری بارابوس) هیچگار جیاوازه لە بیرکردنەوەی (ناظم حیکمەت) سەرەرای ئەوەی زەویەکەی بچکولانەی وتاریکی وا کورت‌جیگای ئەم هەموو ناوه گەورە گەورانه ی تیایدا نابیتەوه و هەرکامیکیان دەگریت شایستەی ئەوەیە وتاریکی دوورودریژی لەسەر بنووسری .

ئەم جوره وتارانه پیویستە پیش‌نووسینەوەیان پروگرام و پلانیکی تایبەتی یان بو دابنریت بە تایبەتی کە نووسەر پەنای بردوته بەر (١٨) سەرچاوه بەلام سەرەرای فەراموش‌کردنی ئەم لایەنه وەکو وتم بایەخیکی ئەوتویشی نەداوەته شیعری بەرەنگاری کوردی کە بەدریژایی تەمەنی سیاسی و ئەدەبیمان دەوریکی کاریگەری گیراوه چ لەرووی وشیارکردنەوەی جەماوەریان بەرەنگاربوونەوەی دیزو تاقمە داگیرکەرەکان .

کاك "محمد رەنجاو" لەوتارەکەیدا "ئەدەب و شورش" چەند تشکیکی خیستوته سەر چونیەتی پەیدابوونی ئەدەبی شورشگیر لەریگای هەلسەنگاندنی مادیانەی مروڤەوه لەگەل شتەکان و پەیوەندییەکان. هەروەها دووپاتی کردوتەوه کە ئەدەب رەنگدانەوەی بارودۆخی دەوروپشته و لەئەنجامی دەستکردن بە چەوساندنەوەو ناتەباییی کیشە جەنجالەکان ئەدەبی شورشگیر لەدایك دەبیت و بەرەنگاری واقیعی تال و نالەبار دەبیتەوه بو ئەم مەبەستەیش چەند وتەیەکی گیڤارا و مارکس و لینینی هیناوەتەوەو ئاشکرای کردووه کە لەو ساتەی ئەدەب دەبیته سەرچاوەی هۆشی کارگەرو رەنجدەران ئەوکاتە ئەدەب بەشداری رووداوەکان دەکاتو دەبیته ئاویتەی ژیان .. دواجار هاتوته سەر بەرەەکانی کردنی ئەدەبی شورشگیر لە لایەن بورژوازیانەوه . ئەویش‌لەم نیواندا هەلویستیکی پیشەەرگانه بو خوی دیاری دەکات و بە وتەیەکی ئیتلایوسف‌کوتایی بە نووسینەکەی هیناوه (ئەدەبیه شورشگیرەکان هەرەوەکو چەند تیپیکی پشکنین ــ الكشافة ــ وان لە جەنگدا . ئەوانن کە ریگا بو پاك کردنەوه دەپشکنن‌و هەر ئەوانیشن بەیەکەم گوللە دەکوژرین) .

گومان لەوه دانیه کە ئەدەب یەکیکە لە بەرهەمەکانی هوش و بیرکردنەوەی مروڤ و لەئەنجامی کومەلی هوی تایبەتی و گشتی یەوه لەدایك دەبیت . پەیوەندی نیوان ئەدەب و شورشیش پەیوەندییەکی راستەوخوی نەپچراوه چونکە هەتا جەللادیك .. دادگیرێت .. چەوسینەریك ..لە رووی زەمینەدا بمینی هەمیشە ئەدەبی شورشگیر لەبرەودا دەبی و بەرەنگاریان دەبیتەوه . بە دریژایی میژوو شاعیرو ئەدیبە نەترسەکان دژی زوردارو وەستاون و هەرچی وزەو توانایەکیان بووبیت‌خستوویانەته گەر بو بەرەچەدانەوەی دەسەلاتی زوردارو خوین مژان بەلام جوری بوچوون و

بەرپەچدانەوەکە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر گواوە ئەویش سەبارەت بەجیاوازی قسەوارە و هیزو جۆری چەوساندنەوەکە چونکە تا زەبروزەنگی تیژترو دڕندانەتر بێت ئەوا ئەدەبیش وەکو چەکێکی مرۆڤانەی کاریگەر بەتەوژم ترو قوولتر دەبێت .

لەم رووەوە دەبوایە نووسەر سەرەتاکانی پەیدابوونی ئەدەبی شۆرشگێرو جۆرەکانی یەکگرتنەوەی شیوازە جیاجیاکانی لەشیوازی گشتی دا دەستنیشان بکردایەو ئەوەی روون بکردایەتەوە کە پەیوەندی نێوان ئەدەب و کاری شۆرشگێرانە پەیوەندییەکی نێگەتیڤی بەگوریناری تالی گۆڕانی جەماوەرو دابین کردنی ژیانێکی بەختەوەرو ئاسوودە کوتایی بێت . ئەمە بێجگە لەوەی تەنیا بەو ئەدیبە ناوتری شۆرشگێر کەلەریزەکانی پێشەوەی هێزی بەرگری چەکدارانەیەبەڵکە کاری شۆرشگێرانە زیاتر بەندە بە هەڵوێستی مرۆڤی ئەدیبەوە ئەو هەڵوێستە زۆر جار لە " چالاکی " و " بێدەنگی " و " هاوکاریکردن " و " نارەزایی دەربڕین "ی . ئەدیبانی " ناوشار " دا دەگرێتەوە .

لەم بوارەدا دوو سەرنجی دەخەمە پێش چاوی خوێنەر و

١ــ بابەتێکی واچرو گرنگ پێویستە بەفراوانی گشتلایەنێکی روون بکرێتەوە .

٢ــ لەباسکردنی ئەدەب و شۆرشدا یەکسەر ــ ڕیازی ڕیالیزمی سۆشیالیستی ــ مان دەکەوێتەوە بێر بۆیە دەبوو بەوردی باسێکی ئەم ڕیازەو جیاوازی لەگەڵ ڕیازە ئەدەبیەکانی تردا دەستنیشان بکات و پاشان لایەنە گرنگەکانی و ئەو دەورەی دەیگێڕێت لە بزووتنەوەی ئەدەبی شۆرشگێری سەردەمدا .

شیعرەکان

لەسالی ١٩٧٠ بەدواوە شیعری کوردی رووبەرووی تاقیکردنەوەیەکی نوێ بووەوەسەرەتای تاقیکردنەوەکە وەک هەر تاقیکردنەوەیەکی تازەی تر ئەو ئامانجەی نەدایە دەستەوە کە چاوەڕوانی لێدەکرا بەڵکە کۆمەڵێ ووشەی بێگیان و نەخوشی ڕەزاگران بەناوی شیعری نوێوە لەگۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکرانەوە بوونە هۆی دروستکردنی ــ ڕد فیعڵ ــ یەکی دەروونی ئەدەبی لە نێوان شیعرو خوێنەردا بەڵام چونکە تاقیکردنەوەکە هەڵچوونێکی کاتی و دەربڕی زەوق و ئارەزووی چەند کەسانێک نەبوو بەڵکە ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی بارێ نەتەوەیی و سیاسی و ڕوشنبیری گەلی کورد بوو دەنگە ڕەسەنەکان لەکار نەکەوتن و بەردەوام بەرەو پێشەوە چوون و گەیشتنە ئاستێک جێگایەک بۆ خۆیان بگرن لەشیعری جیهانیدا .

لە ــ پیروو ــ دا شەش پارچە شیعر بڵاوکراوەتەوە . یەکەمیان شیعرێکی ــ ساجد ــ ە بەناوی هەڵوێستەوە . شیعرەکە سوزو هەستی کاك ساجد دەربڕی بەرامبەر بەپێشمەرگەیەکی

شه‌هید به‌لام به‌داخه‌وه نه‌ك هه‌ر له‌ئاستی باسه‌که‌دا نی یه بگره هه‌ر شیعریش نی یه‌و سه‌رمرای له‌نگی و نه‌بوونی ئاوازی شیعری ته‌نانه‌ت یه‌ك وینه‌ی به‌هیزی تیا نی یه . چاکتر وابوو کاکه ساجد له‌جیاتی شیعر به‌شیوه‌یه‌کی تر هه‌ستی خوی ده‌ربیبایه . " چوار هونراوه " ناونیشانی شیعره‌که‌ی کاك هه‌قال کویستانی یه که‌له‌شیوه‌ی پوسته‌ره‌شیعردان (که‌ویل — چه‌پکه گولیك — زیندان — ئه‌وین) هه‌ر چوار پارچه‌که‌یش رهنگدانه‌وه‌ی به‌سه‌رهاته پرکاره‌ساته‌کانی کوردستانی خوین و باوه‌رن . ئه‌و کوردستانه‌ی له‌به‌ره‌یانی میژووی مروقایه‌تی یه‌وه بریندارکراوه‌و به‌رده‌وام به‌خوینی گه‌رم لووتکه‌و تاشه‌به‌رد و بنارەکان ده‌رەنگینی . به‌لام هه‌رگیز نابه‌زیت و روله به‌وه‌فاکانی پەیمانیان داوه‌ دوور یا نزیك . . ئه‌مرو یا سبه‌ی، شانه‌ی خوری سه‌رکه‌وتن و رزگاری به‌قژه ئالوسکاوه‌که‌یدا بهینن و زه‌رده‌خه‌نه‌ی سه‌ربه‌ستی بخه‌نه سه‌ر لیوه زه‌رد هه‌لگه‌راوه‌کانی .

شاعیر له — که‌ویل — دا له‌قته‌یه‌کی ژیانی روژانه‌ی پیشمه‌رگه‌مان ده‌خاته روو که‌چون له زستانیکی توفدا ره‌هیلەو باوباران سه‌ریان ده‌کاته که‌ویلیکی لاری‌دا و ئه‌ویش سه‌رنج ده‌داته پشتی که‌ویله وه‌کو به‌ری ده‌سته زبره‌کانی خاوه‌نه‌که‌ی شه‌قار شه‌قار بووه‌و ئاویان لی ده‌تکیته خواره‌وه . هه‌ستیکی تامه‌زرو پالی پیوه‌ده‌نیت بکه‌ویته ژماردنیان به‌لام له‌ژماره نایه‌ن‌و له‌ناو هه‌ر تنوکیکدا وینه‌ی ئه‌ویك ده‌بینی . ئه‌ویش خاکه . . کوردستانه . . ده‌زگیرانه‌وه . . هاوری‌یه ا . ا شاعیر رێگای خوشه‌ویستی ده‌ست نیشان ده‌کات و تیکه‌لاوی مه‌سه‌له گشتی یه‌که ده‌بیت و

ئای چه‌ند خوشه که ده‌سبیم
توش وه‌کو من ئا بهم شه‌وه عه‌شقی چیای . .

پوسته‌ری دووه‌م به‌ناوی چه‌پکه گولیك) هونه‌یه پیشکه‌ش کراوه به‌شه‌هید ابراهیم عه‌زووه‌اوریکانی شه‌هید برایم یه‌گیکه له‌و روله دلسوزانه‌ی پاش هه‌ره‌سه‌که‌ی ۱۹۷۵ دلیرانه چه‌کی خه‌باتی کرد هه‌وه شان و به‌نیازی به‌رەنگاربوونه‌وه‌ی رژیمه چه‌پەل و بابرووتکاوه‌که‌ی به‌غدا له‌گه‌ل مه‌فره‌زه‌یه‌کی قارماندا به‌ره‌و ناوچه‌ی بادینان که‌وتونه رێگا بو ژیاندنه‌وه‌ی شورش و دروست کردنه‌وه‌ی بنکه‌و باره‌گای پیشمه‌رگه به‌لام له‌ناوه‌راستی تەممووزی ۱۹۷۶ دا له‌گوندی (نیروه) که‌که‌وتوته قه‌زای (ئولده‌ره) له‌ویلایه‌تی هه‌کاری کوردستانی تورکیا شه‌هید کرا . شایانی باسه شه‌هید برایم پله‌ی (نه‌قیبی ئه‌ندازیاری) له‌سوپای عیراقیدا هه‌بوو .

هه‌موو شه‌هیدیك . که‌گیانی خوی ده‌کاته‌ یاری‌یه‌کی بچووك و پیشکه‌شی خاك‌ونیشتمانه‌که‌ی بریندارەکه‌ی ده‌کات . . ئه‌وه‌نده گه‌وره‌یه هیچ کاتی به‌هه‌می ئه‌دمی هه‌قی خوی نادا تی . .

شیعر چەند جوان بیت هیشتا خوینی شەهید جوانترە . .
شیعر چەند بەهێز بیت هیشتا باوەری پیشمەرگەیەکی شەهید بەهێزترە . .
شیعر چەند نەمر بیت هیشتا ناوی شەهید نەمرترە . .

لەگەل ئەوەشدا ، سەبارەت بەوەی شەهیدانی ریگای ئازادی و سەربەخویی کوردستان هەمیشە زیندوون و لەناو تەلە ناسکەکانی بیرو میشکی شاعیراندا دەژین . زور جار دەبنە سەرچاوەی ئیلهام و میوانداری دڵی شاعیریک دەکەن ئەویش وەکو خانەخوێیەکی جگەرسوز . بەپێی کەرەستەی شاعیرانە ـ ی چی هەبیت دەیکاتە سەرخوان . ئەوەتانی کویستانی شەهید برایم و هاوریکانی بەجێیکە گولیکی ناسك شوبهاندووە کە ریگای گزنگیان گرتوتە پیش بەلام کاتی دەرکە سیخورەکان هەستیان پێ دەکەن پەرە بەجوانەکانیان وەراندوون و لاسکە موزەکانیان رووتاندوونەتەوە بەلام ئەو پەرە وەریوانە ماڵە هەژاریکی کوردیان رازاندوتەوە زەرد هەڵگەڕاون و وەکو فەرشیك بەر دەرگای ماڵە هەژاریکی کوردیان رازاندوتەوە .

لەپوستەری ـ زیندان ـ دا وینەی جووتیاریکی چوغەدراوی کوردمان دەخاتە پیش چاو چۆن لەلایەن فاشیستەکانەوە ئازار دەدریت و دەکوژریت و لەگوریکی ئامادەکراودا لاشەکەی دەڕیژریت . پارچەی چوارەمیش بنەرەتە سەرەکی یەکانی دروستبوونی خوشەویستی کوردستان دەبیت نیشان دەکات و لەگەلاو روژنەی چەند وینەیەکەوە دەبیتە تیشك و وردە وردە لە قوڵایی زریانی ئەویندا دەتویتەوە .

هەر چوار پوستەرەکە لەسەرکیشی چوار برگەیین و ئیقاعەکە ئاسایی یەو تەنیا سی دێری لێشیان تیادا بەدی دەکریت ئەوانیش . ـ

شووشەی بانگە خوینە دزراوەکان هەڵچوورینر
گلیلی ناو گیلونی دەرگای ژوورە نووتەکەکە سووربنرا
(قوچ باشی) ئەوینی ئەم رۆیەی نەتوانی . .

شیعرەکانی کاك (رەفیق سابیر) ـ چوار هونراوە ـ بەپێچەوانەی شیعرەکەی پیشووەوە شیعرەکان سەربەخوێین و یەکێکیان تەواو کەری ئەوەکەی تریانە .

(گۆرستان) گلیلی پەیوەندی نێوان شیعرەکانەو کامیان دەگریت کارەساتیکی خویناوی بان گرتوتە ئامێز .

لەپارچەی (گوڕە بوشەکان) دا شاعیر پاڵ دەداتە گورستانەکەوەو دەمو چاوی لەناو لە دەستەکانیا دەشاریتەوەو سەرنج دەدات و بیر دەکاتەوە .

لەم بێ وەختە بو کوێ دەچی

چ ئاگری لەناو دڵتـا هەڵگیرساوە ؟
بڕووسکەی کام خوشەویستی . . کام نەهینـی
لەگیانتا چەخماخەی داوە . . ؟

وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە شیعریانە لەبوتەی هەڵویستیکی شۆرشگێرانەدا خوێ دەگرێتەوە چونکە لەناوچەیەکی ئەم کوردستانەدا چەند پێشمەرگەیەك بەگوللەی فاشیستەکان شەهیـد کراون و چاوەڕێن لەناو بەفردا بیان نێژن یان هیچ نەبێت گۆڕە کۆنەکانی باووباپیرانیان پێ ـ پڕبکرێتەوە . تێکڕای شیعرەکان پەیوەندییان بەو پێشمەرگانەوە هەیە کەلە شەڕەکەی قزڵەردا شەهید کران . شاعیر لەپێنجەڕەی چەند وێنەیەکی بەسۆزەوە هەستی خوێ بەرامبەر بـم کارەساتە دڕندەیەو ئازاریکی قوول و ڕقێکی پیرۆزی شۆرشگێرانە بیرکردنەوەی داگرتـووە . لەو سەرەوەی ڕق و ئازارەکەدا کلاوڕۆژنەیەك دەبینی و تیشك و هەوای سەربەستی و ئاشتی یـان لێ دێتە ژوورەوە بەمەیش زمانی شەهیدەکان دێنە وەڕام و لە گەل (ناظم حیکمەت) دا دەڵێن :

ئەگەر من نەسووتیم و تو نەسووتێی
کێ تاریکایـی شەوگاری دڕێژ ڕوونـاك کاتەوە . . .

کاك ڕەفیق یەکێکە لە شاعیرە نوێخوازەکانی دوای سالانی حەفتاو بەردەوامە لەپێشکەش ـ کردنی بەرهەم و شیعرەکانی بون و بەرامەی تایبەتی خوێان هەیەو یەکێکە لە دەنگە ناسراوەکان بەڵام ئەوەی من هەستم پێ کرد لەم چوار پۆستەرەو (گەڵی شیعری تردا) کەوتوتە ژێـر کارتێکردنی جیرۆکەوە لەڕووی دراما شیعرییەکەوە بۆ نموونە لە پۆستەری (لووتکە) داشیوەی تەکنیکی گێرانەوەی ئاسایـی زیاد لەپێویست ڕاستەوخۆیەو ئەمەیش کارەکاتە سەر لایەنـی هونەرییەکەی بینای هونراوەکە ، لەڕووی ئیقاع و ئاوازەوە یان دڕامای شیعرییەوە وەك :

(لەنزیك مالەکەیانەوە هاواریك هەستا . بەپەلە ڕابوو چراکەی کوژاندەوە لەسیلەی پەنجەرەوە سەرنجی کۆلانی دا . ڕیزی گوللەی ئاگردار تونیلیکی دڕێژی لەشەودا کرد . مالەکـی بەرامبەریشیان چرایان کوژاندەوە گەرەك بەتەواوی لەناو تاریکیدا نوقم بوو . . تاد)

دەمێکە هەستم بەم شیوە ـ چیرۆك ئامێزە ـ کردووە لەشیعرەکانی ڕەفیقدا و تەنانـەت هەندێ شیعری کەلەسالانی حەفتادا بلاوکراونەتەوە بە زەقی ئەم دیاردەیەیان پێوە دیارە . یەکێك لە بنچینە بنەڕەتی و سەرەکییەکانی شیعر ئاوازو ئیقاع و کێشی هونەرییە . زۆرجـار کێشەکان تێکەڵاو دەبن و لەیەك پارچەدا نزیکەی سێ چوار کێش بەکار دێت کەئەمەیش بەستنە ـ وەیان بەیەك شارەزایـی و توانایەکی وردی دەوێ بەڵام ئەگەر یەکجارەکی کێشەکە خرایە لاوە ئەوا یەکسەر جێگەو بنەمای ئاوازو ئیقاعەکەیش لەناو دەبێت و لەئەنجامدا لەمەدای شیعرییەکە

دوور دەکەوینەوە .

دوا جار دەموی ئەوەش بلیم کەزور جار تاکە وشەیەك دەبیتە هۆی جیگە گورکی و لەقکردنی شیعریك بەگشتی بو نموونە لەو وینە بەهێزانەی لە پارچەی (لەکوی بتنیژم) دایە کە پیشکەش کراوە بەشەهید شەفیق کەریم (شاهو) کە ماموستایەکی زمانی ئینگلیزی بووەو لە شەرەکەی ـ قزلەر ـ دا وەکو پیشمەرگەیەك بەدەست پیاوکوژە جەلالدەکانی بەدا شەهید کراوە .

بەم پەنجە سرو بی نینوکانە
چەپکە گزنگی بو زامەکانت چون بچنمەوە
داستانی سوورت
لەتاویرو بالای ئیوارە چون بنووسمەوە
دلیشم شەختەو گرتەنیویەتی
چون تەرمەکەتی تیا بشارمەوە .

کیشەکان پینج برگەیین و لەتەك ئیقاعیکی لەسەرخوی ریك و پیکدا چەند وینەیەکی شورشگیرانەی بەهێز دەدەنە دەستەوە بەلام داخەکەم کەلەپریکدا ئەم دێرەیان تێدەکەویت.

لەتاویرو بالای ئیوارە چون بتوسمەوە

یەکسەر واهەست دەکەیت زرتەبوزیك چەقی ریگات لێ دەگری و تەگەرەیەکت دەخاتە پیش . چاکتر وابوو دێرەکە بەم جورە بووایە .

لەسەر تاویر و بالای ئیوارە چون بتووسمەوە

(تێبینی . دوای چاوگێرانەوە بەدەستنووسەکەدا دەرکەوت کەلەکاتی چاپدا ووشەی "سەر" پەریوە . واتا هەڵەی چاپ بووە کە لەژمارەکەدا گەلی هەڵەی لەم بابەتە هەبوون ـ دەستەی نووسەران) .

شیعرەکەی (شەهید جەمیل رەنجبەر) بەناونیشانی ـ ژانی برسی یەکان ـەو پیشکەشی کردووە (بە ـ لینین ـ ی مەزن) . شەهید جەمیل یەکێك بووە لەو شاعیرانەی گوتن و کردەوەیان بەیەکەوە بەستوتەوەو لەسەرەتای تەمەنیدا ریگای خەباتی هەڵبژاردووەو هەر لەو پیناوەشدا لەرۆژی ۱۸/ ۱۱/ ۱۹۸۰ و لەگوندی (جەلکان) ی بناری (کێوەرەش) دا شەهید بووە .

لەم شیعرانەدا هەست و سوزی و باوەری خوی بەرامبەر بە (لینین) دەربریوەو زور بەتمانەوە دەڵیت :

هاوڕێی لووتکە
ئەمرۆ ئیمەی رەشۆ و رووتی کوردستانیش
لەسەر گۆڕی زینەووتاین و
چەپکە گوڵی بیرەکانت
دەخەینە گوڵدانـــــی هەژار

دواجار هەڵوێستی خۆی لەوەدا نواندووە کە ڕێگای (مارکسیزم ــ لینینیزم) ڕێگـــــای چارەسەرکردن و وەدی هێنانی ئامانج و خواستەکانی مرۆڤی رەنجدەری کوردەو هەر لـــــە بوتەی ئەو هەڵوێستەوە دەڵێت :

ئەی مامۆســـــتا
نانە رەقی گوندی سووتـــاو
دەخینە ناو فیشەکدانی شۆرشـــــی نوێ
سەرمایەدار لەناو دەبەین
سەردەکەوین . . . سەردەکەوین
ئەم هێزی
هەرانی کورد دەیڵێن . . .

شێعرەکەی (مامە نالە) شۆڕبوونەوەیە بەناخی هەستی پرۆلیتاریانەی رەنجدەرێك و دڵدارەکەیدا رەنجدەرەکە لە کار دەگەڕێتەوە بۆ دڵە شێنەکەی بەرۆن و گرێس سواخ دراوەو بۆرژواکان قیزی لێ دەکەنەوە پێی پەست دەبن بەرامبەر بەوانیش مرۆڤێك هەیە تـــــێی دەگات و تۆنگ تۆنگ دەگرێتە باوەشیەوە فرمێسکی بەختیاری بەسەر شانیا دەڕێژێـــــت و ئەویش دڵدارەکەیەتـــــی :

من رەنجدەرم
بۆنی لەشی گرێساویم
لووتی هەمووتان پر ئەکات
بورژواکان پێی پەست ئەبن
بەڵام کاتێك دڵدارەکەم
تۆنگ تۆنگ ئەگرێت بەخۆیەوە
هەناسەی قوڵ هەڵئەکێشێت . .

ئەم شیعرە دەرگەی پرسیاریکمان لی دەکاتەوە ، ئایا لە ناو هیناني ـ کریکا
هەربەرهەمیکی ئەدەبیدا بەرگری کردنە لەمەسەلەی کریکاران ؟

جاریکیان (نیرودا) کریکارانی کارگەیەك کودەکاتەوو شیعریان بو دەخوینیتەوە ، هوا ـ نیش زور بەگەرمی یەوە چەپلەی بو لیدەدەن . لەنیرودایان پرسی . ئایا ئەو هەموو کریکارانە لەشیعرەکانت دەگەن ئەویش ووتی . نەخیر . . بەلام دەزانن بەرگریان لی دەکەم .
من دەزانم مەبەستی مامە نالە لەم شیعرەدا لەباوەریکی دلسوزەوە هەلقولاوە بەرامبەر بە کریکاران و رەنجدەران بەلام لەرووی هونەرییەوە نەیتوانیوە وینەیەکی سەرکەوتوو بدات دەستەوە چونکە مروڤیك نیە زەوقی لەبونی زون گریس بی و ئەو بونە پر بەسی یەکانی هەلمژیت و دلی پێ بکریتەوە . . .

قورو چلپاوو رون و گریس و گەچ و خولی نووساو بە بەدلەی شینەوە ئەگەر چی نیشانەی شەرەفی کارکردنە و هەلویستی کریکارە بەلام هیچ کاتی ئەوە ناگەیەنیت کە بونیان خوشە و بگرە کەم کردنەوەیشە لەزەوقی مروڤانەی کریکارو هیلیکی نادروست لەنیوان پرولیتاریا و بورژوادا دەکیشیت چونکە کریکاریش وەك هەر مروڤیکی هەستبەرزی تر حەز بەبۆنی عەتر و گولاو دەکات و ئارەزووی جل و بەرگی جوان و خواردنی چەوری هەیەو پێ خوشە لە کوشکیکی دلرفیندا بژیت . راستی یەکەی جیاوازی نیوان مروڤیکی بورژوا و پرولیتار لە روالەتی لاوەکیدا نیە بەگوهەری بیروباوەری کریکارانەوە بەستراوە . من بەش بەحالی خۆم گەلی شیعرو چیروکم کەوتوتە پیش چاو خاوەنەکانیان وایان زانیوە بەرگریان لەمەسەلەی رەنجدەران کردووە بەلام لەراستیدا هیچ خزمەتیکی پی نەگەیاندوون . کوپلەی دووەمی شیعرەکە بریتی یە لە دیاری کردنی هەلویستی شاعیر بەرامبەر بژیان بەشیوەیەکی گشتی ئەویش لەروانگەیەکی فیکری و فەلسەفی سەر بەقوتابخانە دیرینەکانی فەلسەفەو دواجار خەستە بوونەومیان لای هەندی فەیلەسووفی وەك (کانت و هیگل) ئینجا گەشەسەندنیان لە رووی گورینی کۆمەلایەتی و کاری شورشگێریەوە :

لە گەردوونی ژینی منـــا
هەموو شتیك لەکۆتایی و ئاوا بوونـ
بیرکردنەوەو عەشق نەبیت .

بیرکردنەوە بوونی سەربەخوی مروڤ دیاری دەکات و (عەشق) یش هەلویستە بەرامبەر بەو بوونە . لەم نیوانەدا گیشەی بەگژداچوونی شتەکان و پەیوەندییەکان دینە ئاراوە یان بەشیوەیەکی راستەوخوتر گیشەی زورانبازی نیوان پرولیتاریا و بورژوا . شاعیر کاتی (رق) ی

له خوین مژه‌کان هه‌لد مستیت به‌ئه‌مو په‌ری هوشیاری‌یه‌وه سه‌رنج لم رقه پیروزه د ه‌د ا تو چه‌شنی کیژوله‌یه‌کی جوانی خرپن ته‌ماشای د ه‌کات چونکه به‌روبومی هه‌ستکرد نه به‌زورد اری‌و چه‌وساند ـ نه‌وه . ئه‌م بیرکرد نه‌وه‌یه به‌جوریك د ه‌لگیته هه‌لویسته‌وه جیابوونه‌ومیان مه‌حالمو ته‌نانه‌ت بـــــه د ریژایـی روژگار (کاته‌کان) یش کاری تی ناکه‌ن .

د وا شیعر ئه‌وه‌ی کاك " ره‌حیم عه‌زیز " ه بناوی ـ موعته‌سه‌م . ـه‌وه . شه‌هید موعته‌ســـم پیشمه‌رگه‌یه‌کی شیوعی بوو له‌روژی ٢٤/ ٣/ ١٩٨٠ د ا له‌شه‌ره‌که‌ی قزله‌رد ا له‌لایه‌ن فاشیسته ـ کانی به‌عد او چلکاوخوره‌کانه‌وه له‌گه‌ل چه‌ند پیشمه‌رگه‌یه‌کی تر د ا شه‌هید کراوه . سه‌رمرای ئه‌وه‌ی ئازاو چاونه‌ترس بووه هه‌روه‌ها روژنامه‌نووس و هونه‌رمه‌ند یکی کارامه‌یش بووه . له‌روژنامـــــه‌ی (طریق الشعب) و (الفکر الجدید) د ا تاکاتی د اخستنیان کاری کرد ووه .

شیعره‌که بریتی یه له شه‌ش کوپله‌و شاعیر هه‌ستی خوی به‌رامبه‌ر شه‌هید بوونی موعته‌ســـم د ه‌رد ه‌بریت .

وه‌ك ئه‌ستیره‌یه‌کـــی زێرین
له‌بیره‌وه‌ری یه‌کانمد ا د ه‌د رەوشێیته‌وه
له‌باوه‌شی حزبد ا هه‌لـــد ێ‌ی
له‌ئاسمانی قزله‌ریشد ا ئاوا نابیت . . .

وتمان یه‌کیك له‌بنچینه سه‌ره‌کی یه‌کانی شیعر کیش و ئیقاع و ئاوازه . به‌لام له‌شیعره‌کـــه‌ی کاك (ره‌حیم) د ا ئه‌م لایه‌نه به‌ته‌واوی بزر بووه . د ه‌یرسم ئاخو جیاوازی نیوان شیعریکـــی وه‌رگیراوو شیعریکی زمانی زگماك چی یه ؟ بو نموونه ئه‌گه‌ر (اوراق من ملف المهدی بن برکه) ی سعد ی یوسف و (کورد ستان) ه‌که‌ی محمود د رویش بکه‌ینه کورد ی به‌چی د ه‌زانین بـــــه زمانی کورد ی نه‌نووسراونه‌ته‌وه !

بیجگه له‌بون و تامه کورد هواری‌یه‌که یه‌کسه‌ر نه‌بوونی کیش و ئاواز و ئیقاعی ووشه‌کان د ه‌بیته وه‌لامی پرسیاره‌که‌ی پیشوو . هه‌ند یك ئه‌م بابه‌ته‌یان به‌پەخشانی هونه‌ری ناوبرد و وه بـــه‌لام راستی یه‌که‌ی نه‌شیعره‌و نه‌پەخشان .

وا هه‌ست د ه‌که‌م شاعیر پەله‌ی کرد ووه له بلاوکرد نه‌وه‌ی به‌رهه‌مه‌که‌ی . ئه‌م پەله‌کرد نه‌یـــش به‌زه‌قی له‌تیکرای شیعره‌که‌د ا د ه‌رد ه‌که‌ویت .

ئاخ موعته‌سه‌م
تف‌له‌و د ه‌م و چاوه د زیوانـــه‌ی
وه‌ك ترسنوکی توقـــاو

چاویان زەق بوو بوو لەترسان
بو خواردنەوەی خوینەکەشت
قورگیان وشك بوو بوو لەتینوان

لیرەدا هەست بەدلسوزیەك دەکەین بەرامبەر بەمەبەستیکی گەرم دەکەین دژی چەوساندنەوەو زوردارى بەلام ئەوەی کە جێی داخە هەست بەوە ناکەین شیعریك دەخوینینەوە .

تیبینی یەکی ترم بەرامبەر شیعرەکەی کاك رەحیم ئەوەیە ئەوەندەی من بیزانم و ئاگادار بم هەر شەریك یان کارەساتیك لەژیانی هەر نەتەوەو حزب و ریکخراویکدا رووی دابیت نەوەك لەبیرنا چیتەوە بەلکە جیگای رووداوەکە دەبیتە بەشیك لەمیژووی خەباتی ئەو حزبە و ریکخراوە . هەمیشە شانازی پیوەدەکری و دەماودەم دەروات و لەئەدەبیات و نووسراوەکاندا زیندوو دەکریتەوە . گوندی قزلەریش کە جیگە رووداوێکی لەم جورەیە دەبووایە شانازی پیوە بکریت نەك وەکو کاك رەحیم دەلێ :

ئاخ موعتەسەم
چەندە بەد و ناشیرینە لەبەر چاوم
دیمەنی گوندی قزلەر
دەلی ی هەموو داروبەردی
لەسەر کاسەی سەرم هەلچینراوە
دەلی ی هەموو کوند و دالی ئەم دونیایە
هیلانەی لەوی کردووە .

لەپیرووداتەنیا یەك چیرۆك بلاوکراوەتەوە ئەویش (دوزەخ) ەکەی فـ . ئەسەسەردە روژیکیان کە مام توفیق بەریگای هەمە چەشنەی روژانەیدا بەرەو گیلگەکەی دەچیت لەچەقی ریگادا لاشەیەکی سەربراوی دەکەویتە پیش جاو . ئەویش دەشلەژی و پولیس ئاگادار دەکاتەوە بەلام لەبەر ئەوەی پولیس نەتوانای دوزینەوەی تاوانبارەکەی هەبوو نە سەربراوەکەیان ناسیەوە رووداوەکەیان خستە لاوەو دانیشتوانی ناوچەکەیش لەگورستاندا ناشتیان . شەو تارمایی سەربراوەکە دیتە دەرەوەو بەرەو شار دەگەریتەوەو خوی دەکاتە کوشکیك دا و لەپەنجەرەیەکەوە دەچیتە ژوورەوە و بەدارەکەی دەستی سەرو پوتەلاکی ئەو زەلامەی تیایدا نووستووە هەپروون هەپروون دەکات و پاش ئەوەی لەو ژوورەدا پارچە نووسینیك بو پولیس دەنووسی بەرەو گورەکەی خوی دەگەریتەوەو لێی رادەکشیت .

— ٢٦ —

ئەمە بوو کورتەیەکی زور چری چیرۆکەکەو هەزم دەکرد بەرهەمیکی تری نووسەرم لەبەرد دستا بیت بو ئەوەی بتوانم رایەکی تایبەتی لەبارەی چونیەتی بوچوون و ریبازو تەکنیکی چیرۆکەکانی دیاری بکەم چونکە من هەمیشە لەو قەناعەتەدام پیاو ناتوانی لەنیوان یەك دوو چیرۆکەوە هیلە گشتی یەکانی ئەو چیرۆك نووسە دیاری بکات .

پیشەکی لەرووی تەکنیکەوە چیرۆك نووس سەرەرای ئەوەی کەلکی لەشیوەی گیرانەوەی ئاسایی وەرگرتووە هەروەها لەچەند شوینیکدا هەولی داوە ریبازە تازەکانی هونەری چیرۆك نووسین بەکار بهینی وەك (باك گراوند) و (فلاش باك) چونکە ئەو بابەتانە ی هەلی بژاردووە خوی لەخویدا جوری تەکنیکەکە دیاری دەکات . ئەمە بیجگە لەوەی لەرووی سایکولوژی یشەوە زیرەکانە مەبەستەکەی داوەتە دەستەوە بەتایبەتی کاتی تارمایی یەکە لەگورەکەی دیتەدەرەوە بەرەو شار دەگەریتەوەو سەرو پوتەلاکی (بکوژ ــ قاتل) هەی خوی دەشکینیت .

هیلە گشتی یەکان

١ــ زەمین چیرۆکەکە ناوچەیەکە دادی تیدا نی یەو بەگویرەی ئارەزووی پولیسەبی تواناکان چوارچیوەی بو دادەنریت .

٢ــ مەبەستی سەرەکی دوو لایەنی سلبی و ئیجابی یە .

آــ سلبی : ــ سەربرینی زەلامیکی نەناسراو کە نیشانەی زوردارییە .

ب ــ ئیجابی : ــ گوشتنی بکوژەکە لەلایەن تارمایی یەکەوەواتە مافی مروڤ ئەگەر لەلایەن دەزگا پولیسی یەکانیشەوە ون بکریت و کەسیك بەرگری لیوە نەکات ئەوا بەدیوە سایکولوژی یەکەیدا دەکەویتەوە .

بیگومان چیروك نووس لەهەلسانەوەی لاشەی سەربراوەکەدا پەنای بردوتەبەر رەمزیك وەك بیەوی بڵێت پاش ئەوەی بکوژەکە دەستی بە خوینی زەلامیکی بی گناە سوور دەبیت دەکەویتە ژیر کاتر تیکردنی کومەلی هۆی دەروونی یەوە وەك (ئازاری ویژدان و ترس ودلەراوکی) کەلەئاکامدا زەفەری بی دەبەن واتە :

١ــ خەیسان و سەرسوورمانی مام توفیق (نیشانەی) سەرهەلدانی تاوانە .

٢ــ جیاکردنەوەی سەری کوژراوەکە لە جەستەی (نیشانەی) تەشەنەکردنی دراندایەتی یە .

٣ــ داپلوسینی رووداوەکە لەلایەن دەزگای پولیسەوە (نیشانەی) نەبوونی دادە .

٤ــ هەلسانەوەی لاشەی کوژراوەکە (نیشانەی) سەرکەوتنی هیزی خیرخوازە .

٥ــ نامەنووسین تارمایی یەکە(نیشانەی) میژووە .

دواجار هەندی سەرنجی زمانەوانیم لەبارەی چیرۆکەکەوە هەیە وەك ئەوەی کە چیروك ــ

نووس‌د ەلیت (هەمان ریگا خولە پەتینم گرتەبەر کەپیاو د ەیگریتەوە بەر) یان (پرسیـــار وەکو لافاو وەگیرم د ەکەوت) بەڕاهینانی رستەکان د ەبوایە بەجوریکی تر بیت وەك (هەمـــان ریگا خولە پەتیکەی جارانم گرتەوە پیش) یان (وەکو لافاو پرسیار هیرشی بو هینام) .

ئەگەر چی ئەم وردە سەرنجانە هیچ لەنرخی چیرۆکەکە کەم ناکەنەوە بەڵام مەسەلەی زمانیش بنەمایەکی زور گرنگی موتوربەکردنی رووداوەکانـــی ناو چیرۆکە .

لەهەمان ژمارەی پیرووداکوملی وتارو شیعرو چیرۆکی وەرگێڕاو بڵاوکراوەتەوە کـــــــە بەپێویستم نەزانی لەسەریان بنووسم ونکە لە بنچینەدا بەکوردی نەنووسراونەتەوەو منیش لـــەم بەسەرکردنەوەیەدا زیاتر مەبەستم بابەتە کوردییەکان بوو .

ناوزەنگ / زینوی سوور
١٩٨١ / ٧ / ١٢

خەوە بەرەیەم

هۆنراوەی: سوارە

شیعر لەکوردستانی ئێراندا ـ هەروەک هەموو شوێنەوارێکی فەرهەنگ و هونەر. وەک هەموو بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتی کە بەشێوەیەک باشتر کردنی باری ژیانی ئینسان بگرێتەوە لە دەوری دێکتاتۆریەتی شادا قەدەغەکرابوو.

هەروەک ئەم شاعیرە لەشیعرێکی دکەدا گوتبووی "زمان ئامانە ئەورو لیو جمانە!" لە سەردەمێکی ئاوا سارد و سەختو لەولاتێکی وا بەر تەنگ و بێ دەرەتاندا. شاعیرانی شۆرشگێری کورد بەچەکی شیعری نوێ بەرەنگاری بیری کۆن بوون و "پەنجەیان لەچاوی چەقان!"

لەشیعرو نەسری سالەکانی شەستدا. شان بەشانی گەشەکردنی شێوەی نوێی خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتی لەکوردستانی ئێران. مەدرەسەیەکی نوێی هونەرو ئەدەبیش پێکهات کە "سوارەی ئێلخانی" (١٩٣٧ ـ ١٩٧٥) یەکێکلەناودارترین شاگردانی ئەم قوتابخانەیە بوو..

سوارە خەڵکی دێی "قەرە گویز" بوو لەناوچەی بۆکان. کوردی زانی و ئەدەب خوشەویستی هەر لەمندالی یەوە لەبنەماڵەی خوێندەوە ومڕگرت و خوێندنی سەرەتاییشی هەرلەوێدا تەواو کرد. ژیانی سوارە تراژیدی ناکۆکی بوو لەنێوان کۆمەڵی کۆنی عەشایەری و نیازی نوێی بورژوازی تازە پێگەیشتووی کوردستانی ئێران. سەرەنجام پاش نەخۆشی یەکی سەختی سێ ساڵەکەقاچێکی لەدەستدا و بو هەمیشە تەئسیری لەسەر کردەوەو روحیەی سوارە دانا، چووە دانیشگای حقوق.

لەنەورۆزی ساڵی ١٩٦٤دا لەگەڵ بەشێکی زور لەقوتابیانی کوردی دانیشگای تاران و گەلێک لەتێکۆشەرانی تری کوردستان. گیراو لەزیندانداناوی بەئازایەتی دەرکرد. پاش ماوەیەکی سەختی بێکاری و سەرگەردانی توانی گۆشەیەکی هونەری لەرادیۆی کوردی تاران بەناوی "تاپۆی بومەلیل" بەدەستەوەبگرێو تائەو جێگایەی سانسوری ساواک ماوەی دەدا، بریک لەنووسراوەکانی خوی لەگەڵ هەندێک لێکۆلینەوەی ئەدەبی و تاریخی لەم گۆشەیەدا بڵاوبکاتەوە.

سوارە شیعری زور نین. بەڵام ئەوەی هەیەتی نەغدو پوختە، بەوەزن سوک و بەقیمەتو

گرانە . نەخوشی بەردەوام نەیهێشت ژیانی پر بەهرەی ئەوەندە دریژەی هەبێ و لەشی بێماری کەبووە قەفەزی روحی سەرکێشرو هەمیشە یاخی بووی ، لەسەرەتای هەرەسهێنانی شۆرشی کوردستانی عیراق ، چووە ژێر گل .

شیعری " خەوە بەردینە " وەك گەلێك لە نووسراوە کوردییەکانی ئەو سەردەمە . لەناو کۆمەڵێکی خوێندەواری شۆرشگێردا بەنهێنی دەستبەدەست دەگەڕا . هەر بۆیەش بیرە لە ئیماژو رەمزو رازی شاعیرانە کە شێوەی تایبەتی هونەری دەوری خەفەقانی دێکتاتوریەتە .

" خەوە بەردینە " سەرگزشتەی ئەو ئاو و سەرچاوانەیە کەبەهێزای یەکتر گرتنەوەو بوون بەچوم ، وەری دەگەون و بەتەمان بگەن بەدەریا . بەڵام لەرێگادا هەرکام بەدەردێك ئەچن و هەریەك بەلایەکا ڵا ئەدەن . تەنانەت ئاوی وا هەیە راستەوخۆ دەبێتە دژی خوێ . دەبێتە بەرد .. خەونی بەردین ئەبینی .. گراو رەمزی بێژوێی و زوڵیەتی یە لەناو خانەدانی ئاوا ، تەنیا سەرچاوەیەك تەواو شارەزایە . هەم ڕێگای دوزیوەتەوە و هەم وڕەو باوەری بەتینە . ئەزانی لەپێشا لەگەڵ جوگەو جوباری لەیەك نزیك ئەبێ یەك بگرێتەوەو ببێ بەچوم ــ بەزێیەکی گەورە ــ کە گەلەکەی خۆیەتی . پاشان هەموو چومەکان پێکەوە بچنەوە ناو دەریای بەشەرییەت.

بەسەرهاتی ئەدەبی نوێی کوردی لەکوردستانی ئێراندا پێویستی بەشەرح و لێکدانەوەیەك هەیە کە تا ئێستا کەس دەستێکی وای بۆ دڕێژ نەکردووە ، بەهیوای ئەوە کە گۆڤاری نووسەری کوردستان لەژمارەکانی داهاتوودا مەیدان و ماوەیەکی بەکەڵك بێ بۆ ئەم شەرح و لێکدانەوەیە .

سەلاحەدینی موهتەدی
١٩٨١/٧/١٧

خەوە بەردینـــــــە

" سوارە "

لەچەشنی گەورەی کـــــــــەو ..
کەوی دۆمی یەخسیری زیندانی داری
پری سەوزە بەستەی خرۆشانی باری،،،
تەرەی باوەشی تا سەرباری بناری ...

شەپولی لە گوێن خوێنی شەرمی کچانە ،،
لەسەر رووەمەتی ماتی بووکی رەزا سووک
بەتینی بتاوێنی روانینی زاوا ..
گەرمتر لەپرشنگی تاوی بەهاری

وەکو نەرمە هەنگاوی لاوی بەرەو ژوان ..
لەجێ ژوانی زیندوو بەگیانی کچی جوان
وەکو گەرمەیاوی تەشەی دەستی تاراو
لەبژوێنی دەریای بلورینی بەروێ ،،،
بەخور خۆ بەدیواری کێوا ئەدا ئاو
لەگەڵ گا شەبەردا ، سەرئەسوێ ، سەرئەسوێ،،،

کچی نور ، قەتیسی دەسی دێوی کێوە
لەئەنگوستەچاوی دڵی خێوی کێوا ،،،

بەرەو دەر ، بەرەو شاری دەریا بەرێوە ..
گەرووی ویشك و چاوی سپی چاوەکانی ..
دەروونی روونی ئـــــــاوە ،،،
بەفانۆسی ئەستێرە بەرچاوی روونە
لەبەر پێ حەریری کەوەی سێوەرە ، :
بەپۆی مانگەشەو چنـــدراوە
ئەڵێی بورجی خاپوری مێژووی لەمێژین ..
لەدرزی هەزار خشتی رۆژ و شەوانی
دڵۆپەی چپەی پۆڵی پەریانی دادا
ئەڵێی پێکەنینی کچی سەرگوریشتەی قەدیمی ،،،
ــ لەئەندامی تاپوی وەکو بوومە لێڵی
سنوری شەوی دوێنی ئەورۆی بەیانی ... ــ
پەچەی قورسی نسیانی ئینسانی لادا .
ئەڵێی دەنگی شمشاڵە رەشمالی دۆڵی بریو ،،
شەماڵی دەرەی دوورە شاری پشووی پر لەعەتریبەهاریکچی کورد
بەبلوێری شورشی گەرووی زەردو زۆڵی ..
لەزنوێری زیو ئاژنی سایزرینگانەوەی شەو ..
بەخوڕ زەمزەمەی هەڵبریوە
بەئیجازی ئەنگوستی پاکی موحەمەد ،،،
شەتی نور بەرووی مانگی عەرزا کشاوە

تروسکەی بروسکەی شەوی دەم بەهاری بەهەورە ...
لەسەر ئاسمانی زەوی‌را خۆشاوە
لە هەر گازو رێبازی وا گازی ئاوی ئەگاتێ ..
نیازی هەزاران گەزیزەی بەنازی وەدی دێ
ئەبووژێتەوە داری چاکی بە ودمی هەناسەی
شنەی نەرمە لاوێنی دەم بای ئەغاتێ ...

((... ئەڵێن تاجی زمروتی دوورگەی لەسەر ناوە دەریا
هەتا چاو هەتەرکا شەپۆلە، شەپۆلە، لەبوونا ... لەچوونا ..
بەئاهەنگە سەربەزدی بزوێنی خۆشی
لەبەر خۆرەتاوا ئەڵێی سینگی ژینە ئەهاژێ
ئەڵێی هانی هەستانە دەنگی خرۆشی ....))

((... سرودی خوناوەی بەهارە لەگوێما
لەدڵمایە بروای بەرینی بەدەریا گەیشتن
لەهەر شیوە جۆباری، هەردەشتە چۆمێ ..
لەتاریکە تاراوگەکەم دا ، بەسەرچوو زمانی تەریکیم
ئیتر خیرو خوشی لەرێما ....))

وەهایە کە گانی بەهێوا/ بەهارانەلووزمو ئەبەستن بەرەوشاری دەریا

بەڵام داخی بەجەرگنم / لەگەل هەربەهاری
کەدا ئەچڵەکن سەوزەڵانی لەخاکینە خەزنی گرانا
لەدڵما خەم و داخی ئەو دەردە سەوزە
کەدەردی گرانی هەموو ریبواریّ وەنەوزە ! ...

٥٥٥٥٥٥٥٥

لەبەر نووری خۆرا ، کەمێ کوێرەکانی شەوارەن
زنەی دەم بەهاواری هاری دروّزن هەزاران
کەتەسلیمی سیحرو تەلیسمی بنارن ...
بەبێ هەوڵی هەڵدان و چارانی چارەن
بەهیوان بگرمێنێ هەوری بەهاری
رەهابن لەزیندانی بەردینی غارا ،
کەچی واکەوی و دەستەوێ دەستەلاتی
رکەی دول و شـــــیون
لەبەر سامی رێ ، وابەزیو و تەزیون ...
لەگەڵ کۆچی کردن گزینگی هەتاوی
چەواشەن لەپێچی نزارا ...
هەتا بیری تاڵی گڕاوێ ، بەدڵما گەڕاوە ،
هەتا یاد ئەکەم ، ئاوە ... بەو وەرمە بەردینەکاری کراوە ،
ئەڵێـــــم ،،
ســـەد مەخابـــن !!

وەجاخی کەرووگەی هەزاران نزای شینەباهۆی بەتاسەن
بووژێنەوەی هەست و هان و هەناسەن
چلۆنە کەبیژووی گڕاوان ئەبینن ؟
لەنێو چاوی ئەو خانەدانــە
لەهی ، چۆنە پێتی براوە ؟
نەسۆزەی بلاوێنی میری خوناوەی بەهاری
نەتووکی برای ڕیبواری
لەکاسی خەوا ، فیری ڕاسانی ناکەن ٠
لــــەمانا ، بەئامان و بریــا
پەشیمانی هەرمانی ناکەن ٠٠
وەها گەی لەشی بەو گەبەردینە، گاوی دراوە
کەحێلیکە کۆڕژن و حیلەی نەماوە
وەهایە : کەهەر گیایە لەو دەشتە شینن
لەسەر ماتەمی ئاوە سەرشین و سەرگەرمی شینن ٠
هەتا جۆگە ئاوی بەویشکی ئەبینم
ئەلی ، میرگی ڕوخساری کێژێکی کال و منالّە
بەکووزی تەمەن ، جارە جوانێکی پر خەوشو خالّە
تەشەن دارە جەرگی بڕینم

چەنی گولە لەو چۆلّە ، یەخسیری خاکن
بەر ڕوویــا ، گــــەلّا

وەك چەمۆڵەی کڵۆڵی وەریون
گەمارۆی زەلی نیسزە
واتەنگی پێ هەڵچنیون ..
کەبێ دەرفەتی پێکەنینن
بەسەد بەرزگی زەردەماسی
لك و پۆپ و هەژگەل
وەها دەورو پشتی تەنیون
کەبێ فرسەتی چاوە بڕکێ، لەگەڵ عەرشی پاکن

○○○○○○○

بەڵێ ،دووڕە گەرمینی دەریا
بەڵێ ، وایە کانی هەژاران
ئەزانم ، ئەوانەی گەپاراوی ئاون ، بژارن
ئەزانم ، لەڕێگا مەترسی گەلێ ژەنگ و ژارن
بـــەڵام کاکـــە
ئەو کشـــــتە
عەقڵی خەســـارن

○○○○○ ○○○○○

لەناو ئەوهەموو ئاوە هەر چاوەیەلباوی هەنگاوی خۆشە
بەتەنیا ئەوە شارەزای کۆسپ و کەندالێ ڕێ یـــە
هەوەڵ مەنزڵی زێ یە، ئاواتی بەرزی زڕێ یە

ئه‌زانێ له‌هه‌ڵدێره هاتی به‌هێزی
له‌ئه‌سکوندو چاڵایه هه‌ڵدان و گێژی
به‌رۆی شینی سه‌رشانی ، دەریایه ژینی که ڕێزی
ئه‌زانێ له‌پێ ناکه‌وێ
پێیه پێڵاوی تاسه‌ی پیاسه‌ی له‌پێ بێ
نه‌وه‌ستان ئه‌وه‌ستێ به‌ده‌ستێ
که‌خـاراوی ئێشرو
ســـواوی ســوێ بێ
له‌هه‌رشوێنی ڕاماوه : داماوه ، کاری کراوه !
ئه‌زانـێ ئه‌بـێ
هه‌ربژێ و باژوی ، تابژی تابمێنێ
هـــه‌ناوی ، به‌هه‌نگاوه
نه‌سرموتنه ، کوله‌که‌ی ڕۆحی ئاوه . . . . . .

سالی / ١٣٤٦ / ١٩٦٧

فه‌رهه‌نگـــوك

ێ : به‌رۆك
ڕ : بارهکـه‌و
ـــن : وهك . له‌چه‌شنی
ن : توبینه‌ره‌وه

هه‌والنامه‌ی کتێب

بژوێن : جیگەیەک لەوەڕی باشی هەبیت . سەوزو خورەم
سێوەرە : سێپەرە . حورە گیایەکی سەوزی جوانە . شەوەڕ
پۆ : تان و پۆ . شتیکی چنراو کەلەدووشت پێک هاتبیت . یەکەمیان " تان " یان رایەل . دووەمیان " پۆ " یە کە زۆرجاریش نەخشەکەی پێ دروست ئەکریت .
زەنوێر : جیگایەکی ئاودار پر لەوەرە .
زێواژن : نەخشیند راو بە " زیو "
راخوشان : کشانی ئەستیرە
گاز : شوێن . جێگا
گاز : بانگ
ودم : بەرەکەت (ئەلین فلانە کەس ، ودم" ی پێ یە ، واتە بەبەرەکەتە ، بەرەکەتدارە
لاوین : شوولی دارمبی ، ئەو " بێ " یەی کەنایی بەدار . بە " بنج " ی دەمینیتەوە .
هەتا چاو هەتەرکا : هەتا چاو برکا
تاراوگە : جێی تار بوون " منفی "
لووزەو : بەخور ، بەکومەل و بەگور بەرەولایەك چوون
زنە : کانی یەکی هەلقولاوە کە ئاوەکەی هی سەرچاوەیەکی تەرە
گوێ کردن : گوش کردن
گراو : گەراو ، یان کانی یەك پاش ماوەیەك لە هەلقولانی دەبیتە بەرد . کانی ئاوی معدەنی و ئەملاح .
رگە : قەفەس
وەرم : خەو (بە هەورامی)
رووگە : قیبلە
بیژوو : زول
لەهی : لافاو . لاو (کورمانجی)
میر خوناوەی بەهار : خوای بارانی بەهار (لەحیکایەتی فولکلوری کوردی " میر خوناوە " زور بەکار هاتووە بەو مانایەی سەرەوە " خوای باران " .
نزا : دوعای بەخیر

تووك : دوعای به‌شه‌ر . دوعا لی کردن
راسان : خوراپسکان . راپه‌رین
گه‌ی له‌شی : جومگه‌ی له‌شی (مفاصل)
گاوکردن : لیك به‌ستنه‌وه‌ی پارچه‌ی شووشه‌ی شکاو
کووز : خه‌تی جووت
جاره جوان : جاره گه‌نم . جاره جۆ . پاشماوه‌ی دروینه‌ی گه‌نم و جۆ . له‌رابووردوا "جوان"
ئه‌سکوند : به‌رزایی
که‌ریز : کاریز
پێ‌ی ناوه‌ستی : ده‌ره‌فه‌تی نایه
باژوێ : بچیته پیشه‌وه . لی خورین به‌ره‌و پیشه‌وه
بژێ : ژه‌ندن (وه‌ك مه‌شکه ژه‌ندن) .

هه‌والنامه‌ی کتێب

(١)

کەلەبنارەکە دوور کەوتەوە ،
دوا ئامێزم لەچیا خوێناوییەکە توند کرد
بەپەنجە بێ نینوکەکانم ، لەسەر بەرد وخۆڵی
لوتکەو دامێنەکان

لەسەر باڵای برسێتی
لەسەر ڕەگی درەختەکان
ناوەکەتم هەڵکۆڵی .

کەلەبنارەکە دوور کەوتەوە
لەنزیک دێ
گۆڕستانە خۆڵە مێشی یەکم لێ هەستایە سەرێ ٠
گۆڕەکان هێشتا
نالەی خوێنیان لێ هەڵدەستا
لەناو باران و زریانی ئەو ئێوارە ساماکەدا
وەک چرا هەڵیان دەکردم
بەرەو تەم و خۆڵە میشی
ڕۆخی میژوویان دەبردم

ئەوە تەوژمی هاڵاوی خوێنە
وەکو سێبەری تینوێتی و مردن
دەکشێ بەسەر ئەم بەردەڵانەدا ؟
یان تەم و مژە ؟!
مێژوو هەڵدەگری ،
وەکو تارمایی ،
بەدریژایی ساڵ پێشم پێ دەگرێ
لە تاریکایی ئەو داڵانەدا ٠٠
لەناو کۆڵانی ئەم ژیانەدا ٠!

هەوالنامەی کتێب

(٢)

رووم بێ لەم وەرزە بەردینە مەکــە
ئەم مەشخەڵانەی سەرم ناتوانم
لەم هەڵدێرەدا
لقێ دارنــی یە ،
کێلە بەردێکی تیژو هار نی یە
بچەقێتەناو قوڵایــی گیانــم

(٣)

ئەم شەویشڕەت بوو
کەچی سوارەکان سەریان لێ نەدایــن ،
یان لەسەر لوتکە دوورەکان
ئاگرێکیان نەکردەوە .
دەشێ لەم شەوانـــەدا
لافاوێکی ئەستوور هەستێ ،
یان لەناکاو چوار دەورمان بگرن .
ئیمە نەرەشمالــی گەنارەکانمان کوکردۆتەوە
نە سەنگەرێکی قوڵمان

لەناو شەودا هەڵکەندووە .
هەرچەند جاری
لەم کەنارە شیدارەدا لەدایك بی
هەر لێرەش دا
لەناو گۆڵاویك دا .. دەمری .
باسکت بێنە
باراکێشێم و تاویك باوەشینم بکە
بۆنی کفن و
بۆنی دیلـی و
بۆنـی پیاوە مۆمیاکانم لێ دوورخەوە .
لەناو بوڵێڵی ئەم خاموشیەدا
وەك گۆرانی سووری ژیان
بمباوەشێ ئەوینەوە
دەستم بگرەو
بەئیمنی
بەشـە دونیای بەرینەوە .

(٤)

هەتا .. هەتاوی تۆمان لـێ هەڵدێ

لەرووی نەبوونـــا ..
لەرووی ونبوونـــــا
پێ لەچەم دەنێین
پێ لەشەو دەنیین
پێ لەبرین و ترس و تەم دەنێین
لەناو هالاوی ئەم کەنارەدا
خوشەویستی تۆ لەئامێز دەنێین .

(٥)

ئەی خۆری هەموو سەدەکان !
هەوومان چاوەروانی تۆین
تا ئەو رۆژەی
بەستەلەکی چواردەورەمان دەسووتێنی
وەک تەرزەی سووری مێژوو
روخساری رۆژەکانمان ،
تەمەنی کۆژاوەمان دادەپۆشـی ..
لەناو ئەم وەرزە بەردینەدا
پەنجەرەیەکی بەرینمان
بۆ دەگەیتەوە

- ٤ -

ئەوسا ئێمەیش
لەژیر سایە سوورەکەتـــــا
بەفرو خۆڵی سەدەکان لەخۆمان دەتەکێنین
سەری گۆڕەکان دەگرین و
ئەتا دەمرین
لەبەر بارانی میژوودا رادەوەستین .

ئاداری ١٩٨٠

حەوالنامەی کتێب



شەو بوو هەر پیشەرگەو بەفر
بەناری شاخەوە بوون
گەبەفر نووست
ئەوان وردە وردە هاتنە خوارێ
لەچوار لاوە هاتنە خوارێ ٠

شەوبوو لەبەر دەرگی سەرا
تەنها چەند سەگێکی خوێریو
دوو پیکابی زەرد ئەبینرا

شەوبوو قرمەژنی گوللە
گوێی گەرەك و گورەپان و
" سەرا "ی کەڕ کرد
بارانی گر ٠٠ بەخور دایگرد

لەچوار لاوە
دەست رێژو تەقە بڵاوە
لەژوورەوە ، لەکونی کونی ژوورەوەی ،

چەند مالێکدا
خائینەکان ، وەکو جرجی زراو تۆقیو
وەک تۆتولەی بەربارانی ،
لەسەرمادا لەشی هەل لەرزیو
خۆیان لەناو ئاودەست خانەو
ژێر زێرابدا حەشار داوە
لەچوار لاوە
دەست ریژو تەقە بڵاوە

لە "داروغا"
پیشەرگەکان وەک رموەیەک
- بەور - ی چاوتیژ
شارەزای کۆڵان و گەرەک
بست بەبستی
دابەشبوون و ئەوسا هەربۆ .
پەنگ و عیبرەت
کلکی چەند جاشیکیان بڕی !

لە "ئازادی"
دوو پیکابی زەرد ، وەکوو عار

زەرد وەك سیمای " هیتلەرەكەی "
شاری بەغـــدا ..
قیین .. بارگردوو
چەند تەنێك تاوان هەڵگرتوو
دوو یەكانەی زامدار بوون و ،
تیژ ئەهاتن
لەناكاودا ، لەپێچێكدا
هەڵۆی سووریان بو دەریەڕی
لوولەی سەرشانی گرهاوێژ
دۆزەخێكی بو داخستن
تیا توانەوەو
فریای دابەزین نەكەوتن .
ه ه ه ه
هەر ئەو شەوە لەكانێسكان
پێشمەرگەیەكی حەڤدە ساڵ
لەبنكەدا ناویان نابوو «
ـ هەژاری زاڵ ـ
باریكەلەو .. لەشسووكەڵە
وەكوو ئاســـك
چاوشین وەكو قوبەی سامان
گەردی خەمێ لەروری نیشتوو

وه‌ك باخسی گوندێکی چۆل بوو
لەوشەوەدا .. دەمێ خێزاو دەمێ هێواش
جارێك قیت و ..
هەندێ جاریش بەکۆمەکۆ
ئەچووە پێشێ ..
تا بگاتە سەر بەنگەلەی دوژمنان و
بەنارنجوك دایان ببیژی .

ه ه ه ه

لەناکاودا ــ هەژاری زاڵ ــ
کەوتە ناو تەلبەندی بۆسەی دوژمن و ،
بە ئەلقەیەك دەوری گیرا
ــ هەژاری زال ــ بروسکە بوو ، هاتە دەست و
لەگورگە کاڵورەشەکان
چواری خست و ..
لەدواییدا شەهید کرا .
هەر ئەم شەوە ،
بێژنگی لاشەی بەپشتی
زیلیکەوە ، لەقاچەوە ، گرێ درا
بەسەر بەردو درك و داڵدا
بەلیتاودا ، بەقوراودا ...

رایان کێشـــا ٠
هەر ئەو شەوە ٠٠ لەشی سووری
لەسەر تەختی مەیتخانە فری‌درا
دوژمن ووتـــی :
چەتەیەکە بێ‌ناونیشان
بی‌دایك و باوك
بی کەس وکـــار
بو بەیانی کەخۆر هەڵات
بینی‌یان وا :
لەبەردەمی مەیتخانەی ئەم شارەدا
کۆمەڵ ٠٠ کۆمەڵ
دەیان دایکی عەبا بەسەر ،
کور لەکیوان ،
رەش، ئەچنەوە
بەبێ دەنگیش پاڵەپەستۆو پەلەیانە
هاتوون تەرمی ، ئەو هەڵۆیە ببینن و
بزانن کوری کامیانـــــە ؟



هەموویان خەویان لی‌کەوت‌تەنها ئەو نەبیت . کۆکەیەکی کرد کەس‌د‌ەنگی‌لیوە نەهات لێڤەکەی لابرد و د‌انیشت : —

(ترس‌و لەرزی ناویت . . ئەمشەو نەبابم نە کاکم لە مال نین) هەستایە سەر پی . بەهیواشی لەژوورەکە چووە د‌ەرەوە . د‌یواری مالی خویانی بەجی هیشت . هەلویستەیەکی کرد ، بە ئاسانی مروڤ بەد‌ی ئەکرا ، شەش هەنگاو رویشت‌ئاوری بەم لاو بەولای خوی‌د‌ا د‌ایەوە . پی‌ی هەلگرتەوە هەتا گەیشتە ئەم د‌یو توترکەکان . وەستا ، بەد‌وری خوی‌د‌ا خولایەوە . هەنگاوێك رویشت‌و لەپر سەری تەقی بەسەری مروڤێك د‌ا . د‌اچلەکی سنگی بوو بەد‌ەول هەناسەیەکی قولی هەل کیشا .

— ئەوەتوی . . فاتیلە ! وەیش‌کویر بیت ! خەریك بوو د‌لم بوەستیت . . تو د‌ەستت بینە !

فاتیلە د‌ەستی نایە ژیر مەمکی چەپی : —

— د‌اوەتە‌یت . . د‌لت‌ئەلی‌ی مریشکی سەربراوە !

— ئاگرت‌تی بەر بیت‌چوزانم لیرە د‌ایت . . ئەوە‌چاوەری‌ی کی ئەکەیت !؟

— د‌ەبوایە کاکت‌لیرەبایە .

— بەرە . . !کاکم چووە بو شاری . . ئێجا ئەو لیرەبایە من د‌ەمویرا بیمە ژوانی !

فاتیلە وەکوو ئاگرێك ئاوی پیاکراو کوژایەوە . بەد‌ەنگیکی توزنەوە : —

— ئەی بو پەیمانی بەمن د‌ا !

— بابم بەزور بر‌د‌ی .

پاش‌توزیك بی‌د‌ەنگی شەمیلە چەپو کیکی کیشا بەسەریاو بەد‌ەنگیکی توزیك بەرزترەوە

— هـا . . ئەم بویە ئەی ووت‌ناساخم !

فاتیلە د‌ەست‌بەجی گەش‌بوەوە .

— د‌ەباشە . . وامزانی . . .

قسەکەی تەواو نەکرد . پرسیارێك خوی هینایە پیشەوە . —

— شەمیلە خزمتان نین لەشاری !

شەمیلە نوقڕچیکی لی گرت‌و ، وتی : —

ـ مەترسى ! . . بەخوا تو نەبیت كەس بەژنى نابیت !

فاتیلە زەردەخەنەیەك رووى داپوشى ، پاشان بەغەمبارىيەوە ، وتـى : ـ

ـ خوزگەم بەخوت .

ـ بو . . .

ـ ئیستا دەى بینیت . . ئەمشەو خەو ناچیتە چاوم .

فاتیلە ئەت وت بەردت بەستووە بە قاچیەوە ، وردە وردە گەرایەوە بەرەو مالەوە . شەمیلەش وەكو پەرى سنگى بالداریكى نەخشین و جوان هەواى خوشەویستى خولە بردى بو نـــاو چنارو توترگەكان .

ـ ٢ ـ

شەمال لەشى مروڤى گرژ ئەكرد ، رووەتە ناسكە ئالەكانى شەمیلە ، ئەوندەى تر ئال بوبوون . هەركە دەركەوت ، خولە لەگەل لیدانى كوت و پرى دلى دا هەستاو باوەشى بـو كردەوە ، ئەویش وەكو خوى ، تەنها وەكو خوى ، لەناو دەستى دا چاوەكانى سەریەك نـاو توایەوە ، تاویك توند توند یەكتریان گوشى .

ـ ئاخ شەمیلە ! . . . نازانم بوچى هیندەم خوش ئەوییت ! ؟ خوزگە وەكو كەوبار لـــە باخەلم دەنایت .

دوو فرمیسكى كلاوى لەچاوە گەورەكانى شەمیلە هاتە خوارەوە ، كە خولە خیرا ، بەزمانـى بوى لستەوە . سلەمیەوە : ـ

ـ چاوم ماچ مەكە !

ـ بو . . . ؟

ـ بەوومە . . بەیەك ناگەین .

خولە بەزەردەخەنەوە ، وتى : ـ

ـ باشە . . دواى زەماوەند چاوانت دەخوم .

بەقەبارە لەسەر زەوى و بەهەست و نەست لە ولاتیكى كاتى و بى ناوونیشان بوون مەسكەكانى شەمیلە ئەوندەى تر تورت و گرژ بو بوون . خولەش واى ئەزانى هەواى باخەلى شەمیلە نەبیت هەوا لە دنیادا نەماوە .

ـ ملوانكەكەت بەدل بوو . . ! ؟

ـ شیلانەن !

ـ شیلانە جوانە شەمیلە ! ؟

ـ وه‌کوو دلی تو وایه .
ـ دلی منت خوش ئه‌ویت ؟
ـ دلت له‌ناو دلمایه .
ـ به‌قوربانی دلت‌بم شه‌میله .
شه‌میله وه‌کوو مامزه‌یه‌کی سرك له‌ناو قولی خوله هاته ده‌ره‌وه . ـ
ـ هه‌سته ده‌رنگه !
ـ چی ئه‌بیت با ببیت .
ـ هه‌مووی مانگیکمان ماوه . . بابم بزانیت ژیوان ده‌بیته‌وه
ـ تاویکی تر لام دانیشه .
شه‌میله به‌و به‌ر کانیه‌که‌وه به‌رامبه‌ر به‌خوله دانیشت . په‌نجه‌ی خسته سه‌ر چاوی : ـ
ـ چاوی منت خوش ده‌ویت ! ؟
ـ بیخوم !
ـ حه‌ز ده‌که‌یت به‌یه‌ك بگه‌ین ؟
خوله به‌بی ئه‌وه‌ی وه‌لام بداته‌وه ، هه‌ناسه‌یه‌کی گه‌رمی هه‌لکیشا . ئه‌ویش به‌ده‌م روشتنه‌وه ، پی‌ی وت : ـ
ـ له‌مانگی لاسار ئه‌چیت . . هیچ نه‌سیحه‌ت‌وه‌ر ناگریت .
مانگ کانیه‌که‌ی به‌جی هیشت و شه‌میله به‌ناو توترك و چناره‌کان‌دا سه‌رکه‌وته‌وه . خولـه‌ش به‌سه‌ر هه‌موو گه‌لا ره‌یحانه‌کاندا چووه‌وه ماچی ئه‌کردن .

ـ ٣ ـ

بیست و چوار کاروان کوژه ئاسمانی دیان گرت . ده‌یان له‌یالی پشت‌مالان نیشتنه‌وه ، ده‌ی تر گردی راست وچه‌پی گرت ، چاره‌که‌ی تریان ده‌شتی به‌رمالانیان نه‌نی .
سه‌ربازه‌کان جاشیان پیش‌خویان دابوو ، لوله‌ی تفه‌نگه‌کانیان ئاراسته‌ی سه‌ر سنگی ئاوایی کرد : ـ
ـ وه‌رنه ده‌ره‌وه . . . . !
ـ ژنیش !؟
ـ ژنیش . . . وه‌رنه ده‌ره‌وه !
ـ منالیش . . . . !؟

ـ ٥٣ ـ

ـ منالیش . . . وەرنە دەرەوە !

هیند ەی پی نەچوو هەموو ئاوایی یان کوکردەوە . ئەفسەرەکە هاواری کرد

ـ گر لەخانوەکان بەربدەن !

ئاوایی بوو بەچەند شاپلیتەیەکی گەورە . ژنان کردیان بەقیژە قیژو گریان . پیاوەکان کەوتنە مقو مقو . لەملا یانەوە ژەند : ـ

ـ مەلا . . دەبرو . . قورئانەکە بەرە بەرەو پییریان .

مەلا ئەت وت کەولت کردووە ، هەر پیستەکەی مابوەوە : ـ

ـ ئەلین سوودی نی یە .

ـ هیچ نەبیت باشتەکانمان دەربهینین .

مەلا ساکا بوو ، لەدلی خویدا ئەیووت :

(ئەمکوژن)

رووی ئەکردە هەر لایەك

ـ کورە مەلا .

مەلا کەوتە لیو کروشتن .

(تو بلی ی ریز لەکتیبی خواش نەگرن)

دەستی کرد بەباخەلیا ، قورئانیکی ئەستووری دەرهینا ، دوو هەنگاو چوە پیشەوە : ـ

(خو پیغەمبەر عەرەب بوو) .

وەکوو شەقشەقە ئەلەرزی .

(نامکوژن . . نا . . هەی . . غیرەت سەگ بتخوات) .

هەتا گەیشتە بەردەمی ئەفسەرەکە دو سێ سەر سمی دا .

ـ گەورەم بیکە بەخاتری ئەم قورئانە .

ئەفسەرەکە بەبی ئەوەی دەنگی لیوە بیت ، بەدەمو چاویکی مونەوە کتیبەکەی لی وەرگرت ، دەستی لەپشتی ملی مەلا توند کرد لەپیش خویەوە بردی ، قورئانەکەی فری دایە نـــاو ئاگرەکەوەو پالیکی نا بەملاوە . مەلا نیوەی کەوتە ئاگرەکەوە نیوەکەی تری فریای کـــەوت و پاشەو پاش گەرایەوە . ئەفسەرەکە ئیشارەتیکی بو سەربازەکان کرد . . بەشەق بردیـان میزەرەکەی کەوتە ملیەوە ، پشتی لەزەوی چەقی ، سەری بەرز کردەوە بو ئاسمان . ـ

ـ ئەوە لەکوی !؟ . . لەکوی !

هەستایەوە سەربی پشتی وەکوو نیشانەی پرسیار چەمابووە . پیرەژنیك بەدەم سنگ کوتانەوە ،

دەنگی بەرز کرد بوەوە ..

ـ سی ساڵە مریشك ئەکەین بە گەرووی مەلادا کەلکی پوشیکی نەگرت . هەزار ساڵە نوێژ ئەکەین قورئانەکەشیان سوتاند .

مەلا دوا کولەکەی دی بوو ، وەکو خانوێەکی کون و رزیو تلیسایەوە کەوتە سەر زەوی . ئەوەی بەخەویش نەئەبینرا بەراستی رووی دا . پیاوێکی بەسالاچو دلی گەرم بوو ، دەستی دایە تیلایەك : ـ

ـ هەی کافری لەکافر بوو !

ئەفسەرەکە سەری جولاندەوە ، سەربازەکان پەنجەیان توند کرد ، مام هومەر لەشی سارد بوەوە . شەمیلە زریکاندی :ـ

ـ بابە گیان ! . . ئەی هاوار باوکمیان کوشت .

دایکی شەمیلە دەستی پر کرد لە خرکە بەرد ، قولی بەرزکردەوە بو ئاسمان بەلام کاتێك سەربازەکان پەنجەیان توند کردەوە ، بەردەکان بەسەر شانیا هاتنە خوارەوە .

دوکەلی فیشەکی سی یەم شوینی بەدوکەلی فیشەکی دووەم و دووەم بەیەکەم چول ئەکرد کەلولەی تفەنگەکان گەرم بوون لەشی مام هومەرو شەمیلەو دایکی شەمیلە سارد بوونەوە .

ئەفسەرەکە ئەوەی لەسەری خوێو رژیمەکەی دابوو خستیە سەر زەوی . تاوێك بەدیار لەشە خوێناوییەکانەوە وەستا ، ئنجا نەراندی :ـ

ـ ئەمە باشترین ڕانەیە بو ئێوە . . بەزەیی دوژمنی ئێمەیە . ئەبیت بتوانن مال بسوتینن ، پیریش بکوژن . ژنیش بکوژن . . منالیش بکوژن . . . هەر ئەم منالانەن گەورە ئەبن و گوللەمان پێوە ئەنین . هەر ئەمانەن یاخی بووەکان بەخێو ئەکەن . ئەمانە نەمینن ئەوان لەبرسا ئەمرن . پێویستە لەبنەوە بنجە بریان بکەین ، ئەمانە بەهەلە لەسەر جیهان دروست کراون ، پێویستە نەمینن !.

مردن و بی دەسەلاتی ژیردەستی و داگیرکردن ، بوبوون بە پوپەشمینیکی دژوار ئەو ناوەیان داپوشی بوو . بونی خوێنی لەشەکانیش هەمان رەنگیان گرت بوو .

پاشان رووی کردە خەڵکی و وتی :ـ

ـ کێ ی تر حەز لەمردن ئەکات ! ؟

لەوە ئەچوو زمانیان گرتبیت بەدەستیانەوە . کەس . . هەر کەس دەنگی لێوە نەهات .

هەتا گەیشتنە بەردەمی فروکەکان ، دەستی سەربازەکان پر بوو لەقژی کێژولان ، نوکسی قەمەکان خوێناوی و شانی پیاوەکان قوراوی بوون .

— ٥٥ —

کاروان کۆڕەکان دەستیان کردەوە بەئیش‌کردن . پیش‌ئەوەی پەروانەکانیان لەئاسمانـدا بتوپێنەوە ، ئەفسەرەکە دەستی داگرت ، لەژێر دەستیا ، گانیەکان تەقینەوە چنارو توترکە ـ گانیش‌سووتان .

ـ ٤ ـ

ئەوەند میان نەمابوو بگەنە ئەو شوینەی کەپشویان لێ‌ئەدا ، بویە ئامانجی گەیشتن بـە دانیشتن و چا لی نان پێ‌ی پێ هەڵگرتن ، لەبن داریکدا دانیشتن ، ئاگریان کـردەو خولە پشتینەکەی لەدەستی قوریەکە دەرهینا ، بەرەو رووی گانیەکە چوو .

گانیەکە ویران کرابوو ، نەبەردە رەنگاو رەنگەکانی ناوی و نەتاویرەکانی دەوری لە شوینـی خویان مابوون ، ئاو وەکو خوێنێکی سپی لەچەند لایەکی تردەوە ئەهاتە دەرەوە . لەچاویـک ئەچوو پەنجە کرا بێت بەناویـا . بەهەردوو دەست‌کوتە چال کردن و دەردانـی زەوییەکە ، بو ئەوەی جێگای قوریەکەی تیا بکاتەوە . ئاوەکەی لێل کرد بەدیاریەوە دانیشت هەتا رون بووەوە . کەتریەکەی هەڵگرت وێستی بێگات بەچالەکەدا . موورێـکی سوور لەبـن ئاوەکەوە خوی بو کردەوە ، وێنەکەی بەچاویا تێ پەڕیو لەناو جەرگیا بوو بەپشکو کسپەی لـە هەناوی هەستان .

بیرەوەری دەستی دایە ژیر بانی و گەرانیەوە بو رۆژانێک سێ هەنگاوی مابوو بگات‌بە شەمیلە ، ئەت‌وت‌ماسی ئەگریت ، وا بەتوندی دەستی کرد بەناو ئاوەکەدا ، مشتێک خۆڵ و وردە بەردی دەرهینا ، دڵی کوتە لێدان :ـ

(توبڵی‌ی شێلانە بێت . . . ئەو بوو یان چاوم رشکەو پێشکەی کرد !) بەهێواشی مشتـی لەسنگی جیا کردەوە . پەنجەکان ئەکردەوە و خۆڵ و زیخ لەدەستی ئەکوتە خوارەوە .

ـ ئەوەتا . . ئەوە ! . . ئەوە !

هەستایە سەر پێ ، هەتا تینی تیا بوو رای کرد :ـ

هەموویان بەدەنگیەوە هاتن . ئەویش‌کەچاوی بەڕان کەوت‌لەسەربانی رابوردوەوە کەوتـەوە حەو شەی ئەمڕوە ، رووەکان لەبەرچاوی تاریک بوون ، ئێجا کەوتە سەر زەوی .

هێشتا هۆش خوی نەهاتبوەوە فەرماندەکەیان ، وتی :ـ

ـ کەس‌سەر نەکاتە سەری !

پاش‌ماوەیەک چاوی کردەوە بەبێ دەنگی دانیشت . فەرماندەکەیان لەسەر خو رویتی کردۆ

ـ ئەبێت هەول بدەیت خوت‌لەخەمەکانت‌گەورە تر بێت !

ـ ٥٩ ـ

ماوه‌یه‌ك بەبی دەنگی دانیشت ، سەری شور کرد بووەوه ، لەپر یەدەنگیکی نزمەوه کەوتە قسەکردن :ـ

ـ مالمان لیرە بوو ، ئەو روژەی ئەم دێیە سوتینرا ، لەگەل شەمید ئاشتی و هاوری جوتیاردا بەو توقە دەوەنەی ئەو بەرەوه بووین ، بەم چاوانەی خوم چاوم لی بوو شەمیلەو دایکی و باوکیان کوشت . . . بەم دەستانەی خوم ناشتمن . . چەندین جار هاتومەتەوه ئیرە بەم شیوەیە. بەسەر نەهاتووە ، نازانم بوچی کەچاوم بەم شیلانەیە کەوت کانی و دارەکان وەکوو خوێان لی هاتەوەو شەمیلەش لەئاسمانەوه هاتە خوارەوه !؟ . . . .

ـ ٥ ـ

لەسنگی چیاکانەوه ، بەشاخی گوێزەدا داگەران ، شوین پێی هەشت مروڤیان لەسەر بەفرەکە بەجی هێشت ، سیانیان لەدەرەوەی شار دامەزران و بون بەبربرەی پشت. پێنجەکەی تریش وەکو خوین ئوکسجینی سەربەستیان هەلگرت و بەدەماری کولانەکاندا هاتنە خوارەوه . دەرگای مالەکان داخرابوو . فەرمانەکەیان لەپێشیانەوه ئەرویشت . لەسەر سوچی کولانێك وەستا :ـ (هەیبەت و نەبیت ئەمەیە) . تەقەی لەقاپیەکە هەستاند . لەو دیوەوه دەنگ بەرز بووەوه :ـ

ـ کێیە ؟

ـ خومانین !

ـ خوتان کین ! ؟

ـ پێشمەرگەین !

ـ چو . . چ . . چو . . چون ؟

ـ لال بە مەبە بێکەرەوه .

زەرد بوبوو ، ئەت وت لەبەردەمی گلوپەکانی ساحەی تحریری بەغدادا وەستاوە ، یەك تەقە بکرایە وەکو مو هەل ئەپروکا و ئەکەوتە سەر زەوی .

ـ بەخوا . . بەخوا سبەینی لەدارم ئەدەن ، منالم وردە ، هەموو دنیا سیخورە .

بەبی ئەوەی وەلامی بداتەوه ، لیوی خوی کروشت ، پاش توزێك لی وردبوونەوه ، بەرقەوه وتی :

ـ ئەم ترسە چیە بەگیانتا چوتە خوارەوه ؟

شەش مالی تریان بەجی هێشت . لەپر دەرگایەك بەئاستەم کرایەوه . دەنگێك لەتاریکی یەوه ئەهاتە دەرەوه :ـ

ـ وەرنە ژوورەوە !
ـ ئەروین . . بوسە نی یە !؟
ـ نەخ . . نەخ . . ئاسمان پاکە !.
لەسەری دوو کولانەوە لولەی تفەنگەکانیان دەرهینا ، ئەوەندەی پی نەچوو دوو پیکاب سیخور سەرکەوتن ، فەرماندەکە (ئار . پی . جی) یەکەی خستە سەر نەرەی شانی پیناپی یەکەم لەگەل فەرمولەکەدا جوت بوو ، پەنجەی لی گیشا . توپەلیك گرو ئاسن لەلولەکەیەوە هاتە دەرەوە لەناو ماشینەکەدا تەقیەوە . تەقەدامەزرا خولە هیرشی بردە سەریان . دەستی لەتفەنگی کۆژراویك گیر بوو بەدەم تەقە کردنەوە گەرایەوە بودواوە . لەپر چوار گوللە بوون بە چوار قورسایی و چوکیان پی دادا . دوو پیشمەرگە چونە ژیر بالی ، نزیکەی بیست هەنگاو بردیان . پاشان پی ی وتن :ـ
ـ بەجیم بهیلن . . من تەواو . . مەخزەنەکانیشم لی بکەنەوە . . نارنجوکیکم بەسە !. . . . . بادوای مردنم هەر لەسەرم هەلپەرن . لەپنا دیواریك دادیان نا . ئەمجارەیان ، بە هیواشی ، ئەت وت کوتریکی بی بال ئەگریت دەستی کرد بەچالیکی قولتردا ، شیلانەمو ئاویکی گەرم و سووری دەرهینا .
چاوی بریە لەپی دەستی :ـ
ـ ملوانکەکەت بەدل بوو ؟
ـ شیلانەمن !
ـ شیلانە چوانە شەمیلە !
ـ وەکوو دلی تو وایە .
ـ دلی منت خوش ئەوی ؟
ـ دلت لەناو دلمابە .
ـ بەقوربانی دلت بم شەمیلە !)
وتاف و دەنگی دلیری هاوریکانی زەردە خەنەیان ئەدا بەرووی دا . مردن ئەوەندە گرنگ نەبوو بەلایەوە . چونکە هەموو ئاواتەکانی خوی ، لەپیشەوە رەوانە کرد بوو ، ئەوەی لە کیسی ئەچوو برسیتی و ریگا روشتن و کوشتنیکی تر بوو .
ـ بژی مروڤ !
ـ بژی سەربەستی !
ـ بەری جاش .

ـ ٥٨ ـ

خوین چوراوگەی ئەبەست و دەنگی هاوریکانی وردە وردە دوور ئەکەوتەوە .

(ــ چاوم ماچ مەکە !

ــ بــو ؟

ــ بەوومــە . . . بەیەك ناگەیــن) .

دەنگە دەنگی سیخورەکان نزیك بوەوە . پیش ئەوەی لەسەر لاشەکەی هەل پەرن و بەشەقا مەکاندا رای بکیشن ، سەری کەوتە سەر قولی ، ویستی دەستی لە چاوی نزیك بکاتــەوە نەی توانی ، ناوچەوانی گرژ بوو ، رەنگی شیلانەکەکە لەناو رەنگی خوینەکەدا توایەوە ، لەپی دەستی بو بە مەزاری خەونەکانی ، دوا چرکەی دلی تیا ناشت .

خولەش حەزی ئەکرد شارەکەی گورەپانیکی سەوز بیت ، دەستی شەمیلەی تیا بگریت وپــر بەهەموو دلی وەکو منال پی بکەنیت . خولەش ئاسمانی ولاتەکەی شینە . بەلام فروکــەی فاشیستەکان نایەلیت . بالدارەکان تیا بفرن .

منیش ئەزانم باوەش بکەم بە خوشەویستەکەمدا ، بەلام جەند رەکان شانم ئەگرن .

نیشتمانەکەی خولەش داری لی ئەرویت ، بەلام سوپای خوین ریژەکان بەنەمامی ئەی سوتینن . خولەش وەکو تو بەشمروالیك وکراسیکەوە ئەسورایەوەبەلام دلگیر کەران تفەنگیك و هەشــت مەخزەن و قەمەیەك و مەتارەیەکیان دایە دەستی .

دەرگای مالەکان کەوتنە سەر پشت ، خانووەکان گەرم بوون : ــ

ــ قوتابخانەی چەوسانەوە

بیری کونی . . . توانەوە

هیزو بازوی . . . ترسنوکــی

پوکایەوەو . . . نەوی چوکی

مەفرەکە وەکو خوین کاربونی خەمی خولەیان هەل گرتو بەدەماری کولانەکاندا گەرانەوە ، بەگویژەدا بەرەو سیەکانی چیاکان سەرکەوتن .

شوین پی ی خوت مروڤیان لەسەر بەفرەکە بەجی هیشت .

توژەلــە

① کۆترەکان

دوو بیچوە کوترە کیویلەی نەشمیلانە ، لەهیلانەکەیان هاتبوونە دەری و بەدەم چاوەروانی گەرانەوەی دایك و باوکیان ، کەمێك بوو بو خوراك هێنان چووبوون ، کەوتبوونە جیکەجیك لەوکاتەدا ، خاوەنی پەڵە گەنمەکەی تەنیشتیان هات . لەنزیك ئەوانەوە لەدامێنی چەقڵ ـــە خورەکەوە دا هولیکی چەقاند .

بیچوەکان ، کەمەیان ، دی ترسان . بەپەلە خویان بو ناو هیلانەکەیان کوتاو تـەواو خویان مت کرد و جووکەیان لەخویان بری .

جووتیارەکەش ، توزی بەناو گەنمەکەدا سورایەوەو . . هەندی بژاری کرد و لەدواییشـدا باوەشێك گیای دووری و . . بەسواری گوێ دریژەکەی بەرەو مال گەرایەوە .

کەکوترەکان گەرانەوە ، هەر لەدوورەوە دا هولەکەیان بەدی کرد . وایان زانی . ئەمـە زەلامیکەو خوی لە گرتنی ئەوان خوش کردووە . بویە ترس ، بالی شەتەك دان و دڵەکوتـی دای گرتن . ویستیان بگەڕینەوە . چەندی کردیان نەیان توانی . چونکە خوشەویستـی بیچوەکانیان ، لەترسی دا هولەکەو بەرەو دواوە گەرانەوە ، زور بەهێز تر بوو .

چەند جارێك بەبەرزییەوە ، بەتیژی و بەترسیکی زورەوە ، بەسەر پەلە گەنم و دا هولەکەدا سورانەوە . بەجووتە چاویان بو بیچوەکانیان دەگێرا . بەڵام دیار بوو ، ترسی دا هولەکە ، تەواو لەهیلانەکەیان دا ، نوقمی کردبوون

ئاگر بەربووە جەرگیان . پەروشی بیچوەکانیان ، وەك چەقۆ ، دڵی گیرە دەکـردن . چەند جارێکی تر ، نەوی ترو لەسەرخوتر سورانەوە . سەرنجیان دا ، دا هولەکەش جوولـەی لیوە نایـی . . کەوتنە گومانەوە . . زەلامەیان نا . . غیرەت لەدەمارەکانیانا جـــوولا . دایکانەکەیان ، گوری بەستەوەو هەڵی کوتایە سەر دا هولە بێ گیانەکە . . باوکانەکەش بـــە دواید ا . . بەڵام دا هولەکە ، چون حووتیارەکە چەقاند بووی ، هەروا . رەقو تەق مایەوەو ، نقمی لیوە نەهات .

کەبیچوەکان ئەمەیان دی ، لەخوشیان شاگەشکە بوون . لەهیلانەکەیان هاتنە دەری و بەدەم جووکە جـووك و بال راوەشاندنەوە رووەو دایك و باوکیان کەوتنە قونە قون .

هه‌ر هه‌موویان ، له‌ دوری دا هوله‌که‌ گرد بوونه‌وه‌و له‌خوشیانـــا گوتنه‌ سه‌مـا . . . .
سه‌مای به‌یه‌کتری شاد بوونه‌وه . . سه‌مای ئه‌وه‌ی گه‌بویان ده‌رگوت ، ئه‌و شته‌ی گه‌لی ی ده‌تر-
سان و به‌د وژمنیکی سه‌رسه‌ختیان ده‌زانـــی ، له‌کومه‌لی پیروی، شرو هور به‌ولاوه هیچـــی
تر نه‌بوو . . .

ئاماده‌کران بن

له‌لاوکراوه‌کانی یه‌کیتی ی نووسه‌رانی کورد ســـتان

به‌م زووانـــه ئه‌م کتیب و نامیلکانه بلاوده‌کرینه‌وه : —

١— روویاریکی خوینـاوی
کومه‌له شیعری شه‌هید جه‌میل ره‌میز

٢— ٢٤ سعلت له‌خه‌وو بیدارید !
نووسینی : صمدی بهرنی
ره‌فیق سابیـر کرد وویه به کورد ی

٣— دیوانه شیعری شه‌هید مه‌لا عه‌لی
کومه‌له هونراوه‌یه‌که له‌ژووری ئیعدامی قه‌سابخانه‌که‌ی
موسلدا نووســـراوه

٤— یه‌کمین ماموســـتا
نووسینی : جنگیز ئایتماتوف
مسته‌فا عه‌فوور کرد وویه به‌کورد ی

هه‌ولێر بۆ کتێب



سپاردە ، لەقوتابخانە دەگەرایەوە . چاوەشینە بچکولەکانی ، بارانی فرمیسکیان لی — دەباری . هەرکە دەرگای حەوشەی کردەوە چاوی بەدایکی کەوت . دەنگی لی هەلبڕی و قایم تر کەوتە گریان . دایکی بەرەو پیری هات و باوەشی پیدا کرد . بەلچکی کراسە رەشە ساردەکەی ، کەوتە سرینەوەی چاوە سور هەلگەراوەکانی سپاردەو بەهەلچوونیکی پر لە سۆزەوە ووتی :—

— سپاردە گیان . . بو دەگریت؟ چی بووە . . ؟ کێ لێی داوی ؟

سپاردە کەوتە هەلگلۆفینی چاوەکانی و بەقورگیکی پر لەهەنسکەوە ، کەوتە قسە :

+ بچو خاکەنازەکە بینە . بابروین باوکم دەربینینەوە . . دایکی وەك ئاگر بنێی بەلەشیەوە راچلەکی . . ئەگەر لەبەر سپاردە نەبووایە ، رەنگە ئەویش بارانی فرمیسکی بباراندایە . . بەلام هەرچونی بوو دانی بەخویدا گرت و کەوتەوە پرسیار کردن !

— بو کورە شیرینەکەم . چی رووی داوە . . ؟ !

سپاردە بەدەم هەنسك هەلدانەوە ، وەلامی دایەوە :

+ ئاخر ، کوری قالە جاشی سەگباب بی ی ووتم . . تو باوکت نی یە . . باوکت ، تۆپیوە . . دایکی توندتر ، سپاردەی بەسنگی خویەوە نووساند و دەستە پر لەمیهرەبانی ، بەسەریدا هیناو بەهیمنیەوە ، ووتی :

— نا بەرخولەکەم ، مەگری . . ئەو بەچکە سەیەی ، باوك گوربەگورە ، بابوخوی هەر بوەرێ .

ئەم جوینەی دایکی ، دلی سپاردەی ئاوداو توزی هیوری کردەوە ، ئنجا کەوتە پرسیار کردن :

+ دایە گیان . باشە باوکم چی لی هات ؟

— باوکت ، شەهید بوو . . .

+ بو دایە گیان ، باوکم بو شەهید بوو ؟ !

— چونکە پیشمەرگە بوو . .

+ باشە دایە گیان ، باوکم ، ئەگەر پیشمەرگە نەبووایە ، هەر شەهید دەبوو . . ؟

— رەنگە شەهید نەبووایە .

+ ئەی کەواتە بو بوو بە پیشمەرگە !

ـ روله گیان ، چونکه گه‌له‌که‌مان د مچه‌وسینریته‌وه‌و نیشتمانه‌که‌مان زموت کراوه . . جا بوئه‌وه‌ی گه‌ل و نیشتمانه‌که‌مان ، رزگار بی . باوکیشته‌گه‌ل هه‌زاران خه‌لکی که‌دا بوون به پیشمه‌رگه . . + ئی باشه . . دا . .

دایکی تالی پرسیاره‌که‌ی لی قرتاند و نه‌ی هیشت چی دی د ریژه به پرسیاره‌کانی بدا . بو ئه‌وه‌ی له‌وه زیاتر بهم پرسیارانه برینه‌کانی نه‌کولینه‌وه . بویه به‌د منگیکی پر له‌سوز و خوشه‌ویستیه‌و ووتی : ئوه . کوره ئه‌وه چیته . د مبه‌س ئه‌و پرسیاره زورانم لی بکه . هه‌سته د م و چاوت بشو ، با نانه‌که‌مان بخوین د رمنگه . . .

ئهم قسانه ، گه‌رچی ره‌قیش نه‌بوون ، به‌لام سپارد میان خسته‌وه گریان و که‌وته رنینه‌وه‌ی قژه زمرد ه خاوه‌که‌ی . . دایکی که‌زانی ، ئهم قسانه سپارد میان ئازار داوه . . بویه خیرا په‌شیمان بو وه‌و باوه‌شی پیدا کرد ه‌وه‌و . . دوو ستی ماچی گه‌رمی له کولمه ناسکه‌کانی کرد و له‌سه‌رخو ، که‌وته‌وه قسه :ـ

ـ سپارد ه گیان ، کوره شیرینه‌که‌م ، له‌به‌رت مرم . . مه‌گری ، مه‌گری‌و چیتر دلم ته‌نگ مه‌که . . بابه خیر گه‌وره بیت ، ئه‌وسا ، هه‌موو شتیك د مزانیت . .

د یار بوو ئهم قسانه دلی سپارد میان فینك کرد ه‌وه . . بویه بزمیه‌ك که‌وته سه‌ر لیوه ئاله‌کانی چاوه نقومی فرمیسکه‌کانی هه‌لبری‌و پر به‌گه‌روه بچکولانه‌که‌ی ووتی :ـ

+ د ه‌تو خوا دایه گیان . . به‌قوربانت بم ، با زوو گه‌وره بم ، هه‌تا هه‌موو شتیك بزانم و وه‌ك باوکیشم ببم به پیشمه‌رگه .



لەبیرم دی ، تازە فیری گۆگالی ژیان ببووم ، بەدەم هەموو ووشەیەکی سەر زاران پێ - دەکەنیم ، خزمان لەبەر ئەوەی تاقانەی دایك و باوك بووم ، زۆریان خۆش دەویستم ، هەموو شەوی تا درەنگ گلاوگلاوانی یان لەگەل دەکردم . .

ئەو رۆژانەم چون لەبیر دەچێ ، گیژولەی دێو دەستە خوشکەکانی دایکم . لەناو خۆیان هەلبەزانی یان پێی دەکردم ، خۆزگەی خۆشی و گەورە بوونیان بۆ دەخواستم .

دایکە گلۆلەکەم هەموو رۆژی ، لەگەل زەردەی هەموو بەیانی ، لەشیرین خەو رای دەپڕا ندم ، وەك مەلوتکەی کاروان لە گۆلی خوێ دەکردم ، بەرەو رەزو پەریزە بچکولانەکمانی دەبردم ، لەوێش لەسێبەری داربێ دا ، لەپەنای گیشەیەك بەتەنیا بەجێی دەهێشتم ، تا بەرە بەری قرچەی نیوەرۆ دایکم بۆلام نەدەهاتەوە ، بە دیمەنی جوان و رەنگینەکانی شاخ و دۆڵ و سروشتی ئاقارەکمان راهاتبووم .

ئێواران کەبەرەو مال دەگەراینەوە ، بەسواری هەچەسوور ، بەهەمیزی باوکمەوە بووم ، سەدەم ڕێگاوە قسەی خۆش خۆشی بۆ دەگێرامەوە ، تا رۆژێکیان لەکوتایی بەرهەم ئوکرد نەوەدا بوو ، باوکم بەگوێی دا چرپاندم .

— رۆلە شیرینەکەم ، دەزانی لەم رۆژانەدا لەدێیەکمان قوتابخانە دروست دەکەین ، ئەو قوتابخانەی چەندان ساڵە هەوڵی کردنەوەی دەدەین . ئێتر توش قوتابی یەکی ئەم قوتابخانەیە دەبێت . . دەبێ لەمەو دوا بخوێنی ، بۆ ئەوەی وەك خۆم گوڵەبارو چەوساوەی بەر نەخوێندەواری نەبی ، لەشیوەی مامەت ، گوڵکە مەلایەکی پارەپەرستت لێ دەر نەچێ .

" ئەو دەمە هەموو تەمەنی گەیشتبووە حەوت ساڵان . چەند مانگێك دوای ئەم قسەیەی باوکی ، لەگەل منداڵەکانی تری دێیەکە ، لەگەل باوکەکانیان خانووی قوتابخانەکەیان دروست کرد . . .

تازە سەرەتای پایز بوو ، ئێوارەیەکیان لەسەربانی مزگەوت بانگیان راهێشت ، ئەوی خەڵکینە ، رەحمەتی خواتان لێ بێ ، پاش نان خواردنی ئێوارە ، لەمزگەوت کۆبینەوە

سیواره له گه‌ل باوکم بو مزگوت چووم ، له‌ته‌نیشت باوکمه‌وه دانیشتووم . به‌دم چاوگیرانه‌وه دیم کابرایه‌کی سه‌رکوت و جوان و ریك ، پاك ، خاوین له‌ناوه‌ندی خزمانی دی چوار منشقی لی دانیشتبوو ، به‌دم هه‌موو یه‌کیکه‌وه پی ده‌کمنی ، ناو ناوه یه‌ك دوو قسه‌ی به‌هیمنی ده‌کرد . دوایی گوی له گفتوگوی خه‌لکه‌که راده‌گرت . . هه‌ر به‌سه‌یر کردنی ئه‌م پیاوه نه‌دیتبوو خه‌ریك بووم ، خه‌وم له‌بیر چوو بوومه‌وه ، هه‌تا ئه‌و کاته‌ی باوکم ده‌ستی گرتم و به‌ره‌و مال گه‌رانه‌وه هه‌ر سه‌یری ماموستام ده‌کرد . .

له‌ریگادا باوکم بوی دووباره کرده‌وه که له‌بیانی یه‌وه ده‌ست به‌خویندن ده‌کهم . به‌راستی ئه‌وه‌نده‌ی تر شادمان بووم . له‌خوشیان خوم له‌ده‌ستی باوکم راپسکاند و به‌غاردان به‌پیشتر باوکم گه‌وتم ، هه‌موو ئه‌و قسانه‌ی له‌بیرم بوون ، دڕشت و وردانه و داوای خوشه‌ویسته‌که‌م گیرایه‌وه . .

به‌یانی بوو ، هه‌موو منداڵان ، له‌قوتابخانه له‌قوڕدزوست کراوه‌که‌مان‌دا گرد بوونه‌وه ، هه‌موومان بیست و یه‌ك منداڵ بووین ، گچ و گوڕ تیکه‌ڵاو بوو . قوتابخانه‌که ته‌نیا له دوو ژوور پیك هاتبوو ، ژووره گه‌وره‌که‌یان که ته‌ختمه‌یکی ره‌شی گه‌وره‌ی لی هه‌ڵواسرابوو ، ژووری ئیمه‌ی قوتابی بوو . دوو کۆلانکه‌و چوار ده‌ڵاقه‌ی گه‌وره گه‌وره‌ی تیدا کرابوو . به‌توپه‌ڵه قورو خشت چه‌ند ڕیزه دیواری نزم بو دانیشتن به‌دوای یه‌کتری‌یه‌وه قیت کرابوونه‌وه .

وانه‌ی یه‌که‌می خویندنمان ئه‌وه بوو ، ماموستاکه‌مان یه‌ك له‌دوای یه‌ك ، ناوی هه‌موومانی نووسی و سه‌ر له‌نوی ناوه‌کانی خویندمه‌وه . هه‌ندێکمان له‌سه‌ر ته‌ختا به (ئا) ، دوایی به (به‌ڵی) وه‌ڵامیان دایه‌وه .

چه‌ند مانگێك ده‌بوو ، دی‌یه‌که‌مان خه‌ریك بوو . خویندهواری تیدا بڵاوببیته‌وه ، به‌تاییه‌تی ئیمه‌ی زاروك زورمان پی خوش‌بوو . به‌دم خویندن و هاتووچوی ڕوژانه‌ی قوتابخانه‌که‌مان ڕاهاتبووین . ڕوژانه تا نیوه‌ڕو خه‌ریکی خویندن و وانه له‌بیرکردن بووین . ماموستاکه‌مان پیاویکی زور قسه خوش‌و دڵ به‌پیکه‌نین بوو ، هه‌رگیز ئازاری هیچ منداڵیکی نه‌ده‌دا . به‌یه‌ك چاو ، به‌یه‌ك زمان له‌گه‌ڵ هه‌موومان خوی ماندوو ده‌کرد . جارجاره چیروکیکی خوش‌وڕیانی کورد هواری بو ده‌گیرایه‌وه . له‌پڕ لی‌ی بی‌ده‌نگ ده‌بوو . چی‌تر قسه‌ی نه‌ده‌کرد . به‌ئه‌سپایی له‌ژووره‌که ده‌رده‌چوو . ته‌نیا له‌بیرده‌م قوتابخانه ده‌که‌وته پیاسه کردنه‌وه .

سبه‌ینه‌یه‌کیان به‌یی ئه‌وه‌ی هیچ شتیکمان بیستبی . هه‌موومان وه‌ك ڕوژانی چوو ، به‌ره‌و قوتابخانه به‌ری که‌وتم ، که گه‌یشتمه به‌رده‌م پوله‌که‌مان ، دیم قوتابی یه‌کان هه‌مووییان له‌بیرده‌رگا کوبوونه‌ته‌وه . ده‌رگای پوله‌که‌مان و ژووره‌که‌ی ماموستا به‌داخراوی مابوونه‌وه . ماموستاکه‌مان

لە شار نەگەرابووەوە . هەموو دەممان بوو بە تەلەی تەقیو . پی‌مان سەیر بـوو ، چونکـــە ماموستا هیچ رۆژێك دوا نەکەوتبوو . هەرچونیك بوو ، تانیوەرو بەدەم یاری کردنەوە ، چاوەـ روانی ماموستامان کرد . بەلام ئەو رۆژەو رۆژانی دیکەش ماموستامان نەدیتەوە ، جاریکی تر ماموستاکەمان نەگەرایەوە . .

تا ئەو رۆژەی پیاویکی گوندی لەشار هاتەوە ، دەنگ و باسی گیرانی بی‌سەرو شوینـــی ماموستاکەمانی بەناو دێیەکدا بلاوکردەوە . . لەناو خەلکی دێدا واباو بوو ، ئـــــەم ماموستایە سەرپێچی فەرمانی میری کردووە . لەقوتابخانەی دێیەکەماندا ، تەنیا وانـــ گانی بەزمانی کوردی گوتووتەوە . بەیانی‌یان سروودی (پەلکە زێرینەی بو جوانی کوردستان) و (ئازادی خواین) و (ئەی رەقیب) و (شەهیدان) ی بەمندالان خویندوتەوە .

یەکەم جاربوو ، دێیەکەمان رووداوی لەم جورە ببینی . خەم و پەژارەیەکی هیجگار زوری لەدلی خەلکەکەدا دروست کردبوو . بەلام ئەوەش زوری نەبرد و هیشتا وون بوونی ماموستاکە ـ مان لەپیش چاوی ئیمەی منداڵ دا رەنگی نەبووەوە . سبەینەیەکیان لەرۆژانی زستانـــدا ، دایکم بەپەلە پرووسکی لەخەوی شیرین رای پەراندم . . .

ـ مەمو گیان . . مەمو ڕولە شیرینەکەم ، زووکە لەخەو رابە ، دنیا خراپ بووە . زووکـــــە دێیەکەمان لەچوار لاوە دەوری گیراوە .

" مەمو و دایکی لەم مشت‌ومڕەدابوون ، لەم لاشەوە هەموو پیاوەکانی دێیەکە لەبەر مزگـــەوت کۆکرابوونەوە . .

دایکم هەر ورتە ورتی بوو ، لەبەر خۆیەوە ، ئەوەی بەسەردەمی دادەهـــات ، دووبارەی نەدەکردەوە ، ماموستاکەمان ببووە بنیشتە خۆشەی سەر زمانی ، بەلام باش‌بوو ، لەو دەمەدا دیم باوکم بەرەو مال دەگەرایەوەو دایکـم ئاگادار کردەوە ، باوکم دەتگووت‌لەسەر دزی گرتوو یانەو خول و دویان بەسەردا کردووە . خەم و رقیکی هیجگار زوری لەنیو چەوان دەباری ، دایکم بەهەڵەداوان بەپیری‌یەوە چوو . لێی پرسی :

چی‌بووە ؟ بو وا بەم جورە پەشوکاوی ، خولیان نەداوی ؟

" باوکی مەمو بەبێکەڵ و بێکەڵی ، ژنەکەی لەوە حاڵی کرد ، کە ئەم چەند رمانەی دەوری دێیەکەیان داوە ، دەیانەوی دێیەکە بسوتینن ، دەبی ئەمرو ئەو دێیە بەجی بهێلـن . بو ئەوەی بە ئارەزووی خۆیان ئاگری تی بەربدەن "

دوای چرکەیەك بەهاتنە ژوورەوەی باوکم ، لەگەرەکی بەرەوە ، قیژەهورو زریکەی ژنـــان دەنگی دایەوە ، چەرەدووکەڵی خانووی سووتاو . وەك دووکەڵیکی زور رەش چلکن و بەقیـن

روو به‌رووی ئاسمان بووه‌وه .

هیشتا له‌خرکردنه‌وه‌ی کهل و په‌لی ماله شره‌کمان نه‌بووبینه‌وه ، سه‌ربازه پوستال ره‌شه‌ سه‌ر ئاسنه‌کان لیمان به‌سه‌ربان که‌وتن و خانووه‌که‌یان ئاگر تی به‌ردا .

کاتیك هوشم وه‌به‌ر هاته‌وه ، دیم له‌هه‌واری ئاوایی یه‌کمان دوور ده‌که‌وتینه‌وه ، له‌سه‌ر گردیکه‌وه بوو . ئاورم دایه‌وه ، خانووی قوتابخانه‌که‌مان هه‌روه‌ك خۆی مابووه‌وه و ئاگری تی به‌رنه‌دابوو . له‌ژیر تیکه‌لبوونی دووکه‌لی ئاسمانی دیه‌که خوی مه‌لاس‌دابوو . به‌دم ئه‌م یه‌مه‌نه‌وه له باوکم پرسی .

ـ باوکه ئه‌دی بو قوتابخانه‌که‌مانیان ئاگر تی به‌رنه‌داره ؟ ئه‌و کاته دایکم له‌پیشه‌وه‌ی کاروان‌بوو ـ روله بو چه‌ند روژیکی تر ده‌یکه‌ن به مولگای داگیرکردنی خویان . تا هه‌موو باخچه‌و ره‌زو داروباریك و کانیاویکی دیه‌که‌مان ویران ده‌که‌ن و ئاگریان تی به‌رده‌ده‌ن . ئه‌و کاته قوتابخانه‌که‌ش ده‌سوتینن .

ـ به‌لام باوکه ماموستاکه‌مان ده‌یگوت . خه‌لك جه‌ژن بو داوده‌ه‌ن ده‌گیرن . ئه‌دی چون ئه‌وانه داره سه‌وز و جوانه کانی دیه‌که‌مان ده‌سوتینن .

ـ روله‌که‌م ئه‌وانه دوژمنی ئه‌م خاکه‌ن ، ده‌یانه‌وی له‌ره‌گ و ریشه‌وه له خاکی باوو باپیرانی خومانمان ده‌ر بکه‌ن .

ـ به‌لام باوکه دلنیا به ماموستاکه‌مان ده‌یگوت ، هه‌ر چه‌ند داروباری ئه‌م کوردستانه جوانه ئاگر تی به‌رده‌ن ، سوودی نی یه ، چونکه ئه‌م خاکه هه‌واره‌ی داری سه‌وز و جوانه ، که‌ستانیکی دیکه دابیته‌وه ، داره‌کان سه‌ر له‌نوی ده‌روینه‌وه .

به‌لی روله شیرینه‌که‌م . . داره نوی‌یه‌کان وه‌ك چۆل له‌جاوی داگیرکه‌ران رانه‌چن . . .

باوکی مه‌مو له‌و کاته‌دا ئاوری به‌لای دیه‌که‌میان دایه‌وه‌و فرمیسکی چاوانی سریه‌وه " .

سه‌رده‌تای سالی ۱۹۷۹

پیشەکی

هەلی ئەشرەف دەرویشیان چیرۆکنووسیکی لاوی کوردی کرماشانی یەو بەزمانی فارسی دەنووسی . لەسەرەتای سالانی حەفتاوە تا ئیستا چەند کومەلە کورتە چیرۆکیکی بلاوکردوتەوە لەوانە (از این ولایت . آبشوران ، فصل نان ، همراه آهنگهای بابام ، قصەهای بند) سەرەرای چەندان چیرۆکی منداڵان و چیرۆکێکی دریژ بەناوی (سلول ۱۸) کەلەسالی ۱۹۸۰دا بلاوی کردوتەوە زیاتر لەرومان دەچێ .

ئەگەرچی دەرویشیان بەزمانی فارسی دەنووسی ، بەڵام پاڵەوان و کەسانی چیرۆکەکانی ئەو مرۆڤە کوردەزەحمەتکێشانەن . کە هەر کامیکیان ، لەهەر بەشێکی کوردستان بین روژی بەدەیان و بگرە بەسەدانیان دەبینین ، کەلەسایەی چەپەلترین شێوەی چەوساندنەوەدا دەژین و . بەرهنگاری چەوساندنەوەو داکۆتوویی دەبنەوە .

دەرویشیان وەک چیرۆکنووسێکی هونەرمەند ، لەکومەلە چیرۆکە یەک لەدوای یەکەکانی دا ، هەنگاو بەهەنگاو بەرەو پێشەوە دەچێ و هونەرمەندانەتر بەناخی ژیان و دەروونی پاڵەوانەکانی دا شور دەبێتەوە ، پشت بەکەرەستەی نوێی هونەری و شێوەی نوڵتری دەربرین دەبەستێ ئەم پێشکەوتنەیشی لە (سلول ۱۸ ــ ژووری زیندانی ۱۸) دا ئاشکرا تر دێتە پێش چاو . کەتیای دا لەجیهانێکی نوێ ، جیهانی رومان نزیک بوتەوە . لەو رێگەیە وە باسی خێزانێک دەکات کەساواک دەیانگرێ چونکە کورەکەیان تێکۆشەرێکەو ناتوانن دەستگیری بکەن و ئەوان لەبریتی کورەکەیان دەگرن و ئەشکەنجەیان دەدەن . بەڵی چیرۆکنووس هەردەڵێ باسی ئەمڕوی کوردستانی عیراق دەکات . چونکە هونەرمەندێکی هوشیار دەزانێ کە نەتەوەی کورد لەهەموو بەشەکان دا دووچاری یەک جورە چەوساندنەوەو زوڵم و زور دەبێتەوە ، دوژمنانی گەل دوژمنانی پێشکەوتن و دیموکراتی لەهەر شوێنێک بن و لەژێر هەر رووپۆشێک دابن لەناوەروکدا هەر یەکن و ، یەک رێوشوێنیش لەگەل گەلی کورد دا پەیرەو دەکەن .

چیرۆکی (ظلم آباد ــ زوڵمئاوا) کەلێرەدا کردوومانە بەکوردی لەکومەلە چیرۆکی (همراه آهنگهای بابام) وەرگێڕاوە .



نووسینی عه‌لی ئه‌شره‌فی دمرویشیان
کاوه ـ گرد وویه به گوردی

ئالەوی ، بەتەنیایی لەسەر دارتووەکەی ئاوایی دانیشتبوو ، خەمناك و تورد ، روخساری لەناو فرمیسك و لەبەر خورەتاودا هەلقرچابوو .

رادیو بچکولانەکەی باوکی بەبلند ترین لقەوە هەلواسرابوو . هەندی جار ، تا تەنیایی برەوینیتەوە . دەیکردەوە ، گەرووی پر لەژان و تووڕەیی بوو . دلی دەخیورایەوە . لەپی دەستەکانی . لەگاتی چوونە سەر دڕەختەکە ، ڕووشا بوو . تاساوو نیگەران کونە پالت دراوو تە بووەکەی باوکی لەخوی پیچا بوو . بڕسی و نارەحەت نەبد مزانی چی بکا ! بیری لەشتی خەمناك دکردەوە .

چاوەکانی بڕیبە ئەو لافاوە سامناکەی کەلە دڕەختەکەی ژیر ئەوەوە تا دامینی گردولکەکانی تەنیبووە ، ڕوانی و . . ڕوانی تا نیگاکانی گەیشتنە ئەو شوینەی کە باوکی لەئاوەکە هاتبووە دەری و بو کۆمەك کردن خوی گەیاندبووە ئەو جادەیەی کەبو ئاوایەکانی ترو بوشار دەچوو .

خویشی بەباشی نەیدمزانی چی قەوماوە . ئەو کاتە لەگەل باوکی سەربانی مالەکەیان پیمال دەکرد تا ئەو درزو قلیشانە پر بکەنەوە کەبارانی چەند ڕۆژ لەمەو بەر لەسەر بانەکەی گرد بوو . دایکی و خوشکی و دوو برا بچکولانەکەیشی لەژووری دانیشتبوون و ، لەکلاو ڕوژنەی بانەکەیانەوە دەنگی (هورە) ی دلگیری دایکی دەهاتە بەر گوی ، ئەو دەنگە دلگیرەی کە هەمیشە دلی ئەوی پر لەخەم و ئازار دەکرد . لەهەمان کلاوڕوژنەوە ، کەروونائی لیوە دەرژایە ژوورەکەوە چاوی بەدایکی کەوت کەلەپشت تەونی مافوور چنینەوە دانیشتبوو ، بەپەنجە لاوازەکانی و کەمەری چەماوەی خەریکی چنین بوو . ئەوەیشی دمزانی کەپینج مانگی تەواو بوو دایکی کاری لەو ماغورەدا دەکرد و ، پیش وەختیش هەقدەستەکەی خوراببوو .

باوکی ، رادیو بچکولانەکەی کەزوری خۆش دەویست و بەپاروو دەمی ئەوان کرییوری . بە گەردنی ئەودا هەلواسیبوو ، گوی بو ئەو گورانی یانە ڕاگرتبوو کە بلاودەکرانەوە .

ئاسمان کەلەبەیانی یەوە شیوابوو ، تاریکتر دەبوو ، بروسکەی لی دەاو گرمەی ئاسمانی گوندەکەی لەرزاند ەوەو سەر تاسەری (زولمئاوا) تاریك بوو . سەگەکەیان (بورە) لە

خوارەوە دەیلوراند . مریشکەکان گارەگاریان دەکرد . باوکی سەلەواتی لێدا . دەنگی شکانی شتومەك و هاتوهاوار باعصباع و بورە بور دەبیستران و ، ریژنە بارانیکی وەك کوندەی سەرمو ژیر بەسەر ئاوایی دا باری .

پینجعلی و کورەکەی کە شوانی گوند بوو بەپەلە بەسەر تەپولکەکان کەوتن . هاتوهاوار تیکەلاوی گرمەی ئاسمان دەبوو . لەناکاو هەموو شوینیك سەر ئاو کەوت . ئەوو باوکی تافریای خویان کەوتن خانووەکەیان جوولەی پێ کەوت . باوکی هەر هیندەی پێ کرا ئەم لە ئامیز بگا و بەپەلە خوی بگەینیتە سەر بانەکەی مالی محبعلی و ، لەویوە خویان بگەیەننە دارتووەکەو بچنە سەری . باوکی لەپیشەوە ئەمی سەر خست و خویشی کە تا پشتینی لەناو ئاودا بوو ، بە شپرزەیی پەلی کوتاو ، دوایی تەقەلایەکی زور سەرکەوت . کەئاوریان دایەوە خانووەکەیان شوینەواری نەمابوو . دیواری مالەکەی محبعلی ، کە لە خانووەکەی ئەوان بەرزتر بوو ، لەناو ئاودا نقوم ببوو .

لەسەر درختەکەوە ، ئاوایی یەکەی خویانیان دەبینی کەوتە خنکاویکی هیوابراو سەر ئاو کەوتبوو ، بلقە ئاو ، کەرەنگە لەدەمی دایکی ، یان خوشکی ، یان براکانیەوە هاتبنە دەری لەسەر ئاوەکە دەپووکانەوە . " زولمئاوا " بیجگە لە مالی کویخا کەلە تەنیشت رەزەکە و لەسەر گردولکەکان بوو مالی ئاغاوعەباری گەنمی جیهانگیرخان ، کەلەبەردو چیمەنتو دروست کرابوون ، هیچی تری دیار نەمابوو . چەند ژن و منداڵیك لەلای رەزەکەوە شیوەنیان دەکرد ، خویان لە قور وەردەدا و سەرو رووی خویان دەرنیەوە . رووی ئاوەکە پر لەکاو کوتەرەو لقەدارو پشکل بوو . لەو ساتەدا تەنیا قوری سەروپرچی ئەو کەسانەی دەگریان و لە خویان دەدا . . ئەو سەگانەی رۆیان لەسەر گردولکەکان دەکرد . . ئەو مەرانەی کەقورس دەبوون و نقووم دەبوون . . ئەو گاو ئەسپانەی کەبەملە خویان بو تەپولکەکان دەکوتا ، بەرچاو دەکەوتن .

بو دواجار دیمەنی سامناکی دایکی بینی کە رەفتەکەی سەری کرابووە ، پرچە رەشە ئالوسکاوەکەی بەسەر روخساری دا هاتبووە خواری ، بەنا ئومیدی یەوە دەیروانی و بی هودە پەلی بو شتیك دەکوتا ، لەناکاو شەپۆلیکی بەتین راپیچی کرد و پشکل روخساری دایوشی . ویستی خوی فری داتە ناو ئاوەکەوە . بەڵام باوکی کە هەناسە برکێی پێ کەوتبوو شین هەڵگەرابوو ورو کاس دەهاتە پیش چاو ، ئەمی گرت و لەسەر لقەدارەکە دایناینەوە .

رادیوکەی کەلەم هەراو کارەساتەدا سەلامەت بوو لەگەردنی کورەکەی دامالی و بەبەرزترین لقەوە هەلیواسی . دوای ئەوە چاوەکانی خوی گرت تا ئەو کارەساتە نەبینی کەبەسەریان

هاتبوو . هاواریکی دلته‌زینی لی هه‌ستاو به‌هه‌ردوو دەست سەرو پوتەلاکی خوی کوتایـــەوه . ئەم به‌خەمناکی یەوه سەیری روخساری تەرو هەلقرچاوی ئەوی دەکرد و بەزەیـی پیدا دەهاتەوه .

تەنیا جاریکی تر ئەم جوره گریانەی لەباوکی دیبوو . کە گاجووتەکەیـــان لەبرسان مرد بوو . نەسرەتی برا بچووکی هاتەوەیاد ، کەسەر لەبەیانی یەك ، لەسەر نـــان خواردن چایەکی لەدەست رژا . خەتای نەسرەت نەبوو . ویستی تیکەیەك لەنانەکە بپچـــری ، بەلام نانەکە چیرو لووس بوو دەستی لی هەلخزاو ، لەناکاو بەپیالە چایەکە کەوت و رژا . باوکـی زللەیەکی لەبنا گوێی قایم کرد و جوینیکی بەدایکی نەسرەت دا . ئیتر ئەو زەمە چای نەخوارـ دەوە . هەمیشە بەم جورە بوو . ئەوی چای لەدەست برژایە چای دیکەیان بو تی نەدەکردەوە . نەسرەت نانە کونە چیر هەلگەراوەکەی بە ویشکی و بەخەم و پەژارەوە خوارد . تا ئیستا دیمەنەکەی ئەوی لەبەر چاوە . کەچون چونی بو ئەوەی نانەکە قووت بدا دەماره ناسك و جوانەکانـــــی ملی هەلدەستان و چاوەکانی بو دەنووقاند .

لەبەر خویەوە ورتە ورتیکی لی هات ((چ تاسەو ئارەزوویەك لەدلی نەسرەت دا بـــوو بەگرێ . . تاسەو ئارەزووی چایەکی شیرین !)) .

چاوەکانی لیك نان و لەدلی خوی دا گوتی :

((لەوانەیە خەو ببینم . . خوایە خەون بی . . خەون بی . .)) .

بەلام بوونی لەسەر دەختەکەو . . سەرماو باران . . ئەو هەموو ئاوەی (زولمئاوا) ی دا پوشیبوو تەنیایـی ئەو . . نەخیر خەون نی یە . بالندەیەك لەدارتووەکە نزیك کەوتەوە ویستی بنیشی . بەلام کەچاوی بەم کەوت گەرایەوەو دەختەکەو ئەوی لە تەنیایـی دا بەجی هیشت . کورەکـــــە روخسارە تەربووەکەی بەقولی پالتوکە سریەوەو دایە پرمەی گریان .

باوکی لەوێی بەجی هیشتبوو ، بو کۆمەك کردن رووی لەناو ئاوەکە کرد بوو . دوا گریـــەو دوعا کردن و ماچ کردنەکەی هاتەوە یاد . کاتی بەپیلوە سوورەکانی و روخسارە زەرد هەلگەراـ وەکەی و دەستەکانی کەوەك دەمی مشار زبر بوون ، دلی ئەمی دایەوە ماچی کرد و رویشت . بەو هیوایەی شتیك پەیدا بکا و ئەم لەبرسیتی و مردن رزگار بکا .

شەو تاریکترو قورس و سارد دەبوو ، نەسەگەوەر نە باعەباغ بارەباری میگەل و نەدەنگـــــی تی . . تی دایکی کاتی مریشکی لەکولیت دەکرد ، بەرگوی نەدەکەوتن . تەنیا گڤەی بـــــاو تریفەی باران بوو کە لقی دارەختەکانەوە هەلدەستا . تاویك وای هاتە پیش چاو کەدایکـــی لەقولایـی ئاوەکەوە چرایەکی لامپای بەدەستەوە گرتووەو بەرەو رووی دێ ، بەتاسەوە چاوەکانی کردنەوە . بەلام کەس دیار نەبوو . تەنیا رووناکی ئەو ئاگرانە بوو کە خەلکی لەســـــــــەر

کردولکە دووەکان کردبوویانەوەو لەناو ئاوەکەدا دەدرەوشانەوە . تەنیایی رادیۆکەی بیر خستەوە . دەستی بو بردو کردیەوە :

ــ گوگوش خان هەز لەچی حورە خواردەمەنی یەك دەکەی ؟

رادیۆکەی داخستەوەو لیکاوی زاری خوی قوت دایەوە . لەسەردان هەلدەلەرزی . پالتو دراوە تەربووەکەی باوکی توند لەخویەوە وەرپیچاو سەر لەنوی ، بەو هیوایەی لەم تەنیاییە دەرباز بیی ، رادیۆکەی کردەوە :

ــ گوگوش خان چونە دلتان ـ ئالای ئەمریکا دەکریتەوە . . دەبینم ئالایەکی ئەمریکا بەپشتی جلەکانتەوە دووراوە ؟

بەلی ئیتر ئەو ماوەیە کەلەفەرەنسا بووم . . .

رادیۆکەی داخستەوەو چاوی بریبە ئەو تیشکانەی کەلەناو ئاوەکەدا سەمایان دەکرد . ئەمیش شتیکی دەربارەی ئەم هەموو کارەساتانە نەدەزانی ، باوەری نەدەکرد کەدایکی و دوو براکەی و خوشکەکەی نقوم بوون و بو هەتا هەتایە نایان بینیتەوە .

" بورە " ی هاتەوە یاد کەپیش لافاوە سامناکەکە لوراندی ، نەیدەزانی ئیستا رووی لە کوی کردووە . سەری بەلقەداریك کردو دەستی کرد بەگریان و هەنسکی گریانەکەی وەك دەنگی لافاوەکە بەرز دەبووە . (با) دەنگی گریانی تری دەهینا . . دەنگی منالانی برسی دەهینا . . دەنگی باعەباع و سەگومری دەهینا . . توند خوی بە درەختەکەوە نووساندبوو . دووکارە دەستی بو رادیۆکە بردەوە :

ــ رەنگە زەردی من لەتووەیە . . رەنگە سووری توش لەمنەوەیە . . منالینە هەلپەرن . . سەما بکەن . . .

هاتوهاواری منالان تاویك بیهوشی کرد بەلام کزەبای ساردو برسیتی بەئاگایانهینایەوە . پی یەکانی تەزی بوون . باران تا سەر پیستی دای دابوو . دەستەکانی بەجوری سر ببوون کە نەیتوانی رادیۆکە بکوژینینیەوە . لەدووەوە کلپەی ئاگرەکان خاموش دەبوونەوە . ژان و پیچ بەسکە بەتالەکەی دا دەهات و بەگەروویدا سەردەکەوت و دەمی پر لەئاو دەکرد . ئاوی ناو دەمی بەتامەزرویی قوت دەدایەوە . دەستەکانی بەزورەملی بەلقی درەختەکەوە گرتبوو . ئەو روژە نا ئەو کاتە ، لەنانی بیانی زیاتر ، شتیکی تری نەخواردبوو . بەم برسیتی و بی تاقەتی و تەزیویەیە چاوەکانی کردنەوە ، وای بەخەیال دەهات کەباوکی بەسینی یەك نان و پریسکەیەك خوراکەوە بەرەولای دێو دایکیشی سەماوەرجوش دەدا ، نەسرەتی برا بچوکیشی

چایه‌کی تری شیرین ده‌خواته‌وه . ده‌ست ته‌زیوه‌کانی له‌تاریکی دا بونان دریژ کرد به‌لام هیچی به‌دسته‌وه نه‌هات . له‌سه‌ر لقه‌داره‌که هه‌لخلیسکا و نه‌یتوانی خوی بگریته‌وه ، له‌ویوه له تاریکی دا به‌ربووه خواری . ئاو دمی پی داپچری و نقومی کرد . به‌پله قاژه سه‌ر ئاو که‌وته‌وه . . هاواری کرد و بو هه‌تا هه‌تایه نقوم بووه .

گونده بەبویەك له‌دووره‌وه رووی له‌ده‌خته‌که کرد و له‌ته‌نیشت رادیوکه‌وه نیشته‌وه ، به‌لام له‌ده‌نگه دەنگی رادیوکه سلمی یه‌وه هه‌لغری .

باوکی به‌لەشی شه‌که‌ت و دلی پر له‌ئازارو سینه‌ی پر له‌رق و کینه‌وه گه‌رایه‌وه . سه‌ر له‌نوی به‌ناو ئاوه‌که که‌وت . له‌دووره‌وه دارتووه‌کەی بینی که‌به ته‌نیا له‌ناو ئاوه‌که‌دا قوت ببووه ، چاوه‌کانی داپچری تا کوره‌که‌ی ببینی ، پالتوکەی خوی جاریکیکه‌وه شور ببووه . بیری‌کرده‌وه که‌رەنگه کوره‌که‌ی له‌پشت پالتوکه‌وه دانیشتبی . مانگ به‌رەو سه‌ر هه‌لده‌کشا . پله هه‌وره‌کان له‌م لاو ئه‌و لای ئاسمان بلاوببونه‌وه . کابرا سه‌ری به هه‌ر لایه‌ك دا دەکرد هه‌ر ئاوو ئاو بوو . گرد ولکه‌کان پر له خه‌لکی برسی بوون لافاو هه‌موو شتیکی رامالی بوو . ئه‌و ریگایه‌ی که‌بو شار ده‌چوو تیکچووبوو ئاو گرتبووی .

برسیتی ئازاری ده‌دا . . به‌لام هیوای ده‌ربازبوون پالی پیوه ده‌نا له‌هه‌ول و کوشش نه‌که‌وی . هه‌ر چونیك بوو خوی گه‌یانده دره‌خته‌که . به‌پله چوو پالتوکه‌ی له‌لقه‌که کرده‌وه . . که‌سی نه‌دی . . له‌پره‌ی گریانی داو هاواری لی هه‌ستاو پیش چاوی تاریك بوو .

رادیوکه به دەنگیکی نزم دەنگوباسی بلاو دەکرده‌وه :

— لافاو له‌چه‌ند گوندیکی دەوروپشتی کرماشان هه‌ستاوه به‌لام زه‌ره‌رو زیانی نه‌گه‌یاندووه . ئه‌م گونداته پیشتر چول کرابوون به‌فه‌رمانی خورماو ئارد بو ئه‌و دیهاتانه نارد را که لافاو دەوره‌ی گرتوون . چه‌ند هیلیکوپته‌ریك به‌هانای خه‌لکه‌که‌وه چوون تا ده‌ربازیان بکه‌ن .

به‌رق و کینه‌وه دەستی بو رادیو خوشه‌ویسته‌که‌ی برد ، به‌رزی کرده‌وه ، به‌جنیوداندوه ، که‌دەمی که‌فی کرد بوو ، چه‌ند جاریك رادیوکه‌ی به‌دره‌خته‌که دا و ورد و خاشی کرد . به هه‌ر دوو دەستی بو زاری بردو قه‌پالیکی له‌به‌رگی رادیوکه دا و دووباره به‌دره‌خته‌که‌ی دا ، ئه‌مجاره تاهیزی تیدا بوو فری‌ی دایه ناو ئاوه‌که‌وه هاواری کرد

— دروزن ، دروزنیل داله خیز ، داله خیزیل دروزن

له‌و کاته‌دا تماشای ته‌پولکه‌کانی کرد ، وای هاته پیش چاو که ته‌واوی ئه‌و که‌سانه‌ی که

بەسەر گەردانی و برسێتی و سەرما بردوویی لەسەر گردولکەکان خڕبوونەتەوەو ، ئەو دایکانەی کە کۆڕپە مردووەکانیان لەئامێز گرتووەو توند بەخۆیانەوە نووساندووە هەموویان جوین دەدەن و هەر یەکەیان ڕادیۆکەی خۆی بەپیلاقە وردو خاش دەکات .

(*) ئەم جنیوە لەچیرۆکەکەدا بەزمانی کوردی و لەهەجەی کرماشان نووسراوە کە ماناکەی ئەوەیە :

دڕۆزن .. دڕۆزنی دایک حیز .. دایک حیزی دڕۆزن .

نووسەرانی خوشەویست

لەمەو دوا : یەکێتی ی نووسەرانی کوردستان ؛ بەئامانجی گەشەپیدانی ئەدەبی شۆرشگێر ؛ کتێب و نامیلکەی ئەدەبییش بڵاودەکاتەوە . کەتا ئێستا چوار دانەیان خراونەتە ژێر چاپ بۆیە تکا لە ئەدیبانی ناو شارەکان دەکەین ئەگەر بەرهەمێکی بڵاونەکراوەیان هەیەو سانسوری فاشی یەکان ڕێگەی لەچاپدانی نادا ؛ بومانی بنێرن تا بەهەر ناوێک کەدڵیان بخوازێ بڵاویان بکەینەوە .



برا شاعیرەکانم
دار بەرووەکان سوراختان دەکەن
ئیمەیش سلاوتان لی دەکەین

لەئەدەبی نەتەوەکماندا، دەیان کەلە شاعیرو خامە ئاگرین و مەزنی وەك : بابە تایەرو نالی و حاجی و شیخ رەزاو فەقی تەیران و گورانی بلیمەت و چەندانی تری دوینی و ئەمرو ، شورەسواری نەگلاوی مەیدانی شیعری شورشگیری و بەرگریی بوون و دەبن . هەمیشە لە بەرهەمەکانیاندا بی سێ و دوو و منجەمنج و ترسنۆی ، خویان بەلای گەلە ئازار دیتووەکماندا ساغ کرد وتەوەو دەگەنەوەو خەم و ئازارو ئەشکەنجەی گەلیان دەرخستووەو دەردەخەن . . . گورانی سیاسیان بو گەل و نیشتمان وتووە . بو داکوکی و باسکردنی ئەو نەبی خامەیان وەکار نەخستووە . . دلنیاشین شاعیری راستەقینە ، کەلەگەل گەلەکەیدا گردەگری و لەگەل گەلەکەیدا دەسووتی . لەقولایی ئازارەکانیدا دەژی و هەست بەگشت جورە ئیش و زامەکانی دەکات . . . بو مەبەستێکی تر خامەی خوی وەکار ناخات و ناشتوانی . چونکە لەوە قورستر نیە پەیاو درو لەگەل خویدا بکات .

هەمیشە شیعر دەنگ و رەنگی رەنجکیشانی دەربریوە دژی چەوساندنەوەو زوردارى ، دژی کاسەلیسان و چلکاوخوران . ئەوەتا شیخە شیتەکەی شیعری ساتیرای کوردی (۱۸۳۵—۱۹۰۹ دەلیت :

بەسەگم ووت : عەجەبا ! قەومتە حوسنی پاشا ؟ !
تووڕە بوو ، گڵکی لەقاندو ، ووتی حاشا ! حاشا !
راستی گەرچی سەگیشم — بەخودا — خوم دەکوژم
نیوی من بینی لەگەل ئیسمی خەبیسی پاشا

لەشیعری ئەمرویشماندا ، لەهونراوەکانی شاعیرە لاوە شیتەکەوە دەست پێ ئەین بەرەو بەرهەمی هەر شاعیریکی تری راستگو . . هەرهەمان جورەو هەمان جور .

ئەگەر تا دوینی دەرفەتێك بووبی کە شیعر لەروژنامەکاندا بلاوبکەینەوەو لەکورەکاندا

هونراوە بخوینینەوە . ئەوا ئەمرو بەرامبەر ئاوەڕۆی کەلەپیش هەموو ئەوە بوونی یەکێتی ی نووسەرانی کورد بوو ، نەماو . پیش ئەوەی وەک ڕێکخراوەیەکی ئەدەبی لەبارچوونی بەسەردا بسەپێنن یەخسیرو دیل کرابوو . جار جاریک نەبێ لەچاوقایمی و سەرسەختی خۆیەوە جارە چالاکی یەکی لەدەرەوەی بارەگاکەیدا دەسازان . چوارچیوەی بارەگاکەیان لەدەستو پێ ی دا کرد بووە پێسوەند . گورجوگۆلی یەکانی لەو سنورەدا ڕاگیر بوون . گۆڤارەکەیشی ، ئەستێرە نازدارەکەی ئەدەبی گەلەکەمان ، دەیان کوسپ و تەگەرەی لێ قووت دەکرایەوە ، چاو بزەکان هەرەشەیان لێ دەکرد .

ئەوانە ئەمرو ، یەکێتیش وەک مەحرەم محمد امین و جمیل رەنجبەرو صالح یوسفی شەهید کرا . ڕۆژنامەو گۆڤارە کورد ی یەکانیش کە ئێستا بەتەواوی کەوتونەتە ژێر رکێفی ڕاستەوخۆی چەند بودەلەو ڕوشنبیریکی گەندەل و دڕاتاشراوی زرتە پۆلیسەکانی ئەمنی عامەو ڕێژیمی پیاوکوژانەوە(هەرچەندە ئەم چەند وشانە ئەو تاقە تاقە نووسەرە خاوین و نیشتمانپەروەرانە ناگرێتەوە کەلەمەزگا یان ئەوی تردا وەک نوختەی پشت وێر گول لی کەوتوون . هیواداربن دڵگران نەبن) ، تەنیا بۆ بڵاوکردنەوەی بیرورا ڕەهراوی یەکانی بەعسی فاشی و سەروکە خوەهڵکێشەکەی و بیرورای" نەتەوەی مەزن " واتا شۆڤێنیستی خیلی قادسیە لی قەوماوەکە تەرخان کراوە .

ئەو (قادسیە) ی کەلەرێگای دەم چەورکردن و بەلیشاو پارە ڕووکرد نەوە دەیانەوی چەند کەسێکیان بو هەڵخلسکی وەک لەناو شاعیرو نووسەرەغەیرە کورد ەکانی عیراقدا بویان هەڵخلیسکاون بەڵام ئێمە دڵنیاین ئەو هیوا شوومەیان لەڵایەن شاعیرو نووسەرە پێشکەوتنخوازەکانەوە بەتوندی ڕەت دەکرێتەوەو زیندەبەچاڵ دەکرێ .

ئەو چەند کەسەیش کەبوبان خاوبوونەتەوەو (بەعساوی) بوون و لەپەنجەی هەردوو دەست تێپەر ناکەن . . با ئەمرو لەژێر سێبەری (عروبەو بەعس) گەوبێکتاتورا خۆشی بگوزەرێنن و زۆلایەتی دەرحەق گەل و نیشتمانەکەیان بکەن . . بەڵام سبەی شێخ ڕەزاو حاجی و گورانیان لێ زیندوو دەبنەوە ، ئەمجا نەقەقاع و نەسعد و نیوخود نصر ونەکابرای خوەهڵکێش قوڕتاریان ناکات و منالانی کوردستان بەردبارانیان دەکەن .

بەو چەند کۆلکە شاعیرو ماعیرو نووسەرە کاسەلیسو ناوەداتاشراوەیش کە بو هەڵگوتن بۆ (قادسیەی شۆڤێنیستی) داخراونەتە سەرلاپەرەی ڕۆژنامە زەردەکان و فرمیسکی زۆلانە بۆ کوردستانی ئێران هەڵدەوەرێنن . . باسی مەهابادی خوێناوی و سنەی سەربراو دەکەن (ئەوانەی کەپیش شەری دەستدرێژانەی دێکتاتورە گزگڵەکە بەخێرو شەر ناوی کوردستانی

ئیرانیان بەزاردا نەدەهات) دەلیین :

ـ دۆراوەکان خو سلیمانی هەنگوین پرژین نەکراوە ؟

ـ ئی خو کەرکووک ئاشکرایە کە فاشیستەکان پرچە زیرینەکەیان کردوتە فلچەی پوستال سرین؟

* * *

هاوری شاعیرەکانم

ئیمە لەنیشتمانپەروەریی ئیوە ، لەپاکی و نەبەزینتان دلنیاین . باشیش دەزانین ئیوە بەو شنەبایە دەژین کە دەنگوباسی پیشمەرگەتان بۆ دینی .. دەزانین لەگەل دەنگی دەستماندان .. لەگەل بیرکردنەوەماندان .. هیچ کاتیکیش سنور لەنیوان خومان و ئیوەدا دانانیین ...

بەلام .. بەلام بوونتان لەریزی تفەنگ و پیشمەرگایەتی دا دەنگ و رەنگیکی تری دەبیت. . ئاواتەخوازین لەنزیکەوە لەناوماندا و پیکەوە بەشداری کاریگەرانەی شاعیرو نووسەرانی گەلەکەمان لەشورشە عادیلانەکەیدا بنوینین .. تا منالی شەهیدەکان تەنیا بەناو نەماننناسن .. تا پیشمەرگە نەبەزەکانی کوردستانی خوینناوی تەنیا گوێیان لەناومان نەبی .. تا .. تا .. تا یەکێتی نووسەرانی کورد ، وەک دەنگێکی ئەدەبی بەبریارێک دانەمرێتەوە .. تابەجاوی خوتان کچانی دەشتی هەولیرو بادینان .. قەرەداخ و گەرمیان .. شارەزوورو شارباژێر .. شوان و دەشتی دزەیی لەنزیکەوە ببینن .. کەچۆن کاتێک دەستە پیشمەرگەیەک دەبینن بەهارو سەماو لەنجە لەچاوەشین و رەشەکانیاندا دروست دەبێ ..

* * *

شاری ویران و گوندی خاپوور ، رەزی سووتاو ، جەنگەلی گرگرتوو .. گورستانی هەلتەکینراو کەلەسەری باو باپیران .. بانگمان دەکەن .

خوینی شەهیدان سواخمان دەپرسن ، دار بەروو سووتاوەکان وا خەریکن شین دەبنەوە ، کانیاوەکان تەقیونەتەوە .. تاقگەکانیش سوورن لەسەر ئەوەی لەخورەخور نەکەون .. هەموو دەلین ئیستا وەختی گریان نییە .. ئیستا کاتی پەلامار دانە .. وەختی چەکەو چەک ..

لەقەسابخانەکەی مووسلەوە .. لەئوردوگا زورەملیکانەوە بانگ دەکرێین . جار دەدرێت : ئەم رژیمە فاشستە .. ئەم تاقمە جاش و گەرو گەجەرو گوجەرە بەرەو هەلدێری مل شکانیان دەرون .. بەرەو زبلخانەی شایستەی خویان ، بەرەو زبلخانەی "بەعساوی" خلور دەبنەوە .

* * *

وەرن تا لەلیدانی زەنگی مەزندا . . شیعرەکانمان زەنگ لێ بدەن .
لەروخانی مەزنی فاشیزمدا . . فیستڤالی شیعری مەزن ساز بکەین . . چاوەروانتانین و
گشت دەرگاکان ئاوالەن .

لەگەل چەپکە ماچی مەزن و بروای نەلەقیومان بەسەرکەوتنی
مەزنی گەلە ئەشکەنجەدراو و کوردستانی ئازیزمان .

یەکێ تەموزی / ۱۹۸۱

ئەو بەرهەمانەی بەگوفارەکەمان دەگەن . خاوەنەکانیان بەهەر
ناوێك بیانەوێ . بەو ناوەوە بڵاو دەکرێنەوە .
هەروا بەرهەمەکان . بڵاوبکرێنەوە یان بڵاونەکرێنەوە .
دەستنووسەکانی نادرێنەوە بەخاوەنەکانیان . .

پرۆژه‌ی پەیڕه‌وی ناوخۆی یەکیتی‌ی نووسەرانی کوردستان

پێشەکی

یەکیتی‌ی نووسەرانی کورد کەله سەرەتای سالی ۱۹۷۰ دا و له کۆری خەباتی خوێناوی گەلەکماندا لەدایك بوو . لەماوەی (۱۰) سالی بەرهەم پێشکەش‌کردن و تێکۆشانێکی راستەقینەی و پێشکەوتنخوازی‌دا توانی خزمەتێکی گەورەو شیاوی زمان و ئەدەب و روشنبیری‌ی کورد بکا . بێ ئەوەی گوی بداته ئەو کۆسپ و پیلانە دوژمن کارانەی لەریگای‌دا دایان دەنا . بەم خزمەته پر شکۆیەش‌جێی خۆشەویستی و متمانەی جەماوەر بووە . بوێە نامەزانی خاك‌و نەتەوەکمان چاویان بەرایی نەدەدا کەئەدیبە راستگۆ و نیشتمانپەروەرەکان دریژە بەو خەباتە پیرۆزە بدەن . ئەوەبوو چەند ان تەقەلای گلاویان دا بو سرکردن و لەری لادانی رەوتی دلسوزانەی " یەکیتی‌ی نووسەرانی کورد " بەلام کاتی زانی‌یان ناتوانن گرێو لەئەدیبان ببەنەوە بێ شەرمانە بەبریارێك " یەکیتی‌ی نووسەرانی کورد " یان هەلوەشاندەوە .

لەراستی‌دا ئێم بریارەلای ئیمە شتێکی ناموتازە نەبوو ؛ چونکە لەدەیکەوە پێشبینی ئەومان دەکرد کە " یەکیتی‌ی نووسەرانی کورد " پێش‌وەك هەموو دەستکەوتەکانی تری گەلەکمان پێ شیل بکری . بوێە هەر لەروانگەی ئێم پێشبینی یەوەو لەبەرامبەر ئێم هێرشە رەگەزپەرستانەیەدا " یەکیتی‌ی نووسەرانی کوردستان " دریژە بەخەباتی پێشکەوتنخوازانەی وشەی کوردی دەدات و ؛ ئەدەب و هونەری نەتەوەکمان لەمەترسی شێواندن و دابران لەخواست و ئاواتە گەورەکانی نەتەوەکمان دەپاریزی و ، وەك یەکیتی یەکی ئازاد و شورشگێڕ شوێنی شیاوی خوی لەتێکۆشانی ئێم قوناخە سەخت و ئالوزەی خەباتی گەلەکمان و گەلێ عیراق بەگشتی دەگری بو بەدی هێنانی ئازادی و ئاشتی و برایەتی و پێشکەوتنی گومەلایەتی .

* * *

یەکیتی‌ی نووسەرانی کوردستان

بەشی یەکەم : پێناسەی یەکیتی

بەندی یەکەم : یەکیتی ناوی " یەکیتی‌ی نووسەرانی کوردستان

بەندی دووەم :یەکیتی ریگخراوەیەکی ئەدەبی یەو ، کەسایەتی یەکی سەربەخوی تایبەتی هەیە .
بەندی سی یەم :بارەگای گشتی ئیستای " یەکیتی " لەناوچەیەکی ئازادکراوی کوردستان عیراق دایە .
بەندی چوارەم : ئامانجەکانـــی
أ ــ ئامانجە گشتی یەکانـــی
١ــ بلاوکردنەوەو گەشەپیدانی گیانی نیشتمانپەروەری و مرۆڤایەتی .
٢ــ تەرخان کردنی هەموو وزەو توانایەکی ئەدەبیمان بو داکوکی و بەرگری لەهێرشی دژندان رەگەزپەرستانەی دوژمنان بو سەر نەتەوەی کورد و تەواوی گەلی عیراق .
٣ــ قولکردنەوەی گیانی برایەتی کورد و عەرەب و هەموو کەمایەتی یەکان .
٤ــ بەگژداچوونی ئیمپریالیزم و هەموو جۆرە چەوسانەوەیەکی مرۆڤ .
٥ــ داکوکی و لەسەرکردنەوەی ئەو ئەندامانەی دووچاری گرتن و راونان و هەر چەشنە دەستدریژیەك دەبن .
٦ــ یارمەتیدان و دەستگیرویـــی ئەندامانی یەکیتی لەرووی گوزەران و تەندروستـــی و گەشەپێدانی توانا و بەهرەی ئەدەبی و هونەریانەوەو بەپیرەوەچوونی پیویستی یەکانیان .
ب ــ ئامانجە رۆشنبیریەکان
١ــ بایەخدان بە ئەدەبی پیشکەوتنخوازو رەسەن و ، گەشەپێدانی زمان و ئەدەبـــی کوردی بەهەموو بەشەکانیەوە .
٢ــ بەرەەمکانی کردنی ئەدەبی نارەسەن و خوسەپێنەرو داکۆتوو .
٣ــ بایەخدان بەکەلەپورو میژووی نەتەوایەتیمان و نووسینەوەو لێکۆلینەوەو شی کردنەوەیان لەسەر بنچینەیەکی زانستی یانە .
٤ــ هاندان و بایەخدان بە وەرگیرانی ئەدەبی رەسەنی کوردی پیشکەوتنخوازی گەلان بو کوردی و بەپێچەوانەشەوە .
٥ــ دوستایەتی وهاوکاری کردنی یەکیتی و ریکخراوە ئەدەبی و هونەری و روشنبیریـــــە پیشکەوتنخوازەکانی ناوخو و دەرەوە .
٦ــ دەرکردنی گۆڤاریکی ئەدەبی تایبەتی بەیەکیتی بەناوی ــ نووسەری کوردستان ــ هوە .
٧ــ چاپکردن و بلاوکردنەوەی کتیب و نامیلکەی ئەدەبـی .
٨ــ بەستنی کورو کۆبوونەوەی روشنبیری لەناوەوەو دەرەوەی ولاتدا .
٩ــ بایەخدان بە ئەدیبە لاوەکان و ، هاندان و یارمەتی دانیان .

١ــ هاوکاری و یارمه‌تی دانی ئه‌دیبانی پارچه‌کانی تری کوردستان بو گهشه پیدانـــی باری ئه‌ده‌بی و روشنبیری .

به‌شـی دووهم :

ئه‌ندامـی یه‌کیتـی

به‌ندی پینجهم : مه‌رجـی ئه‌ندامه‌تـی

١ــ مروفیکی ده‌ست‌ودل پاك و رهوشت‌به‌رزو نیشمانپه‌روه‌ر بیت .
٢ــ ئه‌دیب (شاعیر یان چیروك نووس ، یان رهخنه‌گر ، یان لیکوّلینه‌وه‌ی ئه‌ده‌بی ، یـان زمانه‌وان و یان وه‌رگیری ئه‌ده‌بی یان شانوگه‌ر نووس) ی پیشکه‌وتنخوازیی و به‌زمانی کوردی بنووسیت .
٣ــ بروای به‌پروگرام و پەیره‌وی ناوخوی یه‌کیتی هه‌بیت .
٤ــ داواکاری‌یه‌ك بو ده‌سته‌ی به‌ریوه‌به‌ر بنووسی و به‌لای که‌مه‌وه " ٣ " ئه‌ندام پشتگیری بکه‌ن .
٥ــ له‌گه‌ل داواکاری‌یه‌که‌یدا نموونه‌ی به‌رهه‌می ئه‌ده‌بی خوی بنیریت ئه‌گه‌ر به‌رهه‌مـــــی چاپکراوی نه‌بوو .

به‌ندی شه‌شهم : له‌ده‌ستدانی ئه‌ندامه‌تـی

١ــ به‌نووسراویکی تایبه‌تی داوای وازهینان بکات .
٢ــ هه‌ر مه‌رجیکی ئه‌ندامه‌تی له‌ده‌ستبدات .
٣ــ ده‌ربکه‌وی که‌پیوه‌ندی به‌لایه‌نیکی دژ به به‌رژه‌وه‌ندی نه‌ته‌وه‌یـی پیشکه‌وتنخواز و نیشتمانی یه‌وه هه‌یه .

به‌ندی حه‌وته‌م :

یه‌کیتی‌مان بوی هه‌یه داوای ره‌زامه‌ندی ده‌سته‌ی به‌ریوه‌به‌ر ئه‌ندامی فه‌خری وه‌ربگریت له :ــ
١ــ ئه‌و ئه‌دیبه کوردانه‌ی به‌زمانی بیگانه ده‌نووسن .
٢ــ ئه‌دیبه کورده‌کانی پارچه‌کانی تری کوردستان .
٣ــ ئه‌و ئه‌دیبه بیانیانه‌ی که خزمه‌تی ئه‌ده‌ب و روشنبیری کوردی‌یان کردووه و ده‌یکه‌ن .

* * *

بەشی سی یەم

دەستەی گشتی

بەندی هەشتەم : دەستەی گشتی لەهەموو ئەندامانی یەکیتی پیك دێت کە بەرزترین دەسەلاتە لە یەکیتی دا .

بەندی نویەم : کوبوونەوەکان

أ ـ لەسەر داخوازی دەستەی بەریوەبەر دەستەی گشتی کوبوونەوەی سالانەی (یان تایبەتی) خوی دەگات بەئامادەبوونی گشت یان زوربەی ئەندامانی (بەپێی خواست و دەرفەت) .

ب ـ لەم کوبوونەوەیەدا دەبێ زوربەی ئەندامانی ئامادە بن بەپیچەوانەوە ئەگەر نەتوانرا ئەوا کاتیکی تر دیاری دەکرێ و ئامادەبووان ژمارەیان هەرچەند بێ کوبوونەوەکە دەبەستن .

بەندی دەیەم :

دەسەلاتی دەستەی گشتی

١ ـ بڕیار لەسەردان و گورین و دەستکاری کردنی پڕۆگرام و پەیرەوی ناوخوی یەکیتی بەرەزامەندی زوربەی ئامادەبووان .

٢ ـ وت و وێژ و بڕیاردان لەسەر ئەو ڕاپورتانەی لەکوبوونەوەکەدا دەربارەی چالاکی یەکانەی یەکیتی دەخوێندرێتەوە .

٣ ـ هەڵبژاردنی دەستەی بەریوەبەری نوێ .

٤ ـ بڕیاردانی چارەنووسی یەکیتی .

بەندی یانزەهەم : هەڵبژاردن

١ ـ ئەندامانی یەکیتی مافیان هەیە خۆیان و خەڵکی تر هەڵبژێرن .

٢ ـ لیژنەیەکی " ٣ " کەسی لەئەندامانی ئامادەبووی کوبوونەوەکە هەڵدەبژێردرێن بۆ سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکە .

٣ ـ ڕەچاوکردنی هەموو شێوە یاسایی یەکانی هەڵبژاردن .

بەشی چوارەم

دەستەی بەریوەبەر

بەندی دوانزەهەم :

ئەندامانی دەستەی بەریوەبەر کە ژمارەیان ـ ئیستا (٥ تا ٧) کەس دەبێ لە

لایەن دەستەی گشتی یەوە هەلدەبژیردرین .

بەندی سیانزەهەم : دەسەلاتی دەستەی بەریوەبەر

١ــ دانانی پلانیکی گشتی بۆ چالاکی یەکانی یەکیتی و بەئەنجام گەیاندنی .
٢ــ پێک هێنانی چەند لیژنەیەکی جۆربەجۆر .
٣ــ وەرگرتنی ئەندامانی نوێی یەکیتی .
٤ــ دانانی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری یەکیتی .
٥ــ لێپرسینەوەی ئەو ئەندامانەی سەرپێچی لەپرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆ دەکەن .
٦ــ دەستەی گشتی بو کوبوونەوەی بانگ بکات .
٧ــ هەر بریارێکی تر کە دەستەی بەریوەبەر قازانجی یەکیتی تیادا دەبینی .

بەندی چواردەهەم

کوبوونەوەکانی دەستەی بەریوەبەر

دەستەی بەریوەبەر مانگی جارێک یان بەپێی پێویست کوبوونەوەی ئاسایی خوی دەکات .

هەولێر کتێبخانەی گشتی

ئەم پرۆژەیە
لیژنەی ئامادەکردنی یەکیتی نووسەرانی کوردستان
گەلاڵەی کردوو
شێنێ / تەموزی / ١٩٨١

ناوەرۆك

بابەتەكان		لاپەرە
وتەی ژمارە	ـ دەستەی نووسەران	٢
شاعیرو شەهید	ـ محمدی حمە باقی	٤
چاوپیكەوتنیك لەگەل نازم حیكمەت‌دا	ـ شارل دوبزینسكی	٩
پیرووم خویند موە	ـ سەلام محمەد	١٤
خەوە بەردینە (شیعر)	ـ سوارە	٢٩
سووتان لەبەر باراندا (شیعر)	ـ رەفیق سابیر	٤٠
لە شەویكدا (شیعر)	ـ جوامیر	٤٦
شیلانە (چیرۆك)	ـ نالە	٥١
دوو چیرۆك بو منداڵان	ـ هەڤال كۆیستانی	٦٠
قوتابخانەكەمان چی بەسەر هات (چیرۆك)	ـ كاكە باس	٦٤
زولمئاوا (چیرۆك)	ـ عەلی ئەشرەف دەرویشیان	٦٩
نامەیەكی كراوە	ـ هاشم كۆچانی	٧٥
پرۆژەی پەیرەوی ناوخوی یەكیتی‌ی نووسەرانی كوردستان		٧٩

هەوالنامەی کتێب

نووسەری کوردستان

ژمارە (٢)

هەواڵنامەی کتێب

گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کوردستان

ژمارە - ٢ - تشرینی دووەمی ١٩٨١

بابه‌ته‌کانی ئه‌م ژماره‌یه

■ وته‌ی ژماره	د ه‌سته‌ی نوسه‌ران
■ گرنگی ئیلتزام له قوناغی ئیستای خه‌باتماندا	به‌ختیار
■ چیروکه‌کانی ژماره یه‌ك و وچه‌ند سه‌رنجیکی خیرا	هاشم کوجانی
■ کاره‌ساتی هونه‌ری ئه‌مرو و ...	سیامه‌ند مامیر
■ خوسره‌وی گولسورخی	دلزار
■ له شیعره بلاونه‌کراوه‌کانی سالم	د . که‌مال فوئاد
■ وه‌لاتی من	شیعری صالح یوسفی
■ یاکانه	شیعری مه‌ظفر النواب
	سه‌یران کردویه به کوردی
■ خه‌تی راست و چه‌پ	فه‌ره‌یدون عه‌بدولقادر
■ دایك و کوره‌که‌ی	چیروکی گورگی
	برهان قانع کردویه به کوردی
■ به‌رده‌باز	هه‌فال کویستانی
■ نامه‌یه‌کی کراوه	که‌ریمی حسامی
■ شیعره‌کانی ژماره‌ی پیشوم خویندنه‌وه	محمد حه‌مه باقی
■ بوچونی ده‌سته‌ویه‌خه	ناله

سه‌رماوه‌زی / ۲٦۸۱/ی کوردی

هه‌والنامه‌ی کیب

کاتی ئیمەی دەستەیەک ئەدیبی پێشەوا کە بە ئەرکی پێکهێنانی لیژنەی ئامادە کردنی پەکێتی نووسەرانی کوردستان هەستاین دەمانزانی شانمان داوەتە بەر بارێکی گران و گرانی ئەم بارەش بەتەنیا ئەوەوە نیە کە لە بارودۆخێکی سەخت و دژواردا دەبێ پەیامی پەروەری ئەدەبیانی کوردستان بە بنکە و سەنگەر و ئە شکەوت و لوتکە بەرزەکان و بە دوورترین شوێنەکانی کوردستان بگەیەنین و بارە — ئاگری زەبروزەنگی وژیمێکی فاشی بهێنەوە کە سەرای ئەسپی شەپۆلی نەوت بووە و شێتگیرانە و بەو پەری دڕندەیی بەرە هەلدەکوتێتە سەر هەموو دەنگێکی نەترس و ئازە — میکی پاک و هەمو خواست و داخوازێکی ڕەوا و ئینسانی ... بەڵکو سەرباری ئەوەش دەمانزانی ئەو زەمینەیەی کاری لەسەر دەکەین بێ چالوچۆل و بێ کەند و کوسپ نیە و ئەو سەنگەرانەش کە سەربەستیمان دەپارێزن هێشتا ڕادەی کۆکی و تەبایی یان لەناستی خەونە مەزەکانی ئێمەدا نین دڕوشمی ئێمە یەکگرتنی هەموو سەنگەرێکی خاوێنە و ڕۆژی کە وانەبێ کۆسپ و تێکدەری ئەو یەکێتیە گەورەیەن .

بەڵام ، لە پەراوێزی ئەم دیارە ناشاباوی یەدا ئێمە هەروا دەستە و ئەژنو دانەنیشتین و دەوڵەمەند بەڵکو بە پێویستمان زانی دەبی ئەدەبیاتە و شاعیرانە بیر لەم مەسەلەیە بکەینەوە و بە پەروشەوە بە پیرەوە بچین ... بە پێی

بەستمان زانی سەرباری بیرورا و هەڵوێست و ئینتمای سیاسی جیاوازمان دڵسو-
زانە لە یەکتری نزیک ببینەوە و قەڵەمکانیان یەک بن بکرین و لەناو یەکێتی نوسەران
دا سەر بەکەوە بنێین و کۆ ببینەوە و چەند بۆشمان بکری ماوە نەدەین
بیرورا و هەڵوێستی سیاسی ناوشانە و لێژنە حزبیەکان کتومت خوێن ناخنە نێوان
یەکێتی ی نوسەرانەوە - . . .

هەروەها نیە هەر لە هەوڵەیە ئەوبان بە پێویست زانیوە کە یەکێتی
نوسەرانی کوردستان یەکێتی یەکی سەربەخۆبێ و لەژێربارو کارتێکردنی هیچ
حزب و ڕێکخراوێکی سیاسی دیاریکراودا نەبێ و لە هەمان کاتیشدا مۆڵکی هەموو
لایەنێکی پاک و خاوێن و مۆڵکی هەموو مرۆڤێکی دڵسۆز بێت . .

ئێمە هەر لە سەرەتاوە بەم کیانە و بەم جگەر سوتیەوە قۆڵی کارکردنمان
لێ هەڵماڵیوە و هەر بەو گیانەوە دەرگە بە ڕووی ئەدیبان دەدەین . چونکە
ئەگەر بەم جورە کار نەکەین و لەم ڕوانگەیەوە نەڕوانینە کێشە و مەسەلە شاڵاوز و
جیاجیاکان ئەوا نە دەتوانین بەرەو ئاسۆیەکی ڕون هەنگاو بنێین و نەشتوانین
ناوی یەکێتی ی نوسەرانی کوردستان لەخۆمان بنێین .

- دەستە ی نوسەران -

علی اللامی کتیب

ئیلتیزام وشەیەکی کاریگەری گرنگە و نە فەرهەنگی مرۆڤایەتی دا وەک و ریشەی دیرینی هەیە . هەتا هاتوە و کۆمەلگای مرۆڤایەتی پێ تێگەشەی کردوە . چاک و خراپ بەلەنکاز و زەنگین . خێر و شەر . دواکەوتن و پێش کەوتن سەریەستی و دیلیتی و . . . هتد لیک جوی کراوەتەوە ئیلتیزامیش رچەی بروتی خوی لە بەری مرۆڤایەتی و کۆمەلایەتدا شکاندوە و بە پێی زەمان و زەمینە میژوویەکان دەرکەوتوە .

بەو پێیە ئیلتیزام بەندە بە بیر و باوەڕی مرۆڤایەتی یەوە و لێ یەوە هەلقولاوە و لیشی جودا ناکرێتەوە .

ئەم وشە کاریگەرە بگرە ئەم بزوتنە لە میژ رچە شکێنەرە نە سەپێنراوە وەك چۆن هەموو کەسی سەریەستە لە هەلبژاردن و هەل نە بژاردنی ریباز و فەلسەفەیەکدا .

ئاوەهایش ئەدیب و هونەرمەندان سەر بەستن لە ئیلتیزام کردن و نەکردندا لەوەی مولتەزیم بن یان نەبن سەریەستیش مەرجێکی پێداویستی ئیلتیزامی راست و دروستە خەلکانی مولتەزیم ئاڕەزوومەندانە بێ فشار و کوشاد بێ هەڕەشە و گەڕەشە . بە باوەڕیکی تەکوزەوە دێنە مەیدانی ئیلتیزام و ئیلتیزام بە ریباز و فەلسەفەیەکەوە دەکەن بێ پیچ و پەنا و فرت و فێل و ماستاو کردن . ئازادانە و ئارایانە دوور لە دەستکرتی تایبەتی لە رۆژانی سەخت و میحنەتدا نەویران پەیمان ناوەری و هەمیشە بە دڵ و دەروێن .

لە بەر ڕوشنایی ئەم پێشەکیە کورتەدا مولتەزیم بەر پرسیارە بەرامبەر کۆمەڵگە کی بەرامبەر ئەو ریبازەی ئاڕەزوومەندانە دەیگرێتە بەر .

سوز و ئەندیشە و هەست و توانای خوی بو ریبازەکەی و بو پەیامی ئیلتیزام تەرخان دەکات

بۆ ئەو جێیە ئەنووسیت کە ئێلخیزام بە فەلسەفەکە بەوە ئەگات و لە کۆری خەبات و تێکۆشانی چەپ ئایەتیدا بۆی ئەجەنگیت .

هەرچەند ئەدیبان و هونەرمەندانی بەناو ناموڵتەزیم و سەربەخۆش بیانەوێ و نەیانەوێ بەهرەکانیان خزمەتی بەرژەوەندیی چینێکی کۆمەڵ ئەکات بەڵام موڵتەزیمە ڕاستگۆکان ئەرکەکانیان ئەیانبڕن و خزمەتیان کارێگەرە .. بەڵام ئەو بەرهەمانەی لە پێناوی خەڵکی ستەمدیدە ئەدەبە و لەژێر سێبەرانە ئەڵێی خوێن مژان و ڕاگیرکەرانە .

ئێمە بڕوامان بەسەرکەوتن تێرۆنیستە لەبەر بیست سوکە ئاوێک لە ڕابوردوو و ئەم هێندەوە ئەوانی دیمەنە سەر مەبەستی ڕیارەکە کە ئەدەبە ئاخر لەم قۆناغ و بار و دۆخەی ئێستاڵی خەباتی نەتەوەکەماندا ئەدیبان و هونەرمەندانی بوێر و ڕاستگۆ ئەرکی پتەوتر کراوەتە سەنگەری ئێلخیزامان لەسەر شانە ؟

یاخود ئەمیر ئەو پڕاگەندەیی و ڕیاکارە زەمەنەیەی ئێستا باشترە . ئەمەش مۆتێوی زۆری لەسەرە و نووسەرانی گەلەکەمان هێندەی نەشتەری سانسەر و مەرگای گرتیخانەکە و ملرانگی هاوڕامین ئەرفەنیان بەڕاست بۆدان و ئەویان کەم تا زۆر ئەنووسن و خەیان لە قەڵەی گرنگیی ئێلخیزام ئەدەن و ئێشی بۆ ئەکێشن .

گەر لاپەڕەکانی مێژووی ئەمن و ئەو کەسانەی بە ڕەوای وشەی ئێلخیزام ڕا بگەیەنن ئەگەینە ئەو سەر ئەنجامە کەوا پێ بە پێی گەشەکردنی بایەتیانەی قۆناغەکانی کۆمەڵایەتی لە قۆناغێکەوە بۆ ئەوی نوێتر تێکڕا ئەو گۆڕانکارییانە کە بە هۆی ناکۆکیە تووند و تیژەکانی هەناوی چینەکان هاتۆتە گۆڕی . کۆرانی بنەما ئابووریەکانیش هەموو قۆناغێک و هاتنە کایەی بنەمای پێشکەوتوتر . کاتی کۆتوبڵە سەر لەقەکانی سەر خەڵکان کە بیکۆمان ئەدەب و هونەر بەشێکن لە ئەم خەڵکانە .

هەموو ئەو قۆناغ و سیستەمانەی کۆراون بە ڕێڕەوی مێژوو ئەوێکی هاندەر بوون بۆ زیاتر و پتر بەرەو پێشەوە بردنی فەرهەنگ و ئەدەب و هونەری مرۆڤایەتیش ..

ئێلخیزامیش لەو پرۆسیسە گەلایەتیە ڕا ڕەنگیداوەتێکی پرۆسیستەتیڤ نمای کردووە لە ئالیکی خێرسکەوە ڕووەوڕوو بنەماکانی خەڵینی تیا ڕا پشکووە .

شایەنی ئاسینە کە لە نووسینێکی ئاوادا ئەرفتی وا نیە بە ئەوەو و ئەوێی لاپەڕەکانی ئەم زەمانی مەملەی ئێلخیزام هەڵدەینەوە .

وەکو تر گرنگیدە مەرگای ڕووەڵدەی ئەمویەرمان بخەینە سەر پشت و پەڕەی ئەبەستەکانی ئەم نووسینەدا گشتیکی کەم بکەین و چەند ڕاستیەک بخەینەوە یادی

هەوڵنامەی کتێبخانەی

خوینەرانی ئازیز .

سەدەی هەژدەهەم

پێشەسازی و زانیاری بەری نوێی موڤایەتی شۆرشی فەرەنسا زانست و فەلسەفە لا پەرەکانی ئەم چەرخەیان رازاندوتەوە . زۆرانبازی بەکی قولیان لە نێواندا هاتوتە کۆری و بونەتە هۆی گەشە کردن و پێش کەوتنی گرنگتر .

فەلسەفەی کانت (١٧٢٤ — ١٨٠٤)
فەلسەفەی هیگل (١٧٧٠ — ١٨٣١)
فەلسەفەی سان سیمون (١٧٦٠ — ١٨٢٥)

لە کۆتایی ئەم چەرخەدا فەلسەفەی کارل مارکس (١٨٤٨ — ١٨٨٣) و چەندین فەیلەسوفی دیکە ناوبانگیان دەرکرد .

لە روی ئەدەب و نوسەرانی کۆمەلایەتی شەوە کەسانی هەلکەوتو هەلکەوتن و کاریگەر زۆریان کردە سەر باری کۆمەلایەتی .

هەستی بەرزی رومانتیکیەتیان پێش کەش کردە خەلک و ئەدەب و هونەریان پێش خست و ئیلتزامیان قولتر کرد .

ڤولتیر (١٦٩٤ — ١٧٧٨)
رویسپیر (١٧٥٨ — ١٧٩٤)
روسو (١٧١٢ — ١٧٧٨)
دیدرو (١٧٥٨ — ١٧٩٤)

دیدرو لە کتیبە گرنگەکەی (وتاری لە سەر جوانی) یدا بە جوانی تیۆری ئەدەب و هونەری دارشتوە و دەری خستوە کە وا کاری هونەری (لەواقیعەوە هەلدەقولێ و لێیەوە پێکهاتوە گشتی یەکانی خوی دروست دەکات) " ١ "

گرینگترین هەلە کە دیدرو ئیلتیزامی پی خزمەت کردوە ئەوە بووە کە ناوەرۆکی کۆمەلایەتی و فکری و رەوشتی کاری هونەری .

ئەو ئەرکەی خستوتە ئوبالی هونەرمەندان کە لایەنگری کاری چاک و دژی کاری خراپ بێن .

گوتە (١٧٤٩ — ١٨٣٢) و بلزاك (١٧٩٩ — ١٨٥٠) و شیلر (١٨٧٤ — ١٩٢٨) و ڤکتور هوگو (١٨٠٢ — ١٨٨٥) و چەندین کەلە نوسەری دیکە لە کۆتایی ئەم سەدەیدا و سەدەی نوزدەهەم پەیدا بوون توانای بلیمەتی کار لە کۆمل کردووی ئەمانیش ئەدەبیان زۆرتر پێشخست و ئەدەبی مولتە — زمیان قولتر کرد .

* سەدەی نوزدەهەم

لا پەرە لەوە و پێشەکانی خوی دادایە وە هی نوێی پرشنگدارتری هەلدایەوە و گورانکاریەکی قولتری هینایە کایە .

ئەمانی سیستەمی پاشایەتی بلاوبوو نەوەی دیموکراسیەت دەرکەوتنی سوشیالیزمی زانستی ... قولتر بوونی خەباتی چینایەتی و دەرکەوتنی پرولیتاریا وەکو چینێکی سەر

به‌ندی شۆرشگێر، کۆمۆنه‌ی پاریس، رابه‌رێنه‌ گه‌وره‌کانی کۆکاری ده‌ولەتانی سه‌رمایه‌داری و ملانێی ده‌ولەته‌ مۆنۆپۆله‌کانی .

ئه‌و به‌ره‌نه‌ زیندوانه‌ی هیگڵ و فۆیه‌رباخ و ئایدیۆلۆژیانی هیتایه‌ گۆری له‌ناو ئه‌ده‌ب و هونه‌ر و جوڵانه‌وه‌ی ئیلتیزامیشدا .

کلاسیکیزم بایه‌خی ئه‌وتۆی نه‌دا به‌ رۆمانتیکیزم بالی کێشا به‌سه‌ر سه‌رده‌مێکدا له‌ نیوه‌ سه‌ده‌ی ئه‌م سه‌ده‌یه‌ به‌ره‌وه‌ ڕیالیزم له‌ هه‌ناوی رۆمانتیکیزمه‌وه‌ پێچی کرد و وه‌ک ناکۆکیه‌کی نوێی ئه‌ده‌ب و هونه‌ر ڕیالیزم زیاتر و باشتر ئه‌ده‌ب و هونه‌ری به‌ره‌و ڕوڵی ئه‌دیبی دیاریتر گه‌ڕاند . هه‌ڵ و مه‌رجی ئه‌وتۆ ڕه‌خسا که‌ ئیلتیزامیزمی بایه‌خی به‌ ڕیتم و بیئه‌ چێکۆکی کاریگه‌ر نوێ ده‌ستی به‌ره‌ه‌ساران له‌ پیناوی کۆمه‌ڵ و مرۆڤ و دوا ڕۆژی سه‌ربازتر .

گه‌ر وردبینمه‌وه‌ له‌ ڕابوردوو وه‌ ڕادیه‌کی کار تێکردنی کلاسیکیزم و رۆمانتیکیزم له‌سه‌ر ئه‌ده‌ب و هونه‌ر هه‌ڵسه‌نگێنین و بمانه‌وێ بگه‌ڕێین بۆ کۆڵه‌ ڕادیه‌کانی تێکردنی ڕیالیزم بۆ سه‌ر دونیای ئه‌ده‌ب و هونه‌ر بۆمان ده‌ستده‌کا که‌ له‌ زه‌مان و زه‌مینه‌یه‌کی گشتگیرتردا پتر له‌وان و ڕیالیزم ئه‌ده‌ب و هونه‌ری پێشخستووه‌ و جۆگه‌ڵه‌کانی ئیلتیزامی پته‌وتر چه‌سپاندووه‌ .

• ڕیالیزمی سۆشیالیستی

پاش قوربانی یه‌کێ بێ شومار و چه‌ندین ئه‌زموونی خوێناوی بۆ یه‌که‌مین جار کرێکاران به‌ هۆی پێشڕه‌وی ڕاسته‌قینه‌یانه‌وه‌ گۆڕی پێشبڕکێی گۆڕی سه‌ختی خه‌باتیان له‌ چه‌وسێنه‌رانی ده‌یان ساڵه‌یان بڕده‌وه‌ و ڕووی چیه‌نایان به‌ دڵی کرێکاران و گه‌لانی ماف خۆرا و گۆڕی .

ئا لێره‌ سه‌رده‌مدا و له‌ بن سێبه‌ری باڵای شه‌ناوه‌ی سۆشیالیزمدا . پێوه‌ستیه‌کانی سه‌رکه‌وتن و بزوتنه‌وه‌ی نوێی پرۆلیتاریسا ، ڕانیکی مژده‌ هێنه‌ری نوێ کرێ و ڕه‌وای پێگه‌یشتنی بۆ یه‌که‌مین جار هه‌ڵکیم گۆرگسی بایه‌خ ناوکی ئه‌و پێوه‌ستیه‌ مژده‌ هێنه‌ره‌ی بۆی و ڕیالیزمی سۆشیالیستی پێشکه‌وت .

ئه‌م له‌ دایک بوونه‌ نوێیه‌ به‌ ده‌رس وه‌رگرتن و پێداچوونه‌وه‌ی ڕابوردوی ئه‌ده‌ب له‌ سه‌رده‌می سه‌رکه‌وتنی پرولیتاریدا ڕیالیزمی له‌ چوارچێوه‌ی ڕیالیزمی ڕه‌خنه‌یی (بلزاك ... شیلر ... گۆته‌ ... بایرون ... هتد) ڕزگار کرد و ڕوشنتر له‌ چاران جۆگه‌ و بنه‌وانه‌کانی له‌ ده‌ریای مارکسیزمه‌وه‌ هه‌ڵهێنجا . کۆڵگه‌ی ئه‌ده‌ب و هونه‌ری کرێکاران و گه‌لانی ماف پێ شێلکراوانی پێ ئاماده‌ کرا .

ڕیالیزمی ڕه‌خنه‌یی گه‌ر له‌ سه‌ر

هه‌ڵوێستی کتێب

هەلویستیش دروست کرابێ جیاوازی یەکەی لەتەک ریالیزمی سوشیالیستی لەوەدایە کە لە کومەڵگا سوشیالیستەکاندا نە هاتوتەکایەو رەخنەشی لەو واقیعە کومەلایەتییەی نەبوو و بەری ئەدیبان کرووە بەلام یالیزمی سوشیالیستی پێش هەموو شتێ بە هەلویستێکەوە ناسراوە کە ئیلتیزامی پێوە دەکات کوتیەکەشی لە بنەڕەتدا ڕازی بوونی نوسەرو شاعیر و هونەرمەندانە لەسەر ئامانجەکانی چینی کرێکارن و دونیای سوشیالیزم) ٢٠ .

ئەوچەند لاپەڕەیە کورتە باسێکی ڕابوردوی درێژی زەمانی ئیلتیزام بوو هەتا ئەم سەردەمە و لەنگەر گرتنی لە فیرگەی ریالیزمی سوشیالیستیدا . گەر بێت و بەو پێوانگە ڕابوردوی کەلتووری نەتەوەیی خۆمان بپێوین و ئاکاری ئیلتیزام دەست نیشان بکەین . دەگەینە ئەو سەرەنجامە کە لە کۆنەوە ئەدەبی کوردیمان بەپێی قۆناغ و زەمان و زەمینەی جیا و تایبەتیی کومەڵگاکەمان ئەدەبی نەتەوەکەمان بە تایبەتی شیعری کوردیمان (چونکە شیعر زیاتر کەرەستەی میللەتەکەمانە) .

وەکو ئەدەبی تیکڕا میللەتانی سەر ڕووی زەمین بە چەندین قۆناغ تێپەڕیوە مرۆڤی ئاقارە ئەدەبییە جیاکانی پێوەیە کلاسیکیزم ، ڕومانتیکیەت و ڕیالیزم .

ئیلتیزامیش گەرچی وەکو دیاردەکانی دیکە بە پێی ڕەوتی کەشەکردنی کومەڵایەتی و ئەدەبیمان گەشەی کردووە و لە هەناوی ئەو ڕەوتەوە خورسکیانە (عفوی) پەیدا بووە لە زوربەی هەرە زۆری بەرهەمە ئەدەبییەکاندا ئیلتیزام بە زەقی دیارە ئەوانەی بەهرەیان لە چوار چێوەی بەر هەمیکی ئەدەبیدا دارشتووە زوربەیان لە ڕوانگەی فکری کومەڵگای کوردەواریمانەوە مولتەزیم بوون و لە ڕەوتی گەشەکردن و پێریستیەکانی خەباتی کومەلایەتیمان بەرکەنار نەبوون .

میللەتەکەمان و نیشتمانە خۆشەویستە هەمیشە چاوتی برادەکەمان ئەگەر چی لە چاو میللەتان و نیشتمانی میللەتانی دیکە جیاوازی تایبەتی میژووی و سیاسی و کۆمەلایەتی هەیە . بەلام لەتەک ئەو ڕاستیانەشدا میللەتێکی وەجاغ کوێر نین زۆرمان نی هەلکەوتوون کە وەجاغیان ڕۆشن کردبێتەوە ئەستێرەی گەشی ئاسمانی ئەدەبیمان زۆرن . کە هەمیشە بۆ کورد و کوردستانیان نووسیوە بۆ ڕزگاری و یەک گرتنەوەی نەتەوەیمان بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین بۆ ڕەنجدەڕان شەهیدان و سەروەرانیمان تۆمەبووە .

سەرەڕای چەوساندنەوەی ڕاوەی نەتەوایەتی و چینایەتی .

سه‌ره‌رای ئاوه‌ڕۆی ئازادی و ڕزگاری، سه‌رمرای به‌سه‌رهێنانی ئاڵاخاتنی و نه‌نوسین به‌ زمانی ڕگماکسی .

ده‌توانین بڵێین میلله‌ته‌که‌مان نوسه‌رێکی به‌ توانا و سه‌رشوری نه‌بوه‌ و شاعیرێکی دیسای به‌ دڵمان هه‌ڵبلێمان تیا هه‌ڵنه‌که‌وتووه .

کێ ئه‌ی بوێری خانی و مه‌ڵای جزیری بابه‌ تایه‌ر و سه‌ی یاقو نالی و مه‌حوی و سالم و مه‌ولانا و حاجی قادر و قانع و پیره‌ مێرد و ئه‌ی که‌س و شێخ نوری و گۆران و هێمن و چه‌ندین هاوڕێی دیکه‌مان به‌ ناموڵته‌زه‌م سه‌ر شوڕ له‌ قه‌ڵه‌م بدات بڵێ‌ێ‌ن که‌س ناتوانێ‌ێ‌ت تێڕایان شاکاره‌کانیان به‌ ووشه‌ ڕه‌نگینه‌کانی کورد و کوردستان به‌ یه‌کگرتنه‌وه‌ و سه‌ربه‌خۆیی و ڕزگاری و سه‌رفرازی ڕازاوه‌ته‌وه‌ هه‌رهه‌مه‌کانیان بۆ گرۆی زۆر دڵسۆزی کورد یان لیهه‌ڵده‌ستی (١٠) ساڵی ڕه‌بعی کۆفاره‌ جوانه‌مه‌رگه‌که‌ی گه‌لاوێژ به‌ ڕاستی ئاپه‌ڕه‌کانی گه‌لاوێژی ئاسمانی ئه‌ده‌بی کورد یمان بوو له‌ هه‌موو ڕوویه‌که‌وه‌ ئاپه‌ڕه‌کانی ئه‌ده‌بیان پێخستین ئیلتیزامیش یه‌کێک بوو له‌و ڕووانه‌ چه‌ندین ڕۆژنامه‌ و گۆڤاری دیکه‌ی پێش و پاش گه‌لاوێژیش کەم و زۆر به‌ پێی توانا جێگه‌ په‌نجه‌یان دیاره‌ و له‌ یاد ناچنه‌وه‌ و مایه‌ی ڕابوردوه‌ یه‌کسه‌ دڵخۆشکه‌رن .

له‌ شه‌سته‌کان به‌دواشه‌وه‌ به‌ تایبه‌تی له‌ هه‌فتاکانه‌وه‌ به‌ هۆی ڕادیۆی وشیاری و سیاسی پهوسه‌ندنی بزوتنه‌وه‌ی ڕزگاریخوازی میلله‌ته‌که‌مان گه‌شه‌ کردنی باری ژیانی کۆمه‌ڵایه‌تیمانه‌وه‌ ئه‌ده‌ب و هونه‌ری گه‌له‌که‌مان پاش گه‌شه‌ی کردووه‌ و ئاپه‌ره‌ جۆرا و جۆره‌ ئه‌ده‌ب و هونه‌ری یه‌کانمان جوانتر ڕازاوه‌ته‌وه‌ و شاعیر و شیعری نوێمان زۆر جیاوک و کورته‌ جیاوکی کورد یمان ئه‌گه‌رچی مه‌خابن هاوتا هه‌نگی شیعر نی یه‌ به‌ڵام له‌ چا و ڕابوردودا ئه‌میش جاك پله‌ی سه‌نده‌وه‌ باقی له‌ڤه‌کانی ئه‌ده‌ب و هونه‌ریش هه‌ر پێشکه‌وتوون .

له‌ هه‌موو به‌رهه‌مه‌ ئه‌ده‌بی و هونه‌ری یه‌کانماندا ئیلتیزامیش له‌ نه‌ش و نما کردندا بووه‌ به‌ پێی بایه‌خ دانی پتر به‌ ناوه‌ڕۆکی ئه‌ده‌ب و هونه‌ر ئیلتیزام پوخته‌تر بووه .

به‌ڵام ده‌توانین بڵێین که‌ هێشتا ئه‌ده‌ب و هونه‌ری میلله‌ته‌که‌مان وه‌ك پێویسته‌ ڕیالیزمی شۆڕشگێرانه‌ نیایدا بالا ده‌ست نی یه‌ هێشتا ئه‌ده‌ب و هونه‌رکه‌مان که‌م و کوڕی ئایدیالیستی و لایه‌نی خاموشی بسی بایه‌خی تیایه .

میلله‌ته‌که‌مان هه‌تا دێت بۆ ئه‌وه‌ی باقی مافی چاره‌نووسی بێته‌ به‌رده‌ستی به‌ ئه‌ده‌ب و هونه‌ریکی شۆڕشگێرانه‌ی ڕیالیزمی خه‌ملیو تره‌ . ئه‌م ئه‌ده‌ب و هونه‌ره‌ ڕیباز و فه‌لسه‌فه‌ چیناپه‌تی یه‌ ڕوشنه‌ وه‌ك ده‌رمان بو

جەستەی پیشەرگەیەکی لە نیو خوین گەوزو
دا پیویستە .

بیگومان رووداوەکانی کوردستان
روون ولە بەر چاوداً ئاشکرانً دیارە
گەلەکەمان فارەمانانەتر بەرگری لە نیشتمانە
کەمان و بونی نەتەوایەتیمان دەکەن .

لەم قۆناغەدا پێوستمانە سەرتا
سەری کوردستان خەریکە پێدەپێنە
قۆناغێکی نوێتر نوێمەی قۆناغێکی بالانسی
تیا دەرکەوتوە .

لەم قۆناغە نوێیەدا و لە دەرکەوتنی
نوێمەی قۆناغەکەدا هێز وهکو چون رولە
دەموزەکانی گەلەکەمان لەرکی قورسترمان
کەوتوتە سەر شان ئاوەهایش لەدەستبان و

خوێندەوارانمان خاوەن بەهرەکانی گەلەکەمان
دەبێ شۆرشگێرانەتر بینە پێشەوە ئازایانەتر
بتوانرێ ئاسۆکەی دوا رۆژ، رۆشنانەتر رابهێ-
نرێ وئەو هێزە چینایەتیەکان،
سەنگەری رەنجدەران لە بەرامبەر
چاو چنۆکاندا پر شکۆتر بکات هەتا
ئەو سەنگەرانەی پێشەوە تا لوتکەی
هیوای سەرفرازی بۆ دۆزمنان وبۆ
هیچ لایەك چۆل نەبن ئەو
سەنگەرانە جارکی دیکە لە بەر
هیچ هۆیەك خالی نەکەنەوە و وێرانە
نەبن

بەو پێیەش بەدڕیژایی میژوو ئەدەب
و هونەرمان خۆی ئەو بوتە چینایەتیەدا
دەنوێنی . ئێستاش هەر وایە بۆ لە سەو
دواش هەر وا دەبێت . بۆیە ئەدیبانمان
ئەرکەکانیان قورستر دەبێ تەنها بە بەرهەمی
ریالیزمی شۆرشگێرانە دەتوانن لە بوتەی
ئەم خەباتەدا خەباتی نەتەوایەتی چینایەتی
دا گەی بەرهەمە بزوێنەرەکانیان گشت
گیر بدەن و زنجیرەی ئەدەب و هونەرێکی
شۆرشگێرانە پێك بهێنن با لە کوردستانی
دابەش کاری لێهەشدا لە هەموو بەشێکی
کوردستانداً ئەدەب و هونەری شۆرشگێرانەی
راستەقینە بێتە بەرهەمەوە بەو
پەروەردە کردنی کەلانی خەلك و زەحمەت
کێشان بۆ پتر ڕەوا کردنی دۆزمان .

با ئەدەب و هونەرەکمان بە بەرهەمی
ریالیزمانە لەم قۆناغە نوێیەی خەباتدا
بە دەرس وەرگرتن لە گلانەکانی
ڕابردوو لە هەوە چینایەتیەکان،
سەنگەری رەنجدەران لە بەرامبەر
چاو چنۆکاندا پر شکۆتر بکات هەتا
ئەو سەنگەرانەی پێشەوە تا لوتکەی
هیوای سەرفرازی بۆ دۆزمنان وبۆ
هیچ لایەك چۆل نەبن ئەو
سەنگەرانە جارکی دیکە لە بەر
هیچ هۆیەك خالی نەکەنەوە و وێرانە
نەبن

شاعیری ئەمرۆمان بۆ ئەوەی (بالای شیعرەکانی بگاتە بالای پیشەرگەیەکی قارەمان) پێویستە ئەمیلی خوێنی (هەزاری زال)ەکانی خوێنی شەهیدان وونبێت بێتەوە دەست بەجێ لە چوارچێوەی شیعردا بەڵگەنامەی ئەمریان بۆ بنووسێت و پێشی کەنە (دایکانی کوڕ لە کێوان) بە شیعرەکانیان کیلی سەروەریان بۆ ڕابێنێوە.

چیرۆک نووسانمان هێندێ لە ڕێبەندە کانی گرتوخانەکان، نەبەردەکان بن و بە هەستی ناسکانەی شۆڕشگێرانە دیمانی کورتە چیرۆک و داستانی کەم وێنەیان لە سەر بنووسن. وێنە گێشەکان هەزاران گوندی کاوڵکراو سەدان کیلگەی سوتێنراو دەمی سەدان جەرمێکایان لێ دروست بکەن

زیاتر لە پێنج هەزار گوندی کاول کراو سەدان کیلگەی سوتێندراو کوشتنی دەیان شوان دەیان کێڵوڵە و ئافرەت و لاو و پەک کەوتەی کێڵەری لە کوێستان و گەرمیاندا ئێلیاتی بێ وێنەن لەم سەردەمدا.

گرانی بێژان و ئاواز دانەرانیشمان سەدان ئاواز و گۆرانی و سرووتی شۆڕشگێرانە یان لە ئۆپالدایە و حەق وایە بێ بەرهەمی بە پیزمان نەکەن.

بەم شێوەیە لەم هەل و مەرجە سەختەی خەباتی میللەتەکەماندا بەهەرە داران دەتوانن بێنە بەهرەداریک متمانەی خەڵک وەربگرن هەر بەو شێوەیەش دەتوانن لە داڕشتنی خەنەکی پتەوی سەر کەوتندا، سەرکەوتنی ڕەنجدەراندا، سەر کەوتنی گەلەکەماندا هاوبەشێکی کارێگەرانە بکەن و لە دوا ڕۆژی سەر کەوتندا بوێسان هەبێ بە کامی دڵ بڵێین و بنووسم بەرهەمم پێشکەش بکەن.

ئەو ئەدیب و هونەرمەندەی لەبەرم قوناغەدا نەوێری بۆ کەلەکەی بنووسێ و بەرهەمی دوژمن نەزین و خەڵک ڕاپەڕێنن پێشکەش بکات.

ئاخۆ دەبێ لە پاشە ڕۆژی سەرکەوتن دا هەماوەرێ چێژێك نەبانت لە ئەو کاتەدا بەرهەمی بهێنن

شایەنی باسە ئەم چەند لاپەڕەیەی بەردەستتان ئەوە ناگەیەنێ کە لەم قوناغەدا هیچ نەوتراوە نە نووسراوە پێشکەش نەکراوە.

بەخێر ئەو ڕاستیانە ڕوونە کە چەندین نووسەر و بەهرەدار وێڕای وایانە بنووسن و بڵێین و بخشەی تابلۆی کارێگەر و ڕەنگین بکێشن شانۆگەری جاونەترسانە پێشکەش بکەن.

مەبەست و نیاز تەنها ئەوەیە کە

ئیلتیزام فولتور بکری و هەولبدری ریالیزمی شۆرشگێرانە بکرێتە بنەمای راستەقینەی جیالاکسی .

ئیستا دەرفەتی باش هەلکەوتووە و نوستنەوەی دەرفەتەکە پێویستە سەر لە نوێ دروست بونەوەی یەکێتی نووسەرانی دەرچونی گۆڤارە خنجیلانەکەی نووسەرانی کوردستانیش لە ناو شۆرش و سەنگەرەکانی بەرکەر بیدا .

هەر بۆ ئەوەیە کە قەلەمە شۆرشگیرە خاوێنەکان کوێنەوە و ریک بژێن و ئالای بەرگری ئەدەب و هونەر بشەکێنەوە .

۱۹۸۱/۹/۱۰
نۆژەلە

سەرنج و سەرچاوەکان

میزووی لە دایک بوون و کوچ کردنی ئەو نووسەرانەی ناویان هاتووە لە کتێبی (الالتزام فی الشعر العربی) وەر گیراوە . نووسینی د .محمد ابو حاقە بە چاپی دار العلم للملایین چاپی بیروت .

" ۱" دیدرو . . . (مقالة فی الجمال) هەمان سەرچاوەی پێشو ل ۲۲

" ۲" ئانیست غیشەر سوشیالیزم و هونەر ل ۱۷٤ .

" ۳" لە شیعریکی نوێی شاعیری شۆرشگێرا (جواهیر) هاتووە کەلە ژمارەی یەکی نووسەری کوردستان دا بلاوکراوەتەوە .

ئالیگارشی

ئەم وشەیە لە زوربەی زمانە ئەوروپاییەکانا هەیە ، وە بە مانا فەرمان رەوایی کردنی کۆمەلێکی دیاریکراو ئەگریتەوە ، واتا دەسەلاتی سیاسی و ئابووری کۆمەلێك لە خاوەن سامانەکان ، لە سەردەمی (کۆیلەداری فیودالی سەرمایەداری) دا ئەجوورە دەولەتانە هەبوون کە کۆمەلێك لە خاوەن سامان و کارگە و فابریقەکان دەسەلاتی سیاسی و ئابووریەیان تیا گرتونە دەست و حوکمی ئەواوی خەلکە زەحمەتکیشەکانیان کردوە .

چیروکی کامڵی ژماره‌ یه‌ک و

چه‌ند سه‌د رنجێکی خێرا..

هه‌والنامه‌ی کتێب

• هاشم کۆچانی •

ژماره‌ یه‌کی گۆڤاری نوسه‌ری کورد ستان (٥) چیروکی له‌ خودا گوکرد بوو: شیلانه‌ نوسینی ئاله‌ • کوتره‌کان و پیشمه‌رگه‌یه‌کی بچکولانه‌ دوو چیروکن بـــو منالان • نوسینی هه‌ژال کوپستانی • قوتابخانه‌کمان چی به‌سه‌ر هات•بـو منالانه‌ • نووسینی کاکه‌ باس • زوله‌ئاوا • نووسینی علی ته‌شرفه‌ د•رویشیان • کاره‌ له‌ فارسی‌یه‌وه‌ کرد وویه‌ به‌ کوردی

• شیلانه •

ناوه‌رۆکی چیروکه‌که‌ باسی راگویزان و گونه‌ ســووتان وربه‌رمنـــگـــار بوونه‌وه‌ی فاشیزم دمکات • نووسه‌ر له‌ رووی فیکری‌یه‌وه‌ مه‌سله‌یه‌کی مه‌ترسیدار و گرینگی هه‌لبژاردوه‌ • بملام داخه‌که‌م له‌ رووی هونه‌ری و ته‌کنیك و دارشتنی چیروکی نویوه‌ ئه‌وه‌نده‌ لاوازه‌ خوی له‌سه‌ر پی ناگریت •

له‌ هه‌ندی حالمت دا بیاو نوسه‌ری وه‌ك لیخریك دیته‌ به‌ر چـاو

تازە فیری لی خورین بووبی و جار نەجارێك جلەوی باسکەی لە دەست بەربی و بەم لاو بەولادا ملی رچە ری دگرتە بەر وو پاشان دبتەوە سەر باسکەکە ، بو نموونە ئەو چەند ناوو دێرەی لەسەرمتای چیرۆکەکەدا هینا و نی و دوایی لە بەربان دمکات ، وەك :(فاتیلە و دەزگیرانەکەی و گفتو گوی نیوان فاتیلە وو شەهیلە) ئەگەر نەبوایە هیچی لە مسطەکە نە دگوری بەلکو چیرۆکەکەی یەکگرتوتر دەکرد . ئاشکرایە لە چیرۆك و رومانداا بالەوان هەیە وکەسانی ناسەرەکیش هەن ، بەلام کەم و زور بەو پێیەی کە نووسەر دابەشیان دمکات بو خزمەت کردنی مەسەلەکە دەوری خویان دگێرن و شوین یەنجەیان بە چیرۆکەکەوە دەبینری ! !

* * *

(ــ بیست و چوار کاروان کوژە ئاسمانی دێیان گرت) .

من نازانم کاکە (ناڵە) بوچی ناوی ئەستێرەی کاروان کوژەی لە هەڵبژێرەر ناوە ، ئاشکرایە ئەستێرەی کاروان کوژە لە کورد هواریدا بەو ئەستێرەیە ئەڵین کە لە دەوروبەری نیوەشەودا هەڵدێت . گوایە جارێکیان کومەڵە کاروانچیەك سەری حسابیان لی تێك دەچێت و ئەستێرەی ناوبراو بە ئەستێرەی (بەیان) تی ئەگەن ، بار بار دەکەنە ری ، هەر دەرون و رۆژیان لی نابێتەوە ، تا توشی زیان و سەرما و سوڵەیەکی وا دەبن تیا ئەچن ، کەواتا بەنیسبەتی هێزەکانی ئاشیەوە هەڵکوێستەر (کاروان کوژە) نیە ، چونکە ڕێگای جی بەجی کردنی پیلانە گلاوەکانیان بو ئاسانتر ئەکات و بەنیسبەتی خەڵکی گوندەکەشەوە چاك نیە گەیشتوون کە ئەو هەڵیکوێتەرانە ئەوان ملوزمن و هیچ کاتێکیش چاوەڕوانی ئەوە نەبوون کە ئەو هەڵیکوێتەرانە گول و خوشیان بەسەردا دابارێنن .

گومان لەوەدا نیە ، کەلك وەرگرتن لە کەلەپور و فولکلور چ وەك بیریکی دیاری کراو یان (مفردە) و بەکار هێنانی لە شوێنی خویدا دا-هێنان و سەرکەوتن بو بەرهەمەکە دابین دمکات ، خو ئەگەر لە جێی خوی شیدا نەبێت ئەوا ئەبێتە تەشقەلە پی کردن و بەزەقی خو خستنە ڕوو .

(ــ سەرپازگان جاشیان پیش خویان دابوو ، لولەی تفەنگگانیان ناراستەی سەر سنگی ئاوایی کرد .

ــ ئاوایی بوو بە چەند شاپلیتەیەکی گەورە
ــ هەندەی پی نەچوو هەموو ئاوایی‌یان کوکردەوە)

نووسەر لیرەدا سەرکەوتوانە هەندی رووی شەری راگویزانمان بۆئاشکرا بوو ، ئەوە پاش دەگات کە مەلای گوند لەم شەرەدا ترسنوک بووە و ــ مەلا کان ئەگەر دەراستیشیان بێ بکری ، تەنیا لە سنووری مزگەوتەکاندایە و بەس . ئەوتانی :

(ــ مەلا ئەتروت کەولت کردووە ، هەر پەستەکەی مابووە . ئەمکۆژن) هەر چونی بێت خەلکی گوند مەلا تاجار دەکەن کە قورئانەکەی بەرز بکاتەوە و پەنا بەخوا بەرلیک بدات :

(ــ مەلا وەنە تەقشەقە ئاهەرزی
ــ خو پیغەمبەر عەرەب بێرز
ــ گەورەم بیکە بەخاتری ئەم قورئانە) .

ئاشیەکان یەکسەر قورئانەکەیان سووتاند وەمەلا بێشیان بە خسری و کولیک دەستووری ئاهێنێ‌بەوە لەسەر گازەرای کێشت دا بە عەردا .

پەرۆزئەکێش حەقی خوی بوو ئەووت :

(ــ سی ساڵە مریشک ئەکەین بگەروی مەلا دا کەلکی‌پوشیکی نەگرت) هەر کاتە پر سەخلەتیەدا کە رووبەرووی خەلکی گوند ئەکە بوتەوە ، بەوکسی ئەمیلە ، پیرێکی بەسالا چووبوو دەست ئەدانە تیلاکەی خوی و بەلاساری کابوای ئەفسەر ئەدات و پێی ئەلیت :

(ــ هەی کافری لەکافر بوو) .

دیارە ئاشی‌یەکان هەمیشە رەفتار و کردەوەیان یەکە و یەکسەر ئام هەوسە و و خیزانەکەی و شەمیلەی کچی وەبەر گوللە ئەدەن و شەهید ئەبن .

خولە ، کە پالەوانی چیرۆکەکەیە لەو دەمەدا شەمیلەی دەزگیرانی دەکۆژن لە دەوەنی ئەوپەری گوندەوە دەبێ . هەموو رووداوە دڵتەزێنەکان

بە چاوی خۆی دەبینی "

ئوسمر گەلیک زیرەکانە ئەوە دووبات دەکاتەوە کە بی تیلا ، واتە تیلای ئاسن (تفەنگ) بەرەنگار بوونەوەی فاشیزم مەحالە . هەموویش دەزانین پیش ئەو کاتە ئەم راستیە لە کوردستاندا هەبوو ، بەلام لە شەری راگویزاندا گەلە تیکۆشەرەکەمان بە دەستی خالی مایەوە و بگرە لە زور ڕووی تریشەوە بۆشایی و شیرزەیی جەرگ بڕانە لە کوردستاندا هەبوون .

کاکە ناڵە بە چاکی فاشیەتی ڕژیمان بۆ ئاشکرا دەکات ، کە ئەسرەکە ئەڵێت :

(ـ بەڕێی دەڕۆنی ئیمەیە ، ئەبی بتوانن مال بسووتێنن .....
بەرێش بکوژن .... ژنیش بکوژن .... منالیش بکوژن .
ـ هەر ئەم منالانەن گەورە دەبن و گوللەمان بیوە ئەتبن) .

دیارە ئەسرەو فاشیەکە لە دوژمنایەتی و هەول و تەقەلای ڕژیمەکەی دا بۆ نەهێشتنی گەلە دلێرەکەمان زور زیرەکەر دەزانیت منال لە نەرەهەنگی شۆڕشگێڕ تیکۆشاندا چ دەگەیەنێ . ئەو پیشمەرگانەی لە شۆڕشی ئازادیخوازانەی ئەیلولی ۱۹۶۱ دا پەشدارییان کرد ئیستا زۆربەیان پیر بوونەتە و بەمالا چونە ، ئەوانەیش ئیستا شۆڕشیان گڕتوتەوە و بە گیانێکی پۆلایتر و هۆشیارییەکی فۆلترەوە هاتوونەتەوە مەیدانی بیشمەرگایەتی و شۆڕش ، ئەونەوەیە کە ئاشوبەکان لێی دەترسن ، ئەوەی شکستی هێنان و ڕاگویزان

پاشان ئەسرەکە ئەسپی شۆڕشگێڕی و دەمار گیری ئەتەوەی مەزن هەڵدەگری و ئەڵێت :

(ـ ئەمانە بەهەڵە لەسەر جیهان دروست کراون ، بیویستە ئەمێنن)

* * *

خولە کە بەبەر چاویەوە گوندەکەیان سوتان و کوشتی پشتا و پشتی گەلە کەیان ویران کرد و لە شەری ڕاگویزاندا دوشدامانی ئەتەوەکەی بینی

هەسوو ئەمانە و کوشتنی دەزگیرانەکەی بوونە هوی قولبوونەوەی هوشیاری و هاندەریکی گرداروچەکی شەرمەیان کردە شانی و خستیانە نەزی پیش مەرگایەتیەوە .

* * *

رۆژگیان (خولە) پالەوانی چیرۆکەکە لەگەل دەستەیەك پیشمەرگە دا دێتەوە گوندەکەی خۆیان . کە دەچێتە سەرکانییەکە و دەبینێت خەریکە کوێر دەبێتەوە دەری دەداو پائی دەکاتەوە . کاتێك چاوی بە مەرویەکی سنوور دەکەوێت بەکسەر ئەو ملوانکە شیلانەیەی بە بیر دێتەوە کە کاتی خۆی بە دیاری بۆ شەیلەی کریبوو .

خوشەویستی شەیلە و بیرەوەرییەکانی دلداری و جێ ژوانەکانیان کە ئیستا ویران کراوە و ئاوەدانی رابووردوی گوندەکە و کاولبوونی کەسەروی خولە لەکەشکەلانی ئاسمانەوە بەردەدەنەوە خوارەوە دنیای لە بیش تاریك دەبێ و ... پاش ماوەیەك کە دێتەوە سەرخۆی و بە دەنگیکی لە سەرخۆ و بڕ بەزارەوە ئەڵێت :

(ــ عالەمان لێرە بوو ... ئەو رۆژەی ئەم دێیە سوتێنرا . لە گەڵ شەهید ئاشتی و هاوڕی جوتیاردا بەر تەوقە دەوەنەی کەوە و بەرەوە بووین . بەم چارانەی خوم چاوم لێ بوو شەیلەوە و دایکی و باوکیان کوشت ... بەم دەستانەی خوم ئاشتمن) .

* * *

هەمان دەستە پیشمەرگە بڕ ڕاپەراندنی کارێکی شۆڕشگێرانە دەچنە ناو شار :

(ــ بە شاخی گوێزەدا گەڕان . شوێن پێی هەشت مرۆڤیان لە سەر بەفرەکە بەجێ هێشت) .

کە ئەگەنە ناو شارکاریان بە مانێك ئەبێت بە هەڵە لە دەرگای مالێکی تر دەدەن :

(ــ کێیە ؟ ــ خومانین ! ــ خوتان کین !؟ ــ پیشمەرگەیەن !)

سۆ ... چ ... چون ؟ ـ لال مەبە بیکەرەوە . ـ بە خـوا سـەیلی لە دایم ئەدەن ، عالم وردە ، هەسـوو دنیـا سـەیلخـورە ( ) .

فەرماندەی دەستەکە پاش تۆزێك لێ وردبوونەوە بە رقەوە سەیری کابرا دەکات :
(ـ ئەم ترسە چیریە بە گیانتا چوتە خواری) .
کاکە نالە لێرەدا لایەنێکی واقیعی پاش شکستی هیتلەرەکەی (١٩٧٥) و راگویزانیان بۆ ڕووسیا دەگاتەوە . لایەنی ترسۆ وڕە بەردان . لایەنی تەبیعی و ڕەشبینی .
(شەش مانگی تیایان بەجێ هێشت لە پر دەرگایەك بە ناستم کرایەوە ، دەنگێك لە تاریکییەوە ئەماتە دەرەوە :
ـ وەرنە ژوورەوە ؟ ـ ئەرویـن ... بۆسەنیە ؟ ـ نە ، ... نە ، ئاسمان پاکـە ( ) .

بەڵام لێرەدا لایەنێکی تری واقیعی خەڵکی کوردستان ئەخاتـە ڕوو لایەنی وڕە بەرزی و خۆراگرتن و خۆئامادە کردن بـۆ بەرەنگـاربوونەوەی فاشیزم ، لایەنی شۆڕش و بەهوشەندی نیوان پەڵە پێشمەرگەکانی کوردسـتان و ڕێکخراوەکـانی ناو شار .

دەنگوباسی تەواو لە مالێکە وەر ئەگرن و سـەرکەوتوانە زەبرێکی جەرگ بڕانە لە(دوو بەگایی سیخور) دەوشێنن ، خوڵە بڕیندار دەبێت ،بڕێنێکی کوشندە ، کە لە شوێنی شەرەکە دەکشێنەوە بە هاوڕێکانی دەڵێت :
(ـ بە جەم بەهێلن ... من تەواو ... مەخزەنەکانیشم لێ بکەنە وە . نارنـجۆکێکم بەسـە) .
شەیلە هەڵێ بۆ بە خوڵەی ئەووت :
(ـ چاوم ماچ مەکە . ! ـ بۆ ؟ ـ بەوەنە بەیەك ناگەین) .
بەڵام خوڵە بە شەهید بوونی ، لە بیناوی خۆشەویستیەکی مەزنتـردا ، لە بیناوی کوردستانی خۆیناوی ، وڵاتی ئاوارەکاندا وەفای خـۆی بـۆ شەیلە سەلماند و پەك گەیشتن .

ئیمرۆ ده‌بوایه نووسەر کۆتایی به چیرۆکەکه بهێنایه ، چونکه به شەهید بوونی خوله له بنی مندالەکەوه ، هەر لەشیلد قالبی خۆی گرت کەچی کاکه ناله وەك پلەی حیکایەت بگێڕبنەوه ، سەرله نوێ سەرهەلده‌داتەوه

(ـ خولەش جەنی لەکرد شارەکەی گورمانیی سوربیت ، دەستی شەملەی تیا بگیرێت . . . خولەش ئاسمانی وولاتەکەی خۆیه بەلام فرۆکەی فاشستەکان ناپەلیت بالدارمکان تیا بفڕێت ، خولەش وەکو تو بە شەوانیك و کراسێکەوه ئەسوڕایەوه بەسەلام داگیر کەران تفەنگیك و مەشت مەخزەن و فەشەنگ و مەسارە بەئیان دایە دەستی) ، وەك پلەی پێشتر باسی ڕاگوێزان و کردەوه و ڕەفتاری فاشیەکانی نەکردبێ ، بان لە ناوەڕۆکی چیرۆکەکەیدا نەبوو بۆ خوێنەر ئاشکرا نەبێ بێ پالی بە خولە وه تا بێی بە چەشەرگە .

کاکه ناله لەو هەلسەنگاندن و شیکردنه‌وه‌یه گومانه‌که لەکۆتایی چیرۆکەکەیدا نووسیویه ، نەوەك خوێنەر تێنەگا ، بۆیه بەنای بردوته بەر شیعر تا ناوەڕۆکی چیرۆکەکه بە خوێنەر ڕابگەیەنێ :

(ـ قوتابخانەی چەوسانەوه ، پیری کوێی توانەوه
هەڵ و بازی تەسنوکی پوکابەوه نەوی چوکس ،

پەرداخێك که دارمالی ئاو کرا زیاتری تێکەی لێی دەرژی ، بەرهەمی ئەدەبی و هەر نووسینیکی تریش بە هەمان جۆر قالبی خۆی هەیە ، بەڵام دیارە زیادە نووسی وەك ئاوەکه زەوی قوتی نادا ، ئاشکرایە لەسەر باسکردنی شتی گەورەوه (شتی بچووك لە یەکا لابوونەوه بۆ سەر هەلدانەوه و جارێکیتر گەڕانەوەی ئەو شتانەی قالبی خۆیان گرتووه سەر لە خوێنەر تێك ئەدات ، وانا هەمان نەخوشی نووسەرەکه تووشی خوێنەر بێ دەبێ ئەگەر ووریا نەبێت .

گۆرەکان

گۆرە بچووکەکانیش لە بەر دەم هیلانەکەیان‌دا بە دەم چاوەروانی دایک و باوکیانەوە کە چۆنە خواردەمەنیان بۆ بینن دەست دەکەن بە جیکە جیک . خاوەنی پلە گەنمەکەی تەنیشتیان دێت و داهولێک دەچەقێنێ ، بچووکان لە ترسانا خۆیان دەکوتنە ناو هیلانەکە .

دایک و باوکیان کە دێنەوە ، لە دوورەوە داهولەکە دەبینن تر بالیان شەکەت دەدا پاش لێ وەرد بوونەوە و سوورانەوە بە دەوری دایکانەکەیان گور دەبەستێنەوە و هەلدەکوتێتە سەر داهولەکە و باوکەکەشیان بە دوای دا .

واتا بەری سەرەکی جیبوونەکە دوو لایەن پێك دێنێت خوشەویستی دایك و باوك بۆ جگەر گوشەکانیان لایەك و لە لایەکی تریشەوە هەندی جار مرۆڤ تووشی ترس دەبێت لەگەر نەختێ لێی وەرد بێنەوە نەك هەر ترسەکە بەڵکو ئەو شتەیش بوونە هۆی بوونە هۆی پەیدابوونی وەك ئەو داهولە وایە .

بە رای من نەدەبوو کاك هەژار بەو شێوە ساکارە باسی داهوڵ بکات وەك هەیە ، چونکە ئەوە هیچ شتێك ناداتە دەستی مندالەوە و وایشی لێ ناکات لە گەل مەسەلەکە دا بکەوێتە زۆرانبازی و پاشان دوزینەوە و کەشفێن وە شتێکی گەورەتر . دەبوایە کاك هەژار باسی مەسەلەیەکی سیاسی - کۆمەلایەتی بکردایە و ئەو کاتەدا دەیتوانی داهولەکەی بو نموونە ببینایەتەوە ، کە تانك و فڕۆکەکانی دوژمن لە بەردەم هێزێکی پۆلایی یەکگرتوو دا ، وەك ئەو داهولەن . مثالی لادێی ، یان ئەوانەی لە زیانی لادێی بیەوە نزیکن و دەزانن داهول چی‌یە هیچ جێگەیەك لە جیبوونەکە وەر ناگرن و بەڵکو بێ‌ی تووڕە دەبن .

■ پێشەڕگەیەکی بچکولانە .

سپارده‌ منالی شه‌هید یکه‌ ،له‌ قوتابخانه‌دا کوری قاله‌ جاش پێی دهڵێت :

(ـ تو باوکت نیه‌ ، باوکت توپسیوه‌) ٠

که‌ دڵگه‌ڕیته‌وه‌ بو مال دنیایه‌کی پرسیار له‌گه‌ل خوی دا بو دایکی ده‌باته‌وه‌ به‌گریان خوی ده‌کاوه‌ ماڵا ، دایکی هه‌ول ده‌دات ، زه‌ری کاته‌وه‌ و له‌و پرسیاره‌ مه‌زنانه‌ی دوور خاته‌وه‌ که‌ له‌ میشکی دا بێنگیان خواردوته‌وه‌ ٠٠٠٠ بڵام مه‌حاله‌ ٠

(ـ دایه‌گیان باشه‌ باوکم چۆڵی هات ٠٠٠ ـ باوکت شه‌هید بوو ـ بو شه‌هید بوو ـ چونکه‌ بیشمه‌رگه‌ بوو ٠٠٠ ئه‌گه‌ر بیشمه‌رگه‌ نه‌بوایه‌ هه‌ر شه‌هید ده‌بوو) تاد ٠

ئه‌و پرسیارانه‌ ئه‌ك هه‌ر منداڵی شه‌هید بڵکو هه‌موو منداڵێك ده‌خاته‌ بیر کردنه‌وه‌ و گه‌یان به‌ ده‌ره‌ی شتی گه‌وره‌ داو وه‌ك سپارده‌ هیوای ئه‌وه‌ بخوازیت زوو گه‌وره‌ بیت تا ببیته‌ بیشمه‌رگه‌ ٠

(ـ سپارده‌ گیان مه‌گری با گه‌وره‌ بیت ئه‌وسا هه‌موو شتێك ده‌زانیت)
(ـ دترخوا دایه‌گیان با زوو گه‌وره‌ بم) ٠

نووسه‌ر زۆرجار جیوار و پرسیارگانی خستوته‌ روو ٠ پرسیارگان هی منالن ، پرسیاری ساکار و قوڵن ، بڵام خۆزگه‌ جیروکه‌که‌ نه‌ختێك چر تر بوایه‌ ٠بو نوونه‌ که‌ ده‌ڵیت (سپارده‌ گیان ، کوریه‌ شیرینه‌کم ، له‌ به‌رت مرم ، مه‌گری ، مه‌گری و چیتر دڵم تەنگ مه‌که‌ ٠٠٠با به‌خێر گه‌وره‌ بیست ئه‌وسا هه‌موو شتێك ده‌زانیت) ٠

له‌ کاتێکدا ده‌یتوانی خوی له‌و دۆخه‌ بپه‌ڕێنێ و ببه‌ سپارده‌ گیان با به‌خێر گه‌وره‌ بیت ٠٠٠ تاد) کۆتایی پێ بهێنایه‌ ، چونکه‌ ئه‌و جۆره‌ ووشه‌ ڕیزکردنه‌ زیاده‌مه‌ ، یاریه‌تی منداڵ تادات بو فێربوونی قوڵ روانین و خێرا تێگه‌یشتن ، بڵکو به‌ بیچوانه‌وه‌ به‌ره‌و گیلی و حه‌پڵوسی ده‌یبا ٠

قوتابخانەکەمان چی بەسەر هات ٠

ناوەروکی چیروکەکە لەوە دا خربوتەوە منداڵێك بیرەوەریەکانی خوی دەربارەی جوانی سروشتی گوندەکەیان و کردنەوەی قوتابخانە و سوونداندنی دێیەکەیان دەگێڕێتەوە ٠ نووسەر لە تەکنیك و دارشتنەکە دا کاریکی وای کردوە نەك هەر منداڵ ، بەڵکو سەر لە خوێنەری گەورەیش تێك دەدات ، چیروکەکەی خستوتە قاڵبێکی خلیچك و خاوی واوە ئەگەر کاکە باس بەخوی چەند جارێکی تر بیخوێنیتەوە و رەچاوی شێوەی نووسینی ئەدەبی منداڵان بکات و قاڵبی چیروکەکەی مەحەکەم بکات ، لەو بڕوایەدام دەیان ووشەی بەم لاو بەوڵا دا دەکەونە خوارەوە و ئەوسا بەری جوانی چیروکەکە لە روخساریکی خنجیلانە دا دێتە مەیدان ٠

* * *

نووسەر ماموستایەکی هەڵبژاردوە بو قوتابخانەی گوندەکە لە و هەزاران ماموستایەی کە ژیانی خویان تێکەڵ تێکوشانی گەلەکەیان دەکەن ، ماموستایەکی نەتەوە پەرستی بیشکەوتنخواز :

(ــ ماموستا کەمان ، بەیەك چاو و یەك زمان لە گەڵ هەموان خوی ماندو دەکرد ، جار جارە چیروکی خوش و ژیانی کوردەواریی بو دەگێڕاینەوە ــ بەیانیان سروودی (ئازادی خوایــن) و (ئەی رەقیب) و (شەهیدان) ی بە منداڵان خویندوتەوە) ٠

نووسەر لە هەڵبژاردنی ماموستاکە دا زور سەرکەوتوە ، ئاشکرایشە تا ئەم ساڵانەی دواییە زوربەی زوری ئەو ماموستایانەی لە ئاموژگا و خانەی ماموستایان دەردەچون ، کورە هەژار و زەحمەتکیش بوونە و لە خەڵکی رەنجکێشی لادێیەوە نزیك بوونە ، بە بیچمەوانەی دەرچوانی کولیجەوە کە خویندنی زانکو بە زوری بو ئەو کەسانە دەڵوا کە لە خیزانی بورژوا و مام ناوەندین ٠

دیاره ئەو ماموستایانه‌ی که به‌رژەوەندی خویان ده‌خەنه ژیر به‌رژەوەندی گەلەکەیانەوە و تێکەل به کاری سیاسی و خزمەت کردنی نەتەوەکەیان دەبن هەمیشە خەڵکی ڕبزیان لی دەگرن ، ئەوە تا گرتنی ماموستاکە لە لایەن ڕژێمەوە !

(ـ خەم و بەژارەیەکی یەکجار زۆری لە دڵی خەڵکەکە دا دروست کردووە) .

قسە شۆرشگێڕیەکانی ماموستاکە زۆر لە سەرە نیزە و توپ و ئاگری دوژمن بە هێزترە ، کاتێ گوندەکە ڕیزان دەگرێ و دەسووتێنرێت (مەمو) بە باوکی دەڵێت :

(ـ بەڵام باوکە دڵنیا بە ماموستاکەمان دەیگوت هەرچەند دار و باری ئەم کوردستانە جوانە ئاگر نیبەر دەن سوودی نیبە ، چونکە ئەم خاکە هەوارگەی داری سەوز و جوانە ، کە زستانێکی دێکە دابێتەوە دارەکان سەرلەنوێ دەرویندەوە) .

کاکە باس لە چیرۆکەکە دا کەونوتە (غەفڵەتێکی) زۆر سەیرەوە لە دێڕی شەشەمدا مەمو دەڵێت :

(ـ دایکە کلوڵەکەم هەموو ڕۆژی لەگەڵ زەردەی هەموو بەیانی ، لە شیرین خەو ڕای دەپەراندم وەک بەلوتکەی کاروان لە کۆڵی خۆی دەکردم) .

لە دێڕی پانزەهەمدا دەڵێت :

(ـ ئیواران ، کە بەرەو ماڵ دەگەڕاینەوە بە سواری حەجە سوور بە هەمیزی باوکەوە بووم ، تا ڕۆژێکیان لە کوتایی بەرهەم کۆکردنەوە دابوو باوکم بە گوێی دا چرپاندم :

ـ لەم ڕۆژانە دا لە دێیەکەمان تۆتابخانە دروست دەکەن ئیستر تۆش تۆتابێیەکی ئەم تۆتابخانەیە دەبیت) .

لە دێڕی هەژدەهەمدا دەڵێت :

(ـ ئەو دەمە مەمو تەمەنی گەیشتبووە حەوت ساڵان)

هەموو ئەو فسە و باسانەی زبانی مەرد لە چیرۆکەکەدا هاتووە ، لە و
رۆژەوە کە دایکی لە کولی دەنا و ئیوارەن بە سواری حەجە سوور دەگەرایەوە
تا کردنەوەی قوتابخانەکە ، هەموی لە ماوەی چەند ماتگیکدایە لە دەور و
بەری بەرهەم کوکردنەوەی سالیکدایە وەك لە چیرۆکەکەدا هاتووە و نووسەر
هەموی بە رۆژیکیان فسە دەکات ، کەچی لە پیکدا مەرد لە کولی دایکیەوە
دەکا بە (٧) سالان و شوناسنامەی بۆ دەردەکا دەیباتە بەر خوێندن و
سروودی پی دەرخەدەکا ، ئاشکرایە منالی (٧) سالان لە لادی دا نسەك
لە کول نانری ، بەلکو خوێنی رازی نابی و (ماشالای) بە سەردا دەخوێندری
گرایە بونە بیاو ، لە هەندی حالەتیشدا دەبینە شوان و ساوالەوان .

جۆری تەبیعی گشتی

ئەوەی واهەست دەکا نووسین بۆ منال ، لە نووسینی ئاسایی ئاسانتره زور
هەلەیە ، منداڵ (خەیاڵ) ەو نووسەری منالانیش دەبیت لە دەونیاندا
هەلس و کەوت بکات و گەورەیەکی (خەیاڵ) یش بی ، لە نووسینەکانیاندا ورد و
تەولیین بن خوێنان لەشیکردنەوە و ئاراستەکردن و سەرزەنشت دوور خەسە
نەوە . لە بەرهەمی منالاندا دەبیت کلیلی مەسەلەکە بدرێتە دەستیانەوە و
وانیر بکرین خوێنان بە هەوراز و نشیوەکانیا سەر بکەون و بۆ گەشتە گەورەکان
بگەرین ، وانا بۆ رۆژە بوونەوەی دیاردەکان نیری زۆرانبازی و
هەلسوکەوتی زیرەکانە بکرین ، کەمتر لەسەر زیرەکی نووسەر دەوەستی
چون بەرهەمەکەی بخاتە منالدانی بارودۆخی واوە .

بۆ نموونە لە بەرهەمیکدا دەوتری کابرا دەستبەکەی هەلگیرا و کابرای
نری دایە بەر دەست ریژ ، دەبیت نووسەر کوتایی پی بهینی ، یا منالەکە
خۆی بگا بەو راستییەی بۆچی کار لە کار ترازا و گەیشتە دەستبەراکیشان ،
ئایا نەدەکرا ئەو مەسەلەیە بە شیوەیەکی تر چارەسەر بکرێت ، بەلام ئەگەر
باسی خوێن بەربوون و ئەمبولانس بکرێت ، نەك خوێنەری منال لە

وردەکاری دوور دەخاتەوە ، بەڵکو بەرەو گیلی و حەپوڵی و زڵبینی مـلـی پـسـی دەنـی .

٢ــ هەر چوار چیرۆکەکە لە ڕووی هونەرییەوە زۆر لاوازن و لە هەندێ حاڵەت ، دەتوانم بڵێم مەرجی چیرۆک نووسینیان زۆر کەم پێوەیە و زیاتر لە ڕاپـۆرتـ دەچن ، لە هەموو زیاتر لەتۆ تابخانەکەمان چی بەسەر هات) .

٢ــ ئەو باسە فیکرییانەی بۆ (شیلانە ، پیشەمەرگەیەکی بچکۆلانە ، قوتابخانەکەمـان چی ... تاد) شتی باشن و بە ئەدەبی پیشەمەرگایەتی لە قەڵەم دەدرێـن ، هیوا دارم هەموو نووسەران ڕووبکەنە ئەم بابەتە نووسینانە ، تا ئەو کەلێنـە ڕاستە قینەیەی هەیە پڕبکرێتەوە ، ئەم تێبینییەمیش زیاتر ئەو نووسـەرانـە دەگرێتەوە کە لە ڕیزی پیشمەرگایەتی دان و زیاتر تێکەڵ ژان و ئازارەکانـی ئەم قوناغە و ڕێرەوە سیاسییەکەی بوونە و هەڵسوڕکەوتی ڕۆژانەی لە گـەڵ دەکـەن .

هەڵوێستەی کتێب

رونا کبیر
لە سەر هونەر و هونەرمەندی کارەساتی



■ سیامەند مامیرە

گومان کاتی ئەبی بە کەم باوەری و... soepticisni

بیر و باوەری نەریتی کون و پیش داوەری یەکان . لە بەرانبەر توکمەن بوونی بیر و رای دیکارتدا نەزوک ئەبن . ئەم فاکتانە بیر و رایە لە رووخانی بناخەی بیر و باوەری کون و رەت کراوە لەبی ناوەستی : دیکارت بە هەنگاوێکی دڵنیاوە بەرەو راستەقینەی نوێ کە بە هەوی خوێوە بەدی دێن بەرەو پێشەوە ئەڕوا . ئەو تیدە فکری و بەدی دێنی . بناخەی زانستێک دادەمەزرێنی کە ئێمە بەسەر سروشتدا زاڵ و فەرمانڕەوا دەکا . ئەو لەوەی بەرگری کردوە یەکا بە بەر بیر و رای خوێدا و لە جووت کردنیان لەگەڵ راستەقینە ترسێکی نیە . شێوازی مانە ماتیک و میکانیکی ئەو ڕێگەی بازدانێکی بێ بینە و بەرە بە پێشکەوتنی تەکنیک ئەدا ئێمە بەرەو پێش چوونەی تەکنیک وەک گومانەکەی هاواری ملکداران و رووناکبیرانی لایەنگری ئێمە چینە بەرز دەکاتەوە . ئەو مەلایانەی کە دوێنی گالیلۆیان ئەشکەنجە کرد بوو دیکارت بە کافر دادەنین و خوێنەر نی

فیرکارییەکانی دیکارتی (Cartesien) لە زانستگەی سوربون قەدەغە دەکەن .

بەلام پیشکەوتنی تەکنیکی و شیوازی بسی پەروای دیکارت لە لایەکی کەوە لەگەل پیشوازی بر شۆری چینی لادی پیشکەوتنخواز راتە چینی بازرگان رووبەرووبونەوە . پیشکەوتنی زانست تکنیک وەپەیدا بوونی ماشین نە تەنیا بە زیانی بازرگانی نی یە . بەلکو سەرچاوەی دەولەمەند بوونە بە باوەر و وزەی ئەو دەژمێردرێ . لە سەردەمی دواپیدا نوێبراوەی خاوەن بیرانبی ئەم چینە " گوندەرلیسەکان " ١ " دیسەرو کان " ٢ " و دانەرانی بازنەی زانستییەش وەك سروودی سەرکەوتنی زانست و پیشکەوتنی " ماشینزم " تازە پاگرتوو وەر دەگیڕی .

دوای سەدەیەك هەر ئەم چینە ئیتر پور و پە نووکاوە وە لە چاوسەرکردنی ئەو کێشانەی کە ماشینیزم بو مروڤی بەدی هیناوە لی نەهاتوو بی وازە : تکنیکی نوێ رولەی زانستی نوێی بەئاهەنگێکی گەشەکردنی سەد جار بە پەلەتر لە پێش کەوتووەتە دەس مشتی مشە خور و سەر بار کە لە دابەشبونی سامانی دەسکەوتوور رادەمێنن . تکنیك لە بری مەزنایەتی بو مروڤ ی روژە رەش بە بار دێنن بیاوی سیاسی و پیتوانی ئەم چینە دیکارت و دیدەرو رەت دەکەنەوە : ژوزوف کابو " ٣ " ئەیەوی "پرۆمەی زانست زنجیر کا " . وە برگسون " ٤ " تەغرەت لە توانای میکانیکی دەکا بروانێ " ٥ " لە " شکستی زانست " قسە دەکا . لە هەردوا بیر ئیتر جیگەیەك بو لیکولینەوە و جووت کردنی خوی لەگەل کردەوە نادوزیتەوە . ج پسەم هویەوە نا ریك و پیکی زال و داسپا و بنا — خەی هەلدەتەکی و دەزووخی .

ترس هین ئەوەیە کە " تراست " هکلسان داهینراوی ئەندازیارانی کریوە و لە کار هیناتی بەرگری دەکا ئەم پیشکەوتنانە قەیرانی زیدە بەرهەم پتر دەکەن . و ئەمە بو روناکبیران ترس هینە کە بەچی سەودا گەری دارزو ناتوانی لەگەل بوونی ئەوان بسازی : ئاوینەی راست بیژ بە شایەتیکی ملوزم ئەژمێردرێ بناخەی ئەم بیچمە سست و پەرتووکاوە جگە لە پەرش و بلاوبونەوەی ریگەی دەربازبونیکی نەماوە . لەم کاتەدا روناکبیر دلنیا ئەکەن کە دەسەلاتداریتی ئەو لەم جیهانەدا نی یە و لە گرتوخانەیەکی پر لە وینەی رووتکەرەدا زیندانی دەکەن . روناکبیر لەم زیندانەدا لەم بۆشایی میگر مەیدا وزەی خوی لە دەس دەدا . بیر و بروای راستەقینە پیویستی بەوە هەیە کە لەگەل بەر هەلستی دا روو بە روو بی و بە سەریاندا زال بی تا باشتر لە گوران و تال و گوڕتی بگات : تەنیا کانی بە هیزە کە لە راست بوونی خوی دلنیا بی . لە کاتیکدا لە بیچمی سەودا گەری روناکبیر لە بیرکردنەوە و تیبینیەکانی دوور دەکەنەوە لەو کاتەدا کە روناکبیر بەم چەشنە لە رەگی ئەدری بە شیوەیەکی پر مەترسی تووشی گومان ئەبی .

بیچمی پەرتووکاو بە هەلاویشتنی رووناکبیر

لە جیهان گیانلەبەریکی دیکەی لی دروست دەکا . بەم شیوەیە ئەو لەمزوقانی ترموە بە وتەی هیدیە لە "خاکی نان خوران" جیا دەبیتەوە . ئەمە دووهەم دراسی رووناك بیرە ئەو نە تەنیا لە جیهان بەلکو لە موقانی تریش جیابووتەوە . لە دوای گومان تەنیابی رووناك بیر مەسەلەیەکی تری هینا کەلەم پیچە سەر چاوە دەگری . هونەرمەند لە هەموان زیاتر لەم وتەق کەوتن و جیابی یە رەنج دەبا . بەوجۆرەی کە تولستوی بە دروستی پاسی دەکا . هونەر یەك زمانە . زمانی هەستیاری بەس ئەم زمانە پیویستی بە پیوەندی هونەرمەند لە گەل دەور و بەری هەیە . هەر ئەم پیوەندە هوی بوونی هونەرمەند دەژمیردری . کە لە پووری گەورەی پروانا کە سەرچاوەی فەرهەنگی رۆژئاوا ئەژمیردرین بەدی هینانی رووتکارو گوشە نشینی و جیاکەوتنەوە و دوور ی لە جەماوەر نەبووە . ئەوانە کەلەپووری هەرەوەزی بوون کە تیگەیشتن و داهینانی جەماوەریان پاس کردوە . تەورات ئیلیاد ئودیسە ! سروتی رولان "؟" سەربەسەر کەلەپووری گەلیکن هونراوەی پالەوانی هومری هونەرانی سەدەکانی ناوەنجی کە بە زمانی تایبەتی خویان هەلبەستیان ئەهونیەوە و پەیام هینەران و ئەوانی تر هەموو راگەیەنەری پەژارە و رق . خەفەت و شادی تەواوی گەلان بوون و بە سەرکەوتنەکان و شەرەکان و ئیمانی ئەواندا هەلیان گوتوە . وتاری ئەم خاوەن پیرانە سونگە ی هاندەر و چالاکی هەزاران و ملیونان مروڤی ئەژمیردرا . وەها هەلو مەرجیکی لە بار بو هونەرمەند لە سەردەمی مەدنی بیچمی سەوداگەری دا نیە . لەمبیچمەدا جوانیش وەك هەر چەشنە کاری ئینسانی وەك کالای لی هاتووە . لەم رووەوە شوینەواری هوسەری بایی و پایەخی خوی نە لە دەستی هونەرمەندا بەلکو لە بازرگانان دا دەبینیتەوە . بازرگان دەبی سەرنجی نیازی کریارەکەی بات کریار لە کام دەستەیە ؟ کەسی کە ئەتوانی نرخی کاری هونەرمەند بدات واتە ئەو کەسانە ی کە لە تویژی بچوکی مشەخور و زیانە خوری کۆمەلن و دەبی رەنجی خەلکی تو بە ساماڵ و مال و دارایی خویان زیاد ئەکەن . چالاکی کۆمەلایەتی ئەم هونەر مەندە تەنیا بریتی یە

لە پیکهینانی کەرەسەی رابواردنی ئەم ئولیگاریشی یە لادەرە . وە لە دەوری لە بەرامبەر ئەم تویژەدا وەك دەوری قەشمەر ی وایە لە نیشتگەی دەسەلاتدارانی کون وئیمرۆ .

بەم جورە هونەرمەند بو دابەرکاندنی وازی عشقینی شتی مشەخور ناچارە کە کرنوشیان بو ببا لە ئاکامدا ناتوانی خو راگربی . چ دیوانە وینەگەری هەستیار کە بە پیوەری لە خوار و ژوور کردنی بەرسی بازاری تابلوی نقاشی لە ریالیزمی ساح و ساکار رووبان وەرگیرا و رووبان کردە ئازارەگە ری

ئەم پرسیارەیە ، وە پاشان گوتبێم و لە دوایی دا خۆیان ماوێنە دنیای لە ناوەر ، راستی بەدەر . ئەوان بۆ روشنی کردنەوەی هونەری خۆیان لە هیچ تیکۆشانێک ڕانەماون و ڕانامێنن بیچمی جۆراوجۆر ڕەوتی سروشتی هونەرمەند دەگۆڕی و بەرە و تاریکی چەند و چۆن بێرکردنەوە و پلاو خوازی ڕادەکێشی . بەم جۆرە هونەری ئەو لە هەستی دا هێنەرانەی دەرونی خۆی پێوەری ناکات بەڵکو زیاتر مەل کەچی پێشکەش و داخوندە . خراپتر ئەوەی کە بۆ تۆیژی مشەخۆر ئەزمون لە سروشتی نەریت بە دەر زۆر زیاتر نرخ و مەزنایەتی و بایەخی هەیە لێرەوەیە کە خوڕوشی هونەرمەند پێ دەگرێ . پەیکەری سێبر و سمێڵە دەڤارەمانانی ڕومانی دژوێن ئاژاوەگێڕ و شێتانە هونراوە بە شێوەی شێرەنجەیسی فەرهەنگی نەتەوایەتی ئێمەکاڵا و کۆنە وە دادەنێین ئەو وتەی ڕەمبۆ " کردبۆوە بە دروشمی خۆی ((لە ئەنجامدا لە وە تێگەیشتووم کە شێوازی ڕوم و ڕەوانم ڕی پێ شاندەری من بووە)) .

هونەرمەند کە شوێنەوارەکەی لە هەر چەشنە بنەمایەکی ئۆڵی بە تاڵە دنیای تەبا و دژمن پەروەری خۆی ڕوو وەر دەگێڕی چون لەو دنیایە دەرکراوە و ڕەنج کێشراوە . ئەو دەخزێتە دنیای دژەی سازکردنی خۆی بە هیچ کلوجێک ئارام و ستار ناگری . بەگەر لە هەندی خەملاندن و ڕازاندنەوە دا کە لە شێوازەکەیاندا خۆی دەنوێنی . سان سیمون پەنای لە نارەزایی گومانی فیرانسی لە بە لاریدا چوونی هونەری وەهای دەکا ((بۆیە کە هەڵبەست تەنگەر و نوێ بێ بەڵام گەشەی ڕازاندنەوەی هونەرا وە دژیەی پەیدا کرد)) ڕازاندنەوە و پەردەی شتی سووک ئاکامی لادانە لە دوای پشکۆتنی پەنجەڵی لە یونان لە سەدەی پێنجەم چوارەدا سەردەمی هیلنی لە ئەسکەندەریەوە دەس پێدەکا و بە دوای ئەوا خوڵی گەشەی ڕومانتیسی دێتە پێشی گوتبێک لە دەروێش کلاسی سیمم چی دەگێڕێتەوە . هونەرمەند پەر لەوەی لە خوی بپرسی دەبەوی چی بڵێت ئەم پرسیارەی بۆ دێتە پێش کە چونی بڵێت وە هەرچەند شێوەی زیاتر بۆ وتن پەیدا بکات قەدکانی زووتر کۆتایی پان پێ دێ و بەچەند تیادەچێ و حەل دەبێ . بۆ سوورییالیستەکانی ئێمە کەسم کەردە نێ یە بەڵکو بەڵکو ئامانج و ئاکامە . لوبی ئاراگون " پێناسەی سوورییالیزم بەم جۆرە دەنووسی ((ئەم هەزمەی یە کە ناوی سوورییالیزمە بوونی یە لە کەڵک وەرگرتنی سەر سوورهێنەر نا میزان و لە ڕووی ئەمەکداری یەوە لە کەسم جیایی لە واقیع پشت کەردن لە زینی واقیعی . دەها هونەریک بەراستی لە ڕێگ ڕیشەوە کۆنە پەرستانەیە تەنیا ڕاستی ئەم شێوازە لە دەوری کۆسپ بوونی ئەوا کوردەکوێرە . ئەم هونەرە ڕەنیاکی جەماوەرە)) باسکردنی شۆڕش

لە ئامیزی هونەری دا" و" شۆرش لـــــە قالبەکاندا" هیچ نی یە مەگەر کایە کردن بە ووشەی دزیو و دزوین . هەروەها کە شۆرشـی نەتەوایەتی سەرکەوتی ـ دژی فاشیستەکـان پوچ و گالتەپی یە . لە سەرەتادا بـــــە دی هینانی هونەریکی نوی بە بی گـوراتـی بە دەستی مرۆق لە بیر بردنەوە یا لەبـەر چاو نەگرتنی ماك و گەوهەری هونەرە دوسـت وەکو داخوازی گورانی کۆمەل بە بی دەسـت لیدانی بنچینەیی ئابووری و کۆمەلایەتی کـــە ئەوارەی ئەو کۆمەلە دەگریتەوە

هونەر وەند جگەلە ریگەی یەیوەندی لـە گەل جەماوەر و دەست کیشانەوە لەو خوفروشـی کە ئولیگاریشی لادەر ناچار یمرکـــارەی کردووە و دەریاز بوون لە تەنیایی ناتوانـی هونەریکی راستە قینە بەدی بهینیت لـــە سەرەتای رەخنەیەکە لە کارەکانی بیکاسو دا هاتووە ((تابلۆی وینەگەریك کە لە تەنیایی تەواو دا دەزی لە چی دەچی ؟ تابلـــۆی بیکاسو دروست وەلامی ئەو پرسیارەیە . ئەگەر تەگەر هونەری بیکاسو وەهایە ئیمـە ئاواتـە خوازین کە ئەو بوونەوەزینەی راستەقینـەی گەلی وور لە ئیمە بکات . ئیمە چاوەروانـی گورانی ریبازی بیکاسومان هەیە هەروەهـا کە ئاراگون لە لادان رووی وەرگیـــــرا . کارەساتی هونەری ئەمرو لیرەوە دەسپیدەکـا کە هونەرمەند هونەری خوی لەسەر هیلانەی مرۆق دانامەزرینی . هونەرمەند پیویستی بە جەماوەر هەروەها کە دەرەخت نیازی بەخاك هەیە تا بژیو و گەشە و هەلداتی خوی پـــی دابیـن بکات .

داستایفسکی ئەم کارەساتەی بـــــە وردی هەست پی کردبوو بەلام خراپـــــی دەربری ئەو یاداشتەکانی خوی وور لـــە نووسەرانی نارودینك وەها نووسیوە ((تەوای هەولی ئیوە بۆ گورانی خوتان بەکریکـا ری ساکار کالتەیەك زیاتر نی یە ئیوەزور ئالزکاوتر لەوەن کە بین بە سووژیك . تەنیا ئەوکەسانەی کە ئامانجیان لە بەین بردنی ناسین بووە ـ وەك هیتلەر وریناپان کردووە . هیتلـــەر لە وتاری خوی لە نوورمبرك لە سالی ۱۹۳۶ ((لە سەر فەرهەنگەوە)) وەها وەها دەلی " فەرهەنگ کەلە بووری پیاوانی گەورە و تەنیایە و سەرکەوتنی جەماوەر بو ناسینی روح واتایەـ کـی جگەلە تیا بوونی نی یە)) لە رژیمـی فاشیتی دا هونەرمەند هیچ نی یە مەگـەر موفیکی تەنیا وکەرەسەیەك بو بانگ شـــە و بانگەواز کردن .

ئوسوالد شینگلیر ۱۲ ـ پەیوری رژیمی هیتلەری (دا هینانی خەلوەکیشانە) وەکـــو هەلویەکی پیشان ئەدا کە لە سەر زەردیـــــك نیشتوەتەوە . روونا کبیری فاشیست ئەگـــەر بیەوی لە تەنیایی بیتە دەر تاقە ری یەکـــی هەیە و ئەویش ئەوەی کە زمانی بانگەشـــــە ی وریناکانی ئەوان بیت واتا جەللاد وەکـــو

فرینتە پیشان بدا و جەماوەربو کویلەتی هان بدا . .

روونا بیری فاشست رووەروی جەماوەر تەنیا تر لەو کاتەیە کە لە هەوڵی کاری خۆی خنزیوە. چون جەماوەر لە روانگەی تەوڵا جگەلە کۆمەڵی " شەڵ " شتێکی کە نی یە و ئەرکی ئەو بە پێی فەرمانی ئەرباب خراپ کەرین و ملی کەج ، دەستە موکردنی ئەوانە .

لە دوای دەرکەوتنی یەکەم ناتەبایەکان کۆمەڵگەی سەرمایەداری لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە هەوڵەمەند بەوشیوەی کە ئەو نووسەرە رومانتیکە رایگەیاندوە هەڵچوگەرم بە تەنیایی و بێچارەیی یە .

روونا بیر کە بە گومان کردنی خەڵکی لەهێمان و گێشە گیری لە جەماوەر بەراوە لاواز و بێ دەسەلاتە . وە هێما بۆ ئەو لێرەوە سەرچاوە دەگری . مرۆڤ وپێستیان کە لە پەژارەی دوێندەوەی هێزی مرۆڤ دابون لە کەل راستەقینەیەکی تەوساوی وڕێ بەڕوو بوون بە هەزاران و ملیۆنەها مرۆڤ کار دەکەن رەنج دەبەن و ئەمن بە بێ ئەوەی قسە ئێ بکەن کە کار ، خەبات ، رەنج و مردنیان بوچی بووە . باشترینی ئەم مرۆڤ وپستانە ئالوێزی فەشەرانەی رەها زیانی کیان پێشان داوە و لە کەڵیدا دەستیان بە خەبات و ملانە کردوە . زۆرێش[13]* وای باس کردوە ((لە ژێر دەسەلاتی قانوونێ سەرمایە مرۆڤ لە ملانێیەکی دژمنانە و خوێنی ناوی جارێکی تر تەوش دەبی و دەبێتە کۆیلەی دەسەلات کرێکاری کرێگرتەی کانە کان کە لە دالانی تەنک و تاریکی کاندا کار دەکا بە وانای زاستەقینە مرۆڤ نی یە و جگەلە نیگەیەك لە شینی بەرهەم هێنەری خاو ناژمێردری کە لەگەل هێزی سروشت حەبات دەکا . وایان کوتیرێ[14]* لەم بارەیەوە وتوێژی ((وەها ئاپوورێیەك ئەو رەعیانەیە بە کاری بێوچان و هێما براوی خوێنەوە دای دەمەزرێنن بە بێ ئەوەی هیچ سوودێکی لێ ببەن وە لە پەنجەی تێژی ئەم دونیە دا تیا دەچن)) .

یەکی لە قارەمانەکانی گورکی ئەڵێت ((ئێمە هەموو کۆیلەی کارین ماشین تا مردەمی مردن ئێمە لە ژێر گیرەکانی خۆیدا لەت و پەت ئەکا . بێ پشوان کار ئەکەین . بێ ئەوەی کە بزانین بۆ کام ئامانج و بۆکێ .))

لە چوار چێوەی وەها بێچمێکدا هەم جیهان لێرەواریکی جوان و ئالوزە لە تەماح و رژدی خەڵیانی سەودا گەری مرۆڤ هێشتا گیانلەبەرێکی پێش لە میژوو ئەژمێردری ئەو هێشتا بە ئەندازەی پێویست لە چنگی خودی هەیوانی و درندانەی خوی زگار نەبووە چونکە هێشتا توانای ئەوەی نەبووە کە هەنگاو بنێتە ڕیزی راستەقینە و مرۆڤانەی خوی وانە بتوانێت کە ژیان خوی لە سەر

بناخەی گەلایەکی زانستیانە داهێنەر و
نازاد دابەزێنی . لەم دوخە نا مرۆڤانەدا
بەلای وا ئەژین کە جگەلە کەلک وەرگرتن لە
وەهائاژاوەیەکی بە سوودی خۆیان لە بێسەری
هیچی تر دا نین . وە رونا کبیر لە بنەری
ئەوەی کە لە بیری گەرانی ئەو نالەبارییانە دا
بیت لە کۆمەلی پر لە پشێوی هەلدەی .

لە سەرەتای شعر دا تەواوی پەیام
هێنەرانی دڕەتن تۆوی گەنجی نائومێدی
نوشی گیژاوی تیا بردن ئەکەن . ژان ژیونو[10]
هەر دوور نەخستەوە لە کۆمەل گەرانەوە بەر
ڕیانی گۆڕانە و پەیوەندە لەگەل ژیانی ڕووەک و
هەیوانی پێشنیار دەکا وە ئەم غیرکاری یانە
بوو کە بۆ ئیشتیای هێنانەر زۆرخۆش بووە .
هەر ئەویش لە ژیونو بە ناوی ((نووسەری
ڕەسەن)) ناو دەبا . مونترلان[11] بەو
وەی کە ((دەستی لە هەستەکانی خۆی
بەر نەدا بوو)) شانازی دەکرد و لە
پەرتووکەکەش خۆیدا بە ناوی Les Bestiaires
عاکر و قەرەنگی حوینێژی و دڕندەیی
بلاو کەوە واتە هەر ئەو قەرەنگەی هێنانەر
لە ئەلمان بناخەی دانا . ئالن[12] هەر
چەشنە بیر کردنەوەیەکی ڕەت دەکردەوە . هەلە
ریسی ئەو مرۆڤی لە بەرامبەر دوژمن دا بێ
دەسەلات وورد ئەکرد . ژید ئەو کەسەی کە
هیچ مەرامێکی بێ دووست نیە وگالتەی بە
کردەوە ئەکرد ئەلی ((من دەترسیم خۆم
کلاو کەم بەس هەر ئەو کارە ئەکەم کە
ئەتوانم بیکەم)) .

ئەم پەیام هێنەرە ڕۆژئانە ئەخوێنی و
بێ ئیرادەیی و لێ نەهاتوویی بە تونەی بلاو
دەکەنەوە . وە بەم شێوە ئەتوانین ئەوان بە
مامۆستایان و پێشەنگی نا هومێدی و هیوا
براوی ناو ببەین . هەزاران لاوی دڵپاکی
قەرەنسی لە نیگەی ئەواندا لە بەین چوون .
ئەوان لە ڕاستی بە دوورمانەوە و نەیان
توانی تێبگەن کە ژیانی بێ خەبات بە
بێ نیشانە و ئارمانج . ئامانجێکی ڕاست و
بە بێ بەشدار بوونی بە شێک لە مێژوو هیچ
واتایەکی نیە . ئەو لاوانەی کە بۆ هەلبژاردنی
ڕێگەی ژیان ڕوو لە وان دەکەن وەلامی دڕو
وەر دەگرن پەیام هێنەرانی دڕو بەوان نا
لێن و نا یانەوێ بڵێن کە ژیان خەباتە
ژین تێگەیشتن لەو ڕاستی یەیە کە مرۆڤ
بە شێک لە کۆمەڵێک یا کۆمەڵێک دژمێوەی
کۆمەڵی ئەو مرۆڤانەی کە بەبێ بڕانەوە لە
هەوڵ و تێکۆشان و خەباتدان . خەبات
لە گەل سروشت و لە گەل خۆ . بە پێچەوانە
ئەوان لە پەیام هێنەرە ڕۆژئەکانیان هەموو
پێگەکانی هەلاتن لێ بوون دنیا نە خۆشە
لەو پەری ئەو کولەمێگە دا هیچ نیە ببینم
هەوێنەوە تێکڵ بوون بە خەباتی کۆمەلایەتی
شێتی یە . ژیانی جوانی خوت لە قوڕاخ ئەم
لافاوە قوڕاوبەدا دابەزێنن بەڵام پای تێ
مەنێ تو هەرچەندە بێ کەلک تڕبێ بە و
ئەندازە مەژن تێ تاکی هەموو شت

یه‌کهم هه‌موان تاقی بکه‌وه به‌لام دل به هیچ مه‌به‌سته‌ بهم جوره ئه‌بی به دونژوانی زانست و وشیاری . ئه‌وان له گومان و هیوا براوی خویاندا هیچ ریگه یه‌کیان نه ده‌ویست و ته‌نیا زانستیان سووک کردنی پله‌ی مروڤ بوو . کاتی که باشترینیان له ده‌ژی ئه‌م دووره پهریزیه هه‌لده‌ستا تاتیکی پیروز بوو به‌لام ئه‌و کاره‌دا سه‌ر کموتوو نه‌ده‌بوون .

له‌م کاته‌دا ئه‌وان کمایه‌تی ده‌ژوان بان له سه‌ر ده‌کرد و نه‌ده‌بوون به‌ده‌ون کینوت ئه‌و هه‌ر ئه‌و هونه‌ره به ریزه‌ واته له‌سه‌ده‌ی بوسیه ۱۸ به خاوه‌نی ئه‌و قه‌له‌مه‌ی که هه‌لبه‌ستی به پیزی ئه‌کاری ۱۹ روتیسوو قه‌له‌مه‌کی تیژ کرد تا بتی به ئاره‌زانس پیروزگه‌ی خوی وه به فروکه‌یه‌کی شروله ..... ۴ به‌یانناممه‌ی ده‌ژی فاشیستی به سه‌ر ووتا رزانده خواره‌وه و گه‌وته خه‌واری ئاو ده‌ریای سپی ناوه‌راست . بی خه‌به‌ر له‌وه‌ی که یا به‌یه‌که‌وه رزگار ده‌بین یا به یه‌که‌وه ده‌مرین . ئه‌م ئاره‌زانه که توبی له ژن نه‌بوو ژینی به‌بی هیشت . ئه‌م کاره ئاوه‌زانانه . کایه‌ی هه‌سته‌کان ته‌وس ره‌ش بینی ئازاوه‌گیری یا خو کوشتن هه‌ر چی یه‌ك هه‌یه ببیت نمونه‌ی هیوا براوی‌یه هیوا براوی نه‌بوونی جولان نا هومیدی له داهینان و نا هومیدی له نه‌بوونی خه‌ستی .

پسه‌راویزه‌کان

۱- Colldorcet پیشه‌وا و ماتماتیك زانی فه‌را نسی که له شورشی فه‌رانسه‌دا به‌شداری هه‌بوو وه پاشان بوئه‌وه‌ی که تیره‌بارا ن نه‌کری خوی به ژه‌هر کوشت (۱۷۴۳-۱۷۹۴)

۲ - Diderot, Denis نووسه‌ر شانوگه‌یه‌ری نووس و ره‌خنه گری فه‌رانسی وه له دانه‌رانی ئه‌سلی به‌زاندنی زانستی (۱۷۱۳ - ۱۷۸۴)

۳ - Cailliaud, Jasebh

۴ - Bergson پیشه‌وای فه‌رانسی (۱۸۵۹ - ۱۹۴۱)

۵ - Brunetier ره‌خنه‌گری فه‌رانسی (۱۸۴۹ - ۱۹۰۶) کتیبیکی له سه‌ر "گه‌شه‌ی شیوازه‌کانی ویژه‌یی" نووسیووه که گوان و گه‌شه‌ی ویژه‌یی و ره‌خنه گری به ئاکامی ئال وگور و حه‌ل بوون ده‌زانی نه پره‌سه‌ندن و خه‌ملین .

۱ - Odyssey, Iliad هه‌ر دووکیان نووسراوی هونه‌ری به ناوبانگی یونانیس وه له ساله‌کانی (۱۲۰۰ و ۸۵۰ پیش له زایندا نووسراوه باسی گه‌ماروی تورا و سه‌رکه‌وتنی ئولیس یا ئودیسوس نه‌کات .

۷ - The song of Rolland سروودی رولان له ساله‌کانی ۱۰۶۶ و ۱۰۹۹ ز هونراوه‌ته‌وه و باسی فازایه‌تی رولان ئاره‌زانی شه‌ری فرانکه‌کان له گرتنی

ئیسپانیا دا دەکا بە دەستی شالمانسی

٨ ــ دەها پیناسەیەك لە کەل حالی هەندی لەوینەگرەکانی ئیمەیشدا دیتەوە کــە بە پی تیگەیشتن لە پیداویستی زەمین و زەمان لە بوشایی سوریالیزم یــــا فوتوریزم و شیوازی وا چەقیون و خوــ یان و هونەرەکەیان لەم بازارە قەرەبالغە دا هەراج کوروە . م . ف .

٩ ــ Rimbaud هونەری بەناوبانگنـــــــی فەرانسی (١٨٥٤ ــ ١٨٩١) :

١٠ ــ Sain-Simon پیتولی فەراســــــی (١٧٦٠ ــ ١٨٢٥) .

١١ ــ Aragon هونەر و نووسەری هاوچەرخی فەرانسی (١٨٩٨ ــ) کە لــــە سەرەتا دا رووی کردە سوریالیزم و لە هونەرانی ئەم مەکتەبە بوو بەلام پاشان پشتی تی کردن و لــــە نامیلکەی رەخنە گرانەی خویدا بــە توندی هیرشی کردنە سەری .

١٢ ــ Spengler-Oswald ١٨٨٠ ــ ١٩٣٦) پیتولی ئەلمانی و نووسەری کتیبی بەناوبانگــــی " هەرەسی رۆژئاوا " .

١٣ ــ Taures (١٨٥٩ ــ ١٩١٤) سەر کردەی سیاسی فەرانسی کە دوای چەند سال چالاکی سیاسی و وتار و بارەی کۆمەل و کۆمەل ویستی لــــە سەرەتای شەری یەکەم لە ١٩١٤ دا کوژرا .

١٤ ــ Conturier

١٥ ــ Giono, Jean چیرۆك نووسی فەرانسی (١٨٩٥ ــ

١٦ ــ Manthehant چیرۆك نووس و درام نووسی فەرانسی و یەکی لە بە ناوبانگ ترین نووسەرانی خاوەن شــیوا ز و نەریت خوازی ئەو وولاتە .

١٧ ــ Alain پیتولی هاوچەرخی فەرەنسی .

١٨ ــ Loure de Bosis

١٩ ــ Icare بە پی ئەفسانەی کۆنی یونــان ئیکاروس لە کەل باوکی دائیدالوو ر لە دالانە تەنگ و پیچاو پیچــەکانی کرت دا بە ناوی " دایرنت " زیندانی کران و پاشان هەولی دایە و بالانی کە باوکی لە میو بوی دروست کــرد بوو لە کرت رابکا بەلام کە بەرزەوە بوو بە هوی گەرمای خۆرەوە میومکان تا ــ مانەوە و کەوتە دەریای ئیژە لــــە ای بچــووك .

ئەو ئەدیبانە بێی کە زۆر بەی کاتی خۆیان لە چایخانە و مەیخانەکاندا بە سەر دەبرد و لەو بارەوە دەیگوت ((کە زۆر بڵیی دەگەن خەڵکی واتیدەگەن لە لینین بەڵشەوی ترن بەڵام کە بێیان دەڵێی دەی هاوڕێیان ئەم کڕی تیکۆشانە ڕادەگەن و پەنا دەبەنە بەر بڕو بیانووگانیان و لە تیکۆشانی ڕاستەقینە ڕادەگەن)) .

گولسورخی چوە پال دەستەیەکێی بچوکی مارکسیستەوە و ئەم پەیوەندییەی زۆر کاری تێکرد و پێی دەگوتن ((کە ئەم چریکانە دڕێژ بوونەوەیەکی زیندوو و

دڵسۆزانە کردویە بە کوردی و ئامادەی کردوە

گولسورخی یەکێکە لە شاعیرە تێکۆشەر و مێدالیاری هەرە خوشەویست و ناسراوەکانی ئێران .

گولسورخی گەنجێکی خوێندکاران و جوتیارانی خوشەویست و لە پیناو سەربەستی و بەختەوەریاندا تەمەنی کوشا و جوانترین شیعری بۆ دەنووسین داوای لە هەموان دەکرد کە بە جۆرەها ڕێگە تێکۆشن لە پیناو ئازادی و پێشکەوتندا

گولسورخی هەڵی نەدەگرد تێکەڵاوی سەرووشتی لێنینیزم)) بەڵام ئەم دەستە یەی یەجێی هێشت و لە ڕێیەکی ترەوە دەگەڕا لە ڕێیەکی ترووست کە ڕووبکاتە شۆڕش و گوراندکاری بەڵام بە ڕێکەوت گیرا لە ڕێکخستن پچڕا بوو (عاتیفە گۆرگیین) ی هاوسەرێشی لە گەڵدا گیرا کە شاعیرێکی ناسراوی ئێرانە ، لەبەر بوونی چەند پەیوەندییەکی بەو دەستە مارکسیستەوە حوکمی چوار ساڵ زیندانیان بەسەردا درا

زۆر کەس لەوانەی لە بەندیخانە دا لەگەڵ گولسورخی دا بوون لە بیرەوەی

خوراگری و هیزی بیر و باوەڕیەوە دەوان و دەڵین جارەهای جاز دەیگوت ((دەبێ لە ماموستا شێرۆی یە گەورەکانەوە لە ڕۆژنامە فێربین)) .

لە دادگا دا پرسیاریان لێ دەکرد ((بە ناوی ستراتیژەوە بە ناوی جەماوەرانەوە لە هەڵمەتێکدا ڕاوەستام بۆی دەڵێن " دادگا " من وەک مارکسیستێک ڕووبەڕووی گول و میزۆر ، پیتان دەڵیم من لەگەل نزیک دەبمەوە و لە لای خۆشەویست دەبم بەو نەندازەیە کە لە ئێوە دوور دەکەومەوە ، وای لێیان دەدەنەوە کە بە ناشتنم کوتاییم دێ بەڵام گەڵەکەم لە لانەی پارچە پارچەی خاوەدا ئالا و سروود دروست دەکا)) .

گولسورخی لە بەرە بەیانی ڕۆژی ٢٩ی بەهمەنی ١٣٥٢ ی هەتاوی ١٨/شوباتی ١٩٧٤ زایینی لە یەکێک لە مەیدانەکانی ناراما ، لە بەردەم تیری سێمێدام سکوتندا وەستا بێ ئەوەی بەیلی چاوی ببەستنەوە چونکە دەیویست تا دوا هەناسە سەیری نیشکی خۆر بکا .

دەستڕێژی گوللە گولی پەرپەڕی دان گولسورخی ئاوێتەی خوێنی سوور بوو .

لە گەورەکەی لە لیدان کەوت بە لام ناوی گولسورخی،یادی گولسورخی ، شیعر و نووسینە گرینگەکانی ، گولسورخی هەمیشە هەر زیندوون هەرگیز نامرن ئالا و سروودی گەلانی ئێران، ئالا و سروودی سەر پاکی ئازادیخوازانی جیهانن .

دەقی وەسیەت نامەکەی خسرەوی گولسورخی

((ئەز فیدایێکی گەلی ئێرانم و پێناسی من جگەلە عشق بە گول شتێکی تر نی یە . خوێنم پەیتەکەش بە کوەلانی گەلی بوسن و پی خواسی ئێران دەکەم ئێوەش ئافایان فاشستەکان کە ڕولەکانی گەلی ئێران بەبێ هیچ جۆرە بەڵگەیەک بە کوشتارگە دەگەیەنن بروانن بێ گەلی بێ بەشی ئێران تۆلەی خوێنی ڕولەکانی دەستێنێ ، ئێوە بروانن بێ لە هەر دڵوپە خوێنێکی ئێمە سەدان فیدایی ڕاست دەبنەوە و ڕۆژێک دڵی هەموتان دەبێ لەت بکەن ، ئێوە بروانن بێ حکومەتی نا قانونی ئێران کەلە ٢٨/ی ڕەشی مردادا لە لایەن ئەمریکاوە بەسەر گەلی ئێرانا سەپێندرا لە حالی سەرمەرگایە و دڕەنگ بان زۆر بە شۆڕشی پڕ لە قار و خینی کوەلانی گەلی ستەم لی کراوی ئێران ژێر بەرە و ژوور دەبێ)) .

شاعیر و نووسەری گەلی ئێران

خسرەوی گولسورخی (ئیمزا)

(لەگەل ئەمەدا یەك ئەلقەی پلاتین و زیری سپی) و هەزار و دووسەد ریالی نەخت واتا(سەد و بیست تمەن) هدیە بە خیزانم یان ژنەکەی بدەن .

خوینی ئیمە کراسی کریکاران
خوینی ئیمە کراسی جوتیاران
خوینی ئیمە کراسی سەربازان
خوینی ئیمە ئالای خاکی ئیمەیە

● لە سەوزاییە سەوزەکاندا

لە ژیر گەلای تەری جەنگەلدا
لە سەوزایی یە سەوزەکانی باکوردا
کوچك *
شوانی تەنیایی یە
کە هەر دەمە و رۆژ ئاوابوونیك
هاواری جەنگەلەکان
لە بلویر
سەرە و ریژ دەگاتەوە
جەنگەل دەنگی وون بوونە
جەنگەل ئاو جەرگی تەنیایی ئیمەیە و
چاوەکانی ـ کوچك ـ
بر وانساکەن
ئیستا دەنگی ئەوە
لە پیچ و تاوی ساردی سیاگەل**
گول دەدا (گول دەگری)
لە ژیر گەلای تەری جەنگەلدا
لە سەوزایی یە سەوزەکانی باکوردا

ـ کوچك ـ
ئاویك یا دەنگیکە
ئاوارە و خەم نشین
هەر عەسریك ئاهەنگی کون
بە دەنگیکی خوشی نەی
دەلیتەوە
بسرایەکانم ئەوان
گولە بی هودەکان
بە خوینی پاکی خویان
یاك دەکەنەوە

● شیعری بی ناو

بۆ ینیکی قولی کاریگەری رۆژمن
لەسەر سینگت نیشت
بەلام
ئەی سەروی راوەستاو نەکەوتی
ئەمە ری و رەسمی تویە کە بە پیوە بەری
لە تودایە گورانی یەکانی خەنجەر و خوین
لە تودایە بالندە کوچەرەکان
لە تودایە سوورەدی سەر کەوتن
بەم جۆرە چاوەکانی تو هەرگیز
روون نە بوون
لە گەل خوینی تودا
مەیدانی توپخانە
لە ناو رقی گەلدا
لە خەو رادەپەری
خەلك لەو بەری توپخانەوە
دەرژینە ئەمبەر

کتێبخانەی وەڵنامەی

ئاو و بڕستی بە یەکسانی ئاپۆش دەبن
ئەی سەروی ڕابوستاو
ئەمە بەرگی تۆیە کە دڕێست دەکا
دوژمن دیوار دەکێشێ
ئەم ڕیوارە باش و ستەم دیدانە
ئەم بەهارە شۆڕشانە
ئاوی تۆ نازانن
ئەمە داخە بەڵام
ڕۆژێک کە خەڵک بزانێ
هەر دڵۆپە خوێنێکی تۆ
دەبێتە مێرواڵیەک
ئاوی گەڕەکی تۆ
لە هەر سەرودێکی نیشتمانی
ئەم خەڵکەدا
بەرز دەبێتەوە
ئاوی تۆ ئالای ئیرانە
خەزمر بەئاوی تۆوە زیندووە

● شێوەنێک بۆ گوڵ گونە بچکۆلەکان

١

چاوەکانی تۆ سڵاوی بەهارین
لە ووشکە سالی بی داد١
دەستەکانی تۆ
کە توانای گرتنیان نییە بەڵام
ئاوازی تۆ گوللەی دەست بێ کردنە
کە بالی کردوتەوە بۆ لای دیوار . . .
گەرچی دیوارەکان نمبوونەتە دووکەڵ
ئاوازی پاکی تۆ
چەمی گەورەی وڵاتی ئێمەیە
ئەم چەمە لە ناو بیابانی لووت دا
هەناسە دەدا
تا لە سەرانسەری ئەم دوورگە خوێناوییدا
سەرو و سپیدارەکان
سیبەرلی کەری تۆبن

٢

لە کۆلانی ئێوە
تەنانەت کە هێرشی گوللەش بێ
ئێمە بە قەڵغانەوە
هەنگاوەکان هەڵیناوە
بۆ کۆلان
ئێستا کە دوژمنمان دیار نییە
بەندیخانە
تەواوی کۆلانە چۆڵەکانی
ئەو شارەیە

٣

شەهیدی من
چاوەکانی تۆ هێشتا کاڵن و
زانیاریان بە هەموو لایەنەکانی دوژمنەوە نی
تەنیا خەلیفە دوژمن و جەڵاد نییە
دونیا بە دوژمن ناڕیارە
بابەک کە بڕای ئێمە بوو
لە کوشتارگەی دوژمنی ئەم گەلەدا

٤

بە گوللەی زەردەوە دەکوژرایەوە
بەڵام دڵمان بەستراوەتەوە بە
کولمەکانی تۆ ئەی سبەینێ کان

تو بابەتی
بەکونای ئاگری سوورتەوە

٤

کاتی کە بەرگی تو شیتال شینال و
ڕاکا و و ڕا و
کاتی کە چاوەکانی تو
لە عەزمەتی ڕاکردن و یاری
ویل و ڕامان بوون
لە نیوانی هات و هاواری سەیرانگەدا
بەم دەنگە منالانی پشتەوە بە منت وت
ڕۆژێ من هەرگیز کەسیک نەی ووت و نەی
زانسی
بە شانە چاوەکانەوە
ڕاکیش بۆنی بار

٥

دیوارانی وا کە لە گل نین
بە لق و پۆپی بە هاژە هاژ و نیک نالاو
تا شەقام
بە ڕایەخیک لە گول و ئاواز
ئاوی تو لە بەرە بەیاندا بخوینن
بە گەردنی تووە سەرو هەڵدەواسم
تا سەربەرزی لە سەرووە وە فیر بسی .

٦

ئیستا پەنای تو دەسووتی
لەم ئاگرەی هەرزە گویان
بە گەڵن بە دوای کام بنارەدا
ڕاکێشراوی کام دەنگی

دەنگی باوک
لە ناو دەنگی ڕێژنەی بارانەدا

ئەگەر جێی بنار لەبەر نیە
لە بەر باران بووەستە .
هەر گیز مەترسە
کراسە دەنگی ئەو
هەرگیز مەترسە
کراسە دەنگی ئەو

٧

دەڤری دووبارە شەمشینی بچوکی ئیمە و
یەکەم ڕەشمکانی سەر هەردووبانی
ڤری دەدەینە لاوە
دووبارە ئەو دەبینەوە
ئەو کە سەر بەرز و گوتار
لەم دووڕگە خوێناوییەدا
ئەو کە جوشنیکە
لە خوێنی بی دەنگی ئیمە
ئەو دووبارە دەبینەوە
کە سواری خەنجەرە برسی یەکانیان کرد
بە دوو خوردەوە هەڵبەزە
لە دوو چاڵی کونەدا
لە نیوانی بیاباندا وەک گیانی دارستان
ڕوبەشت

بە دەستە بچوکەکانی خوت
ئەستێرە دەچنیت ؟
لە ئاسمانی شاری تووە ئاخیری

هەوالنامەی گشتی

ئەستێرە دەرژێ
بە چاوە ڕەشەکانت
کە خەویان دەوێ
ئێستا لە ڕوخی شەقایدا
بارانێك لە ئەستێرە تۆی ڕاکێشا
لە ڕاکێشانێکدا

کە بە دوای ئەستێرەیەکی گۆم ئاو
دایکی تۆ بو تو ئەستێرە دەچم
مانگ وەك تۆپەك دەرازێنێتەوە
لە یاری منداڵانی تودا
خـــەریا
ڕەنجی دایکانەی ئەو دەسووتا .

٩

سەروو بە گەردنتەوە هەڵدەواسم
تا سەر بەرزی لە سەروەوە فیربی

---

* میرزا کوچك خانی جەنگەل شۆڕشگێڕی ناسراوی گەیلانە .
سیاکەل ئەو شوێنەیە لە جەنگەڵستانی زۆرد ووی ئێران کە شەرە بە نایاسایی کەی چریکەکانی فیدایی خەڵکی ئێرانی تیـا ڕوودا . لە ڕۆژی ١٦/بەیمن/١٣٤٩ی هەتاوی کە دەکاتە ١٩٧١/٢/٨ وەهـەر لە هەمان ڕۆژدا و بە هەمان یونـــەوە سازمانی چریکەکانی فیدایی خـەڵکـی ئێران لە دایك بوو .

ڕۆژی دنیای ژنان

لە ڕ ئافرەت و ژانی لە دایك بوونیکی نوێ) م بە چاپ گەیاند بەکێتی نوسەرانی کورد بە ٢٠٠ دینار دەست قەرز یارمەتیان دام بەڵام بە داخەوە پێش ئەوەی بتوانم قەرزەکە بدەمەوە و لـە کاتێکیشا کە هێشتا بە شێك لە کتێبەکان کار و یاری چاپیان تەواو نەبوبوو ... هەندێ هێزی تایبەتی پەلەیان لە هاتنە دەرەوەم دا کرد ...

بۆیە داوای بە خشین لە نوسەرانی هێژا و بەڕێز دەکەم و سوپاسی ئـــە و یارمەتی یە لەبیرنە چوونیان دەکـــم بەو ئومێدەش بتوانم لە هەلێکی ڕەخسا و دا پارەکەیان بو ڕەت کەمەوە .

هەفال کوردستانـــی

سالم ، عبدور ــ رحمان بەگ له سالی ۱۸۰۵ دا له سلیمانی هاتوته دنیاوه وه له سالی ۱۸۶۹ هەر لەوی کوچی دوایی کردووه و له گردی سەیوان له تەنیشت مسته فا بەگی کوردی (۱۸۱۲ ــ ۱۸۵۱) ئاموزایەوه نیژراوه ، سالم لەگەل کوردی و تالی دا (۱۸۰۰ ــ ۱۸۵۶) بناخەیان داناوە بوئه و زمانه کوردی یه ئەدەبی یەی ئه مرو به زوری له کورد ستانی عیراق و ئیسران دا بی ی ئەنوسریت ، پاش دا گیرکردنی سلیمانی له لایەن عوسمانی یەکانەوه (۱۸۵۱

سالم به دل گرانی سلیمانی‌ی به جی هیشتووه و چووه بولای خزمەکانی لە ئیران ، ماوەیەك له تاران ژیاوه ، بەلام وا دیاره ژیانی ئەوی به دل نەبووه ، چونکه ئەلیت :

" خوزگه ئه مزانی له تارانا نه جاتم کەی ئەبی
کوێی یارم ، مه شهەده یا مەنزلم هەر رەی ئه بی "

هەروه ها ئەلی :

لەگەل دل شەرته سالم گەر نه جاتم بو له تارانا (۱)
بەهەشت گەر بهته دەشتی رەی به ئیرانا گوزەر ناکەم

دیوانی سالم بو یەکەم جار له سالی ۱۹۳۳ دا له به‌غدا له لایەن طاهیر بەهجەت مەریوانی یەوه ، وه بو دووەم جار له سالی ۱۹۷۲ دا لە هەولیر له لایەن گیو موکریانی یەوه چاپ کراوه ، له هەردو چاپەکەدا بەشیکی زور له شیعرەکانی بلاونەکراونەتەوه ، به تایبەتی ئەوانەی ناوەرۆکیکی میژویی یان هەیه و

باسی پەریشانی تارچمکە ئەکەن بە دەست داگیرکەرانی عوسمانی یەوە • وادیارە ئەو شیعرانە لە کاتی خۆی دا بلاوکراوەتەوە بەریزمکان ئەکەوتون •

شیعرمکانی سالم بەو جۆرەی لە بەر دەستی ئیمە دان • بە بلاوکراوە و بلاونەکراوەوە لە ڕوی ناوەڕۆکەوە ئەم بابەتانەیان لی بەدی ئەکریت : غەزەل ، ستایش ، هەجو ، میژویی • شیعرمکانی بە گشتی وغەزلمکانی بە تایبەتی زۆر مورکی فارسی یان پیوە دیارە • لە غەزلمکانی دا زۆر پەیرەوی حافظی شیرازی (١٣٢٥ ــ ١٣٩٠) کردووە • تەنانەت لە سەر غەزلمکانی ئەو گەلیک تیپەڕیش (ملمات) ی هەیە •

لە سەرلا ئەوەندەی بیمان بکریت هەرچارە لەگەل لیکدانەوەی بیوگرافیدا لە سەرلا یەرمکانی (نوسەری کورد) پارچەیەک وەیا زیاتر لە شیعرە بلاونەکراوەکانی ئە خەینە بەرچاو • ئە مجارە ئەو قەسیدەیەی بلاوئەکەینەوە کە لە سالی ١٢٧٠ هـ / ١٨٥٣ م دا بە بۆنەی بەرەللاکردنی عەبدوللا پاشای بابانەوە وتویەتی • سالم لەوەدا زۆر خۆشبین بووە • وای بۆ چووە کە کاریەدەستانی عوسمانی واز لە عەبدوللا پاشا ئەهێنن بگەڕێتەوە سەر تەخت و فەرمانی خۆی لە سلێمانی • بەڵام وەک میژو بومان ئەگێڕێتەوە تورکەکان نەیان هێشتووە عەبدوللا پاشا بەغدا بە جێ بهێڵێت • هەر لەوی هێشتویانەتەوە تا کۆچی دوایی کردووە واوی قەسیدەکە وەک لە دوو دەستوسی کوردی یەوە وەرگیراون بە م جۆرەیە [٢]

ئەرەمش دێمە گوزەشت وعەهدی نیسانەکانەوە
بولبولی بێدڵ لە دەوری گوڵ بە فیغان هاتەوە

(*) بڕوانە : ڕەفیق حیلمی ــ شیعر و ئەدەبیاتی کوردی ، بەرگی دووەم ، ل ٥٤/ ٥٥ . بەغدا ١٩٥٦ .

(**) بڕوانە :

Kamal Fuad : Kurdische Handschriften, S.94-98, 110-111. Wiesbaden 1970.

٢ سه‌خت‌گیریی گرشه‌گهر سه‌رما وه‌کو ئه‌فرا سیاب
بادی زه‌مهریری به میسلی پوری ده‌ستان هاته‌وه

٣ له شکری گول جیله خه‌نده‌ان ده‌لێن سه‌رماشکا
تا سلێمانی ده‌با بۆ دێسوی زستان هاته‌وه

٤ باخه‌ پڕه‌وره‌ی خه‌زان و شوره‌یی ئه‌وڕاتی حه‌یت
ماهی زه‌مهریری به عه‌کسی ماهی تابان هاته‌وه

٥ بای شه‌مال هه‌ڵیایه جونبوش قامه‌تی سه‌روی سه‌هی
بۆ خیابانی چه‌مه‌ن قومری به نالان هاته‌وه

٦ باره‌ دڵداره‌ی شکۆفه‌ی شاخساری ته‌رفی باخ
بێخزه‌ و پهتاس و سه‌رمه‌ست و غه‌زه‌لخوان هاته‌وه

٧ بۆ شکۆفه‌ی طفڵواری یه‌کشه‌بی شاخی دره‌خت
ره‌عشی ئیزه‌د له‌گه‌ڵ هه‌ر قه‌تره باران هاته‌وه

٨ ڕوو به ڕوی طفڵی نه‌باتاتی چه‌مه‌ن موشتاق وار
دایه‌ی ئه‌بری به‌هاری ئه‌شک ڕێزان هاته‌وه

٩ ده‌نگی سه‌د ڕه‌نگی کوڵنگ و قاز و سۆنه‌و بۆرجین
سازه‌ش هه‌رسو له گوێ سه‌یرو شه‌تاوان هاته‌وه

١٠ سه‌یری گوڵشه‌ن که‌ن له چیهره‌ی گوڵ شه‌وی ئورده‌یه‌هشت
هه‌ر ته‌رف بۆ مه‌جلیسی بوڵبوڵ چرڵغان هاته‌وه

١١ سه‌بزه‌ وه‌ك مه‌خمه‌ڵ له هه‌رجا فه‌رشه بۆ صه‌حنی چه‌مه‌ن
مه‌وسمی عه‌یش و ته‌ره‌ب بۆ مه‌ی په‌رستان هاته‌وه

١٢ بۆ ده‌ماغم عه‌هدی گوڵ ئه‌فسورده‌گی سه‌ردی نه‌ما
تا له گوڵشه‌ندا به سه‌رما بۆیی ڕه‌یحان هاته‌وه

١٣ بێ‌ی وتم ده‌ی شه‌و له کونجی میحنه‌تا واضح سروش
"وا چراغی ده‌رمانی ئه‌هلی تابان هاته‌وه

١٤ جیبەجێی مەقسەد هەرومیدا بۆ لە هەرجا موبح دار
موردەی ئەی بەقڕبی دڵ بڕسف بە کەنعان هاتەوە

١٥ ناشکارا هەر تەرف هودهود لە پەروازا دەڵێ
ڕوو بە ڕوی مۆڵکی سەبا تەختی سولەیمان هاتەوە

١٦ بەڕی وەش بۆ مۆڵکی مەوڕش لە ڤوستەنتینەوە
حاکمی مەنفی بە ئەمری صەدر و سوڵتان هاتەوە

١٧ ئاصفی ثانی موڕەخەص بۆ بە ئەمری پادشا
بۆ نیزامی مۆڵکی بەینی ڕۆم و ئێران هاتەوە

١٨ من وتم چۆن بۆ لە ئاقد نگڕ نەجاتی دڵ وتی
شاە کەیخوسرەو بە جەیحونا بە ئێران هاتەوە

١٩ فیشە خێزە ڕاهی توستەنتین بە میسلی هەفتخوان
ئەم بە هەفت خوانێ وەکو ڕۆیین تەن ئاسان هاتەوە

٢٠ نۆگەراتی بۆ ڕەمق کرد خیسمتی طەبعی موئیب
بۆ تەنی موردەی خەلایق یەک بە یەک جان هاتەوە

٢١ شەهد و تەڵخە لوتف و قەهری بۆ قەراری نیاو بەد
شاهە نەحڵ ئاسا بە یادی نۆش و نیشان هاتەوە

٢٢ خۆش نەسا شەمشێری ئەو بۆ وەک هیلالی شامی عید
ماهی نەو دەرکەوت و عیدی ڕۆژەداران هاتەوە

٢٣ بۆ قیاصی موستەحق و قەبض و بەسطی موردەیی
شێری مەردی گوردی پیلی شەڤکەن لە مەیدان هاتەوە

٢٤ خۆشە ئەمجا بۆ تەمەددود باز یان وشەهرەزوور
عادیلی نادروەش بۆ جانی دوژمان هاتەوە

٢٥ بێین بەهەم با دەنگی گریەی مولحید و خەندەی موید
بۆ نەمانی کفر و زوڵمەت بەدری ئیمان هاتەوە

٢٦ شەب نشینانی خەلوەت با زەبرە ئاسا بێنە ڕەقەل
وا لە بەرچی دەوڵەتا خۆر شیدی ڕە خشان هاتەوە

٢٧ چونکە دەقاو نۆکەرو بەگ چەرچی بەو ئاڵا بەقاڵ
بۆ نیزامی نۆکەر و بەقاڵ و دەهقان هاتەوە

٢٨ بچنە سەر سنعانی ئەوەل کەفش دۆز و پێنەچی
حاکمی مەرکە ز شوناسی ئەهلی دیوان هاتەوە

٢٩ دیم لە بابا نا ڕەعیەت زاڵم و نۆکەر فەقیر
مو نەعکیس بو قە ضیە وا بابی لە قیران هاتەوە

٣٠ شەق وە شێن ئامادە بن بۆ کاسبی شوراشین
پشتی لە شکر، صەدری مەجلیس، میری میران هاتەوە

٣١ گریە کا تا دەنگی دەرێ با کەریم ئافسای نەێ
حاکمی مەعزول کردەی ئەو بە شادان هاتەوە

٣٢ تەڵی بەڕێنی عەلەم ون کا جەنابی کالێەسین
تابیلی بە یاخ و ئاڵ پڵ و لە شکر وسان هاتەوە

٣٣ خۆی بە بەت ئەجا بتاسێنێ مودەری بەت لە مل
ساحیبی جەترو لیواو تەوق و فەرمان هاتەوە

٣٤ خرس خۆ کەهیای ماضی بۆ لە دەشتی شەهرەزور
بۆی بڵێن خۆی ڕاگرێ وا شتری غەڕان هاتەوە

٣٥ چونکە شێوەی زاڵمی بۆ سەرکاری کەهیا مودەتێ
بۆ شکاری ئەو لە سەردا بازی تەرلان هاتەوە

٣٦ سەنگەری عەهدی عەزیز بەگ کەڵکی کەهیا ناگرێ
ساحیبی شمشێر و دەرع و خۆد و خەفتان هاتەوە

٣٧ ڕەنگە ئەجا بێتە کاران سەر حەدی مەڵکی سنە
ڕم وە شێنی مەعرەکەی دەشتی مەریوان هاتەوە

٣٨ کەو و فەو عاکەم بکا والی بە فەوجی چیش کەرو
پشت بە ندی لە شکری وەندات و جافان هاتەوە

٣٩ تایری دەولّەت بە حەمد یّلا بە ئەمری شەهریوەر (؟)
موستەعید و خوو پرەم و یازان و تازان هاتەوە

٤٠ کەوتە ناو کە فتەی کەرەم دوو پارە خەرجی شەهرەزوور
تالعی دەروێش و موفلیسەو کە قانان هاتەوە

٤١ من بە شک دەموت نەجاتی کەی دەبێ پاشا لە ڕۆم
دڵ وتی سالم بە قینت بێ بە تورکان هاتەوە

٤٢ ئەهلی دانش حاتمی بەخشش بە ئەجەد کەن حساب
(***)
با نەڵێن کانی کەرەم کەی بو بە یابان هاتەوە

لیکدانەوەی وشەکان بە پێی بە کارهێنانیان لە قەسیدەکەدا

١ ــ تیروەش : وەک تیر • دیمەگوزەشت : تی ئەچەرم • عەهدی نیسان : دەمی بەهار و خوشی • بی دل : دل تەنگ ، مات • فیغان : هاوار و دەنگەدەنگ •

٢ ــ سەختگیریی کرد : سەختی نواند - ئەفراسیاب : پاشای دەبەدەسی پیشدادیان (بە پێی شاهنامەی فیردەوسی) • باد : با ، هەوا • پور : کور • دەستان : نازناوی زال ، باوکی روستەم • پوری دەستان : کەوڕی زال (روستەم) •

٣ ــ خەندان : دەم بە پێکەنین • صەبا : (ع • صبا) هەوای خوش •

٤ ــ پەژمورد : ژاکاو • خوورەم : خوشی • ئەوقاتی حوت : دوا مانگی زستان (٢١ / ٢ ــ ٢٠ / ٣) • ماهـ : مانگ • ئابان : مانگی هەشتەم بە

(***) ئەم بەیتەی دوایی لە دەستنوسی دووەمدا نییە . لە دەستنوسی یەکەمدا "حاتمی بە خشش" بەم جۆرە نوسراوە : "حاطمی بخشش" . کە بە حسابی ئەبجەد ئەکاتە ١٢٧٠ .

بۆی سالنامه‌ی ئیرانی (۲۲/ ۱۰ ــ ۲۱/ ۱۱) • خەزان : پایز •
۵ ــ جونبوش : جوله • قامەت : بالا • سەروی سەهی : سەروی راست و ریك • خیابان : ڕاسته ڕیگای ناوباخ و گولزار • چه‌مەن : چیمەن •
٦ ــ سارە : بەرگی سەوزی خونچه • دلداده : عاشق • شکوفه : خونچه • شاخسار : لوتکه‌ی بەرزی زور • جر • تەرفی باخ : کەناری باخ • بیخود : بیهوش (له خوشیان دا) • ڕه‌قاص : سه‌ماکەر • به‌هەڵپەرکی وسەماوه سەرمەست : سەرخوش • غەزەل خوان : غەزەل خوین • به‌گورانی بەوه •
۷ ــ وەفل‌هار : وەك سنال • یەکشەو : یەکشەوه • شاخ : چل • ئیزه‌د : یەزدان • خوا •
۸ ــ موشتاق وار : به بەروشەوه • دایه : دایمەن • ئەبەد : هەمور • ئەشك ڕیزان : فرمیسك ڕیژ •
۹ ــ بورچین : بور • سازوەش : وەك ساز • هەرسەر : له هه‌موڵایەکه‌وه • سونه : مراوی •
۱۰ ــ چه‌مەره : چاره • ڕو • ئورەی بەهەشت : مانگی دووه‌م به‌پێی سالنامه‌ی ئیرانی (۲۱/ ٤ ــ ۲۰/ ۵) • گەڕه‌ی بەهار •
۱۱ ــ مه‌خمەل : قەیفه (قەدیفه ، جوڕێکه له قوماش) • له هەرجا : له هەر ڵا • مه‌عنی چه‌مەن : شوێنی چیمەن •
۱۲ ــ ده‌ماغ : لوت • عەمه‌دی گول ئەخسورد مگی : ده‌می سیس‌بونی‌گول •
۱۳ ــ سروش : فریشته‌ی هەوال هێنەر (جبرائیل) • چراغ : چرا • دودمان : بنه‌ماله •
۱٤ ــ هوومیدا : دیار ، ئاشکرا • صوبح وار : وەك ده‌م به‌یان یه‌عقوب باوکی یوسف ، که هەردوکیان له بیغه مبەرانی به‌نی ئیسرائیلن وه له بنه‌ماڵه‌ی کەنعان ، ئیشارەیه بو سەرگوزەشته‌ی یه‌عقوب و یوسف وەك له قورئان دا باسکراوه •
۱۵ ــ هوود هوود (هد هد) : بەبو سلیمانکه • بەڕواز : قرین • مولکی سەبا : دەوڵەتی سه‌به‌ (ع • سبا) • سولەیمان : مەبەس‌له بیغه مبه‌ر سولەیمانه وەك له قورئان دا باسی هاتووه •
۱٦ ــ بەرق وەش : وەکو بروسکه • قوستەنتین : ئەستەمول • صەدر و سولتان :

سه بەس‌له سەرەك وەزیران ز سولتانی عوسمانی یه

١٧ ــ ئاصه ف : وەزیری دەستەراستی پیغه مبەر سولەیمان ، به راویژکەر ری زەرەك و زانا ئەوتریت ، موزەخخه رِبو : بەرەللا بو ، رِوم : لیرەدا مه به س له تورکیای عوسمانی یه ،

١٨ ــ ئاغد نگر : زەریای سپی (ناوەراست) ، کەیخوسرەو : سی‌یه م پادشای بنه ماڵەی کیانی (به پی‌ی شانامه‌ی فیردەو سی) ، جەیحون : روبارێکه ئەکەوێته ئاسیای سوقیتی پەره ، بەشێکی سنووری یەکێتی‌ی سوفیت و ئه فغانستان پێك ئەهێنیت ، پیشی ئەوتریت (ئەمو دەریا) ، ئەروپس یەکان ئاو ، کونەکەیان له یونانەکانەوه وەرگرتووه (ئوکسوس‌کان OXUS) ، دەریژی یەکەی ٤٠ کیلو مەتره ، به پی‌ی ئەو ڕوایانەی پیبەر ئەیبت گەلێك ئاوی تریشی هەیه ڕویاریکی به ئاو و ترسناکه ، له کوردی دا که ئەڵین : "ئاوی ئامون چەمی" مەبەستیان له م ئاوه یه ،

١٩ ــ فیتنه خیز : به ئاشوب ، به گوبەنگ ، ڕاهێ : ڕێگه ، هه ڵبخوان : یەکێکه له داستانەکانی شاهنامه که بریتی یه له به سەرهاتەکانی ڕوستەم له ڕێگای مازەندەران ، کاتی چونی بو ڕزگارکردنی کەیکاوس‌له بەندی ، ڕوستەم له ڕێگا توشی حەوت شەر ئەبیت که به سەر یەکەوه ناو ئەبرین به هه ڵبخوانی ڕوستەم ، ڕویین تەن (ڕوئین تەن) : له‌ش‌ئاسنین ، به یەکێك ئەوتریت شێر و ئەبر کاری ئێ نەکات ، ناز ناوی ڕوستەمه ،

٢٠ ــ نوکەر : لیرەدا به ئایەتی مەبەس له دەست و پیوەند ەکانی بنه ماڵه ی به به یه ، بی ڕەحمه ق : بی ئان ، خیسه : نزمی (ع: خسه) ، طه بع : سروشت (ع: طبع) ، موئیب : بی بار ، بەشیمان (ع: منیب) ، ته ن : له‌ش ، مورده : مردو ، خەلایق : خەڵکی (ع: خلائق) ، جان : گیان ،

٢١ ــ شەهد : شیرین ، تەڵخ : تاڵ ، لوتف و قەهر : نەرمی و تونده ی ، چك و بەد : چاك و خراپ ، نه حل ئاسا : وەك هەنگ ، نوشو نیشان : نوشین و پیوەندان ، واته عەبدوللا پاشا شیرین و تاڵه ، نەرم و توند مەبەرامبەر به چاك و خراپ ، هەروەك چون هەنگ هەنگوینی هەیه پیوەندانیشی هه یه ،

٢٢ ــ خوش‌نه ما : وینه جوان ، هیلالی شامی عید : مانگی ئیواره‌ی جه ژن ،

ماهی نەو : مانگی نوێ • رۆژمدار : بە رۆژ •
٢٣ ــ قیصاص: سزادان (ع• قصاص) • قەبض و بەسط: گرتن و بەردان (ع• قبض و بسط) • گورد : دلێر، پالەوان • پیل ئە فکەن: فیل بەزین• ئەوەی ئەتوانیت فیل بخات •
٢٤ ــ تەهمەدوود : سەردان (تردد) • نادر وەش : وەك نادر (رەنگە مەبەس لە نادر شا ، طهماسب قلی خان بیت ، کە لە سالانی ١٧٣٦ تا ١٧٤٧ حوکمی ئێرانی کردووە) • دوزد • دز •
٢٥ ــ بین بە هەم : بین بە یەك دا ، تێکەلاوبین • گریە: گریان • خەندە: پێکەنین •
٢٦ ــ شەب نشینانی خەفەت : ئەوانەی شەو بە خەفەتەوە رۆژ ئەکەنە وە• زەردە ئاسا : وەك زەردە • خورشیدی رەخشان : رۆژی رووناك •
٢٧ ــ دەهقان : دانیشتوی گوند ، ئەوانەی پارچە زەوی یەکیان هەیە و بە کشت و کالەوە خەریکن • فەللاح ، لە کون دا زیاتر بە مانای وردە مالك (کولاك) بەکارهاتووە •
٢٨ ــ کە فشەدوز : کەوشەدرو • سەرکەز شوناس : شارەزای کار و باری دەوڵەت ئەهلی دیوان: شایەنی دانیشتن لە بارەگای دەوڵەتی دا ، لی وەشاوەی ئەو شوێنە •
٢٩ ــ رەعییەت : دانیشتووی میر نشینی بابان بە گشتی (ع• رعیه) • نوکە دەست و بەوەند مکانی بنە ماڵەی بابان بە تایبەتی •
٣٠ ــ شەق وەشین : جاران هەر بنەماڵەیەکی خاوەن دەسەلات و خاوەن مولك چەند کەسێکیان هەبووە بە ناوی شەق وەشینەوە بو گرتن و لیدانی ئەوانەی سەرکەشی یان کردون • شورانشین : سەرکەش و گیرەشێوین •صعدره سەرمك •
٣١ــ کەریم ئاغای نەنی ، هەروەها ئەوکەسانەی لە بەیتەکانی داهاتودا ناویان هاتووە ، وەك کاکە مین ، مودیری پەت لە مل ، کەهیای ماضی (لە دەستوسی یەکەم دا "کەهیای یاخی" نوسراوە) ــ لەو کەسانەبون کە لەگەل هێزی داگیرکەراندا هاوکاری یان کردووە • شادان : بە خوشی وشادیەوە•
٣٢ ــ سان : بیشان دان و نواندنی سویا (ع • استعراض)•

٣٣ ــ لیوا (ع - لواء) : ئالا ، تەوق و فەرمان : ئەلقەی فەرمانرەوایی کە لە لایەن دەولەتەوە ، بە فەرمانی سولتان ، بە خشراوە ، کراوەتە مل .
٣٤ ــ خرس : ورچ ، کەمیا : لیرەدا بە مانای کاریگەدەست یان بەرپرسە بە ری ناوچەیەکی سەر سنور بە کارهاتووە ، شەری غەزران : شەر لە کاتی نەران دا .
٣٥ ــ زاغ : قاژ ، سەرکاری کەمیا : وەکیلی کەمیا ، شکار : راو ، بازی نەرلان : جۆرێکە لە باز کە لە راو دا زۆر چابوک و ئازایە .
٣٦ ــ عەزیز بەگ : مەبەست لە عەزیز بەگی بابانە ، سەرکردەی لەشکری بابان کاتی هێرشهێنانی عوسمانی یەکان بۆ سەر سلیمانی لە سالانی ١٨٥٠ ــ ١٨٥١ دا ، سالم باسی ئەم هەرشە و بەرەنگاریی بابانەکانی لە قەسیدەیەکی ٩٨ بەیتی دا هۆنیوەتەوە کە بەم جۆرە دەست پێ ئەکات :

لەم گەرین با گوشە گیر بم دەستە و ئەژنۆ کە ئەزمان
گێژە لۆکەی بای نەدانست تاری کرد صەفحەی جیهان

لە م قەسیدەیە لای خوارەوە بە ناتەواوی ، نزیکەی پەنجا بەیتیکی لێ بڕاوە بۆتەوە (بڕوانە : پاشکۆی گەلاوێژ ١٩٤١ ، رەفیق حیلمی : شیعر و ئەدەبیاتی کوردی ، بەرگی دووەم ، ل ٥٧ ــ ٦٨ ، بەغدا ١٩٥٦ ، هەروەها گیو موکریانی : دیوانی سالم ، هەولێر ١٩٧٢) . تەواوی قەسیدەکە لە دەستووسی دووەم دا لە ژێر سەرناوی " وەسفی عەزیز بەگ بابان بە ئیسمێل پاشای رەوەندوزی " نوسراوە . بەڵام لە دەستووسی یەکەم دا نیە . سالم لە قەسیدەیەکی کەشدا باسی ئەم عەزیز بەگەی کردووە کە لە دەستووسی دووەم دا بەم جۆرە دەست پێ ئەکات :

" دەر وەصفی عەزیز بەگی بابان "
" دەڵا دنیایی پڕ شوورشربە دایم مونتەهای پەیدا
بە نەیرەنگ و فسونی ئەو لە هەر سوبی وێنا پەیدا "

لە م قەسیدەیە کە لە دەستووسی دووەمدا لە ٢٠ بەیت پێک هاتووە لە دیوانە چاپکراوەکانی سالم دا بە ناتەواوی و بە کەمێک جیاوازی پەیوەندی بڕاوەتەوە .

دمرع (ع • درع) : زری ، قطغان • خود : کلاوی ئاسنین کـــه له کاتی جەنگ دا له سەر کراوه ، له عەرەبی دا بووه به : خوذه • خفتان : جوره بەرگیکی تایبەتی بووه له زیر ئەسپابی جەنگەوه له بەرکراوه ، ته فتـــان (ع • قفطان) یش ئەوتریت •

۳۷ ــ کاران : لیدان و به یەکاهاتن ، شەر و جەنگ • سەرحەد : سنـــور • مولکی سنه : ویلایەتی ئەردەلان ، که پایته ختەکەی شاری سنه بووه •

ڕەشنوسی مه عرەکەی دەشتی مەریوان : مەبەس له عەبدوللا پاشایه که له سالی ۱۲۵۷ هـ / ۱۸۴۱ م دا له دەشتی مەریوان لەشکری والـــــی ئەردەلانی شکاندووه ، که ئەو کاته ڕەزا قولیخان بووه • شیخ ڕەزای تالەبانی (۱۸۳٦ ــ ۱۹۱۰) له دوا بەیتی قه سیده بەناوبانگەکەی دا :

" لەبیرم دێ سلێمانی که دارولمولکی بابان بو
نه مه حکومی عه جه م نه سوخرەکێشی ئالـ عوسمان بو

که ئەڵێت :

" که عەبدوللا پاشا لەشکری والی‌ی سنه‌ی شرکرد
ڕەزا ئەو وه خته عومری پێنج و شەش‌ساڵێ دەبستان بو "

مەبەسی له م ڕووداوەیه ، به م پێیه سالی له دایك بونی شیخ ڕەزا ئەکەوێته نێوان ۱۲۵۱ و ۱۲۵۲ ی هیجری بەوه که ئەکاته ناوەڕاستی ۱۸۳۷ ز • من سالی ۱۸۳٦ م هەڵبژارد •

۳۸ ــ کەروفەر (ع • کروفر) : هێزشێرکشانەوه ، لیدان و هەڵاتـــن • والی : والی‌ی ئەردەلان لەو کاتەدا (۱۲۷۰ هـ / ۱۸۵۳) کـــــه ئه ماناللاخانی دووه م بووه • جێش‌کەرو : مەبەس له هەورامی یەکانه کـــــه هێزێکی بەرەی لەشکری والی یەکانی ئەردەلان بوون • " جێش‌کەرو " بـــــه هەورامی به عەنی " جی بکه م " ، که ئه مێشووك " ماجو " (" ئەلیم ، دبێژم ") بو گالته به هەورامی یەکان وتراوه ، هەرووك چون به دەلی (دنبلی) یـه کانیشوتراوه " زازا ــ ظاظا " ، چونکه له وتن دا به زوری زا ایکی قطـــــه و ووك (ظ) بەکارئەهێنن • ئیستا ئه م ناوەیان به سەرداسەپاوه هەتا خۆشیان به خۆیان ئەڵین " زازا " • پشت بەند : پشتیوان • وەندات و جافـــان :

هه‌واڵنامه‌ی کێبڕکێ

هوزمکانی وەند و جاف ، کە لە چونیان دا بو کویستان ری یان کەوتوتە نـا و خاکی ئەردەلانەوە و زور جار توشی شەر و گیچەل بون بە تایبەتی لەگـــــەل هەورامی یەکان‌دا • جافەکان بە زوری کوچەر بوون و بی یان وتراوە " کورد " هەورامی یەکان نیشتە جی بوون و بە " گوران " ناسراون • " شەری کـــوردو گوران " لەناو کورد هواری دا باوە ، کە ئەگەرێتەوە بو سەردەمیکی زور کون تـر لە سەدەی نوزدەیەم ، بو سەردەمی نیشتەجی بوونی خەلکی تاوچەکەوخەریك بونیان بە کشت و کالەوە • بایانەکان خویان بە عەشیرەت دانـاوە نەك بـــــە بنەماڵەیەکی شـــــاری •

٣٩ ــ تایبری دەولەت : لە هەردوو دەستوسەکەدا بە م جووڕە نوسراوە " طایـــری دولت " ، ماناکەی بەڵای سەوە روون نی یە ، بەڵام ئاشکرایە کە مەبەستـــــە عەبدوللا پاشایە • شەهزیوەر : لە دەستوسی یەکەم دا نوسراوە " شەهزور " لە دەستوسی دووەم دا نوسراوە " شەرزور " • کە هەردوکیان لەو شوێنە دا مانا نادەن بە دەستەوە • من وای بو ئەچم " شەهزیوەر " بێت ، کە وشـــە یەکی لێکدراوە و ئەمبێتە ئاوەڵناو بو وشەی بەشو (ئەمر) ، کە بەسەر یەکەوە ئەمبێتە : فەرمانی ڕازاوەی شا ، بەڵام لە ڕاستی‌ی ئەم بوچونەم دڵنیا نیم • موستەعید (ع • مستعد) : ئامادە • خورەم (ف • خرم) : دڵخوش ، دڵشاد • بازان : پایەدار ، خاوەن دەسەڵات • تازان : بە تاوە ، پرتاو •

٤٠ ــ کەفە (ع • کفه) : تای تەرازو ، بە تایبەتی ئەوەی مەبەستی کێشانەکەی تیدایە • کەرەم (ع • کرم) : بەخشش • خەرجی شەهزەزور : دەستکەوتی دەولەت لە خەرج و باجی شارەزور • قاآن : خان ، نازناوی پاشاکانـــــی مەغول بووە •

٤١ ــ بە قینەت بی : دڵنیابە ، بە قین (ع • یقین) : بێجگەوانەی شك (گومان)

٤٢ ــ ئەهلی دانش : زانایان • حاتەمی بەخشین : وەك حاتم لە بەخشین دا دیارە مەبەستە لە (حاتم الطائی) ، لە هوزی (طی) کە ماوەیەك پێـــش ئیسلام لە (جزیرة العرب) ژیاوە و بە دڵقراوانی ناوبانگی دەرکردووە • لەم بارەیەوە گەلێك سەرگوزشتەی لی ئەگێرنەوە • حاتم شیعریشی وتووە و بە یەکێك لە شاعیرانی عەرەبی پێش‌ئیسلام (جاهلیه) دا ئەنرێت • وەك لە شوێنـــی خوی دا باس‌کراوە ئەم بەیتەی دوایی لە دەستوسی دووەم دا نی یە •

• ١

تیبینی :

۱ ــ تەنیا ئەوەندە مانای وشەکانمان لیك داوەتەوە کە تیگەیشتنی بەیتەکان ئاسان بکات بێ لێکۆڵینەوە لە بنج و بناوانیان ، چونکە نیاز لە نوسینی ئەم وتارە ، وەك لەسەر ناوەکەی دا دیارێ کراوە ، بڵاوکردنەوەی شیعرە بڵاونەکراوەکانی سالمە نەك لێکۆڵینەوەی زمانەوانی ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندەی بە پێویستمان زانیبێت ڕونکردنەوەمان نوسیوە .

۲ ــ لە بەرئەوەی لە بڵاوکردنەوەی قەڵەمی سەید مکە دا پەیڕەوی ڕێنوسی نوسخەی کوردیمان کردووە وە بۆ ئەوەی خوێنەرانی بەڕێز لە بینینی چونێتی‌ی نوسینەوەی قەڵەمی سەید مکە وەك لە دەستوسەکان دا هاتووە بێ بەشنەبن ، ئەوجە نمونەیەکی دەستوسی دووەم (۱۲ ب ــ ۱۹ آ) کە قەڵەمی سەید مکەی تێدا نوسراوەتەوە ئەخەینە بەرچاو :



۳ ــ ئەم جۆرە شیعرانەم ناو بردە " میژوویی " لەبەرئەوەی ڕووداوێکی میژوویی ئەگێڕنەوە ، بەڵام بێ گومان ناوەڕۆکی زۆرێکیان زۆمەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتیشیان هەیە .

٤ ــ لە لێکدانەوەی وشە بێگانەکان دا (کە بە زۆری فارسی و عەرەبین) هەوڵمان جارێ نەنوسراوە کە لە چ زمانێکەوە هاتوون ، چونێتی نوسینی ئەو وشانەش کە لەبەردا خراونە سەر ڕێنوسی کوردی ، بە فارسی و عەرەبی لە وێنەی دەستوسەکەدا ئەبینرێن .

ئاغدنگز (ت ، اقدنگز / Akdeniz) ،

ف / فارسی ، ع / عەرەبی ، ت / تورکی ،

وەرقەی من



کوردستان ، دی بهلبن دی ریزبن
خوشا خو ژنا خو ، خوها خو هیزا خو
ژیار بی دیار بی رزگار بی سلا ف بی
کوردستان .. کوردستان

xxxxx

چاند ژاری و سواری ، بی بهختی و بی نه ختی
بن دستی و نه ترکه ستی
بی هشی لو گر هه شتی
دی داخ کهیی بنبن
بن لاخ کهین بنبن
کوردستان .. دی بهلبن دی ریزبن

xxxxx

نیستمان کوژه مار
کهفیت بهس نه فیت لهس
ژه هرا ژه ش نه هرا که ش
ده فیت به ش به خت ژه ش
دی هه ژده کن لهن بها
دی دو بر که ن له ژبها
کوردستان .. دی بهلبن دی ریزبن

xxxxx

هەولێر ئەرشیفی کتێب

راد تکیت مالی مه
خو نه‌داریت سالیت مه
جوتیار تو پا لیت مه
بینجه را بخه‌جرا
بشا نازی بدل خازی
دکوژن بهرازی
کورد ستان ۰۰ کورد ستان
بی توفین بی جوتین
موفین تیر تو دوتین
خیزانیت فه روتین نه زانی ئه‌م موتین
دی هه لکه‌ین بزوتین
بهرانی پی گوتین

کورد ستان ۰۰ کورد ستان
برایه دگه لگه‌لا هه ئالین
چرایه له رجه‌لا دبزالین
دی ریژین روناهیا زه‌لالین
ژی بژین گونه ها را دمالین
دزیت مه فه ئه‌ژین تا ها تی
ره زیت مه ئه بلین خه باتی

۰۰

کوردستان .. کوردستان
عەرەب وکورد وگەل هەردوەتن برانە
ئیستەماروکە فێنت بەردەمێت خەرانە
کاردەزی و پیشەگری گونە و تالانە
بڕاندن و قەلاندن کاردە سێت گەلانە
هەرخەبات تاتە تەسلانە
ڕۆژهەلات لە چەمەنێت گولانە
کوردستان .. کوردستان

xxxxx

ئازادی دێ چنین
نە ئینس نە هینین
ڕنا خوە نرخە ملینین
ئاشتی ڕە شەنین
خوینا بوش نەوێنین
مزگینی بگە هینین
کوردستان .. کوردستان

هەوالنامەی کتێب

پاکانە

شیعرا
مظفر النواب

سەیران کەدویە بە کلاردا

گفتی دایکیک

ڕۆڵە گیان ، ڕۆڵەی زیندان ٠٠ گەڕەجی کوێی
بە لام بە چاوی دڵسۆزەوە بۆ لات هاتووم
مەگەر ڕۆژانی دێی زیندان بە چاوی دڵ بە دی دەکەی ؟
هەڵوێ بە ئەدی جگەڕ ٠٠ خوێنبەرت دی
کە منداڵ بوویت دەمکردیتە قەڵادوشکان
دەستەسڕۆنوڵەکانت لە ڕەعەبا شۆڕکەوە
لە سەر بڕۆم دەڵان
ئێستاکە شەمەڵە و بڕۆانە نێو لام سەین
هەوێن هەوێنەوم
بۆ وا بۆنی تۆبۆڵێن

چاوە کانت شە رەتی زینندە گانیم بو
گروگالت بە زمی شایی لوفانیم بو
سینەی ئەردو چاوانەت شیری مەمکی دامایەمە
رە شینە یان ، شە ونخونسی شە وانی کولە مەرگیمە
تا چاوە بچکولە کانتم کرد بە دو گلوپی روناك
گرو گالتم کرد بە قسە کاجە ماوە ری خاوینو چاك
تا رام هینای لە گەل دە ریای بیدادی زیان
بووی بە شەمپەك لە مە رگ نە ترسی بو زیان
مە بە ستت هینا فراوان بی
رزگاری بی بو گشت گەلان

×××××

ئیستا کورە کەتم لایە
شەوان بە دەم لای لیە وە دەلیم لایە
کوریەم لایە ٠٠ لایە لایە
سەرفرازیم لە خوگرتنی باوکتایە
رزگاریمان لە خەباتی هاوریانی بابە دایە
جەرگی جەرگەکەم لای لایە
خەفەت مەخو ، حزب لانکی منالیکە کە بی لانکە
حزب باوکی منالیکە کە بی باوکە
گەو پشتیە هەل واوە
بە خەتی وردلوی نووسراوە
هی باوکتە ، کەگەورە بوی لە پشتی کە

کاره کانی له‌ و ته‌ واو که‌
له‌ سه‌ ر یه‌ راسوت بهیه‌ سته‌ و بهاریزه‌ ...
ته‌ وه‌ یه‌ ساپورتی ریگه‌ی سه‌ ر بلند و سه‌ رد و ریزه‌
روله‌ له‌ مانه‌ت بی ده‌ لیم
تا ، که‌ سوردم .. یه‌ له‌ یراحه‌ ت چاو لیك بنیم

xxxxx

روله‌ی شیرین ، مه‌ ناسه‌ که‌ م
خه‌ می کوریه‌ ت مه‌خو (لایه‌ی) وای بو دمکه‌ م
کورم ، زامداری له‌ نوستو
له‌ زیندانا تازار دای ؟
سینگت بینه‌ ، زامه‌ کانت له‌ سنگی گفتم هه‌ لمسر
تا ، وه‌ك گولا له‌ بونیان کم
بلیم نوخه‌ی ، شوکوریه‌ نجم به‌ با نه‌ چو
باوانه‌ کم توی کولمکه‌ی خانوی شیوام
توی به‌ هاری ته‌ مه‌ نی خه‌ زانی ته‌ نهام
کورم تا نومیدم له‌ که‌ی
ره‌ نجی زینی کوله‌ مه‌رگیم به‌ با نه‌ ده‌ی
روله‌ نه‌ که‌ی وره‌ بمر ده‌ی
روله‌ نه‌که‌ی به‌ ره‌ه‌ می خوشروشی زامه‌ کانت ساریژ بکه‌ی
زامداریك خاوه‌ ن وره‌ بی .. زامکانی دری مه‌ رگ
وه‌ك ره‌ شه‌ با ، وه‌ك بروسکه‌ ، وه‌ك گه‌ رده‌ لول د مگرمتن

مـه رهـه مه کان وه فز ده کـه ن
ساوغی بەکان وه ت د مکه نه وەونه فره ت ده کـه ن
مـه رهـەو ساوغی یان ته نیا ئاگیو ئالای شـورشـه
هـه لمه ت سـەختتو هەرشـه
باوانـه کەم ، بوینـه کانت ئـه وانه مـەرهـه میانه
نه ك (پـا کـا نـه)
چـونـکه ده لـێـن :
بـه بیانوی نان پـه یـدا کـردن
بو بەرسـیتی ژیـانـی مـن
پاکـانـه پـەرده کـه یتـه وه
وا هـاتمه لات لـه خـوەی بەبەخـه وڵـه
شـەرم بـه تو تـك حـه لال بـێ
نـه ك له و کـوڕه ی پاکانـه ی له خـەیال بـێ
کـوڕم مـن حـه ز د مکـه م گـه ڕم له چلـکانا
وڵـه من حـه ز د مکـه م بەرم له بۆسـانا
من حه ز د مکـه م جاوەکانم کـوڕه ڕێز بـێ له ژنـدانا
بـه لام کـوڕمکـه م بـه ڕنـه بی بـه پاکانـه
وڵـه ئـه وه ی پاکانـه پەرد مکـاتـه وه
دووباره کـوسـت ده خـاتـه وه
شـه هـەد مکان لـه نوی شـه هـەد د مکاتـه وه
نـاوی پـاکانـه نـه هێنـی

سه‌ ریاوی لهم زه‌ بونیهم ، نه‌ که‌ی شه‌ره‌ فم بشکینی
روله‌ نه‌که‌ی ریگه‌ی خوتو هاوریکانت ببر چیته‌ وه
بگوشه‌ تونه‌ د به‌ خوته‌ وه
ته‌ ماشای پرچه‌کانم که‌ هه‌ مو سپین
هون هون هه‌ موم هوتیه‌ وه بو ره‌ وا بونی تو بو زیین
بلی دایه‌ ... سوینه‌ د بی به‌ و پرچه‌ سپی یانه‌ت
دلوپ دلوپ سوینه‌ د بی به‌ شیری حه‌ لالی ئه‌ و مه‌ مکانه‌ ت
تو دایکمی و سه‌ری دایکیك نا نه‌ وینم
به‌ شیوی گوشی کرد بم
بینای حزیبك نا روخینم
به‌ خوینم گوشتم کرد بی

×××××

قسه‌ی خوشکیك :

کاکه‌ گه‌ ره‌ و ساردی هه‌ مو زینداته‌ کانم چه‌ شتوه
هاتومه‌ لات ، جنیو و تف و نه‌ فره‌ تی پاساولم به‌ داوینم هه‌ لگرتوه
نزاو نزام رژانوته‌ ژیر پوستالی ژه‌ ند ره‌ مه‌ وه
شیشی ژه‌ نگاوی زیندانم به‌ زمانم لستوته‌وه
که‌ چی ئه‌ نجام له‌ سوچی روژنامه‌ یه‌ کدا به‌ پاکانه‌ پرکرد نه‌ وه
پاداشته‌ کم ده‌ ده‌ یته‌ وه ؟
ئه‌ و خه‌ لکه‌ ش بیخوینه‌ وه !
هه‌ تا ما وین قیزو بیزمان لس بکه‌ نه‌ وه

بە بێ پیلاوی نە فرمت شەرە فەمان پێلیشینێنە وە
ئاوا پاداشتی ئازار و شەونخوونی من و دایکم دەدەیتەوە
چون لە رووم دێ بچمە لای ئەو خوشکانەی کە چاوەروانن
تو کەی جەرگی سووتاویمان بو بسینی ..
وا هاتمە لات ، لە خوێی بپێستە کاکە
من حەز دەکەم رووم رەشکەیت و بڕچەکانم بقرتێنن
بەڵام هەرگیز ناوی پاکانە نە هێنی
کاکە چی بکەین ، بیر بکەوە کاکە چی بکەین
مە گەر زەوی قووتمان بدا
مە گەر ئاسمان هەڵمان کێشی
ئەگینا چون لە رووماں بین
دوای پاکانە ، روو نیشانی خەڵکی بدەین ؟
لە ئاستی ژنی گەرەکدا سەر هەڵبڕین ؟
چون باست کە یین ؟
چون لای لایە بو تاقانەکەی خوت بکەین ؟!
کەتو هەر بو وگیانت پیسی بی ، سەر شۆری بی
کاکە گەر ئەوە نیازتە بو لای ئیمە نە یە یتە وە
سێکتر .. سێکتر
پاکانەی ناو رۆژنامە کە و خوشت ... سێکتر
ئیمە بیاویکمان بو چیپە .. کە پارچە یە
پیاوەتی بی شێل کراوی جەرپدە یە

هەر بە رۆژنامە کەی لای خـوت ،
بی ئا بڕوویی و سەر شوری ی خوت بپیچـــــەوە
هەتا تو هەی لە زەلکـاو دا بتلیـــرەوە
بەلام هەرگیز بو لای ئیمـە مەیە رەوە
چون پاکـانە لەگەل دەکـــەی
ئیمەش هەروا پاکـانە لە ناوت دەکەین
دڵنیین ئەی گـەل ، لەم سەر شۆڕە جاوان بو لە زەلیلی یە
کوڕســان نیـــە ، کاکیان نیە ، کەسیان نیە



■ فەرهاد عەبدولقادر ●

سێبەتا باران بوو نەهاتەو کەپی پاش
بەرەبەرو ئەو ڕۆژە من و لوتکەی زەردە بە ڕۆکسان
بو شنەی ئەو با خێنکە کردبوومو کە ئاسارەتەی
لەهاتنی و ماندو بونی وشك ئەکرد پێنەسوە و
هێلکەنی پەسەر جەستەماندا ئەگەڵ بانده دەرونی
کەرم و بەرۆکاومان .. کەلاوکولی دەرختەکانیش

بەرۆکی زەردەمی نازداریش بەدە
کەوبکی کوێستانەوە وەها جوان و ه
ئەشنانەوە کە لە دەبان سەمای ئالە
کەبەرەکانی ئەلاری قەیسەرەکان جوان تر و دل
رفێن تربون . منیش دەمێك بو سەودای عەشقی
ئەم دێمەنە و دیدەنی زەردە و بێشەرگەسە و
ئازادی گیانی کلولی ڕابێج ئەکردم پێویسە
هەمکاوەکانم کۆبکردەوەو لەتمك گابەردێکی بی
دە ئەنگە و ئارامدا وە ستام و ڕێگەم لە پەیژی
دەر و دەرێزی پێشەرگە کان گرت ، پەچاو
سەر نەدم ئەدا و گوێم بو ئاوازی تێکەڵاوی
قاسپەی کەو و خوێی ئاو و کڤڤی پای نێساو
کەر وەکە ڕائەگرت هەموو هەستم لەناو تەنە و
پانوراما جوانەدا ئەتوانیوە کاتی ئازاد وتی :

— ئەو کەوە بە ئارەزوی خوی ئەخوێنی .

لە پاش ئەوەی وەڵامی ئەو بدەمەوە لە پێناو
خۆمەوە (— بڵێی ئەو کەوە نیچیر پەسەندی —
پاشان ڕوم کردە ئازاد و وتم :

— کەس ئاوازەکانی ماسنێر ناکات .

— ڕاوچی نەبیت .

خێرا ئەو دێرانە شیعرەم هاتەوە بەر چاو کە
لە هەمو لاپەرەکانیدا خەتی ڕاست و چەپی
ڕەقابە باخچەی ووشەکانی دڵ بەند کردبون ..
(ئەت وت هەزارەها مرۆڤی ئازاد بخوازن و لە
بەند بخانەدا دەمێان بە تەلی دەرگاوە
ئەنواوە .)

ئەو پیر کردنەوە تاڵە لە قاسپەی کەوی

بزار و لە سەرنجی بەروکی سەو وزی زەردەی
ترازام و بەلی کەروکی کیانی کسیرایسەوە
نفسی دەرونی تاریکم و تکسانیکسی
تونەی دا بە یەکەم هەنگاوم و کەوتمە ری ...
بەدەم رویشتنەوە بە ئازادم وت :

ـ کەوتا ئەزی بە ئازادی تەنویش .....

(بەلام شاعیری کورد تا نەبیتە یاوەری گەو
و کێوستان هەر بە دیلیش ئەزی .)

* * * * *

جارێک سەناتۆکی تریەستم هەڵگران
بە هەوارێکدا و ئازادی کردم بەڵام هەر
بەر لەو هەموو بڕە کورد بە سەر زەوی
ئاکردەوە کە دیل ئاکرێن ... هەستم
نفسی سەرزیندوو ئازادانەی دەدا
ئەمبینەوە کە لە گەڕی شاخەوە کیژ و ئاژەڵ
ئا ئەئێنەوە .
یان ئەمن بەکێی وشەکانیان خامۆش
بکەم یان لە خوێنەرێستەکانیان شەرە
ئاکرێن .
ئازار لە تاریکی ئەو بیرە قوڵەی لێکدانسەوە
دەری هێنام کە وتی

ـ هەموکەس ئەمبانجە ئەڵێن .

ـ لە زیندانەکاندا ... (لە و شەپرانەش
کە گوڵ ئەستێرەی بیر و هەستیان بەسەر دەنسە
دونیای تاریکەوە ئەوا لە تاریکی زیندانەدا)

ـ چیبان بەسەر دێ ؟

ـ پشتیان لەژێر ئامێر ئا چەماوەتەوە
ئی دەدات .

(بەڵێ بڕوسکەی ئازار لە باتی ئاوازی
شیعری جوان هاواریان لێ هەڵدەستێ
بەڵام تاریکی زیندان ئالیان هەڵ
ئەلوشێ)

کە گیشتینە بەر سالانێکی هەمیشکی بەسەر
کانیەکی سارد و کەروکاڵی کردەکێو و ئافرەتی
بە روالەت شارستانی پێشوازیمان لێ کرد .
بەدەم سلاوەکەوە هەر دوو یەم لە پەڵەوە
لاستیکە گەورەکانیەوە بۆ ناو هەوزێک

ئەوی حسابی ئازادکەسی لە بڕگەی پێنجەم
هەڵدەگرا بە جێستەی ماندوو و رەنگ پەڕی
کێبە شاربێ جاڕی شەرمن و دڵی بەرتەسەی
کردە باڵەخی ئازەوی شاردوو .
فەرماندەی دەزگەکە پاکی کردم :

ـ ئەمانە کەوکانی عاوری هیوان .

ـ کام هیوا؟

هیوای تیلە سەوزاوی و دەنگ دڵنیەم
هاتەوە یاد کە لەگوڵ ئیمە ئا گیرابو (هەمیشە
بیری لە هەڵاتن ئەکردەوە ... بەڵام باشبوو
زوو بدرێ)

بەدەم تێرتن و خەیاڵێتی بەوە هەڵسم
بەڵاوە بڕۆمکانم لەبن کردەوە و بەرەو ڕووبان
چوم ... بەخێر هاتنیکی گەرم و پڕ لە
ئەوازیم کردن .

دایک و خوشکی هیوا خوێان ئاسا ئە
بەڵام کێبکێ نەبردە بەهاری پارێزو جوان
بە دوو چاوی ڕەش و کڵێش شەرمنەوە چەند
قسەیەکی بڕگاری کرد بۆ ئەوەی ئە

دەر بهری کە کی یە ... ویستم تاوی لەگەلیان دانیشم بەلام ئازاد بانگی کردم و چرپاندی بە گویما : ئەوە دەزگیرانەکەی هیوایە .....
ئەجا هەموو دەوروبەران دان و بە ریسکەس خۆشترەوە لەگەلیان دانیشتین و لەگەلیاندا گەرمبنە قسەکردن

بۆ دەنگی ئەو کچە جوانە تا دێ هیلیر
داری شارەبۆوە ڕۆشنایی جوانیشی
(حوزنە) ی هەموو پیشمەرگانی چرواندبو
دایکی هیوای هەمووانی خستبوە تامەزۆ
سەر و قسە خۆشەکانیەوە

ـ هەموتان هیوان

ڕەو بەراستی و لەڕۆلای ...
... ی وەک هیوا ئەبینی (بەلام کچە
یەک هیوا لەدڵیا ئەی) بۆیە لە باتن
... لا و سەرنجیش تیژی ئەو هەموو پیشمەرگانەدا
تەنەنگەکانیانی ئەبینی . هەر لەبەر ئەش
... یە قسە و ڕۆتی :

ـ هەموتان لەم تەنگانەتان هەیە؟

دایکی هیوا هەڵی دایە :

ـ تەنەنگەکەی هیوا تەڵەی بۆکە

ـ جوانە ؟

... کەکەی بەلاقرتیەوە ڕۆتی :

ـ وەک تۆ بۆکە !!

(ئەمارەبۆکیان بۆ هیوا هێناوە ... کچە دەزگیرانی جیاوازی چەند ساڵەی هیوایە .) دایکی هیوا بە دەنگێکی پڕ لە خۆشەویستی و بە دەنگێکی کەشوە ڕۆتی :

ـ ئەمە کاڵی ی هیوا کیانە .

... دایکی ئافرەتێکی ڕووبار ، پڕبێتی بە گنجینەی ئەزموون ، ئەگەر ماندووبوونی خەتری دڵی دایکە پیشەرگەکە لە سەرەتای بوایە ئیستاش لە ژیانێکی جوان و خەمبار ئەچوو ... قسەکانیشی وەک خۆی ئەوقەریار نەبوو ، هەرپاس هیوا و هاتنی هیوایار ئەکرد بەڵام ئەو چەند پرسیارە هیواو ئیکرد .

لەکاتی قسەکردن و بەشمول بوونی ئیمە فرمانەدەی مەفرەزەکە بۆ سەرانی ... کەرتەکەیان ئەمری بەجێ هێشتبو بەڵام خۆشکەکەی هیوا بە پێچەوانەی خۆگری بەر پیشمەرگەکانیەوە زۆر پرسیاری لە کرد :

ـ چی بۆ ، ئەگەرایەوە ، لەکوێیە ؟

کاڵی خۆی ئارەزوی بەهیوا گەیشتنی لە چاو و دەم و جاڵیەکیا دەردەخست بەڵام کەمێ وەک پیشمەرگە ئەم و خۆگرو بۆ ، ئۆزگاڵی لەو شەوەی و تامەیەن بە زمان نەئەدرکاند .

لەو ساتە خۆشانەدا کە ئارەزوی سیداری دا بۆ کۆرەکەی و کاڵی بۆ هیوا و خۆشک بۆ براکە و ئیمەش بۆ هاوڕێکانمان ڕزابوینە ... ئەمینی سەوزی زەردەوە ، بیرت و ڕۆتی کۆکاڵی ئەو هەندێ جڕەجڕیان وەک بڕوسکە گەیشتە گوێ و هەناوم ... ووشەی (شەهید) وەک ڕە شەماڵێکی سامناک خەندەی گڵۆی لێ لیوم تەوەڵا کرد .. (بڵێی کارەساتی ڕووداو

دایکی) .. گوێچکی هەمووم دا بە دەم پیرە
دروێنەکەیەوە پەژارەی دەرونم بنارمەوە وەڵامم
بڕانم چی بوو .. بەڵام هەر وەک ڕاکار و شیواو
بە چەند هەنگاوێکی لەرزۆک خۆیگە پاندە ئەو
پیشەکانەی چرپەکەیان دا بە گوێمدا .. بە
ئەسپایی پرسیارم کرد (چی بوو ؟)

ـ پیری ئیوارە لە سەرگەردانە پارێکە
شەرێکی سەخت بوو .

ـ کەس شەهید بوو ؟

ـ نە لەبەر شەهیدان نەبوو .. زۆریش لە
دوژمن کوژراوە .

بە زمرە خەندەیەکی کوژاوەوە گوڕانی
کاڵی وەک هەستی بە هەناوی هەژاری کرد بێ
پەر دەی ئاوایی خۆی لەبیر و ووتی

ـ ئەگەرانە وە ؟

گەلی هەمووم دا ئاسایی وەرام بدەمەوە بەڵام
کە ووتم :

ـ ئیمە ئەگەڕێینەوە

لە ڕوخساری کاڵی دا شێوەی ناڕاستی
هاتە بەرچاو بە ئاڕەزوی کە هەڵسایە سەر
پێی و وەک لاوازە بە هەستی ناسکی هەڵگەڕا
و بە هەردو باسکی خەتێکی ڕاست و چەپی لە
سەر سینگی خۆی دروست کرد ، جگە لەوەی
ترسێکی تەنگی خۆی ئاشکرا کرد هەستی
ئەوەبە تە ڕاستەر چەپانەشی هێنایەوە یادم
کە لە سەر جامانەکانی دوکان و پەنجەرەی
خانووەکانی شار بە چەسپی کەوتوونایەتن
لە ترسی دەنگی فڕۆکەی جەنگی و تەقینەوە ،
هاوڕێی شوشەکانیان گێشابویان .. (هەموو
ئەو خەتە ڕاست و چەپانەی سەر سینگ و سەر
جامانەکانیش ، وەک ئەوانەی سەر لاپەڕەی
شەهیدەکان نیشانەی قەدەغە ئەنوێنن .)
(ئاخۆ ئەگەر ئەو هەستە بە ترس و سڵەمینی
دەنگی شەر قەبارەیە ئیستاکە ئەو دوو باسکە
سپی و سوڵەی ئەو شتە ناشیرینەیان ئەهێنایەوە
یادم ؟)

دایکی هێوا لە سیمای من و هەڵسانی
سەیرەساری کاڵی دا خەمێکی پرسیار و ترسی
کرکردە وە و ووتی :

ـ هێوا نەمان و ئەمەدیش نەگەڕایەوە .

ئەو قسانەی کە بە دەنگێکی پڕ لە ترس و ماتەم
باڵی ڕەشی بەسەرماندا کێشا خۆشکە چرپەنە-
کەی هێوای ڕاپەڕاند ، کوڕێکی دا بەسەرەم
ڕاوەستاند :

ـ دەبا ئەوە بچین .

کاڵی بە ڕاست و چەپدا گەوتە پشکێنینی جادە
پشەوەگەکان ، دوودڵی و گومان
نیشینی یەکانی خستە ووڕە بە دەنگەنگی
لەو ڕۆکەوە ووتی :

ـ دەبا بچین .

دایکی هێوا وەک کەسێکی ژەهڕاوی بڕسی بە
لای ڕاست دا شاڵاوی بڕد .

کە ڕوانیە فەرمانەی مەفرەزەکە بوگەرابوەوە
بە ئیشارەتی لەم پرسیار و دیمەنە ڕزگاری کردم .. بەڵام هەر بە سامێکی گەڕا

و دڵیکی پڕ لە خۆشەوە چوم بۆ لای و بەدایکی هیوام وت :

ـ دانیشە بزانم بۆ نەهاتوە .

کە تەواو لە فەرماندە نزیك بوومەوە بە دەنگێکی پڕ لە گریان و ڕوخسارێکی شپاوەوە وتی .

ـ بیری هیوا شەهید بوە .

لەجیاتی زۆر هەوڵم دا ئەم هەواڵە و هەستی ناسۆری خۆم بشارمەوە ، کەمامەوە هەموو یان هێشتا بە بیوە بوون وتم :

ـ هیوا دوور کەوتۆتەوە لە چاوی چەند ماڵی ناسنایەك .

بەڵام کاڵی لەوە زیاتر بوە ئەو هەموو کەین و بەینەی بەسەردا تێپەڕ بکات . وەك بیەوێ بڵێ هیوا هیوای منە بۆچی قسەکەت بەمن ناڵێی یەدەنگێکی نەوە وتی :

ـ بۆ کوێ چوە ؟ بۆ بەدزییەوە پێی وتی .

هیرا خۆشگە بێ ڕەحمی هاواری کرد :

ـ تۆخوا لەکوێیە ؟ با بێتەوە .

بەم قسانە و چوبە و قسەی من و ئەحمەد لێی ناخەوە دایکی ڕاچڵەکاند و بە دەنگێکی پڕ داکرەوە وتی :

ـ بۆ کوێ چوە ؟ با بگەڕێتەوە .

پەند هاوڕیەکم لەگەڵیان بەجێ هێشت وپشتم کردە چاوی پڕ گومان و پرسیاریان و وتم :

ـ بچنە ماڵی دوستی .. ئەچم جوابی بۆ ئەنێرم .

بەناو دێدا وەك تیسکەی تفەنگ تێپەڕیم و بەرەو سوراخی هیوا کەوتمە ڕێ .. هەزارەها دیمەنی شایی و شیوەن لەبەر چاوم ئەهاتن و ئە چون .. هیوا و دەیان هیوا ئە هاتنەوە بیرم و هەر تەکانم ئەدا تا لە پڕچیکی .... دەنگی (ئای) ەکەی کاکە حە مە هەڵوێستە یەکێ پە فەرماندەی مە فرەزەکە کرد و پاشان ئاوڕێکی دایەوە :

ـ لەوە (ئای ئای) لی ئەدا

ـ ماناى چیە

ـ بزانن تەرمی شەهید هیوا لە کوێ شارەزایەتەوە .

ئازاد بەرەو کەروی نایەکە ڕوی و ئەنجا بە ئاقارێ ئیشارەتی کاکە حە مەدا کەرایەوە پێشمان کەوت ئابن دار بەرێیەکی گەوزە .

* * *

بە دڵیکی پڕ لە ژان و هیوایەکی گەورە ترەوە نوزەی (ئای ئای) نایەکەم بە جێ هێشت بەڵام ئیستاش زایەڵەی لە گوێما دەنگ ئەداتەوە .

((ئەتوانین هەتا هەنایە لە بارەی
دایکەوە چەندان داستانی درێژ بسوو
یەکتر بگێپنەوە)) .

هەرمشمیان لە هینی ناو شارەکە ئەکرد
تری شارەکەی داگرتبوو .

لەسەر دیوارەکانەوە ئالقەی گەمارۆ
دانی شارەکە دەرئەکەوت کە ووڕ بە ڕۆژ
ئەهاتنەوە یاد .



هەوالنامەی کتێب

چەند هەفتەیەک بوو کە ڕۆژەنانی
شارەکە شارەکیان خستبووە ناو ئالقە
یەکی بچووکەوە و گەمارۆیان دابوو بسوو
ئاسن و پۆلا خۆیان داپۆشی بوو شەوانە
لە دەور و بەری شار ئاگریان ئەکسرد دەوە
هەر وەکو لە تاریکایی دا چاوی مسوور
ئەسانای شارەکە بکات تیشکی ئاگرەکسان

هیچی چەتەکان لەناو کێلگەکانسی
دەور و بەری شارەکە بەدی ئەکرا دەنگسو
حیلەی ئەسپە تیر لەبەرەکانیان ئەهات
گرۆتاخەلك و چەکەکانیان وەکو هسەد
بڕوسکە ئەبریسکایەوە و قاڵای پێکەنینسا
ئەهسات . ئەوەندە لەخۆیان بوو بسوون
کە دەنگی گومانیان لە هەموو شتوبێکسو

شارەکەوە ئەبێسترا ئایا هیچ شـــتێك
هەیە بە قەدەر پێکەنین و سەردا و ئاوازی
دڵی دابخرۆپێنێ ؟

چەندکان هەموو ئەو جۆگایانەیـــان
پڕکرد بووە کە ئاویان پێ ئەهات بۆ شارەکە
دار و درەختەکانی دەور و بەری شارەیـان
هەموو سەوزیانە بوو کێڵگەکانیان پێ کـــوت
کرد بوو بێشەو دار و درەختە بەرەکانیان
هەموو بڕیبووەوە شارەکە لە هەر چوار لاوە
بەدی وا لابوو هەموو ڕۆژ شارەکە ئەدرایە
بەر دەست ڕێز و تێپڕی ئاگراویان بۆ ئـاو
ـارەکە هەڵئەدا چەندان ئەســـتێـــرە
ـەرازی نیوە بڕەسی کە لە شەردا شکەت
بوو بۆن بە ڕوخساری ئالۆز و حەماوی بەوە
ـاو کۆلانە تەنگبەرەکانی شارەکـــەدا
ـاڵ چوبان ئەکرد

لە پەنجەرەی ژوورەکانەوە چەندان دەنگ
هاواری بڕیندار و ناڵەو دوعا و نزۆلەی
یان و شیوەن و گریانی منداڵان ئەبیستـرا
هەموو لەگەڵ یەکتری قسەیان ئەکرد و لـــە
ناکاو قسەی یەکتریان ئەبڕی و بەسەر یەکتریەوە
گریان ئەکرد . تۆبڵێی ڕۆژمن خەریکـــی
پەلامار هێنان بێت ؟

بەتایبەتی هەموو شەوێك سەرلـــە
بەیان زیانی شارەکە زۆر ئالۆز ئەبـــوو
بەتایبەتی کە تارمایی چەنەکانیان لـــە
ـیەوەکانی دەور و بەری شار دا بەدی ئەکرد
کە خۆیان ئەخزاند بۆ ناو کەلاوەکانی قەراخی
شار مانگ کە وەکو قەلغانێك کە لە مەیدانی
شەردا کۆتایێت و شمشێر کاری کرابێـــت
لە سەر لوتکەی کێوە بەرزەکانەوە دەرئەکـــەوت
لە کاتی تاریکی دا دەنگ و ناڵەو شیوەنـــی
خەڵك زۆتر و بە ئاشکراتر ئەبیسترا .

ئەو گومانەی کە لە یرسانا مـانـــدو
شەکەت بوو بوون و جارە ڕوانی ئەوە نەبـــوون
کەسێك یارمەتیان بدات ڕۆژ بە ڕۆژ هێـــوا
بڕاوتر ئەبوون خەڵکی زۆر بەترسەوە سەیری
تیشکی ئاگشەوەکەیان ئەکرد لە ســـەر
لوتکەی چیاکان و سەرنجی تاوێکانی نـــاو
شیوەکانیان ئەدا و گریان بۆ هـــەوا و
زمانی ناو هەوردکای چەند ڕۆژێکـــان
ئەگرت . هەر یەك لەم ڕوالەتانە سەرنـــجی
ئەهێنایە بەر چاوی خەڵکەکە هیچ کەسێك
ئەستیرەیەکی هیوای نەئەدی کە سەیـــرێکی
خەمی خۆی پێ بناتەوە .

بەترسەوە ئاگر و چرایان لە ژوورەکـان
دائەگیرساند کۆلانەکان چکەلە تەنگبـــەری
زۆر تاریك و نوێنەك بوون لەو کات و تاریکیەدا
ژنێکی ڕەش پۆشی وەکو ماسی ناو ڕوبارەکان
بە کۆلانەکانا هاتوچۆی ئەکرد کاتێـــك
کە خەڵکەکە چاویان پێی ئەکەوت لـــە
یەکتریان ئەپرسی
ـــئەوە ؟
بەڵی ئەوە !

دەم و دەسی خویان لە رارەوە تاریکەکانی
کولانەکانا ئەشاردەوە و بی دەنگ ئەبوون
یان بە پەلە بە پالیا تی ئەپەرین و سەریان
نەوی ئەکرد ، سەردەستە ئیشکچی یەکان و
یاساولە کانیش هەموو بەقینەوە سەریان
ئەکرد
ـ هـا ماریانا خانم دیسان بە
کولانەکاندا ئەگەریت؟ ئاگات لە خوت
بیت ، نەوەک بت‌کوژن کەس‌دوای پیاو
کوژەکە ناکەوێت ....

ژنەکە راست ئەبووە دانی بە خویدا
نەگرت ، یاساولەکان بەلایانی ئەپەرین بی
ئەوەی دەست لە رووبا بەرز بگەنەوە هەروەکو
بی یان شەرم بیت قسەی بی بلین پیاو
تازاری بدەن ، پیاوە چەکدارەکانیش
لی‌ی دوور ئەکەوتنەوە و دووبە پەریز لی‌ی
ئەوەستان هەروەکو بەلای مردوویەکدا بڕۆن
ئەویش لە تاریکاییەکەدا خوی حەشار ئەدا و
لە دواییدا بەلایەکدا ئەرویشت .بی دەنگ و
رەشپوش هەروەکو سوونەی بەدبەختی شارە
کە لە کولانیکەوە ئە چوو بو کولانیکی تر .
هەرلایەك ئەرویشت گوێی لە هاوار و نالەی
خەلك و جنیودانی سەربازەکان و نزا و
هاواری ژنان و شیوەنی منالانەوە ئەبوو .
ئەمانە هەمووی جەرگیان ئەبری و شازار
یان ئەدا . ئەوژنە کە دایکیش بووو
یەکێکیش بوو لە خەلکی شارەکە هەمیشە
ببری لە نیشتمان و کوژەکەی ئەکردەوە

کوژەکەی زور لاو چاك بوو بەلام زور
زو بی بە زەبی بوو سەرکردەی ئەو کۆمەلە
چەتانە بوو کە ئەیانویست شارەکە ویران
بکەن تاماوەیەك لەوە بەر دایکەکە بە
سوزەوە سەیری ئەکرد و خوی پیوە هەل
ئەکێشا ئەوی بە گرانیە هاترین دیاری
خوی ئەزانی کە پێشکەشی نیشتمانەکەی
کردووە بە باشترین دڵسوزی نیشتمانەکەی
دائەنا وای ئەزانی بو خزمەتگوزاری
خەلکی شارەکە لە دایك بووە ئەو شارە
مەلبەندی هاتنە دنیای هەردووکیان بوو
دیسان هەرلەو شارەشدا گوڕەکەی
پەروەردە کردن هەزاران جور سوزی
پیوەندی و خوشەویستی نیوان ئە و
دایك و فرزەندە و شارەکەیان کە بە باب و
باپیرانیان بۆچیتەیان داناوە و رەنگیان
رشتوە لە دڵی ئەو ژنەدا سەری هەلئەدا
کەچی ئیستا ئەو دڵە نزیکترین و دڵسوزترین
کەسی خوی دوراندوە ژنەکە لە کاتی
ئەم بیرکردنەوانەدا ئەگریا هەناسکی ئەدا
ژنەکە کوژەکەی شارەکەش هوش‌ئەویست
ئەگەر سوز و خوشەویستی هەردووکیانست
سواتا کوژەکەی و شارەکەی ـ بەستبایەتە
ناو تەرازوێەکەوە ئەیئەزانی کامیان قورستوە

بەمجورە ئەوانە بە ناونا‌ریکایی
کولانەکانا ئەگەرا ئەوکەسانەی کە ئەیان
ئەناسی ئەوانەی رەشپوشیەکەیان وەکو
نموونەی مەرگ ئەهاتە بەر چاو ئەوکەسانەش

کە ئەیان ناسی ـ وەکو دایکی خاینیەتی
لی ی دوور ئەکەوتنەوە . بەلام شەویکیان
لە کولانیکی تاریکی بیرونی شارەوە لە
گەل ژنیکی رەشپوشی ترا بە یەک گەیشتن
ژنەکەی تر لە قوژبنیکی تاریکدا هەلتروشکابوو
چاوی بریبووە ئەستیرەکان و ئەپارایەوە
لەو لایەوە سەرباز و پاسەوانەکان لە سەر خو
قسەیان ئەکرد و دەنگی لەولەی تفەنگەکانیان
ئەهات کە ئەیاندا لە قەدی دیوارەکە

دایکی سەرکردەی چەتەکان لێی ی
پرسی :
ـ میردت هەیە ؟
ـ نەخێر . . .
ـ برات هەیە ؟
ـ کورەکم هەبوو بیردەکم دووهەفتە لەمەو
بەر کوژرا و کورەکەشم ئەمرۆکە . . . ئەمەی
وتەو هەستا و لەبەرخۆیەوە وتی :
ـ خوا ئاگاداری هەموو شتیکە و بە هەموو
شتیک ئەزانیت و من سپاسی ئەکەم و . . .
شوکرانە بژێرم
دایکەکە وتی :
ـ بۆچی وائەلێیت ؟
ژنەکە وەلامی دایەوە
ـ ئەمانە لەسەر پاریزگاری نیشتمانەکەیان
کوژراون بەریز و شەرەفەوە شەهید کراون
ئەتوانم بە هەموو دلنیاییکەوە بڵیم ئەگەر
وەکو کورەکەی ماریانا خیانەتی بەشارەکەمان
کردبایە و بیوایەتە سەرکردەی چەتەکان و
دوژمنی خوا و خەلکی شارەکەمان بوایە
چیم بکردایە لەو جۆرە دایکەی کە
پەروەردەی کرد .

ماریانا ڕوی خوێن داپۆشی و دوور
کەوتەوە بەلام بۆ سەینی زوو خوێ گەیاندە
پاسەوانەکانی شارو ووتی :
ـ یان بمکوژن لەبەرئەوەی کورەکەی من
دوژمن ئیعدیە یان دەروازەی شارم بۆ
بکەنەوە تاکو بچم بۆلای کورەکەم . . .
پاسەوانەکان پێیان ووت
ـ تۆ مرۆڤێکی ئەم نیشتمانەی گیرەکەی تۆ
هەروەکو دوژمنی ئیعدیە لەبەرئەوە .
ـ من . دایکم . . من کورەکەم خۆش ئەوێت
بەلام شەرم ئەکەم و خۆم بە گوناهبار
ئەزانم کە کورەکەم بەو جۆرەی لێ هاتووە .
پاسەوانەکان گەلێک قسەیان بۆکرد پێیان
ووت
ـ ئێمە ویژدانمان ڕگامان نادات کە لە
سەر گوناهی کورەکت تۆ بکوژین یەکسان
ئازار و سزات بدەین . . ئێمە لەوە دڵنیاین
کە تۆ بەو جۆرە ئامۆژگاری کورەکت نەکردووە
کە دوژمنایەتیمان بکات ئێمە ئەزانین تەنیا
تاج زێدەیەک ئەم کارەت بەلاوە ناخۆشە
هەروەها ئێمە تومان وەکو بارمتەی شارەکە
گل نەداوەتەوە چونکە کورەکت هیچ خەمی
تو نا خوات و بە تەنگی تۆوە نیە . ئێمە
لەو باوەڕەداین کە ئەو ئەهریمەنە بەتەواوی
تۆی لەبیر چوونەوە ئەگەر تو واتیبگەی کە

سەرا ئەدریت ئەم سزایە بۆ تۆ بەسە
بە پیرۆزای نیە ئەم سزایە لە منۆگ ئاسا
خۆشترە .
دایکەکە دڵسان دڵتی :
ـ بەڵی ئەم سزایە. تۆندترە . . . .
دەروازەی شارێکیان بۆکردەوە و لە شار

کۆشکانە دەرەوە تا دوور کەوتەوە سەربیان
شەکرە لە سەر خۆ تەڕوبنت بە ئاستەم
هەنگاوی ئەنا و بەرەبەرە سوپە وڕاوانەی
ئەگرت کە لە پەنای پایەرگاری شارەکەدا لە
دەروێکی ڕێگاکەدا ڕاوان بە سووکی بەرەو
بە خانەکانی ئەم پارچە چەک ئەکاوانەی
فڕێ ئەدایە کەناری ڕێگاکەوە کە لە چەند
دوێنێکان بە جیما بوون دایکان زوو ڕۆشتن
لە چنگی پەلامارەران و هیوش بوون دێتەوە
تەنیا مەکیکیان خۆش ئەویت کە پارێزکاری
ژیان بکات .

ئەوسا بە ئاسایی ئەڕوێشت
بەڵووت لە ژێر چارشێوەکەیەوە گاسیەک
ئاوی بە دڵایەوێت بڕژێ . هەرچەند
دوورتر بکەوایەوە ئەوێندە ئارەزوێکەی
پتر ئەبوو ئەو کەسانەش کە لە سەر
ئەوەڵتی دەبوون ئارەزوە سەیران ئەکرد
وایان ئەئەوت پەرچاوی کۆمەڵێک خەڵک و
ئیگرامی و ئەگەش و مەیخانان لەسەر دوور
ئەکەوتەوە .

لە نیوەی ڕێگا ڕاوەستا بەچەکەی لە
ڕووی خۆی کردەوە و ماوەیەک سەیری کاوە
کەی کرد لە هەوڵ و ئاوەی جەنگ دوزمنە
کانیشەوە دیار بوو کە ئارمایەک لە سوپەی
ڕێگاکەدا وەستاوە بەند نەفەنگ چی بەسەر
لەچەنە کان زۆر لەسەرخۆ بەرەو ڕۆهاتن و
لێی نزیک بوونەوە . . . لێیان بڕسی

ـ تۆکی بێت ؟ بۆکوێ ئەچیت ؟
ژنەکە وتی :
ـ سەرکردەی ئێوە کوێی مە . هیچ یەکێک
لە چەتەکان گومانیان لە قسەکەی نەکرد
شان بە شانی کەوتنە ڕێگا زۆر ڕێزیان لێ
گرت ستایشی کارەکەیان کرد کە ژنازایە
دایکەکەشی بێ سەر سوورمان گۆڕی بۆ
قسەکانیان گێڕدە .

لە ئەنجامدا چووە لای کەسێکەوە
دانیشت کە نو مانگە بە ئەدایك بوونی
ئەیناسی کەسێك بوو کە هەرگیز لە دڵی
خۆی نە ئەبردەوە . ئەمەت بەرگێکی
هەڵپێسێنی لە بەرا بوو هەوازەی چەکەکەشی
ڕۆگەشی زیو کرابوو . دایکی زۆر جار بە ڕ

جووڕە لە خۆیا جاوی پی کەوتبوو . کوڕەکە
زۆر زوو لە دەستو دایکی ماچ ئەکرد و ئەیوت
ـ دایەگیان تۆ هاتوویت بۆ لای مـــن
وا بیارە ژانیوتە سەیرێ ئەو شارە ئەکەمـــە
گوێی خۆین .
دایکی پێی ووت :
ـ ئەو شارە کە تۆی تیا لە دایك بوویت .
کوڕەکەی کە لە ئازایەتی دا لە خۆی بایـــی
بوو بوو وتی
ـ من لەو جیهانەدا و لە پیناوی ئـــەم
جیهانەدا لە دایك بووم .

تاکو ئوقعی سەر سوورمانی بکەم من لەبەر
تۆ ئاگیستا بەزمیم بەم شارەدا هاتـــوە
ئەم شارە وەکو دڵی چەقیوتە پێی ـــــ
ڕێگای سەر فرازە و ناو و شوێرتی ـــــ
گرتوە بەڵام ئێستا ـــ سەیرێ ئەو ڕاڵـــە
یاشی گێڕیە دیران ئەکەم .
دایکەکە وتی :
ـ ئەو هێلانەی کە هەڵیدڕیکی لە ـــــ
بیوە تۆ ئەناسیت !
ـ ئەڵێی نا ئەم ناگەن لالم . . .
من ئەمەی پاسم یەکەن دایکی لێ ـــ
ـ ئەی خەڵکەکەی چی لێ ـــکەی
ـ بەڵێ من ئەوانم لە یاد ئەماوە ـــــ
من پێیانەن چونکە پیاوە ئازاکا ـــیار
لە سەر زمانی ئەوانە ئەمێنێوە .
دایکی وتی :
ـ ئازا ئەوکەسەیە کە لە ڕۆژی مەرد ـــیار
پەروەردە بکات ئەوکەسەیە کە هەـــــە
لە مردن بکات
کوڕەکەی وەڵامی دایەوە
ـ ئەخێر دڵنیام ئەمڕۆکانیش هەروەکو ـــا
ئەوکان ناو و شوێرتیان هەرتە ـــت
ئەماشاکە ئێمە نازانین شاری ڕۆم ڕۆسی
بونیاتی ناوەبان یەکێکی تر بەڵا ناوی
ئالاریح و ئەو قارەمانانەی تر کە وێـــان
کردوە بە باش و ئاشکرا دیارە .
دایکی دیسانەوە پێی ووت :
ـ ئەو شارەی کەماوەو ئەو قارەمانانـــی کە
ناو و نیشانیان مرایەتەوە .

ئەکردەوە کە چاوەروانی مردن بوون لـــە دڵەوە چاوی لە هەموو خەڵکەکە بوو هەرچی بوایە لە نزیکەوە بەرچاوی ئەکەوت ئەتوت لەبەر دەمیا دانیشتووە دایکەکە وای ئەزانی و وای هەست ئەکرد کە دایکی تیکـڕای خەڵکی شارەکەیە .

لە سەر لوتکەی چیا بەرزەکـانـــاوە چەند پەلە هەورێك وەکو ئەسپی بالـدار بەیەکدا ئەهاتن و ئەچوون و بەرە و ئاسمانی شارەکە ئەڕوێشتن کوڕەکەی ئەپووت :

ـ ئەگەر شەو ئاپەندەی ئێمە ئەمانـــەوێ ناریك بێت ئەوا ئەمشەو پەلاماری شـــار ئەدەین . کاتێك ڕۆژ لێمان بدات چەکەکانـ ماں ئەبڕیسکێتەوە ئەو کاتە ناتوانیـــــن شەشیرەکانمان بە ئارەزوی خۆمان بوەشێنین لەوکاتانەدا دەست بەباشی بوەشێندرێت

کوڕەکەی لەم قسانەی ئەکرد و سەیـــری شەشیرەکەشی ئەکرد .

دایکی پێی ووت :

ـ وەرە لای من سەرت بنێ بە سینگەوە و بیتەوە یادت کە لە کاتی مندالیەتـــدا کوڕێکی چەند خوشەویست و چالاك بـووی خەڵکی شار نوێان چەندە خوشەویست .

کوڕەکەی بە قسەی کرد و سەری نایە سەر ئەژنوی دایکی ڕاکشاو چاوەکانـــی نوقاند و ووتی :

ـ من تەنیا تۆم خۆشئەوێت ئەمێش لە ئەومیە پەروەردەت کردووم .

دایکی سەری بەسەرپا دانەواند و ووتی

ـ ئەی ژنەکان چۆن تەماشا ئەکەی ؟

ـ بەچی ؟ بۆ ئەوەی بیان کوژن ؟

کەسێکی وەك من بیان کوژێ و من چاری خۆم و پەنجارە بم لەوکاتەدا ، کەنوانابم و نە توانم تۆڵەیان بستێنم ؛ دایکی هەناسەیەکی هەڵکێشا و ووتی :

ـ تۆ وەکو پووسکە جوانی بەڵام بێ بەرە بە پەکخێنەوە وەڵامی دایەوە

ـ بەڵێ وەکو پووسکە . . .

دوایی وەکو منداڵێك لە سەر سینگی دایکی خەو بردیەوە . ئێستا دایکی ڕووشـــە ڕەشەکەی بە خەرداکێشا و چەقۆیەکی تیـــژی بە دڵی کوڕەکیا داکوتا و تەکانێکی دا و دەمووچاوی سپاردە خدایەك زۆیـــــی ئەزانیت کە دڵی کوڕێکەی لە کۆیدا لـــی ئەدات . دوای ئەوە لاشەی کوڕەکـــەی لەبەر پێی پاسارلەکانا ڕاکێشا وڕی کردە شارەکە و ووتی :

ـ من وەکو ئادەمیزادێك ئەوەی لە توانامدا بوو بۆ نیشتمانەکەم بەجێم هێناوە بەڵام وەکو دایکێك لە گەل کوڕەکەما ئەمێنم !

کاتی ئەوەم ڕوێشتوە کە منداڵێکی تـرم بێ . کەوابو ژیانم شتێکی پووچ نیە .

بۆ ل : پە

ڕە شەپایکی توند ، دار تەلەکانی خستبوە لورەلور ، هەورەکان ، دەستیان لە یەخەقانای شار گیرکرد بوو ، لە ڕۆژهەی هرایەوك دەچو ، تفەنگ هەلبارێشتابە دەیەمت ، شەقام هەواڵە بوو ، چونکە شەوی ڕابردوو ، تەقەیەکی خەست ئاورشینی تەر ئاوەی کرد بوو ، سەرەی لە ئاکاری ئیستویی ئوتومبیلیکی زەرد باو دابچڵەکانە ، دەرگای لای ڕاست خرابە سەر پشت ، مە چەکیکەس ئە ستووری ڕەش ، بن هەنگڵی گرت و لە خانەی ئاوەراستا دانیا ، لە ناخسا ، وڵە لوڕەی ئاگرتیبەربوو دەستوتا ، دڵی بە یەنەی بریشکەی سەر سیل ، بە یەنەی ڕەوە کوڵڵەی ئاو زەبەندیکی کڵپە سەندوو ، هەڵدەفڕچا ، بە مەستی هەڵدەڕی و بیزاری دەدایەوە ، بەڵام لە ڕووداو ، نموونەی مرۆڤی خوراگری

دەنواند • گەرچی شتیکی کرنگتری لە ژیانی ئاو لە هەموو بە خشیبوو •• بە لام دەوسیکی بەشیمانی بە چاوەکانیەوە دیار نەبوو • کوتەل ئاسا وەرتەی لیوە نەسەدەمات • چاوەکانی ، لە گومیکی سەندی بەرگەلای پاییزان دەچوون • ئیسکەکانی رومەتی ، تەواو دەرپەیوون • لیوە هەمیشە زەردەلە سەر باریوەکانی جارانی ، رەش هەلگەڕابوون ، دەمارەکانی ملی رەنگی خاك لە سەر لاچووی دار گویزی تەلان ئاسا ، بەرزبوونەوە • دەم و چاوی شین و مور هەلگەڕابوو • قژی لە پەریزی سەمانیکی نەزان دەچوو • تەواو رەنگی مردووی لێنیشتبوو • پێوکیکی جەستەی نەمابوو ، زامیکی تیا نەرواس • تەنانەت جلە لەخوینا رەق هەلاتوەکانیشی ، زەوال زەوال بیوون • بە رادەیەك ، تەنەزووی سەرما ، چرپوکی لە هەموو شوێنیکی لەشی گیر دەکرد ، مژی لە جگەرەی زامەکانی دەدا ، بریندەکانی دەمیانیەوە سوێ و شوێنە داغ کراوەکانی دەجوزاندەوە •••

کابرای لیخور و نەوائی دێکەش ، لە چەند بازی نەدەکەوتن •••• وەك تەپالە داگیرساوێن ، جارجارەش ، هەر بۆ زیاتر ئازاردانی ، گاشە بەردی پرسیارێکی بێ سەر و بەیانی ، بۆ خلور دەکردەوە • بەلام ئەم ، سەری لەبیرە مگرووین بەرزتری نەدەسوراند ، نەمانەتە سیلەی جارێشی نەدەدانی •• دەبوایە بۆیان دەرخا کە بە بەلاوەکانی خۆی یان نازانی •• دەبوایە ، هەر بەر بیدەنگیە مەزنەی بیان رووخێنی •• تۆشی هیستریایان بکات • لەویش ، لەودیو دەرگای رەشی ئەو خانووە ساماناکەی ، کە ملوزم ئاسا ، چۆکی لە سەر سنگی خەڵکی ئەم شارەدادەوە ، هەر بە بیدەنگی بردبووە • لە بەردەمی کابرایەکی خرمینەی دەم و چاو خورپلکاوی رووتال دا ، رایان گرتووی • وەك شورەپی دەڵەرزی • چەستەتوقمی ئارەقیکی گەرم بووە • لیدانی دڵست ، وەك جیوەی گەرمی بیو • بەرەو سەر هەڵدەکشی • خانەکانی لە شت ، تیکڕا لەگەڵ دڵتا لیدەدەن • خوت بە بیچووە کەرویشکێکی بێ دەسەڵاتی ژێر چەپڵەی چەند تازیەکی هار و هاج دیتە بەرچاو ••• بیدەکەنن • جارجارش وەك نیسکی سەر ئاگر هەڵدەچن • هەرپەکەو تیری پرسیارێکت تێ دەگەڕی • دەتکەن بە کەندەسەی ئاو کون و بەر ئاوینەی قسەی چەورت دەدەن •• وەك

مزراح د متخولینتموه ٠٠ گیژت د مکەن ٠٠ د میانەوی سەری تالی دوا نەهێنیت بخەنە دەست ٠ هەموو شتێکت پی بد رکێنن ٠٠٠ بەڵام تو ، لە بیدەنگی بەولاوە شتێکی دیکەت لی هەڵناکری ٠٠٠ لیت لوس د مین ٠ فریت دەدەنە ژوورێکی تەنگی تاریکەوە ٠٠ بوگەنی سەگی تویبوی لی دێ ٠٠ بونی ئەو بەرمیلانەی لی دێ ، کە بەیانیان ، فەراشی بەشی سیرجەری نەخوشخانەکان ، سەتڵەبەسی وکەم و رشانەوە و خوێناوی تێدەکەن ٠٠

دەنگی لە تەنەکە چووی لوولەی دوکەڵکێشی ئوتومبێلەکە ، گومبەزەکەی شلە تاند ٠ بیری لە باڵندێکی توف و رەهێلە تەنکاو کرد وری دەکردەوە بەم لاو ئەولای قەفەزی سەری دا ئەدا ، بەو تیازەی بەنایەك وەدوزی و لە رەهێلەی دیمەنە بڕین کرلینەرەوەکان قوتاری بێ ٠٠ سوودی نەبوو ، چونکە باڵی ڕەنگین لە شەستە پارانی دیمەنە زەهراوییەکان سست تر بوو ٠ (نەوازکی پیرەمێرد چڕین و قسەی سڕك ٠٠ پڕ دەنگی ناتۆلا و ترسناك ژوورەکەی پر کرد بوو ٠٠ خۆشی ، لە سوچێکا ، چەشنی بە چکە پشیلەیەکی تازار دراو خوت گرموڵە کرد بوو و بە هێدەنجە گەورەکانت ، هەردوو گوێت کلیل دابوو ٠ لێوە لەرزە دایگرتبوی ٠٠ دانەکانت کەوتبونەتە چەق و چۆق ٠٠ لە کەسێك دەچی لەرز و تایەکی قورس دایگرتبێ ٠٠ لەبەر ، ژوورەکە ڕووناك دەبێتەوە ، لیت بە زوور دەکەون ٠٠ دەرگاکە لەدوای ئاوەکە گاڵە دەدەن ٠٠ وە قەڵەبەکی دان گرمیان ، باڵ دەدات بە دەرگاکەوە و لە دوورەوە ئێت دەروانێ ٠٠ دڵانی زۆرتە بۆزیش ، لەبەر لاوێتی و لاپەڕەدەچەقن ٠٠ چاوەڕێ مەکە لە مرۆق نەچووشیان ، کە زیاتر لە سەگێکی نەپێنگر دەچی ، بەڵام ڕووت دێ ، تۆش ، وەك گیاندارێکی ترساو دەکشێیتەوە ، دەکشێیتەوە تا دیوارێکی لێنجی سارد بە پشتەوە دەنوسی ٠ قاقایەکی گەورەی وەك گرمەی دێو ، ژوورەکە دەکا بە تەشکەوت و دەنگی پی دەداتەوە ٠ زیاتر پشت لەدیوارەکە گیر دەکەی ، بەو هیوایەی ببێتە وێنەیەکی دیوار و بەدەست نەگیری ٠٠ پتر لێت دێتە پێش ٠ دەستێك دەخاتە سەر شانت و زەردەخەنەیەکی تاڵ دەپژێتە سەر لچە ئەستوورەکەی ٠ تۆش ، تا هێزت تیایە ، بەشرێخەی زاڵمێك بناگۆڕی دەسمی و گرلە چاوە مۆنەکانی هەڵدەسڕێنی ٠٠٠ تووڕە دەبن چاوبان دەپەرێتە پشتی سەربان ٠٠ کە فڵاشەپلاگمیان سڕی دەکا ٠٠ وەك

گەلە سەگ شالاوت بودینن .. دەتگرن .. سەراوبن بە پانکەی بنمیچەوە هەلت دەواسن .. دەتخولێننەوە .. کاوەبا بە لە شتەوە دەنین .. سورایی جگەرمکانیان لە ئەستورایی رانەکانتا نقوم دەکەن .. چزە تلی هەلدەستی .. دەتریقێنەوە. لەزەتلەو چزە و بو کروزە وەردەگرن ، کە تۆ ، دەخەنە زریکەو هاوار .... دات دەگرن ، بە گیپل و سوندەی سیم لە ناو هەموو ئازاتخەت دەکەن خوێن لە سەر جلەکانتەوە نیچقە دەکات .. نووزەتلی دەبڕی .. تاوێـــــک بە سەرتەوە دەوەستن و لە دوایبدا جێت دێلن .) .

قوڕەی ڕێخولە بەتالەکانی ، وەئاگایان هێنایەوە . هێلنجیکی ترشە لوك چاوەکانیپر لە ئاو کرد . مێشکی لە سێبێکی نواوەی دەکرد ، چاوەڕێی لە حزەی تە قینەوە بوو . سەری بەرەو قەرانی غارغارینی ئەسپی سەدان ئێش وغەم و ئاسوز ئازارەکانی ئەو من و قسەی ئەم و ئەو تێکەلاو دەبوون .. قسەکانی باوکی ، وەك جالجالوکە ، تەزنی ئازاریان ، لە هەموو خانەیەکی مێشکیدا تەنی بوو .. هەر ئاوناناوێکێش ، وەك پەروەز زەرد هوالە تێبەوە دەئالان . کارەلەیان بڕ لە زەمبـــــر دەکرد . سەری دەئاوسا : (خوزیا لە سەگ بوونایە . لە ژن نەبوونایە .. ئوشی چ ئاخر زەمانێك بووین . ئاخر ، کوا ، خوا لەچ کەلام و کتێبێکیا ، ڕەی بـــــە ئاقڕەت داوە ، خوی لە کاری پیاو هەڵقورتێنی ــ تاکە چاوە ساغەکەی سورتـــــر دەکاتەوە و سوڕمکانی لە شی ڕاست دەبنەوە و تووند تردە قیرێنێ ــ باشە ئەوە ، سبەی تو گیرایت . پیم ئالێری ئیمە چی بکەین .. خۆ هەگەر سەری خۆشـــــان هەڵگرین ، دەنا تا دەڕێن هەردەبێ سەرشوڕی خەڵك بین .. زیاتر دێتـــــە پێشی و ، ئیرانەتر دەنەرێنی ــ لە سبەینی ڕووتر نیە ، دەستلەم بـــــــێ شەرە نیە هەڵنەگری ، وەك کاریلە سەرت دەبڕم .. نیازت وایە ، سەربڕن بکـــەی بە قوربا .. چارت دەکەم ، دەبێ لە ملی سەگیابیکت ڕوکەم ، تادەبڕی و وەك کەرسندەمت کا ...) .

لەگەل هەموو ئەمانەش ، هێشتا ، هەر ئازاری قسەکانی باوکی ، لـــــە ئازاری قسەکانی براکەی لا سووك تر بوو .. هەرکە براکەی دەمانەوە یـــــاد ، دەمەنێکی کۆنەپەرستانە ، وەك دووپشك ، پیوەی دەدا و .. گیانی سر دەکرد.. براکەی بەدەم لە هیچی کەم نە بوو ، لە پێش هەموو خەڵکیکەوە بوو .. کە چـــی

که مسه‌له‌که پیوه‌ندی به خویانه‌وه د مهوو ٠٠ چه‌ند هه‌نگاوی له دوای باوکیه‌وه
ره‌ی د هکرد : (من خه‌ریکی سیاسه‌ت بم قه‌یناکا ٠٠ من کورم ٠٠ کورهه‌رییه‌ك
بکا ، باجی له سه‌ر نیه ٠٠ تو کچیت ، حه‌یای کچیش ، خوت د هزانی ،
قه‌ترمیه‌ك ئاوه ، که رؤا ، مه‌گه‌ر هه‌ر کاله‌ك به ئه‌ژنو بشکینی ٠٠ تو بو به حه‌یای
خوتسه‌وه د انانیشی ٠٠ که‌ی کچ و سیاسه‌تیان وتووه ٠٠ خو تو ، خوا نه‌بیری ،
بابی ئه‌وه جوانیت ، به ئاسانی میرد یکت د هسکه‌وی ٠٠ ئه‌وانه‌ش که سیاسه‌تیان
کرد ووه ، هه‌ر تا شووکرد ن بووه ، بو به‌رژه‌وه‌ند ی خوت لیك نا د هیته‌وه ٠٠ یا شه‌
روژی خوت بوکی ، کویر د هکه‌یته‌وه ٠٠ به‌ر یه‌ك د ووخوالی گورپه‌وی هاوریـــــت
ه خلتی ٠٠ د هزانی ئه‌وانه بو سیاسه‌ت د هکه‌ن ؟ ٠٠٠ چونکه ناشیرین ٠٠٠
ه‌یانه‌وی به‌م به‌زمه خویان سلاغ که‌نه‌وه ٠٠٠)

تا د ه‌هات هه‌ورهکان زیاتر تیکیانه‌وه د ه‌هاپشت ٠٠ پیچکه‌کانی ئوتومبیله
که خیراتر د ه سوورانه‌وه ٠ به‌رد اشی ئازارهکانیش تا یه‌تر د لی کوتراوی ته میـــان
د ه‌ماری ٠٠ ژنجیره‌ی د یه‌نه تالهکانیش ، له یه‌ك به‌د وا یه‌کا هاتنی خویـــــان
ه‌د ه‌کرین : (هه‌ر د روو د ه‌ستت ، له پشتیه‌وه ، به د لا قه‌یه‌کی له ســـه‌ر ی
خوت ، چووکتر و له پیزنت به‌رزتر به ستر ونه‌ته‌وه ٠٠ زامه‌کانت ، وه‌ك ره‌گی بوا وی
د ره‌خت ، د لوپ ٠٠ د لوپ ، خوینیان لی د هتکی ٠٠ خوله ملیه‌کی ســـیـــل
ابو ، له د وورن چه‌ند سانتیمتریکه‌وه ، به‌رامبه‌ر چه‌قیوه ٠ منه مشو هالاوی
بوکه‌نی ناوه‌ ه‌ی ، کاسیان کرد ووی ٠٠ مشکه کویره‌ی پرسیارهکانی ، بیشکـــت
د هکرین ٠٠ هه‌رمشه‌ی هه‌ موو شتیکت لی د هکا ٠٠ تو ، له سه‌برکرد نی خوینی
تنه‌ی د لوپه خوینه‌کان ناکه‌وی ٠٠ د ه‌سته چه‌پله‌کانی د یژ د هکار د یـــــه‌وی
ئی چه‌کانی کراسه‌که ت پاکانه‌وه ٠٠ شه قیکی توند له به‌ر مویله‌انی قایم د هکه‌وی ٠
هه‌ر د ویت وه‌ك میخ له د یوار د ه‌د رین ٠٠ هه‌لا مارت د ه‌د ا ، د رکی د ه‌ســـه
له ه‌وا ون بوونه‌کانی له که ه‌رت بوو ه‌ چن ٠٠ چه‌شنی مریشکی سه‌ربـــــرا و
د هکه‌یه لینگه فرتی ٠٠ کراسه‌که‌ت له به‌ر د اد ه‌ مالی و د هکه‌ویته کرد نه‌وه‌ی گری‌ی
سوخمه‌که ت ٠٠ د ه قیژینی ٠٠ د ه ته‌ وی ، له‌ناو گیژه‌نگی قیژه‌یه‌کی سامناکـــا ،
بیخنکینی ٠٠ وه‌ك ماسی ناو تور ، خوت راد ه‌ته‌کینی ٠٠ چاوه‌کانت ، لـــــه
فرمیسکا وون د ه‌بن ٠٠ له بی د ه سه‌لا تیا ، د انه‌کانت له جیرمه‌وه د ه یـــــه‌ی و
لیوه‌کانت ٠٠ وه‌ك گورگی برسی ، پر د ه‌د اته مه‌ کانـــت ٠٠

دەیموی وەك لیمو بیان مژی ٠٠ دەیموی بە گری رەفتاری درندانە ، دارستانی ووردت بکاتە سووتە مەرو ٠٠ دەیموی هەموو شتیکت بی هەلویژی ٠٠ تـــوش ، هەموو رق و قین و پەنگ خواردنەوە یەکی بی دەسەلاتانەی خوت ، دەکەیتـــە تویەلە تفیکی خەست و ناوچەوانی بی سواخ دەدەی ٠٠٠هار دەبی ٠٠ وەك سەگ پەلامارت دەدا ٠٠٠ئەمجارە ، دەست بە کە مەرتا نا هینی ٠٠ مەمکانـ نت هەلنامژی ٠٠بەلکو بە پلایسیکی ژەنگاوی ، گوی هەردوو مەمکانت ، وەك تەماتە هەلدەفلیقینی ٠٠٠ لەگەل زریکەیەکی سامناکا ، لەهۆشخوت دەچی)

موچرکەیەکی تۆند ، دیمەنەکەی بڕی کردەوە ٠٠ ئەو چەند کرێکارەی ،لە مەیدانی کرێکاران ، وەستابوون ، سەرنجیان نوستەوە ٠٠ بی ئەومی ئوتومبیلـە کە دیدەلیدا ، ئەوان هەر زوو شەقامەکەیان چۆل کرد و ، چەند شەقاوێکیش لە شوستەکە دوورکەوتنەوە ٠٠ نامەقیان نەبوو ، ترسا بوون ٠٠ هەمووی چەند روژێك بوو ، ئێقایەك ، هەر لە هەمان شوێنا ، سیانی لێ شیلابوون ٠٠ کـــە ئەمیان ، ئەوەیو جامی تەم گرتووی ئوتومبیلەکەوە هاتە بەرچاو ، حەپەســـان ، هەموو گیانیان کردە تووی سەرنج و ئەمیان خستە ناو ٠٠٠دوو ٠٠دوو ٠٠ سی ٠٠ سی ، کەوتنە جەپە چەپ :

- سوزانی یە ٠٠ چاك شارەکە پیس بووە ٠٠ هەر بینە خرا ژیرە و ژوورێ کرد
- پیاو نەماون ، ئەم سەگبابانە نەبی ٠٠ دیارە ٠٠٠٠
- ئەری ئیوە ، بو ئەرمندە بی وێژدانن ٠٠ بو لە خوتانەوە ، تفەنگ بـــــــە تاریکی بەرە دەمنین ٠٠ کی نالی گیراوە ٠٠ کی نالی سەیی دایك و خوشك و ژنی ئیمەش ، لە ئوتومبیلیکی ئاوادا نابینرین ٠٠

کەس لە دەردی کەس ناگا ، هەریەکەو لە چاوپلکەی خویەوە سەیری دنیا دەکا ، هەربا شە مروق لە ناو خەلکی ئاوا بی وێژدانا ، وەك جیایەکی بن هەلۆل هەرەس نا هینـــی ٠٠

هیچی بو نەکرا ، ئەوە نەبی ، سەرە وەك خەرمان گیرەکراوەکەی بو نـــاو لەبی دەستە تلوقاوێکانی خلورکاتەوە ٠٠ وەك بیەوی خوی لە خەلکەکە ٠٠٠یـان خەلکەکە لە خوی بشارێتەوە ٠٠ لەو کاتەدا ، وەك ئەو منالە دەهاتە بەرچـــاو ، کە بەلای سەگیکا رمت دەبی و ئەترسا ،چاوی لای سەگەکە دەنوقینی ٠٠٠وا

دەزانی ،گەرواى کرد ، ئیدى سەگەکە ناپەیمى ... نە مەیل ، توانى بەرچاو
بتوانێ نەى ، خەلکەکە لە خۆى بشارێتەوە ، بەلام نەیتوانى نەهێلى ، بیـــــرى
لە بێتە تابگەى پاپورى تالترین دەمەن :

(ڕووت و قوتیان کردبێتەوە .. هەر چوار پەلیان بەستبێتەوە .. چەشنى
نەو گەرێشکەى لەبەردەمى چەقودا پالێ دەخەن ، زوڕەکەت بـــــەر
کردووە لە زیپک و هەور .. تفەبارانیان دەکەى .. دڕتر دەبێن ...
شێنگیرانەتر ، بەلامایەت دەدەن .. دەست بە هەموو تازایەکى لە شتـا
دەگیرن .. بەکێکى لە هەموان وەزا گرانتر ، قورسایى خوێت دەخاتـە
سەر .. کەلەگرە زەمبرایەکانى لە لاملتا نقیم دەکا .. گەڵالە هـــەوری
گەندەڵەى (سادى) یانەى خوێت بە سەرا دەبارێنى .. تفگـــــەو
هەڵمایە ، زوڵمى هەڵنەگرتایە ، دەمەتەڤیات .. هەموو شتى بەســـتە
دەبێ .. نوش ، لەتاو شەپۆلى زیپک و تازایەکى زۆرا ، دەبووێتەوە ..)

هیچ نە ماوەتەوەى نەکەن ، هەڵچنى نەوت .. بڕیارى بەوەلا کرد نەســـان
ڕاگە یەنێنە .. خەڵکى ترکە بەرەو من دەڵێى تازە لە دایک بوون .. لـــە و
ماوەیە دەچن ، کە لە دەمى قۆلایى ڕاوچى ڕزگاریان بووبى .. لە خۆشیـا ،
تاچیان بەر زەوى ناکەوى .. کە چى لە بەر ، تەنگەبەت بزەیەکى هەڵبزرکاوەیـــش
نەبڕاوە سەر لێوەکانى ...

هەتى بوو .. دەیزانى ، خەڵکێکى بێ وێژدانن ، لەبرى هەموو پاڵەوانـ
یەتى و خێراکردەک .. لە برى هەموو پاداشت و ڕێزلێنانێک ، دەیکەن ، بـــە
بە خەمەوە ، دەیکەن بە گڵکۆى سنجوق تى گرتنى قسەى پڕ و پوچ .. تاوناتوڕەى
ناخۆى
ناشیرینى وەدواى دەخەن .. بەبێ ئابڕو و سوزانى ناودەبەن .. دەیزانـــى ،
ئابووڕ لاى ئەو خەڵکە دوا کەوتووە ، پەردە بەکى ناسکە ، کە درا ، هـــۆکـــــەى
هەرچیەک بێ یەک حسابى بۆ دەکەن .. بەلام لەگەڵ ئەمانشدا ، هێشتـــــا
وێژدانى هەر ئاسوودە بوو .. خۆى بە سەر بەرز دەبینى .. چونکە ســـــوارى
کەلەکى دان پیان نەبوو .. چونکە نەبوو .. بە زنوە بە زیپک و دایان دارى
سەوزى قەدپاڵى لەگەڵ خۆى ڕانەهاتبوو ..

بەهەر حال ، ئیستات ، لە چەند ساتیکی تر خوشترە ·· بەس نیە ئیستا ، لانی کەم د متوانی خەلکەکە لە خوت بشاریەوە ·· کە دابەزیت ·· کە د مرگـا ی حەوشەکە ت کرد موە ·· گومەکە قولتر د مبی ·· بگرە بی بنیش دە بی ·· دلنیای وەك دوژمنی خوینە خورە ، پەلا مارت د مدمن ·· بە چە قو گیرمت د مکەن ··· مەرگ نە بی ، شتیکی دیکە شك نابەی ، گری رق و تولەیانی بی دامرکینیتەوە ·· سەدان ئافرە ت ، لیوە و لەوی ، بونەتە قوربانی تەرپتە کونەکان ··توش لـەوان زیاتر نابی ·· کوشتنت ئاو خواردنەوە ئاسان ترە ··تو د متویست بیـــــە ئەنجیلا دیفیس ·· بیبە روزا لوکسوبورگی کورد ستان ·· دە تویست قوفلـــــی کوتەکان بشکینی ·· سنورە کونەکان ببەزینی ·· ئەنجام دانی ئە مانـــــە و ·· ترسان لە وەی چیت بو هەلد مبەستن ·· چیت لی د مکەن ·· ئاسمان وریسمان

ئیستوییکی ئوتومبیلەکە ، د مم و چاویان بی ئەناو لە بی د هستەکانـــــی مرهینا ·· د مرگاکە کرایەوە و دایان بەزاند، خوشیان ، وەك تیسکەی تفەنگ ، چاو تروسکانیکا لە کولانەکەی ئەوسەر ئاوابوون ··

وور و کاس دیار بوو ·· سەری لە لەشی قورس تر د مهاتە بەرچاو ·· لـە مەلەوانیك دە چوو ، شەپولی بیزاری شەکەتیان کرد بی ·· بەلام چاوەکانـــی ، بە پیچەوانەوە ·· وەك ناخی ·· پر شلپ و هوری شەپولی هەستانەوە بوون ·· چەند هەنگاویکی قورس و ناریکی نا ·· د تووت تازە لە سواری وولاخ هاتوتـــە خواری ·· هەر تە پ و گوی بوو ·· دلی تارمی دە می شەنەی دە یـــــان غایلەی بی سەر و بن بوو ·· دوودل بوو ·· چی بکا ؟! کامیان هەلبژیری ؟! خوبە د ستەوە دان ·· پال کەوتن لەژیر رە حمە تی خەنجەری نەرینا بو سـە ر بریین ·· بان ، یاخی بوونی بیکجارەکی ··

دوو دل بوو ·· کی د ملی لەویش ، ئافرە ت ، هەر د موری پرولیتاریـار بیاویش د موری بورژواکەی ئیرە نابینی ؟ کی د ملی لەویش ، ئافرە ت ، لە جلـی خاکی بەولاوە ، هیچ بەرە و بیشەوە چوونیکی دیکەی وەد ست هیناوە ؟ بە لا م هەرچونی بی ، ئەوی لیرە باشترە ·· بەس نیە ، تا ئەوکاتەی ئەویش ، وەك هەزاران شەهید ی تر بەرد یکی ئە م نیشتمانە بە خوینی خوی سور د مکـا ت ·· ئازاد د مژیا و هەوای ئازاد هەلدە مژی ·· هەر هیچ نە بی خو د متوانـــــی

بەیتە بەرد یکی بەرد مبازی پەرینەوەی رێی ئەوانەی بە دوایا دین ... بـــــــە
هەزار حال ، لاقە لاوازەکانی ، کە زیاتر لە دوودار دەزمنگ دە ، چـــــــوون ،
گیاندا یانە بەرد مرگا .. هیچ کام لە دەرگاکانی کولان نە خرابوونە سەر پشت ،
بوون ، وردە کەرمیسە تن ، لوکەی بید منگی زیاتری دە ئاخنیە گـــــــــری ی
دار و دەوارەکانەوە ...

سەریکی بەرز کردەوە .. سەریکی ئالقە ریزەکەی کرد .. هونلیکی گیلونی گ ورە
، دەریا دوود مریەکەی ، ودك دە می لە کاویژ کەوتووی ئاژەل ، بە سەریەکـــــا
بە سەپ کرد بوو .. بەم لاو ئەولای خویا روانی .. دلنیا بوو کەس نەیدیوە ..
وردە بە غەری ترس و دوودلی تەکاند .. بەیانی کوناین دا .. گوری دایسە
خۆی و بەرە و شوینی مەبەست رەچەرخا .

٩ ـ ٨ ـ ١٩٨١

مەوانە : چول و دەش
مەل : مایع
دەرس : لە سەر
گرمۆل : بەفر
گلنگ : سەرە تۆپك
رەنوی بە ئەر : هاوەڵ ، بە ئەر
سەرچەمری : جوانەمەرگ
لە وای : شوینی ئاژەڵان لە سێبەر
لوولە : گادەنیکە لە ئەوەڵ دروست دەکرێ
مەنگی ئەنگر : گەورەنگەیە لە بەر بەلەمی حەلك دەدا
سەنجوون : داریکە تۆکەکەی تیژ دەکرێ ... بە خێزێنە سەرە تۆپك
تاڕم : کاوەدان (دانەویلە) دوای گیرە کردن و ئامادەکردنی بۆ شەل کردن ،
پێی دەوترێ تـــــاڕم
تەپرکو : سەرسم بردن
دار دوزمنگ : داریکی باریکی راستە لە مشکە زەنین دا بەکار دێ .
گەورەسپە : بروشەی بە ئەرلە رۆژی زور ساردا

هەوالنامەی کتێب

نامەیەکی کاوەی ئاسنگەر .. «کاوەی هەنبانە»

دەستەی نووسەرانی گۆڤاری بەیانی نووسەری کوردستان
بڕیانی بەیز و تیکۆشەر :

پێشەکی سڵاوێکی شۆڕشگێرانەمان پێشکەش دەکەم و بە بۆنەی مەرجوونی نووسەری کوردستان پیرۆزبایێتان لێ دەکەم .

بە خۆشەوە هەوڵین زمانەی نووسەری کوردستانم بێگەیشت . چارەسەر بوون . دەرچوونی ((نووسەری کوردستان)) جارێکی دیکەش ئەم ڕاستیەی دەرخست کە هیچ تەزوێکی زمانە و هیچ کردەوەیەکی فاشیستی و یا زەبرو زەنگی ڕژیمەکانی دژی گەلی و تاوانبار ناتوانن بەسەر ئیرادەی پۆلایینی گەلەکەمان دا زاڵ بن و ناتوانن بیرو هەست و میشک ڕووناکبیرە پێشکەوتنخوازو شۆڕشگێڕی گەلەکەمان ووشک بکەن ڕیا لە ڕێگای ڕاستی مرۆڤایەتی و تێکۆشانی ڕاستەقینەو پێشکەوتنخوازانەی کوردایەتیان لا بدەن . هیچ هێزێک نیە بتوانی ئەو قەڵەمە تیژەی کە جەرگی دوژمنانی گەلەکەمان دەبڕی ، بشکێنی . هیچ دیوە زمەیەکی ساماڵدار ناتوانی ئەدەبیات و زمان و فۆلکلۆری تەموکەمان بخاتەژێر پەنجەی دڕندانە و پێشێلیان بکا . هیچ هەوڕەگی ڕەش و جڵکن ناتوانی بەری ئەستێرە گەشەکانی ئەدەبی کوردی بگرێ و ساناوری ئەو ڕژیمە کونە پەرست و دژی گەلی یانەی کە کوردستانیان لە ژێر دەست دایە . ناتوانی زمانی هەڵخوازانەی گەلەکەمان گێڕی بدا و شکست بە نووسینی جوان و بە کەڵکی نووسەرە نیشتمان پەروەر و پێشکەوتووەکان بهێنی .

دەرچوونی نووسەری کوردستان وەک ئەستێرەی بڕشنگداری ئاسمانی ئەدەبیاتی گەلەکەمان ، لە ناوچەی ئازادکراو ، دوور لە ساناوری و چاوەدێری ڕژیمە خوێن مژەکانی دژی گەلی ، بەڵگەی کۆڵنەدان و تێکۆشانی نووسەر و شاعیرو خاوەن قەڵەمی گەلەکەمان .

بە خوشیەوە ئیستا نووسەری کوردستان ئەم دەرفەتانەی بۆ هێناوە کە نووسەر یا نیشتمانپەروەرێکی کورد بتوانێ لەسەر مەسەلەیەکی سیاسی و یان هەر بیر و رای خۆی دەربڕی ، ئەوا من وەک بەڵگەی سەرەتای هاوکاریم لەگەڵ گۆڤاری خۆشەویستەکەتان بیر ورای خۆم لەسەر " پرۆژەی نەخوێندەواری یەکێتی نووسەرانی کوردستان " دەردەبڕم . داواش لە دەستەی نووسەران و هەموو نووسەرو ئەدیب و خوێندەوارە نیشتمانپەروەرانی بەڕێزی کورد دەکەم کە تەزموونی خۆیان لە سەر ئەم بیر ورایەی من دەربڕن و با نووسەری کوردستان بکەینە مەیدانی گۆڕینەوەی بیر و باوەر لەسەر ئەو مەسەلە گرنگە کە بەڵای منەوە ویست و ئاواتی هەموو نیشتمانپەروەرێکی کورد و کوردستانە .

با بێ پێنە سەر باسی پرۆژەکە

١ ــ نووسەری کوردستان ــ گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کوردستانە

٢ ــ بایەخ دان بە ئەدەبی پێشکەوتنخواز و رەسەنی و گەشە پێدانی زمان و ئەدەبی کوردی بە هەموو بەشەکانیەوە .

٣ ــ بایەخ دان بە کەلەپوور و میژووی نەتەوایەتیمان و نووسینەوە و لێکۆڵینەوە و شی کردنەوەیان لەسەر بنچینەیەکی زانستیانە .

بە بیر و رای من ئەو سێ بەندەی پرۆژەکە لە گەڵ هەندێ مادەکانی دیکە یەک ناگرنەوە . وەک : بەندی سێیەم : بارەگای گشتی ئیستای " یەکێتی " لە ناوچەیەکی ئازادکراوی کوردستانی عیراق دایە . مادەی دوو لە بەندی چوار : (تەرخانکردنی هەموو وزە و توانایەکی ئەندامیان بۆ داکۆکی و بەرگری لە هێرشی دڕندانە و رەگەزپەرستانەی دوژمنان بۆ سەر تەختەی کورد و تەواوی گەلی عیراق . مادەی ٣ هەر لەو بەندەدا : قوولکردنی گیانی برایەتی کورد و عەرەب و هەموو کەمایەتیەکان . هەروەها ئەگەر ناوەڕۆکی مادەی ١ و ٣ ئامانجە ڕوشنبیرەکان " لەبەرچاو بگیرێن ، ئەو ڕاستیە مان بۆ دەردەکەوێ کە هێنانی ناوی (عیراق) وەیا (کورد و عەرەب) لە پرۆژەکەدا زیادەیە .

بە بیر و رای من با (نووسەری کوردستان) ئورگانی (یەکێتی نووسەرانی کوردستان) بێ ، بە هەموو بەشە لەت و پەت کراوەکانی کوردستا-

نەوە • نووسەر و ئەدیبە کورد مکان لە هەموو بەشەکانی کوردستان بە شیـــــان بوە بی • ئەو کوردانەی مەرجی ئەندامەتیان تیدا بی ، ئیتر پەیوەست بـــــــە ئەندامەتی فە خری نەکا •

شوینی " یەکیتی " با ناوچەیەکی ئازاد کراو بی و (عیراقی) بەڵکـــــوە نە نوسی • خو ئیستا ناوچەی ئازادکراو لە ژیر کونترول و چاودێری رژیمـــــــە شوفینی و رەگەز پەرست و کورد کوژەکان دا نیە • خو قیامەت نابی نـــە تـــەوە ی دابەشکراوی کورد ، جارێك لە جاران ئورگانیکی ئەدەبی بو هەموو کوردستـــان هەبی و هەنگاو هەڵینی بو نزیك کردنەوە و یەکگرتنی زمان و ئەدەبی کوردی و یەکێتی ناسینی نووسەر و شاعیر و ئەدیبانی کورد •

ئەگەر گەلی کوردی بەش‌خوراو لە سایەی ریبەرە سیاسیەکانەوە ، لە بـــاری سیاسیەوە هەروا بی دەسەلات و دابەشکراو ماوەتەوە ، با لانی کەم لە بـــــاری فەرهەنگ و ئەدەبەوە لیك نزیك بیتەوە یا یەکێتی نووسەرانی (کوردستان) پیك بی و با رۆناکبیر و نووسەر و ریبەرە سیاسیەکان ، بو جارێك تیبگەن کە زەحمەت لیشاوی کورد ، چین و تویژە بن دەست و چەرساوەکانی کورد تەنیا نیەتەرافیان بو دابەشکردنە و بو سنورەدەستکردەی نەکردووە •

ئەگەر رژیمە دژی گەلی یەکان و دوژمنانی نەتەوەی کورد ئەو سنـــــوورە دەستکردەیان بە پەرژینی سەرنیزە و تانك و توپ پاراستووە ، ناتوانن و نەیانتوانیوە پیوەندی فەرهەنگی و فولکلوری و زمان و ئەدەبی نەتەوەی کورد بپچرینـــــن ئەدەب و فولکلور و فەرهەنگی نەتەوایەتی شتیك نیە کە حوکمەتە دکـــــــاتۆر و شوفینیەکان بتوانن بە زوری سەرنیزە پیشی بلاوبوونەوە و پیگەیشتنی بگـــرن •

کەوابوو یا (نووسەری کوردستان) ئورگانی (یەکێتی نووســـــەرانـــی کوردستان) بی • پیوەندی بە هەموو کوردستانەوە هەبی • بیبیتە بنـــاخـــە ی قایم و پتەو بو یەکگرتنی نووسەر و ئەدیبانی کوردستان و تەنیا بە یەکیك لـــــــە بەشەکانی کوردستانەوە تەنگە بەر نەکری •

خو ئەگەر دوژمنانی گەلی کورد دەستیان بروا ، ناهیلن نە یەکـــــیتـی نووسەرانی کوردستان هەبی و نە نووسەری کوردستان • جا کەوابوو (نووسەر ی

کوردستان) یا نووسەری کوردستان بی و پێشبار دەکەم نەوەن نەم رشتەو
زاراوەی لی دەرباویژرین کە (نووسەری کوردستان) تەیا لە بەشکر نورەخانا
دەنگە بەرز دەکا ۔

هیوا دارم لیژنەی ئامادەکردن و نووسەرانی بەریزی کورد پشتیوانی لە م
پێشنیارە بکەن و بڕوزمکە دەست کاری بکری و نووسەری کوردستانیش بە سەربەرزی
ئەرکی بیروزی خوی بە جی بگەیەنی ۔

سەرکەوتووبن
برایان ئەرەیم حسامی

هەوالنامەی کتێب

پاسانەی سابلاغ ۔ ۔ ۔

دوای ئەوە هەر بە دەستی خۆی هەمان چەپکی خونچانەی کە دابووی لە
دڵی کورەکەی و هێشتا گەرم بوو دای لە دڵی خۆی و خەیتی گوتنە ۔

شیعرەکانی ژمارەی پێشووم خوێندەوە

سەرمایەکی بەیەست : محەمەد صەدیقی

تا ئێستا شتی لای ئێمە کە باسی ئەدەبی کورد ئەکەن بەداخەوە خەڵکی بەکەمی شیعریان بیر دەکەنەوە . بۆیە هەر گۆڤار و رۆژنامەیەک لە دایک ئەبی باڵنگواز بۆ ئەدەبیان بڵاو ئەکاتەوە کە بە هەمی خەیانی بۆ بنیرن . پێش هەموو بایەتیکی تر بەکەمی و بەهەڵە دەیان شیعری ئەگاتی ، بەڵگەی ئەم دیاردەیە گۆشەی ((پوستەی خوێنەران)) ی هەندێ گۆڤار و رۆژنامەی کوردیە کە هەر ژمارەیەکیان وەڵامی دەیان ئەم جۆرە شیعر و کۆڵکە شیعرانە ئەداتەوە .

دیارە ئەم دیاردەیە هۆی زۆرە ، کە هۆی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ تەمەنی شیعر خوێی لە کوردستاندا لە چاوتەمەنی بایەخەکانی تری ئەدەبدا . هۆی لابەلاشی رەنگە زۆری ژمارەی شاعیرەکانی بێت چونکە ئەگەر ئێمە دیاردەیەکە لە سەدەکانی پێش ئێستادا وابوویبێت ئەوا ئێمەرۆش سەیری ئەوەی لایەنەکانی تری ئەدەبمان لە دایک بوون کەچی هەر ژمارەی شاعیر زۆرترین لە ژمارەی رەخنەگران و تۆژەرەوە و چیرۆک نووسەرو رۆمان نووسەرو شانۆگەر نووس . ئەم دیاردەیە لە کاتێکدا هەر بەرەو تەشەنە کردن ئەچی کە ئێمە پێویستمان بەوە هەیە لایەنەکانی تری ئەدەب گەشە و تەشەنە بکەن چونکە ئەوە هەتا ئێستاش دەیان کەڵە شاعیری وەک مەڵای

جزیری و نالی و سالم و معولهوی و محوی و بیره میرد و گوران و ...
تاد همروا پشت گوی خراون و ئهگهر معدیکهان شتیکیان لهسهر نوسراوه
به بهرپانویه دهمان لیکولینهوه و نامهی دکتورایان لهسهر ومرگیری،
جگله تهبوونی رومان نووسرو شانوگهر نووس و توژهرهوهی بهسهرو زمان
زان . دیاره ئهمه باسیکی دیژه و گهوان و پشکنین به دوای رهگ و هوه
یهکانی ئهم دیاردهیهدا گهلی پهل و بوی لی ئهپیتهوه . ئهوهی مهسهن
پیشهاری ئهکهم بو چارهسهریکی ئاسان . ههمان ئهدانی بلاوکردنهوهی شیعره
له گوڤار و روژنامهکاندا بهر شیوه زورهی که بابهتهکانی تری ئهدهبی پهکسات
به زهوه . ههر لهسهرهتای کارکردنماندا له گوڤاری خوشهویستی
((نوسهری کوردستان)) دا له گهل برایانی دهستهی نووسهرانی
لیژنهی ئاماده کردنی یهکیتی نووسهرانی کوردستان، بریارمان دا شیعر
له گوڤارهکهمان دا کهم بکهینهوه تا بتوانین ههواری شیعر تهسك بکهینهوه
تا بابهتیکی به کهلك وهستایی و لهبهرد هبماندا بی، شیعر پشت گوی
بخهین . بهڵام بابهتی بایهخ بدهین ئهوهنده و لیکولینهوه و رهخنهی دلسوزانهی
ئهدهبی چونکه ئهم روهوه هیشتا ههژاین . ساڵانه و ئهوهی ئهم بواره دا
ههمانه بریتیه له دوو جوره رهخنه و لیکولینهوه یهکهمیان رهخنهی دوهیت
کهر و زانستیه و زوربهشی کهمه، دووهمیشیان رهخنهی روخینهر و نا زانستی
یانیه که زور زوره : لهبهر ئهوه بو هاندانی جوری یهکهمیان و بنبر کردنی
جوری دووهمیان به چاکی ئهزانین گوی بدری به رهخنهی زانستیانهی دوور
له خواست و تارمزووی کهسایهتی و بریندار کردنی کهسایهتی نووسهران
چونکه ئهوهی شوین پی ئهم جوره نووسینانهی ههلگرتبی که بهناوی رهخنهوه
ئهنووسرین، ئهزانیت ئهم جورهیان چهند لیل و تاریکه و بهنیوهیهك رهنگی
تاریکی پیوه دیاره ئهگهر کهسیکی دوور له دنیای ئهدهبی کورد بیهوه، چاوی
بهو جوره نووسینانه بکهوی . یهکسهر وا ههست ئهکات ئهدهبی کوردی هیچ
نییه و ، کورد ئهدیب و شاعیری نییه و ، ئهگهر ههشر بیت ههمووبیان
کونه پهرست و ، وجوودی و ، شاعیری دهربارن . له کاتیکا ئهوانهی
ئهم جوره نووسینانه بلاو ئهکهنهوه و چهند ناتهلهمیکی داخ له دلن، ههبهستی

تایبەتی خۆیان هەیە . ئەم جۆرە نووسینانە بەڵگەیەکی تاریکن و بە زۆر لکێنراون بە رەخنە و لێکۆڵینەوەی تازەی کوردییەوە ، پێویستە رووناکبیران بە چاوێکی هوشیارانەوە بڕوانێنە ئەم بەڵگە تاریکە ، لەناو ئەم تاریکاییەدا ، ڕووە ڕووناک و گەشەکەی شیعر و ئەدەبی کوردی بدۆزنەوە . چونکە ئەگەر ئەدەبێکی هەزارپشتان هەبێ ، سەرمایەی ئەو هەزارەها سەدای مرۆڤانە و بەرگری کردنی لەگەڵ و بەرەی زەحمەتکێشانی گەل ووتەکردوە و سەرتاپای بوونی هەبێ بەختەوەری و باشە ڕۆژی ڕووناکی گەلی کورد و گەلانی پێشکەوتوخوازی دنیایە . .

(١)

لە ژمارە یەکی گۆڤاری خۆشەویستی ــ نووسەری کوردستان ــ دا ، سێ شیعر بڵاوکراوەتەوە :

١ ــ خەوە بەردینە ــ سوارە ــ بۆکان

٢ ــ سووتان لە بەر بارانەدا ــ ڕەفیق سابیر .

٣ ــ لە شەوێکدا ــ جوامێر .

١ ــ خەوە بەردینە :

شیعرێکی درێژی سوارەیە .

سوارە سالی ١٩٢٧ لە گوندی ــ قەرەگۆیز ــ ی ناوچەی بۆکان لە دایک بووە و سالی ١٩٢٥ بەدەخۆشی لە تەمەنی ــ ٣٨ ــ سالیدا کۆچی دوایی کردوە . ئەگەر جێی ڕووناکبیرانی کوردستان بە گشتی ، هێشتا تەواوی ئەو چەند شیعرە کەمەی ئەم شاعیرەیان نەدیوە ، بەڵام لە ڕوانگەی ئەو مشتەوە کە نموونەی خەروارێکە ، سوارە سەرمتای سەرهەڵدانی ڕەبازێکی تازە بوو لە شیعری کوردیدا ، ئەو شیعرەی لە کوردستانی ئێراندا باو بووە و ئێستاش لە دنیای شیعری ــ هێمن و هەژار ــ دەوە ئەبینرێ ، لەسەر دەستی سوارەدا لە سالانی بەنجاکانەوە بەدواوە سەروبن هەموو

بنا غەکانی هەلومشایەوە و لە هەموو رووەکانی تەکنیك و کێشو سەروا و هەو-
ای ووشەوە ، شەقڵی تازەی پەسەردا هێنا ٠٠ ئەم شاعیرە بو یەکەم
جار لە کوردستانی ئێران‌دا رچەی لاسایی و چاولێکەری شکاند و ئالای
دەست پێ کردنی تازە بوونەوەی شیعری هەڵگرت ٠٠٠ تازەکردنەوەی شیعری
کوردی لە کوردستانی ئێران‌دا ، ئەگەرچی لە چاو تازەکردنەوەی شیعری
کوردی لە کوردستانی عیراق دا ، بەدواتردە ، بەڵام بو کوردستانی ئێران
کە شیعری فارسی ، زۆر دەمێك بوو شاعیرە فارسەکان شورشیان تیاکردبوو
ئەمەیان شیعری کوردیش شتێك بکات لەو پارچەیەدا ٠٠ سواری ، بەو هۆیەوە
کە لە کۆلێژی-حقوق-ی تاران ئەیخوێند و رووناکبیرێکی ووشیار بووە
ئاگاداری شورشە ئەدەبیەکانی گەلانی دوور و نزیك بوو زۆر وشیارانە لە
شیعر ئەگەیشت ٠٠ ئەو سالانەی ٠٠سواری ئەم تەرکەی تیا گرتە ئەستۆ ،
دروستدەبێتی رۆمی دکتاتۆری شای ئێران لە لوتکەدا بوو ،وەیە شیعرەکانی
سواری پڕن لە وینە و رەمزی شارلاوە ٠٠ئەم جورە شیعرە ، کە لەیەك
کاتدا دوو نیشان ئەپێکی ئەیکەمیان شکاندنی رچەی شیعری پێش خۆی و
دووەمیان لە ئامێز گرتنی ئەو هەموو پەیوەستانەی لە چوار چێوەی رەمز و
هێما و ئیشارانی شارلاوەدا ، شیعرێکی تۆل پڕزا و پر نهێنی ئەبن ٠٠٠
شیعرێك کە بە ڕاگوزاری و پەسەرپێی نەخوێندرێتەوە و لایەنە جوانەکانی ،
بەپەلە ، حوپان نەدەن بەدەستەوە ٠٠ شیعرێك کە بە پیوانەی دروستبێتی
سەردەمەکە ، شوڕبوونەوەی ئەویت بو ناو پێشە چو و ناخناوەکانی ئەسەر و
رەمز و نیشانانە ٠ لەبەر ئەوە لە خوێندنەوەی هەموو شیعری سواردا و وا
هەست ئەکەیت کە وشەکان زۆر توند و تۆل خراونەتە پاڵێك و رستەکانیان
تونڈتر نووسێنراون بەیەکەوە کە بەم کارە ئیگرای هەموو شیعرەکە شیوەی
پتەوی و توند و تۆلی پیو ئەبێتری ٠٠٠ شیوەیەك-ئەدەبیس-واتەنسی
: تەکنیکی شیعرەکە ئەوەندە توند و تۆل ئەبێت ، وەك‌پایەی خانوویەك ،
ئەگەر خشتێك ، یان بەردێکی لێ دەر بهێنری ، سەرتاپای خانووەکە
ئەروخێ ٠ بە کورتی شیعری سواری ، دیاردەیەکی تازە و تایبەتی یە و مورکی
-سواریەتی- پیوە دیارە ٠ من لام وایە ئەگەر ئەم شاعیرە لەو تەمەندا -٢٨-

سال جوانه‌مەرگ نەبوایە ، تازە بوونەوەی شیعری کوردی ،کوردستانـــــی ئیرانیش ەوا زوو جوانه مەرگ نەدەبوو ۰۰ چونکە ئەوەی ئەم جوانه مەرگـــە بوونه ئەسطەینی ، کەبوونەوەی تازە بوونەوەکەی سوارمیە ، ئیستا لە کوردستانی ئیراندا ئەگەر چەند دەنگیکی تری جیاواز لە دەنگی هیمن و هەژار هەبن هەر هەمان ڕەچەکەی سوارەن و هیچیان نووتلانەی دڕێژە پیدانی تازەکرد نەوەکەی سوارە بە گوێ شیعری کوردیدا ناچڕپێنن۰

ئەم شیعرەی سوارە ــ خەوە بەردینەــ وەک کاك سەلاحەدین موهتەدی بەشەکی بۆ نووسیوەتەوە :(سەرگوزشتەی ئەو ئاو و سەرچاوانەیە کـــەیـــە هیوای بەگشتی گوتنەوە ، بوون بە چوم ، وەری دەگەون و بەتەمان بگەن بـــە دەریا ، بەڵام لە ڕێگا هەرکام بە دەردێك دەچن و هەرێك بـــە لایـــەکـــا لادەدەن ، تەنانەت ئاوی ڕا هەیە ڕاستەوخۆ دەبێتە دژی خـــــۆی، دەبێتە بەرد ، خەونی بەردبن ئەبینی ، تەنیا سەرچاوەیەتی تەڕا و شارەزایە هەم ڕێگای دوورەتەوە و هەم وردە و بارەری بەتینە ، ئەزانی‌لە پیشا لـــەگـــەل جۆگە و جۆباری لەیەك نزیك ، ئەبی یەك بگرێتەوە و بێی بە چوم ــزیەکـــی گەورە ــ کە گەلەکەی خۆیەتی ۰ پاشان هەموو جۆمگان پێکەوە بچنـــــەوە تا دەریای بەشەریەت)[1] ۰

ئەگەر ئەو پێشەکی‌یەی کاك سەلاح ، کلیلی کردنەوەی دەرگای ڕەمز و هێماکان بێت بۆ تێگەیشتن و شەرحی شیعرەکە ، من هەندێ لایەنی تـــری شیعرەکەم مەبەستە :

آ ــ دەست پێ کردنی سەرەتای شیعرەکە :

شیعرەکان بە پێشەکی‌یەکی دڕێژ دەست پێ ئەکا ۰ پێشەکی‌یەکی پڕوبنـــــە و دیمەنی شاعیرانە ، ئەم دەست پێ کردنانە بەو جۆرە پێشەکی‌یانە لـــــــــە شیعری داستان و بەیتە فولکلۆرییە کوردییەکاندا بەکار هێناوون ۰ گـــەلی شاعیری تریشمان وەك : بێرەمێرد و کامەران بۆ شیعری کۆرت و ئیستاش زۆرکەم و جارو بار ــ شێرکۆ بێکەس ــ پەیڕەوی ئەکات ۰۰ لە ڕاســـتـــی دا ڕەو کردنی ئەم پێشەکی نووسینانە ئەگەر بۆ هەندێ بابەتی شیعـــڕی

پهویست بکات . له شیعری تازه‌ی جیهاندا بهکار هیناني زور کـــــه‌م بوتهوه ، به شیوهیهك که شیعرهکه راسته‌وخو و بروسکه ئاسایی دهســـت پی ئهکات ، بهکهم ترین ووشه و رسته مهبهستهکان دهرئهبرد رین .

ب ــ ئهوهی جی‌ی سهرنجه ئهم شیعره ، سهروهر سیمای روســان سی‌یهتی پیوه دیاره ، که ئهم سیمایه بو شیعرین رهمزی‌ی ، زور ناتهبـــان شاعیره رومانسی‌یهکان کهمتر توخنی‌یابهتی رهمزی‌ی ئهکهون و به پیچهوانـــه شهوه شاعیره رهمزی‌یهکان تووړ ئهکهونهوه له رومانسی‌یهت . سواره له گهلـــی شیعری تریدا ئهم تویژالی رومانسی‌یهته زاله به سهر شیعرهکان و ، ههندی جار تاوماییی و جی پهنجه‌ی شیعره رومانسی‌یهکانی مهولهوی و ههندی جای تریش بون و بهرامه‌ی دوو هاوینه گهشتهکه‌ی ــ گـــوران ــ له شیعری سواره دا ههست پی ئهکری :

وهکو نهرمه ههنگاوی لاوی بهره و ژوان
لهجی ژوانی زیندوو به گیانی کچی جوان
وهکو گهرمه باوی ئهشقی ئهستی تارا و
لهژوینی دهریای بلووریني بهروی
به خور خوهد یواری گیوه ئهدا تاو
لهگهل گاشه بهردا سهرئهسوی ، سهرئهسوی

یان :

ئهلین تاجی زهرینی دووړگه‌ی لهسهر ناوه دهریا
ههتا چاو ههتهرکا شهپوله ، له بوونا ، له چوونا
بهئا ههنگه سهرههندی بژوینی خوشی
لهبهر خورهتاوا ئهلی‌ی سینگی ژینه ئههازی
ئهلی‌ی هانی ههستانه دهنگی خروشی

ل ۳۲

جـ ــ به لام له تهکنیکدا له مهولهوی و گوران جیاوازتره ، مهودای وشـــه رهت و بلاوه ، له پشتی وشهکانی‌یهوه چهند دنیا و مانای تر ههن . ئهمه رهگهزهکی شیعری تازهیه ، ووشه لهو جیگایه گهورهتره که تیای‌دا دائهنـــری ،

لەم بارەیەدا قالیل نابی ئەوەندەی خوی بی حەزئەکا گەورەتربی ... لە یەك مانا و زاراوە ، بەڵکۆ چەند مانا یان چەند مەودایەك لە خۆیدا کۆ ئەکاتەوە ، بەجۆرێك ئەگەر سەرتاپای شیعرێك لەم بابەتە بخوێنیتەوە هەست ئەکەی تیکڕای شیعرەکە چەند مانایەکی هەیەو هەموشیان جوان و شیاون ، بە بیچوانەی شیعری ئەو دوو کەلە شاعیرەوە کە ووشە هەر مانا فەرهەنگی یەکەی هەیە ، باسەیری ئەو دوو وێنەیەی مەولەوی و گۆران بکەین :

بۆی بالات هەڕزان وەدەشت و هەردان
غەزڕای لای ئوم وەکام گەسوزە ردان
مەولەوی

قژکالی لیو ئالی پرشنگی نیگا کال
ئەی کچە جوانمەکەی سەرگونا نەخێك ئال
گۆران

لای هەردوکیان ووشە کوت و ڕەت هەر ئەو مانایە ئەدات بە دەستەوە کە لە دیرەکان دا نووسراون ، مانایەکی تر لە پشتیانەوە نییە ، کەچی لای سواری بەم جۆرەیە :

بەلی ، دووڕە کەمینی دەریا
بەلی ، وایە کانی هەزاران
ئەزانم ، ئەوانەی کە بڵاوی ئاون ، بڕۆن
ئەزانم ، لەوێگا مەترسی گەلی ژەنگ و ڕۆن

دەسەرەڕای ئەو تویژالە ڕومانسی یەتەی بە سەر شیعرەکەدا ڕاڵەبوایە ناوەڕۆکی شیعرەکە لەوە ڕوونتر بوایە کە جاوە ڕووان ئەکری ، کەچی لە هەمان کاتا جۆرە تەمێك بەسەر مانای شیعرەکەوەیە ، واتا هەرچەندە شیعرەکە ڕومانسی یە بەڵام ئەمی زۆر لەسەر دیرەکان ڕابوەستیت و وردببیەوە ئەوسا دوای شیکردنەوەی دیرەکان لە مانای شیعرەکە ئەگەی ، ئەم جۆرە شیعرانە لەو بابەتانەن کە زوو دەستەو ناین ، سەرکن ، ئەمی ماندوت بکەن ڕەنگە ئەم سەرکی و دەستەو نەبوونە هوی مانا فەلسەفی یەکەی بیت کە تیکڕای شیعرەکەی لە ئامێز گرتووە .

جیا لهم سه‌رنجانه‌ش ، ئه‌وه‌ی جێی دڵخوشی‌یه لهم شیعره و ئه‌و هه‌ند شیعره‌ی سواره که من دیومن ، ئاسوی بیری نه‌تەوایه‌تی‌ونیشتمانی واره به‌رین‌تره ، له ئاسوی ته‌سکی نه‌تەوایه‌تی ئەو شیعره کوردی‌یه‌ی ، کوردستانی ئیراندا باو بووه ، به تایبه‌تی له شیعرەکانی هیمن و هه‌وار دا . ئەم شیعره به‌ڵگه‌یه‌کی گه‌وره‌ی ئەو ناڕه‌خنه‌یه‌یه چونکه ئه‌و (چوم)ه‌ی سواره لهم شیعره‌دا مه‌یه‌ستی‌یه‌تی نه‌تەوه‌ی کورده ، به‌ڵام ئەو چومه چومی تری وه‌ك خوی ناسی وه و لەگەڵی تێکه‌ڵ بووه ، به‌ تێکه‌ڵ بوونیان رووباریکی گه‌وره دروست ئه‌کەن و به‌رەو دەریا هه‌نگاو ئه‌نین ، که قوناغی دوایی ـ دەریا ـ که مه‌یه‌ست له هه‌موو مرۆڤایه‌تی‌یه‌ . ئەم بازدانه به‌سەر سنووری ته‌سکی نه‌تەوایه‌تی‌یا و به‌رینه‌وه بو تێکه‌ڵ بوون له‌گەڵ نه‌تەوه و گەلانی تردا ، ئه‌ك هه‌ر مرۆڤایه‌تی کورد دەرئه‌خا ، به‌ڵکو حه‌قیقه‌تی مسۆگه‌ر ده‌کا . که گەلێکه هاوشانی گەلانی دنیا و به‌رەو هه‌موو گەلێکی ماف زه‌وت کراو باوه‌ش ئه‌کا به گەلانی تری به‌شخوراوی ئه‌م دنیایه‌دا و ، به هه‌موویان هێزێکی گه‌وره‌تر دروست ئه‌کەن بو رامالینی هێزی داگیرکەر و چه‌وسێنەر . ئه‌مه‌ی سواره لهم شیعره‌دا کردوویه‌تی جگه‌لهو سنوور شکاندنه‌ش راچه‌نینی شیعری نه‌تەوایه‌تی کوردی‌یه بو خوناساندنی به‌شیعری جیهانی و شانازی کردن به‌وه‌وه که نه‌تەوه‌یه‌کی کورد یش چومێکی سه‌رهوته و ئه‌وژیته دەریای گه‌وره‌ی مرۆڤایه‌تی‌یه‌وه .

۲ ـ سووتان له‌بەر باران دا :

ره‌فیق شا عیریکه له ڕیگای دوو دیوانه‌که‌یه‌وه ((پشکوکان ئه‌گه‌شێنه‌وه ، ڕۆژنه)) خوی به شیعر و خوێندەواری شیعری کوردی ناساندوه ، ده‌نگیکه دوای سالی ۱۹۷۰ له‌گەڵ کومه‌ڵێکی تر له هاوڕێکانی سه‌ریان هه‌ڵداوه ، بیره‌مه که دیوانی یه‌که‌می چاپ کرد ، نامه‌یه‌کم بو نارد ، تیای‌دا دوای بیروڕای خوم بی ووتبوو که له دیوانه‌که‌ی‌دا شیعره تایبه‌تی‌یه‌کانیم یه‌کێکی جوان و خوشن ، ئەو شیعرانه‌ی که خودی ره‌فیق خویم تیا ئه‌بینی .... ئیستاش‌هه‌مان قسه له مه‌ڕ دیوانی دووم و شیعره‌کانی دوای ئه‌و دوو دیوانه ئه‌که‌مه‌وه ، چونکه من پیم وایه پاك‌ترین شیعر ، ئەو شیعرانه‌ن ، که

شاعیر راستگویانه باسی خودی خوی ئەکات • رەفیق شاعیریکە چەند تەجروبەیەك لە ژیانیا هەیە ، ئەو تەجروبانە کەم و زۆر کاریان کردوتە سەر شیعری ، من لام وایە ئەو تەجروبانە چەند ئازاری دەروونی رەفیقیان داوە ، ئەوەندەش بوونەتە هۆیین بۆ شیعرەکانی • لای رەفیق یەکەمترین ووشەکانی ئەبن بە شیعر ، لەبەر ئەوە شیعری رەفیق پیشەکی و تەفاصیلی تیا نیە ، زۆر دەست ئەگری بەووشەوە ، بەسل و ترسەوە ووشە لەجیگای خۆیدا بەکار ئەهینی ، واتە شوین پی و هەنگاو بۆ ووشەکانی ئەدۆزیتەوە ، ئەوسا دایان ئەریژیت • ئەم (ئیقتصاد) کردنە لە ووشەدا دیاردەیەکی تایبەتی نیە بەتەنیا (رەفیق) موە ، بەلکو لای ئەزەر قادر جاف زەقترە هەستی پی ئەگری • بەلام ئەوەی تایبەتیە بە رەفیق ، ئسلوبیکی جیا وازی خۆی هەیە ، بە جۆرێك ئەوەی چەند شیعرێکی لەسەر یەك بخوینیتەوە هۆگری شیعری ئەبیت و ئسلوبی ئەناسیتەوە • ئەم ناسینەوەی شیعر ، شتیکی ئاسان نیە ، ئەمە ئەو رەگە ئەستورەیە کە لە زاراوەی ئەدەبی دا پی ئەوتری (دەنگی تایبەتی ••• ئەم تایبەتیتی و کەسایەتیەیە ، لە ناو لیشاوی ئەو شیعرەدا کە دوای سالانی ـ ١٩٧٠ ـ هاتە ئەجامی خۆ سەپاندنی شاعیرە لە ناو گورەپانی شیعردا •• چونکە لیشاوی ئەو هەموو شاعیرەی دوای سالی ـ ١٩٧٠ ـ دەرکەوت ، ئەگەر زوربەی شیعری شاعیرەکان تیکەل بکرایە بەیەکەوە بخوینرایەتەوە ، هەمووی لەیەك ئەچوون ، هەموو یان جیهەنجە و کارتیکردنی یەکتریان بیوە دیار بوو ، یان کورتر بلیم : هەمووبان یەکتریان ئەچوەوە •• بەلام وەك ووتم شیعری رەفیق ئەناسریتەوە لەبەرئەوەی بون و بەرام و کەشو هەوای تایبەتی خوی هەیە ••

ئەم شیعرەشی : سووتان لەبەر باراندا ـ دریژ بوونەوەی ریچکەی هونەری شیعرەکانی بیشوتریتی •• هەموو گیانی شیعرەکە تارمایی سوتان و مردن و خوین و کوشتن و بریتی بیوە دیارە • شیعرێکە رەنگدانەوەی بار و دوخی ئەم رۆژگارە سەختەی ئیستای پیوەیە ، کە سیمای داپلوسینی مرۆڤە مرۆڤی کوردی بیوە دیارە :

له نـــزیك دی
گورستانه خوله منشیهکم لی همستایه سعربی
گورهکان هیشتا .
نالهی خوینیان لی هملدمستا ل ٤١

یان :

بونی کفن و
بونی دیلی و
بنی بیاوه موماکانم لی دوور خمهوه

ل ٤٣

سلام وینهی ئهم داپلوسینه به شیعر باسئهکات نهك به قسه :

له ناو بوولیلی ئهم خاموشیهدا
وهك گورانی سووری ژیان
به باوهشی ئهوینهوه
بیاری ناو برینهوه
دهستم بگره و به
به هیمنی ی
بخه دهرهای بهرینهوه

ل ٤٣

همرچهند داپلوسینهکه ئهوهندهی توزقالیك له وره و همنگاوی ئهمی کـــهم نهکردوتهوه و لهگهل خویدا ئهوه ئطیتهوه که همرگیز نابهزی :

همتا همتاوی تومان لی هملدی
له رووی نهبوونا
له رووی وون بوونا
بی له چهم دهنیین
بی له شهو دهنیین
بی له برین و ترس و تهم دهنیین
لهناو هالاوی ئهم کهناره دا
خوشهویستی ی تو له ئامیز دهنیین

ل ٤١

١٠٠

حه‌واڵنامه‌ی کتێب

شیعرلای رەفیق شیعرە ، دوور لە کێش و سەروا و قالبی ئامادەکراو. هەندێ جار بەبێ پێرەوکردنی هیچ یاسایەکی ئامادەکراو راستەوخۆ شیعرەکە سنووری یاساکان ئەشکێنێ و دێتە دنیاوە ، گوێ ناداتە کێش و سەروا وتریە ـ ئیقاع ـ ی ناوە و دەرەوەی جەستەی شیعرەکە :

کەلە بنارەکە دوور کەوتەوە
دووا ئامێزم لە چیا خوێناوییەکە تژوند کرد
بە پەنجەی نێنۆکەکانم ، لەسەر بەرد و خۆڵی
لوشکە و دامێنەکان
لەسەر باڵای بوسیتی
لەسەر رەنگی درەختەکان .. تاوەکەتم هەڵگۆڵی

لەم کۆپلەیەدا ، ئەو دێڕانەی سەرەوە هیچیان لە رووی کێشەوە پەیوەندیان بە یەکترەوە نیە ، هەر دێڕەیان کێشەکی جیاوازە ، بەڵام لە جوڵەدا هەست ئەکەی شیعر ئەخوێنیتەوە ، چونکە شیعر بە کێش و سەروا نابێ بە شیعر ، ئەگەر لە جوڵەدا گیانی شیعری تیا نەبێ ، لەبەر ئەوە چاکتر وایە پێش بیرکردنەوە لە کێش و سەروا و یاسا پەیرەوکراوەکان ، بیر لەو ئاهەنگە شیعرییە بکەیتەوە کە شیعرەکە دروست ئەکات ، وەنگە هەندێ جار ئاهەنگی جوان ترین شیعر ، شیعر دروستیش نە جوڵێنێ .

من دڵنیام شیعری رەفیق ئاشنا نیە بە زۆرێ زۆر شیعر دوست بەڵام ئەوانەی راستگۆن ، نکۆڵی لەوە ناکەن کە شاعیرە ، لیرە دا ئەبێ هەوی ئەمە وروون بکەینەوە ، بەوەی کە ئسلوبی رەفیق زۆر تایبەتی و جیاوازە بە گوێچکەی هەستی ئەوانەی لە گەل کێش و سەروای شیعری دوای سالی ١٩٧٠ ڕاهاتوون ، بەڵام نابێ ئەوە لەبیر بکرێ کە شیعری دوای سالی ١٩٧٠ هەمووی شیعر نین و زۆر بەشیان تا ئێستا یەک جور کێش ئەجوـ نەوە ، جونەرمەکی ئاسان و دەق گرتوو بە کێشی پەنجەوە . جگەلە تەکنیکی تایبەتی رەفیق کە جارێکی تر شاعیرێتی ئەسەلمێنی . بەڵام کە ئەڵیم رەفیق شاعیرە مەبەستم لەوە نیە بڵیم : رەفیق هەموو تینوێتیمان ئەشکێنی بەڵکـو ئەڵیم ئەم شاعیرە داوا لێکراوە تەکانێک بدات بە خوێ ، تەکانێک ئـەو

دەقەی بە خویەوە گرتووبەتی لێی رابەری ، تەقینەوە لە خوی دا دروست بکا ، کوملێ مەرجی تازەگەری شیعر هەن کە رەفیق خوی لێیان بێ ئاگا نیەیە و هیشتا لە شیعری رەفیق دا سەریان دەر نەهیناوە .

لە پال ئەوەشدا کە وێنەی شیعری دوور لە کێش و سەروا زۆرتر بساوە لای ئەم شاعیرە ، هەندی جاری تر کێشێکی کوردی ئاشنا بە هەست و گوێچکەی شیعرەیان ، بە سەروایەکی جوانی ناوەوەی شیعر بەکار ئەهێنی :

ڕۆیم بێ لەم وەرزە بەردینە بەکە
ئەم مەشخە لافەی سەرم ناتوانم
لەم هەلدێرە دا لقی دار نیە
کەلە بەردێکی تیژ و هار نیە
بچمێتە ناو قوڵایی گیانم ل ٢

بەرای من بەکار هێنانی کێش و سەروا گەلی جار بەستە بۆ لە وەی دەسەلاتی شاعیر لەو کێشانەدا دەربکەوی و لەلایەکی تریشەوە دوور نیشان نەبێتی :

یەکەمیان : شارەزایی شاعیرەکە دەربخا لەو کێشانەدا

دووەمیان : هەندی تازە کولکە شاعیر بۆی دەرکەوێ بیێتی بە لە بیکەوە لکاندنی چەند وشەیەکی جیا جیا . لەبەر ئەوە لەناو ڕۆژنامە و گۆڤار ، کوردیدا بەکاندا بە لێشاو ئەو شێوە شیعرە بەرچاو ئەکەون کە بە ئاسانی سواری سەری ئەبن و ، شەڕی حەوت دێری بێ سەر و شوێن ، ئەنجامە پال پەک و ناوی ئەنین شیعر . بەبێ ئەوەی لەخوێندنەوەیاندا هەست بکەی شیعرێکت لەبەر دەمدایە . هەرچەندە وەک لەسەرەوە ووتم شیعر شیعرە و بەکێش و سەروا نابێ بەشیعر ، چونکە شیعریش وەک سروشتی ئەم سەردەمی دێل کردن و کوت و بەبەند کردنە وایە ، حەزەکات رابە ری ، یاخی بیت لەو یاساو ستوورانەی بۆی دانراوە و ملی بێ کەچ ئەکەن کە بچێتە زێری . . بەڵام ئەم ڕابەرینە بە هەموو کەسێك ناکری . . یاپلۆپیکاسو هەموو قوتابخانە و ڕەبازە هونەرییەکانی تاقی کردەوە و ئەوسا شتە تایبەتی یەکانی خوی ئەسەلماند . گوران بە کێشەکانی شیعری عروز دا تێپەڕی ،

ئەوسا کیشە خومالیی‌یەکانی سەپاند • ئەو رایەڕینەی من مەبەستم لـــــە شیعر دا ، لای عەرەبەکان بە جوانترین شیوە ـ محمد ما غوط ـ ئەم کـــارەی بە جوانی بۆکراوە، لە هەموو شیعرێکیا هەست ئەکەی شیعرەکەخوێنیتەوە •

سەرباری ئەو سەرنجە هونەرییانەش ، دوافسەم لەسەر ئەم شیعرە چەند سەرنجێکی زمانەوانی‌یە ، لەسەر هەندی دێری شیعرەکە وەك :

گوڕەکان هیشتا
ناڵەی خوێنینیان لی هەڵدەستا

ئەوەی تائیستا سەبارەت بە راناو لە گەل ووشەی ((خوین)) دا بە کـــار ئەهێنری ، لە ناو کوردا ئەڵین :

فلانە جێگا بۆنی خوینی لی دێت ••• من هیشتا ئەم بیستووە بووتری : ناڵەی خـــوین •

یـــان :

ئەوە تەوزمی هالاوی خوێنە
وەکو سیبەری تێنوێتی و مردن
دەکشی بەسەر ئەم بەردەلانەدا ؟

لە دێری دوایی دا ـ کار ـ مکە پێش‌خراوە • کە ئەبی لە دواوە بی و بەم جورە بـــێـــت •

بەسەر ئەم بەردەلانەدا دەکشی ؟ •

چونکە لەم حالەتانەدا هەرگیز ـ کار ـ پێش ناکەوی • کورد هەمیشە ئەڵی : نان ئەخوم ، جل لەبەر ئەکەم ، پشتین ئەبەستم ••• ئەوەی سەیرە هـــەر رەفیق خوی ، لە دێری دواتردا پەیرەوی ئەم لایەنەی ڕیزمانی کردووە :

یان تەم و مژە
ڕێژوو هەڵدەگری ؟
وەکو تارماییی
بە درێژایی سال بێشم پی دەگری ؟ •

یان :

دەشی لەم شەوانەدا
لافاوێکی ئەستوور هەستی ..
لە راستیدا ـ لافاوەکان ((خوڕ)) یان ((گەورە)) ولەم بابەتانەدا
بیستراون لە زمانی کوردیدا نە بیستراوە : لافاوێکی ئەستوور هەستی ..

ئەو چەند سەرنجە وورد بوو لە نرخی جوانی‌ی شیعرەکە کەم ناکاتەوە
بە دڵنیاییەوە ئەلیم ئەم شیعرەی ، شیعری بووا بە خوێنەر و بەرەنگار
بوونەوەی ئەو موتەکانەیە ، کە سواری سنگی ئەم سەدەیە بوون و ، ئەبێ
ڕۆژێک بیت بگڵێن و گڵۆر بینەوە بۆ سەرە نوێلکی میژوو ...

هەوالنامەی کتێب

تێبینی ـ ئەو بەشەی هەڵسەنگاندنەکە کە پەیوەندی بە شیعرەکەی جواسیرەوە هەبوو ..
بەهۆی لافاوێکی ناوەختەوە لە کەل ڕۆژ نووسینی تردا تەمبێبوون و بەداخەوە بۆمان
نەخوێندرانەوە . بۆیە لە بڵاو نەکردنەوەی ئەو بەشە بمان بەخشن . هەوەها دەبوایە
ئەم ژمارەی گۆڤارەکە لە مانگی وابردووا دەربچوایە ، بەڵام هەر هەمان لافاوکە
گۆڤارەکەشی مانگێک دواخست ، بۆیە دووبارە لەمشمانا داوای لێ بوردن لە خوێنەرانی
بەڕێز دەکەین .

" دەستەی نووسەران "

ناله

تیگەیشتن و هەڵسەنگاندنی هەر بەرهەمێك لە دوو بنەماوە پاسوود لە دوو تیۆری و بۆچوون و بە قسەی ئەنجامێدەرات .

کاك سەلام لە زیر سەر دیری (قەوارە و ناوی گۆڤارەکە) دا ئەڵێت :(وتمان پەسرو یەکە چاپکردنەوەی لێژنەی ئامادەکردنە بێگومان کشت تاقیکردنەوەیەکیش لە سەرەتـــــای تێکەیشتن و چاوکردنەوەیدا بێ کەم و کوڕتی نابێت بەتایبەتی هەندێك برادەرانی لێژنەکە لە بواری رۆژنامە نووسین دا کاریان نەکردووە) .

کشت لە بەشدا تەعبیر لە خوێ ئەکات و بەس هەرکێ کشت هەڵەدەکرێت . بە پێی ئـــەم پێوەرە ئەبێت لە نووسینەکانی کاك سەلام دا لە هەموو لایەنەکاندا هەڵی چونیەتی کاك سەلام هەبێت .

با بزانین چون !؟

ئەلیت پیرو یەکەم تاقیکردنەوەی لیژنەی ئامادەکردنە وانە پیرو خوی تاقیکردنەوەیەکە بو خوی دوای ئەوەش ئەلیت .. کێشت تاقیکردنەوەیەکیشی لە سەرەتای تیکەیشتن و چاوترد نەوەدا بی کەم و کوڕی نابیت . وانە پیرو خوی تاقیکردنەوەیەکە بو خوی لیژنەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە ئایا سەرەتای پیرو کامەیە ؟ ؟ چون کوفارەکەی دابەش کرد ووە بەسەر سەرەتا و تاوەراست و دوای تاوەراست ؟ ؟ ئەگەر بەم شێوەیە بوی بچوبیت ئەبیت پیسەر و بەرهەمی یەک مرۆف بیت و هەر بەرهەمێی لە کاتیکدا نووسرابیت .

خوتگەر وێستێکی هەموو پیرو دابنێیت بە سەرەتا ئەبوایە بەو شێوەیە تەعبیری بکردایە کە دەرکردنی کوفاری نووسەران تەنها پیرو وەت تاقیکردنەوەیەکی میژووی کە چەند تاقیکردنەوە یەت لە خوی دا هەڵگرتبێت لەناو کوفارەکان دا بە کەشەکردن دا نەروات . بیلومان ئەم جولانەوەی کەشەکردنەش بەشێکی زانستی هەیە تەت کوفاری نووسەران بەڵکو هەموو شتێک ئەگەر کشە بکات بە هەنگاو کشە ئەکات لە تەنیشتی دەوڕەدا زیاتر پێی ئەماویزێت . وانە مەرج نی یە هەموو شتێت لە کشەکردن دا بێت بەڵام هەموو شتێی کشە ئەکات کشەکردنەکی لە هەنگاوەکانەدا بێندەی . دیارە کاک سەلاحەوە بیستوویە کە بیهان لە کشەکردن و پیشکەوتن دایە بۆیە لەوێدا بەکاری هێناوە بەڵام کام بەکارهێنان ؟ ئەوەی کە پاساو کەرد!!! دیارە ئەم لێ دوانەش سەرێکی بچووکی کشتی کاک سەلامی پیوەیە کام بوچوون ؟ کام مۆرک ؟ دیارە پرسە پرسە ئەم پرسیارانەدا کو ئەبێتەوە وتاوێی پێ کەیشتێکی تایبەتی ئەوی و لە زاراوەیەدا تەعبیر لە خوی ئەکات .

ئەگەر بوچوونی کشتی کاک سەلام لەناو هەڵویستەوڵی دوان و تەعبیر کردنەکانیدا خوی بنوێنێت ئەوانە لە هەموو ئەم لایەنانەدا نەزادی ئەو بوچوونە کشتیە هەیە .

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە نووسینەکەی هیچ تەوەر و روانگەیەکی دیاری کراو بە دی ناکەین جگە لە بوچوونێکی کشتی تایبەتی نەبێت کە ئەویش بوچوونی " دەستە و یەخەیە !! "

وانە رستەی دەستە و یەخە تیکەیشتنی دەستە و یەخە هەڵسەنگاندنی دەستە و یەخە دەستە و یەخە نەزادی هاویەشە دەروی نی هەڵگیشە لەگەڵ نوسینەکەماندا زیاتر ئەم راستیە ئەسەلمێت و زیاتر لە ناوەرۆکی دەستە و یەخە ئەبین .

کاک سەلام ئەلیت : (. . . بەتایبەتی هەندێک برادەرانی لیژنەکە لە بواری رۆژنامە نوسیندا کاریان نەکردووە) . ئەبێت پرسیار لە کاک سەلام بکەین مەبەستی لە رۆژنامە نوسین چی یە ؟ لە پێش هەموو شتێک دا دیارە کاک سەلام ئەم شەهادەیەی بە خوی داوە.

ئایا ئەدیب و نوسەر و روژنامە نوس چین ؟ ئەم رایەی کاك سەلام لەوە ئەچیت کابرایەك خەریتەی خاتو بکات و کاك سەلام بلیت لە کولیجی ئەندازە دەرنەچووە ئەم رایەی کاك سەلام نیشانەی بوچوونی دەستە و یەخەوە تەعبیر کردنی دەستە و یەخەیە .

سەبارەت بە ناوی گوفارەکە و چونیەتی دەرکردنیەوە موركی کاتشوینی (کات + شوین) پیومیە لەو کاتەدا کە گوفاری پەروەردەرچوو زوربەی لیژنەکە و شاعیران و نوسەران ئامادە نەبوون یلاویونەوە هەروەها لەوکاتەدا کە لیژنەکە پیت هات باری نوسەرانی کوردمان رەچاو کردبوو تا ئەوکاتە ئەگەر چی پاساکانی رژیم زەمینەی مانەوەی ریکخراوی نوسەرانی کوردی نەهیشتبوو و بەلام تا ئەو کاتە هەر لە بارەگاکانیان دا پەردەوام بوون ئیمەش خۆمان بە جیاو وەکو شتیکی تر لە قەلەم ئەدا و بۆزمان بە سەردا لی نەدراون . لەو روانگەیەوە پیرمان لیکردوتەوە کە ئەگەر رژیم بۆری هەناسەی کرتن ئیمە دەمیان بنیین بە سیەکانی خۆمانەوە چونکە نوسەرانی کورد هەمیشە خاوەنی هەلویستی مەزن بوون و تاقە ریکخراویك بووە نەك لە کوردستان دا بەلکو لە سەرانسەری عیراق دا کە بتوانیت دژی رژیم قسە بکات و رووبەروی بوەستیت میهرەجانی دەمی شیعری کوردی زیندوترین نمونەیە جگە لەوەی کە چەندەها کۆری شیعری تر لە سلیمانی و کیراوە و دژی راکیزان و لە سیدارەدان پەخشی نیا خوینراوەتەوە . جگە لە چەندەها بەرهەمی ئەدەبی تر و هەلویستی تر .

هەلویست تەنیالە شیوەیەك دا خۆی ناتوینیت بویە شوین تاقە پیومر نیە زورەروف ئەسپ هەلی ئەگیت و بەسوار چاك ناوی دەرئەچیت .

ئیمەی نوسەرانی پیشمەرگە پیویستە بە چاویکی تزەوە تەماشای نوسەرانی شار نەکەین و بە بی هەلویستیان نەزانین چی نەهیشتنی شارەکانیش خۆی لە خۆی دا هەلویستیکی مەزنە . ئەگەر ئەدیب بتوانی بە بەردەوامی بەرەنگاری چەوسانەوە ببیت و بەرهەمەکانی بکات بە پەنجەرەیەك لەسەر جیهانی شورشگیری و بەرەنگاری هەرکاتیکیش ئەوان بەو شیوەیە هەلسوکەوت نیان کرد پیویستە یەکی یەك پارچەیی ئەبیت لە نیوانمان دا واتە لەم کاتەدا ئەتوانین بلیین :

ئەبیت ئیمە ئەوان بین لیرەو ئەوان ئیمە بن لەوی !

پەروەردەناو ئەم شیوە جولانەوەیەدا سەری هەلدا کە کاك سەلام لە بستیك ریکاوە ئەم لایەنانە ی فەراموش کردووە و ئاوەڕی لە کاتشوین نەداتەوە . دیارە ئەمەش ئەگەریتەوە بۆ ئەوەی کە سەر دەستەکی و دەستە و یەخە بوشتەکان ئەچیت و لی یان ئەدویت بەیی بیریان لەسەر بکاتەوە و حساب بۆ راو قسەکانی بکات .

کاک سەلام وای خستونە ڕوکە پاسڵی دەرکون و کۆکردنەوەی لاپەڕەکانی بۆی دەرکەو
تووە شێعر زاڵە بە سەرکۆماریکدا و ڕاشی وایە کە ئەم دیاردەیە چاک نیە و پێویستە لێڕنسەی
ئامادەکردن لە جیاتی شێعرباڵیح بدات بە بابەتی تر و لایەنی شۆرشگێڕی تیا دەرخەن و
باری تایبەتی ئەوری کوردی تیا دیاربێت بۆیە کاک سەلام ئەڵێت :ز دەردە شێعر) بەشێکە
لە کلتوڕ و بی بەختی ژیانی ئەدەبی .

ئەڵێ دەردە شێعر بەڵکو لاوازی جوڵانەوەی فکر بە گشتی و تێشک دانەوەی لە ئەدەبدا
لەناو دیاردەی شێعر باران و کەمی ی تۆسینی بە پێڕ و سەرکەوتووەا تەبیر لە دواکەوتوی سی
کۆمەڵ ئەکات بۆیە شێکی ئاسایە کە شێعر زێر بێت و لێکۆڵینەوە و بابەتی زانستی کەم بێت
سەرئەنجام پەرش بکەوێتەی قەیارەی کەم مسلمیە توانیوێتی دەست نیشانی تەباوی بابەتە
کان بکات . دیارە هەتا ئێستیمیک و بابەتێکی سەرکەوتوتر مەبێت ئەوەی تر بڵاو ناکرێتەوە یاخود
کاک سەلام کە ئەم ڕایەی دەربڕیوە و باسی (دەردە شێعر) ئەکات ئەبێت هەنگاوێک لەسە
خۆی دا تێک بچات و هەڵوێستی هەبێت بەرامبەر بەم ڕایەی خۆی هەبێت بۆیە بۆاوەڕان کردنی ئێستە
وە بابەتی تر لەڵای کاک سەلامەوە ئاڕاستەی و بڵاوکردنەوەی شێعر لە لایەن ئەوەیە پێچەوانەی
ئێستیمیکی خۆیتی و ڕەفتاری دەستە و یەخە نگبەتیت ، لە پاساکردن لە شێعرەکانی کاک
ڕەفیق سابیردا کاک سەلا ڕەخنەت :

(ئێکرای شێعرەکانی پێرەندی یان بەر پێشەرکانیە ئەبێ لە شەرەکەی قزڵسەرا
شەهید کران) . ئەگەر چی چوار پارچە هونراوەکە لە ژێر ناونیشانی گۆ بزمەلان و گەنجی
ڕ و لە کوێ بتنێڕم و لەوێکە ئاناو یەکێت لەو پارچانە پێشکەش کراوە بە شەهید شاهو بەڵام
ئەوە ناگەیەنێت کە کاک سەلام بڵێت : ئێکرای شێعرەکانی پێرەندی یان بە شەرەکەی قزڵسەرەو
هەیە لێرەدا ئەتوانین بڵێین ئاپێرەندی ؟! دیارە ئەوەمان بیر نەچێت کە ئێکرای هونراوە
وەکان لە دیوانی چرای کوێستانەدا دەرهێناون ئێجا ئەگەر ئەو هونراوانە ئێکرا پەیوەندی
یان بە شەری قزڵسەرەو هەبێت ئەوا ئەبێت دیوانەکە بە گشتی پەیوەندی بە شەری قزڵسەرەوەهەبێ
دیارە ئەبێتەوای ئەو شەرەش نوسرابێتەوە بۆ سەلماندنی ئەمەش ئەبێت کاک سەلام دراسەی
شەری قزڵسەر و دیوانەکە و پەیوەندی یەکات و ئینجا ئەو قسەیەمان بۆ بسەلمێنێت من لەسەرە و
پرایەدام ئەگەر هونراوەی سیپەم ؟ لە ئێ بتنێڕم ، بۆ شەهید شاهو نوزایە و ڕەفیق لەسە
ئاماس دا نەی نوسیایە ئەو شەهیدە لە قزڵر کوتایی بە ژیانی هات هەرگیز کاک سەلام قزڵسەرو
بە خەیاڵ دا نە ئەهات کە هەر چوارهونراوەکەی تری لەگەڵ خۆی ڕابێچ کردووە ئەمەش نیشانا
بوچون و بڕاپێکردنی دەستە و یەخەیە ، بۆ نمونە کە ڕەفیق سابیر لە هونراوەی کۆمەیشەکانا

بەستن دەست نیشانکردنی قوناخی جیاوازی خەیاڵ بیت بەوەی کە ئەم لاشە تازانەس بەسو هەمان ئامانجی لاشەی باپیرانمان ئەچنە ژیر خاک ئەوا ئەمە خۆی لە خۆیدا مەسەلەیەکی سیاسی گرنگە و زۆر لەوە گەورەترە کە شەرمی قزڵمر لە ئامێزی بنێت .

لە هونراوەکەی (ماڵە نالە) دا بۆچونی دەستە و یەخە بە زۆر لایەن و هەڵوێستەر دەبارە چۆن ؟

بۆ ئەوەی بتوانین ئەم ڕاستەیە شی بکەینەوە پێویستە لە پێش هەموشتێک دا لە هونراوەکە بگەین .

هونراوەی یەکەم شەڕۆنەوەیە بە ناخی ڕەنجەڕێکدا بێ کەمان ئەم شەڕۆنەوەیەس کاتێک سیتە دێ کە شاعیر لە پێش هەموشتێکدا وەکو بیرکردنەوە نتوانێت زەمینە و شوێنی کۆمەڵایەتی ڕەنجدەرێت لە دەست نیشان بکات ئێجا دوا بە دوای ئەوە بڕوا هێنان بە مەسەلەی ڕەوای ئەوان شاعیر بهێنێتە ناخی ڕەنجدەرێکەوە بە شێوەیەک کە خۆی بەشانە ئەو شەڕەوە و لەگەڵ ئاهی ژیان و ڕەنگی دەم و چەری ئەودا بژی . ئەتوانین لێرەدا بڵێین :

ئەمیت وەکو ئەو کەسانە بیرێکەنەوە کە هونراوەیان بۆ ئەڵێین بۆ ئەوەی بەرهەمێت ئەنجام بدەین وەکو ئەوان وتیانە وابێت بۆ ئەوەی ئەوەمان دەست کەوێت کە ئەمانەوێت .

بۆنی کۆمەڵایەتی (الوجود الاجتماعی) ڕەنجدەرێک کە لەناو پەیوەندی بەرهەم هێنانێکی چەوساندنەوەدا ژیای ئەبێت لە چیدا خۆی بنوێنێت ؟ ئەمیت ڕەنگی دەوروبەری چۆن بێت و دیاردەکانی ژیانی کامە بێت ؟! .

ڕەنجدەرێک کە ڕۆژانە لە کارگەیەک دا ژیای بە پێی بۆنی کۆمەڵایەتی هەر ئەبێت گرمساری و چڵکن و تەپ و تۆزاوی بێت ئەمیت ماندو بێت هەگبەکار هەکات و ئارەق نەکاتەوە مانا ئەمیت بۆنی ئاوێنی لێ بێت .

بە پێچەوانەوە بۆنی کۆمەڵایەتی بۆرژوایەت قات و بۆیناخ و ماشین و قژی ستوارکرا و بەنجام ئەدات . سایکولۆجی ڕەنجدەرێک زۆر جیاوازە لە سایکولۆجی بۆرژوایەت پەیڕەی بۆنی کۆمەڵایەتی ئەو شوێنەی هەر یەکێک لەوان ڕۆی تێ ئەکەن جیاوازە لەوی تر ئەو کەر و کۆمەڵایەی هەر یەکێک لەوان تیای دا ژیای تایبەتیە و جیاوازە لەوی تر .

قیزی پیلان نەبێت هیچ هێزێت نیە لە جیهان دا بتوانێت کرێکارێک بۆرژوایەت کۆیلا تەوە

ئایا هەزاران خانەکە و مەیدانی ماست فرۆشەکان لە لایەکەوە وەکو بازاری زانکو وایە لەلایەکە

ترەوە ! ؟

ئایا بازاری شوربجەی بەغدا و بازاری بەرموك و منصور وەکو یەکن ! ؟
ئایا ئەوانەی ئەچنە چایخانەکان کین و ئەوانەی لە دیسکو و بارە کرانەکان کیـــن ! ؟ .

لە نوقتەی چەوساندەوەدا هەمو زنجیرەکانی جیهان ئەبنە زنجیریك بو بەستنـــــەوەی هەچەکی هەمو هەچەکەکانی . لیرەدا یەکێتی کرێکاران و رەنجدەران لە دایك ئەبیت بو لیدانی یەکێتی چەوسێنەران .

ئەوەی کە لیرەدا لە مەیدانی رامیاری زور ئرنکە ناوەرۆکی یەکێتی یە ! یەکێتی لە یـەك ناوەرۆك و تیگەیشتن دا نامێنیتەوە وەکی سەرەتای خوی هەلئەگریت و لەکەل میژودا لە گەشـــە کردن دایە جولانەوەی یەکێتی کرێکاران و رەنجدەرانی جیهان شوێنی تر و جوری تر وەرئەگری ئەمەش لەلایەنی فەلسەفی و سیاسەتی دەولەتان دابراو نیە و لیرەدا شوێنی باس کردنـــی نیە .

بەلام ئەوەی ئەمانەویت بیلێین ئەوەیە کە کرێکار و رەنجدەران هەمیشە لەسەر میژوی مەوزوعی کورد مینەوە بەرامبەر بەوانیش چەوسێنەرەکان .

دژایەتی و ملمالانی ی چینایەتی لە بنەرەتەوە لە ساکارترین کردار و هەلویست و خوو رەوشتدا خوی ئەنوێنیت و تەعبیر لە خوی ئەکات کەچی ئاگات لەمە نیە : راستی یەکـــە ی جیاوازی نێوان مرۆڤێکی بورژوا و پرولیتاریا لە رواڵەتی لایەکی دا نی یە و بە کەوەری پیر و باوەری کرێکارانەوە بەستراوە . . ئەمە دابڕینی مادەیە لە جولانەوە ئیمە ئەبیت لە کات سەلام بپرسین ئەو کەوەرەیانە لە چیدا تەعبیر لە خویان ئەکەن و لە کوێوە دێن ! لەم بنەرەتەوە کـــە مادە و جولانەوەی تیا لە یەکتری دائەبڕیت ئەبیت تیور و مومارەسەش لە یەکتری جیابکاتـــەوە کە ئەمەی دوایی دیاردەی ئەم بنەرەتەیە و دوو لە قبری زانستی بەوە . رۆژانە زور بە ئاسانی هەمو مرۆڤێك ئەتوانیت سەرنجی ئەوە بدات کە رۆتینەکی چلکن و کولکن خوی لە هیچ کەسێـك لا نادات چونکە ترسی ئەوەی نی یە جلەکانی پیس ببیت بەلام دەولەمەندێك خێرا لە ســـەر لا ئەوەستێت و خوی لە توز و گریس ئەپارێزیت ئەمانە دیاردەی رۆژانەن کە مرۆڤی بنەمایەکـــی مەوزوعیان پێوەیە .

رەنجدەرێك ئەبیت کی بخوازی و کێی خوش بوێت !؟ رەنجدەرێك رەنجدەرێکی تـــر ئەبیت بە هاوسەری ژیانی و ئەویش وەکو ئەم یەکـ بوونی کومەلایەتیان هەیە و لەیەك چیـــن دا ئەژین ژیانیان یەك ژیانە . کەواتە چون پێشوازی خوشەویستەکەت ئەکات ! ؟

(مەجال لە مادە جیا نابیتەوە شیوەیەکی کارکردنی مادەیە و لە سەر پلەی پیشکەوتنو جۆری مادەکە راوەستاوە) چینی کریکا ربەکشتی و کریکاریت بە تایبەتی مەجالی سایکولوجی خوی هەیە کە لەجولانەوەی بونی کومەلایەتی و داب ـ عادە ـ و خووی جیا نابیتەوە .

رەنجدەریك کە ئەگەریتەوە مالەوە ژندکەی پیش‌وازی لی ئەکات و باوەشی خوشەویستی بو ئەگریتەوە چونکە مەجالی سایکولوژی هەردوکیان وەکو هەموشیوە جولانەوەکانی تر لەکەل مەجالی سایکولوجی بورژوایەك دا لە ململانی دایە ئەگەر مادە و جولانەوە لە یەکسەری دابراین کە ئەمەش شتیکە هەرگیز ناسەلمیت . وەیە دور خوشەویست لە یەك خیزان دا بونسی شتی ناخوو رەنگ نامو لە یەکتری ناکەن و نابینن . هونراوەکە لەم بنەمایەوە لە دایك بووە ؟

من رەنجدەرم
بونی لەشی کریساویم
لوتی هەموتان پر ئەکات
بورجوازان بی‌ی‌پەست ئەبین
بەلام کاتیك دلدارەکەم
تونك تونك ئەگریت بە خویدە
پر بە هەموسیەکانی

هەناسەی قول هەل ئەکیشیت .

کاك سەلام لیرەدا هونراوەکە ئەچریت چونکە هەتا ئەو ئاوینە بە کەلکی مەبەستن ئەو دیت بەلام بوچی هەناسەی قول هەل ئەکیشیت ؟

بەسەر شانما
فرمیسکی بەختیاری ئەرژیت
ئەلییت . . . چرام!
ئەم بونەت بو سەربەرزی من لە خوت داوە
بەرکەکەت لە قوتابخانەی چەوساندەوەدا دراوە
ئەوە کولە بەروتەوە یان رمشاوە !

ئەو ئافرەتەی ئەم هونراوەیە تەعبیری لێ ئەکات هوشیارە لەو کوەڵڵایەدا ئەویش وەکو هیرد وەکی ئەڕێ لە یەکێکی تێ ئەکەن ئەو ڕەشاوە وەکو تاریکی چەوسانەوە سیپێتی سەرسەڕی و ژیانی لە خود دا هەڵ گرتووە . ئەم دوو مرۆڤە لە ژیان و جوڵانەوەی خۆیان تێگەیشتوون بروایان بە سەینی ی سەرکەوتن و سەربەستی هەیە ئەم هیوایە لەو وێنەیەدا خوێ ئەنوێنێت کە چۆن مرۆڤ ڕوەتی ڕەش ئەبێت و پاشان لە ئاوێنەدا خوێ ئەبینێت دەست ئەکات بە پێکەنینێن ئاوات ڕەشی ی ماندوبون و چەوسانەوە کە لەسەر ڕوەتی دڵیان جێ ئەهێڵێت بە پێ ی بەسەر و باوەڕ ئێشکردن بوی خۆینین لە ئاوێنەی سەینی دا ئەیان خاتە پێکەنینێکی پڕ کەڕ ونەوە .

ماچم ئەکات
ماچی ئەکەم
هەمو ڕەشی ماندوبونمان
بەڕوەتی دڵمانەوە جێ ئەهێڵێت
لە ئاوێنەی سەینی دا
ئاتێك ڕوی خۆمان ئەبینین
پڕ بە پڕی
هەمو کەڕەوں پێ ئەکەنین

ئاک سەلام بەم شێوەیە لە مەسەلەکان تێ گەیشتووە کە ئەڵێت : (قور و چلپاو و ڕون و کریس و گەچ و خۆڵی نوسا و بەبەدڵەی شێنەوە ئەگەرچی ئیشانەی شەرمەنی کارکردنە و هەڵوێستی گرینگارە بەڵام هیچ ئاتی ئەوە ناگەیەنێت کە پۆنیان خۆشە بگرە کەم کەرەوەشە لە زەوقی مرۆڤانەی گرینگار و هیلمێکی ناڕوستە لە نێوان پرۆلیتاریا و بورژوادا دەگەیەنێت چونکە گرینگارێش وەك هەر مرۆڤێکی هەست بەرزتر حەز بە بۆنی عەتر و گوڵاو و ئەڵماتو ئارەزوی جل و بەرگی جوان و خۆش ڕەنگی چەوێ ی هەیە و پێ ی خۆشە لە کۆشکێکی دڵڕەئیس دا بژیت)

نامەوی درێژە بەو ڕستانە بدەم چونکە لەوە ئەچێت ئیمە وتبێتمان بۆنی کریس لە بۆنی عەتر خۆشترە ئاتی ڕەش لە کوشتی مریشك خۆشترە ! ئەو کە قور و چلپاو و ڕون و گەچ و خۆڵی نوسا و بەبەدڵەی شێنەوە زیاد ئاکات بو هونراوەکە و ئەمانەس دابنێت بە نیشانەی کارکردن و هەڵوێست ئاخو هەڵوێست چی بێتە ؟ ئاک سەلام ئەیەوێت گرینگارێکیس وەکو بورژوایەك بژی ، دیارە ئەبێت ڕەنجدەرێت کە لە کار دەگەڕێتەوە موڵکی کار و ماندوبونی پێوە نەبێت و پەسەن ئەوەی بێتە مالەوە خوێ ئاس و لوس بات یان ئافرەت سەیارەی دەوڵەمەند هەڵی بگرێ لە

بەناوی عەقڵ و لەزەت داوای پاوانکاییش بکەن

ئەوتا ئەلێت : (ڕاستی یەکەم جار لە ڕووی چینی بۆرژوا و پرۆلیتاریا لە ڕوانگەی لاوەکیدا نیە و بە کۆمەڵی بەرهەمداری کرێکارانەوە بەستراوە .) ئەم ساکارییە و نە شارەزاییەی کاک سەلام یەکەکە لە کۆڵەکانی دروست کردنی دەستە و یەخەیە .

لایەنێکی تر لە تەزادی پێکهێنانی ماڵەکردن لەگەڵ هونەراوەکەدا دەستە و یەخانەیە

لایەنی بریاری یەکەمە چین ؟ کاک سەلام ئەڵێت (ڕەنجدەر ئەو کەسەیە دەگەڕێتەوە و بەدەڵ شێوەکەی بە ڕوون و کرێس سوڵ دراوە و بەرزواکان قیزی لێ دەکەنەوە و پێی پەست ئەبن) . جارێ لە پێش هەموو شتێکدا لە هونراوەکە دا نە بەدڵەی شەن نە قیز بەکار نەهاتووە . بەکار هێنانی چەند ووشەیەکی وا کە هونراوەکە نەی دابێت بەدەستەوە و تەعبیر لە بنەڕەتی هونراوەکە ناکات ئەبێت بگەڕێتەوە بۆ مێشکی ڕەشنەگر . چونکە گێشتن بەهەر ئامانجێک دەستنیشانی هەر و پەداویستەکانی ئەکات و بوچونێکی گشتیش لە ناو تایبەتیەکان دا خۆیان ئەنوێنن پەست بوون زێر چاوازە لە تێزکردنەوە بەڵام کاک سەلام بە ئەوەی ڕەگا بۆ وێستی خوێن خڕین بکات بە ئاسانی قبوڵی کردنەوە ئەخاتە جێگای پەست بوون کە ئەمەش بێشانەی ئەوەیە کە هونراوەکە خۆی بەبێ شیرانەوە وێستی سەلام ناهێنێتەدی . ئەوتا ئەڵێت (ئەم شێوەیە دەرگای پرسیارێکمان لێ ئەکاتەوە ئایا تەنها ناو هێنانی کرێکار لە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی دا بەرکری کردنە لە دەستەی کرێکاران ؟) هەر پاش ئەوە ئەڵێت (جارێکیان سێبوردا کرێکارانی کارگەیەک کۆئەکاتەوە و شێوەیان بۆ ئامادەئەکات و ئەوانیش زۆر بە کەمی پووە چەپاڵەی پۆڵی دەدەن . لە ئەنجامدا ئایا ئەو هەموو کرێکارانە لە شێوەکانت دەکەن ئەویش وەڵی ئەخەن . . . بەڵام دەزانن بەرکرێسان لێ دەکەم) .

کێ ئەزانێت پەیوەندی شێوەکە و ئەو جارێکیانە چی یە ؟ . مەبەستی لە خزمەت کردن چی یە ؟ ئایا کە کرێکاران لە شێوەکەی نیردرا ئەکەن خزمەت ئەکات یا نا ! ؟ . بێ کرمان بەرای کاک سەلام خزمەت ئەکات چونکە کرێکاران دەزانن خۆشی ئەوین . لە لایەکی ترەوە ئەڵێت (من ئەزانم مەبەستی ماڵە نالە لەم شێعرەدا لە باوەڕێکی تریەوە هەڵگرتووە بەرامبەر بە کرێکاران و ڕەنجدەران) ئەی کەواتە دەرگای ئەم پرسیارە لە کوێوە کراوەتەوە ؟ ئەمانە هەمووی مۆکی بوچونێسی دەستە و یەخەن . دوا بەدوای ئەوەی کە خۆی هەستیدەو لایەنە ئەکات و ئەکەوێتە ڕەش و سپی یەوە دەستە چەورەکەی بە لایەنی هونەری شێعرەکە ئەسڕێت و ئەڵێست (بەڵام لە ڕووی هونەری یەوە نەیتوانی وە بینەیەکی سەرکەوتو بداتە دەستەوە چونکە دروفیک نیە زەوقی لە بونی ڕون و کرێس بی و ئەو بونە پڕبە سیەکانی هەڵمژێت و

دڵی پێ بگرێته‌وه‌) ئه‌مه‌ وه‌ختێك ئه‌م قسه‌یه‌ ئه‌گرێت‌که‌ مرۆڤێك بچێت‌بۆ پیاسه‌ ـ له‌ بۆی بۆنی خۆش گرێس له‌ خۆی بدات .

دیاره‌ کاك سه‌لام واته‌زانیت مه‌سه‌له‌کان زۆرتر ئه‌گه‌ڕێك و ره‌نجده‌رێك بۆ زه‌وی بۆنی گوڵه‌لایه‌تی خۆیان و دیارده‌ی ژیانیان هه‌ڵده‌بژێرن ؟ .

ئه‌مه‌ کارێکی نووسینی کورد نی یه‌ مرۆڤێك له‌ چه‌رخی ته‌کنولوجیادا شیعر و رمخنه‌ بنووسێت و به‌ چاوێکی زۆرتر تماشای مه‌سه‌له‌کان بکات ؟! .

له‌ هونراوه‌ی دووه‌مدا کاك سه‌لام ئه‌ڵێت (گۆرانی دووه‌می شێوه‌که‌ بڕێتی یه‌ له‌ دیاری کردنی هه‌ڵوێستی شاعیر به‌رامبه‌ر به‌ ژیان به‌ شێوه‌یه‌کی گشتی ئه‌وێش له‌ روانگه‌یه‌کی فکری و فه‌لسه‌فی سه‌ر به‌ قوتابخانه‌ دێبه‌کانی فه‌لسه‌فه‌ و دواجار خسڕت بۆنه‌وه‌یان لای هه‌ندێ فه‌یله‌سوفی وه‌ك (کانت و هیگل) ئینجا گه‌شه‌ سه‌ندنیان له‌ ڕووی گۆرینی گوڵه‌لایه‌تی و کاری شۆرشگێڕانه‌وه‌)

بۆ ئه‌وه‌ی بتوانین زۆرتر ده‌سته‌ و یه‌خه‌ له‌ نووسینه‌که‌ی کاك سه‌لام ده‌ربهێنین ئه‌بێت له‌ پێشه‌وه‌ هونراوه‌که‌ بخه‌ینه‌ ڕوو و لێی بکۆڵینه‌وه‌ .

له‌ گه‌ردوونی ژینی منا
هه‌موو شتێك له‌ گۆتایی و ته‌واو بوونه
بێ گرنه‌وه‌ و عه‌شق نه‌بێت .

ماموستا ناله‌ باسی سه‌ری خۆی و ژیانی خۆی ئه‌کات بێ گرنه‌وه‌ و عه‌شق ئه‌و دوو شته‌ن که‌ له‌ ناو گه‌ردوونی ژینی ئه‌ودا ته‌واو نابن دیاره‌ بێ گرنه‌وه‌ ئه‌بێت به‌ره‌و هه‌ڵوێست و بۆچوونی کردنی ڕێگای ژیان ئه‌م جۆره‌ ڕوانینه‌وه‌یه‌ بڕواهێنان بۆ جوڵانه‌وه‌یه‌ی که‌ بێ گرنه‌وه‌ دیاری ئه‌کات مایه‌ی عه‌شق و سه‌رهه‌ڵدانی عه‌شقه‌ بۆیه‌ هه‌ردووك به‌ جووت له‌ سه‌ری ئه‌ودا گۆتایی پێ نایه‌ت و ژیان له‌ بێ گرنه‌وه‌ و عه‌شق دایه‌ عه‌شقێش و بێ گرنه‌وه‌ش له‌ پێوه‌ندی یه‌کی جه‌دەلی دان و پێوه‌ندیان به‌ لایه‌نی فسیولوجی و بایۆلوجیه‌وه‌ هه‌یه‌ . ئه‌و عه‌شقه‌ ئاسۆی سایکولوژی بێ گرنه‌وه‌ و جوڵانه‌وه‌کانه‌ بێ گرنه‌وه‌ ئه‌ی بات بۆ هه‌ڵوێستی شۆرشگێڕی و ئه‌و ڕقه‌ی به‌رامبه‌ر

چەوسینەرەکانیش لە دایک ئەبێت رقێکی خوشەویستە چونکە ئاسۆی بیرکردنەوەی شۆرشگێرانە دەست نیشان ئەکات .

ئەو کاتانەی کە رقیشم
لە خوین مژەکان هەڵ ئەستیت
ئەو رقەم وەک کێژێکی جوان
لا شیرینە و خۆشم ئەوێت

ئێر ئەوەی کە ئەمینیتەوە لە هەموو ئەو ستانەی کە هەنگاوی لە ڕێگای دانیشتن بە سەر پرسی ڕۆژدا لە ناو ئەچن و گیانیان تیا ئامێنیت .

هەڵوێست و چۆلانەوەی شۆرشگێرانە لە پێچوون و بڕەمای بیر و باوەڕجیا نیە بێتەوە چۆلانەوەی شۆرشگێرانە لە ناو تیۆری شۆرشگێری دا تەعبیر لە خوی ئەکات لێرەش وێڕای (هیچ چۆلانەوەیەکی شۆرشگێرانە بەبێ تیۆری شۆرشگێری ناهێت). خۆشەویستی ئەو ڕقەی بەرامبەر بە خوین مژەکان بەرپا ئەبێت و ڕێڕەوی بە مۆدانتی پرۆلیتاریا داو وەت کردنەوەی سنوری سەر پشک دانەوەی ئەرمی ناڕیالیزم و زانستیە کەچی ئاڵای سەلام بەرزی ڤەڤرەی بڕیاری جوبەتی نووسین و نیە ئارەزایی و ساکاری عەرەبکۆ خون تیۆری و ڕەوارەسەی لە یەکترن جیا کردنەوە و ناوەش لێرەدا هەمان نەزاد لە لایەکی ترەوا دووبارە ئەبێتەوە و شۆرشگێری و بەرەو ڕەلسەفە لە یەکترن دانەبڕێت و هەموو تێکەلایان ئەکات

ئەوەتە لە لایەکەوە هونراوەکە ئەباتەوە سەر (کانت) ی لا ادری و ـ هیگل ـی ـ الفکرة المطلقة ـ و لە لایەکی ترەوە ئەیت (ئینجا گەشە سەندیان لە ڕووی کۆمەلایەتی کاری شۆرشگێرەوە) ئەمە لەوە ئەچێت ئاڵای سەلام پاسی چەندەها بەرهەمی نووسەرێک بکات کە لە ڤەترەیەکی مێژوویی دا چەند گۆرانیکی بە سەر ئاتیت بەڵام دەستە و پەخانە بەبێ ئەوەی حساب بۆ وونە و ناوەرۆکیان بکات لە باس کردن لە هونراوەیەت ملمێ چەندەها ڕوشەی لە چەندەها ئەستیرەی فکر و قوناخی مێژوویی پەوە هێناوە . من لە بڕوایەدام ئاڵای سەلام نە لە هیگل و نە لە کانت ئەگەیشتوە بەڵام بارێ ڕوشنبیری ئەمڕۆی کورد بەجاڵی ئەم جۆرە نووسینەی داوە دەنا کوێی هیگل !؟ کوێی کانت !؟ لە کوێی هیگلەوە بۆ کوێی کانت !؟ .

ئاوەی راستی بیت لیکرابێتەوە لە نووسینەکی وەکو ئەو نووسینەی کاک سەلام زۆر لاژنە . چونکە بێ حساب و بێ چوار چێوەیە بووە لە دەستە و یەخەدا نەبێت لەم هیچ شتێکی تردا تەعبیر لە خۆی ناکات .

ئەگەر تەنها وشەی بیرکردنەوە کاک سەلام بردبێت بۆ ئەوەی بۆ شیوەیەکی بنووسیت دیارە ئەبێت کاک سەلام لای نابێت بیرکردنەوە تەنها مانی گانتەو هێلکە و ماتریالیزم بروای بە بیرکردنەوە نیە و بەکەڵە ئەرون و هەڵدەستن .بەڵام پەیوستە ئەوە بزانیت کە هەردوو ڕیبازەکە ئایدیالیزم ماتریالیزم تەفسیری خۆیان هەیە بۆ بیرکردنەوە . ئایدیالیزم بیرکردنەوە بە عەقڵ دائەنێت بەڵکەم و ماڵە بە دووەم واتە بیرکردنەوە بەرهەمی ڕۆحێکی ماددی پێش کەوتوە .

ئەگەر بێی باسی وشەی کۆتوڕێ نەکردوە بەڵام خۆمان لێرەدا ئەوە ئەخەینە ڕوو ئەگەر وشەی کۆتوڕ بەکار نەهێنایە واتە بەبێ ئەوەی بڵێت لەم کۆتوڕێی زێنی ما ئەوسا ئەمان تواتی بڵێین لەو پارچە شیعرەدا مانە نالەم کۆتوبەندە سەنگینی ئایدیالیستەوە بەڵام هەر دیسانەوە بۆ ئەوان . ئەوسا ئەگەر نالەم وەکو ئایدیالیست ناسرابێت ئەوا هێڵی خوێنێکی نزاموێتی تەعبیر لە چەوسێنی کشتی خۆی بکات بەڵام ئەگەر وەکو ماتریالیزم ناسرابێت ئەوا نالە دەکوێتە ڕەنج و مێی یەوە و نەیتوانی بە تەعبیر لە بچوونی خۆی بکات .

کاک سەلام دەستە و یەخە نامەلە لەگەڵ پابەندکاندا ئەکات چون ؟ ئەگەر دابێنێین بەوەی لە ڕوانگەی ئایدیالیستەوە ئەروانێت و بۆ چونی خۆی ئەکات بەبێ شتەکاندا و لای وایە دەبێ وبەری خۆی ڕەهەندی ڕۆحی مرۆیاتی احساساتەکە بوبە هەر لە سەرەتاوە وشەی بیر کردنەوە ئەکرێت و ماملەی ئایدیالیستی لەگەڵ ئەکات ئەگەر بەم شێوەیەش بڕوانیت ئەوا

ا ــ کاک سەلام لە میسالیە زاتیەکەی دا هەر سەرکەوتوو نیە چونکە ئەوسا ئەگەر ماڵە نالەی وەکو ئایدیالیستێش ناسیایە ئەبوایە ڕەخنەی لەوە بگرتایە کە نە دەبوو وشەی ــ من ــ لە نێو کەردونەکە بێت چونکە بە بوونی وشەی ــ من ــ تەعبیر لە ئایدیالیست ناکات .

٢ ــ ئەگەر ئەو راستیە بە سەرپا تی بپەریت یاخود لەو کویلەیە تی نە گەیشتبیت ئەی بۆچی لە کاتیکدا کە ئەو پارچە شیعرە ئەگوتیتەوە بۆ هیلکی و کانت . پەنجە راناکیشیت بۆ هونراوەی دووەم نالیت مامە نالە کەوتوتە پیچەوانەوە لە لایەکە وە ئایدیالیستە و لە لایەکی ترەوە ماتریالیزمە :

من رەنجدەرم
دڵبە قەد زەوی شەبیت
ئەم سنورە پۆڵەتانەی دایان ناوە
لە سنوری سەری خۆیان تی ناپەریت
ئەمانە سنورنین کۆشراون
سەری مرۆڤی دواکەوتن ڕەزگران
داوی قاچاخچیە و . . . داکۆتراون .

ئەگەر کاک سەلام هونراوەی یەکەمی بە کرمسەی تەواوی یەکالا کردنەوە نەزانیایە ئەبوایە تەماشای هونراوەی دووەمی بکردایە کە زیاتر بۆچونی کشتی دەست نیشان ئەکات چونکە دڵی ئەو جیهانەیە کە سەری سەر دیاری ئەکات و ئایەویت جیهانی کەوە لە جیهانی بچکۆلەی سەری تاکە کەس دا کۆبکاتەوە . خو ئەگەر تەماشا ئردنی هونەرەوەی دووەم لەگەل کاک سەلام دا تەکونجیت ئەی بۆ دیاریی چیرۆکەکەی ڤەرید ئەڵیت : (حەقم دەکرد بەرهەمیکی ترت نوسیوم لەبەر دەستا بیت بۆ ئەوەی بتوانم رایەڵی تایبەتی لە بارەی چونیەتی وریاز و تەکنیکی چیرۆکەکانی دیاری بکەم چونکە من هەمیشە لەو قەناعەتەدام پیاو ناتوانی لە نیوان یەک دوو چیرۆکەوە هیلە گشتیەکانی ئەو چیرۆک نوسە دیاری بکات) .

لیرەدا پرسیایێک دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە ئەگەر پیاو نەتوانیت لە نیوان یەک دوو چیرۆکەوە هیلە گشتیەکان دیاری بکات ؟ ئەی چۆن بەیەک پارچە شیعر ئەچیتە سەر هیلکی و کانت ؟ ئەی بۆ هەروەکو چۆن لە زینوی سورەوە ئەکەیشتوتە توزەلە ئاوەڕوی لە هونراوەی دووەمدا ئەتەوە ؟

لیرەدا بۆمان هەیە بڵێین : کارەساتی نوسین ئەو کاتە دەست پێ ئەکات کە نوسەر لە پێشەوە بڕیاردە ئەوە ئەدات چۆن بنوسیت چاک یان خراپ ! . کاک سەلام لە نوسینەوەی هونراوەی یەکەم دا هەندێک وشەشی پەراندووە کە ئەمەش نیشانەی خوێندنەوەکی دەستە و یەخەیە .

دەربارەی چیرۆکەکەی ف . ئەسەعەد . کە لەژێر ناونیشانی دۆزەخ دا بوو کاک سەلام لە کۆتکردنەوە و گیرانەوەی چیرۆکەکەدا ئەڵێت : (رۆژێکیان کە مام تۆفیق بە ریکای هەمە چەشنەی رۆژانەیدا بەرەو کێڵگەکەی دەچێت لە چەقی ریکادا لاشەیەکی سەربڕاوی دەکەوێتە پێش‌چاو) بابزانین لەم دێر و نیوەدا چی ئەڵێت!؟

جاری لە پێش‌هەمو شتێک دا فەرید نەنوسیوە : (بەریکای هەمە چەشنەی رۆژانەیدا ...)

ئیمە لەو بڕوایەدا ین تەنیا کاک سەلام ئەتوانێت کە باسی ریکایەک بکات بڵێت هەمە چەشنە! ئاخۆ لە خوێ نەپرسیت هەمە چەشنەیی ریکا یە عنی چی!؟ ئەمە لەوە ئەچێت لێی بپرس چەند سیوت کڕیوە؟ ئوویس بڵیت دوو مەتر!. فەرید نوسیوێتی :(هەمان ریکا خولە پەیتەکەم گرتە بەر) پاشان فەرید نوسیوێتی : تڕێت بەردە کەوڕەشەکە کە منداڵان هەمو ڕۆژ لەوێ یاری دەکەن لاشەیەکی‌چەرچاو کەوت) ئەت سەلاحەتنی لە چەقی ریکادا . کاک سەلام بە شێوەیەک شتەکان تێکەڵاوی ئارەزو و نەشارەزایی خوێ ئەکات لە تەفسیر کردنیان دا ئەڵێی خوێ ئەو بەرهەمانە ئەنوسیت ئێجا ئەگەر ئەم باری ناڕەحەتیانە بێت ئەبێت لایەنی هونەری چی بەسەر هاتبێت!؟ یاخود کاک سەلام چۆن ماسەلەی لەکەل دا کردین!؟

خو ئەگەر بڵێیت نوسینەکەم بڕێتی نی یە لەلاوە جیهانی سەرد تایبەتی خوم و پیوە لکانی هەندێک رستە و لایەنی بابەتەکان (وانە بڕیوتی لافاوە بۆچونی دەستو یەخە و رامالینی و پیوەلکانی پۆش و بەلاشی بەرهەمەکان) ئەی بۆ ئەوە ڕەچاو ناکات کە کاک فەرید لە یاس‌کردنی ریکاکەدا بە ریکایەکی خولاوی لە قەڵەمەدات و لە هەمان کاتدا هەر لەو ماوە کاتیەدا سەرانسەری چیرۆکەکەی لە زستان دایە ئەگەر بارانەکەی وشک بێست ئەو ریکایانە لە زستان دا قوڕەکەی شوێن پی ئەی کێڵێت و لە هاوین دا نەت زستانیدا ئەبێتە ریکایەکی خولە پەتی کە کەش زستان بێت فینکی بەکار ناهێنرێت وەکو کاک فەرید نوسیوێتی . ئەم شتانەی کاک سەلاح نیشانەدەن ئەوەن کە شتە خودیەکانی جیهانی سەرەکین و تەنها بە ناوئەو بەرهەمانەدا وەکو ڕیوایەکی ڕی هەستاوتی پێوە .

چیرۆکەکەی کاک فەرید چیرۆکیکی سایکولوجیە بەڵام ئایا لایەنی سایکولوجی پەیوەندی بە هیچ لایەنێکی ترەوە نی یە!؟ ئەگەر قوڕسایی چیرۆکەکە کاریکەرێک و جوڵانەوەی سایکولوجی رودا وێک بێت رودا وەکە لە چ دەور و بەرێک دا ڕوی داوە!؟ بابزانین چۆن؟

چیروکەکە بریتی یە لە دوزینەوەی مرۆڤێکی صەربڕاو لە لایەن مام تۆفیقی جوتیارەوە و پاشان ناشتنی و دواتر ئەوەش هەستانەوەی مرۆڤە بێ سەرەکە و ڕۆشتنی بەرەو مالـــــی

بکوژەکە و سەرکوتانەوەی بە دار و جێ هێشتنی نامەیەت لەسەر میز ڕووەکە . ئەمە پەیکەری ئیسکی ی چیرۆکەکەیە بەڵام ئەت گۆشت و دەمار و ناوسکی کامەیە ! ؟ لە وەڵام دا چیرۆکەکە بە کشتی مرۆڤێکی زیندوو و هەمو ئەوانەت کە دەمێنێتەوە وەڵامی ئەو پرسیارەن .

ئایا مرۆڤ کە سەر بڕرا هەر دەستێتەوە ! ؟ لە وەڵام دا نەخێر ! هەستانـــــەوەی مرۆڤێکی سەربڕاو وەکو زەمزەمێکی جوڵانەوەیەکی سایکۆلوجی وایە . بابزانین ئەم چیرۆکە بـــە پێوەر و ڕاستپالێوی زانستی چۆن تەفسیر ئەکەین ! ؟

لەوانەیە زۆر کەس بە چیرۆکێکی تەلیسماوی بێ سەر و شوێنی لە قەڵەم بدات بـــەڵام لە ڕاستیدا چیرۆکێکی سەرکەوتووە و هەستانەوەی مرۆڤێکی بێ سەر وکوشتنی بکوژەکـــــەی ڕەمزێکی دینامیکی ئەدەبیە بو شیوەی ئەدەبی چەند بنەمایەکی زانستی . من لەو بروایـــە دام کاک فەرید کە چیرۆکەکەی نوسیوە ئاگاداری ئەم دیوەزانە نەبوە کە ئێمە لێوەی تەماشـــای چیرۆکەکە ئەکەین بەڵام ئەو ڕاستیە لەلای کاک فەرید تیشکی داوەتەوە و نمونەی نەفەوتانـــی شتەکانـــــن :

(هەموو مادەیەک لە دیاردا بە دوو شێوە نەبێر لە خوی ئەکات) کە مرۆڤیش بەشێک بێت لەم کەردونە و لە ڕستەی یەکێتی مادی نەچێتە دەرەوە ئەوا لەم تەفسیرانـــــە بەدەر نابێت و بنەرەتەکان لە هەمو لایەنەکان دا بە شێوەی ئەو لایەنانە نە نبێر لە خۆیان دەکەن .

مامۆتۆفیق لە چیرۆکەکەدا ئەڵێت (لەوانەیە تۆزێک پەلەتایەوە سەرخۆ و ئازاتر ئەبـــوم ئەگەر لاشەکە لاشەی کابرایەکی مردوو بوایە وەکو هەمولاشەیەکی بێ گیان بەڵام وەختێـــک خوت لە پەنا لاشەیەکی سەر براو دا دەبینی ئەوا مەسەلەکە ئاسان و سادە نی یە ئەوە لە و ساتانە ئەو پەری پەشوکاو شێوزە بوم ئەو ساتانە لە هەمو ساتێکی تر بە سامتر بـــوون)

کاک سەلام بەشێوەیە تەعبیر لەو دیاردەیە ئەکات (حەپەسان و سەرسوڕمانی مام تۆفیق (نیشانەی) سەر هەڵدانی ئاوانە) ئەبێت حەپەسان و بیەرسوڕمان ئەبێت بـــو نیشانەی سەر هەڵدانی ئاوان بن ! ؟ ئاخو کاک سەلام لە ژیانی دا نە حەپەسابێـــت و سەری نەسوڕمابێت ! ؟ یان ئەبێت حەپەسان و سەرسوڕمان لای کاک سەلام بە عنی چی

بیت ! . ئەو رستانەی کاك سەلام هێندە دوورە لە راستیەوە کەوا زوو ناتوانین جەسە رە کانیان دیاری بکەین . خو ئەگەر لە ناوەروك دا زانستیك و بیریکی تازە لای کاك سەلام هەبە و واتای شتەکان نەوعێکی تری ئەکەین و با بیان خاتە روو .

هیچ شتیك لە نەبونەوە نایەتە بون و لە ناوین ناچیت بویە رودا وی سەربرینی مروفیك ئەگەر پولیسیش نەبیت خوی لە خوی دا کاریگەریەکی سایکولوجی لای بکوژ بە جێ دێلی و ئەم کاریگەریە لەسەری دا ئەژی و تیکەلاو جولانەوەی ئەبیت لەم چیرۆکەی کاك فەرید دا هەستانەوەی مروفە سەربراوەکە و چونە سەر بکوژەکەی رەمز نەفەوتان و جولانەوەی کاریگەریاک لە لایەنی سایکولوجی دا یاخود تیشك دانەوەی ئەو بنەرەتیە لەلایەنی سایکولوجی ئەدەبی دا . وەکو لە پیشەوە باسمان کرد ئەگەرچی چیرۆکەکە چیرۆکیکی سایکولوجیە بەلام مانای ئەوە نی یە کە نەزادی لایەنی تری تیا نەبیت .

رودا وەکە رودا وی کومەلیکی دراکەوتوە دیارە ئەبیت ژیم و یاسایەتیفەرمان رەوایی بکات کە پر بە پیستی ئەو کومەلە بیت و پولیس و دەزگای پولیس تەنها خویان بە موچەخوری بەلاش ئەزانن و خویان بە بەرپرسیار نازانن تەنها لەبەر گیرەو کیشەی رۆژانە و نسبە دوزینەوەی ئیش و سەرقال بون پشت ئەکەنە رودا وەکە و خویان ناخەنە بەر پلاری ئەنجام نەدان : ئەوەندەی پارێزگاری لە پرو پوچی خویان ئەکەن و بەردەوام ئەین لەسەرن (هەر وەکو نیوتن ئەلیت هەمو مادەیەك هەولی مانەوە ئەدا لەسەر ئەو بارەی تیایەتی) ئەوەندە مروف و کومەلیان لا مەبەستی نی یە .

ئەگەرچی لە چیرۆکەکەدا رستەیەك نیە ئەوەمان بداتی کە کابرا ناسیاوی و دەستە تیکەلاوی لەگەل پرسراوی پولیس و پولیس دا هەبە بەلام لە کومەلیکی بەو جورە و لە ژیر سایەی رژیمیکی وادا کە بکوژیش مل ئەستور و قەلەو خاوەنی خانوی گەورەیە ئەوە ئەوەشیتەوە کە بکوژیکی قەلەو خوانی دزینی دەستەلات و ویژدانیان بو دابخات .

کاك سەلام لە ژیر سەر دیری : (هیلە کشتی یەکان) دا بە ژمارە هەندیك رای دەربریوە لەوانە لە یەکەم دا ئەلیت : (زەمینی چیرۆکەکە ناوچەیەکە دادی تیا نی یەوپسە کویرەی ئارەزوی پولیسە بی تواناکان چوار چیوەی بو دادەنریت) . وەکو باسمان کرد زەمینی چیرۆکەکە نەك ناوچەیەکە دادی تیا نی یە بەلکو پەیوەندی بە ولات و پلەی پیشکەوتنی کومەلەکە و رژیمەکەوە هەیە نەبونی دادی ئەنجامی بنەرەتەکانە و دیاردەی جولانەوە ناوەروکیەکانە .

کاک سەلام ئەلیت (کوشتنی یەکێژەکە لە لایەن تارمایی یەکەوە وانە مانی مرۆف ئەگەر ئەگەر لەلایەن دەزگا پولیسی یەکانیشەوە وێن بکرێت و کەسێک بمرگری لێوە نەکات ئەوا بە دیوە سایکولۆژی یەکەیدا دەکەوێتەوە) ئەم تەفسیرەی کاک سەلام لەوە ئەچێت مرۆڤێت لە سەر بانێک وەستا بێت تۆس بڵێیت ئەگەر نەیەتە خوارەوە ئەوا هەر لەوێ ئەمێنێتەوە . پولیس بمرگری بکات و نەکات کارێکەرێە سایکولوجیەکان وەکو هەموجولانەوە و کارێکەریەکی تۆ راندەوستاون لەسەر وێست و بڕیار و ئارەزووی کەس خۆیان لە خۆیان دا کارێکەریی خۆیان هەرئەکەن و تەعبیر لە پۆلی خۆیان ئەکەن .

کاک سەلام ئەڵێت : (جیاکردنەوەی سەری کۆڕاوەکە لە جەستەی (نیشانەی) نەئەکردنە دڕندایەتی یە) لێرەدا ئەبێت لە کاک سەلام بپرسین تەشەنەکردن لای ئە و ئەبێت چی بێت ؟ جیاکردنەوەی سەر و لەش نیشانەی جۆری تاوانکارێەکە و دڕندەیی کارەکەیە نەک تەشەنەکردن چونکە چۆرێکە دابەش ڕوداو هەیە ئەگەر باسی چەندێک کارەساتێکی لەو جۆرەی بکردایە نیشانەی تەشەنەکردن بۆ هەرووەها کاک سەلام ئەڵێت : (ناوەنوسینی تارمایی یەکە (نیشانەیە) مێژووە) لێرەدا تەنها ئەتوانین نیشانەیەکی پرسیار دابنێین چونکە ئەو ڕایە هێندە دوور لە ڕاستی و لۆژیکەوە هیچ جەمسەرێکی لیکۆڵینەوەی پەیوەندیی یە تەعبیر لە هیچ ناکات جگە لە تەفسیری ڕستەی دەستەوپەخسە نەبێت . لێرەدا گوتەکەی لینین دێتە پێشەوە کە ئەڵێت : (ڕستەیەکی بچکۆلە لە تەشوێش چەندەها لاپەرە تەحلیلی ئەوێت) .

کاک سەلام لەبارەی زمانەوانیەوە سەرنجی خۆی دەرئەبڕێت و ئەڵێت : (دواجار هەندێک سەرنجی زمانەوانیم لەبارەت چیرۆکەکەوە هەیە وەک ئەوەی کە چیرۆک نوس ئەڵێت (هەمان ڕێگا خولە پەتیکم گرتەبەر کە پیاو دەیگرێتەوە بەر) یان (پرسیار وەکو لافاو وەگیرم دەکەوت) بەکارهێنانی ڕستەکان دەبوایە بەجۆرێکی تربێت وەک (هەمان ڕێگا خولە پەتیکەی جارانم گرتەوە پێش) یان (وەکو لافاو پرسیار هێرشی بۆ هێنام)

دەبارە ئەگەر کاک سەلام بێری لەوە بکردایەوە کە لەسەرج بنەماو پێوەرێک کار دەکات ئەوەت ئەنوسی کە بۆ ڕستەکان بۆ بەرجەستە بین بەلام لە ئەنجامی ئەوەوە کە دەستە و یەخە و ڕای سەرپێی خۆی ئەکات بە پێوەر ئەبێت ڕستەکانیش هەلە بکات ڕێگاکرتنە بەر شتێکی بەکارهاتووە و شیاوە (پێش) بەم شێوەیە بەکاتێت دواوزم خستوتە پێش چاوم لە پێشەوە بڕۆ . دەبارەی ڕستەی دووەم کاک سەلام ڕێت و ڕەوان لە ڕوی ڕێزمانەوە هەلەی ئەکات چونکە بکەر ـ فاعل ـ لە پێش کردارەوەیە وانە ڕستەکەی فەرید خۆی ڕاستە بەلام

دەربارەی کرداری ـ وەگیرم دەکەوت ـ ی فەرید و ـ هیرشی بوهینام ـ ی سەلام ئیمە ناتوانین بلێین راستە یان هەڵەیە چونکە لەوانەیە لە هەندێك شوێن بەکاربێت و لە شوێنێکی تر نە بێستراوبێت راستی بەکارهێنان و بەکارنەهێنانی لەم کاتەدا ئاسانلێیت وە ئەوەندەش گرنگ نیە بە دواداچوون بەڵام دەربارەی جۆری کردارەکە کاتـ سەلا

هەڵەی کردووە ئەوێش بەوەی کە فەرید ئەڵێت : وەگیرم دەکەوت . واتە کردارەکە ڕابوردوی بەردەوامە کە لە زمانی ئینگلیزیدا بڕی ئەوتریت ـ پاست کونتینیوس ـ ئەمەش بوایە راستە چونکە پرسیار وەگیرکەوتن یەکجار نەبووە چونکە ئەگەر یەکجار بوایە دەبوایە یەك کەس بۆ یەکجار پرسیاری لێ بکرایە ئەوسا پرسیار کردنەکە لە شوێن و کاتێکی وادا دەبوو کەس یەکەوە دانیشتن و لە یەکتری ئاوابێن کات سەلام کردارەکە ئەکات بە ڕابردوی ساکار واتە ـ پاست سمپل ـ کە ئەمەش ستێکی هەڵەیە . دەربارەی بە پیری و جوانی وەکو ئاڵۆز پرسیار . ئەم هەڵەیەکی تری چونکە کات سەلام وەکو خۆی دانیاوەتەوە . نوسینەکەی کات سەلام لە کاڵتە پێ کردن ئەچێت لەوە ئەچێت موفیك یەسمر خۆشی بچێتە موزەخانەیەکەوە یەکەرەکانی لە قۆری ساعە دروست کرابێت و ئەمیش بە ئارەزوی خۆی لوت و کوچکەیان ڕابکێشێت . لە ولاتێکدا کە خەڵکەکەی بۆ ئەوەی بزانن بە لی پرسراو ماستاو بکەن و تەنەکە هەنگوین بەرن بە دیاری ئەبێت نوسەرەکەش سەرخۆشەکەی موزەخانەبێت .

سەر ئەنجام :

ئەبوێ بوچونێکی دیاری کراو و بەکانەهێنانی پەیوەر و بنەماکان بە پێویستیە وە نوسەر ئەهاوێتە سەنگەری تێ نەگەیشتن سادەیی و ئارەزو و مەزاجەوە ڕاو هەڵوێستەکانی ڕا ئەوەستێت لەسەر ئەوکات و شوێنە و ئەوەی ئەیلێت نایلێتەوە ئەمەش خۆ لە خۆیدا بوچونێکی تایبەتیە کە لە دەستە و یەخەدا تە عبیر لە خود ئەکات واتە دەستە و یەخەیە ئەکەوێت بەسەر مەسەلە و بابەتەکان دا پێکان و نە پێکان ڕێکەوت ئەبێت و چون و بوچونیەکی تێ تیا ونە چونکە ئەگەر ئەو گیانە لەگەڵ خۆیدا هەڵبگرێت ئەو بو چونە وێ ئەکات .

١٧٧

تێبینی

نووسراوەکانی ناو کەوانەکان ئەگەرینەوە بۆ ئەم سەرچاوانە :

١ ــ گۆڤاری نووسەری کوردستان ژمارە (١)

٢ ــ گۆڤاری پەیڕەو

٣ ــ فەلسەفە و زانست و جوڵانەوەی نوێ

٤ ــ ئەوەی ناوی نووسەرەکەی هاتووە دەگەڕێتەوە بۆ هەندێك سەرچاوەی تر کە لەم کاتەدا لەبەر دەستا نیین .

RDSTAN'S WRITER

gaizine of the Union of Kurdistan's Writers

. 2
7. 1981

نووسەری کوردستان

ژمارە (٣)

هەواڵنامەی کتێب

نووسەرانی کوردستان

گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کوردستان

ژمارە ٣ شوباتی ١٩٨٢

وتەی ژمارە

بە تێپەڕبونی ساڵی ١٩٨١ ئەتەوەکەمان ساڵێکی دیکەی لە مێژوی خوێناوی پڕ لە قوربانی دانی بەڕێ کرد و ، لا پەڕەی ساڵێکی نوێی پڕ لە تێکۆشانی هەڵدایەوە ٠هەروەها یەکێتی ی نوسەرانی کوردستانیش بارگەی یەکەمین ساڵی تەمەنی خۆی پێچایەوە ، تا لە دوەمین ساڵی تەمەنیدا چالاکانە تر هەنگاوی نوێ بنێ و دڕێژە بە خەباتی خۆی بدا

ئێمە کە جاو بە ئیش و کار و چالاکییەکانی ساڵی رابردوی یەکێتیماندا دەگێڕینەوە،دڵشاد و کامەران دەبین ، چونکە سەرباری ئەو کۆسپ و گیروگرفتانەی لەبەردەمماندا بون و ، سەرە ڕای ئەوەی کاری پێشمەرگەیی و سیاسی سەرقاڵی کردبوین ، ئەچی لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا توانرا سێ ژمارەی گوڤاری یەکێتی ی نوسەران (ژمارەیەکی پێڕو ، دو ژمارەی نوسەری کوردستان) بڵاوبکرێتەوە ، هەروەها سێ کتێب و نامیلکەش لە چاپ بدرێ لە هەمو ئەمانەیش گرنگتر ئەوەیە کە (یەکێتی ی نوسەرانی کوردستان) لەو ماوە کەمەدا توانی ،وەک ڕێکخراوێکی ئەدەبی تێکۆشەر ، کەسایەتییەکی سەربەخۆ بۆ خۆی پێکەوە بنێ وەلا بەنە سیاسییەکان ڕێزی لێ بگرن و ، جاوەڕێی کاری شۆڕشگێڕانە و قسەی چاکی لێ بکەن و ، ئەو رەنج و کۆششەیان لەبەر جاو بێ کە یەکێتی ی نوسەران لە بواری بڵاوکردنەوەی ئەدەبی پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕ و لە مەیدانی هاوبەشی کردنی خەباتی پڕ لە سەروەری گەلەکەماندا بەختی دەکا ٠

لێرەدا لە کاتێکدا سوپاسی هەموو حیزب و لایەنە سیاسییانەدەکەین کە لە سەرەتاوە پشتیان گرتین وەئامادەبون کۆمەکی جۆربەجۆرمان بکەن، هەروەها وەک لە وتەی ژمارە (٢) ی ئەم گۆڤارەماندا نوسیبومان، ئەوە دوپات دەکەینەوە کە یەکێتیی نوسەرانی کوردستان یەکێتیەکی ئەدەبیی ئازاد و سەربەخۆیە وهیچ لایەنێکی سیاسی مافی ئەوەی نیە بە زێدەڕۆیی تایبەتی خوی لەئەڵقەم بدا. چونکە ئەمە یەکێتیی هەموو ئەدیب و لایەنێکی دڵسۆز و پێشکەوتنخوازە، کە بە تەنگ ئەدەب و ئەدەبیاتی کوردەوە دێن وەلە ماناى قۆڵ و تەواوی ئەدەبی ئازاد و شۆڕشگێڕ دەگەن.

لەبەر ئێگای دڵخۆشی ئیمەیە کەلێ لە نوسەرە پێشکەوتنخوازەکانی چاو بترسەکانی ناو شارەکان هەر لە سەرەتاوە، پێشەینانی ئەم یەکێتییەیان بە گاپێکی جاك زانیو و هاوکاریان لە گەڵدا کردین. مایەی شانازیمانە کە لە بەشێکی داواشتنی (پڕۆژەی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی نوسەرانی کوردستان) دا، بەشداریان کردین. لەمەش زیاتر ئەگەر کۆمەک و هاوکاری ئەوان نەبوایە، نەماندەتوانی (نوسەری کوردستان) بەو شێوەیە دەربکەین کە ئێگای رۆژنامەدێی ئەوان و نوسینەران بێ و بە دوو ژمارە شۆڕێنێکی گەورە لە دڵی هەمواندا بگرێ و بە تامێکردنەوەیەکی نوێ دابندرێ لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا.

ئێمە لە کاتێکدا پڕ بە دڵ سوپاسیان دەکەین و رێز لەو نەترسی و چاو ئاسمیەیان دەنێین و بەرهەمەکانی ئەوان بە دەستە گوڵی گۆڤارەکەمان لە ئەڵقەم دەدەین بەڵێنیش بۆ هەمو لایەك دوپات دەکەینەوە، کە درێژە بە کار و چالاکی خومان بدەین وهەتاسەر شیاوی ئەو خۆشەویستییە بین کە کە پێمان دراوە.

* دەستەی نوسەران *

رۆژنامەی
کوردستان

دەورەی سێیەم
١٩١٧ / ١٩١٨ • د. کەمال فوئاد •

رۆژنامەی کوردستان .. سێ دەورەی لێ دەرچوە ، نوسەری ئەم وتارە ، لە گۆڤاری — چریکەی کوردستان — لە سەر ژمارەکانی دەورەی یەکەم و دووەمی نوسیوە .. ئەم وتارەشی لەسەر دەورەی سێیەمی رۆژنامەکەیە کەلە سالانی ١٩١٧ — ١٩١٨ ، لە قاهیرە ، یانزە ژمارەی لێ دەرچوە .

ژمارەی یەکەمی ئەمجارەی رۆژنامەی کوردستان کە ٥ ی ذی القعدة ١٣٣٥ / ١٢ ی ئەیلول ١٩١٧ز دەرچوە ژمارەی یانزە هەمیلە ٥ ی ربیع الثانی ١٣٣٦ / ٢٨ ی کانونی دووەم ١٩١٨ز دەرکراوەتەوە .هەریانزە ژمارەکە لە قاهیرە لە " مطبعة ابی الهول " چاپ کراوە . هەر ژمارەیەک بریتی یە لە چوار لاپەڕە (٢٨٫٥ × ٤١ سم) . هەر لاپەڕەیەک لە سێ ستۆن . لە سەر کەمێکی زەرد بارەی خراپ چاپ کراوە . وتارەکان لە پێشەوە بە کوردی نوسراون (آلی با کرمانجی) ئەمجا بە تورکی (ترکجە قسمی) . لە نوسینی هەردو زمانەکەدا تێیدا عەرەبی بەکار هاتوە . کوردی یەکەی هەر هەمان شێوەی

هەوالنامەی کتێب

جێ بەرەو بۆتانە کە جارێ یەکەم (١٨٩٨ – ١٩٠٢) ڕۆژنامەکەی پێ نوسراوە لەگەڵ بەکارهێنانی هەندێک وشەی نوێ دا ، بۆ وێنە :

جاف د بوره " (= "جێژن ڕائەبوردن") بە مانای (سیاسەت) .

ایمه د وخینین (= "ئێمە ئەخوێنینەوە") بە مانای (خوێندنەوانی ئێمە) . ماسکه " (= "ڕووبوش / mask") . (ژمارە – ٤ ، ل ١ ستونی یەکەم و دووەم) .

ڕۆژی دەرچوونی ڕۆژنامەکە تەنیا بە هیجریی قەمەری نوسراوە. لە کۆتایی هەر ژمارەیەکدا (خوار ستونی سێیەمی لاپەڕە چوار) نوسراوە : مدیر مسئول : آزیزی احمد " . لە ژێریا : "مطبعة ابی الهول بجوار دار الکتب الخدیویة لصاحبها عثمان فهمی .

لە هەموو ژمارەیەک دا ئەمانەی خوارەوە بە کوردی و بە تورکی لە سەرەوە بەشی سەرەوەی یەکەم لاپەڕەی ڕۆژنامەکە نوسراوە :

کوردستان – پارچه روژا جارەکی دەردێکێت لەجیا کەناداره دینه پێت جریده یی کوردستانجایه " (= "کوردستان – پانزە ڕۆژ جارێک دەردەچێت بڕێچاکەی کورد تێ ئەکۆشێت ڕۆژنامەی کوردانە ") .

هژمار — جیهی نغیساندینی مصر القاهره علیك پوسته یی ٨٠ ه جریدەکی ١ قەری یه سالیفی ١٥٠ شش هیڤا فی ٨٠ قەری یه" (= "ژمارە – شەڕکی مەسیحی مصر القاهره صندوقی پوستەی ٨٠ ه ڕۆژنامەیەکی بە ١ قەمەری یه ساڵێکی ١٥٠ شەش مانگی ٨٠ قەمەری یه") .

"آلی یا کرمانجی (= "به‌شی کوردی) .
چاڤه‌دیره‌ (= سیاسه‌ت) .

سه‌ر وتاری ژماره‌ ـ ۱ / "۱۵ ذی القعده ۱۳۳۵ : (۱۲ ی ئه‌یلول ۱۹۱۷)

"ایمه‌ دوخینین "

"کنکی سلطان سلیم‌عول ناڤی خلافتی ژ سلطنت‌خورا یك کیر میرا کرمانجا ژ خبژ یکیرنی خودی و رسولیقی و ژمرانی وان چون خلیفه‌یی مسلمانا بیعت‌کیرین . فی بیعتی شرطا کیرین که میرا کرمانجا دیسا ژ ولاطی خوارا میری بکین . پس‌کنکی شری بیت هر میری خلقی خوه بیت‌ژ اری خلیفه‌یی بجیت شری فسالی ژ خلیفه‌یی‌ره هر رکی بیت . اما حمی سلطانا ترکا نه تینی ولاطی‌کرمانجاره فت‌قنجی نه‌کیرین ، ولاطی ترکا یعنی ولاطین خوه‌ژی و ولاطی مه‌ژی خرا کیرین . ژ زمانی میرا کرمانجا ولاطی کرمانجاده حمی تشتن قنج هبون . هیدی هیدی حمی خرا بون ترکا دو هد صال نیزانی بون ژ آدرنه‌یی حیا استانبولی ریکی چیکین چاڤه‌ریاو تشتا قنج بزانن ژ ولاطیمه چیبکین . بری دو صد صالا حالا ولاطی مه ژ نه راستی‌یی خراتیر بو . پادشاها عثمانا دیتین بتنجی نیزانین ولاطی بکرین . ما بینا مه تخبا فسادی آفیتین . هیدی هیدی حمی ولاطفکی جیهی شری خات . میرا کرمانجا ، که حکومتا عثمانا بزور آنیبی استانبولی فی حالی دیتین . دیتین ژی حکومتا عثمانا هر روژ دبیژیت که قنجیا ولاطیره بیخه پتیت او هر روژی درمقا دیکیت تشتکی قنج چینا کیت کرتین که مادام حکومتی عثمانا خوه خرا دیکیت چیره ئه‌وی وه‌ره خرا بجیین وژ سال ۱۳۱۲ ژقنجیا ولاطا کرمانجاره خیتینیرا شغل کیرین . حیا قنجیا

کرمانجاره بیخه پیتیت، ری بین راست و قنج مره بیژیت صالی ۱۳۱٤ قوری مریه متامیقی جنت بیت مدحت بك قوری میر بدرخان ژ مال بوطانا چیو مصری، قاهره یی جریده بی کردستان ی دریخیست. پاشی صالکی مدحت بك نه خوشکت برایقی عبدالرحمن بك چو اسویچریخی. ژو نه قی جریده یی کردستان ی دریخیست. کنکی سلطان حمید حمی مالا میر بدرخان حبس کیر، کس نما قی جریده یی دریخنه. کنکی مشروطیتی جیبو حمی مالی بدرخان درکت ژ حبسی. دیسا ژ قنجیا ولاطی کرمانجا را دیخه پیتنی دست آیتین. نقی یا میر بدرخان ثریا بك ژ استانبولی کردستان ی دریخیست. پاشی روژی ۳۱ مارتی صالی ۳۲۵ کنکی محمود شوکت پاشا بلشکر خوه استانبولی کرت جمعیتی اتحاد و ترقی ژ رویی خوه ماسکه یی آقیت. کلك ژ مروقین قنج ولاطی ریکیر حبسی و نقی ثریابکی ژی ارتجاعیره اتهامکیر و آقیت حبسی ناقیقی "بکر آغا بلوکی" جریده یی کردستان ی ژی دادا. ژ قی روژی کرمانجا کلك خرابی دیتین ژ جمعیتی اتحاد و ترقی یا دیسا قبول نکرن تشتکی خراب چیکین ژ دولتا عثمانا ره کرتن حمی خلقی ولاطی عثمانا بدستهف بکرین و خرابیا جمعیتی منع بکن. شری ایتالیا، پاشی قی شری بالقانی جیبو. پاشی چند مهژی شری مظینی ام تیده درکت و حمی امیدا مه کی ام ولاطی خوه ده حکومت که راست و قنج چیکین چو.

ژ عول روژی شری ده مه کوت که نهو نه دمه ام ژ دولتا خوه ده تشتکی بخوازن. مادام اڤ نیاراره شریده یه، مه دنکیخه نه دریخیست. ایروام دیمینین که شری نیزیك دبیت خلاص ببه. ام قنج زانن که هکه کسه که دقیت حتکی خوه بسطنیت لازمه خوه خویا بیکیت. خویا بیکیت که قی حقی ره لایقه. برقی ایرو مه دنکیخه درتیخین.

حمی دولتا دبیژین سببا شری کیرینا مه ئهقه که ام دنازین حمی خلقی کچك مظن حقی خه بسطینن، خوه تینی اداره بکین. هکه ام ژ نهوقه دنکیخه

دڕ نەیخین ، نە بەژین حەتی مەژی هیچ پاشی وبروزیدە کە حەقی خلقی بدین ژمرە تشتکی نادین .

برقی یە کە ام ایرو جریدە یی کرد ستانی دڕ تیخین . داژ ریین قۆرین میرامە میر بدرخان ڤەگیرین ام بسطاندینا حقا وسرآزادیا کرمانجارە بیخە پیتین .

باڤارکیربێ مە ژآریکیرینا کرمانجا ڤی شغلی مظینیرە قوتا مە یە .

" اڤی جریدە یی کرد ستانی دنڤیسین "

بەم سەر وتارە ، کە ئێمە لێرەدا وەك خۆی بڵاومان کردەوە ، ڕۆژنامە کە بۆ جاری سێیەم دەستی کردۆتەوە بە دەرچون . لە بەر گەلێك زانیاری بەنرخ کە لەم سەر وتارە دا هەیە وە بۆ ئەوەی خوێنەرانی بەڕێزباشتر لێی تێ بگەن و سودی لێ وەر بگرن ، لە خوارەوە تەواوی وتارەکە بە کوردیی نوێ ئەنوسینەوە :

(" (بۆ) خوێنەرانمان ")

" کاتێك سولتان سەلیمی یەکەم ناوی خەلافەتی لە سەڵتەنەتی خۆی نا ، میرانی کورد لە خۆشەویستیی خوا وپێغەمبەری ئەو جێ نشینانیان چون خەلیفەیی وسولمانانیان بەیعەتکرد . لەو بەیعەتەدا شەرتیان کرد کە میرانی کورد دیسان لە وڵاتی خۆیاندا میرێتی بکەن ، بەڵام هەر کاتێك شەڕ بێت هەر میرێك خەڵکی خۆی بباتە وبۆ ئاریکاریی خەلیفە بچێتە شەڕ وە هەر ساڵێك شتێك بداتبە خەلیفە . بەڵام هەموو سولتانەکانی تورك نە تەنیا لە وڵاتی کوردچ چاکیی یەکیان نەکرد وڵاتی تورك یە عنی وڵاتی خۆشیان و وڵاتی ئێمە شنیان خراپ کرد . لە زەمانی

هەولنامەی کتێب

میرانی کورد ا لە ولاتی کورد هەمو شتێکی باش هەبو . بەرەبەرد هەموی خراپ
بو . تورکەکان دو سەد ساڵ بو نەیان ئەزانی لە بەدرنە تا ئەستەمول ڕێ مان
دوروست بکەن ئیتر چۆن بزانن ڕێگا و شتی باش لە ولاتی ئێمە دوروست بکەن .
پێش دو سەد ساڵ حاڵی ولاتی ئێمە لە ئێستا خراپ ترنبو . پادشاهانی عوسمانی
بینی یان بەباشی ناتوانن ولات بگرن ، تۆوی خراپەیان فڕێ دایە ناو مانەوە .
بەرەبەرە هەمو ولات وەك جێگەی شەڕی لێ هات . میرانی کورد کە حکومەتی
عوسمانی بەزۆر هێنابونی بڕنە ستەمول ئەم حاڵەیان دی . بینی یان حکومەتی عوس
مانی هەر ڕۆژە ئەڵێت بۆ چاکەی ولات هەوڵ ئەدەم ، هەر ڕۆژە دروێەك ئەکات و
شتێکی باش ناکات . وتیان مادام حکومەتی عوسمانی خۆی خراپ ئەکات بۆ چ
ئێمەش لەگەڵ ئەو خراپ ببین . لە ساڵی ١٣١٣ (١٨٩٦ م) ەوە بۆ چاکەی ولاتی
کورد بە نەێنی کەوتنە کار . بۆنەوە ی لە پێناوی چاکەی کورد ا تۆ بکۆشێت ، ڕێی
ڕاست و باش بە ئێمە بڵێت ، ساڵی ١٣١٤ (١٨٩٧ م) کوڕی میر جێگای بەهەشت
بێت مەدحەت بەگ کوڕی میر بەدرخان لە بۆتانەوە چو بۆ میسر . لە قاهیرە ڕۆژ
نامەی کورد ستان ی دەرکرد . پاش ساڵێك مەدحەت بەگ نەخۆش کەوت . بڕای
ئەو عەبدورەحمان بەگ چووە سویسرە . سەرلەنوێ ڕۆژنامەی
کورد ستان ی دەرکردەوە . کاتێك سوڵتان حەمید هەمو ماڵی میر بەدرخانی
بەند کرد ، کەس نەما ئەو ڕۆژنامە یە دەربکات . کاتێك مەشرۆتی یەت بەڕپا
بو هەمو ماڵی بەدرخان لە بەندی دەرچون . دیسانەوە بۆ چاکەی ولاتی کورد
دەستیان کرد بەوە بە خەبات . نەوەی میر بەدرخان سورە بیا بەگ لە ئەستە
مول کورد ستان ی دەرکرد . پاش ڕۆژی ٣١ ی مارتی ساڵی ٣٢٥ (١٢ ی

نیسان ۱۹۰) کاتێك محمود شەوکەت پاشا بە لە شکری خۆی ئەستەمولی گرت ئۆمەڵەی یەکگرتن و پێشکەوتن بە ردەی لە ڕوی خۆی دامالی . گەلێك کە سانی باشی وڵاتی ڕەوانەی بەندیخانە کرد و دوری خستنەوە، سورە بیا بگیشیان بە کۆنە بە رستی تاوانبارکرد و غڕێیان دایە بەندیخانەی ناوەندی" بەکر ئاغا بلوکی ڕۆژنامەی کوردستان یشیان داخست . لەو ڕۆژەدا کورد گەلێك خراپەی دی لە کۆمەڵەی یەکگرتن و پێشکەوتن لەگەڵ ئەوەش دا قبوڵیان نەکرد کارێکی خراپ دژی دەو ڵەتی عوسمانی بکەن، موتیان بە هەموخەڵکی وڵاتی عوسمانی دەستی یەکتر بگرن و خرابی کۆمەڵە بەربەست بکەن . شەڕی ئیتالیا باش ئەوە شەڕی سەڵقان بەریا بو . پاش چەند ماندیکیش شەڕی کەئێمە تیا بە شدار بوین . هەموئومێدی ئێمە کە لە وڵاتی خۆمان دا حکومەتێکی ڕاست و باش دابمەزرێنین لە دەست چو .

لە یەکەم ڕۆژی شەڕدا ئەمانوت ئیستا کاتی ئەوە نی یە لە دەوڵەتی خۆمان شتێك داوابکەین . مادام ئەو لەگەڵ ناحەزان دا لە شەڕدایە، ئێمە دەنگی خۆمان دەرنەخست . ئیمڕۆ ئەبینین کە شەڕ خەریکە کۆتایی دێت . ئێمە باش ئەزانین کە ئەگەر کە سێك ئەیەوێت هەقی خۆی بسێنیت پێویستە خۆی ئاشکرا بکات دەری بخات کە شایانی ئەو هەقەیە . لەبەر ئەوەیە کە ئێمە ئەمڕۆ دەنگی خۆمان دەرئەخەین .

هەموو دەوڵەتان ئەڵێن کە هۆی شەڕ کردنی ئێمە ئەوەیە کە هەموخەڵك بچوك گەورە هەقی خۆیان بستێنن . خۆیان خۆیان ببەن بە ڕێوە . ئەگەر ئێمە لە ئێستاوە دەنگی خۆمان دەرنەخەین، نەڵێین ئێمەش هەقمان هەیە پاشان لە ر

ڕۆژەدا کە هەقی خەڵکیان دا بە ئێمە ستێك نادەن .

لەبەر ئەمەیە کە ئێمە ئەمڕۆ ڕۆژنامەی کوردستان دەردەکەین . تا ڕێگی کوڕانی میری ئێمە ببن بەدڕخان بگرین و بۆسەندنی هەق و ئازادیی کوردان تێبکۆشین .

باوەڕمان بە تاریکاریی کوردان لەم کارەمەزندا هێزی ئێمەیە . "

("ئەوانەی ڕۆژنامەی کوردستان ئەنوسن")

وتاری دووەم لەم ژمارەیدا لە ژێر ناوی "عدم مرکزیتی و مختاریت ادا ـ ریی" (= "تا ناوەندێتی ڕخۆبە ڕێوە بردن") دا نوسراوە (ل ۱ ، ستونی ۳ تا ل ۲ ، ستونی ۱) . ئەم وتارە کە تا ژمارە ـ ۱۰ درێژەی هەیە ، بە دوو ڕووی لە ڕووی قانونی و سیاسی و چۆنێتیی بەڕێوە بردنەوە لە هەردو پرنسیبی "تا ناوەندێتی Decentralisation" و "خۆبە ڕێوە بردن Autonomie" ئەکۆڵێتەوە . گەلێك دەوڵەتان بە نمونە ئەهێنێتەوە ، باسی یاساکانیان و چۆنێتیی پێکهاتنیان لە ڕووی نەتەوەیی و ئاینی یەوە ئەکات تا لە کۆتایی باسەکەیدا ئەڵێت :

" حکومتا کە ناسیقی ژیك دینی و ژ یاك ملیتی نە عدم مرکزیت بسە دا خلق شغلی خە قنج جیکە . اما حکومتا کە ناسیقان تیاقە (*) ژ آلی یی دینی و ملیتی تینی عدم مرکزیت نە بسە ، لازمە قانرە مختاریت اداریی بدین . "

("دەوڵەتێك کە دانیشتووانی لە یەك ئاین و لە یەك نەتەوەن تا ناوەندێتی بە سە تا خەڵك کاروباری خۆی بە باشی جێبەجێبکات . بەڵام دەوڵەتێك

کە دانیشتووانی تێکەڵن لە ڕۆی ئاینی و نەتەوەیی یەوە ناناوەندێتی بە سنی یە ،
پێویستە ئۆتۆنۆمی یان بۆ بدرێت .") — ژمارە ١٠ ، ل ١ ، ستونی ١ ، ٣٠ ی
ربیع الاول ١٣٣٦ / ١٣ ی کانونی دووەم ١٩١٨ —

لەبەر ئەوەی ئەم ژمارەیە وتارە نوخێکی مێژویی و سیاسی ی هەیە ، لە
ژمارە ی داهاتوو دا هەڵیژاردە یەکی لێ بڵاو ئەکەینەوە .

هەر لەم ژمارەیەدا لە ژێر ناوی "ژ شری چە دقومە" (= " لە
شەڕ دا چی ئە قە و مێت ") ؛ هەواڵەکانی ئەو کاتەی شەڕ (جەنگی جیهانی ی
یەکەم) (**) بڵاو کراوەتەوە . (ل ٢ ، ستونی ٢) .

پاشان لە ژێر ناوی "خبرکی دو" (= "چونە ناوەوە") کە بە
مانای (سەرەتا / مدخل) بە کار هاتووە ، ڕۆژنامەکە دەستی کردووە بە
بڵاوکردنەوەی (شەرەفنامە) . لەم بارەیەوە ئەنوسێت :

دا قومکی خە ببر نەکیت ، تشتین قنج یا پیری خە ناقێیت لا ز مە
بیزانیت حیا ڕوژی خە چاڤە بڕینە ، چی کرینە ، چاقە بون . قوم کە قسان
تشتا نیزانیت ڤەکە زاروکە نیزانیت باب و دیافی کینە ، ژ کیژان مانی یە خە ژ ببر
دیکیت هیدی هیدی قومیانە خە ڤندا دیکیت .

کرمانج حیا ایرو خە ببر نەکیرینە . خلقی عشیرا ژ زاروتی ا ژ دیین خە
ڤەکی جیروکی دیبهیسین باپیرا ڤان جە بون ، ژ کوهاتین ، چاڤە بورین .
خلقی باژارا پیچکوک خە ژ ببر کیرین ، ژ ترک و عربارا پیچکوک کرتین

حیا ایرو کسەکی نە نڤیسی یە کرمانج ژ کوهاتینە ، جە مرور بون ،
چاڤە بورینە . ام قائل نابین کە کرمانج ژ وەکە حمی خلقی خە نیزانیین .

١١

ڤانەوە ژی کتیب کە هولی نە بیت ڤان روژا شری ام نکارین خەم. جهیزە کاغذا بنڤیسین. برڤی ام نکارین نهو نڤیسین کتیب کەڤەکە ام دەرخازتن بەس مە کتیب کە دیت بەرزمانا عجمادە دبیژیت در حقا کرمانجادە، ژکو هاتینە جاڤبورینە.

ئەڤ کتیب نە هەقدە قنجە. خەمی تشتا راست و تمام نابیژیت. اما مە کوت ژ قت نە هیی قنج تەرە. برڤی ام هر جریدە یی دە پیچکوکی ژ ڤی کتیبی نیڤیسین. ئەڤ کتیب صالی ۱۰۵۰ (***) عربی شەرف خان توری شمس الدین خان بدلیسی مقامڤی جنت بیە بندستی خە نڤیسی یە. صال ۱۸۶۰ فرنکا دە ببازار پترو غرادی ولادیمیر ولیامینوف زرنوف طبع کری یە. بری ام دست باڤێژین کتیبی ئەمی ژ روحی شرف خان رە لازمە فاتحەکی ریکین بر سببا کە ڤی کتیبی ژ خلقی خە رە نڤیسی یە. رحمة الله علیه رحمة واسعه ".

ـ پاشیڤی هیە ـ

(تا نەتەوەیەك خۆی لە بیر نەکات، شتی باشی باپیرانی فرێ نەدات پێویستە بزانیت تا ئەو رۆژە چۆن بەرێوە چون، چی یان کردووە، چۆن بون. نەتەوەیەك کە ئەم شتانە نەزانێت وەك منالێك وایە کە نەزانێت باوك و دایکی کین، لە چ مالێکە خۆی لە بیر ئکات، وردە وردە نەتەوایەتی خۆی ون ئەکات.

کورد تا ئەمرۆ خۆی لە بیر نەکردووە. خەڵکی عە شایبر لە منالی یەوە لە دایکی خۆیان وەك حیرۆك ئەبیسن باپیرانیان چی بون، لە کوێوە هاتون، چۆن بەرێوە چون. خەڵکی شار رە و شتی خۆیان لە بیر کردووە، لە تورك و عەرەب رە و شتیان وەرگرتووە.

تا ئەمرۆ کە سێك نەی نوسیوە کورد لە کوێوە هاتون، چ مرۆ ڤێك بون، چۆن بەرێوە چون. ئێمە باوەڕ ناکەین کەکورەوەك هەموخەڵك خۆی نە ناسیبێت.

لەگەڵ ئەوەش دا کتێب کە لە بەردەستدا نەبێت ئێمە ناتوانین لەم رۆژی شەڕەدا
بۆ هەمو شوێنێك نامە بنوسین. لە بەر ئەوە ئێمە ناتوانین ئێستا وەك ئەمانەویت کتێب
بکوسین. بەڵام ئێمە کتێبێکمان دی بە زمانی فارسی نوسراوە لە بارەی کوردەوە
لە کوێوە هاتون، جۆن بەرێوە چون.

ئەم کتێبە ئەوەندە باشیترنی یە. هەموشتیك بە ڕاستی و تەواوی نالێت بەڵام
ئێمە وتمان لە هیچی نەمو باشترە. لەمر ئەوە ئێمە لە هەر زمارەیەکدا بە شێکی ئەم
کتێبە ئەنوسین. ئەم کتێبە ساڵی ١٠٥٠ ی عەرەبی شەرفخان کوڕی شەمسەدین
حانی بدلیسی جێگای بەهەشت بێت بە دەستی خۆی نوسیویەتی.
ساڵی ١٨٦٠ ی فەرەنگی لە شاری پەترۆگراد وڵاتی ڕوسیا چاپەمەنی زیاتی هێنی
کردووە. یەکێ لەوەی دەستیکەوت کە کتێبەکە چاپبێتەوە ئاگاداری سەرکردەکان
فاتیحەیەك بنێرین چونکە ئەم کتێبەی بۆ ئەنجامی خۆی نوسیوە. رحمة الله علیه
رحمة واسعة*). ... یاشماوەی هەیە ... ل ... ستونی

پاش ئەم پێشەکییە کە گوترا لە هەر زمارەیەکدا بە شێکی ئەم نامە بڵاوکراوەتەوە لەگەڵ هەندێك سەرنج و تێبینیدا.

لێرەدا بە شی کوردی زمارەی یەکەم کۆتایی دێت. لە وەیاش (ل ٢ ستونی ٣) تا کۆتایی ڕۆژنامەکە (ل ٤، ستونی ٣) بریتی یە لە وەرگێڕانی وتارە کوردی یەکان بۆ سەر زمانی تورکی بە کەمێك دەستکاری یەوە.

ئێمەش لێرەدا کۆتایی بە بەشی یەکەمی وتارەکەمان ئەهێنین، بەو

نیازەی لە ژمارەکانی داهاتوودا هەر جارە بە شێك لە ناوەرۆکی ئەم پرۆژنامە یە بخەینە بەر چاو .

(*) وا نوسراوە ، بەڵام وا دیارە هەڵەی چاپە . راستی یەکەی : تێکهەڵ (تێکەڵهەڵ / تێکەڵاوە) . ناسیف " ئەبێت لە (natif) ی فەرەنسی یەوە وەرگیرابێت ، کە (دانیشتوو) یا (لە دایك بوو) ی وڵاتێك ئەگرێتەوە و لە (native) ی ئینگلیزی یەوە نزیکە (- هاووڵاتی / مواطن) .

(* *) (جەنگی جیهانی ی یەکەم) راستە تەك جەنگی یەکەمی جیهان ، چونکە ناوەڵناوی یەکەم لێرەدا (جیهانی) یە تەك (یەکەم) ئەمە تەك جەنگ دەڵێ پێی گرامەرەوانەکان لە پرۆی ناڤ و پاش و پێشینەوە دەڵێن . پێش جەنگی جیهانی دووەم ئەوترا (جەنگی جیهانی) بان (جەنگی گەورە) پاشان بۆ جیاکردنەوە (یەکەم) و (دووەم) ی خرایە پاڵ . لە ئینگلیزی دا کە ئەوترێت : (First World War) لە کوردی دا ئەبێتە (یەکەم جەنگی جیهانی) تەك جەنگی یەکەمی جیهان لێرەشدا گرنگترین ناوەڵناو هەر (جیهانی) یە تەك (یەکەم) . جەنگی یەکەمی جیهان " مەبەس نادات بەدەستەوە ، چونکە گرنگترین ناوەڵناوکە (جیهانی) یە تری دا نیە .

(* * *) ئەبێت هەڵەی چاپ بێت . شەرەفنامە لە ١٠٠٥ هـ / ١٥٩٦ـ ١٥٩٧م دا نوسراوەتەوە .

٤

تێبینی : ئەو بەشانەی کە پرۆژانەکەوە وەرگیراون بێ هیچ کەم و کاستیەک
وەک خۆیان کە سرابنەوە. وەرگێڕانەکەشی تا کرایێت وشە بە وشە بووە ، بێ
گۆڕانکاری جوانی پێشکەش .



١٥

دەربارەی پێکهێنانی یەکێتیەک بۆ

• رەفیق سابیر •

نووسەرانی هەموو کوردستان

وەڵامێکە بۆ مامۆستا ـ کەریمی حوسامی ـ

لە ژمارە دووی گۆڤاری (نووسەری کوردستان) دا مامۆستا کەریمی حسامی هەندێ بیروڕای سەبارەت بە پرۆژەی (پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی نووسەرانی کوردستان) دەربڕیبوو، هەروا باسی پێکهێنانی یەکێتی نووسەرانی هەموکوردستانی کردبوو .

مامۆستا دەڵێ (با یەکێتی نووسەرانی کوردستان پێک بێ و ڕووناکبیر و ڕێبەرە سیاسی یەکان بۆ جارێک تێبگەن کە زەحمەتکێشانی کورد، جێی ڕێز و بن دەستو چەوساوەکانی کورد قەت ئیعترافیان بەو دابەشکردنە و بەو سنوورە دەستکردە نەکردووە)

هەرچەندە ئەمڕۆ نەتەوەی کورد و نووسەرانی کورد لە بارێکی دژوار و پڕ لەکێشە و کرفتی سەختدا دەژین و لە ساڵەتوین مافی دیموکراتی بێ بەش کراون بەڵام باوەڕ ناکەم هیچ نیشتمانپەروەرێکی کورد نکوڵی لەوە بکات کە پێکهێنانی یەکێتی یەک بۆ نووسەرانی هەموو بەشەکانی کوردستان کارێکی نەتەوەیی ڕەوایە و بکرە پێویستیشە بۆ تایبەتی کە نووسەران لە هەر بەشێکی کوردستان بن لە بنچینەدا کەڵێک ئامانجی ئەدەبی و فەرهەنگی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە کە پەیوەندییان بە بوژانەوە و پێشخستنی زمان و ئەدەبی کوردی و پاراستن و گەشەپیدانی فۆلکلۆر و کەلەپووری

نەتەوەییەوە هەیە . بەڵام سەبارەت بە چۆنیەتی و شێوەو کاتی دامەزراندنی ئـــــەم یەکێتی یە رەنگە بیر و ڕای جیاواز بێتە کایەوە . بۆ نمونە مامۆستا "حسامی" لەکاتێکـــــدا گرینگی دروستبونی ئەم یەکێتی یە دەخاتە ڕوو، داوا دەکا (یەکێتی نووسەرانی کوردستان) کە ساڵ و نیوێك نابێ چەند ئەدیبێکی کوردستانی عیراق، لە ناوچەیەکی ئازادکراو دا پێکیان هێناوە ببێتە یەکێتی یەکی فراوان بۆ نووسەرانی هەموو بەشەکانی کوردستـــان . مامۆستا دەڵێ ((با نووسەری کوردستان ئۆرگانی یەکێتی ی نووسەرانی کوردستان بێ ، پێوەندی بە هەموو کوردستانەوە هەبێ)) . دوای ئەوە پێشنیار دەکا کە پـــــــڕۆژە ی پەیرەوی ناوخۆی یەکیەی نووسەرانی کوردستان بە جۆرێك بگۆڕدرێ کە (تەواوی ئـــــە و وشەو زاراوەی لێ دەربێاوێژرێن کە نووسەری کوردستان (هەروا یەکێتی نووسەران) تەنیا لە بەشێکی کوردستانەدا تەنگەبەر دەکا) .

ڕاستە ئەم بۆچوونەی مامۆستا "حسامی" کە یەکێتی یە بچکۆلانەکەی ئێمە ببێتەیەکێتی ی نووسەرانی هەموو بەشەکانی کوردستان خۆی لە خۆیدا نیشانەی ئەو ڕێز و خۆشەویستی یەیە کە مامۆستا بەرامبەر بە ئێمەی هەیە و دەبێ لە دڵەوە سوپاسی بکەین کە ئێمەی بـــە شایستەی ئەم ئەرکە گرینگ ڕ مێژووییە زانیوە . بەڵام بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەیە لای هەموان ڕوونتر بێ بە باشی دەزانم بە کورتی هەندێ شت سەبارەت بە یەکێتی نووسەرانی کوردستان باس بکەم .

* بۆچی یەکێتی ی نووسەرانی کوردستان پێکهات؟

لە ئەنجامی ئەو شاڵاوە دڕندانەی کە ڕژێمی ڕەوشت فاشی عیراق دەیکاتە ســـــەر نەتەوەی کورد و سەرجەمی بزوتنەوەی دیموکراتی عیراق، ئەدەب و هونەر و فەرهەنگـــــی نەتەوەکەمان دوچاری مەینەتێکی سەخت هات و بە شێوەیەکی توند و تیژ پێش لە گەشـــــە کردنی کیراوە و هەوڵی شێواندنی دەدرێ . هەروا ئەدیب و نووسەرە پێشکەوتنخوازەکانی کوردستان تا ئێستاش بە تەواوی سەربەستی دا هێنان و بیر و ڕا دەربڕینیان لێ زەوت کراوە . ڕژێمی پیاکوژانی بەغدا بەوەشەوە نەوەستاوە لە ساڵی ۱۹۸۰ دا بە بڕیارێکـــی بێ شەرمانە دوا دەسکەوتی نووسەران (یەکێتی نووسەرانی کورد) ی هەڵوەشاندەوە ، ئەگەرچی ئەم بڕیارە لە ڕژێمێکی ئاوا دڕندە چاوەڕی دەکرا، بەڵام دەرچوونەکـــــــەی ویژدانی نووسەرانی هەژاند و هەستی پاکیانی زیاتر بریندار کرد . ئەوەبوو لە کوتایـــی

هەمان سالدا دەستەیەک ئەدیبی پیشەمرگە بە پیوستیان زانی بەوئکاری ئەم بریـــــارە ببینەوە و بۆ دوژمنانی ئەلی دەرخەن کە یەکێتی نووسەرانی کورد وا بەئاسانی زیندە بـە چاڵ ناکرێ. بەم جورە دوای چەند چاوپێکەوتن و دانیشتنێ روژی (١٢/٣/١٩٨٠) بانگەوازێکیان بۆ نووسەرانی کورد بڵاوکردەوە و تیایدا رایان گەیاند کە لیژنەی ئامادە کردنی یەکێتی نووسەرانی کوردستان) پێکهات بەو نیازەی وەک لە بانگەوازەکەدا هاتووە ((کروتیمێکی نوێ بە بەرئەو پەیامە پیرۆزەدا بکەین کە لە دەمێکەوە روشنبیرە پێشکەوتـنخوازی خوازەکانی کوردستان گرتوپانەتە ئەستۆ بەو ئامانجەی ئەدەب و هونەری پێشکەوتنخوازی نەتەوەکەمان لە شێوانـدی بیارێزن. سیماوخاسیەتە رەسەنە نەتەوایەتیەکانی ئەبە دریژایی مێژووی لە گەڵ خۆیدا هەڵیگرتووە، وونتر بکەینەوە ـ بەو ئامانجەکە شان بە شانی تەواوی رۆشنبیرە دڵسۆزەکانی گەلەکەمان، پێش لە لێشاوی ئەو ئەدەب و هونەرە هیچ و پـووچ و نزمە دەوڵەمەندبکەین کە پاکانە بۆ رەگەزپەرستی وکوشتن و زەبر و زەنگ دەکا ...)) سەرجەمی ئامادەکردنی یەکێتی نووسەران کە پشتگیری کردنی بڕوتنەوەی شۆڕشگێڕی گەلەکەمانە .

دوای ئەوە کە لیژنەی ئامادەکردنی لە چەند نووسەرێکی پێشمەرگە پێکهات کە لـــە چەند لایەنێکی سیاسی دابوون، لەخۆئەگەر ئەدیبی دیکەش هەبوونایە کە لە ناو لایەنـــە سیاسی یەکانی دیکەی نزیک بە رژیمی بەعسی فاشی سەدام ئەوا نەدەبوایـە ئەمانە پـــاش نووسەرەکانی لیژنەی ئامادەکردنی سیەکێتی نووسەرانی کوردستان لـــە لیژنەکە چەنـــد لێبووسینێ کرد و لە مارتی ١٩٨١ دا یەکەمین ژمارەی خۆی لە شێوەی گۆڤارێک بـــە ناوی (پێڕۆ) خستە ڕوو کە تەنیا ئاگە ژمارەیەکی لێ بڵاوکرایەوە وەک ئەوەی ئەوە ناوەڕۆکـــەی کرایە ڕ نووسەری کوردستان) .

ئەم کێشەیە پێشەکی یەم نەبوو بۆ ئەو بانگەوازە تا ئەو ڕاستی یە ڕوشنتر بێ کە لیژنـــەی ئامادەکردنی یەکێتی نووسەرانی کوردستان بە بێ ئاگادارێم وەک ئەندامێکی ئـــە لیژنەیە، ئەو هەڵەی نەدا وە بە خۆی کە یەکێتی نووسەرانی هەموو کوردستان بێ. دیارە ئەم ڕاستی یەش دەبێ لە پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیدا وەک یەکێتی یەک کە لە پێچینـــە دا تایبەتی بە بە نووسەرانی کوردستانی عێراقەوە، ڕەنگ بدانەوە . ئەوە بوو لە بەندەکانی سێ و چوار و هەندێ بڕگەی پڕۆژەی پەیڕەوی ناوخۆ کە مامۆستا "حسامی" لـــە ڕووی

ـ لسۆزی یەوە دەواى لابردنیان دەکا نووسران . دیارە نووسینی ئەم ئامانجانە ئەوە ناگەیەنێ کە یەکێتی نووسەران ئامانجە ئەدەبی یە نەتەوەییە فراوانەکانی خۆی فەرامۆش دەکا، هەروا رێگای ئەوەمان لێ تاکرێ کە (بایەخ بە ئەدەبی پێشکەوتنخوازی کوردی و گەشەپێدانی زمان و کەلەپور وهێزووی نەتەوەکەمان بدەین) . چونکە تا ئێستا نەتەوەی کورد هەر یەک زمان و ئەدەب و فەرهەنگ و کەلەپوری هەیە، یان وەک ماموستا "حسامی" نووسیویە ((رزیمە پڕی گەلی یەکان و دوژمنانی نەتەوەی کورد ناتوانن و نەیانتوانیوە پێوەندی فەرهەنگی و فۆلکلۆری و زمان و ئەدەبی نەتەوەی کورد بپچڕێنن))

★ پێڕەوینانی یەکێتی یەک بۆ نووسەرانی هەموو کوردستان

لەسەرەتاوە گوتم پێڕەوینانی یەکێتی یەک بۆ نووسەرانی هەموو کوردستان ئاڕێکی نەتەوەیی رەوایە، بەڵام هەر ئاڕێکی نەتەوەیی و هەر هەستێکی نەتەوەیی چەند رەوا و پاک بن نابێ رێگەی ئەوەمان لێ بگرن کە بە چاوێکی وردبین و واقیعی بانە سەیری کەسە و زروف و دەور و بەرە بکەین کە تێیدا دەژین . پێشەکی نابێ بە هیچ شێوەیەک چاوەروانی ئەوە بین کە زۆرێک لە رژێمە دژی گەلی یەکان و دوژمنانی نەتەوەی کورد (هەر وەک ماموستا حسامیش دەڵێ حستوە) رێگای پێڕەوینانی ئەم جۆرە یەکێتی یە بدەن . لە سەرێکی دیکەشەوە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد هەرچەندە لەگەڵ سەلاحەدین و ئێکران کوردستاندا بزووتنەوەیەکی دیاری بە خۆیەوە دیوە، بەڵام تا ئێستا بە دەستەتەنگ و جەڵدە تایبەتی یەکانی خۆیەوە دەناڵێنێ کە لە بنج بنەوە تا تەنگ و جەڵدەی بورژوازی کوردەوە، کە بە تاقیکردنەوە سەلمێندراوە ناتوانێ سەرکردایەتی خەباتی نەتەوەیی بکا و بەرەو سەرکەوتنی بەرێ . ئەم بار و زوروفە دژوارەی نەتەوەی کورد ئێی کەوتووە، ئۆمێدێنێ گیر و گرفتیان لەبەردەم پێڕەوینانی ئەم یەکێتی یەدا دروست کردووە و رەنگە لەمڕۆدا کە نەتەوەی کورد لە هیچ پارچەیەکی کوردستاندا تەنانەت بە ئۆتۆنۆمی یەکی راستەقینەش نەگەیشتووە، هەروا بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد پێش تەنانەت لە تاکە بەشێکی کوردستاندا وەک پێویست گۆڕ و تەبا و یەکگرتوو نییە، کارێکی هێندە ئاسان نەبێ . بە تایبەتی کە سەرباری هەموو ئەمانەیش تا ئێستا لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا نە یەکێتی یەکی ئەدەبی و نە رێکخراوێکی فەرهەنگی و هونەری دانەمەزراوە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا نووسەرە پێشکەوتنخوازەکانی کورد دەتوانن بە گشتی لە

سەرگەلێت مەسەلەی ئەدەبی و فەرهەنگی گرینگ و پێویست ڕێك بكەوێ ئەگەر مەسەلەكەش دامەزراندنی یەكێتی نووسەرانی ئەوتو بێ كە لە هەموو كوردستاندا دەوریكی كاریگەر بگێڕێ، ئەوا دەستەیەك لە نووسەرانی بەشی كوردستان (كە لەناو یەكێتی نووسەرانی كوردستاندا كۆبونەتەوە و ژمارەیان لە ژمارەی پەنجەكانی هەردو دەست كەمترە) ئەو هەقە بە خۆیان نادەن و ناشتوانن سەركەوتوانە ئەو ئەركە گرینگە مێژوییە بە ئەنجام بگەیەنن .

بەڵام من وەك ڕێگا خۆشكەرێك بۆ ئەم كارە دەتوانرێ بیر لەوە بكرێتەوە لەبەشێكی دیكەی كوردستان، بە تایبەتی لە كوردستانی ئێراندا یەكێتی نووسەران دابمەزرێ بۆ ئەوەی بە دووڤۆڵی لەگەڵ یەكێتی نووسەرانی كوردستانی عێراقدا ڕێ و شوێن و پلانی هاوبەش دابنرێ بۆ چۆنیەتی دارشتنی بناغەی پەیوەندی یەكێتی نووسەرانی هەموكوردستان چونكە لە هەمو حاڵەتێكدا و تەنانەت لە حاڵەتی دروستبوونی ئەم یەكێتی یەشدا جارێ تا ئەو ڕۆژەی بتەوەن كورد خۆی بداتەوە، بووی یەكێتی نووسەران لە هەر بەشێكی كوردستاندا شتێكی پێویستە و ئگەر یارمەتدەرێكی باشی یەكێتی یەفراوانەكەی نووسەران دەبێ . لەم ڕووەوە دەتوانرێ تا ڕادەیەك سوود لەوە تاقی كردەوەك یەكێتی نووسەرانی عەرەب وەربگیری كە بێجگە لەم یەكێتی یە لە هەر ولاتێكی عەرەبیشدا یەكێتی نووسەران هەیە .

تا ئەو ڕۆژەش دڵنیام دەستەی نووسەرانی (نووسەری كوردستان) سەرەڕای كردەوەی جیا (نووسەری كوردستان) بە گوفاری هەموو نووسەرێكی پاك و دڵسۆز دادەنێ لە هەر بەشێكی كوردستان بێ یان وەك مامۆستا حسامی پێ ڕەوا دیوە لە شێوەی ئۆرگانێكی ئەدەبی دەبێ بۆ هەموو كوردستان، هەنگاو هەڵدێنێ بۆ نزیك كردنەوە و یەكگرتنی زمان و ئەدەبی كوردی و یەكتر ناسینی نووسەر و شاعیر و ئەدیبانی كورد) .

شاملۆ و شیعری نوێی فارسی

سیامەند هامیار

شاملۆ نمونەیەکی هەلکەوتوی شیعری نوێی فارسی یە . هاواری مرۆڤێکی یانسی ئەمڕۆی تێشت و رونا کیبە . بریتی یە لە شیعری بەهێز و هەڵبەست و هەڵۆیست و هاندان و بەرگری و کیزان و . . . کە زیاتر هەڵۆیستی لێ چاوەڕوان دەکرێ تا هەڵۆیست فرۆشتن !

شاملۆ و شیعری نوێی فارسی دوو دیاردەی لێک نەترازاون . شاملۆ لە رێ خۆشکەرانی شیعری نوێی فارسی و لە دوای نیمایووشیج (۱) زۆرترین کاری گرنگی تەسەر شیعر و شاعیرانی هاوچەرخی خۆی . لە سەرەمی لادان و هەزاری و خەفەقانی شیعر و وێژە لە ئێران ، ئەو کاتەی کە زیاترین شاعیران تەنیا باسی " لەشی رووت و رابوا- ردنی رووتتریان دەکرد " و دڵیان بەواقیعە رووکارەکانی ژیان خۆش بوو ، شاملۆ ژیانی ئەمڕۆی بە پێچ و پەناو ژێرو بە مەکانیسمەوە کێشایە دنیای شیعر و لە واقیعە قوڵەکانی کۆمەڵایەتی دوا .

شیعرەکانی جرانی ژیانیان لەگەڵ رەنج و پەژارە و هیوا و ئارادا کەڕ و ڕەوان نیا ئەدرەوشێتەوە . شیعری شاملۆ موسیقای ژیان بە خەبات و پەژارە و دڵە تەپ و هەوراز و نشێوەکانیەوە ئەنوێنێتەوە .

شیعری شاملۆ چیرۆکی تۆفانە و مەترسی شەپۆل کە شاعیری پێویستیەکی ژیانسی کۆمەڵایەتیە نە بو کاڵتە و وەشەری . . . . . جەریەڕەییە ئەک هەنگاوانی ئاسودە و بێ ترس و چیرۆک وئە بەشەو دەریسارەی بەیانێکی ڕوناک و شیکاری ئاناری جەرخێکی نوێ و مرۆڤی نوێ یە ، ئەو شیعرەیە کە ناوەرۆکەکەی ژیانەو کۆسپ و هەوراز هکانی .

لەو شێوێنەی کە هیرابراوی هەیە ، ئەوینی پڕشۆڕبی هەیە . ئەو شێوەی کە پەیامی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەوینە ئاسە و ئامانجەیە کە " کیاندارێ کوول نشین کەڵکی لێ وەرنەگرێ تا ببێ بە مرۆڤ " و مزگێنی تۆفانێکی هەڵچوی لەکف و کوڵ کەوتووە کە

وەک گرکانێکی بڵێسە سەندووە دڵی تاریکی ئەدرێ " شاملۆ ئەو شاعیرەیە کە وا بە شۆر و ئەوینەوە لە دەشتە خوێ واویەکانەدا فوارەی کۆڵەکە زێڕینەی شیعر دائەچینێ

ژینی شاملۆ ژینی کەرێزی نەبووە لەگەڵ گۆرانکاریەکانی تایبەتی ژیان و ژیانکەی گۆڕاوە و گەشەی کردووە . شاملۆ هەمەچەشنە شیعری هەیە لە قورسترین کێشو بەحری عەروزی یەوە تا شیعری بڕگەیی شێوە گۆران تا گۆرانی فولکلوری . . و تا ئەو شێوانەی کە هەرچەشنە ڕێسای بڕیاردراوی شیعری وکێشو سەروا ناگرێتەوە . شیعری شاملۆ هەڵقوڵاوی واقیعی ژیان و ئەوینی کۆمەڵایەتیە" موتەرفە " و ژیندو و لە هەستیاری فۆڵەوە سەرچاوە دەگرێ و ڕەنگدانەوەی گرفت و کێشەی ژیانە شەرقە ... بەیانیکی بە هێزی شیعرییەوە .

زۆرترینی شیعرەکانی هەڵسەوەی ژیان و کەف و کوڵ و دڵە ڕەزق و خەباتە . شاملۆ پەروەردەی ڕۆژگاری خۆی و نوێنەری ئەو جەماوەرەیە کە لەگەڵیان ژیاوە .

شاملۆ لە ساڵی ١٩٢٥ لە تاران هاتە دنیاوە لە باوکێکی سەرباز و دایکێکی هەژار کە لە نەبونی باوکا سەرپەرشتی خێزانەکەی ئەکرد . منالی و لاوێتی خۆی لە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئێران دا ژیا و بو بە ناسیاوی دەشتی گەرم و خۆڕی داخ و جەماوەری گوێج و گوڵی ئەو مەڵبەندە .

لە خوێندن سەرکەوتو نەبو . ئامادەیی تەواو نەکرد ، پێ ی نایە فیرگەی کۆمەڵ بەو کار هەموو شوێنێکی کرد . پیشەی سەرەکی خوێندنەوە و نوسین بو . لە دوای شاریوەری ١٣٢٠ (ئەیلولی ١٩٤١) و هێرشی (حولەفا) متفقین " بۆ ئێران . شاملۆ وەک زۆربەی لاوانی یەک دوو ساڵی دوای شاریوەری ٢٠ ناسیۆنالیستێکی توند و تیژ و ڕوو لە ئالمانی نازی بوو . دەستی دایە خەبات و کەوتە ڕیزەکانی ساڵیکی تیا مایەوە" لە دوای ڕزگاری چووە بەرەی شیعری پێشڕەو (٢) وە ئەمجار هەشت ساڵێک گیرا . لە ساڵی ١٩٥٣ بە دواوە کاری شیعر شاعیری بە شێلگیری گرتە بەر . ڕۆژنامەگەری یارمەتی دەری ژیانی بوو . بەر و دوا سەر نوسەری ڕۆژنامەی " پولاد " و گۆڤاری باشماد . اطلاعات ماهانه، کیهان هفته، خوشه " ی بەدەستەوە بوو . لە چەسپاندن و جێگیرکردنی شیعری نوێی فارسی دا تێکۆشانێکی لە بەرچاوە .

سێ ژنی هێناوە کە چەند دیوانی شیعری خۆی پێشکەشی بە ژنی سێیەمی

کرد ووه کهچی زیانی ژن و میرد ایه تی یه
کاره‌ساتی ژیر ئه‌زانێ و پێی وایه که نزیکی
روح و له‌ش بۆ دوو مرۆڤ ده‌ست نادا . وه
باسی ئه‌وه ئه‌کا ئه‌و هاوسه‌ره‌ی به له‌ش پێکه‌وه
ئه‌ژین به گیان له‌یه‌ک دوورن ....

شاملۆ بێجگه له شیعر له فولکلور و
وه‌رگێرانی ئه‌ده‌بی رۆژئاوادا هه‌وڵێکی زۆری
داوه . کاره گرنگه‌کانی ئه‌مانه‌ن :

شیعر

ئاواته له‌بیرۆاوه‌کان	١٩٤٧
٢٣	١٩٥١
بۆیار نامه	١٩٥١
ئاس و هه‌سته‌کان	١٩٥٣
هه‌وای ئاره	١٩٥٧
باخی ئاوینه	١٩٦٠
ـ ئایدا ـ له ئاوینه‌دا	١٩٦٤
ئایدا دره‌خت و خه‌نجه‌ر و سیره‌وه‌ری	١٩٦٥
هه‌قتا‌ر له‌بەر باران‌دا	١٩٦٦
لاوانده‌وه‌ی حاك	١٩٦٩
پشکوتن له تەم‌دا	١٩٧٠

چیـــروك

له ژێر حێوه‌تی گرگرتوو ده‌ودا

شانۆگەری

سوور و ئاوی

رۆمـــان وه‌رگێراو

قه‌شه لیۆن مورێی بناتریس به‌ك
ژه‌نگار (هێڵیر بر لۆ پوورد یه)
بێ پەتیه‌کان (زاهار ئیستانکو)
به‌رزه‌خ (نیوان) (ژان‌رو وازی)

کورته چیرۆك وه‌رگێراو

جێگری یه‌کەم ـ چیرۆکه‌کانی بابه‌ (ئیرسکین کالدۆل)
چیرۆکی ٧٢ نه‌نه‌وه ٢٠ به‌رگ له‌ئه‌ل ژنسی یه‌که‌می ـ . تووس حائری زه‌ری گێڕاوه .

شانۆگەری وه‌رگێراو

مشه‌خۆره‌کان (گیورگی جی که‌ی)
ره‌ماوه‌ی حوێر (لۆرکا)

ده‌فی کوێی فاوسی

حافزی شیرازی
ئه‌فسانه‌ی جه‌وت ئۆمه‌ر (نیزامی گه‌نجه‌وی)
سیرانا (ئه‌ورسه‌عید ـ هه‌یام ـ بابا نایور)

هه‌روه‌ها شیعری زۆری له لورکا، پـــول ئیلوار، مایاکۆفسکی و که‌سانی تـــــر وه‌رگێڕاوه بۆ گۆڤارەکان .

شاملۆ له‌و شاعیرانه‌یه که زیاترین هه‌وڵیان داوه و له‌سه‌ر شیعریان نووسیوه . بۆیه رای ده‌رباره‌ی شیعر ئه‌هێنین پاشان له شیعره‌کانی ئه‌دوێین . له " نیما " وه که یه‌کەم جار شیعری نوێی هێنایه کـــایه پێشتریش که‌سانی وه‌ك " خامه‌نه‌یی و ته‌قی ره‌ه‌مه‌ت و عیشقی " (٣) له‌پاسه که ، و

هه‌والنامه‌ی کتێب

ئورت دوا بوون ــ و بە تێگەیشتنێکی نوێوە لە سەرشیوە ئەڵێ : ((شیعری شاعیری ئەمرۆ دەبێ بریتی بێ لە واقیعی دەرەکی .... تابن ئیتر لە شیعردا شوێنی چینە ژێردەستەکان خاڵی بێ لاوی ئەمرۆ دەزانێ شیعرەکەی بۆ کام چەشنە ئەڵێ ...)) یا : ((دەبێ دروست وحیسابی شۆڕەی سەر دەمی خۆت بێ ...)) ــ ئیما ــ بۆ سەر دەمی خۆر بوو بە ئافاری داهاتوداریگەی دەکرد . کەسانی ئەو وەک تەوللولی[4] لەسەر شیعریان نوسیوە پاشان شاملۆ ،ئەحمەدان[5] فروغی فەرووخ زاد[6] بۆ رونکردنەوەی مەسەلەی شیعری ئەمرۆ هەوڵیان داوە .

شاملۆ وبستویەتی بە پێرەوی هێنانەوەی نوسەری ئوروپی وەک سارتروبەتایبەتی سوریالییەکان حسابی "شیعر" لە " وێژە جیا بکاتەوە لەسەر شاعیری سانی "ئەدونی"

((شیعر بۆمن زیانێکی فەوری و ساتی بووە ... رەنگە زۆربەی ئەو شیعرانەی کە بەناوکێش و سەروایان نییە ... لە حسە و هەستام ، نووسیم و خوێندمەوە و بەیانی وەک کەسێکی تر سەیر ، کە رەنگە یەک دو وشەم لێ گۆڕیبێ " ... بۆ وێنە : شیعرە شەوانە ، لە قوناغ دەریا دانیشتوبین . فومارمان ئەکرد . شتێکە لەگەڵ شیعر هەر پەیوەندی نییە . هەستام خوم ئەم شیعرەم نووسی و هاتم و دانیشتمەوە ...))

ئەم رایانەیە وەک ئەو قسانەیە کە پێشتر سوریالی و ئیمازیستەکان وتوویانە وەک ئاندرەی بروتون و ئارتۆر رمبۆ . وەک نوسینی ئوتۆماتیک و دەربازبون لە بەندی لۆجیک و یەکێتی خۆی دنیای دەروون و جیهانی مادی " یا :((شاعیر کاتی بینا ئەبی کە هەستی خۆی بە شێوەیەکی بێ سنوور بنێوێنێ[7])) . دەبێ تامی هەموو جەشنە ئەوین و رەنج و شێتی یەک بچێژێ ... دروست کاتی لە هەست و ئاهیدی شاعیرانەی خۆی نێ ئەگا کە عەقڵ ، و ئاوزی وەرگرتنی ئە و شتانەی شێتانە لە دەست دابێ .

ئیمازستەکانیش پێیان وایە کە دەبێ لە هەوڵدانی روتکار و پێبەندی بنیاتی شیعرەکە خوی بپارێزێ .

بەڵام لە هونەردا مەسەلەی گرنگ ئەوەیە هونەرمەند چ بابەتێک دەردەبڕێ وئەو هونەرەی چ چینێکە ؟ ئایا یالیستەکان هەر لە ئیفرانوەوە لە وتی :((هونەرمەند پێبەند و دیلی وتاری خودایانە)) وبستویانە دووری یەت لە نیران تواناں داهێنەرانە و هونیاری دا بسەلمێنن . هونەرمەند پەیوەندی بە هیچ نەییارێکی فیکریەوە نییە و لە رودا وە کۆمەڵایەتیەکان سەربەخۆیە "کرۆچە" ئەڵێ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە هونەرمەند

چییه ؟((راسته‌وخۆ به ساده‌ترین شێوه ده‌ڵێم که هونەر بریتی یه له روانیا Vision یا زەین رووناکی Intuition (٨) .)) .

بەڵام ئاید یالیستەکان جوانی هاندەر یکی پێویستە بەدەر لە هەڕێمی وشیاری مرۆڤ کە پێڕەوانی فرۆیدیش لەم بابەتەیان وتووە . وەك ((جیهانی نا هوشیاری بە سەرچاوەی کاری هونەری زانین و ناهوشیاری لە کاری هونەرمەند دا گرنگە و تایبەتیەتی بناغەیی دا هێنەرانەی هونەرمەندە کە لە جەماوەربەرزتری ئەناتەوە وە چالاکی هونەر مەند لە رووداوەکانی کۆمەڵ و یاساگشتیەکانی بەدەرە .))

شاملۆ لە راکانی خۆیدا توشی ئەم روانکە لادەرانەیە وە بە شێوەی " ئالن " هونەر ناسی فەرانسی ئەڵی :

((شیعرج " وێبوارانی سەرشەقام " هاندەری بن و چ هان نەدان هانی دابێ لە هەموو کاتدا ئەیەوێ خۆی بدۆزیتەوە . . سەما ـ ئەگەر چی خۆی لە خۆیدا نوێنەرەوەی بیرێکە لە هەنگاوی یەکەمدا مەگەر دەربڕینی خۆی ـ وە دەرخستنی خۆی ـ ئەو دیاردەیەی کە بوون و ژیانی سەمای پێوە بەستراوە ـ ناتوانێ مەبەستی تری هەبێ شیعریش هەر وایە وە لەم جۆرەیە موسیقا . وە ئەم حوکمە بو وێنەگەری و پەیکەرتاشی و تەوا وی ئەو شتانەی بە گشتی بە هونەرەوە جوانەکان ئەناسرێن . . .))

یا ئەڵێ : ((کێش و سەروا ئەبنە هۆی لادان لە ڕەوتی سروشتی شیعردا و زەینی شاعیر لە دۆزینەوە وزەین رووناکی را دەگرێ .))

یا بەم شێوەیەی سارتر شیعری بەبێ خەوش و تازە ئەناسێ کە لە وێژە دوور و لە لوجیکی موسیقی و سەما نزیك بوەتەوە .

لە شیعردا لوجیك و مەعنا نییە بەو جۆرەی کە لە وێژە چاوەڕوان دەکرێ . وەك پول ئیلوار :

((بریتێکی قوواڵی لێدە
قوڵتر لە گۆشەگیری .))

وە قووڵایی گۆشەگیریش نا پێورێ .

کەچی لە راستیدا هونەر بەرهەمی تێکۆشانی وشیارانەی مرۆڤە و بەدیهێنانی هونەری گیانیەتی . ڕەنگە شاملۆ دەربارەی ئەو ساتەی کە کاری هونەری لە دایك ئەبێ . چەن راستیەکی وتبێ بەڵام لەسەر شێوازو کاری شاعیرانی تر نا . دیسان شاملۆ ئەڵێ : ((بەڕای من ئەبێ مێژووی ئەدەب و هونەری زمانی فارسی " دۆزینەوەی " شیعر بە منەتباری ئەم نەوەیە بزانێ . چونکە تا ئەمڕۆ ئەوەر کە بەناوی شیعرەوە پێشکەش کراوە ـ چەند شاعیرێك نەبێ ـ جگە لە پەخشانی هەڵبەستراو" نەبوە . . حافزو

هەلای رۆمی و یەك دوانی تر بخەینەلاوە . گەرچی ئەمانیش ئەگەر ئاستۆی كراوەتریان لە پێش دەمدا بوایە و تەنیا بە "غزل" لە كۆن شیعرا ئاشنا نەدەبون خوا دەیزانی ئەسپی ئەندیشەیان تا كوێ ئەبرد .))

شاملۆ چەشەی خۆی و پێوەری سوریالیەكان ئەكا بە بناغەی كاری شاعیری و سەدان شاعیری بەرزی ئێرانی بە قەولی ــ عبد العلی دستغیب[1] ــ كە زۆریان لە شاعیرانی ئەروپایی گەلێ دەزنتریشن وەك ئیلیوت ئەبێ بەئەنگازی دەرگانەیان بكەن و نابینێ .

لە حافز و مەولەوی بگەڕێتەوە شاملۆ زۆربەی شاعیرانی ئێران بە شاعیر نازانێ وێنە بە سەعدی ئەڵێ : پەخشانە ریكخراوەكانی هێندێ جوانن كە حاجیار لە ناسكی دا وەك شیعر ئەچن .

زۆربەی شیعرەكانی شاملۆ تاقیكردنەوەیەكی نوێیە . لەو شیعرانەیە كە لە زمانی فارسیدا ــ نا شاعیرەكانی لێ بەدەر ــ شاملۆ و فروغی فەرووخزاد تیایدا سەركەوتوو بوون .

ئەو شێوە بە وتەی شاملۆ ((شیعری سپی (Vers Libre)) یە .

شاملۆ ئەڵێ : ((شیعری سپی نیازی بە كێش و سەروا دارازاندنەوە و خەملاندنی هەستیاری نییە بەڵام ئێ بێ بەشە ــ ڕەنگە بتوانێ لێی بێ یەش نەبی بەڵام وای دەرد ەخا كە نیازی پێی نییە . ئەڵێی ئەشكەنجە كراوێكی چەماوەیە كە بە ئەنقەست ئەیەوی ڕووت بێ تا بینەران داغەكانی ئەشكەنجە بە لەشیەوە ببینن و لە كووڕی یەكەی بگەن . . . شیعری شپی سەمایەكە هەست ئەكا پێویستی بە موسیقا نییە ئەگەرچی زۆر نین ئەو كەسانەی كە تەماشای سەمای بێ موسیقایان پێ خۆش بێ . یا شەرابێكە لە بادەدا جێی نابێتەوە تا ڕووتترینوێنی و قەواو وەرناگرێ تا ڕۆحی ڕوتكاری خۆی لەبێ پەیكەریدا چاكتر پیشان بدا ئەگەرچی زۆرن ئەوانەی كە شەراب لە بادەی مینایی دا پەسەند ئەكەن و زۆرن ئەوانەی كە شەراب هەتنان بۆ بەزم ئەكەن بە بیانوو تا بانەی ئالتونی ــ كە لە دەرەسەی رازاندنەوە زیاتر نییە ــ بدا بە ڕووی میوانەكاندا . . . . لە راستیدا شیعری سپی شیعریكە نایەوێ ببێ بە شپەر . شیعریكە بۆ "بوون" و بۆ ئەوەی لە ناخەوە بێتە گایەی بوونی قاڵبە بێ ڕەنگەكەی خۆی ــ كەسە زەینی و ڕووتەكەی خۆی ــ دەخوازی لەگەڵ هەرشتێكی زیادی هەر سەروایەكی بێگانە بێ تاقەتی دەرئەبڕێ لە هەر چەشنە دەسكاری ــ هەرچەند كە كەمیش بێ ــ ئەتۆڕێ . . . هیچ هەوڵێك بۆ

ئه‌وه‌ی شیعری سپی ببێ به وێنه‌یه‌کی جیا
له‌وه‌ی که له میشکی شاعیر دا پێک هاتوه
ئاکامی نابێ به‌و جۆره‌ی که ئه‌و بیرانه‌ی
نووسینه‌وه‌یان ئه‌توانێ جۆرێک شیعر دروست
بکا قه‌ت شیعرێکی سپی سه‌رکه‌وتوی لێ
دەرناچێ . هه‌ندێ جار وێنه‌گه‌رییه به‌لا.
به وێنه‌کێشان دەرنابردرێ . هه‌ندێ جار
سه‌مایه بێ ئه‌وه‌ی بتوانێ هێچ بزوتنێکی پێ
بده‌ی . هه‌ندێ جار شیعره وکێش و
سه‌روایشی ده‌وێ . هه‌وڵ ئه‌دا که شه‌قڵێک
وه‌گرێ . هه‌ندێ جاریش فه‌لسه‌فه و وێنه
گه‌ری‌یه . . .))

((. . . فکرێکه به وشه‌کانی خۆی بڵێ
به‌یان و وێنه‌ی خۆی له‌م دەرکه‌وته‌دا خۆی
دەرخستوه . ئه‌مه راسته‌قینه‌ی حاڵه و ئه‌گه‌ر
ئه‌و که‌سانه‌ی پایه دارزاوه مۆریانه خواردوه.
که‌ی تاقه‌که ره‌نگ ئه‌که‌ن و گه‌چی دارزاوی
دیواره‌که‌ی باسمه ئه‌که‌ن یه‌کێک ئه‌ڵێت ئه‌م
بێ کێشی یه نیشانه‌ی مایه پووچی یه . بڵێ
ئه‌رێ وایه ! ئه‌ڵێ ی ئه‌مانه به نوێنه‌رایه‌تی
که‌س قه‌رزی کێش و سه‌روایان به‌لای ئێمه‌وه
هه‌یه یا ئه‌وه‌ی ئێمه به‌رپرسین کۆی‌بده‌ینه
یاری بێکاره‌کان و سه‌رواسازی و کرنکی‌ی
به روخسار به‌ندی‌ی تا ئه‌وانه‌ی که ده‌مامکی
جوان له‌سه‌ر "هیچ" ره‌سم ئه‌که‌ن و پوچی
و فره‌وێژی خۆیان، کاره‌کانی خۆیان له ڕێی
ێ مایه پیشان دانی ئێمه‌وه ـ که روالـه‌ت
ارازێنینه‌وه و راسته‌قینه به رووتکاری ئه‌حه‌ینه
وو ـ په‌رده پۆشی بکه‌ن . . .))

شاملۆ له شیعره‌کانی خۆیدا به‌تایبه‌ت
ـ به‌شی دوایی " هه‌وای تازه" له" ئایدا
ـ ئاوینه" دا ئیشاره‌ی به شیوه‌ی کاری خۆی
ده‌یه و له " ئایدا له ئاوێنه" دا ئه‌نووسی :

((به‌ڵی تۆره‌بی خۆینه‌ر ته‌نیا له‌ و
ووه‌وه‌یه که ئێمه راسته‌قینه و جوانی به‌پێوه‌ری
هو هه‌ڵناسه‌نگێنیں و به جۆره ئه‌و ته‌سـ
ـیره له خوێند نه‌وه‌ی هه‌ر شیعریکی سه‌خت
ـه‌سبه‌تاڵ ئه‌گه‌ڕێته‌وه))

وه دیسانه‌وه به گاڵته و ته‌وسه‌وه ئه‌ڵێ :

((ئه‌گه‌رچی له‌م شیعرانه‌دا نیشانه‌ی
سه‌روای له‌عنه‌تی دیار نییه ، له‌و جۆره
سه‌روایانه له بواری هه‌ر به‌یتێکدا وا ده‌زانی
حاکمێکی گیں زه‌نگه‌وانێکی له‌سه‌ر پێچی هه‌ر
کۆڵا نێکا دانا وه . ئه‌وه‌نده‌ی ڕێیوارێکی پێ
به پێ‌ی بیره پەرپوته‌کانی سه‌رکه‌وتن بـه
وه‌نه‌وزدان تێپه‌رده‌بێ به پێک ئه‌دا لـه
زه‌نگوڵه‌که و وه‌نه‌وزه‌که‌ی وه‌ک جاوی کـور ک
دراو هه‌ڵئه‌دەرێ تا له بیری نه‌کا که حاکمی
شار کێیه) ـ به‌ڵێ تۆره‌بی خوێنه‌ری ئـه و
شیعرانه له نه‌بونی زه‌نگوڵه‌وانێکی نیره‌که‌ر
مل له‌و چه‌شنه نییه و له‌و رووه‌شه‌وه نییه که
زه‌نگوڵه‌که بۆچی له ملی ئه‌م هیستره قرقـره

دا نییە تا لە گویدرێژی پەخشانی بناسێتەوە ...))

دیسانەوە لە باری لایەنگرانی شیعری عرووزیەوە دەڵێ :

((بنیادەمۆکەی شێرە فرۆشی
من بۆ دەرگاوانی ئەسپێونی گومەزی
مەرقەدی کلاسی سیزم
مەڕی شەش‌خشتەکم نەزر نەکردوە !))

هەروەها :

((بەرزتر لە هەمو دەستەسڕی دیوانە شیعرەکانی ئێوە ـ کە بۆ لچانی نەخۆشی عیشقە چەپەڵەکانم فڕێداوە ـ بەرزتر لە هەمو پەیژە درێژەکانی شیعری لە قاڵب دراو ـ کە لە ژێر پێڵاقەی رابردووی من واسوا بوون ـ بەرزتر لە فرەقزی نەواوی ماموستایانی جاویلکە لە چاو ـ پێیەندانی بەردینە خانەی چامە و چوارینە پێیەندی ئەنجومەنی مفاعلن فعلاتن فەرمانبەری جندەحانەی ئەو گۆڤارانەی کە من تفم‌داوە بە سەر دەرگا کانیاندا ـ هاواری ئەو منداڵە بیژوانەی شیعر لە خاچتان هەڵئەواسی .

((شیعری سپی)) شاملۆ درێژەی کێشەی ((برگەیی)) "نیما" پیش‌نییە بەڵکو خۆی بۆ ماوەیەکی درێژ و بە تاقیکردنەوەی زۆر بیچمێکی تایبەتی پەیدا کردووە و شێوەکی تازەیە لە شیعری فارسیدا .

شیعری شاملۆ زیاتر لە حاڵ و هەوای خەباتی کۆمەڵایەتیدا تێدەپەڕێ وە یاخی بوونی گەورەی چەرخی خۆی ئەنووسێتەوە . بەڵام لە دوورەوە نا بەڵکو زۆرجاران خۆی لە مەیداندا دەگیرێ . دەڵێ :((باشترین رۆژانی ژیانم لە هیچ و پووچ یا لە سوچی زیندانا بووم یا لە بەردەم "دارگایەک" دا بە دەستێکیەوە شمشیرێک و بە دەستێکی ترەوە تەرازوویەکی پێیە ..))

لە یەکەمین هەنگاوی شاملۆ بەرەو شیعری کۆمەڵایەتی لە لایەکەوە "نیمایووشیج" و لە لایەکی ترەوە مایاکۆفسکی کاریان تێکردوە. لە شیعری وەسفی چوارینەلە ژێر کارتێکردنی نیما دایە . شیعری "بەهاری خامۆش" لە ١٩٤٩ دەڵێ :

نە دووکەڵ بوو لە دووکەڵ کێشی دێدا
نە شوانی دەشتەکی بلوێری لێدا
نەگول پشکوت نە هەنگ باڵانی لێکدا
نە ماوی ماڵی کۆخا بانگی هەڵدا

لەم شیعرانەدا هەوێنی شیعرە کۆمەڵایەتیەکانی داهاتوی تیا ئەبینرێ . بەڵام هێشتا باسی خەم و پەژارەی خودی خۆی تێدایە :((من گۆڕی خۆم هەڵدەکەنم لەناخی خۆما)) یا ((ئەڕۆم تەنیا بە رێیەکی دوور و وێڵدا)) . یا بە شێوەی تەوەللولی :

ئێستە لەم چاڵە خەم گرتووەدا شەوبە شەو
تابووتی خاڵی لە خاك دەنێم
شەپۆلێکی شکاو لە دوورەوە دێ و
من بە ئەنگوستی ژان دەستی لێدەدەم

شاملۆ لە ساڵی ١٩٦١ ەوە لە کتێبی "٢٣" و "بریارنامە" وە واز لە چوارینە و شیعری کێشدار ئەهێنێ و دەست ئەداتە رووداوەکانی ئاکامی راستەوخۆی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی. ئەیەوێ لە شەوەزەنگەوە رێگەیەک بۆ دەرەوە پیشان بدا. ئەڵبەت کەسانی پێش شاملۆ کە هاواری سەربەستیان بەرزکردبۆوە وەک "بەهار" و "دەهخدا" و "عیشقی" و.. و روسو و بایرون و لۆرمانتۆف[10]. شاعیری ئازادین و شاملۆش.. بەڵام ئەمە وەک مایاکوفسکی و لۆرکا لە مەیدانایە.

((ئەو شیعرەی کە ژیانە)) ١٩٦٤ - هەڵوێستنامەی شیعری شاملۆ و هەموو شاعیرانی کۆمەڵایەتی ئەم سەردەمەیە. شاملۆ شیعر وەکو "دڕێل" کەڵک لێ وەردەگرێ ئەلێ سەردەمێک: ((لەگەڵ شیعرەکەما شان بەشانی "ئێن‌چوو"ی گۆریابی شەڕم کردووە و جارێکیش حەمیدی[11] شاعیرم وەک قۆرقۆرە بەداری شیعرەکانی خۆمدا هەڵواسی. ئۆڵگوی شیعری شاعیر ژیانی ئەمڕۆیە:

" ئەو شیعر ئەنووسێ
واتە
دەردەکانی شار و دیاری خۆی
هاوار ئەکا
ئەو شیعر ئەنووسێ
واتە
شانازی مرۆڤی هاوچەرخی خۆی شیکار ئەکا
واتە
سەرکەوتن نامەی سەردەمی خۆی
دەنوسێتەوە

لە "هەوای تازەدا" شیعری سەمبولیکی (رەمزی) هەیە وەک شیعری "با" کە زۆر جوان و داهێنەرانەیە. باسی "سرود خوێنەرانی با" ئەکا و دڵدارەکەی "روکسانا" کە بە جلە سپیە دڕێژەکەیەوە بە دزیەوە بووە بە میوانی و لە لای نوستوە. شاعیر بە سروودی خوێنانی با دەڵێ: ئارامترسانگ هەڵدەن ئەگینا رازەکەی دەردەکەوێ و "روکسانا" ڕیسوا دەبێ. بەڵام "با" پێش خۆی دەردەدارە و بێ دەربایەن لە خەڵوەی شاعیر و دڵدارەکەی لە دەرەوەی زیندەکە هاواری بەرزە:

سروود خوێنەرانی با
بەلام
لە دەردی خۆ پەریشانەن
ئەوان

سووتاوانی
ئاگری
خۆیانن .

ئەم کۆپلە لە شیعرە گەیبوە جوانەکانی ئەم حولەی شاملۆیە ـ تا ۱۹۵۷ ـ هونەری شاملۆ لە بەکارهێنانی فارسی یەکی شیرین و رەوانە لە شیعرەکانیدا . داخستنی شیعرەکان بە تایبەت "موتورفە" یە .

شیعری "مەرگی نازلی" و "سەعاتی نیعدام" هەر لەم بەشەدا بنیاتێکی شیعری تۆکمەیان هەیە و زیندو و کۆمەڵایەتین . لە نازلی لەکەل خۆی مشت و مڕێکی هەیە . دنیایەکی خۆش و ئەوین و زیان و بەشداربوونی بەڵام نازلی بەسەر خۆیدا زاڵ دەبێ و وەک کۆڵە گەزیرەی دەمەو بەهار مزگینی شکانی زستان و سەرمای هێنا بێ و نا بە جەرگی ماندوویدا و ڕۆیشت . نازلی ڕەمزی کیراوانی بەندیخانەی سەردەمی شا بوو . .

" . . نازلی ئەستێرە بوو
لە تەریکە دەمێلدرەوشایەوە و
بزاوت و چوو
لە تاریکیەوە هات و لە خۆێن گلا و چوو
نازلی وەنەوشە بوو
گوڵی داو مزگینی کە زستان شکاو چوو
دڵانی ڕقی لە جەرگی ماندوو چەقاندوچوو

لە "نەوای تازە" سروودی سەرکەوتنو "شیوەن" ی سکان پێکەوە هاتووە . شاعیر تاریکی کۆڵانی شەوانەی لەگەڵ ئەوینێکی خەنجەر لە دڵ چەقیو باس ئەکا . شاریکی دوژمن خوو پیشان ئەدا کە تەنیایی و ڕەمەیزی زستانی بە سەر ا ڕاڵە . ئەو شارەی کە "زستانی" ی ساردی "ئەخەوان" لە شیعری "زستان" و فروغی فەرڕوخزاد لە "ئایەتەکانی زەوی" دا بێ هیوایی و "کەسرایی" لە "ئارەزۆکەمانگیر" دا ترس و لە یەندابوونی دڵنیرەکانی پیشان داوە .
شاملۆ بەم سالانە ئەڵێ :

"سالی خراپ
سالی زریان
سالی ئەسرین"

شاعیری بەناوبانگ "ئەخەوان ساڵس" ئومید" لەبارەی ئەم شیعرەوە ئەڵێ :

"ڕ یەکەم جار کە بیستم ئەیاڵ بە هەستتر و جەخارەوی و ئیراتر لەبارەی ئەم ساڵەوە نەوتراوە . . ئەمە نمونەی فەرمانڕەوایی کرد نە بە سەر پلەی هاوبەشی هەستی ئەو کەسانەی کە ئەوها سالێکیان بینیوە و . . . .

باقی شیعرەکە :

"زین داو نییە
ئەوین داو نییە
تەنانەت مەرگ داو نییە

چونکه یارانی گوم بوو ئازادن
ئازاد و پاك .
من ئه‌وینم له سالّی حراپا دۆزیه‌وه
که ئه‌لّیت :" نا ئومید مه‌به "
من هیوام له بۆ هیوایی دا دۆزیه‌وه
مانگه شه‌وم له شه‌ودا دۆزیه‌وه .

ئه‌م شیعره ئاحزه‌کەی به باشی تـــه‌وا و نابۆ و له‌و قالّبه گشتی یه‌ی ئه‌که‌وێته دنیایه‌کی تاکه‌کی و "ئه‌حمه‌وان " ره‌خنه‌ی لێ ئه‌گرێ و ئه‌نووسێ : // ... من له چه‌ند شیعـری سپی " هه‌وای تازه" شێوازی کار و شێوه‌ی هاوسه‌نگ سازی و کۆمپۆزیسیونه‌کانی شاملۆم هه‌ڵهێنجاوه و ئه‌مانه‌ی که رووخێنه‌ری شیعری شاملۆن و بوون به جێگری خه‌وتنه کۆنه‌کانی که "ده‌ستعیب" ئه‌ونه‌یان بۆ ئه‌دۆزینه‌وه :

ا ــ پاته‌کرد نه‌وه

له شیعری "روکساما" ئه‌نووســـێ :

// ئه‌گه‌رچی وه‌ك سروه به‌سه‌ر ته‌مه‌نی حۆمدا تێپه‌ڕیوم و له‌سه‌ر هه‌مو شتێك وه‌ستاوم تـــا تێ‌ی‌فکراوم کارم تێکرد ووه ...// دیســـان ئه‌ڵێ // لێ‌ی ئه‌گه‌ڕێم هێشتا وه‌ت سـروه‌ی سووك به‌سه‌ر پاشماوه‌ی ژیانم تێپه‌ڕم وله‌سه‌ر هه‌موو شتێك راوه‌ستم و بی سه‌م ...// ئه‌م عه‌یبه له شیعره‌کانی دوای "هه‌وای تـازه" شدا ده‌بینرێ :

* ئه‌وانه‌ی زانیان - بێ تاوان له‌م دوزه‌خی
بێ دادیه‌دا سووتاوم
به ژماره له تاوانه‌کانی تۆ که‌متر !"
"ئایدا له ئاوێنه"

* ئه‌ی ئێوه‌ی وا بو ته‌ماشا دانیشتوون
به ژماره گه‌وجیه‌کانتان له تاوانه نـــــه
کراوه‌کانی من زیاتر !
" هه‌وای تازه"

* ئه‌وین، ه‌گه‌ر ئه‌منه‌و له‌گه‌ل مێردی مه‌رگـا
ژووانی بـی
" هه‌وای تازه

* .... وه عیشق که خوشکی مه‌رگه .
" مرثیه‌ی خاك"

* من له هه‌رچی هی ئێوه‌یه - له هه‌ر چـــی
په‌یوه‌ندی به ئێوه وه هه‌بێ، نه‌فره‌ت ئه‌که‌م
" هه‌وای تازه"

* به‌وان بڵی که له‌گه‌ل تو دابم په‌ر وای
دوزه‌خی دیداریانم نییه
" باخـــی ئاوینه "

۲ ــ ناکۆکی

له زاراوه‌ی "بدیعی" دا ئه‌م هونـه‌ره "مطابقه" شی بێ ده‌ڵین واته له‌یه‌ك جـێ کۆکرد نه‌وه‌ی وشه‌ی دژ به‌یه‌ك :

خاکی به‌ری پێت هه‌م گڵه هه‌م گوڵ به سریشکم
وه‌ختی غه‌م و شادی ئه‌وه کرووه به سه‌ردا
" نالـــی "

کە لە جێی خۆیدا هونەرێکە بەڵام شاملۆ زیدە رەوی تێدا دەکا و هەندێ لە دێرەکان ئەبێ بە یاری وشەی ناکۆک :

گەرچی مرۆڤێکم لە خۆمدا کوشتووە
کەرچی ئینسانێکم لە خومدا زاوە

یا

لەناو ئەو هەموو ئینسانە خۆشم ویستوون
ئەو هەموو خودای گالتەم پێ کردوون

۳ ــ قرینە سازی

ئەم هونەر، شایەت " مراعات النظیری " رێسای " بدیعی " کۆن بێ وانە هێنانی ناوی وەک یەک بەریز :

وتم رووناکی رووت پڕ بێ بە شەو
وتی بە شەو نوور ئەدا مانگی ئاسمان

شاملۆش بە زۆری دەست ئەداتە " قرینە سازی " وەک " شەو " پڕ ئەستێرەی یەک جار لە ئاسمانی بیرەوەریما هەڵاتووە " لە ئاسۆی مانگە شەوی ئەستێرە بارانی ئەوبەر " .

٤ ــ ئاڵۆزی بێژە و مەعنا (وینەی تاریک)

هەوڵدان بۆ ئاڵۆسکانی رستە بۆ ئەوەی بە فەلسەفی بیدەنە قەڵەم لە کاتێکا هەندێ بە دوای روالەت دان و شاعیری راستەقینە ئەیەوێ بیری نوێ راوکا . هەندێ شیعری لە " هەوای تازە " دا گران و ئاڵۆزە بەڵام قووڵ نییە . وەک نیچە(۱۲) ئەڵێ :(بەدەنگی بااڵی کۆتر لە دایک ئەبن و جیهان ئەکرنەوە .)) وەک :

((ئەی رێبازی مەزنی دڕندە کە چەخماخی سەنگفەرشەکەت بە دایم وەک ساتی نێوان دوێنێ و سەیروو لە پڵی ئێستا ما لەگەڵ پزیسکەی ئەستێرە بیت دیانە گیرێ ئەکا . . !

٥ ــ لە دوای یەکهاتنی ئیزافە و ئاوەڵناو

ئەمە بۆخوی عەیب نییە بەڵام نابێ زێدەڕەوی تێدا بکرێ کە ئەبێتە روخینەری وتار .

((هەزاران قولفی پۆڵای راز لە دەرکەای بەستراوی قورسی نێوان ئێمە و مارانی جادو کراو نەفەس ئەکێشن . . .))

وە ئاباخی ئاوێنە" ئەم عەیبەی ئەبینرێ .

((ئەی پێغەمبەرانی بێ کافری بێ رنجیری بێ شمشیر))

٦ ــ " ظنینی بۆش" یا پەخشان گەری

شوین هاور ئەڵێ :((شیعر واتە هونەری وەکارخستنی ئەندێشە بە یارمەتی وشە .)) ئەڵبەت بە تەواوی پێناسی شیعر نییە . یا مایاکۆفسکی ئەڵێ :((شیعر واتە سەفەرکردن بۆ وڵاتێکی سەرانسەر نامۆ)) .

لە شوپن هاور باشترە بەڵام لە رادەی هونەرا ئەیهێڵێتەوە . شاملۆش ئەڵێ ((شیعر / ئازادی / دەربازبوون و رزگاریە)) . بەڵام

ئەو پێناسانە وەک ئەوەیە شتێکی مەزن وە وەک مەولانای رۆمی[13] ئەڵێ :« رژاندنی دەریایە لەناو گۆزەیەکدا .» بۆیە لە هەرشیعرێکی شاملۆدا چەشنی کێشی دەروونی دەبینرێ کە بووە بە جێگری کێشی کەون . بەڵام لە "هەوای تازە"داشاملۆ هێشتا ((ایجاز)) و ((اختصار)) ی بە باشی نەناسیوە وشە کانی جۆی خۆیان ناگرن و جادوو وشە کانی نەناسیوە .

کەچی شیعری" مەرگی ناسری" بنیاتێکی بە توانا، درێژە و بێچم، و گۆتابی هونەرمەندانەی هەیە .

بە ئاوازێکی یەکدەست
یەکدەست
کێشی تەختەی بارەکە
بە شوێنیدا
هێڵێکی قورس و لەرزیو
بە سەر خاکا ئەکێشی
" ئاخی دڵکی لە سەر نیی ! .

٧ ــ درێژ کردنەوەی وشە بە کەرەسەی جۆراوجۆر

زۆربەی دێرەکان درێژکراونەتەوە . سارتر ئەڵێ :« ئەگەر پەخشان نووس وشەکان زیاتر لە ئەندازە پەرداخ کات رشتەی وتار ئەپچڕێنی و کار ئەگاتە زۆر بڵێی و هەڵبە ڕێسی و ئەگەر شاعیریش چیرۆک بڵێ یاخود سونگە بێنێتەوە یا فێرکاری بدا شیعر دەستی داوەتە کاری پەخشان وە شاعیریش دەستەکە دەدۆڕێنێ .

٨ ــ هەوڵدانی شاملۆ بۆ شیعری نوێ

هەتەرکردنە لە زماندا . نیما و شاملۆ بێجگە لە تێکدانی بیچمی "عروض و بدیع" هەر وڵیان داوە زمانی تازە و واتەی تازەیش پەیدا بکەن . چەن سەرکەوتوون مەسەلەیەکی تڕە . بەڵام زمانی شیعری فارسی بە نیما و شاملۆ و فڕوغ مراد گوراوە . بە واتەی سارتر شاعیر لە دەرەوەی زمانە . . هەڵو راستەوخۆ لەگەڵ شتەکان ناڕۆدەبن . ئەوان هەست دەکەن . دەستی لێدەدەن ، ئەوندازی لە گەل دەکەن ، بۆنی دەکەن . دڕەوشانەوەیەکی تایبەتی لێ پەیدا دەکەن بۆیە لۆرکا دەڵێ :

" شیعری قەرەجەکان لەگەڵ هەوادا
شەڕ دەکەن
شاملۆش دەڵێ :
" تا هۆز لە سەمای مەزنی تۆدا بە
شکۆداری بلوێر ئەژەنێ ."

ئەم شێوە ئەگەر زمانی دروستی خۆی پەیدا نەکا دەبێتە هۆی تێکدانی بیچمی سروشتی زمان (کە میراتی هاوبەشی

جەماوەر) بەڵام شاملۆ وردە وردە گەنجە ی کرد ووەوئەم عەیبەی کەم و کەمتر بوەتەوە .

وا دیارە لەم ماڵە تاریکە
هەر چی لەگەڵ من بە قین و رقن

" باخی ئاوێنە "

کە دەبێ بڵێ " هەرچی هەیە " بەڵام " کار " لا براوە و قەرینەشی نییە .

یا

بەیان پێدەکەنی ساڕ
" هەوای تازە "

یا

پەردەکانی هەزار ریشۆڵی باران
" باخی ئاوێنە "

٩ ــ " اقتباس " راستەوخۆ

وانە هێنانی نووسراوی بیانی بە بێ ئەوەی ناوی بهێنێ . شاملۆ ئەڵێ :

" بەر لەوە نیما دەرگای شیعرم لێ بکاتەوە رقەلە شیعر دەبووەوە . " یا سیمبولیستەکان[٤] کاریان تێ نەکرد وم چون خۆشیانم نەویستووە . . . لۆرکا لە سەرەتاوە سەرنج راکێش بوو . مایاکوفسکی بۆ تونــد و نیژی یەکەی پاشان ئیلوار و لۆرکا کە ئەمانــە بە تەواوی لە بیرچوونەوە و حافز جــێ ی هەموویانی گرتەوە .

شاملۆ هەندێ جار دەڵێ : کە فــلان شاعیر کاری تێکردووە هەندێ جاریش نا . لە شیعری " بڕیار نامە " دا :

نە ئاوم دا نە دەعام خویند حەنجەرم لــە ملی نا

" مرثیەی خاك "

مایاکوفسکیش کاتێ لە سیمبولیســت و فوتۆریستەکان دوور دەبێتەوە دەڵێ : من لە گەروی شیعری خۆما هەنگاو دەنێم .

یا کارتێکردنی لۆرکا :

" تا مار لە سینگی بەرجەستەتا دووماســی بێ بانگم دەکەن "

شاملۆ : " لە سینگیا دوو ماسیولە دەستیا ئاوێنە . "

لە شیعرەکەی " سەنگفەرش " لە ژیرنفوزی " پابلۆ نێرۆدا " دایە :

" بێن و خوێن لە کۆلانەکانا ببینن
بێن و
خوێن لە کۆلانەکاندا ببینن . . "

شاملۆ : " لە پشتی شوشەکانەوە سەیــری شەقامکەن
خوێن لەسەر سەنگفەرش ببینن "

کارتێکردنی ئیلیۆت لە هەندێ شیعــر دا دیارە :

شاملۆ :سێیەری کە لەگەل بۆشقەسەی دەکرد !
ئیلیۆت :ئێمە پیاوانی بۆشین .
شاملۆ :چیشتەنگای پایزی/ گەیشتبوو/ بە
بۆنی برسێتی یەوە/ لە بوارەکانا .
ئیلیۆت:شەوی زستانی ئەگات/ بە بۆنی
شفتەوە لە بوارەکانا .

وتمان شیعری شاملو لە ١٩٤٧ەوە چاپی ئاوازە لەبیرکراوەکان،تا سالی ١٩٥٧ زیاتر لە جەوی خەباتی کۆمەلایەتیدا دەڕوا .

ئەڕۆ شاملۆ بە سەربەستی گەیشتووە و شێوازی خۆی هەیە . ئەمڕۆ بەیانێکی فەلسەفی ـ کۆمەلایەتی دنیای ئەناسراوی شیعر ئەدۆزێتەوە و بەوتەی "کارانتراکیس" نووسەری یۆنانی " ئەو ئەدوێ و جیهان پەرە ئەسێنێ ."

شاملۆ باسی مرۆڤ ئەکا مرۆڤی ئەشکەنجە کراوی ئەمچەرخە کە خاک لەگەلیان دوژمن بووکەچی لە خاکا نوستن.لەم رووەوە شیعرە کەی بو بە میللی ترین شیعری ئەمڕۆی ئێران و پچەدووی ئارام و حەفەی کرد بە بانگەوازی ئاشکرا . بە پێڕەوی مایاکۆفسکی ئەڵێ :

" من بۆ ڕووسیی و ڕووتان ئەنوسم
بۆسیللاوی و خاک نشینەکان
بۆ ئەوانەی کەلەسەر خاکی سارد هیوادارن
بۆ ئەوانەی لە ئاسمان هیوا بڕاون
با خوێنی من بڕژێ و بۆشایی نیوان مرۆڤ
پڕ بکاتەوە .

" باخی ئاوێنە" پشتکردن لە ژیانگە و ڕووکردن لە فەلسەفەی ئیگزیستانسیالیزمە(١٥) کافکاس شوێنی هەیە . لەم کتێبەوە پا ئەنێتە هەرێمی شیعری فەلسەفی بەڵام سالی پێ ئەچی تا پێ بگا . شوێن پێی ئەفسانەی " میتولۆژی" یۆنانی لە شیعرەکانیدا دیارە، ئالبێر کامۆ کە باسی "سیزیف" ئەهێنێتە دنیای ئەمڕۆ . شاملۆش لەم چەشنە فەلسەفەیە ئوروپاییە نزیک دەبێتەوە :

" مرۆڤ ئەر ئەستێرەیە بە پەلە لە بواریکی هیوا بڕاو لە سەرگەیەکی هەتا هەتایی بەوور ئەخواتەوە . . "

یا :" کە ڕێزێکی بێ بڕانەوە
لە نێوان دوو دیواردا
یا :" هاوارێک و ئیتر هیچ
چونکە هیوا ئەوەندە بە توانا نییە
کە پا لەسەر بێ

شاعیر لە تونسی ئەم بێ هیوایە بووە سەرەتا لەسەر "من" ئەوستێ "ئێمە دائەدامەنین . بەڵام ئەوێنێکی بە توانا یارمەتی دەری ئەبێ بۆئەوەی وەک داریکی بە کەڵک و ئەستور هەڵبدا .

" من
ئەبمە با
دایکی هەوا و

سووری زەوی

وەك بزوتنی پڕۆ

لە ژەنگاری لەشما

هەست پێ دەکەم ."

ئەمە وەك ئەو " لە دایك بوونە" نسوێ یەی " فرووغە" کە بە هیوای ئەم پێگەیشتنە ئەگا : " دەستەکانم لە باخچەدا ئەچێنم ئەرسکێم، ئەزانم . . ."

یەکێ لەسەرگەرمیەکانی شاملۆ فولکلۆرە وەك " هیدایەت" وە " لۆرکا" شیعری گەلەوی کۆ ئەکاتەوە . زۆربەی شیعرە گەلیەکانی کێشی فولکلۆریان هەیە . شاملۆ لەسەر چاوەی پێ برانەوەی فولکلۆر کەڵکی وەرگرتو کشایەوە .

شاملۆ لە " ئایدا لە ئاوینە" و " ئایدا دەرەخت و رەب و بیرەوەری " لە مایاکۆفسکی و لۆرکا دوور ئەبێتەوە و ئەیێ بە هاوسێ ی سوورریالیەکانی فەرانسە . لەم سەردەمە توشی هیوا بڕاوی دەبێ و بە تووندی پشت لە خەڵك هەڵدەکا و دەڵێ " ئەوخەڵکەی سەردەمێك " ترس هێنترین ئەوینی من بوون" منیان لە بۆگەن و چڵکی نەفرەت هەڵژەندەوە " یا لە شیعری " ئایدیا و دەرەخت. . .)) :

" هەرگی من سەغەرنییە

کۆچێکە

لە نیشتمانێك کە خۆشم نەدەویست

لەبەر خەڵکەکەی .))

ئەگەر شیعرە ریالیستیەکانی دوای ئەم خولەی نەبوایە شاملۆ ئەبوایە بەرەو هونەرێکی لادەرانە بڕوا . سەیر ئەوەیە شاملۆش ئەڵێ :

" ئەوینی گەل هەتاوە" کەچی لە شیعری جیهانیدا زۆر لەسەزین و تەزین و لادانانە بووە بەڵام رێ ی خۆ ی، رێ ی جەماوەری گرتو. تە بەر و پێوەندی خۆی لەگەل واقیع پاراستوە .

وجودیەکان ئەڵێن ئێمە لە بڕیاردان ئازادین. بەڵام جەوهەرێك یا وجودێك کە ئەم ئازادیەمان پێ ببەخشێ نییە . مرۆڤ گەیشتوەتە هەرێمی ئەوپەڕی چاکە و خراپە تەواوی پەیوەندیەکانی دەروونی خۆی لەگەل مرۆڤانی تردا بڕیوە،چون تێگەیشتوە کە خوایەك لە گۆڕێدا نییە .

بەڵام هونەرمەندانی وەك بریشت سەرچاوەی ئەم دوورکەوتنەوەیان پیشان داوە کە سەرچاوەی ئەم دوورکەوتنە دەبێ لە هێزەکانی دەرەوەی دەسەڵاتداری کۆمەڵەوە بزانین . خراپە و کەندەڵی نابێ پەیوەندی بدرێ بە ژیانی مرۆڤەوە . شاملۆش پاشان شیعری تری نووسی کە نوێکردنەوەی پەیمان و بوونە لەگەل مرۆڤی دڵرێنس . . .

" من لەگەل مرۆڤ لە ئەبەدیەتی پڕ ئەستێرە پیاسە ئەکەم "

ئەوین و ئەویندارێ لە شیعری شاملۆدا

دەورێکی گرنگ و سەرەکی هەیە. هەندێ جار هیوابڕاوی خۆی بە ئەوین سارێژ ئەکا و ئەڕوا تا قەڵایەك لە خۆیا بنیات بنێ و وەك دانتی کە چووە بەهەشت. بە ڕێنموونی عیشقی ئایدا" ە" ڕووبەڕی بێ هیوای خاك " بڕوا نەبوە و گوندی سەوزی ستار گرتن :

پاوت رازی گڕە و
عیشقت سەرکەوتنی مرۆف
کە ئەڕوا بۆ شەڕی چارەنووس"

عیشق لە شیعری شاملۆدا هەرچەندە کامەرانی بەدواوەیە کەچی لەگەڵ دەرد و جەخار هاوڕێیە . لە سەردەمی شاملۆدا " ئەوین مەڵەیەکە بە بم بووریەیەك کۆتایی دێت "

لەلایەك ئەگەڕێ شاملۆ بە شاعیرێکی ئیمانیست ناوببرێ . بەڵام ئیمانیستێکی کۆمەڵایەتی . بەڵام نەوەك شاعیرێکی بەرەی پڕۆلیتاریا بەڵکو وەك سوسیال دیموکراتێکی ئوروپی . کە ڕووداوی کۆمەڵ لە شیعرەکانیا ڕەنگ ئەداتەوە . دوچەشنە وێنەسازی عاشقانە و کۆمەڵایەتی لە شیعری شاملۆدا ئەبینرێ بە فارسیەکی ڕەوان و شیرین وێنەی عیشقی ئەنووسی :

نۆگەڵاکانی خۆڕ/ بواری هەتاو/ پە ـ نجەی ساردی با / کوێستانی جەنگەڵ پۆشی سەربڵند / چۆمی چامەی چێشتە نگاوی لە دڵتای[۱۷۱] شەوا دوو پات ئەکات/ وەك قوو لە زوڵاڵی خۆی ئەڕوانێ / مەخمەڵی بژوێن / دەم سووری برین / فانۆسی شۆخی ئەستێرە / .

لە وینە دڵداریەکانی شاملۆدا دیمەنی شار وەك" شاعیر لە نیریورکی " ی لورکا چوارچێوەی هەندەسی هەیە و شەقامی مەرەبالێ وخانوی بەرز :

" سەردەمی مەزنی باڵەخانە و
دڕۆ "

" ئایدا لە ئاوێنە " بایەخی شیعری ڕوڕە. قوونڵ و واقیعی . لە " ئایدا لە ئاوێنە و ئایدا، دەرەخت و . . " شاعیر ئەچێتەوە بۆ گوند و دڕۆڵی سەوز و گوێزی پیر و سەرزەوی خۆش :

" لە ڕاتێکا مەلی کۆچەر
لە زڕێباری مانگە شەوا سەوڵ ئەگێڕن
وێنەکان تا ڕادەیەك ڕوونن وەك بەرمیلی
سەر ڕێ بۆ پیشاندانی سەبر و تاقەت
سەعاتی سوور واتە دڵ دوو ماسی و دوو
مەلیجۆ ئوقرە لە سینەیا کە ئەخوێنن مەبەستی
مەمکە . مەلی بووەی ڕەنگ بە گوڵی قاڵی
ئەڵی .

شاملۆ زۆر وێنەی هێناوە وەك ڕەوانی کوت و پڕی هەزار لێڕەواری شاد لە زەوی،

کە بانووی باغری ئەوین،لە دەرگانەی نیلوو پەڕی باران . . . "طرفە" ن وە چونەتە گەنجینەی شیعری فارسی . هەروەها "مەرگی نازلی" و سەنگەرش" و "ئایدا لە ئاوێنە" و . . سەرچاوەی رووتی کۆمەڵایەتیی هەیە . لە باشترین شیعرەکانی ئەم سەردەمەی فارسی یە . شیعری سپین،بەڵام پڕ کردنەوە و پەراوێزی تیا نییە .هەر دێڕێک، دێڕێکی تر بە ئاسانی بە شوێن خۆیدا نەهێنی کە نوێنەرەوەی بیرۆتنی بیری شاعیرە . هەندێ جاریش شیعرەکانی زۆر بەهێز نین .

قەڵەمڕەوی لەباران ، مرتیەی خاک،پشکوتن لە تەماشاگرایە دوای ١٩٦٥وتراوە . کەچی ئەلوێ وا نەبێ . جون شاملۆ زۆر جار شیعرەکانی بەر لە دوا ئەخا و ئەمنێوازێکی تایبەتی خۆیەتی،بۆیە "مەرگی ناسری" لە "قەڵەمڕەوی لە باران" دا باشترینە لە "مرثیەی خاک" شیعری "لەگەڵ چاوەکانما" کێشی هەیە . "پشکوتن لە مژا" شیعری سێی کۆرتتر و جەم و جۆرتری تێدایە . بیرو لە جەوهەری شیعری شاملۆدایە ،بەروالەت سادەیە و لە ناخا قوڵ و حەسابکراو . لە و شیعرانەیە کە هەندێ نا شاعیر وتویانە :

چییە جگە لە دوو مەڵکی ڤێنوس، دوو سوورتمە کەسێ سەد گورگ لە بەفرا رای ئەکێشن .

خوێنەر سەرەتا لە چاو بەسانی "شاعیر" ! سەری سوڕ ئەمێنێ پاشان لە پووچی شیعرەکە نەداتە پرەی پێکەنین .

"قەڵەمڕەو لە باران" تەوسێکی "طرفە" یە لە ژیانی شاعیر قەڵەمڕەیا مەڵی ئاگر مەڵێکی ئەفسانەییە لە دوای ژینی هەزار ساڵە خۆی لە ئاگر ئەهاوێ و ئەسوتێ لە ژێلەموکەی قەڵەمسی لاو سەر هەڵدێنەسی . قەڵەمسی شیعری شاملۆ لەژێر بارانو شەڵاتی تۆڤ و باهۆز پەلە پرووزەیەتەسی بڵێسەی گیانی شاعیر رووە و ماتی و بارانسی لێ ئەباری ئەو شاعیرەی کە گەستگیانەسی یاخی بوونە.جەخاراوی ئەڵێ :"ئەوەی گیانە لێ ئەستێنێ خەنجەرێک بێ یا گوللەیەک

باشترین شیعری "قەڵەمڕەو لە باران دا" شیعری "مەرگی ناسری" یە لەسەر ژیانسی عیسا مەسیح . مەسیح و ژیان و شەهیدە بوونی کە بۆ شاملۆ جۆری سەرنجە و شاعیرانە بووە .

چوارچێوەی شیعرەکە لە "ئینجیل" مکان وەرگیراوە . بەڵام شاعیر رواڵەتێکی شانۆیی پێداوە وەکو خۆی بە مەسیحێکی تر بزانێ و شاگردی فێنباز و جەندەرمە و حەمەرەسو حامورتی جولەکە و پیلاتسی حاکمی رۆم[18] لە دەوری گۆنەتەوە بەرەو خاچی ئەبەن .

خۆنە لە

به پێچه‌وانه‌ی هه‌ندێ خه‌یالی خـــاو شاملۆ بۆ شیعری ژه‌سه‌ن ئه‌گه‌رێ به‌لاّم لـه بەر پرسراوی کۆمه‌لاّیه‌تی هه‌لّنـــــایه‌ت ئیلتیزامه‌کەی وا له ناخی شیعره‌کانیا ؛ وه‌ك تامی میوه له دەرونیا . . .

سه‌فز / ۱۲ / ۱۹۸۱

شێری شاملۆ

« ۱ »

ساتی تیره باران

له کێلوتی دەرگایه‌کدا کلیلێ سوڕا
له‌سه‌ر لێوانی خه‌ند میه‌ك ماڕا
وه‌ك سه‌مای ئاوی بن میج
له تیشك دانه‌وه‌ی خۆرەتاوی خۆر

* * *

له کیلوتی دەرگایه‌کدا کلیلێ سوڕا

دەڕوه
ره‌نگی گه‌شی دەمه و ره‌یان
نوته‌یه‌کی وەن بو
گێژ . گێژانه‌به سه‌ر
کونی نامیشا له‌گه‌ڵا
به دوای ماڵه‌که‌یا

له کیلوتی دەرگایه‌کدا کلیلێ سوڕا
بزەی پیکه‌نین له سه‌ر لێوانی که‌وته سه‌ما

هه‌والنامه‌ی کتێب

« ٢ »

دەربارەی مەرگ

قەت لە مردن نەترساوم
ئەگەرچی دەستەکانی ،لە بێ نرخیی، شکێن تر بو
ترسی من ــ بەڵێ ــ لە مردن ، لەو خاکەدایە
کە حەفدەسی گۆڕ هەڵ کەن
لە ئازادی مرۆڤ
زیاتر بێ

*

گەران و
دۆزینەوە و
دواپش
دڵخواز هەڵبژاردن
وە لە ناخی خۆیا
قەڵایەك دامەزراندن ..
ئەگەر مردن لەم هەموە بایەخێکی زیاتر بێ
خاشا کە قەت لەو مردنە ترسا بێتم
١٩٦١

«٣»



بۆ فه‌روخی فه‌روخزاده

به‌دوای تۆدا
له‌ ده‌رگاکه‌ی گه‌ره‌کی کێوا،
له‌ به‌ستێو، ده‌ریای ئالیك دا،
ده‌گریم
به‌ دوای تۆدا
به‌ بواری باندا ده‌گریم،
له‌ چوار ڕێی وه‌رزه‌کانا ·
له‌ بواری جێوه‌ی شکاوی په‌نجه‌ره‌یه‌کدا
که‌ ئاسمانی هه‌ورگرتو
شه‌قڵێکی که‌ون ده‌گرێته‌ خۆی،
ده‌گریم
. . . . . .
به‌ ته‌مای وێنه‌ت
ئاخۆ ئه‌م ده‌قه‌ره‌ سپی‌یه
تا چه‌ند
تا چه‌ند
په‌ره‌ی لۆ هه‌ڵئه‌دریته‌وه‌ ؟

* * *

هه‌وڵنامه‌ی کتێب

قەبوڵ کردنی جەریانی با
وە ئەوین
کە خوشکی مەرگن ٠ —
وە هەمیشەیی
رازەکەی
لەگەڵ تۆدا خستە نێوان ٠
کە چوینە ڕوالەتی گەنجێ :
بێویست و تەماح بڕۆین
گەنجێکی لەر بابەتە
وەجنگ خستنی خاك و دیارنیشتو
لەم ڕەوە
دڵێ پەسند کردوە !

* * *

ناونکاریوەیەکە بە تەوێڵی ئاسمانا تێ دەپەڕێ
— بیرۆز بێ ناوت ! —
وە ئێمەش هەم دیسان
بیا ئەچینەوە
شەوبش و ڕۆژبش
هێشتانن ٠٠٠

به‌راویزه‌کان

١ــ شیعری تیشره‌و / بریتیه له‌و شیعره‌ی که ئیلتیزامی کومه‌لایه‌تی تیدا به‌دی ئه‌کری. له‌به‌رامبه‌ر کونه‌پرسته یه‌سن کۆنانه‌دا .

٢ــ نیما / محه‌مه‌د عه‌لی ئه‌سفه‌ندیاری که نازناوی "نیمایوشیج" بوو به وانای جه‌لکی کوندی یووش کوندیکه له باکوری ئیران .نیما باوکی شیعری نوێی فارسی یه .

٣ــ خامه‌نه‌یی و ره‌فعه‌ت و عیشقی نه‌و شاعیرانه‌ن ئه‌م سه‌رده‌مه‌ن بو کورانتاری له یاسای شیعری فارسیدا عه‌ولیان داوه .

٤ و ٥ و ٦ ــ فریدون توللو مهدی اخوان پالث (م .امید) و فروغ فرخزاد ــ سی شاعیری به‌ناوبانگی شیعری نوێی فارسین .

٧ــ شیواو تێکچوو به وانای هیتی به مه‌به‌ستی ئه‌وان دوسی نیوان عه‌ق و شیتی .

٨ــ روشیا / وانه دنیش له حه‌یالدا ڕایانده . وه زه‌ین ڕوونی وانه ده‌زیاده‌وه و به‌ئین به‌ه جاوی عه‌ق و عه‌ستپێکردنی راسته‌وخو .

٩ــ عبد العلی دستغیب / له ره‌حمانه‌ی به‌رزه‌کانی ئیرانه .

١٠ ــ محمد تقی / یه‌کێ له شاعیرانی ئه‌م سه‌رده‌مه‌ی ئیرانه که له‌قه‌بی (ملك الشعرا) ی خه‌یوو ــ دڵنیا له ئه‌دیبه ناسه‌ره‌به‌رزه‌کانی ئێرانه نووسه‌ر و ڕۆژنامه نووس به‌ناو که به زمانی ته‌وس‌شتی ئه‌نووسی وه ماوه‌ی ئه‌وه‌نده‌ی (قاموس) ی زمانی فارسیه .

١١ــ مس جوو / شاعیرێکی ئه‌ڕیایی یه ــ حه‌میدی شاعیرێکی ئیرانییه .

١٢ــ نیچه که عه‌جه‌بێ‌ی ئه‌ڵێن ئینسانه‌ تیلسوفی به ناوبانگی ئه‌ڵمانییه .

١٣ــ به‌به‌ست مه‌ولانا جلال الدین مولوی بلخی، شاعیر و سوفی به‌ناوبانگی ئێرانییه .

١٤ــ سیمبولیست / شێوازێکی ئه‌ده‌بی یه که بو هه‌ر شتێك ره‌مزێك ته‌خێنێته‌وه هونه‌ری به‌کاربردنی ره‌مز و ئیشاره

١٥ــ وانه وجودیه‌ت .

١٦ــ سادق هیدایه‌ت / چیرۆك نووس وجودی به‌ناوبانگی ئێرانی .

١٧ــ دڵتا پیتی یونانی (Δ) شوێنی زۆرانی جوم بو ناو دەریا مه‌به‌ستی شاعیر لێره دڵتای شه‌و ئه‌و کاته‌یه که تاریکی شه‌و ئه‌ڕژێته ناو ڕۆژه‌وه وانه کازیوه ده‌ه‌و به‌یان.

فەرهەنگۆک

کەریز / کاریز ـ ژینی کەریزی مەبەست دووزە پەریزی و دابران لە کۆمەڵە .
ریسا / دەستوور ریکای یاسایی
سورە / شیلە جەوهەر
ئیمازیست / فرتوفاوەکان
رووزنار / تجریدی
نەوە / تورمە نسل
فرمرە / رەنگوڵەی رەنگی ملی وڵاخی بەرزە
سواو / دەستمالی گراو
موتورفە / طرفة ـ وتاری جوان و بە پێز و دەگمەن
سەیزوو / سوری سیمی بەیانی
پز / جنین
قوو / مەلیکی شیرین و سپی ملی درێژە و جوان مەلە ئەکا .
ستارگوتن / ئارامگرتن
باخ / لە خوایی لوت بەرز
سوورتمە / گالیسکەی ناوچەی قوتیی کە بە کالیکی یا سەت رای ئەکیشن
جەمەجوور / کرد و کو ریکوپیک
زیان / باهوز

سەرچاوەکان

١ ـ نقد اثار شاملو ـ عبد العلی دست غیب .
٢ ـ از صبا تا نیما تهران ـ ١٩٢١
٣ ـ ارزمانیسم تا سوریالیزم ـ تهران ١٩٥٧
٤ ـ ادبیات چیست؟ ژان پل سارتر
٥ ـ تصویر ـ تبصره ـ نیما یوشیج
٦ ـ دیوانەکانی شاملو .

هەڵەر خوێن

لە گۆڤاری (ڕۆژاوەڵات)ەوە وەرگیراوە

* من لە ساڵی ١٩٠٠ دا لە کۆندەی (حەسار)ی سەر بە شاری ماردین لە کوردستانی تورکیادا چاوم هەڵێناوە، ئەو کاتە باوکم ڕەنجبەر بووە خێزانەکەمان زۆر هەژار و دەست کورت بوو . . کاتێک تەمەنم لەیشتە (٩ — ١٠) ساڵان باوکم و دایکم یەک بە دوای یەکا کۆچی دواییان کرد و منیش بە تاقی تەنیا بەجێ هێشت. ئیدی بەو کاتەوە ناچار بووم بکەومە نان پەیدا کردنی خۆم . . لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا دەستم بە خوێندنی ئایینی کرد . . بەو جۆرەی زۆر شوێنی کوردستان لە عێراق ئێران و سوریە گەڕاوم . . دوای ١٠ ساڵ خوێندنی ئایینم تەواو کرد و ئیجازەم تیا وەرگرت . لە ساڵی ١٩٢٧ دا ژنم هێنا و لە ساڵی ١٩٣٥ یشەوە بوومەتە هاوڵاتیەکی سوری . ئێستاش (٧) مناڵم هەیە . . . . پێنجیان کچن و دوانیشیان کوڕن .

* لە ساڵی (١٩٢٤) ەوە دەستم کردۆتە شیعر نوسین . ئەوەس دەڵێم . هەرچەندە لە سەرەتاوە دڵی ئاغا و شێخ و بەگ و هەموو کۆنە پەرستان شیعرم نوسیوە بە هەستێکی نیشتمان پەروەری و میللی زۆر و گەرم و گوڕەکی وڵات پەرستی زۆرەوە . ئەمە تا ساڵانی جەنگی جیهانی دووەم . لەوێ بە دواوە، واتە لە ساڵی (١٩٤٥ — ١٩٤٦) بەسەرەوە، بیر و باوەری شۆڕشگێڕی تەوا و بە شیعرەکانمەوە دیارە . تێکڕای شیعرەکانم

× (ڕۆژاوەڵات) کۆفارێکی ڕوشنبیری بوو بە تیپی لاتینی و بە شێوەی زمانی کرمانجی سەروو لە کوردستانی تورکیادا بەڕێ لە هاتنە سەرکاری حکومەتی عەسکەری تورکی دەرچوو

بە هەستی نیشتمانی و شۆرشگێڕی نوسراون هەمو خوێندەوارێك بۆنی نیشتمان پەروەری و سوسیالیزمی زانستی لە شیعرەکانمدا هەست پێ دەکا . شیعرەکانم هەر وەك چۆن دژی ئاغا و شیخ و بەگ و هەمو کونەپەرستانن ، ئاواش دژی ئیمپریلیزم و رەگەز پەرستانن ....

ڕێڕەو و ڕێبازی مارکسیزم ــ لینینیزمم ، بە سیستی ڕەستی ڕاسیوە و تێ هوسیارکردنەوە و ڕێبازمیان تێ بگەیەنم . . خۆم بە هەڵگری ئاڵای سۆسیالیزم دەزانم و هەمیشەش لە سێبەری ئەم ئاڵایەدا سەر هەڵدەبڕم . . .

* ئەوکاتەی بەیانیان لە خەو هەڵدەستم پێش ئەوەی دەست بۆنان بەرم، شیعر دەنوسم ئەوکاتانە گەلێ شیعری چاك دەنوسم ، چونکە ئیلهامیکی باشم لە لا گەلالە دەبێ . . هەروەها هەرکاتێکیس هەرجۆرە زۆرداری یەك ببینم، وەك چەوسانەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە و ژێردەستی ی گەلەکەی خۆم ئەوا هەموو سەرنج و بیری من بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن و دەبنە سەرچاوەی شیعری من .

* شەش دیوانە شیعرم هەن . سێ یان چاپ کراون و سێ یەکەی کەشیان تا ئێستا بە چاپ نەکراوی ماونەتەوە . دوو کۆمەڵە کۆرتە چیرۆکیشم هەن، یەکێکیان بە ناوی (جم وگول پەری) و ئەوی تریان بە ناوی (ڕەژووی دار) - هەروەها زۆر کتێبیشم لە عەرەبیەوە کردووە بە کوردی ، وەك کتێبەکەی خالفین و مینۆرسکی و ئەنکلستۆن . . . .

ئێستا بەردەوام شیعر دەنووسم و کتێب وەردەگێڕمە سەر زمانی کوردی .

* داخوازیم بۆ شاعیرانی کوردستان ، [هەرچەندە دلنیام هەموو توانای خویان لە دژی دوژمنانی ناوەوە و دەرەوە سەرف دەکەن] ئەوەیە کە هەوڵی زیاتر بدەن بۆ هوشیارکردنەوەی گەلەکەمان . . .

پێویستە ئەو دەستەی قەڵەم دەگرێ بۆ خزمەتکردنی ڕێبازی مارکسیزم ــ لینینیزم بنوسێ . . . چونکە بڵاوکردنەوەی ئەم بیر و باوەڕە لە ڕێگای شیعرەوە خۆی لە خۆیدا شۆرشێکە . . . ئومێدەوارم نووسەرانمان بەربەرەکانێی سۆسیالیزم نەکەن . . بەڕاستی سۆسیالیزمی زانستی دەرمانێکی دەردی ئێمەیە بۆ هوشیارکردنەوە و هوشیاربونەوەی گەلەکەمان . . بۆ دۆستایەتی و هاوکاری و هاوخەباتی هەموو گەلانی زەحمەتکێش و کرێکارانی جیهان .

ئه‌ی هه‌ڤاڵ ڕۆبسون ، د ه‌نگ خۆشی جیهان
پاشمێرێ زه‌لام ، زانا و ئینسان
گه‌رناس و ڕێناس ، دوژمنی دالاس
ب سه‌ر ئاڤا ره ، د سه‌ر جیا ره
ره‌نگی ته‌یه ره‌ش‌ێ‌ بەر چاڤی مه
د ه‌نگی ته‌یه خۆش ، خۆش تێ گوهه مه
ئه‌ڤ خه‌با تا ته‌د د ه مه هێزران
کیفا را تا ته د د ه مه لێزان
ئه‌ڤ تفگه‌را ته ژ بونا ئینسان
پر ژێ د ترسن ئاغا و د ه‌هقان
خه‌د ی سه‌رمایان ژ ته د ترسن
هه‌مو خانه‌دان ژ هه‌ڤ د پرسن
د بێژن ره‌شك چاوا شیار بون
د ه‌ستی هه‌ڤ گرتن ل سه‌رمه را بون
د الاس د ترسی وه‌کی ماکارسو
د به‌ر پێ یان چون پر تاج و کورسی
خودی سه‌رمایان سه‌ری خۆ هه‌لدان
د به‌زن ، د له‌رزن ، د جفن ، د ره‌ڤن
ژ مه‌یدان ...

××× ×××

ئه‌ی هه‌ڤاڵ ڕۆبسون
نه ته‌نێ ره‌شك هاتن بن د ه‌ستان
ئه‌م ژی سپینه مانه په‌ریشان
ره‌بەن ، بەله‌ن گاز ، بن د ه‌ست ، چاره ره‌ش
برسو و تازی ، ته‌ف ژار و بەخۆش
گونی مه چیه ؟ نه سوچ نه سه‌بەب

کەتین بن دەستان ئەف کورد وعەرەب
زەنجی و هندی ئەم ، هەمی پەریشان
نیزانم .. نیزانم ...
نیزاما هۆڤان ئەڤ نیزاما خوار
نیزاما فاشست ئەم خستن بن دار
خودی سەرمایان ، دەزگە ، کۆلەدار
ئەم کرن بێچارئەم کرن بن دار
کوب تارومار

××× ×××

ئەی هەڤال رۆبسون
دەردی من و تە . ئەڤ دەردا گران
زۆر دستیا کو هاتە ناڤ جیهان
هن مەزن . بلند ، دەهقان ، خانەدان
هن زەبەن ، بن دەست . مانە پەریشان
ژڤێ دەردی مە مارکس و ئەنجلس
بونە دو رێ زان . بونە دو هۆزان
لینین ، ستالین ری شانی مە دان
پالە شیار بون . حەبات و لەبات
رۆژ هەلات ... رۆژ هەلات
خەلاسبو بورۆژ هلات
رۆژا سور ، روژا زەر
ژ موسکۆ هاتە دەر
ژ موسکو هاتە دەر
تاڤا خودا بلفان ، دا ئەلمان
خۆبەردا بە سەرچین ، چین
چینا مەزن ، چینا گران

٤٨

شه‌وقا حو دا هندا
ته‌ف داگرت جیهان ، جیهان
××× ×××
ئه‌ی هه‌قاڵ روّبسون
کارکه‌ر و ره‌نجده‌ر ، جوتار شیاز بون
زه‌به‌ر ته‌ریشان ، ب هه‌ڤ ره‌ راپون
ب تانق و ب توّپ د چن شه‌ر و جه‌نگ
ل دمفیرین ، ل هه‌ر ده‌ر هه‌وار
ل هاویر بو دمنگ
د خوازن ئازادی ، سه‌ربه‌ستی ، وه‌ك هه‌ڤی
نا ره‌ڤن ... نا ره‌ڤن
لێ د ژمن د ترسی ، د ره‌فی د ره‌ڤن
چ ره‌شك ، چ سپی ، به‌له‌نگاز بون هه‌قال
د کوژن کاڵه‌وار ، خو دی گوند ، خو دی مال
به‌ر پاش د ره‌ڤن بای لوز ، خانه‌دان
مالێ وان ، مالێ وان بو به‌ك سه‌ری وان
تاریخ ... تاریخ خسته‌ ناڤ سنگی وان
دلێ وان چاڤی وان
ئه‌ف کله‌ك .

ئه‌ڤ کله‌م ، ئه‌ڤ میخ
د جڤن ، د کڤن ، د شه‌ر دا د ره‌ڤن
پی کڤن ... پی کڤن
××× ×××
ئه‌ی هه‌قال روبسون
نه‌ دڤی دنیاکی کو هه‌رکه‌س ده‌ولمه‌ند

د نیا بو بهیشت ، چ باژار ، چ گوند
ژ بۆ هەرکەس فەرسەند و مەجال
خوندا و زانا و هوزان و د ەلا ل
قەسرا مە بلند ، بەخچە خوش و رند
ئەم تەڤ دە د لخۆش ، ل ناڤ دە د مەشن
تلور د قیژن ، جا بار د خۆشن
چیا پر بلند ، د رێژ ، گروفەر
تیریژی رۆژی خو بەردانە سەر
د نیا مایە مشت ژ ژین ، ژ ئەڤین
خوش تر ئی د اگرت
هەرکەس ، هەرتشت ، هەرد ەر

ئەی هەڤال روبسون
فەرمو ئەم هەرن
سەربەست بگەرن
بخوێنن ، بنێرن
ببینن ، بپرسن
زۆرکەر نەمایە ژ کێ بترسن
سینور نەمانە چ بکەن پەساپورت
د لخوش و روگەش هەمی کچ و خورت
ل فرخورینی بکەن هنگڤین
ل موسکو تا شتی ، فراڤین ل چین
ل نیویورکی شیڤ ل لوندون پەشیڤ
چ رەشك چ سپی تەڤ ببن کریڤ
فرەك بد ن خو ئەم هەرن مەریخ .
د ەستی خو بد ەن

دەستی خوبدن شیرین و زەلیخ
زیکا رۆ تە ماچکو بمژی
تینا دلێ حۆت تا بکوژی
بێژە ئەزبەنی بێژە ئەزبەنی
ژولا د کەنی ژیکا د کەنی
د ەنگێ تەی خۆش هەرکەس د حوازی
وی د ەنگی شیرین
بێژە ئەی هەڤال ، هەڤالی دەلال
ب ساز ، بە قیرین
بمری کۆلەدار ، بمری زێردەستی
بژی ئازادی ، بژن سەربەستی
ئەی هەڤال روبسون
تەی جیهانا خوش
بەسی تەڤایە ، چ سپی ، چ رەش
دڤێ دەربا سکن رو ب کەن و گەش
د ەولەمەند ، سەر بلند
تەف ب هەڤرە رند
نەمینن سێبی ، برسی و تاری
نە کوشتن ، نە شەر ، نە قیر ، نە گازی
ب هەڤ رە هەرن تەڤ کار و خەبات
هەشت سعات ، چار سعات ، دو سعات
بر خوەن خەبات
بۆ میللەت و ولات
کو بین ئەم ب کنج ، ب خوارن
ب خانی ب رونی خوندا و شیار
ل بەر هەڤ نانیرن

هەولێر ئەلبومەی کتێب

بون هەڤال بونە دوست ، بونە يار
هوڤيتى نەمايە
تەڤ خوندا ، تەڤ زانا ، تەڤ شيار
ئەڤ كە فوكا سەلام پر خوشك ، پر جوان
باوەشين ، باوەشين د كو ئەول سەر مە ئيان
تەڤ ئەڤين ، تەڤ دەژين
ئاخ ... جگەرخوين
پر خوشە ، ئەڤ جيهان
××× ××

واتاى هەندى وشە

هوڤيتى : دزندەبى
كەڤوكا : مەوين
سێيوى : هەتيو
بەسى تەڤايە : بەشى هەموان دەكا
كەلەم : تيخ
د جڤن : كۆدەبن
پەى كەڤن : دواى كەون
ڤەرسەند : فرصەت
رند : باش
ئەم تەڤ دە : هەمومان
چوقلى : لغەدار
گرۆڤەر : بازنەبى
تەڤ داگرت : داگرتنەوەى هەمو
قيرين : قيرە قير
هەڤى : يەكسانى

تاشتى : خواردنى چێشتەنگاوان
فراڤين : خواردنى نيوەرۆ
شيڤ : خواردنى ئێوارە
پاشيڤ : خواردنى پاشێو
پاشمێرێ : پشتيوان
گەرناس : عەگيد
تەڤگەرا : بزوتنەوە

شیعر

گیژەنگ

محەمەد حەمەباقی

سەبەنێی دێم بۆ لات ...
سەبەنێی ، شەیدا نە کە وەک گێژەنگی گەرنگی خوسڵەوە
هەڵێ سەیرە ، سەبەنێی تارمایی سامناکی نەبەڵاخ
بەردەمی گرتووە ، کە هێرش بۆ لەمە و هەوڵ کەوەم بگەڕێمەوە !
وەکو تۆ بەڵانەی کەوەنە تامەزرۆی مردن ،
کە پێیان کەوترێ : سەبەنێی کە بڵێیە ژنێ بۆ سڵاوە ،
شاگەشکە کەبن و ، لە خۆشا نەزانن کەیا هەر سەعات کە دێرن ،
گیانەوی هەناسەو ، لێیان دڵنیشیان کەدەرێن ...
من تەرجار مردم بەهاوی خۆم دڵووە ،
بەڵام وەک ڕووحان و ، دڵەڵی کە مجارەی سەبەینێم ،
ترس و بیم نەگیرتووم ..
زۆر سەیرم !
ئێستا خۆم بەوانە نازانم ، یەکەجار لەمێژووی تەمەن و ژیانما
کە جزئێ کە سڵێیەو ، مانای دە ستکردووە ،
کە نێردرێن بۆ ئاسمان

یاخود گەورەبازەی ، یەکەمجار کە هیچی گەرێتێ ،
بێ مەشق و راهێنان ،
فرمانی بێ گەڕێ بچێتە سنگەری شەڕێکی سەختەوە
- ٢ -
ئەم سامە پیرۆزەی بۆی گەڵێن : ڕووان و دڵدەی
کێ هەیە قوڵایی دەروون و هەناوی پڕ نەکات
لە هەورە بروسکەی هەڵگیرسێنی و ، شەپۆلی موهیبەکە !؟
هەر لەبڕۆ و کێشتاوە ، بەرتاپای کێشەی و ناو خوێنی ،
پیر کردووە لەتەزووی ڕەگەز و ڕەنگ ..
ئا کێشتا ، وا لەژێر پێستەوە هەستی کەم ملیۆن
بەیەکجاری ناسکیان خەوکەی ڕۆحم تەزەن ..
ڕۆحمیان خستۆتە مێروولەی هەزاران گەنزیشەی شکێنی و ،
ترسنۆکی خۆشەوە ..
ەتا دێتێ لەهەور گیانەوە ،
کامڵاوی گەیاوی هەڵگۆڵی و ،
مێروولەی ژێر پێستم زیاد گەکات ..
نۆ بڵێی ، ئا کێشتا گەڵەی خۆت گەوەیجە نەیانەت ،
بچێتە سەر پێستم ،
ئەم هەموو مێروولەی ڕۆحەم و ؛

ئەم خوسیە و خرۆشن و هەڵمووتەم ،
هەی تەبەن ، یان چیمان بەسەر دێت !
دڵنیام دوای تاوێ ئەمبیی بوومەتە هەڵە مشتێ خۆڵەمێشی !
بەڵام نا . گیانەکەم وامەکە ،
سەبەنێی هەر ئەکەیت لەخنێ خۆڵەمێشی ، بێبێ بۆ لات ..!؟
هەم هێڵە بەم تاسەو ، تینوێتی و ، شەوقەوە ،
هەتا خۆم دێم بۆلات ..
با ئەمشەو ، تا سبەی . هەر خەونی باڵدار و ئۆجەری ببینم ،
با لەناو گێنگڵ و دۆزەخی پڕۆزی ئەمشەما ،
سەبەنێی بەهەشت و ، دیاری خواوەندێت ببینم ..

-٣-

بێدارەی ئەمشەوم هەڵە سەخت و دژوار ئ ،
ئەوەندەش تەمەنی نەنژێشەی دیدەنی سەبەینێم زیاد ئەکات ..
دڵنیام ، لەخەون و گێنگڵ و بێدارەی ئەمشەما ،
زۆر زیاتر ئەبینم لەو ئۆزە ساناەی ،
سەبەنێی رووبەرووی ئەبینم ..
سەبەنێی ، کەدەبێ بەردەمت ،
ئەو ئۆزە دیدەبینیە ، ئەوەندە زوو ئەڕۆا و ،

هەولێر ئاماقی کتێب

ئەو لێدوانەش بەتاسەو ترسەوە لێگەڕێم و، ئەڕۆم
تۆم لێبێ تێگەیم ..

٤ .

سەیرێکی کە دڵێ بە دەمت ،
بەڵکە تەسکی بێهێنە ساڵێ ئەوەتاوی نەدیبێ و ،
بەپیرما بێخەبەر لە تیشکی هەتاوی نیوەڕۆی گەلاوێژ
لەم هەیدە نەدانم ، هەناوەڕۆگەای تۆ ، ..
کشتوکاڵی ڕەنگینم پێ ئەکات لە ڕەنگی بەفرێکی نەرم سپی ،
هەستە تەڵەم ، دڕەختە و شەتام و سەرێنیان ،
پیر گەنمی لەکاوی ئەو بەفرەی بە هێشووە
لەهاوڕێ ڕەنگ وگەشتەوە ئەمارێن
ماڵئاوایم و ، ناڕۆم .. تۆ کاتێ ئەتبینم ،
ڕەنگ و ڕووی تابێکی گەرم ڕەنگ سووتاوەم ،
ڕەنگاڵ و ، ڕووناکتر .. لەبەر هاوە ئەگوڕێنێ
ئەڵێم لەم ئەڵقەی تۆ هەورە بڕوسکەو ، ئەو هێڵکە پڕشنگەدێ
وەک هێڵکەر ئەهێنێ بەهەوری بێزاری و ، گرمانی ئاسەواڵ ،
تۆش دەستی دایێنێی و ، خەخوڕی
ئەهێنێ ناو دەستم و ،

٥٦

شه‌وانی گرێوه‌و ، گه‌ره‌لوول ..
تا ده‌ره‌به‌یانی ، له‌گه‌ڵ ئاڕێ نه‌که‌یت ..

دایه گیسته‌اش ، وه‌کو هاوڕێ ، ئه‌گه‌ر شه‌و درێژ بێته‌وه ،
له‌دایکده‌وه‌وه دایه‌نیشتیت ..!؟
یا ئه‌گه‌ر گوێێ له‌ قه‌وه‌خه‌ی ده‌ستڕێژێ بوو
دایه جڵێنیت ..!؟
دایه‌گیان گێڕه‌ره‌وه‌ره‌وا ، ئه‌گه‌ر شه‌وێ له‌شه‌وانی داهاتووماندا
درێژ که‌وتم و نه‌هاته‌وه ..
گێڕه‌ به‌هیوای من مه‌به

-٥-

ئه‌مشه‌وم ، هه‌ر گوێم تێی و ناو ئه‌هه‌ه به‌ر خۆمه‌وه ،
به‌ڵاوه‌ی ئه‌و ساته‌ ئاگرینه‌ی خۆم ئه‌که‌م ،
هێڵن له‌به‌ر پیرۆزه‌ی ئه‌و شه‌وێ و ساته‌تا ،
ڕاتبه‌م ، بوێرم ، بوه‌ستم ..!
هێڵن وشه‌ ڕێ که‌م وه ، هێڵن هێڵنی
ئه‌و ڕسته‌ له‌ڕزۆک و قوڵه‌ی ناو ناڵی سووتاوم
بێ ترس وه‌ره ، وه‌کو خۆت هه‌ڵڕژێره‌ دڵه‌وه ..!

٥٧

هه‌ولێر پایته‌ختی کتێب

ئەڵێم بۆ هەرچی لە شتێکا پەنجە بخزێنم،
هەوڵ بێنێت بڵێم،
تۆ، زۆر زۆر گەنجی و، تووڵترین قووڵایی هەستی من ئەبینیت
بۆیە کە هەر کاتێ هەڵدێم هەستێکەت بۆ بکەم بە نکەو و
هەڵبڕێ بێنێ سەر ڕاهێڵی ڕاستی،
بۆ ڕەنگ گەنجێتە نادەم و،
کچی هاسیە و، هەرچیەک لە ژوان و زەردەخەنە،
بەڵکو بۆ هەموویان هەڵگەڕێی..

٦.

ئەمڕۆ هەر ساتێ لەبەر بە، لەگەڵ هۆنراوەی ـ گاڵتەی ـ دا
بۆ دڵدار پێکەوە پەنجەرەیان خۆش کردبێت
تۆ پەنجەرەیان و، پەنجەرەیان کەبەرچاو.
تۆبڵێی لە نێو هەزی لاڕەنگی سوور کەکرد
لەگەڵ کاتێ ڕووناکیان بیوایە، ڕۆی کەوت؛
گیانەبەم، هەر کەلەم سەیرە بە هەڵی سوورە بتبینم..
ئێستە هەر لەو جێیە پەنجەرەیان کەبینی و،
لەوێوە، گەشتی دڵ..
گەشتی لێ،

٥٨

ساڵ تەبوو

ڕۆژئێلیان ، وەک هەموان ڕۆژانی بێشتریان

لەو جێیە ئروەاڵیان دیاری کرد ..

تۆ سەیری بەیانی ، کێیگە تەو هەڵە ڕەنگ سوورەی لەبەرکرد

کە کوڕەی عاشق و دڵدارێ ، ئەی هەڵبژاردنی بوو ،

هەیوە هۆ تەموان و ، هاوەڕێی یاری کرد .

هاوەڕێ ، دڕێژەی ئەو ئێشاو ، یارەکەی لەو ئەمان

بۆ ڕۆژی دوایی ئەو ،

لە پێچی کۆڵان و ، سوورەتاڵی وەن بووەوە ،

ڕێبوارانی ئەو ڕێگایان دڵنیاوە ،

ڕاستیان کەو تەوە ، لەو کوڕە دڵدارە ..

-٧-

بەڵام لەو ڕۆژەوە ، کچۆڵەی دڵدارو تامەزڕۆی دیدەی ،

تا ئێستا و ، بۆ پشوو ،

ڕۆژان و ،

مانگان و ،

بیست ساڵی ڕەبەقە ،

لەسەر ڕۆژ بەهەمان جێوە

بەهاران کانیەوە
بە نەهاران نەشکەوە
کانیشکا گەکان وەر بەهیوای دیدەنی گوپەوە
دڵیە تێ ڕوانی هەڵیان ..
گەوەستێ وەر ، گەڕوانێ
تۆ ڕوانی وەر ، گەڕوانێ .
هاتی دەوەر گوێزارە
بەوەر دڵا دڵیەوە

- ٨ -

٣ گیا سوور ئۆشکەی بەم کڵپەی نەشتەوە
سوورێ وەر ، تەوەنی هەڵانی ئۆی ،
بڵێ چیرۆک وەر گەفسانەی دیدەنی
ما گیشتاش ، ڕەوەر هەڵپەی بەهار ڕەنگ گامانە گەکان وەر ،
بەوەر نیلە سەوزەوە گەخەوێ ،
سەڵڤێ دڵێ ،
گەوەر هەڵپەی دایکەی ناو سنگی ،
بەگوپی ناو خەون وەر ، بە سواری عەوڕاقی ڕەنگی سوور بڵێ

-٩-

ئەو کوڕەش ، کە شەیدای کچێکی سوور پۆش بوو
تا خۆ هەڵ نەپێچی و ، ڕاڕەو ، خواست ..
[١]
لە سنگیا شەهید بوون .. !!

-١٠-

من هەرگیز لە مردن ناترسم ،
هەر لەوە ئەترسم ، سەبەینێ نەتوانم بگەڕێمەوە ، بتبینم ..

-١١-

ئەشەوم تا سبەی ، هەر بیرم لەو چیایە کەبشتنە لای ئێوە ..
تۆ ، ڕاپێ لەباوەشی لەئەوینی ژیانا ..
کەئێوەی - بیش ، وا لەژێر سێبەری ڕێبازی ڕەش پۆشی دا ،
ئەم ڕێوە ڕەش پۆشە ، ڕێی هاتنە لای ئەوی ،
بەسەدان ڕیواو ، دەروازەی تاسن و ، بەچەلەڕێ ، تەنیوە ..
ئەو بەچەک ڕێوانەش ، هەر یەکە هەڵ سەگی پۆلیسی خۆی پێیە
هەموویان ناسنامەو ، نیشانەو ، پێوانەی بالآیان لەهەیە ،
هەر هەڵێ ڕێ تێم . ئەمانن ..
بەڵام من سبەینێ گەر مردن بیەوێ بمبە لادێ ،
لەدڵا ئەوەندە زەوقاوی ئەم سەدە بۆگەنەم داناوە پێت ناڵێم ،

٦١

ڕێم ببێ ، هەموویان هەڵبژێمە سەر خاغەز
وا ئەکەم سەرتاپای ئەم دنیای مرۆڤە ،
نەفرەت و ، قڕێ تێبەن ، لەو خوێنڕێژی و ، کوشتن و ، سووتانەی
بۆ ئێمەی دانیشتووی ڕۆژهەڵات ،
کراوە بەدیاری و ، بە فەڵەت ـ !

ـ ١٢ ـ

خۆئەگەر ـ بەبێ ، وەک جاران
ئەگەیمە هێڵی ڕووبان
ئێستا ئۆتۆمبێلەی سووربۆشی ئاو زامی کەیوون ـ بەو ،
لە هەموو دڵتەوە وابڕی ، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ،
ڕێم بۆ نەدات ـ

ـ ١٣ ـ

لەبەر دوایین هەناسەکانی لەبەردەم دەروازەی زیندانی داهزاوی
پیر بمام و ، پیر هێمن ، هەر گوندو شاخێکی عێراق ـ دا ،
ژنێکی شێرزەی بە سیما کوردانەت هاوار بێدەوت ،
سەرا هێی گوڕێکی بێ جێگەو ، بێ شوێنی خۆی ئەکات ،
ئەو ژنە دایکمە و ، بێی بڵێ :
ئێستی من ئابینێ و ، با لە دوام نەگەڕێ ..

-١٤-

جار جارەش لەسەر ڕێگای هاتوچۆ و ، ناو خەڵکا
بەڕێدەوت کە چاوت بە چەوتە کچێکی ڕەش پۆش کەوت ؟
ئەوانە خوشکەکانی و ، ئەو حیلە ڕەشەبان ،
نیشانەی وەن بوونی چەندانی وەک منە .. !

-١٥-

لە هەر چۆ و شوێنێکیش ، هەر هاوڕێ و دۆستێکم
کچێکیان چاو پێدەوت : پێچەت سپی و ، قژو برێچ هەنمێ و ، بالاڵبەرز
بە جلی سووڕەوە ..
ئەوە تۆیت ، ئەی کچە دڵدزی وەڵدقی قەڵەمیم ..

-١٦-

من هەرگیز لەمردن ناترسم ،
هەر لەوە ئەترسم ؛ سبەینێ نەتوانم بتبینم .. !

---

[١] ئەم چیرۆکە ڕووداوێکی ڕاستەقینەی ژیانووە ، سەرەتای ئەگەڕێتەوە بۆ « ٣٠ » ساڵێک لەمەوبەر .. ئەم کچە دڵدزە تا ئێستاش لە شاری تاران ـ لە گۆڕەپانی « فەیدەیەی » ئەژی ... شاعیرانی گۆرانی بێژانی ئێران ئاگادارن چیرۆکی گۆرانیبێژێکیان تێدا ڕوویووە .

زێنوی سووڕ
تەموزی ١٩٨١

٦٣ محەمەد هەمەباقی

هەوالنامەی کتێب



ج. رەوەند

کە دوا نەفەر سوار فوردەکە بوو و ئەو ئەفەندیە سەر روزناوەیەی لە لای راستی ستیرنەکەوە دانیشتبوو لایەکی کردەوە و دووجار لە سەریەک پەنجەی نا بە هورنەکەدا. شوفیرەکە لەبەردەمی دایخانە بچکولەکەی ئەو بەرەوە بە سەر پیوە حەریکی خواردنەوەی چایەک بوو. چەند نەفەریک لەبەر حوباتەوە گەوتنە بونەبون کردن. ئەمجارەیان کابرای سەر روزناوەوەک هەست بەپشتگیری کردنی ئەڤان تووندتر دەستی لە هورنەکە دا لورتەوە.

سەر روزناوەوەک هەست بە پشتگیری کردنی ئەڤان تووندتر دەستی لە هورنەکە دا گرتەوە. کابرا شوفیرەکە بە پەلەپاڵ دوا قوماری ناو زیر پیانەکەی هەڵگوراند و هەر بەدەم ڕاکردنەوە کلیلی سلەفەکەی لە گیرفانی شەروانەکەی دەرهێنا و بە چەند تەکانێک حوێی گەیاندە نا و ئوتومبێلەکەی. دوای ئەوەی دەرگاکەی داخستەوە. دۆشەکەکەی ژێری ڕێخست و دانیشت. سلەفەکی لێدا و فوردەکە لەوێ لێی وەپاس بیست هەژێنا چووە سەر شەقامەکە گەشی یەکە و ڕووی کردە گەرەکێکی خواروی شار.

هەسرێکی دڕەنگ بوو. هەورێکی نزمی بورەقنەی چڵکن ئاسمانی تەنی بوو. ئەم جۆرە هەوراتە ئەوەندە جێ و ئەستوور دێنە پێش چاو وەک ڕەوینەوەیان بۆ نەبێ وایە. لە مەودای سەرنج دانیا دنیا حۆڵە میشی یەکی تۆخ ئەینواند. وەسروشت وەک مۆتەیەکی فورس و ڕەوورس بێ و جۆڵی لەسەر سینگ دادابێ، خەڵکی بێ ئارام ئەکرد. هەموو شتێکی دەور و بەرت و پەست و خەماوی دیاربوون. ئەمڕۆ لەو جۆرە ڕۆژانەیە کە ئینسان دڵی تێدا ئەگوشرێ وەوا هەست ئەکات هەناسەی بۆ نادرێ وەتروسکایی لە گیانی خۆیدا نابینێ، لە هەموو شتێ زیاتریش "مردن" ی بیر ئەکەوێتەوە!. لەم جۆرە کەشانەدا ئەگەر لەماڵ هاتبێتە دەرەوە حەزئەکەیت بە پەلە بگەڕێیتەوە وەلە سەر دەم بکەویت و بنوێت!. ئەو ڕەشەبایەی جوار ڕۆژبوو هەڵیکردبوو. ئەمڕۆ لە بەیانی یەوە

خستبووی . ئاو بەناوسڕلە پڕێکدا وەک تۆزەبونێکی ئاومحت گێژەڵوکەیەک ئەهاتو وەک دەمی گسکێکی گەورە و پان پۆش و پەڵاش و پارچە ئاهەز و پەڕەی ڕۆژنامە کێن و بڕاوەکانی ڕاپێچ ئەکرد و لە پەنایەکدا لوولی ئەدان و ئینجا بە تیژی بەرەو ئاسمان ڕای ئەفڕاندن و بڵاوی ئەکردنەوە . هەندێ ماڵ گڵۆپی ژوورەکانیان هەڵکردبوو . هەندێ لە دوکاندارەکانیش حەریکی دادانەوەی دوکانەکانیان بوون . لەم جۆرە ڕۆژانەدا تاریکی پێش وەخت دادێت . بەڵام هێشتا شەقامەکان چۆڵ نەبووبوون . ڕێبوارەکان بە گورجی تێئەپەڕین و ئەوانەی ئەیانکوتە ناو تەپ و تۆزی گێژەڵوکەوە دەم و چاوی خۆیان بە هەردوو دەستیان ئاهەپوشی و ڕوویان ئەکردە دیوارەکان .

ئەو سەربازە دانگیرکەرانەی لەم دواییەدا هاتبونە ناو شارەوە دووبارە سێ ئەم لا و ئەولای گۆڕەپان و سەر سووچی شەقامەکانیان گرتبوو . هەندێکیشیان لە سەر چیچەکان دانیشتبوون و یاڵیان دابوو بە دیوارەکانەوە و تفەنگەکانیان خستبووە نێوان گەلیانەوە . ماندوێتی و شەکەتیەکی زۆر بە ڕوخسارییانەوە دیار بوو . ئەمڕۆ تاقە ئاژەڵێک لە هەفتەی یەکەمی دوای گەیشتنیان بە هەرێمەکەیان سەگێکی برسی و سەرگەردان بوو بە سەر جێی . ڕێبوارێ نەبوو ڕابمێنێ و داوای پێناسی لێ نەکەن و بە وردی نەپشکنێ و پسپۆڕانە نەکەن . گەلێ جاریس کڵاو و جاماندیان بە هەندێ لەو ڕێبوارانە دا ئەگێڕا و پشتێنەکانیان پێ ئەکردنەوە و بە ئاشکرایش گاڵتەیان پێ ئەکردن . هەروەکو چۆن گەلێ جاریش بە قۆناغە تفەنگ ئەیانسڕەوانەوە هەڕەکارەکان و ئەیانحستنە زێر پێ لەتەوە ! وا پاش دوو مانگ وەک ماندوێتی لە پەل و پۆی خستبن و مۆرانەی ئێزایڕەزیانە تاڵەکەیان دڵی خواردبن ، ئەوتیں و گڕ و هارێتی یەی یەکەم جاریان نەماوەتەوە یان کەمتر نوتەوە وەڕێی ڕقەپاڵێ گرتنی ئەو سەگە تازانەی ج کارێکی ئەکردە سەر ڕوێشتنی بەردەوامی کاروانە گەورەکە . ئێستە ماندوون . ئەگەرچی جاویان هەر سوور و دڵانیان هێشە ڕەجەب و تفەنگەکانیان هەر لەسەر ئێ یە ! .

ئەفسەرەکانی ناو فەرماندەکێ و ئێ دەنگ و وەک خۆلی بەردەزیان بەسەردا ڕابێنستە وابوون، یان ئەتوت هەموویان کەس و کاری نزیکی یەکترن و ئۆبونەتەوە و ئەیانەوێ بچنە بە پیر تەرمی خۆشەویستێکیانەوە ! . ئەو ئافرەتە جل ڕەشە دیبا بەسەرەی کە لە سەر کۆمنی ماوەڕاست و لە نەنیشت پیاوێکی ئەنەی دەم وچاو ئاوڵا ویەوە دانیشتبوو، کێژێکی

جوار پینج سالانەی چاوگەشی پڕ دڕێژی، لەسەرکۆشی خۆی دانابوو . کوڕێکی قوتابی هەرزەکاریش بەرامبەر ژن و کچەکە دانیشتبوو، کتێبەکانی خستبووە سەرانی و هەر دوو دەستی لە سەر دانابوون، گوڵێکی سووری تۆزی زیاد لە پێویست گەورەیشی کردبوو بە یەخەی چاکەتەکەیدا . منالەکە حەریکی مژینی مەساسەیەك بوو . ئافرەتە جل رەشەکە تەمەنی نزیکەی بیست و پێنج ساڵێك ئەبوو، بەڵام گەورەتر ئەینواند . تەم و مژی حەسێکی ئەستوور لە دەم و چاوی نیشتبوو . لەو ئافرەتە ئێست سووکانە بوو کە لە یەکەم سەرنج دانەوە هەست ئەکەی ئەچنە دڵەوە . ئەو حەمەی دەم وچاوی داگرتبوو، ئەتوت ئاگرێکە بە خامۆشی ئەسوتێت و ئەوەندەی تر زایەتی و جوانی و خۆین شیرینی ئەو ئەحانەنە دوڵپە قوڵپ .

دوای ئەوەی فوردەکە، شەقامە گەورەکەی بڕی و ویستی بەرەو خوار شۆڕبیتەوە، لە نزیك چەتری راوەستانێکەوە دوو سەربازی بە دەست ئیشارەتی راوەستانیان لێ کرد . شوفێرەکە بۆ خێرایی پێی لە بڕێکەکە گیر کرد و لە بەردەمیاندا چەقی، سەربازێکیان لە دووری چەند مەتڕێکەوە کەنارێ گرت و ئەویتریان کە رەش تاڵەیەکی چاو بز بوو . کانی خورمایەك پەڕەی کونە لوتێکی حوار بوو . دەرگاکەی کردەوە و لە سەر لا نیوەی لە شی هێنایە ژوورەوە و، بە رویەڵی ترشاوەوە، لە پشتەوە تا پێشەوە، یەکە یەکە بە نەفەرەکانیدا هەڵڕوانی و دوای کەمێك وتی :

ـ هێی ! تۆ سەر رووتاوە هەویەکت !

لەوە ئەچوو ئەفەندیەکە چاوەڕوانی ئەم هەویە داواکردنەی نەکردبێ . یان خەیاڵی لە شوێنێکی تر بوێ . بۆیە تا نەفەرێکی تر ئاگاداری نەکردەوە، ئەو نەبزوا، ئەم تۆزە دواکەوتنە رووی سەربازەکەی گرژ تر کرد . دوایی بەپەلە دەستی کرد بەباخەلیدا و هەویەکەی دەرهێنا وەنەفەرێکی تر لێی وەرگرت و گەیاندیە سەربازەکە . سەربازە لووت خوراوەکە لە پێناسەکە وردبووەوە و دوای ئەوەی لچە ئەستوورەکەی هەڵقورتاند هەویەکەی گەڕانەوە و، وتی :

ـ مامۆستا ! بۆچی ئێوە ئینسانن . . تا مامۆستا بن !!

مامۆستاکە هەستی کرد . وەك خۆین هورژمێ بێنێ بۆ دەم و چاوی و دوایی چنگێت لە ناخی گیر بێ و دڵی رینە بە کێشبکات وابوو . مامۆستاکە لە دڵی خۆیدا وتی ((مردن

له‌ بێ ده‌سه‌لاتی خۆشتره‌ ! ئه‌م‌ژیانه‌ هیچ تامێکی تیا نه‌ماوه‌ ! به‌لام ده‌سه‌لات چیه‌، چیبکه‌م ؟)) ده‌وای ئه‌وه‌ هه‌ناسه‌یه‌کی ئێجگار قوڵی هه‌ڵکێشاو له‌ تاو شپرزه‌یی ده‌وای ئه‌ڤ بریندارکردنه‌ی ده‌ستی برد و چاویلکه‌ زه‌ره‌ بینه‌که‌ی چاوی داگرت‌وه‌ و دیسانه‌وه‌ گۆیه‌وه‌ چاوی و چه‌ند جارێك ئه‌مه‌ی دووباره‌ کرده‌وه‌ و له‌ دواییدا هاویشته‌وه‌ و ده‌ستی خسته‌وه‌ سه‌ر پانی . سه‌ربازه‌که‌ چاوێکی تری گێڕاو . پەنجه‌یه‌کی بۆ کابرای ده‌م و چاو ئاوڵاوی دڕێژ کرد :

ـ تۆ ! هه‌ویه‌که‌ت .

له‌وه‌ ئه‌چوو کابرای ئاوڵاوی هه‌ویه‌که‌ی له‌ زووه‌وه‌ خستبێته‌ مشتی یه‌وه‌ . بۆیه‌ هه‌ر یه‌که‌سه‌ دایه‌ ده‌ستی . که‌ لووت‌خوراوه‌که‌ له‌ هه‌ویه‌که‌ ورد بووه‌ . زه‌رده‌ خه‌نه‌یه‌کی ته‌واوگرتی وچه‌ند ده‌دانێکی ناقوڵا وڕه‌ش ده‌رکه‌وتن . کابراش زه‌رده‌خه‌نه‌یه‌کی بۆکرد و هه‌ویه‌که‌ی وه‌رگرته‌وه‌ . سه‌ربازه‌که‌ یەر له‌وه‌ی بچێته‌ خواره‌وه‌ رووی کرده‌ کابرای ده‌م و چاو ئاوڵاوی و به‌ پێکه‌نینه‌وه‌ وتی :

ـ جه‌یش‌شه‌ عبیت ! زۆر باشه‌ . . فه‌رموو بڕۆن !

قۆرده‌که‌ که‌وته‌ ڕێ . نه‌فه‌ره‌کان هه‌مووله‌ نزیکه‌وه‌ یه‌کتر بناسن . له‌ پێشدا و له‌ یه‌ك ساتا ته‌ماشای یه‌کتریان کرد وو ئینجا هه‌ر هه‌موویان چاویان بڕییه‌ کابرای ده‌م و چاو ئاوڵاوی . گوت و مت وه‌ك شتێکی پیس و بۆگەن بیبینن و بێزی لێبکه‌نه‌وه‌ وا بسوو . هه‌ربه‌چاو که‌وتنه‌ ده‌ر زی ئازاری کابرا وهه‌ربه‌چاو بێ ده‌نگه‌تێ یان گه‌یاند چیه‌؟ ! کابرای سه‌ر رووناویش‌ئاوڵا دایه‌وه‌ و مۆڕه‌یه‌کی کرد . ده‌م و چاو ئاوڵاوی وه‌ك هه‌ست به‌ ئابڵوقه‌دانی خۆی بکات، رووی کرده‌ جامه‌که‌ی ته‌نیشتی و سه‌ری داخست . ئافره‌ته‌ جل ڕه‌شه‌که‌ی ته‌نیشتی، که‌وته‌ جوونه‌ جوونه‌ . جوونه‌ جوونه‌که‌ی زیاتر بووه‌وه‌ مێرمێرێك چوبێته‌ ناو جله‌کانیه‌وه‌ده‌ده‌مێك بۆ شتێك له‌ناو دڵیدا پەنگی خواردبێته‌وه‌ و ئێستا ده‌مرفه‌تی به‌ربووں و هه‌ورۆژم‌کردنی هاتبێ . رووی وه‌رچه‌رخاند و چاوه‌کانی وه‌ك چه‌خماخه‌ به‌ده‌ن، داگیرسان وهه‌تا توانی تفێکی له‌ کابرای ده‌م و چاو ئاوڵاوی کرد و وتی :

ـ تو خوا . . تۆ پیاویت ؟ ! به‌ هه‌ر حال ئه‌وان دوژمنن . . به‌لام ئه‌ی تۆ ! له‌ش‌کرمه‌ ڕێز بیت . . ئه‌ی تۆ ؟ داوه‌شێ یت بۆ چ پیاوێکی . . . .

دووبارە تفێکی تری لێ کردەوە ... ((ز نعسوو))

کابرا منەفی نەدرد . تا چەند ساتێ، وەک خوێن گرتبێتی وا بووە ئینجا رەنگی هەڵبزرکا . دەم و چاوی ئارەستێکی سارێژی دەرداچەند جارێک لە سەر یەک کۆکی . وەک خسۆی خۆی هێنابێتە کۆکین وابوو، بە دەسەسرێک ناوچەوانی سڕی . لەم دیمەنەدا لـــــەوە ئەچوو لە پڕ تووشی گۆڵە نێکی دەرنەچوو بووێ، نەی ئەزانی چۆن خۆی فوتار بکا و چـــۆن بگمڕێتەوە .

هەر دوا بە دوای ((ز نعوو)) کە دوایی ئافرەتە جل رەشەکە، نەفەرەکان هەمـــــوو دایانە قاقای پێکەنین و هەر یەکێ نەڵای خۆیەوە راستەوخۆ، خۆ، ئەوتـــــــە لاقرتی بێ ئەدەب و نواندنی بێ گرتنی کابرا . کابرایش هەر ئەوەندەی بۆ کرا بە دەم و پێکی تێکەڵ و پێکەڵەوە بڵێت :

ـ دایەزین ... هەیە !

بەر لەوەی فوردەی بۆ بکا . کورە قوناغی یەکە بە دوو پەنجە و هێواش گوڵە سوورەکەی لە یەخەی جانتەکەی کردەوە و لەمێ خۆی بردە پێشەوە و بە رووپەکی خۆشەوە سەری یەکی دەم و چاوی مەدانە ـ دڵێرکە کردەوە و، ماچێکی کردەوە گوڵەکەی بۆ راگرت. مەدالەکە دوای خۆی رامان گوڵەکەی وەرگرت و وەرچەرخایەوە و دایە دەستەدایکی .

نە خۆردەکە وەستا . کابرا دەم و چاو ئاوڵا بی چووە خوارەوە . بەڵێ، تا چوونـــــە خوارەوە بۆلە چاوی نەمرەکان بی بووە سەرەی دای نەواندبوو بەرزی نەکردەوە !!

١٩٨٦

منالانی شارەکەم

دەنانچما بە دایکیان دەلێن

. ڕۆژا .

منالانی شارەکەم ... ـ ١ ـ

کاتێک گەیشتە کەنارێ شارێنیا تاریک و ڕوون بوو بە تەنیا ڕۆژی دەکرد گیاسی ئەگەشتەوە ماندوو . پەنجەکانی پڕ لە تیرۆلەی دەکرد کوللەکەی پاری ئازاری ڕانی دەدا . هەو هێورەکەی پیلوەکانی دەدا :

" ئاڵا لە خەوی بەیانیان چەندە خۆشە "

بەیەکی هاتن ، ڕۆژان و سەردەمێکی دوور لێرلەوێوە ئەوکاتەت قوتابی سەرەتایی بوو ڕۆژ هەو خۆش بوو ، هەمیشە لەسەر دەرەنگ هەستان خۆی گێڕەوە و گێچەڵ دەبوو بەڵام کاتێ بوزە قوتابی ماوەیەکی دوور دەرەوە ئێرانی لەگەڵ هەوا نەما . بۆوکانی لێک نا . .

" جا هەو چی بە هەو ملوسە "

لچی شۆڕ بوو " ئاوڕی لەرزی . چاوی هەنگڵوقت . .

ڕاس و ڕایکێشم شەرمان دەبوو ... ڕۆڵە بۆ ئاوڕی بەس بخۆیەوە کۆێر دەبێ، ئەسان خۆ ئەمانە کتێبی هەکەبیش نین ، ئاڵ بۆ ئوێ دەچێ، لەکۆێ هاتی ..))

بە نەرمی لە بەر خۆیەوە پێکەنی :

((ئاڵ دایە گیان چەندت بیر دەکەم بەڵام وامن نایە ناو شار بە گەرەکەکەی خۆشماندا ئێ دەپەرم بەڵام سەرت ناد ەم، ئەو ئەرنگی لە ئەستۆمە لە هەست و سۆزی ئێمە زۆر گرنگ ترە))

* * *

- ٢ -

گەیشتە ناو شار . دنیا کازیوە بوو . بە تاسەوە لە شەقام و دار و پەردووی هەموو لایەکی دەڕوانی . بۆیی سەر و بێ وگیپە لە دوورەوە مەستی کردە پێ بە لووتی بۆنەکەی هەڵەژی .

" ئای لە کەیدوە سەر و بێیم نەهوارد ووە "

هەڵبێستەیەکی کرد .

جاری بنی چیار سەتانیکم بە دەستەوەیە

ئیگەڵ بە قەڵەمانغی ناو شار بوو، هەستەکانی وورباتر بوونەوە . شارەزایانە . یەک سەرنج راکێشان دەستێکی لە دەمانچەکەی دا

" پێ بە هەموو گەردووون رقم لێیت و خۆشم دەوێی ،

رقم لێیە؛ دڵی هەزارەها پێیەسەرت لە لێدان خستووە

خۆشم دەوێی، هەزارەها سەری بۆگەنت پان کردۆتەوە . . "

گەیشتە سەر و بێ خانەکە . هەوڵی دا زۆر ئاسایی هەڵس و کەوت بکا . دەاوای ژەنێکسی جائی کرد . .

" من ئیستا مزۆڤێکی ئاساییم و خەڵکی ئەم شارەم و هاتووم زەمەن دەخۆم . . . .

ڕاستەوراست سەیری بەردەمی خۆی دەکرد و بزەی دەهاتێ .

" دەبێ ئاگادار بم، من پێشەرگەیەکم، جەگم بێ یە

هاتووم و . . دەبێ لە ئاستی ئەرکەدا بم لە ئەستۆمە .

* * *

- ٣ -

کات چێشتەنگاو بوو . گەیشتە شوێنی دیاردکراو . بەناو کۆڵانە باریکەکاندا بە ناو باری وتوپ تۆپێنی منالاندا . نە پەناو دیوارە نزمە گڵینەکان دا، لەسەرخۆ هیمن . ئامادە و وورپا . پلنگ ئاسا . چاوەڕێکانی گەشدەپرانسو . نەوچاوانەی هەمیشە ماندوێتی و بێ خەوی لێڵی دەکردن، وەکو چاوی نەخۆش یا سەرخوشی لێ دەکردن، بەڵام لە کاتی وادا وەکو سێەوێکی سایەقە هەزارەها ئەستێرەی گەشتیایانەدا

دەبریسکانەوە . بە هێمنی چاوەڕوانی سەگەلە خوێرپەکەی دەکرد . لەگاڵ وتانی خۆیدا خۆی گەیاندە شەقامەکە و سەگەلەکە گەیشت . ئارنجۆنەکەی لە باخەڵی دەرهێنـــــا . ئەڵقەکەی ڕاڵێشاو تێی گرتن، سەگێکیان هاتە دەست و پێکای دا چەڵەی سەری سوڕما . هەڵەزا . لە چرکەیەکدا خۆی گرتەوە

" تەسلیم نابم بۆ مردن "

گوڕی دایە خۆی . ڕای کرد . باری دا . ڕای کرد باری دا . گوڵاڵە سووەکـــــە بااڵی سەوز و ئاوی هەڵدەگرا بەگەڵ پارچەی ئارنجۆنەکەدا چەند سەرێکی تری بۆگەن بۆ سەرەتێڵکی مێرووڕامانڕان . تەسیلی بەردەوام ڕای دەکرد تا خۆر گەیاندە حاڵووە بەرینەکان . خۆی خستە سەخسەفەوە . کەوبە یاخە سەوزەکانی تەختەکە بووســـــە کۆمەڵێ گوڵاڕە و پۆنێ مەڵی سەوز و بەسەر سەریدا شەکاندەوە . خوڵانەوە . ئەمیتی سەری سوڕاندەوە بەرەو خۆی گێڕاوە "

" تا . تا ئێرە نە خۆش خۆم بچم "

کۆمەڵێ مندااڵ لە نزیکی یاریان دەکرد هاواریان لێ کردن . منااڵەکان هاتن . . .

ـ کوڕە ئەوە بۆ گیانەوەرێکی وەک

ـ بابەکەم . سەگی خۆمانە . هاوڕی

بڕۆن دایکتان بانگ کەن . .

بە ئاسردەیی سەری ســـــاڕە . . .

ڕا منداڵەکانی شارەکەم دەڕانی چی یە دایکیان دەڵێن

دایکەکانی شارەکەم دەڕانی چی دەکەن . تاکو شـــــارە

خۆشەویستەکەم . تاکو دایە گیان خەرتانکەم وا بـــــــە

تاسوودەیی . بە ئاسانی لە پاوەشما بەرم . تا . تایـــێ

بەرم . هێشتا دڕەم زۆرە . هێشتا سەرم نێرگـــەن زۆر

زۆرن . . . . !!

دایکەکان هاتن دایان پۆشی . خەتاریان دا . نەهێنی یەکی پێڕۆز بوو . بڕیاریان دا بیپارێزن " بە جێی خۆی بگەیەنن . لەگەڵ ڕۆژئاوادا هاوڕێکانی لە شار دەربان کرد .

* * *

تا ئەستێرە لە ئاسمان ئاگەشانەوە، ئەمان گەیشتە ناو بەفری چیا. ئیسترەکـــــە
بەرەکەی دەیگەشکە گرتن ئەوە لوقە و جووتە و یاری کەیش بەسەر ئۆلی ئێستـــــرەوە
هەڵدەدەکا، تازاری بریندارانی بە هۆشی دەهێناوە لە نێوان بەفرێکی وێ هۆشـــیدا
هەوری دەدیت، لە هەوری دا چەرخی بوو لەگەڵ هەرە وو خوشکەکەی دا سواری جـــەرخ و
فەلەك ببوو. ئەمیان لە ناوەکەی دا بوو. هەردووکیان بە تووندی گوزمیان دەدا.
ئەم دەتوسا هاوارێ ئێ ئێمە ماندوو دەبین، گوزمەکەی
" دەکەوم، دەکەوم
دەکەوم دەکەوم

هاواری دەکرد، ئیسترەکە دەیپرماند، لووتی گرژ بووە هەوا، بەرەو لووکە بەفرە
بالندانی بەرەو نە ژیر دەوڵەکە هەوا دەبڕیسکانەوە دەگەیشتە ئاسمانی دڵرەق
بالندی بە گیانی ئەڵقەکان، ماندوو نەدەبوون، هاوریکانیشی هاواریان دەکرد. بەڵام ئی
ئیسترەکان دا بووستیان لەبەر هاواری دەکرد
" ئامێرن گومانە، سەیرانم، دامێرن "
خوێنی نالی بەسەر ئەم بەفرە دا ملیۆنەها بەراو مەنجەڵی بچووکی هێنابوو. جیاکان
بێدەنگ، لێوان زیندانە و کولاڵە سووری بەفرێکی دەگرێ، هەر جارێ دەگیرێ...

ئاسمان و رووی زەوێکی جێ بەجێ گەیشتە ئاخرین بێج
ئاسمان، ئاسمان...
بڕیتا...
ئاسمان هەتاوە، بەرە بەیانە. نەناو ئەڵقەکانی هاوڕێ دا وەستاوە هاوار بەسەکانی دەبڕێکە
ماندووبی یان بەزاندووە. حەق نەدەن بریندارانی ساڕێژە بەڵام هێشتا سوور و پەمبی ن.
چەپکێ گوڵی سوور و سپی و زەرد و پەمبی و مۆری ناوە نە قەدی نەهەنگەکەی. ئاسمانە.
ماجـــر دەکا...

" خۆشم دەوێی، زۆر خۆشم دەوێی
تا ئەوەندەی خەڵکی لەبری نۆچەپکە گوڵ و کتێب پەڵی منداڵ دەگرن

* * *

چیرۆک

لالۆرەسوڵ

هەڵبژاردەی شەرەفخانی دەرویشیان

وەرگێڕانی : لە حەمەدرەجەب

هەوالنامەی کتێب

لە زێر دار تەپسی یەکاندا پیرەمێرمان ناسی هەرچی تەوپەڕی قایل دەبووم، سەرم بۆی دەلەقاند و دەمووت : " ڕاستە ڕاستە وایە " تەویش بۆی نەدەدا و زوبانی عەرەبی لە کارا بوو و بە سەرپەکەوە شتی باس دەکرد . کاتێک قەیسی یەکی گەیوە لە دەختەکە بەر دەبووە بە دوو پەنجە دەیگرت و ناوکەکەی دەردەهێنا و دەیدایە من و منیش یەکسەر دەمخستە ناو دەم

ڕۆژێکی نیوەڕۆ بوو، خۆر لە سەر سەرمان و مستابوو، کۆڵەیەک لە تەنیشتماندا تێپەڕی، ڕەنگی هەڵبزرکابوو، تەماشایەکی تەم لاو ئەولای کرد و دەیبینست بە ڕۆیەوە شتێکە بکاتە کۆڵەکە وەستاو سەرەتاکێ یەکی کرد و دوو دانە قەیسی بەردایەوە .

من کچولەکەم دی بەلام لالۆ ڕەسوڵ پشتی لەبوو لەخشەخشی کەلا وشکەکان لالۆ ڕەسوڵ ئاوڕێکی دایەوە تا ئەوەی دی و بە خۆشەویستی یەکەوە وتی : " وەرە کچولەکەم، لە چی دەترسی ؟ ! ئەوەی کە زۆرە قەیسی یە ! ! "

چنگی لە قەیسی یەکەی لای دەستی یەوە دا و مشتێکی کردە کۆشی کۆڵەکە و کچولەکەش بەبێ ئەوەی باوەڕ بکا دوور کەوتەوە .

لالۆ ڕەسوڵ لای کردەوە لای من بە ڕوەتی هەڵقرچاو و ناوچەوانی چرچەوە وتی . ڕ ئای هەی داد و بێداد هەشتا سالّ تەمەن، هەمو شێت لەیادی مرۆڤ دەباتەوە

بەلام تا گەوناتەى چەپكى گياش لەسەر كورەكەى سەوز دەبى ، رۆژ شتيش هەر لە يادى مرۆڤ دەمێنێ . جۆم كە منالٌ بووم هەمىشە ئارەزوى قەيسى خواردنم دەكرد ئەو شەوانەى جەژنم بە قەيسى يەوە ببينيايە ، بەيانى كە لە خەو راست دەبووەوە زێرى سەرم بە لێناوى دەمم تێر دەبوو . ئێستا ئەم كچۆلەيەم دى ، ئەو رۆژانەم هاتەوە يادا ((

كلاو و جامانەكەى سەرى لابرد وە سپايى دەمارەكانى دەركەوت ، سەرى خواند و دێژەى بە قسەكانى دا : رۆژێك بە هەزار حالٌ چووم سەر دارە قەيسى يەك لەسە خۆشيانەدا پەرم دەركرد بوو . يەكسەر لە دوورەوە يەكێ لە شوانەكانى دێ قوت بووەوە وا بزانم خوانێخۆشبوو فەرياغەلى ، بوو ، لە خوارەوە هاوارى كرد :

بچۆل لەسەر ئەو دارە چى دەكەى ؟ ئەگەر لەو قەيسى يە كێوانەيێ بكەيتەوە و هەر بەهێنە خوارەوە بفرۆلەيەك دەدەمێ . . . منيش گوتم بەرخۆلەيەكم هەبێ چەند بانمە ! لە حەپەساندا حەپى بوو وەدەستم لێ بە تەكانەتى دريخەكە و چنينەوەى قەيسى يە گەورەكان ، هەموو بۆ فەرياغەلى خوالێخۆشبوو بەرايەوە خوارێ ، ئێستە ئاخر لە بيرمە فەرياغەلى لە ژێر دريخەكە دانيشتبوو و قەيسى دەخوارد و مێجە مێجى دەكرد ، هەرچەندا دەيووت : باخەكەت ئاوەدان بێ بۆ ئێمەيش يەكەى لە وەك هەنگوين وايە . . باوكە قەيسى دەتكاند و كاتێك دەتكێت لەژێر بەر دەكە دەرنەچێ بەفرەيى بەفرەيى دەيوت ئەوە دينەت بسەتێنم . . تۆ لێم مەاسە . . ئێمە هيلاك بووين لە دوورەوە تەماشاى بەرخۆلە جوانەكانم دەكرد . فەرياغەلى هەستايە سەرێ دەستێكى لە سكى دا و ريگاى گرتە بەر و رۆيشت .

گرژ بووم وتە سەرەوە هاوارم كرد : ئەى بەرخۆلەكەى من چى بەسەرهات ؟ !

ئاڕێكى دايەوە وتى : بوت كەورە دەكەم ، خەم مەخۆ ئەكەر بيدەم بە تۆ لە برسانە دەمرێ ، پێويستە لاى دايكى بمێنێتەوە . فەرياغەلى چوو و من لە داخانا يەك ماسگ تووشى قورگ نێشە بووم)) . لالو رەسوڵ گەلاكانى كە لە بەر هەناوى دانراببوون نێڵەلاوى يەكتر كرد ، ئاوكە قەيسى يەكانيشى لە سوچێكدا لێكرد ەوە و كێوى يەكەى پر لە ئاو كرد و حەسيە سەر ئاگرى دانەكە و خۆى نە دەرويەرى دريخەكان چيلكە و چەوانێ وشك ئۆبكاتەوە .

منيش هەستام و چيستم بەرەو ماڵ ببەوە ، داواى لێ كردم نيوە پرۆلەى بەمێنمەوە ، وتم

ئیشم هه‌یه . داوای لی کردم بۆ شه‌و میوانی بم رازی بووم، که دووره‌وتمه‌وه، گویم لـــه دەنگێک بو هاواری دەکرد : هەی حه‌ڕام زاده بەچکه جنۆکەی پیس . . چی دەکەی؟ چی دەکەی ؟ لات وایه قەیسی خواردن بەلاشه ؟ ! دوسەد تومەن کرێ دەدەم .

ئاوڕێکم دایەوه و له دووره‌وه منالێکم دی ڕان دەکرد .

* * *

دەمەو ئێواره له کەنارەکۆڕستانی ئاوایی جاوم پێ ی گەوت، پێکەوه پیاسەمان کرد لای گۆڕێک وەستاو فاتیحایەکی هەڵەی خوێندەلەباتی ئەوەی بڵێ "أنعمت" ووتـــی "أغضبت" زۆر بە هێمنی و ڕێزەوه وەستا بوو . منیش ئه‌ماۆستای گوندەکه بووم پەیرەو، ئەوم کرد . . گەیشتینه ماڵەوه و سەگێکمان لێ ڕاپەڕی، لالۆ ڕەسول بە دەنگێکی بـــەرز وتی : لیمۆ ئاوا گۆشتاوەکه زیاد بکه . لیمۆ لەگەڵ تۆمه یوانمان هەیه .

ژنەکەی ناوی لیمۆ بوو، بەڵام وەک لیمۆیەکی گوشراو وابوو، پیرەژنێکی چەماوه بوو . بـه دەوری یەکتریدا دانیشتین، دووشوانیش لەوێ بوون ، ئەوەی گەورەکەی لالۆ ڕەسولیش لـه حەوارەوەی ژوورەکه دانیشتبوو، پیاوێکی تەمەن ماوەندی بوو و ڕوخسارێن لەبەر هەتـا و هەڵگەڕابوو .

لیمۆ بە خوشی بەوه بەسیر هاتنی کرد و پلینەو چراکەی بەرزکردەوه و دانیشت لـه بەر تاڵار لێوەکانی بە یەکدا دا .

چەند لبادێک لەژێریان راخرابوو، فەرشێکی پڕ ڕەنگ و بەحسیر هەڵواسرابـــوو . سەرینیان هێنا تا پاڵ بدەنەوه و، سفرەیان راخست، مەنجەڵەکە قوڵپ دەدا، تەپاڵـەو ئاو مەقڵی یەکه بە بانی دەسوتا . لیمۆ نەفەرەکانی ژمارد و بۆ بەرچاومانەوه لە ئـاوه گەڵا وەکس سەماوەرەکه، مەنجەڵەکەی پڕ کرد قاپەکانی لە دەرو بەری خۆی کۆکردەوه و دەستی کرد بە چێشت تێ کردن .

بۆنی زەرد چەوه و بیبەر و بۆنی چەوری، لەگەڵ بۆنی تەپاڵە ژوورەکەیان پڕکرد، بۆنی گۆشتاوی سوتاو لە ژوورەکەدا بڵاوبووەوه . هەر دوو نەفەر پێکەوه قاپێکمان بەرکـــەوت و ئانمان تێگوشی، لالۆ ڕەسوڵ لەگەڵ منداا بووە، دوو پاروی زیاتر نەخوارد و ئەوی تری بە تەواوی حستە بەردەمی من، لیمۆش لەگەڵ یەکێ لە شوانەکان بووە، ئەویش شتێکی وای نـه

خوارد . بە سەر سورمانەوە پرسیم : ئەنە لیمۆ بۆچی شێوەکەت ناخۆی ؟ لە کاتێکدا بەتوسەوە تەماشای لالۆرەسوڵی دەکرد و سڵی خۆی دەگوشی وتی : دڵم دێشێ دوکتۆر وتوێتی تایبەتی وشە و شلە بخۆم . . . لالۆرەسوڵ گوێی سووک بوو، گۆکەیەکی کرد و بە لیمۆی وت : ئیتر چاک بوویتەوە ، پار نەخۆش بووی، ئێستا باش بوویتەوە . مانگانکم فرۆشت ، چوینە لای دکتۆر (أشعة) مان گرت، دەرمانت خوارد و ئێستاش باشی وا نی یە ؟

لیمۆ لە ژێر لێوەکانی یەوە وتی : وایە .

بەڵام ڕوی کرد، لای من و بە عاستەم بە گوێما چرپاندی وتی : ئەوەندە باش نەبووم . پارێیەت گوێستا و بخۆم تا یەیانی لەبەر تارار دەبێ پێچ بخۆم .

لالۆرەسوڵ کەمەی لۆتنەکەی دەرهێنا ، جگەرە سپێچێنەوە و گەرم هەڵگەڕا : ژن مانگانەی دارەکەم فرۆشت و چوینەشارەوە بە گیانی تۆ مانگانەکە بایی دوو هەزار تومەن دەبوو، شیرەبووە بە ئۆسەڵ ئەمەی فرۆشتمان بپرس، بپرس، دوکتۆرێکمان دۆزیەوە پێشتر جارێنە حەسەنخانەی ژنیر و خوڕشید (یەدشەحەین گەچیان دابێژ . . هەرکاتێک لیمۆ لەو حەبانەی دەخوارد دەڕشایەوە، سەرم سڕما و وتم : با جارێکی تر بخۆم بزانم ئەم چ حەبێکە ڕۆژێک نە خوارد بێ باسمان نە خوارد بوو، سەیرکە خەوارد، خۆشم ڕشامەوە، وتم دیارە سیس مخۆشم ، و پێویستە جیتر (أشعة) بگرم بەڵام خوا کردی باش بوویەوە، بە کوڕی چوین و لیمۆ (أشعة) یان گرت، باش چەند ڕۆژێک دایانەوە من کە (أشعة) کەم دی لە دڵی خۆما ووتم : سوپاس بۆ خوا کە ڕێخۆڵەکانی ساغە بەڵام دوکتۆر تەماشای کرد و ووتی : بریندارە . بۆ ئەوەی پارەمان پێ نەهێڵێ، وتی لەکەڵا کردین ، بەڵێ ئەبێ بە هەر حاڵ مانگانەکم فرۆشت و (أشعة) مان گرت . لیم دەرمانی خوارد و باش بوو، ئێستا ئیتر ڕۆژ بە ڕۆژ باشە (أشعة) کەیان هەر ساوە ، هەموو شەوێک تەماشای دەکم . دوو ساڵە تەماشای دەکم کەچی بڕینم نیا بەڵکو نەکڕووە .

لیمۆ (أشعة) کەی هێنا . . . کەنارەکانی ئەوەندە دەستی بەرکەوتبوو سپی بیوەوە، تەماشام کرد لە پاشانا شوانەکان بە دەستەوەیان گرت ڕو بە ڕوناکی چرانێ سەیریان کرد، شوانی یەکەمیان ووتی : ڕێخۆڵەی مرۆڤە ! شوانی دووەمیان ووتی :

بە قوربانی خوابم . لیمۆ ووتی : دوکتۆر وتویەتی : شیر بخۆرەوە . کەباب بخـــــۆ .
لالۆ رەسوڵ بە تەوسەوە وتی : ((ئەگەر مانگاکەمان نەفرۆشتایە شیرت دەخواردەوە ، کەبابیس مالی خوا پێ داوانە)) کورەکەی لالۆ رەسوڵ وتی : لە حەژتی قوربانـــدا گۆشت زۆر دەبێ ، بۆ حەوت هەر کەباب بخۆ)) لیمۆ وتی : تا حەژت قوربان کێ دەمێنێ . ! لالۆ رەسوڵ باوێشکێکی دا و وتی : ((مانگاکەم فرۆشت و (أشعة) ی سکتم گرت . . ئێستا تیتو باش بوو ، لە أشعەت گرت مانای وایە چاک بوویتەوە . بەڵێ گیانەکەم ، چەند جار گوتم أشعە گرتن مانای ئەوەیە ئاوت تەواو بووە .
ئاوێکی دایەوە چاوی بە نوێکەکانیدا گێڕا ، رای تۆکەی دەرهێنا و کردیەوە لە سەر شیزگەیەکی بێگانە بوو ، دەستی راکێشاو وتی : ئەم نوێنە وەرناگرم . نوانەکان گۆکێـــن و خەریک پاککردنەوەی چڵکی ناو پەنجەکانی قاچیان بوون . کورەکەی لالۆرەسوڵ عەستایە بەر پێ و رۆیشت ، لیمۆ چراکەی کوژاندەوە کۆدکەی کرد ، لالۆ رەسوڵ بیری لە لیـــادە راخراوەکان دەکردەوە .
هەستام وتم : نیگەران مەبە لالۆ رەسول منیش هەموو شەوێک ئەو شوێنە وەردەگرم مالّ ئاوایم کرد و رۆیشتم .

هەوالنامەی کتێب

چیرۆک

بێتینە

. دلشاد عومەر کاکی .

باری ئەوە چیتە . . بۆ وا نەربویت . . ؟

بۆ ناچیتە ژوورەوە ؟

. . . چۆن بینی ئاوەڵەبوو و بە بەیانی چاوی هەڵێنا بەهاتن . خەڵکێکی زۆری سڕپاکیان دابوو . . بە تەمای عارف بوون بێتە ژوورەوە و . . سەرە کاسەکەی ئەوەندەی تر جەنجاڵ بکەن . . .

ئاڵەی هەوزە تۆپەقەیەک عارفی ڕاچڵەکاند ژوورەوە

ـ وەرە عارف خۆت گەرم بکەوە .

+ وەرە شێتە وەرە . .

ـ عارف شێت نیە ئاگاڵە

ـ هەڵگرتنی ئەگیرفانی تۆند کردبوو . . بۆ سەر هەڵبڕینی سەری لە گۆشەیەکی بۆ . هێنگ گیر کرد . ئەوە وەک چۆن کەس میزیکیان دابوو بەر نەفەی پۆلی دۆمینە . عارف لە حاڵەتی نەوومی خەبەردا بوو . . تەنیا بە نەس نەوڕی بوو . . لەگەڵ هەموو نەقیەکەدا ڕای مچەنی و . . دەستی پۆلەکان لەگەڵیدا سەری ئەو دەچەقێنن عارف سەیری دەست و پێیانی دەکرد . . ئاو لەپیان بە زەنگو پوولە زەردەکان سەوز بوبوون . . چەند ئاو و هیمایەکیش لەسەر پشتی دەستیان گۆنزابوو عارف پێدەکەنی، ئاو لەپ و پشتی دەستی ئەوان تیاسایی سەری عارفیان دەپێکا . .

+ ئەوە لەگەڵ جنۆکەدا قسە دەکا

ـ . . . . . !!

کۆنەگیریەکەی عارف لەوە دانەبوو . . لەگەڵ کەسدا هەڵس و کەوتی نە دەکرد لەگەڵ خۆشیا نامۆ بوو . . تەنانەت سێبەرەکەشی دەیویست لە هەڵێدا لێی هەڵبێت و جیا بێتەوە . پاش ئەوەی عارف لە مێزە چۆڵەکە ڕاما، خۆی بۆ کێش کرد وو سەری بە سەردا شۆڕ کردەوە پاندانێکی دەرهێنا .

ئاختۆچ دەنوسێ !!

ئاختۆ کام کەرچشت . . چ بیر و باوەر چنگی لە مێشکی عارف گیر کردووە ؟

لەگەڵ نوسین و ڕەش کردنەوەی مێزەکەدا دەموچاوی گرژ دەبوو . . دەستەکانی دەلەرزین . . هێڵی ڕاست و چەپ . . وێنەی سەیر و تێکەڵاو .

وێنەکان پاس لە چی دەکەن . . ؟

عارف لە چاو تورکانێکدا نەما .

پارچەیەک ساتیکی کەم لەوسەری کۆڵانەکەی بەرامبەر چایخانەکە قەرەباڵغیەک بەرپا خوار بووەوە .

مناڵێک بە دەم ڕاکردنەوە . .

ــ زکارەبا عارفە شێتی وشک کردووە . . عارفە شێت مرد)

خەڵکەکە هاتنە پێش لەبابیانەوە عارف بە چواردەستە هەڵگیرابوو . . هەرکێ بەو شەقامەدا تێ دەپەڕی دەهاتە پێش و سەیرێکی سەر و سیمای دەکرد

ــ باش بوو مرد

هەکوڕە ڕزگاری بوو نەگبەتە نیسواحەتی نەکرد

هەر موسڵمانێ دەهات سەیرێکی دەکرد و ڕەحمەتێکی بە سەر دا دەباران و بەجێی دەهێشت .

لە بەرزگرەوە و دەساو دەستگردنی خێر خوایاندا . . دەفتەرێکی بەر باخەڵی لە کیرفانی بەربووەوە و بە دوایا هەندێ پارەی وەرد

ــ کەس هەڵی نەگرێ خوا ئەیگرێ . .

تەنانەت منالانیش سلیان لە پارە و شتەکانی دەکردەوە

عارف ڕۆشت و ئەو دەفتەرەی بە جێ هێشت، پاشانیش سەر مێزی چایخانەکە . . زاخۆ ئێنە و خەتە تێکەڵاوەکانی پاس لە چی دەکەن . . خوزگە شێی دەکرانەوە)

. . . عارف نۆشتیت . . ؟

لە دەفتەری یادداشەکەیدا نووسیبووی :

« سیروان لە کوێی . . تۆ نەهاتیتەوە . . ؟

باسی دەستگیرانەکەت بۆ تەواو نەکردم ، هاوڕێ پێش ئەوەی سەر بۆ ئەم بنارە بکەیتە کۆچ

لە « گردە نازێ » چ نیشتمانێکی رەنگینت لە سنگا بوو . بۆت گێڕامەوە :

ئوتومبیلەکە لای دایە سەر جادەی خولەکە . . تۆ دابەزیت بە دواتا بالا چناریت هەیەلە

سەرخۆ بەرەو دێی کەتان ملی نا .

« بۆکوێ ئەچی . . ؟

ـ بۆ ئەم دێیە .

سەیرێکی گوندەکەتانی کرد . خانوەکان وەک پشتوێنێک ئاڵا بوونە کەمەری گردەکە

بۆسانەکان بوونەتە کراسێکی قەرسیلی دامانی گردەکە

تایەی مەکینە دوو تووڵە ریگای چاڵ کردبوو هەر یەکەتان بە هێلیکدا دەرویستن پا

فراوان لێنە ئەم بەر ئەوبەری پێ کردن . . لەوساتانەدا دەستی بۆ درێژ کردیت

لێنە ئەم بەر و ئەو بەری پێ کردن . . لەوساتانەدا دەستی بۆ درێژ کردیت ،

دەستیت کرت . . . !

هەنگاوەکانتان جوڕت بوو . .

ماوەیەک بێ دەنگ بوون

ـ بە ماڵی کێ ئەچیت . . ؟

(سیروان کاتێ سەرت بەرزکردەوە ماڵی خۆتانت بەر چاو کەوت)

« بۆ ماڵی خۆمان .

ـ تۆ خەڵکی ئەم کوندەیت ؟

« بەڵێ لە شار دەخوێنم

ـ . . . . . .

« ئەی تۆ ؟

ـ ماموستام بۆ ئێرە ناردراوم .

. . . . . .

فاچه‌کانت هه‌لگرد . . تا له جۆگه‌که‌ت نه‌دا تامی گه‌رانه‌وه‌ت به‌ره‌و کرده نازێ هه‌ست
پێ نه‌کرد . . شه‌یه‌ك به کیانتا هات سه‌یڕیکی ئه‌و به‌رت کرد ، باوکت و که‌ژاڵی خوشکت
ئاویان ئه‌دیرا، تروزیه ئاوه‌که‌ان له‌سه‌ر گڵه نه‌مه‌که لوتبوون . . به‌ین به‌یه‌یس‌زرکه کاڵه‌ك
ئاوی ئه‌زانه ده‌مته‌وه .
ئۆلات دا و ئه‌و ڕۆیشت .
پاشان به‌ره‌و ماڵ بوێته‌وه
فوتابخانه‌ی گوند هه‌ڵه‌ودیو کرده‌که‌وه بوو
ئای له‌و شه‌وه له گڵپه‌ی چۆن ته‌شقێکدا بوری
سیروان . . ئه‌ڵت : ئه‌و شه‌وه نه‌ها گوره‌که له بینمانا بوو . . له‌سه‌ر و ڕۆژه‌وه
ئه‌وه‌نده‌ی تر کرده نازێ لا خۆشه‌ویست تر بوو .
به‌یانی له ماڵی ئێوه لای دا . له‌سه‌ر سه‌کۆ فورینه‌که دانیشت . . ده‌ور ده‌مسمت و
په‌نجه‌ی که‌ژاڵی خوشکت ده‌رونی ساردکرده‌وه .
سیروان ؟ . له‌وه خۆشتر به‌ڵا ته‌وه ئه‌وه‌نده‌ی . . به‌ڵکو عه‌شقه‌که‌ت چه‌که‌ره‌ی کرد ، کاتی
لێیت پرسی ناوت چی یه . . ؟
وه‌ڵی : نازه . . . .
ده‌ڵت ووت : ئه‌وه ئه‌و کچه بوو له مناڵیه‌وه وینه‌یه‌کم بۆ ئێستا بڕو . . ئه‌و کچه بوو به‌سه
تمای بووم . . ئه‌مناسیه‌وه . . ئه‌ڵێی له زووه‌وه ئاشنای بوو . . .)
هه‌ر ئه‌وه نه‌بروشامه‌رگ بیت و له‌سه‌ر له ئاسمان گیرکه‌ی حه‌زت نه‌ئه‌کرد ته‌نها ساتی له
کرده نازێ دوورکه‌ویته‌وه ، ته‌مه‌نی ته‌ڕوزانه گه‌لیک کورت بوون . . ئێواران له‌گه‌ڵ کێ
ئه‌ڵی ئاوایی دا له ده‌شته‌وه ده‌هاته‌وه ، باران گرانه ته‌نکه‌ی به له‌شیه‌وه ده‌نوسان و
ده‌تووت کۆترێکی کێویه هه‌ڵه‌له کیانه گه‌ره‌که‌ی هه‌ڵده‌سا . . . ده‌هاته‌وه و نه‌مه باران
تۆزی له‌به‌ر پێی هه‌ڵده‌سان . . . نه‌وانیش ده‌تبینی ده‌چووه سه‌ربان و خۆی به‌سه
نیشکر ئه‌و مانگه شه‌وه وعه‌شقی تۆ ئه‌شت . .
به‌ڵام سیروان . . کرد یانیته سه‌رباز و خۆی نیشتمانه بچۆله‌که‌تیان ئاوا کرده له دوو
سه‌رکه‌لیان ئاواکردیت و به‌ره‌و ده‌ریای نه‌یان ڕاپێچ دایت . . ئه‌و ڕۆژانه‌ش له‌سه‌ر
بیابانه‌که‌ت کرد بووه خانه‌قای خامۆش‌بوون و سوتان له بێ ده‌نگی دا خۆت ئه‌دایه به‌ر

یادەوەریشتەبێ بەکان و، زۆر جار پەنجەکانت لە لەکەوە وەرئەدا وێنەی سەیرت ئەکێشا جارجاریش وێنەی گوندەکەتان نازە، چیا، هەرد و لێرەوارەکان . .

بەڵام ئەو گەردە لوولە رووبەزووهەڵێ کرد، بە ئێت چوونی وێنەکان ترسێیت لە سیماتسا و پاشان لە قوڵابی تا رواڵێیەر وەک باڵندەیەڵی کێوی دات لە شەقەی باڵ و باوەشت بۆ نیشتمانەکەت کردەوە . . دەهاتیەوە . . بۆن و بەرامەی کوێستان بە دەماختا دەڕژا .. هاتیەوە بە دڵتدا ئەو ڕێگە دڵت لای جانتاکەت بووە دیاری ناو جانتاکەت زوو زوو هێزێکیان ئەدایەوە بەگیانت . . ئەو کراسەی بۆ دایکت کڕیبووت بۆ لەژاڵی خوشکت . . بۆ نازە . . ئەو جارەکە هاتینەوە، (گردە نازێ) لە بەر چاوت عەمبار دیار بوو و دابەزیت و فاجیت بەناو هێڵی وەردەکانەدا نەدەهاتەوە، خانوەکەتان لەبەرچاوت بچوک دیار بوو . . (باران لاپاڵی دیوارەکانی تەنک کردووە و حەوشەکەش لە لیتەدا نووتم بووە) نزیک بوونەوە، گەی کۆترەکانی بەر هەیوانەکە ماڵەڕیان خاموش کرد بوو . . . . . هاتیتە بەر دەرگای کەلەگێ کە سەیرێکی ژوورەوەت کرد جانتاکەت بەلادا کەوت، دایکت لە توڕەی ڕاستێکی زەرد باوەڕا هەنسکی ئەدا، دڵۆپە فرمێسکی قورس بەسەر دەم و چاوە سوورەکەیەوە دەبریسکایەوە لە ناو شەوقی چرا دیوار کۆکانەوە شۆڕبوونەوە بۆ جیهانێکی ترسناک، بۆیان گێڕایەوە کوندەکەتان بۆتە ئاشی خوێن و لاش بیە هەژارەکان . . . . خوێن و ئێسک و کاسەی سەریان بووە شاباشی زرێپۆشەکانی دوژمن . . دەستێک هەلیگیشای وەک دەستی باوکت میهرەبان . . . . باوکت بوو ناسیتەوە . . . . ناوچەوانی ماچ کردیت . . دەت ووت : (دەستەکانی باوکم تا لەناو جەرگ و هەناوی خاکدا هاتبووە دەر، بۆنی گیانەکەمانی پێوە مابوو) پاشان تیشکێک هەتاوی سوور لە شوشە زیرەکانەوە چاوتی کردە گۆمی خوێن . خامۆش خامۆش لە جیهانێکی بێ دەنگدا تەرمی لادێیە هەژارەکانیان بەبەرچاوتا دەهێنا و دەبرد .

کەژاڵی خوشکت بەرەو تۆ دەهات، باوەشت بۆ کردەوە ((لەگەڵ گرمەیەک خۆی هاوینتە باوەشتکانی سەریت بەرزکردەوە کاسە ڕۆکەی دەستی وردەوردە سوور بووبوو))

ئیتر هەر ئەوەندەت پێکرا سەرت بەرزکەیتەوە، دوای هەنگاوەکانت بکەویت . . نەت ئەزانی کێ بکریت بە شایەت . . ناچار بە ڕووی گردەکەدا هەڵزنایت و هەر ئەوەندەت وت : گردە نازێ بە شایەت بە دوژمنێکی دڵرەقمان هەیە .

سیروان ؟ ... کاتێ هاتی بۆ ئەپەنارە، کاتی سەرت لە گوندەکەم ئەشکەوتە کیسو کرد ، سوورتان بە یەکترین ناساندین ، رۆژ لە دوای رۆژ کەللەیەکی گەرمتر ئەم ئاشنایەتیە ئەژدە نیشتمان ، کەسێتی لەوە ئەوەلا ئەبوو سەری بکانە ئابانتی ئەم نیشتمانە، پاشان هەوالت بیست کردە نازی جارێکی تر لە سوورتان دایە ، حەزت ئەکرد " نازە " کلوکسوی بە دامانی گردەکەدا دا سەرکێشەوە ئەو لەبەر ئۆتەو گوندەی جێ ئەهێشت ، سیروان ؟ ئەوە دواجار بوو کە رۆیشتیت لە زێریارێکی قورسدا بەناو دار و دەوەنەکەدا و قیر و ئار لە ژێر پێتا دەمرزی ... بەعاتیتەوە ، ئۆتۆمبێلەو سوورتانە بوو، دوا هەناسەت تێکەڵ بە هەناسەی نازە " کرد و پاشان گردەکەی سێبەر ئۆتۆمبێلەوە و بۆتان ، بوو بە کۆڕ بوونە چەپکێ گوڵاڵە و گوردەکانی روو سوور کرد ... بەعاتیتەوە ، لە مێرێست ئێستا ئەوە و ئێستێکت بە باس بکەم ، سیروان ؟ ئێوەندە ئۆتۆمبێلەکەم بە باسی دایکم و باوکمت بۆ بکەم ، ئۆزگە دایکێکی وەک دایکی ئێوم هەبوایە ، ئۆزگە ئێوەش ئافرەتێ خوێنی لە ئەبەستم ... بەڵام لەسەر لێی ئەپرسیم ، ئەوا ئێرە ئەو ساتەی سێکسەت لەگەڵ چۆلەوانیدا ڕوو ئەکەیت ، سیروان ؟ لەوەک ڕووی ئەو دایکەت لێ ئەتی ئۆی بە مستی ئەو کێژە سپارە ، خوێنیت بە ناوا ئەدەخوازم)) *

عارف ؟ لە دەفتەرێ یادەکانیدا ئەنێکی ناسیارێ خۆی نووسی بوو ، پێش ئەو دایک بووم جەند جارێک بیریان لە کوشتنم کردبووە) .

دایکی عارف بۆ جەژنی نیشانە بۆ ئەزیی خێزانێکی پێ ئەوەت پاشان بوونی عارف دەسی لە باوکی هەڵگرت ... عارفیش سالێک پاش لە دایک بوونی ، لە ئەنیوخانە لە سەر ئەستی فەرانسی هەنیوخانەکەدا ناوبرا " عارف " .

بووە (عارف) ، ڕۆژنی هاتەوە بە خۆی دا لە (١٢) سالی دا دایکی ئەناسی یەوە بە بەر چاوی دا ئەهاتەوە ئەچوو .

، ئەمناوی عارفە !

کە باوکیان بۆ نیشان دا چووە وە لای باوکیشی بە لەقەبی " شێتە " ڕەوانەی کرد و شێتی ، کرد بەلگەی بۆ بەری کردنی ، ئیتر " عارف " گەرایەوە سەری لە نەرنۆی دا پەروەردە کرد و تۆ ڕوانینی بەناو خەڵک دا و پاشان ، سیمای ڕەشی ئەوزمان چاوی سوور کرد و ،

سووتاندنی نیشتمانەکەی بێ نەدەشسارایەوە، ئەمانە هەمووی کۆچێکیان خستە بەر عارف " . هەر زوو هەتا خەڵکی شێنە بێ‌ی فێر نەبوو بوون " عارف " ئافڵانە شێتی یەکەمدا بە کۆڵی داو لەم کێوە لەنگەرگرت، سیروان و هەزارانی تر وەک سیروان هەموو رۆژێک لە ویژدانی عارف " دا تازە دەبوونەوە و ژانی عارفیان . . . خۆینیان نەبووە خۆی و گەللەی عارف ی دەسووتاند .

هەتا "عارف" کێویلە بوو . . . قارەمانانە شەوی دایە پەر و ئاوەدانی لە باوەش دەگرت، تیر لە رێگەی ئازایەتی و هاتنە جۆشی شەرەفی نوردانەبەوە، شۆڕە بووە وە بۆ نار و لادی بە هەر شێوەیەک بووایە دەبووە تۆس و هەزارانی خۆین مژی بێ ئەژوێنراو چرپەی بێ‌ی عارف دەرزی ئازی گیانی بێ ئابڕوەکانی ئەکرد و ماخوڵانی بێ هەڵئەگرتن.

بەڵام عارف ی کێویلە لە شەوێکی سارد و سامناک دا بە جۆراوئەی خۆینی پاکی کۆڵانەکانی شار ئاوپێژ دەکا و بۆنی ئازادی و سەربەرزی بەماڵەکاندا دەریژێ

- عارف ئەوە چی تە بۆ وا بی دەنگی ؟

ئەوە جۆراوگەی خۆینەکەتە . . بۆ دەلەرزی ؟

هەموو گیانت وەک دڵت لێ ئەدا لە لەرزین کەوتی . . سارد بوویتەوە . ئەڵێی بە چوار دەستە مەرزت ئەکەنەوە بۆ جیهانێکی تر، هەست بە بوونی خۆت ناکەیت . ئەڵێی ئەگریت . . ؟ ئۆقف ئەکریاویت .

. . . . . .

عارف نا هەتی نەبوو . (پشتی دیوارەکەی عارفی لێ ئەوتبوو، جیهانێکی پەمەیی رەنگ بوو . . . لەبەر شەوقی پراجیکتۆرەکاندا بەراسیەرەکان . . . لاشەی سەرم و چاوی تێرگرن و قڕی حاو . . . سەریان کرد بوو بە ئاوێک دا و پێکیان پێشکەشی یەکتر دەکرد . . دووکەڵی جگەرە و بۆنی شەراب . . . دەنگی سووتانی لەزەت و خامۆش بوون، لە حەزەکانیاندا . . ئەگەڵ نیازە کڵاوەکانیاندا تێکەڵ دەبوو، لە پەنجەرەکەوە دەهاتە بەم دیوا . . کاسەی سەری عارفیان دەسووتان عارف لە ژانێکی ئەبەدیدا تلی ئەدا و نەواو بێ دەنگ بوو بوو

- عارف ئەوە چیتە . . ؟

خۆینی بربیە پاکەکانت بەسەر پاشماوە و زبڵی جیهانە پڕ لەزەتەکەدا چۆراوگەی

بەست، عارف لە خۆینەکەی وورد دەبوریەوە . . لە چرکەیەکدا کەمتریش لە چرکەیەک.
(تەمەن) سەراپای تەمەن، حۆی پێچایەوە و لاشەی عارفی جێ هێشت . .
عارف : هەستایتە سەر پێ .
هەتا هێزت تیا بوو سەرت کێشا بە دیوارەکەدا . تەنها لاشەکەت لەوێ بوو . . ئیتر گەرایتەوە مۆری (شێتە) یان لێکاند بەو کاسە تاریکەتەوە . دەت ویست زۆر لە خۆت بکەیت کاسەی سەرت نیشانی خەڵکی بدەیت، کەس لەوێنەو حەتە راست و چەپەکانی تۆ نەدەگەیشت، مێزی چاخانەکەت رەش کردەوە . . رۆشتی . . رۆشتی، هەردوو ئەژنۆت کردە نیشتمانێک بۆ خۆت و سەرەکاسەکەتی تیا خامۆش دەکەی، کەچی بە (شێتە) لە رەنگی مێشکت دەدەی، و تۆس دەچیتەوە پشتی جیهانە پڕ لەزەتەکەی ئەوان و . کاسە ژانت لەناو حەز و لەزەت و فاقای پێکەنینی ئەواندا دەئاڵۆزێ و . . سورتانی لەزەتی ئەوان چاوەکانت هەڵدەکۆڵێ، تۆ لەوەخۆ زیاتر پێی خۆراکیرکردن لە زەمینەی پیارەتی گیر دەکەیت . . بەڵا ، دێیتەوە . . جارێکی تر وێنەی سەرکەوتنێکی تۆ بۆ خۆت دەکێشی . . . دێیتەوە کاسەی مێشکت دەکوشی، نیشتمانێکی ئازاد دێنیتە بەرچاوت، و یەکەی سەر مێزەکە حەتە راست و چەپەکان . . . دێیت . . . دەچی بانگ دەکەی . . شێتە . . شێتە . . ئیتر سەرت لەسەر پنتێکی ئەم زەمینە جۆش نەدەی، لەسەر مێزەکە ماوەیەک بێ دەنگ دەبی، پاس چرکەیەت لە چاو تروکاندنێکدا دیار نامێنی، دەڕۆی لەوسەری ڤۆلانەکەوە دێیتەوە

لەو دیو چایخانەکەوە دەوەستی
وەک بینی ئاو دەلەرزیت
دێیتە زوورەوە و . . . . . دێیت
عارف لە هەموو شوێنێکدا دیار بوو . . .

دەرۆیت و لە چرکەیەکدا دیار نەدەما

نوژەڵە / ٢٢ / ٧ / ١٩٨١

چەند سەرنجێکی ڕەخنەگرانە لە چیرۆکی شێتە

- فەرهاد -

ڕووداوی چیرۆکەکە پەیوەندی بە واقعی تێستان نەبووەکەمانەوە یە، مرۆڤە بەرەنگاربووەکان نووسەر پارێزگاری لە ژیان و مانەوە و زیانی خۆیان دەکەن. نەیارەکانیش، وژمێکی ڕەگەزپەرستی بێ ئامانن، بە هەر نرخێک بووە و دەیانەوێت سروشت و سیمای ئەم خاکە بگۆڕن، دەیان پێچ و پەنا دەکەن، گەلێک ڕێگای چەوت و دزێو لەبەر دەگرن، دەیاندوێت خەلکی ئەم وڵاتە هەر بەندە و دەست بەسەر بن، ئەستێرەیان کوژاوە و هیوایان خەفە بێت، بەڵام ئێستا بەدژایی مێژووی ئەمان و هەموو سەرکەشێ، زۆردارێکی تر، لەرووی ئاگر و ئاسنین دا، خۆیی سەر هەبووە، مرۆڤی جوامێر و خەبتگێڕ ڕێگای لێ گرتوون و، گەلێک جاریش چۆکی پێدا داون.

کە ئەم مەبەستە پیرۆزە دەکەوێتە ناو چوار چێوەی کارێکی هونەریەوە، کەمەسە دەبێتە دەربڕین و گەیاندنیش لە زمانی ئاسایی دەردەچێت و دەبێتە ئوسلوب، زمان و تەکنیک و وێنە، وە ئەوسا کارەکە بەئەندازەی مەزنی ڕووداوەکە گەورە دەبێت و جۆش دەخوا وەستایی و هونەرمەندی دێتە گۆڕێ و قسان بوون و کارامەیی گەرەکە، چونکە تەنیا شێوەی دەربڕینە کە مەبەستێک لا گەورە دەکات، یان بە پێچەوانەوە، هەموو کارەساتێکی مەزن لەسەر ئوسلوبی بچووک و نەدارا وون دەبێت و هەروەک ئوسلوبی بێ ناوەڕۆکیش مەرجێکی گەورە لە دەست دەدات.

"سیروان" لاوێکی فوتابیە دانیشتوی

گوندی ـ گردە بازێ ـ یە، دڵی بە "نازە" داوە کە لێڕێکی ماموستایە لەوی بەکرێیان خوێندەوێت، لەگەڵمەی دڵدار و ئەوینداری ناوی سیروان بۆ سەربازی دێت و بەردەوام دەبڕێت، بۆیەش جار کە دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ بارەگای نازە و خوشکی دەکڕێت کە لە گوندەکەیان نزیک دەبێتەوە چی ببینێت! ـ گردە بازێ ـ بۆتە وێرانە، ڕۆژمی هاتۆتە سەریان و ڕۆژی لەو گوندە بە هەزاران شەهید کردووە، تەواو ئەزانێ خوشکەسی سیروان و دایک و باوکی . ئیتر سیروان هەوداری خۆی لەسەر دەداتەوە و دێتە پێشەوە و ناچارێکی تر دەبێتەوە لە ـ گردە بازێ ـ بەر سووتان کوێرەوە، خۆی ئاگرێ و بەدەنگ نازەی دڵداریدەوە دێت و بەڵام ئەمجا نازە و سیروانیش نیا دەچن بۆ (گردەکە دەمیان بۆ دەکاتەوە و دەبێتە کۆڕیان) .

تا ئێرە و دراماى چەلەنگی وخۆشەویستی سیروان کوتایی دێت، ئەم بەسەرهاتەی سیروان لە دەفتەری بەر باخەڵی ـ عارف ـ ناوێکا نووسراوەتەوە کە پاش مردنی بەردەست دەکەوێت .

"عارف" ناوێک (پێش لە دایک بونی چەند جارێک بیریان لە کوشتنی کردۆتەوە و دایکی بۆ ئارەزووی بەزمی جیهانێکی پڕ لەزەت دەستی لە باوکی هەڵگرتوە و ئەم خراوەتە هەتیوخانە، پاش سالێک لەسەر دەستی فەراشێکی هەتیوخانەکە ناونراوە ـ عارف ـ پاش ١٢ سالێش کە دەچێتەوە لای باوکی، لەقەبی هێنەی ئەداتێ و لە هەموو شتێکی پێ بەری دەکات، عارفیش بۆ ئەوەی خەڵکی بە شێنە پێ ک نێر نەبن، ڕۆژ لە شار دەکات و دەبێتە پێشمەرگە، لەوێ دەبێتە هاوڕێی سیروان و هەزارانی تری وەک ئەو فنار ماناەیش تەواو بۆ ناو مۆڵگای ڕۆژمن لە شار و لادێکاندا شۆڕدەبێتەوە، دەبێتە ترسێک و هەزاران خوێن مژ دەتۆقێنێ تا لە شەوێکی سارد و ساماکا لە شارێبندار دەدرێت، بریندەکەی کارێگەر، عارف لە حوێنەکەی وەڕ دەچێتەوە لە چرکەیەکدا کەسێیش لە چرکەیەک ـ تەمەن ـ سەراپای تەمەن خۆی دەپێچێتەوە و لاشەی عارف جێ دەهێڵێت)*

پاش ئەمە چیرۆک نووس بە چەند وێنەیەکی خەیاڵی بەردەوامی عارف پیشان ئەدات و ئەیکاتە ڕەمزی مانەوە .

چیرۆکی شێتە لەکەسانەوە دەستێ دەکا، ڕووداوەکانیش پەیوەندیەکی دینامیکیان پێ یانەوە هەیە، وانا ئەتوانیت وەک زاراوەی ئەدەبی چیرۆک، کەسان ـ ی نا و بنێین نەک ڕووداو، هەر بەکۆتایی هاتنی

کەسەکانیش کارەسات دوایی پێ دێت .
هەر جی بنەرەتیش لە چیرۆکی وادا دەرخستنی هەمە لایەنەی کەسەکانە ، وەک سیمای کۆمەڵایەتی ، سیفاتی تایبەتی وێژەوەتی چینایەتی ، بنەمای فیکری و هەڵس و کەوتیان لە و روانگەیەوە .

وەک لە پوختەی رووداوەکە دەر ماڵخست سیروان زۆڵەیەکی جوتیارانە ، لەناو کۆمەڵگای ئازارو ستەمی نەتەوەکەیدا ـ بە حوکمی جیگای جوگرافی و ئینتمای چینایەتی ـ دەژی ، زۆڵەی جوتیارانی کوردستان لە سەرەتای بەر پابوونی شۆڕشەوە دەستە چیلەی بڵێسەداری ئاگری شۆڕش بوون ، چونکە لە و راستیە گەیشتوون کە دژمنانی نەتەوەکەی ، وانە دژمنانی زەوی و ژیانی مادیشیی ، ئەوانەی پەیوەندی دەرەبەگایەتی بۆ دروست دەکەن و ، گیانی دەست بە سەراگرتن و حەوساندنەوە زیندوو دەکەنەوە ، ئاغا و سەرمایەدارەچاو چنۆکەکان دەکەنە دار دەست و گوللەیان بۆ ئاراستەی سنگی کرێکار و جوتیار دەکەن ، دەیان کەنە جاش و سیخوڕ و باری کوشتن و وێرانکاریان بە کۆڵ ادەدەن .

کەچی ـ سیروان ـ دەپاڵەوانی ئەم چیرۆکەیە ، لەم مەسەلانە بێ ئاگایە ، رۆژێک لە رۆژان ـ وەک لە دەقی چیرۆکەکەدا دیارە ـ نە بیردەکاتەوە و ، نە سووتان و کوشتن و شۆڕشی بە خەیاڵدا دێت ، ئەی چۆن دەبێتە پێشمەرگەیەکی چەلەنگ ؟ لەبەرئەوەی کاتێک لە سەربازی بۆوە ، دوژمن هاتۆوەتە سەر گوندەکەیان و باوک و دایکی و خوشکی کوشتووە . کەواتە بریاری سیروان بۆ چوونە دەرەوە و بوونە پێشمەرگە ، حاڵەتێکی هەڵچوی کاتیە و پەیوەندی بە مەسەلەیەکی حەتمی ، یان موتڵەقی بیری سیروان نیە ، یاخود وەک زاراوەیەکی فیزیاوی دەبێتە کار و کاردانەوە ، کە کارەکە نەبوو ، ئاسایی کاردانەوەکەیش نابێ ، کەواتە دوژمن ناسینی سیروان نەبیا لە کۆڵ و رۆژنەی تایبەتیەکانی خۆیەوە نەک کشتی ، بۆیە هەر لەوکاتەیشدا دێتە قسەو دەڵێت : (گردەنازێ بە شایەتبە دوژمنێکی دڵرەقمان هەیە) .

ئەگەر چی ئەمە ناکاتە ئەوەی سیروان پێشمەرگەیەکی چاک و خوبەخت کەری لێ دەرنەچێت ، یان کەمتەرخەمی بکات چونکە هەندێک جار بە درێژایی مێژوو یەک حاڵەتی ئینسانی یان کارکردێکی کاتی و پاڵەپەستۆ یەکی دەروونی ، کاری گەورە و گرانیان بە ئەنجام داوە ، ئەگەر چی زۆر جار یش بوونەتە هۆی شکستی و پەشیمان بوونەوە .

لە پوختەکردن و رێک و پێک بردنی ئەم رێبازانەدا زیاد لە هەموو شت ئایدۆلۆژی

سنوور ده‌کیش و چالاکیه‌کان په‌ل کیس ده‌کات . هه‌روه‌ها په‌یوه‌ندیان به حیکا و کات و کومه‌لگاوه هه‌یه بیجگه له‌و سلوکانه‌ی که هه‌ندیک جار به دریژایی ته‌مه‌نی مروڤیک گورانی به‌سه‌را نایه‌ت یان کومه‌لگا که‌متر ده‌توانیت بیشیوینیت . له‌باری پوخته‌یی و رابه‌ری‌کردندا کاره عه‌قه‌ویه‌کان ده‌که‌ن، ئه‌گه‌رچی وه‌ك وتمان هه‌ندیک جاریش ده‌بنه شت به‌لام ناگرینه ریساو ریباز .

که‌واته وه‌ك ئه‌نجامه‌ که‌ینه ئه‌وه‌ی سیروان به دوای ـ توله ـ دا ویله که پیویست بوو خوه‌حتکردنه‌کی له‌باوه‌ر بوون به مه‌سه‌له‌ی ره‌وان ته‌ووه‌کی و به‌لاچوونی ستەمی چینایه‌تی و نه‌ته‌وایه‌تیه‌وه سه‌ری هه‌لبدایه . ـ عارف ـ یش به لایه‌نیکی تردا هه‌ر سیروانیکه ئه‌وپه‌ری کرد ساینولوجیه‌کان کرد وویانه‌ته پیشه‌رگه (ته‌مه‌نی یه‌ك سالان بووه دایکی ده‌ست به‌رداری بووه له هه‌تیو خانه‌دا پیگه‌یشتووه له‌ته‌مه‌نی ۱۲ ساليدا باوکی ناوی شیته‌لی ناوه‌و له هه‌موو شتیکی بی به‌ری کرد ووه له ژیانیا ئاوه‌تیك خوشی نه‌ویستووه)

ئه‌گه‌رچی نووسه‌ر له رسته‌یه‌کدا که عارف له‌به‌ر (سیمای ره‌شی دوژمنان و سونا نی نیشتمانه‌که‌ی) ده‌چیته ده‌ری به‌لام هه‌ر پاش‌ئه‌وه ده‌لیت : (هه‌ر زوو هه‌تا خه‌لکی به شینه‌ پی‌ی فیر نه‌بووبوون "عارف" ئاوا نه شیتی یه‌که‌ی دا به‌کولی دا و له‌م کیوه له‌نگه‌ری کرت

که‌واته ئه‌میش به دوای له‌به‌ریه‌که‌دا ئه‌که‌ریت ئه‌ویش لای ئه‌و پیشه‌رگایه‌تییه دیسان ئه‌مه‌یش ناگاته ئه‌وه‌ی عارف پیشه‌رگه‌یه‌کی زرنگ و خوه‌حت‌نگر نه‌بیت وه‌ك ئه‌نجامه‌که‌ینی وا ده‌شکینه‌وه به‌لام پیشه‌رگایه‌تی‌خوی له خویدا ـ اختیاریکی ـ جوامیرانه و نه‌وازه‌یه بوون و کیانیکی سه‌ربه‌خویه نه له‌به‌ر هیچ شتیکه و نه بوشایی پرکرد نه‌وه‌یه ، که‌ینتنه به فه‌لاسه‌تیکی زیان که هیچ کاریکی له‌گه‌ره‌بی دا ناگاتی . ئه‌ویش‌که به‌راستی ی ئه‌گات نه بیری لای تولەی نایه‌تی ده‌مینیت له مه‌ستیکی خویدا .

له‌و بابه‌ت چیروکه‌دا که نایه‌تییه به باریکی دیارو به‌ره نگاریکرد نه‌وه ره‌که‌زیکی سه‌ره‌کی هه‌یه که ئه‌ویش به‌گرداچوون و کیشه‌ی نیوان دوو که‌یزه هیزی چاکه وهیزی خرابه ده‌بیته ـ دراما ـ وه‌ك هونه‌ریش به‌سیکه له‌به‌سته‌وه‌ی خوینه‌وار به کاره‌ساته‌که و هارمونییه‌تی هه‌موو ره‌که‌زه‌کانی تره‌وه واته پیوه‌ندی و هه‌لس‌و که‌وته‌کان که‌شه به رووداوه سه‌ره‌کیه‌که ئه‌دەن رووداوای ته‌ره‌کی تیا ئه‌تویته‌وه . لیره‌دا مه‌به‌سته سه‌ره‌کیه‌که ـ کیشه‌ی نیوان دوو هیزه‌که ـ

یان دەرخستنی عەدالەت و ناعەدالەتی شەر لە دوو روانگەوە یا پیداکرتن و سوور بوون لەسەر مەسەلەیەکی رەوا هیچ لەمانە زان نییە . کە لە خویندنەوەی چیروکەکە دەبیتەوە زیاد لە هەموو شت خوشەویستی نیوان سیروان و نازە و شیتیتی عارفت لا دەمینیتەوە نەک کیانی قارەمانییەتی ئەوان و رۆڕوستەمی دوژمن کە ئەمە مەبەستەی بەرهەکەیە .

بەڵام من مەبەستی سەرەکی لەم بابەتەدا نەبی دەرخستنی دژواری نیوان راست و درو یان هەق و ناهەق بیت ئەوسا خوشەویست کردنی ئەو لایەنە کە راستی و هەق دەپارێزیت و ریسوا کردنی لایەنەکەی تر ئەمیش لەبەرهەمی ئەدەبیدا بە تایبەتی چیروک لەوینەی هەستپێکراوەکان بزاوتەی زیندووەکانەوە دەدەکەویت . چوونە سەر گوندێک و کۆشتنی خەڵکەکەی کارەساتێکی ئامناکە بەڵام لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا ناکاتە هیچ ئەگەر نووسەر نەیتوانییبێت بەرجەستەی کاری نامرۆڤانە و رەوشتی نزم و کردەوەی ناجوامیرانەی دوژمن بکات گرنگ ئەوەیە چون نووسەر وێنەیەک پیشانی خەڵکی بدات کە نەفرەت لەو دوژمنە بکات هەروەها شە هید کردنی پیشمەرگەیەک ـ لە کاری ئەدەبیدا ـ ئەو دەنگ و هەڵاندنەی نابی ئەگەر نووسەر نەیتوانییبێت یان نەیزانییبێت چون چەکی بداتە دەست و چونیش شەهید بوونەکەی بکاتە دراماێەکی تراجیدی رەگەزی هەرە سەرەکیش لە چیروکدا بوئەم لایەنە ـ حەرەکەیە ـ نەک قسەی رووت .

ئەگەر چی نووسەری ئەم چیروکە لە هەندێک شوێندا ئەو وێنە زیندووانەی داوە وەک لە مردنی خوشکەکەی دا و شەهید بوونی ـ عارف ـ دا .

لە شی کردنەوەی رووداوەکە وەئەو دەرکەوت کە ئەم چیروکە دوو رووداو دوو پاڵەوانی سەرەکی هەیە ئەگەر چی نووسەر توانیویەتی پێکیانەوە ببەستێ بەڵام ئاخر کورتە چیرۆک کە ماوەی رووداوی چەند چرکەیەکە و ئەدەبی ساتیە ئەکریت کولی وا قورسی پێ هەڵبگیریت ؟ بەتایبەت کە دەرکا کردنەوەی نووسەر لەسەر عارف دا خستنەوەیەکی ماندووکەری دەوێت چونکە خوێندەوار بەرە و رووی توپەڵێک پرسیاری سایکۆلۆژی دەبێت کە پرە لە کەرەسەی (کۆی مندالی وهەست بەکەمی کردن و پێ بەریتی لە خوشەویستی و لە سەروو هەموشیەوە شیتیتی) .

پێویست نەبوو نووسەر ئەم ـ جزئیاتانە ـ بخاتە کۆری چونکە کاری چیرۆکیکی کورت کە بە نیازیکی تر نووسرابێت ئەمە نیە . بۆ نمونە :

١ ــ دایکی عارف بو وازی لەباوکــــی هینا ؟ کوایه بو (حەز و خوشی دنیا بــو بەزمی جیهانی پر لەزەت) جا کی دەلیت باوکی عارف ئەمانەی نەبووە وە نووسەر لــە م بارەوە هیچی نەوتووە !!

٢ ــ عارف بو ئەخریتە هەتیوخانە ؟ خــو باوك و دایکی ماون بەپی‌ی شەرع و یاسای ئەدریتە یەکیکیان .

٣ ــ عارف بو شیت دەبیت یان بــــو پی‌ی دەلین شیتە ؟

٤ ــ بو باوکی بی بەری ئەکات ؟ نووسەری کورتە چیروك یەك حالەت ئەکریت و لەسەر یەك خەت بوی ئەچی . زۆریــــجونی رووداو و پالەوان و پرسیار جی هیشتــــن سەری چیروکەکە بو رومان دەبات و ئەمینیان شتیکی تره .

سەرەتای چیروکەکە بە راناوی کەســـی سیهەم دەست پی دەکات پاشان بــە هوی خویندنەوەی یادنامەی ناو دەفتەرەکــــەی عارفەوە کیرانەوەکە دەچیتە سەر زمانی ـ کەسی دووەمی تاك ــ پاشانیس دەبیتەوە بە کەسی سێیەم .

ئەم گۆڕانەوەیە وەك بەشێك لە هونــەری چیرۆك نووسین سەرکەوتووە ، نووسەری ئــــەم چیرۆکەش ــ گەرچی لەوە دەکات تاقیکردنەوە. یەکی زۆری لەم بوارەدا نەبیت ــ بــەڵام ئەندازەیەکی باش بە دەستیەوە هاتووە ئەوەی کورتی هێنابێت لەم لایەنەوە ئەوەیە کە لــــە کاتێکا گێڕانەوەکە دێتە سەر زمانی کەســـی دووەم نووسەرناوی کەسەکە دەبات وەك :

(سیروان . . .باسی کردە نازێت بۆ کرد) یان (سیروان کاتێ چاوت بەرزکردەوە مالێ خۆتانت بەر چاو کەوت) یان (سیروان . . لەوە خۆشتر بەڵاتەوە ئەوە بوو . . .) وکەلێك نمونەی تری وا .کە لە راستیدا ئەو نــــا و هێنانە لە کاتی بەکارهێنانی ئەو راناوانەدا بۆ هەموو شوێنێك ناشێت، بۆ ئەمەیــــان راناوی ــ تۆ ــ یان جۆری دارشتنەکە بــــە راناوی لکاوی کەسی دووەم دەگریت،چونکە بەرامبەرەکەت ئەگەرچی راستی کەسی دووی بۆ بەکار دەبەیت بەڵام خۆی لەوێ نیە، ناوهێنــان لەو حالەتەدا تەنیا دەکەوێتە کاتی نالەیەکی دەروونی ـ مناجاە ــ ی پالەوانەکە ،ئــــە و کاتەی کە لە شێوەی گێڕانەوە راستەوخوکــــە دەردەچێت و کە سەکە لە وپەری ســــزا و حەسرەتایە .

پەتای کەوانە کردنەوە وەك هەندیك لە چیروکنوسانی تومان . تووشی ئەم برادەرەش بووە ، کەوانەکە بۆ ــ مەنەلۆژ ــ یان ــ تداعی زیاتر دەگێتەوە ، پەیوەندی یان بە حالەتــی شعور و لا شعورەوەیە و رەمەکی دانانوێ ، ئەبێت نووسەر دوخێکی سایکۆلۆجی وای بــۆ

پاڵەوانەکە دروست کرد بێت کە گەیشتبێتە ئەو بارەی بە ڕابردوودا بچێنەوە، یان ڕاوێژ لەگەڵ خوێدا بکات. نووسەر هەندێک جار گەوانەی بە نیازی مەنەلۆژ کردۆتەوە کەچی بەشێکە لە گێڕانەوەکە.

زمانی چیرۆکەکە هەر سێ زیاتر دەبێت، چونکە لە ئەدەبدا بەشێکی هەرە گەورە، یان وەک وترا وە بڕیەی پشتیەتی کەلێک جار زمانی پووچت و ڕەوان شفاعەتی هەدیێک کەم وکوڕی جیرۆت دەکات. بە پێچەوانەوە کە زمان پاراو و دڵگیر نەبوو، لە یاسا لایدا، ئار لەسەرجەم بەرهەمەکە دەکات، بە تایبەت زمانی چیرۆکی ئەهمەردەمە برتیە لە تەفینەوە و ڕستەی چڕ ڕبڕوسکەیی، کە لە خوێدا گەشەدانێکی تۆزە بە ڕوودا و بەرەو ترۆپک بردنی. نووسەری ئەم چیرۆکە، کاک دڵشاد کاکی لای من هێشتا سەرەتای نووسینەتی، لەم لایەنەوە هیوای چاکتری لێ دەکرێت. بەڵام هێشتا کەم وکوڕی تیایەو، پێویستی بەوەیە زیاتر ئاگاداری زمان بێت کشتی وزمانی چیرۆک نووسین بە تایبەتی بێت.

بۆ نموونە یەکێک لە ... ی ڕستە لە زمانی نووسین دا، دواکەوتنی فرمانە ئەمە بە پێچەوانەی زمانی عەرەبی و ئینگلیزی. کەچی نووسەر پەیڕەوی ئەم لایەنەی نەکردووە بۆ وێنە دەڵێت: (خانووەکان وەک پشتینێک ئاڵا بوونە کەمەرەی گردەکە) یان (بووە عارف و هۆشی هاتەوە بە خۆیدا) یان (نەی ئەزانی کێ بکرێ بە شایەت) کە ڕاستی ئەم ڕستانە بەم شێوەیە:

(خانووەکان وەک پشتێنێک بەکەمەری گردەکە دا ئاڵا بوون) وە (بووە عارف و هۆشی بە خۆیدا هاتەوە) وە (نەت ئەزانی کێ بە شایەت بکرێ).

لە دواییدا دەڵێم کە کاک دڵشاد کاکی بەهەمەر چیرۆک نووسینی تیایەو، ئەگەر لەگەڵی دا بڕی، بۆی بسوتێت پاشە ڕۆژێکی گەلێک ڕوناک چاوەڕوانیەتی.

ڕەخنە

چیرۆکەکانی ژمارەی پێشوومان خوێندەوە

کاکە باس

هەنگاوانی سەرهەنگی کوردەواری بە گشتی وەئەدەبیاتی بە تایبەتی لە سێبەری شاخ و لوتکەکانی کوردستانی خۆیناوی و لە پەنا تەنگەکانی چیمەرگەی خەبات و گوڵ نەدان و لە بواری ڕوو بە ڕوو بوونەوەی جەنگی دەستەو یەخە لەگەڵ دوژمنە فاشستە داگیرکەرەکانی وڵاتەکەمان وەلە بەرانبەر ڕەوت و کز و لاواز و سیمەوەبوونی ئەدەبیاتی بەرد وکەڵێ ڕەش و ڕۆڵکی، دەسەڵاتدارە خوێن مژەکانی ئەمڕۆی عێراق، بمانەوێ و نەمانەوێ لەخۆیەوە حولقاندن و کەڵاڵەبوونی زەمینەیەکی ئازادی و سەرفرازییە کەوا ئەمڕۆ شایەنی تەنگ و مەرگ لە سێبەری پێشمەرگە و شۆڕشدا، نووسەرە پێشمەرگەکان بەرهەم و نووسین و دەمەتەقێ و پێچوونە هەرەمێ و ویژدانی یەکانیان بکەنە چەپکە گوڵێکی بۆ گەرد و لە بەرگی نووسەری کوردستاندا پێشکەش بە سەرتاپای خەڵکی کوردستانی بکەن.

لە پیداچوونەوەی ژمارە دووی گۆڤارە بە نوخەکەی "نووسەری کوردستان" داهاتوو چیرۆکی کوردی و چیرۆکێکی وەرگێڕدراوی نووسەری بەرزی سوفیەتی، مەکسیم گۆرکی خۆیان لە هامێزی هەردوو بەرگی گۆڤارەکەدا گەرم کردۆتەوە، دیارە ئێمە دەرهەق بە چیرۆکە وەرگێڕدراوەکە، هیچ دەمەتەقێیەکمان نییە و خۆمان لەقەرەی نادەین وەئەوەی جێی مەبەستمان بێ چیرۆکەکەی کاک (عەبدولقادر) ە بەناوی "خەتی ڕاست و چەپ" لەگەڵ چیرۆکەکەی تۆرە، لە ژێر ناونیشانی (بەردەباز) کە لە نوسینی کاک

هەڤاڵ كۆیستانى یە .

ئەوەى پێویستە بیڵێم ، وەك من ئاگادار و تێ گەیشتبم ، هەردوو چیرۆك لە ڕۆژانى ژیانى پێشمەرگایەتى نووسراون وئەم دووبرا نووسەرە شان بە شانى تفەنگەكانیان لە تەك ئەرك و فەرمانەكانى سەرەكى ڕۆژانەى ئیش و كارى شۆڕش و سەر قاڵ بوونى بێنە و بەردەڤ ئێرە و ئەوێ ، هاتوون جوامێرانە قەڵەمەكانیشیان لەبوارى ئەدەبى و نووسینى هونەرى بەكار خستووە ، وەك نووسەر و ڕوشنبیرێك لە ڕازاوە و دەوڵەمەند كردنى ناوەڕۆكى ئەدەبى كۆفارەكە بەشدارى یان كردووە . . بیانەوێ و نەیانەوێ هەردوو چیرۆكەكە بە ڕادەیەكى زۆر چیرۆكەكەى كان كۆیستانى ، كە هەمووى هەر ئوسلوبى كێڕانەوەى پێوە دیارە كێڕانەوەى ژیانى پێشمەرگایەتى وەشەن و كەوكردنى هەوراز و نشێوى تاڵ و تفتى و نزیك لە هەموو شتێكى ناخۆش ، تەنیا خۆشى نەبێت . پێشمەرگایەتى تەك هەر بەواتاى چەك هەڵگر ، بە واتاى خەبات كردن و ڕوو بە ڕوو بوونەوەى سیاسیش لەگەڵ فاشستەكاندا

بە خوێندنەوەى چیرۆكى " ڕاست و چەپ " دا ئەوەمان لا ڕوون بووەتەوە كە وا ناوكى سەرەتاتكێ ى وشەكان لە دەربڕین و یەكالاكردنەوەى ڕووداوە یەك بە دواى یەكەكان ، بابەتى سەرەكى بۆ ئاى نووسەرە ، ئەو خەتە ڕاست و چەپەى كردوتە ڕەمزێكى سەلبى و وەك مۆتەكەى چارەگران لەبەردەم كاروانى سەرجەمى داخوازى یە ئەدەبى و سیاسى یەكانى گەلەكەمان جێ پێ ى فایم كردووە ، جا هەرچەندە لەسەرەتاى چیرۆكەكەوە كاك فەرەیدوون زۆر تا كەم لەبوارى ناوهێنانى شیعر و پلان گرتن لە شاعیران و ڕوونكردنەوە بۆیان ، هەر وەك لە بڕگەیەكى لاپەرەى (٦٦) ى كۆفارەكەدا دەڵێ (ز ـ كەو تا ئەڕى بە ئازادى ئەخوێنێ .. بەڵام شاعیرى كورد تا نەبێتە یاوەرى كەو كۆیستان هەر بە دیلێتى ئەڕى ۰)) .

نووسەر لە سەرەتاى دەست پێ كردنى چیرۆكەكەیەوە وەك من تێ گەیشتبم بە سەرەتاى دەست پێكردنى ژیانى پێشمەرگایەتى خۆى دەرگاى بۆ بوارى بیر و بۆچوونەكانى خۆى بە هۆنینەوەیەكى زیاد لە پێویست ڕومانتیكیانە خستۆوەتە سەرگازى پشت و دواى بەبێ موناسەبە و خوڵقانى جەوى ڕەخساو هاتووە ڕووداوى ترى تێ هەڵكێشكردووە جا وەنەبێت من لە زادەى بیرى خۆمەوە بەڵگەنامەى ڕاستى بۆچوونەكەم بۆ خوێنەر بهێنمەوە ، بەڵكو پەنجە بۆ ناوەڕاستى چیرۆكەكە و چۆنیەتى دەرچوونى لە گێڕانەوەى ڕووداوێك و چوونە ناو بابەتێكى تر بەبێ ئەوەى بتوانێ وا لە خوێنەر بكات لەكاتى

خۆیند نه‌وه‌ی سه‌رتاپای چیرۆکه‌که نه‌چڕیت، له‌مه‌ش زیاتر نووسه‌ر به شێوه‌یه‌کی دەست کردانه هاتووه به هه‌وه‌نته خۆی خستووه‌ته هه‌ڵه‌یه‌کی ئاشکراوه که ئه‌ویش له‌م ڕووفه‌می ژیانی پێشمه‌رگایه‌تی هه‌موومان له‌وه ئاگادارین ، هه‌تا پێشمه‌رگه له ناوچه‌کانی خواره‌وه به دوای کەس و کاریان نه‌نێرن بۆ دیده‌نی و چاوپێکه‌وتن، ئه‌وه هه‌رگیز کەس و کاری پێشمه‌رگه نه له‌خۆیانه‌وه زاتی ئه‌وه‌یان ده‌بێ که له‌م و ئه‌و سۆراغی کەس و کاره‌کانیان بپرسن ، نه ڕووفی سیاسی و عه‌سکه‌ری کوردستانیش له‌و ئاستەدایه که کەس و کاری پێشمه‌رگه بەبێ ترس له‌م گوند بۆ ئه‌و گوند به دوای ڕۆڵه‌کانیان‌دا مشوور بخۆن، به تایبه‌تیش هیچ پێشمه‌رگه‌یه‌ک نه‌بووه و نابێ که به‌بێ دانانی مه‌وعید و شوێنی دیاریکراو به دوای ده‌زگیران و کەس و کاری بنێرێ . بۆیێ ده‌بوایه نووسه‌ر وردیای ئه‌م ڕاستی‌یانه ببوایه به‌م جۆره چیرۆکه‌کەی له ئه‌نجام‌دا تووشی سه‌رکەردانی نه‌کردایه . .

کاک فه‌ره‌یدوون له سه‌رێکه‌وه بۆ هه‌ڵبژاردنی ناونیشانی چیرۆکه‌که و دوایی گرێدانی به‌مه‌سه‌له‌ی ڕه‌تکردن و سانسۆرکردنی به‌رهه‌مێکی ئه‌ده‌بی، له سه‌ره‌تاوه نه‌خشه‌ی پیلانێکی زۆر گەش و سه‌رنج ڕاکێشه‌ر و پڕ به پێستی ناونیشانی چیزۆکه‌که کێشاوه و بڕه‌بڕه له‌گه‌ڵ ڕه‌وتی خه‌بات و به‌رگری کردن و چۆک دانه‌دانی به‌ستۆوه‌ته‌وه و له ڕێگای به‌کارهێنانی ووشه‌ی ناسک و تەڕ و دارشتنی به ئوسلوبێک پڕ له زه‌وق و چه‌شنه‌وه، وا هه‌ست به خۆینه‌ر ده‌کات که له به‌رده‌م خۆیند نه‌وه‌ی چیرۆکی پڕیه پیست دایه .

به‌ڵام کاکی نووسه‌ر وه‌ک ده‌رده‌که‌وێ گه‌ره‌کی نه‌بووه ، سه‌ره‌تای شته بچوکه‌کان بشاته چوونه ناو باوه‌شی ڕووداوێکی گه‌وره و چاره‌سه‌رکردنی به شێوه‌یه‌کی گونجاو چاوه‌ڕوان نه‌کرا و به‌ڵکو تا ڕاده‌یه‌ک هه‌روه‌ک له کۆتایی هاتنی چیرۆکه‌که ده‌یبینین ، خۆینه‌ری چه‌واشه کردووه و کەس و کاری شه‌هید (هیوا) ، خستۆته ناو چوارچێوه‌ی کۆشکی له‌بیرکردن و خود زینه‌وه لێ‌یان .

پاڵه‌وانه‌کانی چیرۆکه‌که له چیروک نووس‌خۆیه‌وه بگره تا ده‌گاته شه‌هید هیوای نه‌ده‌یتراو و کاڵێ‌ی چاو جوانی به‌رده‌م ووشه‌کانی نووسه‌ره‌وه خراونه‌ته‌وه ، چیرۆک نووس له‌مه به‌رگی ووشه‌کان چی ویستبێ وای دووانده‌وون و زه‌مینه‌ی ئه‌وه‌ی بۆ خۆش نه‌کردووون که‌وا له هه‌وارگه‌ی دڵێ پڕ له‌ژان و ژوونی خۆیان ئه‌وه‌ی گه‌ره‌کیانه ئه‌نجامی بده‌ن .

هەروەها لە پەراوێزی پیادا چوونەوەی واتای وشەکانەوە نا ئومێدی لە قورگی هەندێ
ووشە ڕستەی نووسەر بەرامبەر کەڵکەڵەی بیر و شتەکانی ناو چیرۆکەکە خۆی هەست پێ
دەکەین . . . وەک لەم ڕستانەی خوارەوە هەستی پێ دەکرێ :

" ئازاد کە تاریکی ئەو بیرە فۆلەی لێکدانەوە . . . . . لاپەڕەی (٦٦) ی گۆڤارەکە

" هەڵی گەڕۆکی کیانمی کێڕایەوە قەفەسی دەروونی تاریکیمو . . . هەمان لاپەرە

زمانی چیرۆک نووس زمانێکی زۆر ڕەوان و سادە و ساکاری کوەڵانی خەڵکە و دوور لە
بەکارهێنانی هەندێ ووشەی بەشان و باڵ و باق و بریق و تەنتەنات بە وشە پاراوەکانی
شوورەیەکی سەوز و تەڕ و سەرنج ڕاکێشەری بۆ ناوەڕۆکی چیرۆکەکەی دارشتووە و بەڕای
من ئەم جۆرە ئەدەبیاتە هەر چەندێشە لە ڕووی هونەری ڕەگنیکی چیرۆک نووسە
فەنتازی و پیاوخۆڕەکان بەکەم و کوڕی بێت، هێشتا سەدقات لەوان باشترن و خۆیان
لە باوەشی ئەدەبیاتی بەرەی کەڵدا دەچێنن .

وەک من بۆی چووم، نووسین بەهەر ناوێکەوە بێت ج شیعر یاخود چیرۆک . . هەتد
مادامەکی منداڵدانی ویژدانی مرۆیەکی حا وەتە هەست و نەست، حاوەتە بۆچوون و بیر
کردنەوەیە، خۆی لە خۆیدا بەرهەمێکی ئەدەبیە، ئینجا خوێنەر لەژێر ج خانەیەکی دا
دەنێ، ئەوە گرنگ نی یە، من یەک بەحۆم لە نووسینکاردا ئونادەمە هەندی قەوارە و
بەند و بالۆرانەی کە دەبێ دریژی یەکەی ئەوەندە بێ و پانی یەکەشی لەوەندە (سم) زیاتو
نەبێ، ئینجا لە خوێندنەوەی ئەم چیرۆکەی هەروا هەڵس و کەوت دەکەم چونکە
هەڵسەنگاندنی چیرۆک لە لای هیچ ڕەخنەگر و نووسەرێکەوە نە خاسیەتی ڕەسەنی پێ
دەبەخشرێ و نە لە بەر چاوی جەماوەر و خوێنەران دەخرێ . . بەڵکو بە زۆری سەرنج
دەبڕینی تاکە کەسەو هیچی تر . .

وەک لە پێشەوەی نووسینەکەم دا گوتومە کاک هەڤاڵ کۆیستانی هەندێ دیمەنی نساوە
سەوەی لێ دەرچێ کە یەدەم پاڵەوانی ووشەکانی خۆیەوە ماەڵەی لەگەڵ کردوون، دەنسا
لەسەرتاپای چیرۆکەکە بە ئوسلوبی گێڕانەوە لامان بەلای بابەتێکی هێجگار گرنگ و
جەوهەرداری ئەمرۆی ژیانی خەباتی کەلەکەماندا دەکاتەوە، کە ئەویش مەسەلەی ئافرەتە
و بەشداری کردنیەتی لە خەباتی سیاسی و گیران و چونیەتی ماەڵەکردنی کۆمەڵگایە
لە دەمی گیران و هەتا دوای بەربوونی . .

بۆ ئێوارەی بەدەم قوستنەوەی ئەم بایەتە و سەرەتاتکێ کردن لەگەل پەیوەندییەکانی نێوان خەلک و چۆنیەتی . مەلەکردنمان لەگەڵ یەکتری دا ، زیرەکانە لە پەردەی هاتنەوەی مەیدانی ئافرەتێک و هەڵوێستەکانی کەس و کار و سەرنجی خەڵکەرانبەری گروکڵپەی حەز و ویستە زاتیەکانی خۆی لە سێبەری ووشەکانەوە دا پشتووە و بە چرپە بە گوێی خوێندر- دا دەهات کە لەناو کۆمەڵگا پاشکەوتووەکان دەرهەق بە قوربانی و ماندووبوون و کێشان خستنە دەستان ، بێ وێژدانیەکی هێجگار زۆر هەیە . . هەروەک بە زمانی وشەکانمی دەڵێ :

" کەس لە دەردی کەس ناگا ، هەریەکە لە چاویلکەی خۆیەوە سەیری دنیا دەکا ، هەر باشە مرۆڤ لەناو خەڵکی ئاوا بێ وێژدانا وەک چیایەکی بێ هەڵوڵ هەرەس ناهێنێ . . . "

بەروک نووس لەگەڵ ئەوەی ئێستا پێشمەرگەیە و بە تەبیعەتی حاڵ لە شار دوورە ، بە ناحەق یاخوود زووتر بڵێین بەیەک لایەنی لە هەندێ شوێن پلاری لە جەماوەر گرتووە لە خۆیەوە و بە زمانی خۆی بۆ جەماوەر قسەی ناهەق هەڵدەبەستێ ، هەروەک لە کاتمی تێپەربوونی ئەو ماشێنەی ئافرەتەکەی تێدایە بە بەردەمی خەڵک لە جیاتی ئەوان دەڵێ :

" سوزانی یە . چاک شارەکە پیس بووە . . .

" پیاوەماوی ئەم سەکبابانە نەبێ . . .

کەچی دوایی راستەوخۆ هەر بەخۆی دیسانەوە بووەتە میراتگری هەڵوێستی جەماوەر دەڵێ ((ئەری ئێوە بۆ ئەوەندە بێ وێژدانن بۆ لەخۆتانەوە تەقەتگ بە تاریکی یەوەدەنا کێ نالێ گیراوەکی نالێ سبەی دایک و خوشک و ژنی ئیمەش . . . .))

" نووسەر لەم دوو هەڵوێستەدا دەیەوێ چەندان مەبەست بپێکی بەڵام بەبێ ئەوەی تواییێتی ئیحای ئەوە بداتە خوێنەر کە لە مەبەستی یەکەم دا تەنیا ئەوە بیرکردنەوەی هەڵبژاردنی ئافرەتە گیراوەکە خۆیەتی و مەرج نی یە خەڵک وا بۆ مەسەلەکان بچن . بە راستی ئەمرۆ چەوساندنەوە لە کوردستان دا بە جۆرێ تەشەنەی سەندووە هەموو کونج و کەلەبەرێکی گرتووەتەوە و کەس نەماوە بیر لەم جۆرە بۆ چوونە سادەی یانەیە بکاتەوە بە تایبەتی بەرانبەر ئەوانەش کەوا لە تەوقی گیرانی فاشستەکان دا بن . چونکە لە واقیعی ژیانی شارەکانی کوردستان دا زۆر نی یە بە دەیان خەڵک لە ژن و پیاو نەگیرێن و بە

دڕەندەترین و شێوە و ئاکار بەرانبەرمەڵێنەوەو ئەم حورە دیاردانە لەبەر چاوی خەڵکی وەکشتێکی ئاسایی لێ هاتووە .

لە چیرۆکی "بەردەباز" دا زۆرتر بایەخ بە وەصف دراوە و سەرجەمی چیرۆکەکەی گرتوەتەوە و چیرۆک لە سەرەتاوە خوێنەر دەخاتە بەر شالاوی چەندان ووشەی چڕ و دیەنی خوازە و شوبهاندن و رستەی تێکەڵاوی وەک "دار تەلەکانی خستبووە لوورەلوور" و "دەستیان لە بینە قاقای شار کیرکردبوو . . " و "دڵی بەوێنەی بڕێشکەی سەرسێڵ" و "وەک تەپاڵە داگیرساوەکان . . " و "کاشە بەردی پرسیاریک . . " وەک جیـــوەی کەرمی پیو . . . "

زمانی کاک هەڤاڵ لەم چیرۆکەدا زیاتر لە زمانی شیعر نووسین دەچێ کە ئەمـە شتێ بۆ ئەوە دەگەریتەوە ئەم برایە ماوەیەکە لەکەڵ جیهانی شیعر نووسین چووەتە ژوان و هەر بەم زمانەوەش هاتۆتە گۆڕەپانی چیرۆکەوە و زمانەکەی لە رووی بەکارهینانی تەک و تـــەرا دەوڵەمەندە و توانیویەتی جوولە لە کیانی ووشەکان بخولقێنی و خوێنەر تووشـــی وەرس بوون و کشانەوە نەکات .

لە کۆتایی دا ئەو سەرنجە دەخەمە ڕوو کە بۆیەکەم جارە من خۆم لە قەرەی ئـــەم جۆرە نووسینە دا وە و دڵنیام کە رەنگبێ لە زۆر لایەنی تری چیرۆکەکان بێ دەنگ بوومە و یا خود دەرکم پێ نەکردوون و دەرفەتیس هەر ئەوەندەی بە بەرەوە بووە کەوا لەنـــاو سەرما و سۆڵ و بەفرباریندا خڕی ناوزەنگ پێشکەشتانی بکەم .

گۆلێلکە گەشەکانم

" نووسەری کوردستان " وەک باوەش‌کردنەوەیەک بۆ هەموو دەنگێکی نازە و بە گیانی هاندانیان بەرهەمی ئەم دوو گۆلێلکە گەشە بلاوئەکاتەوە .

لە ژمارە (١)ی کوفاری خوشەویستی (نووسەری کوردستان) چەند چیرۆکێک بڵاوکرابوونەوە . . . یەکێ لەو چیرۆکانە، چیرۆکی [شیرنەیە]کە (نالە) نووسیویەتی . . کە هێشتا چیرۆکەکەم نەخوێندبووە واهەستدەکەم ئێستا چیرۆکێک دەخوێنمەوە لە خانەی ئەدەبیدا، خۆی لە ئەدەبی بەرهەنگاریدا دەدۆزێتەوە بە تایبەتی کە چیرۆکەکە شوێنی نووسین و بڵاوکردنەوەشی دوورە لە هەموو چاوەڕێیەکی سانسۆر و . . لەژێر ئاسمانێکی ئازاد و خاکێکی رزگارکراودا . . دەبێت ئەدیبی زمانی ئەدەبی چۆن بپژێتا

٢. چەند سەرنجێک دەربارەی چیرۆکی شیلانە

من کە دەمەوێ چەند سەرنجێکی خێرا لەسەر چیرۆکەکە دەربڕم . . تەنها مەبەستم ناوەڕۆکی چیرۆکەکەیە . . نەک باسکردنی شێوەو وتەکنیک و زمانی چیرۆکەکە (هەرچەندە لەروی هونەری و داڕشتنیشەوە لاواز و بێ هێزە) . .

نالە بابەتێکی بە پێز و واقعی ی ناو ڤۆمانی کوردستانی هەڵبژاردووە . . بابەتێکە نزیکە لە ژیانی هەموو هاوڵاتیەکی چەوساوەی کوردستانەوە . . هەروا لەروی فیکریشەوە مەسەلەیەکی گرنگ و بایەخدارە . . .

ناتوانین بڵێین مۆرکی شۆڕشگێری بە

چیرۆکەکەوە دیار نییە . هەروا ناشتوانیین بڵێین دەست نیشانی زۆر خاڵی ئیجابیشی نەکردووە . . بەڵام ئەوەی دەتوانین بیڵێین ئەوەیە کە نالە نەیتوانیوە تیکڕای ئەو مەسەلانەی پەنجەیان بۆ درێژدەکاو معامەلەیان لە گەڵ دا دەکا، سەرکەوتووانەبخاتە بەردەمی خوێنەر . . بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەمان ، باشترین ڕێگا وورد بوونەوەیە بە چیرۆکەکەدا و عێنانەوە بەرچاوی خوودا وەکانە . .

ڕۆڵی کور و کچێک لە دڵیەکدا : کتوپڕ خۆش دەوێت . . ڕۆژێی فاشی ئابڵوقەی دڵیەکە دەدا بۆ ڕاگوێزان و گواستنەوەیان ، کچەکە و باوکی و دایکی و هەندێکی تر لە دانیشتوانی دڵیکە بەنا بەهەوی دەکوژێن، ئەم کارەساتە پاڵ بە پاڵەوانی چیرۆکەکەوە دەنێ کە بێتە پێشەرکە و لە مەڕەزەیەکدا بۆ ناو شار شەهید دەکرێ ..))

لە سەرەتای چیرۆکەکەدا گفتوگۆیەکی بێ مەبەست لە نێوان شەمیلە و فاتیلەدا ڕوودەدا هەروا باسی خۆشەویستی فاتیلە و ڕاکەی شەمیلە دەکا . . بەڵام نووسەر پاش ماوەیەکی کەم بیری دەچێتەوە، کەبەم سەرەتایە دەستی پێکردووە و تا کۆتایی چیرۆکەکەش بە نۆزەنان نوخنی ناوهێنانیان ناکەوێ . خۆ ئەگەر ئەم بەشە لە چیرۆکەکەدا نەبڕایە، تۆ هەر هیچی لە مەسەلەکە نە دەگوڕی، بەڵکو بە پێزتەر و پتەوتریشی دەکرد . . خۆ مادام نووسەر لە سەرەتادا فاتیلە و دەزگیرانەکەیمان پێ دەناسێنێ، دەبوایە لە دواییشدا بیر خۆی نەبردبانەوە و بۆی دەربخستینایە لە پێناوی چ مەبەستێکدا ! باسی لێوە کردوون .

وەک لە چیرۆکەکەدا دەردەکەوێ ئەوەی خولە دەکات بە پێشمەرگە، شەهید بوونەی شەمیلەیە . . ئێمە دەپرسین : باشە ئەگەر شەهید بوونی شەمیلە هاندەر و هۆی سەرەکی ئەوە بێ کە خولە دەبێ بە پێشمەرگە، ئەی باشە شەهید بوونی دایک و باوک و شەمیلە . . دەبێ بۆچی شەمیلە بکات بە چی ؟ ! . . بەڵام بۆچی من نەدەبوایە نالە هەڵبژاردنی ڕێگای پێشمەرگایەتی لە لایەن خولەوە تەنها بۆ ئەم مەسەلەیەوە بگێڕێتەوە ، بەڵکو دەبوایە بیبەستایەتەوە بە مەسائلی فیکری یەوە وەک چەوسانەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی و . . هتد . ڕەنگە نکۆڵی نەکرێ لەوە کە ڕەنگە شتی وا هەبێ، بەڵام بەهەرحاڵ ئایێ چیرۆک نووسی حاڵەتی ئاوا ئابەجێ و شار وەرگرێ وەک شتێکی ئاسایی بیخاتە مێشکی خەڵکەوە. بۆچی من ئەمە خەوشێکی گەورەیە بە ناوەرۆکی چیرۆکەکەوە .

لە ڕاگوێزانی دڵیەکەدا، مەلای ئاوایی قورئان بەرەوپیری فاشیەکان دەبات، بەڵام بێ سوود دەبێ . نالە دەیەوێ لەم خاڵەدا

رۆڵی دین دەربخات کە هیچی پۆناکرێ و دەیەوێ بەم خاڵە . . وامان تێ بگەیەنێ کە ئیدی خەڵکی بەم کارەساتە کەیشتنە راستیەک و بێ کەڵکی دین و مەلایان بە دەر- کەوت و ئیتر بە هیچیان دەزانن . . بەڵام ئێمە ناچارین بپرسین : ئایا ئەمە راستە؟ ئایا چەندین کارەسات و رووداوی لەم بابەتە وای لە خەڵکی کوندەکان کرد ووە هەڵوێستەی زانستیانە لەم رووەوە وەربگرن . . بێکومان وەڵام . . نەخێرە .

حەز دەکەم ئەوەش بڵێم کە نالە نەیتوانیوە لە بەکارهێنانی معامەلەکردن لە گەل کەلەپوردا سەرکەوتن بەدەست بێنێ بە تایبەتی لەوەدا کە ئەستێرەی کاروان کوژەی بە کۆپتەر چووانووە . ئەستێرە لای هەموو نووسەرێک . . رەمزە بۆ روونا کی و بۆ چاکە . . واتە رەمزی خێرە . . نەک شەر . . وەک نوسەر تۆی کەیشتووە .

لەبەردەوام بوونی خوێندنەوەی چیرۆنەکەدا دەردەکەوێ کە ئەوەی هەموو جاری شەمیلە وەبیر خولە دەخاتەوە تەنها سوورە یەکی سوورە (واتە شیلانەیەکە) . . کەبە رای من ئەمە لە جێگای خوێ دا نیە بە تایبەتی بۆ مرۆڤێکی پێشمەرگە .

دەبوایە نووسەر لەبری ئەو شیلانەیە کوندە راکوێزراو و باخە سووتاو و زۆر کارە ساتی تری بکردایا بە هۆی بو وەبیرهاتنەوەی شەمیلە . پاشان نووسەر دەکەوێتە هەڵمەکی تروە ، کە ئەویش لاوازکردنی رۆڵی خولەیە یان بە واتایەکی تر رۆڵی پێشمەرگەی شەهیدە خولە کە بریندار دەبێ و دەست لەوە دەشوا کە رزگاری ببێ . . لەبری ئەوەی بکەوێتە سروود ، خوێندنەوە و هوتافکێشان . . لە بری ئەوەی دووقسەی شۆڕشگێرانە بکات . . ئەوەی دێ بەسەر دەمیا هەر شەمیلەو شەمیلە و شەمیلە یەک وەک ئەوەی هێرش بردنە سەفەرەکە بو سەر شار لە پێناوی شەمیلەدا بێ یان نووسەر هەر دەیەوێ ئەوە بسەلمێنێ کە تاکە هۆ بۆ پێشمەرگایەتی خولە . . شەمیلە بوو . . کە ئەمەش وەک لە پێشەوە باسمان کرد . . هۆیەکی یەکجار نابەجێ و کەم کردنەوەی بایەخی سۆزانیە لە نوخی پێشمەرگە و رێبازی پێشمەرگایەتی و . . . کاری شۆڕشگێرانە . .

راستە مرۆڤ بەدەرنیە لە سۆز و خوشەویستن ، بەتایبەتی مرۆڤی شۆڕشگێر . . بەڵام خۆشەویستی مرۆڤی شۆڕشگێر بەو چەشنەنیە وەک ناڵە باسی دەکا . . سۆز و خۆشەویستیە زاتیەکانی مرۆڤی شۆڕشگێر تێکەڵ بەبن بەستە گشتیەکان . . بروون بە پێشمەرگەش باشترین سەلمێنەری ئەو راستیەن کە شۆڕشگێران هەردەم ئامادەن سودی زاتی و

بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیان بکەن بە قوربانی سود و بەرژەوەندی گشتی . . .

کە خولە شەهید دەبی بەرای مەن پیرۆزکەرەشی کۆتایی دێ، لەوێ بە دواوە هەر زێدەڕۆیی و درێژە پێدانێکی خۆرایی یە . خۆ ئەگەر ئەویەشەی دوایی نەکەڵدا نەبوایە بێ کومان چیرۆکێکی سەرکەوتوتر دەبوو لەوەی کە پێوو .

پێش ئەوەی کۆتایی بەو چەند کەمەی سەرنجانەم بێنم جەزم دەکەم دروستی قسەی تریش لە سەر ناوەڕۆکەکە بکەم ئەویش ئەوەیە کە نووسەر تەنها لایەنی چەوسانەوەی نەتەوایەتی نیشان داوە و بە هیچ چەشنێ خۆی لە فەرەی دەرخستنی چەوسانەوەی چینایەتی نەداوە . . نووسەر لە بیری چووە کە چەوسانەوەی نەتەوایەتیش خۆی لە خۆیدا و لە ناوەڕۆک دا هەر چەوسانەوە چینایەتیەکەیە نووسەر بیری چووە یان بە ئانقەست بە سەر ئەوە دا داوە کە بە تۆزقاڵێکیش پەنجە بۆ لایەنە چینایەتیەکە ڕاکێشێ . . هەر هیچ نەبێ دەبوایە لایەنێکی چەوسانەوەی جوتیارانی کوردستانی لەلایەن ئاغا و دەرەبەگانەوە دەرخستایە . خۆ نووسەر خۆی باسی کوندێکی کوردستان ئەکات کە بە تەئکید خەڵکی ئەو گوندەش وەک هەرگوندێکی دیکەی کوردستان بێ بەش نەبوون لە کێشە و چەوساندنەوەی چینایەتی بۆ ئاغایەکی خۆفرۆش یان دەرەبەگێکی خۆفرۆش قاڵ بوون نووسەر وەک خزمەتکار و کرێگرتەی رژێمی فاشی بەکاری هێناباو لەوێ وەدەست نیشانی چەوسانەوە چینایەتیەکەشی بکردایە .

(ب) ڕەحیم عەزیز

"ڕەحیم عەزیز" لاوێکی پێشمەرگە یە و تەمەنی ٢٠ ساڵانەزیکەی (٣) ساڵە شیعر ئەنوسێ . . شیعر لای ئەو هەناسەدانی مرۆڤێکی شۆڕشگێڕە کە لە ساتە هەرە سەختەکاندا، ئەو ساتانەی خۆی بۆ دوژمن لەکەمین ڕەنێ یان ئێشت لە هاوڕێیان دەگرێ، یان ڕووبەڕووی مردن و تاریکی وتەنیایی دەبێتەوە، سەر هەڵدەدا، بۆیە هیندەی بایەخ بە دەربڕینی ئەو ساتانە و شتە ئاڵۆزەکانی ناو دەروونی دەدا، ئەوەندە کۆڵ نادا تە کێش و سەروا . ڕەحیم نموونەیەکی نەوەی هەشتاکانە ئەو نەوەیەی لەناو کارەساتی خوێناوی- دا چاوی کردۆتەوە و دەیەوێ (شوین پێی خۆی بە سەر ڕووخساری شەوەوە جێ بێڵێ) .

١

عاشقی چیا

قه‌له‌ڕه‌شه ، چی له ئاسمانی گوند ده‌وێ ؟
کۆتر ، ملی بۆ له‌زام هه‌ڵده‌سوێ ؟ ٠
وا ئێواره داهات ،
سه‌نگه‌ره‌کان چۆڵ بون
تۆ، بۆ وا به توندی چنگت له‌م خاکه گیر کرد وه و به‌ری نادەی
منداڵه هه‌ژاره‌کانی گوند
له ماڵ هاتنه دەرێ
بۆ وەک جاران نایان دۆینی !
بۆ به قوڵی سه‌رنجیان لێ نادەی ؟
ئاسۆی سه‌رکه‌ل ره‌نگی دەڵێی وه‌نه‌وشه‌یه
نرمنیسك ٠٠ ڕێچکه‌ی شه‌ونمی سه‌ر کوڵمه‌یه ٠
ئێی جوانپه‌رست
بۆ هه‌ر باوه‌ش له ئێواره و چیا دەدەی ؟
وا شه‌و هاهات
بۆ هه‌ڵناستیته‌وه و
سه‌ربه کەوێڵی جوتیارێکدا بکه‌ی ؟
وا زماوه‌ند برایه‌وه
تۆ بۆ تارای بێ دەنگی و ماتمینی ؟
له‌سه‌ر بوکی خوێنه‌کەت لا نابه‌ی ؟

٩٨٢

"٢"

ئەم شەوە چۆن بنوێ ؟

ئەم شەوە چۆن بنوێ ؟
کە دەسرێژ بیلەرزێنێ ٠
ئەم شەوە چۆن بنوێ ؟
کە هاواری ریندانەکان رایپەڕێنێ
ئەم شەوە نانوێ
تا خۆینی رژاوء
نەوتی چرای بێدارەکان بێ
ئەم شەوە نانوێ
تا مەمکی تەمەنمان
لە ناو چنگی سەگە هارەکان بێ ٠

"٣" ١٩٨١

تاریك و رونی بەیانی

بۆ خوشکە بچکۆلانەکەم (دڵخواز)

تاریك و رونی بەیانی بوو
مرد نەکەت
هاوری گەروی دایکتی پڕ گریان کرد :
((دایکت کوێر بێ دڵخواز مرد))

× × ×

تاریك و رونی بەیانی بوو
گیزەی سەماوەرەکە وەستا

پشکوکانی لە ناو جەرەکاندا کوژانەوە

پشکۆکانی لە ناو جەرگماندا کوژانەوە ٠
هەمومان دامانە پۆمژنی گریان ٠
ئەە بەیانی بە تەنیا فرمێسکەکان خورانەوە

× × ×

تاریك و رونی بەیانی بوو
پرچە وەریوەکەت لە ئازار و ژاندا ئالۆسکا
مرد نەکەت ببوە تەم
لە سەر روخسارت وەستا بو

× × ×

تاریك و رونی بەیانی بوو
چنگم پر لە پرچە وەریوەکەت و،
دڵم پر لە نیگا کز و خەماویەکانت کرد
بۆ ساتێك گریان،
وەك شێت سەرم بە کۆڵانی،
چۆڵ و تەنگەبەری شاردا دەکرد ٠

× × ×

دڵخواز گیان !
خوشکە بچکۆلانە ونەکەم !
لە سەر هەر یاڵێکی ئەم کوردستانە بوەستی
گۆڕستانێکی خۆێناویت لێ دیارە
کوردستانیش
وەك تەرمی دڵتەزینی تو،
قوربانی با خەڵی دەرەبەگ و سەرمایەدارە
١٩٧٩

نامەی ئەدیبان و ووتەی گۆڤارو رۆژنامەکان دەربارەی یەکێتیان ...

وەک لە (وتەی ژمارە) ی ئەمجارەشماندا ڕوونمان کردۆتەوە " یەکێتی سەرانی کوردستان " هەر لە سەرەتای دروست بوون و نیاز و مەبەست لە هاتنە دنیای، بۆ ئەوە بووە کە ووشەی نەبەز و سەرکێس و ڕاپەڕیوو کوردی بکرێتە ئامێز و دەنگی ئەدیبە جوامێرەکانی گەلەکەمان بێت و لە هەمان کاتیشدا ڕەت دانەوەیەکی ئەو هیرشە دڕندانەیە بێت کە ڕژێمی " صدام " دژ بە زمان و ئەدەبی کوردی ئەیکات، بەوەی سانسۆرە چەقۆ بە دەستەکانی ئەو ڕژێمە لە دام و دەزگا فەرهەنگی یەکانیانەوە بە ئیشارەزوور خۆیان ئەکەونە گیانی ووشەر دلێڕی کوردی و، سەرو دەست کوێچکەی کەلەپاچە ئەکەن و، ئەدیبەکانیشمان ئەخەنە بەر لێشاوی ڕاونان وهەڕەشە و گوڕتن . . . بۆیە زۆربەی ئەدیبانی گەلەکەمان لە کوردستانەوە بە گشتی و لە ئیارەکانی کوردستانی عیراقدا بە تایبەتی، هاتنە دنیا و لە دایک بوونی یەکێتیمان بە ڕووداوێکی واقیعی و مەوزوعی و مێژووبی ئەزانن و هەرخۆشیان لە ڕەنگ ڕشتن و بنچینە دانانیا دەست پێشکەر و کارەندە بوون، چونکە بە خواستی خۆیانی ئەزانی . " نووسەری کوردستان " یش بە گۆڤار و بە دەنگی خۆیان ئەزانن . . . هەر لەبەر ئەمە بوو کاتێ ژمارە " ١ " یەکەی گۆڤارەکەمان " نووسەری کوردستان " یان گەیشتە دەست بەوپەڕی کامەرانی و دڵخۆشییەوە پێشوازیان لێکرد و، باوەشیان بۆ کردەوە . . گەلێکیان بە نامە و گەلێکی تریان بە دەمی، پیرۆزبایی و بارەکەی سەرنج و پێشنیاری بە نرخیان بۆ نارد وین . . " نووسەری کوردستان " یش بە ئاماژییەوە

پیروزبایی و پێشنیار و سەرنجەکانیان لەسی وەرئەکری و بە هەلیشی ئەزانی هەمیشە ئەرمیان بوو دووپات بکاتەوە کە ئەم گۆڤارە بە هەموو مانای وشە وە دەنگی ئەوانە و تا لە زیانیشدا بێ ئەبێ لە ئاستی خواست و خەونەکانی ئەواندا بێ و وەک جوامیری ئەوان رەفتار بکات. . لەم بوارەشدا بە چاکی ئەزانین هەندێ لەو نامانەیان بخەینە بەرچاو تا دڵنیابین کە دەنگ و هاوکاری کردنیان لەکەلماندا مایەی سەرکەوتنمانە و بەرهەمەکانیان خوێنێکی تازەیە ئەرێتە دڵمانەوە بۆ هاندان و کارکردن و سوپاس لەسەر ڕیبازی بەرکرد و گەشەپێدانی ئەدەبە شۆرشگێڕەکەمان

١ ـ پێشەکی لە کوردستانی ئێرانەوە ، لەوبەشە شیرینەوە کە هەمیشە مەڵبەندە ڕاپەڕین و نەبەزینی گەلەکەمان بووە و هەرگیز دوژمنان و داگیرکەرانی نیشتمانەکەمان نەیانتوانیوە بێ دەنگی بکەنەوە ، ئەو شالاوە خوێناوییەی بۆ دووەم جار لە هەموو مێژوری شۆرشگێڕی نەتەوەکەماندا لەو بەشە سەربەرزەدا ئەنگاوەنەوەتاتیستاوە ، هەتا هەتایە لە دڵی هەموو کوردێکی ئەمکداردا ئەژی . . . بەڵێ لە مەڵبەندی زمان سفت و پاراوترینە زمانی موکریانەوە ، هەر زوو کە گۆڤاری " نووسەری کوردستان " دەنگێکی ئەدەبی و شۆرشگێڕی خاوێنە . . ماندەکان چ وەک کوردستان " کەیشتە دەستئەدیبەسان و روناکبیرەکانیان بە نەوازشەوە ڕێزیان لێ گرت و بانگەوازی دڵسۆزیان بۆ ناردین کە هەمیشە بێ بەشیان نەکەین لەم گۆڤارە و ، سەرەتا ئەدیب و روناکبیری ناسراوی کورد ماموستا " کەریمی حسامی " ئەو نامە پڕ سۆزەی بۆ ناردین کە لە ژمارە " ٢ " ی ئەم گۆڤارەدا وەکو خۆی بڵاو کراوەوە بەو نیازەی دەست پێشکەرییەکەی ماموستای ناوبراو ببێتە بەجێ وت و وێژ و بیروڕا دەربڕینی بەکەڵک و بەسەرخ و ئەدیبان و روناکبیرانی گەلەکەمان بانگ بکات بۆ دەربڕینی بارەی سەرنج و پێشیاری سەربەستانە و دڵسۆزانە لەو بوارەدا . . . ئەم دەرگای وەڵامدانەوەیە هەر لەسەر پشت ئەبێ بە هەموان . . .

هەرکەسێکیش وەڵامی ماموستا "کەریمی حسامی" ئەداتەوە تەعبیر لە بۆچوون و هەڵوێستی فیکری و یاری سەرنجی تایبەتی خۆی ئەکات . .

٢ ـ ئەدەبی خوشەویست و ناسراو ـ ج ـ ڕەوەندە نامەیەکی تێر وتەسەل و ڕۆر ئەدەبیانە و ڕێزەکانە پێمان ئەڵێ :

بەبێ هیچ موجامەلەیەکی نێوانمان، سەرئەنجامی چاکتان داوە بە دەستەوە و (نووسەری کوردستان) دەنگێکی ئەدەبی

ـە و ئاستی هونەریان وەڕ چ وە ئەبیریان
گیانی مەزنی شیعری تێدا نەبوو . . مـن

دەی هەڵهاتنی ئەدەبێکی تازەی ئـــە و
هەستم ئەکرد زۆر لە خۆمتەکە بۆ ئـــەوەی

یوانەماں ئەدەنێ . ئەم بژارکردنە ، ئـــە م
بیخوێنەوە . . . بە پێچەوانەی زوریـــەی

شوڕخوڕییە بۆ ئەوەی ئەدەبەکە لە ئاستـــی
مادەکانی تەوە . . هەڵ بدەن ئەو نمونانە

جوانکاری هونەری نەهێنێتە خوارێ و نەبـێ
زۆر دژێز نەبن ، کەم و پووخت بن ، چونکـــە

بە کۆمەڵە دروشمێکی ڕووت و قووت ، خۆی لـە
ئەمەشیاں بۆ ڕووفی ئێوە و بۆ دارایی ئێـوە

خۆیدا هەر ئەو ئەنجامە بوو کە ئێمە چاومـان
جاکترە . . چیرۆنکەر (ناالە) ، لە تەلـــی

تێ بڕیبوو ، ئەدەبی بەرز هەر بەرزە ، بە هـــەر
دڵی ئەدا . ناالە قەڵەمەکەی بە برێستـــە .

زمانێ بدوێ ، هەر ناوەڕۆکێ لە خۆی بکرێ .
دوو چیرۆکەکەی (کویستانی) پس ژیکەلـــە و

بێگومان من ئاواتم ئەوەیە ئەدەبێك بینـم :
جوان بوون . . چیرۆکی ئەدیبە کرماشانیەکە

کە شایەتی ڕاستەقینەی ئێستامان بێ ، و لـــە
ـ زۆڵماوا ـ عەلی ئەشرەف دەرویشیـــان

هەمان کاتیشدا ئەدەبێکی مەزن بێت . . . وەك
جوانترین بەرهەمی ئەو زمارەیە بوو . وتارەکەی

وتم ئێکڕا مادەکان پووخت و جوانن . . ئـــە و
ـ محەمەد حەمە باقی ـ بۆ شەهید جەمیل ،

پڕۆزانەی بە دەستانەوەن گەلێ دڵخۆشکەرن .
ڕەنجبەر ـ بە دڵم بوو چونکە ئەدیبانەنوسراوە

جات ئەکەن ، هەتا ئەتوانن شیعر کەمتر بڵێ و
وشتی تەکردووە بە زێر شتی تەوە . . لـــە م

بکەنەوە . . بابەتی بە بابەتەکانی تـــری وەك
ژمارەیەدا ژمارەیەکی " نووسەرانی کورد " لێـــرە

شانۆ و چیرۆك و لێکۆڵینەوە بدەن . . وت و
دەرچوو . " نووسەری کوردستان " ی ئێوە لەچـاو

وێژە ئەدەبیە سیاسییەکان تەرجەمە بکەن . .
ئەواشاخیلکەوتەوە پس تەپولکەیەك دەستان خوش

وەك ئەوەی ـ ناظم حکمەت ـ ئەگەر بتوانـــن
قەڵەمتان هەروا بەبڕشت بێت . . ئێوە ئێستا

لە بڵاوکردنەوەی ئەدەبی هەموو کورد ستاندا
بەرامبەر ڕۆژگارێکی گەورە بوونەتەوە ، چ وەك

برارێ بکەن . . نمونە چاکەکانیان بخەنـــە
ئەدیب و ـ وەك پێشمەرگە . . لەبەر ئـــەوە

پێش چاو . . پێم وایە هەنگاوێکی تازە ئەنێن
پێویستە هەمیشە ئەو پرسیارە لە خۆتان بکەن :

کە تا ئێستا نەکراوە . . ئەو شیعرە دوور و
خۆن ئەتوانین لەم ڕۆژگارەدا ئەدەبێـــك

دژیزەن ـ سواڕە ـ لە کوردستانی ئێران ،
پێشکەش بکەین ، ئەدەبێش بێت و ، لە خزمەتـی

نیعرێش وەرگەڕ بووەلەوە ئەچوو هەر لەبەر
مەسەلەیەکی گەورەندا بێت . . ؟ ! بێگومان

وشەی کوردی پەتی ، شاعیرەکە نووسێبێتـی ،
ئەو بەرهەمانەی وەرامی ئەم پرسیارە ئەدەنەوە

به ئاسانی ناید ه‌نه‌وه . . ((چون ئه‌م ب
یّ و مه‌سه‌له‌ش بێت . .)) له تاقیکرد نه‌وه ی
ئۆرشگێڕانه‌ی د نیادا و به‌رله ئێمه ئه‌م ب
هه‌بووه ، که ئه‌م بیه‌کان توانیویانه وه‌رامی
بد ه‌نه‌وه . ئه‌وه ناظم حکمه‌ت وئه‌ندریه
مالرۆ و ئێرودا و د ه‌یانی تر، ئه‌م ب وخوێنی
شه‌هید انیان تێکه‌ڵ یه‌یه‌ك ئه‌کرد و به‌رهه‌می
به‌رز ه‌رئه‌جوو . ئومید ئه‌کم ئه‌و به‌رهه‌مانه
ببینین و هه‌ر به‌وانه‌ش جاوه‌ڕوان بێت ه‌وه
هیوادارم سه‌رکه‌وتووبین . . " نووسه‌ری کورد
ستان " د وای ئه‌وه‌ی خوێندنه‌وه‌ی کتاێبه
ئه‌مین د ه‌ستاوه‌ست پرۆفات ، به‌تایبه‌تی له
ناونه‌نیاندا . . . .

٢ ـ چیرۆك نووسی هه‌ڵبه‌ستوانی " ئاکا
هه‌رهاد " ئه‌ڵێ : گۆڤاره‌که‌تانم زۆر به دڵ بوو.
د ه‌ستان خۆش زۆر له‌مه‌ ئێره به‌هێزتره . ئه‌و
چیرۆکه‌ی نارد بوتان ـ شێته ـ من له
سه‌رم نووسی و را بۆشتانم نارد ه‌وه .

٤ ـ هه‌ره‌ها چیرۆك نووسی خۆشه‌و
ستمان ـ کاك فاد ر ـ بۆی نووسیوین ئه‌ڵێ :
وره‌ی گۆڤاری (نووسه‌ری کورد ستان) و
وزه‌ی به‌رنامه و پڕبڕ ه‌وه‌که‌یم خوێنده‌وه،
پێشه‌کی و به‌ر له د ه‌ربڕینی هه‌ر بیروڕا و سه‌ر
نجێك به دڵ پیرۆزبایی له هه‌موان د ه‌که‌م
به‌تۆی د ه‌ر جوونی ژماره (١) ی گۆڤاره‌که‌ه،
هیوادارم که ژماره له د وای ژماره ماد ه‌ی به
پێزتر و پیرۆزتری تید ا بێت و بێ د واکه‌وتن و
له‌گاتی خۆید ا بکه‌وێته د ه‌ست ئه‌د یب و
روشنبیران ، سا ئه‌وه له شاخ بێت یان له
شاره‌کان د ا ، ئێوه‌ش هونه‌ری وبه‌رگ و جۆری
د ه‌رهێنان ، بروام وایه هیچ جۆره گله‌یه‌کی
له‌سه‌ر نیه وتمنیا ئه‌وه‌نده‌مان بو د ه‌مینیته‌وه
بڵێین : د ه‌ستان خۆش بێت . . من ته‌وا و
له‌گه‌ڵ باری سه‌رنجه‌کانتا یه‌ك د ه‌گرمه‌وه
به‌وه‌ی هه‌ر ماد ه‌یه‌ك فه‌ناعه‌تی ته‌واوتان به
هێز و پێزی ئه‌د ه‌بی ی نه‌مێ، بڕوا ناکه‌نه‌وه
ئه‌مه ه‌ه‌ڵبژاری ئه‌وه‌ی تێکڕا ی لایه‌نه سیاسی
یه‌کان له‌سه‌ر نه‌وه کۆکن که زۆباری گۆڤاره‌که
رێچکه‌گرتنی ئه‌د ه‌بێیه‌کی نه‌وار بێت ، به‌مه‌رجێ
له خزمه‌تی به‌ره‌ی نه‌ته‌وه و بیر و باوه‌ڕه‌که‌یدا
بێت . سه‌بار ه‌ت به ناوه‌که‌ی (نووسه‌ری
کورد ستان) باری سه‌رنجی جیاواز هه‌یه
و ئه‌و ناوه له‌سه‌ر بناغه‌ی جوگرافیه‌یا ی
کورد ستان د انراوه و د ه‌رکا بو هه‌مو نیا
کورد یکی د انیشتووی کورد ستان د ه‌خاته سه‌ر
پشت ، من پێوایه هه‌ر ناوی (نووسه‌ری کورد)
کاڵای له فه‌د ه‌ بااڵی ناوانه به‌دی نه‌هاتووه ـ
کانی نه‌ته‌وه‌ی کورد بێت ، ئه‌مه‌ش له د رزی
د ه‌مارگیری و تعسك روانینی نه‌ته‌وه‌ییه وه
نه‌هاتووه و ئیعلانی جه‌نگ ناگه‌یه‌نێ به‌ڕوی
که‌مایه‌نیه نه‌ته‌وه‌ییه‌کانی د انیشتوی کورد ستان
و ته‌نیا له روانگه‌ی سیما کورد یه‌که‌وه بۆی چووم

بە هەر حاڵ هیوامواید سەرکەوتن وانە سوورین لەسەر چەسپاندنی ئەو رێبازە پیرۆزەی کە لە ژمارە (١) دا دیارتان کردووە

٥ ــ دیسان چیرۆک نووسی بەرێزکاکە ی.م" دوای بەدەست گەیشتنی گوفارەکەمان ئەم نامەیەی بۆ نووسیوین :"ژمارە" (١) ی گۆفارەکەمانم(نووسەری کوردستان) پێ گەیشت منیش بەلای خۆمەوە وەکوهاوڕێیەکی دڵسۆزی ئێوە،ساڵانی ١٩٧٧ــ١٩٧٨ لای چەند ئەدیبێک پێشنیاری دامەزراندنی ئەم یەکێتیەم کرد ، بەڵام وا ئاواتەکەم لە سەر دەستی ئێوەی دڵسۆز و تێکۆشەردا هاتەدی. بۆیە لای خۆمەوە منیش دوای سەرکەوتن و سەرفرازیتان بۆ دەخوازم،هیوام وایە لە پێناوی پێشخستن و گەشەکردن و سەرکەوتنی شەڕی پیرۆزی کوردو و ئەدەبی رەسەنی کوردیدا هەمیشە هەر بەرەو پێشەوە بچن و بەردەوام بن، لە پاپەڕانی ژمارەی دووەمی پێشکەوتووتر و سەرکەوتووتری ئەو گۆفارە ناوەدار دا ... سوپاسێکی گەرمی ئەو هەمنە ناسکەتان دەکەم و منیش بەرهەمی خۆمتان بۆ دەنێرم ... دەربارەی پێشنیار و سەرنج لە ئیس و کار و بڵاوکراوەکانتان ، دەمێکەپرۆژەی بەیرەوی ناوخۆی یەکێتی "نووسەرانی کوردستان" م پێ گەیشتووە و زۆر جێی بڕوام بوو

٦ ــ هەروەها بڕای شاعیر کاکە "فەریدزامدار" ئەم نامەیەی لە جێگایەکی رزگار

کراوی کوردستانی عێراقەوە بۆ نارد وویسن "نووسەری کوردستان" م پێ گەیشت،ئەم ژمارەیەیان [ژمارە "٢"] زۆر باشتر و پوختتر بوو لە ژمارەی پێشوو .. پیرۆزبایێتان لێ دەکەم لەو هەوڵ و تێکۆشانە بەردەوامەی کە دەیدەن بۆ سەرهەڵدانی ئەدەبی شۆڕشگێڕ و خاوێن ...

٧ ــ جگە لەم بڕا ئەدیبانەش لەگەلمدا بۆ بڕیار دانی رۆناکبیری تەرەوە نامەی پیرۆزبایی و پشتگیریمان بۆ هاتووە و بەردەوام بەپەرۆشەوە دڵوامان لێ ئەگەن گۆفارەکەمانبان بۆ بنێرین

٨ ــ ئەمانە و گەلێ بەرەی سیاسی کوردستانی و عێراقی و زێکخراوی ئەدەبی عەرەبی لە دەرەوەی کوردستان، پێ خۆشحاڵی خۆیان بەرامبەر دروست بوونی یەکێتیسان دەربڕیوە،کە جێی سوپاس و پێ زانینی ئێمەن لەوانە :

آ ــ گوفاری (الثقافةالجدیدة) کە گۆڤاری پارتی کۆمۆنیستی عێراقە،لەلایەکانی (١٦٨ ، ١٦٩ ، ١٧٠) ی ژمارە ١٣٤ ی مانگی ئەیلوول / تشرینی یەکەمی ١٩٨١دا وتارێکی بە زمانی عەرەبی و بە ناونیشانی (نووسەرە پێشکەوتگەکانی کوردستان لە هەنگاوی گەلدا راپەڕستاون) دەربارەی "یەکێتی نووسەرانی کوردستان" بڵاوکردۆتەوە تیایدا نووسراوە :

نووسەرە پیشەرگەکانی کوردستان لەسەنگەری
کەلـــــدا راوەستـــــاون

دوای ئەوەی رژێمی دیکتاتۆری فاشی هەموو دەرگایەکی لەروی چالاکی ئەدەبی و نووسەرە پیشکەوتنخوازەکانی کوردستـــــان داخستبوو لە سەریکەوە هەموو شیوەیەک کەوتە بەربەرەکانی کردنی ئەدەبی پێشکەوتـــو خوازی کوردی، لە سەرێکی دیکەوە دەستی دایە بلاوکردنەوەی نیگەرانی و ئۆقرەیی واکەوتو لەمەش زیاتر لەسالی رابردوو لە وزمانەیتی بەرامبەر بە گەلی کورد و زمانی کەشنە لوتکەکانی [یەکێتی نووسەرانی کورد] دەمالوێرانکردە . ئەو یەکێتیەی لەماوەی دەسالی رابردوو، چالاکانە بەشداری پێشخستنی ئەدەب و رۆشنبیری کوردی کرد و ملکەچـــی ویست و نیرادەی فاشی بەکان نەبووە کـــــە دەیانەویست بیخەنە داردەستی خۆیان .

نووسەران و ئەدیبانی کوردستان بە پێ و بنیارەیەکی زۆرەوە بەرەنگاری ئەم پرۆسەیە بوونەوە، ئەم بەرەنگاربوونەومیش لە دوو رووەوە خۆی دەنوێنێ: یەکەم : ئەو تووسەرە کوردانـــە ئەو خەیان لە یەکێتی بە کارتۆنی یەکەی دەونـــە تەدا کە ئۆبە یەکێتی نووسەران و ئەدیبانی هەموو عێراقە، ناوبرس کردووە لە رســـــارەی پەنجەکانی خەرووەستێپەڕ ناکـــا .
دووەم : دەستەیەک نووسەری پێشەرگە لـــە ٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٠ دا بانگەوازێکیان بۆ نووسەران و ئەدیبانی کورد بلاوکردەوە و تیایدا رایان گەیاند کە "لیژنەی ئامادەکردنی یەکێتی نووسەرانی کوردستان پێکهات" بـــە و ئاماجەی دیارێژە بەو پەیامە پڕۆژە بدات کـــە "یەکێتی نووسەرانی کورد گرتبوویە ئەستۆی و بەندار ئەدیبە کوردەکان لە شۆرشی نوێی گەلی کورد دا تومار بکات"

دوای ئەوەی وتار کە چەند بڕگەیەکـــی بانگەوازەکە دەخاتە روو، باسی گوتاری "پێرەو" دەکات و پەنجە بۆ هەڵەجەی بابەتەکانی دا و گوتارەکە رادەکێشی، ئەمەش پڕۆژەی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی نووسەرانی کوردستان وباسی زمارە [یەکی] "نووسەری کوردستان" دەکـــا و ناونیشانی هەموو بابەتە بلاوکراوەکانـــی دەمانە پێش چاو .

وتارەکە بە بایەخ پێدانێکی زۆرەوە چالاکی یەکانی یەکێتی بە گشتی و بلاوکراوەکانی بە تایبەتی، باس دەکا و ناوی هەندێ لـــە و کێبە و نامیلکانە دەبا کە یەکێتی نووسەران بلاوی کردووەتەوە و بلاویان دەکاتەوە و پەنجە بۆ ئەوە رادەکێشێ کە حەیفەران لە پرۆسـە ی شار و شارۆچکەکانی کوردستان بە چڕوپڕی بە دوای ئەم بەرهەمانەدا هەوڵ نەدا .

رابطة الكتاب والصحفيين والفنانين الديمقراطيين العراقيين

منظمة الانصار

ب ـ هەروەها ڕابەڵە الكتاب و الصحفيين و الفنانين الديمقراطيين العراقيين) كە بەڵێندەیان لە (لبنان) ، و لقە كانیان لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا و هەرەبیدا هەیە، ناهیلێن پیرۆزبایی یان بۆ نارد وویس هەروەكو خۆیان بڵاوی دەكەینەوە

الزملاء المحترمون في اتحاد ادباء كردستان

حية النضال

نغتنم فرصة حلول العام الجديد و لكم التهاني الحارة راجين ان يكون عام تشديد النضال المشترك و تصعيد كفاحنا الثوري في كشف و تعرية اساليب النظام الديكتاتوري الفاشي التي يمارسها في تجهيل العقل و تدمير الانسان في وطننا الحبيب و التصدي لها .

ان عملنا الثقافي المعبر عن معاناة شعبنا و تطلعاته المدعم بارادة تنسا و صمودنا الملتحم بفوهات بنادقنا المشرعة سيسهم فعلا مع نضال الاحزاب و القوى الوطنية و القومية الديمقراطية في اسقاط النظام الديكتاتوري الدموي و اقامه النظام الديمقراطي و الحكم الذاتي الحقيقي لكردستان .

كما نحن من موقفنا النضالي المشترك مع جماهيرنا الباسلة و اجلالنا لكل الرملاء الصامدين في زنازين الفاشست والمناضلين من اجل الشعب و وطنه الوطن و نعاهد شهداءنا الاماجد في المضي على الدرب حتى النصر الحقيق

عليكم عام ١٩٨٢ عام تشديد النضال الثوري بكل اشكاله و اساليبه لتحقيق انتصار شعبنا العظيم .

اللجنة التحضيريه

١٥/ ١٢/ ١٩٨١

جـ ـ ڕاڕەی هەڵبژاردنی سەربەخۆی ماموستایان تێكۆشەر بۆ پارێزگاری لە مافی فەرهەنگییان) لە كوردستانی ئێرانەوە نامەی پیرۆزبایی یان بۆ نارد ووین سوپاسیان دەكەین .

د ـ ژمارە (١) ی گۆڤاری (کۆمەڵە) خولی دووەم ـ کە ئورگانی (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان) مەوتارێکی لەسەر دروست بوون و بەرهەمەکانی یەکێتیمان بڵاو کردوتەوە .... ئەونەلە گۆڤاری کۆمەلە :

نوێنەری ڕاپەڕیوی

یەکێتی نووسەرانی کوردستان کپ ناکرێ

دەستەیەک لە نووسەرە تێکۆشەرەکانی ڕیزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بە هاوکاری نووسەرە دڵسۆزەکانی شارەکان لێژنەی ئامادەکردنی ((یەکێتی نووسەرانی کوردستان)) یان پێک هێنا و لە ئاداری ١٩٨١ دا یەکەمین ژمارەی گۆڤاری ـ پێرو ـ یان دەرکرد و پاش دا حستنی دەرگای یەکێتی نووسەرانی کورد وەکو بەرپەرچ دانەوەیەکی هونیارانە ناوی گۆڤارەکەیان کوردی بە ((نووسەری کوردستان)) و لە ئابی ١٩٨١ دا یەکەمین ژمارە و لە تشرینی دووەمدا دووەمیس ژمارەیان وەک دەنگی دڵیری هەموو نووسەرێکی نیشتمان پەروەری کوردستان خستە تەک باقی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمانەوە .

گۆمەڵە بە پوختەی ژیانەوەی یەکێتی نووسەرانی کوردستان و خۆازە قەشەنگەکەیەوە پیرۆزبایی لە گۆمەڵانی خەڵک و هەموو نووسەر و ڕۆناکبیرەکانی کوردستان دەکات کە کیانی یەکێتی بۆتەوەی بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان بە هیچ دەزمێنێک سڕ ناکرێت و ڕۆڵەی ووشەی ئازادی کوردیان بە کەس کپ ناکرێ . هیوادارین کە هەموو نووسەرانی دڵسۆز و بەئەرەفی گەلەکەمان بە یەکێتی تێکۆشەری خۆیان بزانن و گۆڤارەکەشی بکەنە زمانەڵی ڕەنگی کاروانی بەرە و پێشەوە چونی نۆمەڵی کوردەواری ڕزگاریخواز .

تێکڕا لە قۆناغی ناخمانەرە سەری ڕێز و نەوازش بۆ هەموویان دائەنەوێنین و سوپاسیان دەکەین سوپاسی سەنگەر و بەرگری و تێکۆشان دژی هەموو چەوساندنەوەیەک بۆ بەختیاری مرۆڤ لە هەموو دنیادا ..

بەرگی یەکەمی نووسەرانی کوردستان

چاوەڕوانی ئەم بەرهەمانەبن

(١) بەکەمین ماموستا . نوسینی . جەنگیز ئەیتماتوف
وەرگێڕانی سەتار فەرەج .

(٢) شانۆگەری گێژەنوکە نوسینی سەعود سالم
گۆڕینی محەمەد حەمە باقی

(٣) ئێوارەیەکانی زستانی کوردی . د. کەمال نورشاد

ناوەرۆک

وتەی ژمارە ..... أ
رۆژنامەی کوردستان ـ د ٠ کەمال فوئاد ٣
دەربارەی پیکهینانی یەکیتیەك بو نوسەرانی
هەمور کوردستان ـ رەفیق سابیر ـ ١٦
شاملوو شیعری نوی ی فارسی ـ سیامەند مامیر ٢١
جگەر خوین دەدوی ٤٥
گیژەنگ ـ محەمەد حمە باقی ٥٣
تفیك ـ ج ٠ رەوز ـ ٦٤
منالانی شارەکەم دەزانن چی بەدایکیان دەلین ـ روزا ـ ... ٦٩
لالو رەسول ـ ئەحمەد رەحمەت ـ ٧٣
شیتە ـ دلشاد عومەر کاکی ـ ٧٨
چەند سەرنجیکی رەخنەگرانە لەچیروکی شیتە ـ فەرهاد ـ ... ٨٦
چیروکەکانی ژمارەی پیشووم خویند موە ـ کاکەمام ـ ٩٣
گولیلکە گەشەکان
أ ـ چەند سەرنجیك دەربارەی چیروکی شیلانە ـ ئاشتی .. ٩٩
ب ـ رەحیم عەزیز ١٠٢
نامەی ئەدیبان و وتەی گوتارو رۆژنامەکان
دەربارەی یەکیتیمان ١٠٦



KURDISTAN'S WRITEF

Magazine of the Union of Kurdistan's Writers .

NO. 3 Feb. 1982

نووسەری کوردستان

ژمارە (٤)

هەواڵنامەی کتێب

نووسەرانی

کوردستان

هەوالنامەی کتێب

نوسەری کوردستان

گوڤاری یەکێتی نوسەرانی کوردستان
ژمارە ٤
ئایاری ١٩٨٢

وتەی ژمارە

رژیمی رەگەزپەرست، بۆزیاتر لە ناوبردن و تواندنەوەی گەلەکەمان، شان بە شانی هێزی سەربازی و هەموو شێوازێکی تری زەبروزەنگ وسەرکوت کردن، بەردەوام هەوڵی داوە، لە لایەکەوە ئەدەب و هونەری رەسەنی گەلەکەمان بشێوێنێ و لە بەر یەکی بترازێنێ، لە لایەکی تریشەوە هەوڵی هەڵکێشانی ئەو رەگە قوڵەی داوە کە ئەدەب و هونەری کوردی، لە ناو دڵ و دەروونی میللەتەکەماندا ای کوتاوە، هەروەها بۆ ئەوەش بە تووندی بە خۆیەوە ببەستێتەوە و بەو ئاقارەدا ئاراستەی بکات کەدەربڕی ویست و پارێزەری بەرژەوەندیەکانی خۆی بێت و لە خزمەتی جێبەجێ کردنی نەخشە و پیلانەکانی خۆی دا بەکاری بهێنێ.

بریاری هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی نووسەرانی کورد و کردنی بە بەشێکی لە یەکێتی نووسەرانی عیراق، رووبەکی ئاشکرای ئەم هەوڵەی رژیمە.... بۆیە هەر لە سەرەتاوە، ئەدیبە هوشیار و نەترس ونیشتمانپەروەرەکانی کوردستان، ئەرکی نیشتمانی و ئەدەبی سەرشانی خۆیان بەجێ هێنا و هەڵوێستی ئەدیبانەی خۆیان، بەرامبەر بەم بریارە شۆڤێنیە وەرگرت و بە تووندی رەتیان کردەوە. چونکە پێ یان وابو کە قەبوڵ کردنی ئەم بریارە، سەردانەواندن و مل کەچ کردنە بۆ داخوازی و فەرمانەکانی رژیم و گلانە ناو زەلکاوی خیانەتیشە دەرهەق بە گەل و نیشتمان و چوونە دەرەوەیە لە بەرەی گەل و بزوتنەوەی کۆمەڵەکەیان و پچرانی پەیوەندیانە لەگەڵ ئەو جەماوەرە چەوساوەیەدا کە هەمیشە سەرچاوەی پیت ودەوڵەمەندی

بەرهەمەکانیانەوە ... پێیان وابوو قەبوڵ کردنی ئەم بڕیارە ، دەیان کات بە بە ئامرازێک بە دەستی رژیمەوە ، توانا و بەهرەی ئەدەبیشیان خزمەتی زیاتر مانەوەی رژیم و درێژە پێدانی زوڵم و زۆر و چەوسانەوە دەکات ... پێیان وابوو کە هەرکاتێ ئەدیب لە واقیعی ژیان و گوزەرانی جەماوەر دابڕاو دەربڕی خواست و ئاواتەکانیان نەبوو ، بە زمانی جەماوەر قسەی نەکرد ، بەرهەمەکەی لەخۆشی وناخۆشیەکانی ژیانی ئەوانەوە هەڵنەقوڵاو، خەباتی ئەوانی جۆش نەداو ، تاوێ نووچ نەدان و باخی بزوتن و شۆڕشی لە قووڵایی دەروونی جەماوەردا نەوەشاندەوە لە پێناوی ڕووخاندن و تێکشکاندنی هێزکانی چەوسانەوەدا و ، بۆ بنیات نانی پاشەڕۆژێکی بەختیار و ئازاد ، خەباتی نەکرد ، ئەوە دەشۆڕێ ئەدیبێکی ڕەسەن و ، ئایستەی ڕێز و خۆشەویستی گەلەکەی خۆی نیێت ...

بەڵام بەداخەوە ، لە بەرامبەر ئەم هەڵوێستە ئازایانە و شۆڕشگێڕانەی نووسەرە دڵسۆز و نیشتمانپەروەرەکاندا ، ژمارەیەکی زۆرکەم ئەمبارەیان قەبووڵ کرد و ئامادەبی خۆیان نیشان دا کە بەو شێوەیەو بەو مەرجانە کاربکەن ، کە رژیمی دژبەگەل دەیەوێ .

ئێمە هەرگیز ، پێمان خۆش نەبوو ، نەتانەت ژمارەیەکی ئاوا زۆرکەمیش هەڵوێستی ئۆپۆرتۆنیستانە و نائەدیبانە وەرگرن وەئاوا هەموو هەستێکی نیشتمانی لە دەروونی خۆیاندا بکوژن و چاو لە ئاستی هەموو ڕەفتارێکی فاشیانەی ڕژیم بنوقێنن وەهەروابە ئاسانی سەنگەری بەرەنگاریی قەڵەمە نەترس و شۆڕشگێڕەکان چێ بێڵن و بخزێنە پاڵ دوژمنەوە و ئامادەبن قەڵەمەکانیان لە خزمەتی پاراستنی مەرژەوەندیەکانی ڕژیمێکی ئاوادڕند، و ڕەگەز پەرستا بخەنە گەڕ .

نووسەرانی کوردستان ، کە هەر ئەم ڕاوەستانە پابەبەکی کۆمەڵایەتی بەرز بوون و هەمیشە لە لایەن گەلەکەیانەوە ڕێز و خورمەتێکی زۆریان لێگیراوە، هەر لەبەر ئەوە کە خۆیان بە واقیعی ژیان و کێشەکانی جەماوەرە و بە مەسەلەی ڕەوای گەلەکەیانەوە بەستۆتەوە و ، بدوێەری لە خۆبوردنەوە بەرەنگاری هەموو جۆرە چەوسانەوەیەکی نەتەوایەتی و چینایەتی بوونەتەوە ... لە بەر ئەوەی کە کەسانی بەئاگا و هوشیارو دڵسۆزی گەلەکەیان بوون و هەمیشەش دەربڕێکی ڕاستگۆی ژیان و گوزەران و خواست ئاواتەکانی بوون ...

خۆ هەر نووسەرێکیش ، پێچەوانەی ئەم ئەرکە و فەرمانە ڕەفتاری کردبێ و بیکا ، گەل ئایبووری و حوکمی گەلیش ، گەرچی زۆر عادیلانەیە ، بەڵام لە هەمان کاتا زۆر قورس و سێ بەرەیی نەشە .

« دەستەی نووسەران »

هەوالنامەی کتێب

دیدارێک لەگەڵ ئەدیبی کوردی سوڤیەتیدا حاجی جندی

روشنبیری لەژێر سایەی دیموکراسیدا نەبی گەشە ناکا

دلزار کردویە بەکوردی

حاجی جندی پایەیەکی بەرزی لە ئەدەبی کوردی سوڤیتی و تیکڕای روشنبیری کوردیدا هەیە ، پرۆفیسور و دکتورە لە زانستەکانی زمانەوانیدا ، نوسەری دەیان وتاری ئەدەبی و لیکولینەوەی زمانەوانی و چیرۆک و کتێبە بە زمانی کوردی و ئەرمەنی و بەر لە چەند ساڵێك رۆمانێکی دەرکردوە لە ژێر ناوی ((دەقنی بەهار)) دا* ، کە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی روسی و ژمارەیەك لە زمانەکانی یەکێتی سوڤیەت .

جندی بە بۆنەی گەیشتنی تەمەنی بە حەفتا سال ، میدالی دوستایەتیی نێوان گەلان و میدالی شەرەفی پێ درا ، ئێستا تەمەنی حەفتاوچوار ساڵە** .

حاجی جندی لە ڕۆژی دامەزراندنی یەکێتی نوسەرانی ئەرمەنستانەوە زیاتر لە بیست ساڵ سەرۆکی بەشی ئەدەبیاتی کورد بو ، ساڵانی زور لە ڕۆژنامەنوسی و

(*) دەقن : (قوڕە لیتە) یە .

(**) ئەم دیدارە لە ساڵی ١٩٨١دا کراوە .

ئەدەب و هونەری لێکۆڵینەوەی زانستیی دا کاری کردووە . ئیستایش یەکێکە لە بەناوبانگترین لێکەرەوە کوردەکان لە بەشی کوردۆلۆژی سەر بە ئەکادیمی زانستەکانی کیاری ئەرمەنستانی سۆفیتی لە یەریفان ، کە خوێنی لەوێ دەژی چاومان پێی کەوت و ئەم ئاخاوتنەمان تۆمار کرد :

لە سەرەوە دەست پێ کردن

* شتێکی زانراوە ئەو کوردانەی کە دەستی قەدەر فڕێی دانە ڕوسیای تزاریی یەوە چەند تیرەیەکی کۆچەر بوون و لە زانست و شارستانیتی دوربون چۆن ئەدەبیکی کوردی سۆفیتیتان خوڵقاند ، دوای شۆڕشی ئۆکتوبەری سۆسیالیستی مەزن ؟

ـ ڕاستە کۆچەر بوین ، بێ سەواد بوین ، ژمارەی خوێندەوارانمان لە ژمارەی پەنجەکانی دەستێک پتر نەبون ، فلان و فلان و فلان ، ئاوا ژمارەت دەکردن ، بەڵام ئێمە لە سەمان کاتا ، فۆلکلوریکی دەوڵەمەندمان هەبوو دەوڵەمەند وەک خودی ژیان .

لە سێچەوە دەستمان پێ کرد ، لە سەرەتایە هەوڵیەکانەوە ، خوێندنەوەو نووسین ، قوتابخانە ڕاستەوخۆ دوای شۆڕشی کرانەوە و دەرگایان لە پێش ڕوەکانمان خرانە سەرپشت شایانی باسە لێرەدا باسی ئەو یارمەتییە برایانەی گەلی ئەرمەن بکەین ، کە پێشکەشیان کردین .

هەنگاوە یەکەمەکان لە سالی ١٩٢٠ وە نوسین بە ئەلف و بێی ئەرمەنی بوو لەوە بەدوا لە دەوروبەری سالی ١٩٣٠ وە بە ئەلف و بێی لاتینی و لە سالی ١٩٤٩ وە کوردەسۆیتییەکان ئەلف و بێی ڕوسی بەکاردێنن .

لە سەرەتادا هەوڵ و کۆشش بۆ دانانی کتێبی کلاسی (قوتابخانەیی) تەرخان کراە پاشان فۆلکلور کۆ ڕایەوە و تۆمارکرا و دوای ماوەیەک لە کانوونی دووەمی سالی ١٩٣٠ دا ڕۆژنامەی (ئا تازە) دەرچوو ، جا لەگەڵ دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردی دا هەندێ لە ڕۆ نبیرانی کورد دەرکەوتن ، لەوانەی کە سەرەڕای زمانی کوردی زمانی ئەرمەنی ، ن ڕوسی ، یان هەردوکیان دەزانی و لە نوسەرە کوردەکانی بەرایی ئەرەبی امیلوف و جندوی گەنجو و ئەمینی عەبدال و جاسمی

هەوالنامەی کتێب

مەلیل و حاجی جندی و ئەحمەدی میرزای وعەتاری شاروبون ٠

چەندی ئەرمەنیش هەن کە بەکوردی دەنوسن وەك نووری ئوهاکیم و رۆنیست دارامکیان و لە ئاشوریانیش ئیسحاقی موروگولوف ٠

هیچ ئەدیبیکی پیشەوەرمان نەبوو ، هەمومان ئەدەب دوست بوین ، وەرگیرا ن لە رووسی و ئەرمەنی یەوە شوینی پیشەوەی لەبەرهەمی نەموانا وەرگرتبوو ٠

ئا بەم جورە تووی ئەدەبی کوردی لە خاکیکدا روا کە سی چەمی سەرەکی دەیان داشت ، فولکلور ، وەرگیران بەهرە ئەدەبیە لاوەکان ٠

بەشی ئەدیبە کوردەکان لەناو یەکیتی نووسەرانی ئەرمەنستانی سوفیتی دا رولیکی گرنگ و کاریگەری گیرا ، ئەم بەشە لەسوبەر و ئیستاش وەك (وەرشەیەکی ئاسنگەری) کاردەکا ، ئەمە جگە لەو یارمەتی یانەی کە ئەدیب و روشنبیرە ئەرمەنی یەکان پیشکەشیان کرد ٠

* لەوەی باسکرا دەردەکەوی ، کە ئەدەبی کوردی لە یەکیتی سوفیتی لە دایك بووە بە پچراوی لەرەگە بنچینەییەکانی ـ دوور لە گەنجینەی ئەدەبی کلاسیکی دەولەمەندی کوردی ٠

ـ بەلی بەرهەمە کلاسیکی یە کوردیەکانمان نەدەزانی و ئەوسا چاومان پی یان نەکەوتبوو ، بەلام خەلك لەسەر پەرەی دلیان داستانی (مەم و زین) ی ئەحمەدی خانی و شیعرەکانی مەلای جەزیری و فەقی تەیران و هی تریان ، لە نیوانی چیرۆکە گەلی و لاوکەکاندا ، ئەزبەر کرد بوو ٠٠٠ واتا ئیمە نمونەمان لە ئەدەبی کلاسیکیمان دەزانی ، لەریگەی کەلەپوری ئەدەبی گەلی یەوە ، تەنیا ئەوەی کە دەگوتری ئەمەیە کە هەندی لە لی کولەرەوە و روژهەلات ناسە سوفیتیەکانی پسپور لە کورد ناسی دا دەلاقەیەکی گرنگیان لە پیش خویند هوارەکانماندا کردەوە بو ئەوەی لەویوە بە رابردووی ئەدەبی و کەلەپورە روشنبیریەکەیاندا بروانن لە ریگەی ئەو کتیبانەوە کە لەبارەی ئەدەبی کوردییەوە ، بەروسی دەریان کردووە و (مەم و زین) و هەندی بەرهەمی تری ئەدەبی کوردییان وەرگیرایە سەر زمانی کوردی ٠

جا لە دوای ئەمە بەرهەمە ئەدەبیەکانی ئەدیبەکانی هەموو

کەرتەکانی کوردستانمان دەدی ، بایەخمان پێدەدا و لێی دەکولاینەوە ، نیرەدادەیی بە شانازی و ریزلێگرتنەوە باسی ئەدەبی کوردی عیراقی بکەم کە چەند قەناعیکی دریژی بریوە ٠

گوران گەورەترین
شاعیری هاوچەرخی کوردە

* ئایا هیچ دیدارێک بوو لە نێوانی ئێوە و ئەدیبە کوردەکانی دەرەوەی سوفیەت ؟

ـ بەڵێ گورانی شاعیری نەمر یەکەم شاعیر بوو کە چاوم پێی کەوت ، گوران ساڵی ١٩٦١ سەردانی دەستەی نووسەرانی ریا تازەی کرد لە یەریڤان ، بە هاوڕێیەتی شەهید جەمال حەیدەری ، نیشانەی نەخۆشی پێوە دیار بوو هاوڕێ حەیدەری بەم جۆرە ناساندی و گوتی : لە بەناوبانگترین شاعیرانی کوردە لە عیراق ٠٠٠ و هەندێ شیعری بە کوردی پێشکەشکردین و هەندێکی تریشی بە وەرگێڕ راوی بۆ زمانی ڕووسی ٠

گوران بەژن زراف و هێمن و سەنگین بوو ، بە ئەدەبێکی پڕەوە لە گەلمانا دوا ، لە دەوری کوبوینەوە (ئەمینی عەبدال وەمیروی ئەسەد و ئەز و کریکارانی تری ڕۆژنامەکە) ٠

گوران بەختەوەری خۆیلەسەردانەکەدا دەربڕی ، کە لە وەسف کردن نایە و لە خۆشحاڵی بەگەیشتنان بە مافەکانمان و بەوەی کە خارەنی ڕۆژنامە و ئیستگەیەکی کوردین و کتێبەکانمان بە زمانی خومان دەردەکەین ٠٠ سەردانێکی گورت بەڵام گرنگ بوو ٠ هێشتا تارمایی گورانم هەر لەبەرچاوە بە ڕووە پر لەبەزەیی و خێمنە کەیەوە ، بە وشە لەسەرخۆکانیەوە کە بە شێوەیەکی زیدە شیرین دەگەیشتنە پەردەی گوێمان ٠

گوران بێگومان لە گەورەترین شاعیرانی هاوچەرخی کوردوێیکە لە شاعیرە گەورەکانی ئەدەبی هاوچەرخی جیهان ٠

چاوم بە ئەدیبانی تریش کەوتووە : هەژار ، کامەران موکری ، عزالدین رسول و هێمن ٠٠ هەرچاوپێک کەوتنێک دەرفەتێکی گەورە و بونەیەکی گرنگە ، بۆ ئاڵ و

گورکردنی بیروڕای بەتین کردنی دوستایەتی و برایەتی .

شۆرشی سۆسیالیستی ئۆکتوبەر
هەموو شتیکی بە کورد بەخشی

* ڕووکاری پیشووی ئەدەبی کوردی سۆفیتی چی بوو و ڕووکاری ئیستای ، مەبەستم نەوەی نوێیە ، چیە ؟

ـ ئەدەبی کوردی سۆفیتی ، ئەدەبێکی زۆر دەوڵەمەند نیە وەك گوتم ، لە سفرەوە دەستی پێکرد ، ڕووکاری پیشووی لە بنچینەدا بە نیشتمانی سۆفیتی و بە کەسایەتی لینین هەڵگوتن و بە برایەتی و دوستایەتی نیوان گەلان و بە شۆرشی سۆسیالیستی کە هەموو شتیکی بە کورد بەخشی .

یەکەم دەستەی ئەدیبە کوردەکان لەبارەی بوونی نەتەوایەتیمانیانەوە لە چوار چیوەی نیشتمانی گەورەدا و لەبارەی نەریت و کەلەپووری گەلەکەیانەوە دەنووسی ، بەڵام لەم بیست ساڵەی دواییدا نەوەیەکی نوێ لە شاعیران و ئەدیبانی کوردی سۆفیتی پێ گەیشت ، ئەو لاوانە لەسەر زەمینەیەکی ڕەقتر پێ گەیشتن و لەباوەشی ڕوشنبیرییەکی پیشکەوتووی سۆفیتیدا گەشەیان کرد و توانیان بە ئاسانی بە ئەدەبی جیهانی ئاشنا ببن ، سەرەڕای ئەوە کە هەر لە تەمەنی لاوێیانەوە ڕاستەوخۆ گەنجینەی ئەدەبی کلاسیکی کوردییان لەبەر دەستا بوو ، هەندێکەو لاوانە کەوتنە ژێر کاریگەری بزوتنەوەی ئەدەبی پەرەسەندووی کوردی لە عیراق دا و ، کوردستان بوو بە بابەتێکی سەرەکی لە بەرهەمەکانیاندا ، واتا ئەدەبی کوردی سۆفیتی ئیستا ڕووکارێکی نەتەوەیی ـ سۆسیالیستی وەردەگرێ ، کە ڕووکارێکی ڕاستە و ڕەوایە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەوڵەمەند تر دەبێ و ئیستا دەستەیەکئەدیبی دیار و ناسراو هەن ، میکائیلی ڕەشید ، عەسکەری بۆیک ، غەریبی یوسف ، توسنی ڕەشید ، عەگیدی شەمسی ، ئەکۆی حەسەن و ... بو چەرکەسی ڕەهش، کە هێشتا سەرەتای ڕێگادایە ، دوا ڕۆژیکی باش ڕەچاو دەکەم .

ئەنسکاوپیدیای گەلی کورد

* باشە ، با بگەڕێینەوە سەر بەرهەمە ئەدەبیەکانت ، بە شێوەیەکی ڕونتر با بگەڕێینەوە سەر ڕومانەکەت (دەقنی بەهار) چیت کە لە نیوانیا

بیلی ی ؟

ـ لەم رومانەدا کوچەکەی گەلی کوردم تومار دەکەم ، کە ئیستا لە یەکیتی سوفیەتدا نیشتەجێیە ، لە عیراقەوە بو پشت کیوەکانی قەفقاز ، بویە دەلیم لە عیراقەوە نەک لە تورکیاوە چونکە نەژادی کوردە ئیزدی یەکان* لە عیراقەوەیە (لە پاریزگای نەینەوا) کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نوزدەمدا رویان کردە روسیای تزاری ، لە لایەکی ترەوە رومانەکە ئەوە بەرجەستە دەکات کە چون ئەم بەشە کوردە خوی لەستەم و چەرمەسەری و لەناوبردن رزگار کرد و چوە ژیر ئالای نیشتمانی سوفیتی یەوە • لە رومانەکەدا ژیانی سی پشت لە کورد بە سەردەکەوە بە هەموو تالی و ترشی و شادی و خوشی یەکەوە

) بەرای من (ئیزدی) یان (ئیزەدی) راستە نەک یەزیدی لەبەر ئەم ویانەی خوارەوە :

آ ـ خویان بە خویان دەلین (ئیزدی) واتا لایەنگرانی ئیزەد = یەزدان = خوا •

ب ـ تایبەتی ئەم تیرەیە زور کونە و بەڵگەی تاریخی هەیە کە دەگەریتەوە بو سەردەمی بابلیەکان و پەرستنی خوا (نابو) و لەوە بەدوا تیکەڵ بە ئایینی زەردەشتی و پەرستنی (میترا) بووە کە ئەم میترایە (مهر) بەر لە دەرکەوتنی زەردەشتیش هەر دەپەرسترا • دوا بە دوای ئەمە هەندی نەریتی مەسیحیەکانیش تیکەڵ بوو ئینجا لەسەردەمی دەرکەوتنی ئیسلامیشدا هەندی رەوشتی ئەم ئاینەی ئامیتە بوو •

ج ـ نیسبەتی ئایینی ئەم تیرەیە دەچیتەوە سەر دوو سەرچاوە کە هەردوکیان وەک باسمان کردن ، بەیەک ماناهاتوون ١ ـ ئیزەد ، ٢ ـ یەزدان هەر دووکیشیان کونن ، جگە لەوە کە لە کوردی و فارسی دەریدا مانای هەردوکیان (خوایە) لە زمانی پەهلەویشدا هەر هەمان مانای هەیە •(سەیریکی فەرهەنگی عمید بکە) •

د ـ بەڵام بو ساخ کردنەوەی نیسبەتیان بە یەزیدی کوری معاویەوە ،

* بوچی فیریك پولاد بەگت بە تارەمانی رومانەکەت هەلبژارد ؟ ئاخو ئەمە رەمزە یان کەسایەتیکی راستەقینەیە ؟

ـ تارەمانی رومانەکە فیریك پولاد بەگ کەسایەتیکی راستەقینەیە ، شۆرشگیری پیشەوەر ، فیودور لیتکین کە لە تەمەنی ۲۱ ساڵیدا لە سیبریا ، لە شەریکی ناهاوکوفدا لەگەل سەربازانی سوپای سپی‌ی دوژمن بە شۆرش‌شەهید کرا ، کەسایەتی لیتکین بە شیوەیەکی مەنتیقی دەچیتە ناو رووداوەکانی رومانەکەوە ، چونکە خودی باپیرانی ئەو دەچنەوە سەر ئەو ئیلە نەژادییەی کە بو پشت قەفقاز کوچیان کرد ، سەرەڕای گەلێ لەو راستی‌یە تاریخیانەی کە رومانەکە پشتیان پێ دەبەستی ویستم بە شیوازیکی راستەقینە و ساکار ، جوانترین نەریت و رەوشتی گەلی کورد پیشکەش بە خوینەرانی خوشەویست بکەم ، بە تایبەتی رەوشت و نەریتی کوردە ئیزدییەکان ، لە چینەکانی رژیمی ئیلایەتی و کۆمەڵایەتی و دەستووری بریار وەرگرتنی بە کۆمەڵ و تا ساکارترینی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی‌یەکان ، ئەمە جگە لە پوشاك و خوراك و مال و مەنزل و ئەو قیمەتە روحی‌یانەی کە لەناو دەروونی مرۆڤی کوردا جێگیرە ، وا بزانم لەبەر ئەم هۆیەیە کە میکائیلی رەشید لە وتاریکیدا ، کە

هیچ دەستاویژێك بەدەستەوە نیە جگە لەشیخ (ئادی) . ئەم شیخ ئادییە وەك لە فەرهەنگی (المنجد فی اللغه و الاعلام) ی چاپی ۲۱ دا هاتووە ، عەدی کوری مسافرە کە ناوبانگی (شرف الدین ابو الفضائل ـە ، لە ساڵی ۵۷۷ / ی کۆچی ، ۱۱۶۲/ی زایینی‌دا کۆچی دوایی کردووە ، هونیبکی گەورە بووە لە (بەعلەبەك) لە دایك بووە و ماوەیەك مجیوری (مەدینە) بووە و لە پاشان‌چوتە ناوچەی هەکاری و موصل و پەرستگایەکی لەناوچەی ئیزدی‌یەکاندا بینا کردووە و تیا ژیاوە و هەر لەوێش‌کۆچی دوایی کردووە و ئیستا ئیزدییەکان تەقدیسی گورەکەی دەکەن . بەڵام ئەم شیخ ئادییە (۴۸۲) ساڵ دوای مردنی یەزیدی کوری معاویە مردووە ! (یەزید لە ساڵی ۶۸۰ ی زاینیدا مردووە) بوێە یەزیدایەتی ئەم کوردە ئیزدییانە بی بنیاتە .

(دڵزار)

لەم دواییەدا بلاوکراوەوە ، ناوی ناوە (ئەنسکلوپیدیای گەلی کورد) هەمیشە بەراوردی دەکا بە رۆمانی (برینی ئەرمینیا) ی خەجەدور ئابوفیان ، کە یەکیکە لە دامەزرینەرانی ئەدەبی ماوچەرخی ئەرمەنی .

ئەم رۆمانە کاتیکی زۆری لێسەندم ، لەسالانی جلەوە کارم تێدا کرد و تا سالانی شەست بوم تەواو نەکرا . ئەم رۆمانەی من یەکەم رۆمان نیە لە ئەدەبی کوردی سۆیێتیدا ، لەمەدا (ئەرمینی شامیلوف) ی نووسەر لە پێش منەوە رۆمانی نووسیوە (تەلای دمدم) و (ژیانی کامەران) هەیە ، هەروەها لەم دواییەدا رۆمانی (خەتێ خانم) ی ئەدیب عبدالرحمن دەرچو ، ئەمانە سەرەتای پەرەسەندن و بەرەو پێشەوە چوونی هونەرەکانی ئەدەبی کوردین ئەز بروا بەهێزم کە ئەم ئەدەبە پتر پێش دەکەوی . گەورەترین بەلگەش بو ئەم بەرەو پێش چوونەی ئەدەبەکەمان ئەمەیە کە ئێستا وەرد وگێرد ریتە سەر گەلی زمانی یەکێتی سۆفیتی ئەمەش سەرکەوتنێکی گەورەیە کە ئێم ئەلە زور بچوکە لەم وڵاتە گەورەیەدا بەدەستی دێنی .

ئاد نەبوونی گەلی کورد بەمانەرەوایەکانی خۆی
وەلگیە لەسەر نەبونی دیموکراسی

* بەرهەمی ئەدیبە کورد ەکان لە کورد ستاندا چون دەبینن ؟

ـ بڕگرمان بەرهەمی داهێنەرانەی کرد یلە کورد ستاندا ، کە نشینگەی گەلی کوردە ، لە هەر دەولەتیان دابی پێشکەوتوترە و مەودایەکی پتری بڕیوە ، فولکلۆریکی دەولەمەند و زمانێکی شیرین و ئەدیبانی داهێنەرمان هەن ، ئەز دڵنیام کە گەلەکەمان لە قوناغی ئێستادا ، ئەدیبانی گەورە پێشکەش بە مرۆڤایەتی دەکا . ئەدیبی کورد سەرەڕای زانینی زمانی خۆی ، زمانی گەلانی دراوسێش دەزانی یان زمانی رەسمی ئەو دەولەتانەدەزانی کە لەناویاندا دەژی و لە کانیەکانی شارستانیتی و وێژەی ئەو گەلانە هەلدەهێنجی ، ئەمەیش ئاسوێ فراوان دەکا . شتێکی شاراوە نیە کە زور لە ئەدیبانی گەلانی دراوسێ ی کورد کە لە جیهاندا ناسراون و بە زمانی ئەو گەلانە دەنووسن بە نەژاد کوردن ، ئەدیبی کورد مەسەلەیەکی گەورە و گرنگ هەلدەگری و ئەرکی ئەوتوێد مکەویتە ئەستو کە

هەوالنامەی کێبڕکێ

زەحمەتترینی هەموو ئەو ئەرکانەن کە بە دریژایی قوناخەکان بەرەنگاری بوون ٠

* گەلی کورد لە زۆربەی بەشەکانی کوردستاندا دوچاری چەوساندنەوەیەکی دوولایی بووە ، نەتەوەیی و چینایەتی ، بو نمونە لە عیراقدا روشنبیری و ئەدەبی کورد یو ئەدیبان تووشی هیرشیکی سەختی دەسەلاتداری بوون و میژووی کورد تووشی شیواندن هاتووە ، واتا کزبوونیکی گشتی فەرهەنگ و روشنبیری کوردی هەبە ٠٠ راتان چیە ؟

ـ نزیکەی هەموو گەلانی جیهان ، دەولەتی خویان هەیە ، بەلام گەلی کورد ، دەستی قەدەر ، وای لی کردووە کە بەپارچە پارچەیی بژی و لە زۆربەی مافە بنچینەییەکانی خوی بیبەش بی ، تەنانەت لە هەندیکیاندا ناهیلن بە خوی بلی کورد ، لە هەندی دەولەتی تردا فەرهەنگ و میژووی دەشیویندری و ئەدیب و روشنبیرەکانی ئابلوقە دەدرین و هەولی تواندنەوەی گەلی کورد دەدری ، لە باشترین نەتەوە گەورەکاندا ، بەلام هەولدانیکی پوچەل و سەرنەکەوتووە ٠

ساکارترینی مافەکانی مروڤ ئەوەیە کە بە زمانی زگماکی خوی بخوینی و بنوسی و بخوینیتەوە و کەلەپور و تاریخ و شانازییەکانی بپاریزی ، لەسەر خاکی نیشتمانەکەیدا بژی ، بەلام بوچی کورد لەمانە هەمووی قەدەغە دەکری ؟ قوتابخانە کوردییەکان دادەخرین ، ئەو کتیبانەی کە بە کوردی دەرچون قەدەغە دەکرین ، دامەزراوە روشنبیرییە کوردییەکان دادەخرین ، یان کوسپیان دەخریتە بەر ٠ ئەزدەنگی خوم دەخەمە پال هەموو کورانی نەتەوەکەم و پشتیوانی کاری گەرم و گوری خومیان لە تیکوشانیاندا لەگەلا دەردەبرم ، لە مافە روشنبیری و بەریوەبەرییە رەوایەکاندا ، لە مافی ژیانیان لەسەر خاکی خویان بە برایەتی لە گەل گەل و نەتەوە دراوسییەکاندا ٠

شاد نەبوونی کورد بە مافە رەواکانی لە ژیاندا ، گەورەترین بەلگەی نەبوونی دیموکراسییە لەو ولاتانەدا کە لەناویانا دەژی ، بویە چارەسەرکردنی تاقانەی دژواری گەلی کورد خولقاندنی ئەم دیموکراسییەیە ، پیکهاتنی حکومەتانی دیموکراسی نیشتمانییە کە بە شیوەیەکی ژیرانە سەیری دژواری گەلی کورد بکەن و بە نیاز پاکی یەوە چارەسەری بکەن بە پێی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی ولات ٠

روشنبیری نیشتمانی له ژیر سایه‌ی دیموکراسیه‌تدا نه‌بی هه‌رگیز گه‌شه ناکا ·

دەنگی خوم بو رای گشتی جیهانی به‌رز دەکەمه‌وه و داوای لی دەکەم که له‌گه‌ل روشنبیری و شارستانیتی و گەنجینه‌ی نه‌ته‌وایه‌تیماندا بوەستی و له دەست دوژمنانی رزگار بکا · به‌رهه‌مه روشنبیری‌یه‌کانی کوردی سوڤیه‌ت گه‌وره‌ترین به‌لگه‌ن له سه‌ر خوشه‌ویستنی ئەم گه‌له بو ژیاند نه‌وه‌ی فه‌رهه‌نگ و ئەدەبه‌کەی ·

* ئایا ئه‌مه نابینی که مەسه‌له‌یه‌کی هاوبەش‌هه‌یه له‌نیوان به‌رژه‌وەندی‌یه‌کانی‌هه‌رد وو گه‌لی عه‌ره‌ب و کورد ا ؟

ـ هه‌روەك گه‌لی کورد له یه‌کیتی سوڤیه‌ت دەژی ئاوابش‌دەبی له‌گه‌ل گه‌لانی ئەرمەن و گورجی و گه‌لەکانی تری سوڤیه‌ت دەژی ئاوابش‌دەبی له‌گه‌ل گه‌لانی عه‌ره‌بدا بژی ، چەند راسته دروشمی ((برایه‌تی کورد و عه‌ره‌ب)) که هەندی هیزه سیاسی یه‌کانی عیراق و به‌رزی دەکەنه‌وه · بی‌گومان گه‌لانی عه‌ره‌ب و کورد یه‌ك مەسه‌له‌ی هاوبەشیان هه‌یه ، ئەویش دوژمنایه‌تی کردنی کۆنه‌په‌رستان و زایونیزم و ئیمپریالیزمه‌، دوژمنایه‌تی کردنی شوڤێنیسته خرپه‌رستەکان و بەدی هێنانی ماف نه‌ته‌وایه‌تی‌یه رەوایەکانه ، به تایبه‌تی له‌نیوانی گه‌لی کورد و فه‌له‌ستینی‌دا · بویه گه‌لی کورد له میژه سوز و میهره‌بانی زوری‌خوی و پشتیوانکاری له‌گه‌ل مەسه‌له‌ی گه‌لی عه‌ره‌بی فه‌له‌ستین و بریاردانی مافی چاره‌نوسی و دامه‌زراندنی دەولەتی سه‌ربەخوی دەربریوه · هه‌روەها چەند په‌یوەندی‌یه‌کی هاوبەش‌له نیوان فه‌رهه‌نگ و روشنبیری عه‌ره‌ب و کورد ا هه‌یه ، ئەمه جگه له تایبه‌تی و دراوسیتی · جا بو ئەوەی روشنبیری ئەم دوو گه‌له بیه‌کەوه له‌حیم بسن و جوش‌بخون ، پێ‌ویسته دەستی خه‌باتی هاوبەشیان بیه‌ك بگەن ، له پیناو یه‌ك ئامانجدا ـ پیشکەوتنی کومه‌لایه‌تی و گەشەکردنی روشنبیری و زانست · هه‌ردووگه‌لی عه‌ره‌ب و کورد چەوسینراوەن ، له لایه‌ن یه‌ك هیزەوه ، له‌لایه‌ن ئیمپریالیزم و به‌کری گیراوەکانیەوه · جا بو له‌ناوبردنی ئەم چەوساندنه‌وه‌یه و بو رزگاربونی دەبی کرد و کوششی هه‌ردوو گه‌له‌که و تیکرای گه‌ل و نه‌ته‌وەکانی ناوچه‌که یه‌ك بگرن ·

تیبینی : سه‌عدی مالح له مانگی ئابی ۱۹۸۱ دا ئەم دیدارەی له یه‌ریڤان و موسکودا ، تومارکردووه و له ژماره ۱۳۵ ی(الثقافه الجدیده) دا بلاوکراوەته‌وه ·

پیم وایە کاك ك. حوسامی زۆر باشی بوچوە

جەلال تالەبانی

سوپاس بۆ گۆڤاری نوسەری کوردستان کە بە بلاوکردنەوەی ووتارەکەی کاك کەریمی حوسامی دەرگەی مەسەلەی دانانێکی یەکیتی ئەدیبانی هەموو کوردستانی خستە سەرپشت ٠ گرنگی مەسەلەکە پالی بە منیشەوە ناوە بۆ ئەوەی رەئی تایبەتی خۆم بخەمە بەرچاوی خوێندەوارانی بەریز ٠

پیم وایە ئیمرۆ کەسمان لا ریمان لەوە نەبیت کە نەتەوەی کورد یەکیکە لە نەتەوە زیندووە بزیوەکانی رۆژهەلات کە دلیرانە لە هەموو بەشەکانی کوردستانی نیشتمانی دا دەستی داوەتە خەباتیکی شۆرشگیرانەی پان و بەرین کە لە شیوەکانی سیاسی و چەکدارانە و رەوشەنبیرانە و ئەدەبی و هتدا خۆی دەنوێنیت ٠ دیارە زۆربەی تیکۆشەرانیش ئەم راستیە دەسەلمینن کە بۆ سەرکەوتنی ئەو خەباتەراست ورەوایەی نەتەوەی کورد لە پیناوی مافی چارەنووسی خویدا ، رێگە و ڕێبازی جیاجیا و شەرتەکانی سەرکەوتنی فرە بابەت و فرە جۆر هەنە ، واتە خەباتەکە فرەجۆر و فرە کۆرو فرەشیوەیە ، بەڵام هیچ یەك لەم راستیانە نکۆلی ناکات کە لەم راستیەدا گرنگ و

سه‌رچاوه‌یی یه‌ش ناکریت که نه‌ته‌وه‌ی کورد یه‌ك نه‌ته‌وه‌ی زیندووه ، رووله گه‌شه‌کرد نو خه‌ملیو بوونه ، واته قانوونی پیدابوون و گه‌شه‌کردنی نه‌ته‌وه‌ی کورد له روژهه‌لاته‌که‌ماندا ، به‌کار و به‌جی‌یه ، جی به‌جی‌کردنی مایه‌ی گه‌شه‌کردنی کومه‌لایه‌تی و سیاسی و ئابووری و فه‌رهه‌نگی و هتدی نه‌ك هه‌ر پتر له ۲۵ ملیون ئینسانی کورده به‌لکو دهشبیته هویه‌کی کاریگه‌ری رزگاری روژهه‌لاته‌که‌مان له ئیمپریالیزم و کونه‌په‌رستی و ئازاردانی نه‌ته‌وایه‌تی وه ئه‌نجامه که‌ی بن برکردنی هویه‌کی گه‌وره‌ی ناکوکی یه‌کانی نیوگه‌لانی روژهه‌لاته‌که‌مانه و کویرکردنه‌وه‌ی سه‌رچاوه‌ یه‌کی زوردا ری و دهستد ریژیبو سه‌ریان ٠ پیم وایه هیچ دوور ناکه‌ومه‌وه له راستی که دهلیم شادبوونی نه‌ته‌وه‌ی کورد به رزگاری و مافی چاره‌نووس ئه‌وه‌نده‌ی خیر و خوشی کوردی تیدایه ئه‌وه‌نده‌ش ئه‌گه‌ر پتر نه‌بیت بو گه‌لانی تورك و عه‌ره‌ب و ئیران باش و به که‌لکه ٠ سه‌باره‌ت به دابه‌شکرانی کوردستان به‌سه‌رچه‌ند ولاتیك دا ، وه‌سه‌باره‌ت به ئه‌همیه‌تی تایبه‌تی رزگاری کوردستان و نه‌وده‌وره‌ی بزوتنه‌وه‌ی رزگاری و دیموکراسی خه‌لکی کوردستان دهیبینیت له رزگاری روژهه‌لاته‌که‌مان و سه‌رخستنی خه‌باتی ره‌وای گه‌له‌که‌مان که‌به شیوه‌یه‌کی ئورگانیك پیکه‌وه گری دراون ، وه به شیوه‌یه‌کی عه‌مه‌لیش له کوردستاندا خوی دهنوینیت و له سه‌رچاکه خویناویه‌که‌ی تحسید دهبیت ٠ هه‌ر بویه‌ش هه‌روه‌ك هاوخه‌باتی گه‌لی کورد له‌گه‌ل گه‌لانی روژهه‌لاتدا شه‌رتیکی گرنگی سه‌رکه‌وتنی خه‌باته‌که‌یه‌تی ، ئه‌وهاش هاوخه‌باتی گه‌لانی روژهه‌لاته‌که‌مان له‌گه‌ل بزوتنه‌وه‌ی رزگاری خه‌لکی کوردستان شه‌رتیکی گرنگی سه‌رکه‌وتنی ئه‌وانیشه ٠ که له‌مه‌ش به ئاسانی ئه‌م راستی یه هه‌لدینجین که هاوخه‌باتی به‌شه‌کانی نه‌ته‌وه‌ی کورد له‌گه‌ل یه‌کتر نه‌ك هه‌ر شه‌رتی سه‌رکه‌وتنی بزوتنه‌وه‌ی رزگاری خه‌لکی کوردستانه له هه‌ر پارچه‌یه‌کی کوردستان و هه‌موو پارچه‌کانیدا له‌روانگه‌ی یه‌کیتی‌ی نه‌ته‌وه‌ی‌کورد و دیدی رووتی کوردانه‌وه ، به‌لکو له روانگه‌ی هاوخه‌باتی گه‌لانی روژهه‌لات و به دیدی به‌کیتی‌ی دهسکه‌وته‌کانیشیان ٠

لیره‌دا دهمه‌وی بلیم رزگاری کوردستان ئه‌همیه‌تیکی تایبه‌تی میژویی هه‌یه بو گه‌لانی روژهه‌لات و بو نه‌ته‌وه‌ی کوردیش ٠ به‌م پی‌یه‌ش بزوتنه‌وه‌ی رزگاری ودیموکراسی خه‌لکی کوردستان بایه‌خیکی میژویی و شورشگیرانه‌ی گه‌وره‌ی هه‌یه ٠ نوسه‌رانی

نیشتمانپەروەری بیر رەوشەن و شورشگێریش‌لەم بزوتنەوەیەدا دەوریکی بالایان هەیە سەبارەت بەوەی کە خوێندەواری شورشگێر هەڵگری مەشخەڵی راستی و پێشکەوتن و شورشن • رونکردنەوەی راستی‌یە گرنگەکان و تیکەڵاوەکان کارێکی گرنگ و پێویستە • بۆیە لەمرودا لە هەموکاتێکی زیاتر پێویستیان بە هاوخەباتی و هاوکاری یەکتر هەیە لە هەمو بەشەکانی کوردستاندا • بۆیە پێم وایە ئێمرو یەکێتی‌ی نووسەرانی کوردستان ــ هەموو کوردستان ــ نەك هەر دەڵێم وایەکی رەوای نەتەوایەتی‌یە ، بەڵکو پێویستیەکی گرنگی سەرجستنی خەباتێشە ، پێویستیەکی گرنگ و بایەخدارە لەسەرخستنی هەڵو خەباتی بەشەکانی نەتەوەی کورد پێش‌لەگەڵ گەلانی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە ، وە لە خەباتی یەکگرتووی گەلانی رۆژهەڵاتەکەشماندا ــ روون کردنەوەی ئەم ڕاستی‌یانە بۆ جەماوەر و هێنانە پێشرو نواندنیان کە بەشێکی زۆری ئەرکی سەرشانی خوێندەوارانی شورشگێرە . سەرجاوەیەکی ئەم یەکێتی‌یەی‌ئەدەبیاتی کوردستانە • بۆیە پرم وایە کاك کەریمی حوسامی زۆر باشی بۆ چووە و لەکاتێکی بێرێستدا داوای دامەزراندنی یەکێتی‌ی ئەدەبیاتی کوردستان دەکات •

چونکە سەرەڕای ئەوەی گوتمان ، نووسەرانی کوردستان وەك هەمیشە دەبێ ڕێبەری کوردایەتی و هەڵگری ئالای یەکخستنی هەول و تەقەلای ئەدەبیاتی کوردستان بن • بە تایبەتی کە کوری خەباتوگوڕەپانی جڵێتباری ئەدەبیاتان زۆر فراوانتر و بەرینترد لە قاڵبی داڕێژراوی خەباتی رۆژانە و چواچێوەی ئەو دروشمانەی تێکۆشەرانی شورشگێر بە دەستەوەی دەگرن بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نزیکەکانی گەلەکەمان • دەشمەوێ بڵێم کە بەری خەیاڵ و مەودای لێکدانەوە و ئاسمانی بیرکردنەوەی ئەدیبان بێبن و بە چاو بەدی نەکراوە ! بۆوینە رەنگە حزبێکی سیاسی یان شورشێکی کوردستان لەبەر هەندی هۆی واقیعی و هەندی تەکتیك و پلان و نەخشەی خوی ئەوەی پێ نەکرێت کە ئەدیبان دەتوانن بێکەن لە باسکردن وهێنانە وە پێشچاوی ئامانجە دوورەکان و مافە سەرەکیە ستراتیژیە کانی نەتەوەی کورد ، بۆیە نابێ کوسپ و بر و بیانوویان بۆ بهێنینەوە پێشرو پەکی بێرکردنەوە و بێرخستنەوەیان بخەین •

جگە لەمە ئەدیبە هوشیارەکانمان ، ئەدیبە شورشگێرەکانمان میراتگری راستەقینەی ئەدەبی نیشتمانپەروەر و شورشگێری کوردن کە هەر لەسەردەمی حاجی

قادرەوە تا ئیمرو هەمیشە بە کورد و کوردستانیان دا هەلگوتووە و بیری رزگاری و یەکیتی و بەختیاری نەتەوەی کوردیان پیشکەش کردووە ٠ من بەلامەوە راستتر ئەمەیە کە لەم مەسەلەیەدا ((ئەدیبانە)) بیری لی‌بکەینەوە نەك ((سیاسیانە)) تا مەسەلەی یەکخستنی هەول و تەقەلای ئەدیبانی کوردستان و دامەزراندنی یەکیتی‌یەکەیان نەخریتە گیژاوی سیاسەتی حزب و ریکخراوەکانی بەشە جیاجیاکانی کوردستانەوە ! پیویستە ئەم راستی‌یەش‌بخەمەوە بەرچاو کە هەل و مەرجی ژیان و گوزەرانی سیاسی و کۆمەلایەتی ئەدیبەکانی هەموو کوردستان زور لە یەکەوە نزیکە سەبارەت بەوەی کە ئیمرو لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا داگیرکەران قەمچی ئازار دانی نەتەوایەتیان بە دەستەوە گرتووە و سەر و گویلاکی ئەدیبانی کوردی پی "بیرار" دەکەنەوە ! نەماوەی دامەزراندنی یەکیتی نووسەرانی کوردستان دەدەن و نەسەربەستی و ئازادی‌یە دیموکراسی یەکانیش‌شوینەواریان ماوە ! لە هەموو بەشەکاندا خەبات دەبی نەبینی و شورشگیرانە بیت کە ئەمەش‌لایەکی باشی ئەمەیە کە یەکیتی ئەدیبانی هەموو کوردستان نابیتە مایەی لەدەستدانی هیچ ماف و سەربەستی و دەسکەوتیك ! خالیکی گرنگی تریش‌هەیە هەقە هەموان‌سەرنجی لی‌بدەین و لی‌ی وردبینەوە ئەویش‌راستی‌یەکە ، وا لە ئاسوی ئەرجەوانی کوردایەتی شورشگیردا وردە وردە دەردەکەویت کە بریتی‌یە لەمەی کوردستان ئیمرو دوخیکی شورشگیرانەی هەیە کە مەودای تەقینەوەکەی و ئەنجامەکەی لە ئیستەوە دیاری ناکریت ٠ وا بویەکەم جارە لە میژووی دور و دریژی نەتەوەی کوردا راپەرینیکی جەماهیری فراوان و رەگ و ریشە داکوتاو سەرتانسەری کوردستانی گرتبیتەوە ٠ تەنانەت لە دوو بەشیشیدا شیوەی شورشی چەکداری بە خویەوە گرتبیت ٠ لە کوردستانی داگیرکراوی بە زور بە تورکیا بەستراویشدا خەباتیکی جەماهیری گەورە دەستی پی‌کردووە ٠ براکوردەکانی سوریە و لوبنان و دەربەدەرەکانی ئەوروپا و ئەمریکاش‌لە خەباتی نەپساوە دا بەردەوامن ٠

راپەرین و شورشی ئەمجارەی کوردستان لەگەشەکردن و پەرەسەندنە ٠ مافە چارەنووسوەك مافیکی سادە و پیرۆز لە هەمولایەکەوە داوادەکری ٠ هەرچەندە دوو بەشی کوردستانی عیراق و ئیراندا ئیمرو دەویستری بە شیوەی ئوتونومیەکی فرەوان بەکاربهینددری بەلام هەر مافی چارەنووس‌سەرچاوەکەی دەبیت ٠ لەگەل گەشەکردنی خەباتی کوردایەتی و گەلانی دراوسییدا جوری بەکارهینانی ئەم مافە

رەوایەش گەشە دەکات و دەگونجیند ریت . بویە هەقە ئەد یبەکانمان جلەوی خەیال و بیرکرد نەوەی شورشگیرانەیان شوربکەنەوە تا گەشتی خویان پی بە هەمو کورد ستاندا تەواو دەکەن .لام وایە زور نارەوایە ماوە ی خەو بینینی و بیر لەد وا روژکرد نەوەش لە نوسەران و ئەد یبانی کورد ستان بگرین بە بیانوی ئەوەی هیشتا وەختی بەجیهینانیان نەهاتووە ، کەچی مروڤایەتی پیشکەتنخواز هەرعەودالی بەجیهینانی ئەو ئامانجە پیروزانەیە کە هیشتا بەدی نەهاتوون !

لە دوایی دا دەلیم پیکهینانی یەکیتی نوسەرانی کورد ستان ریگە لەوە ناگری کە لەهەر پارچەیەکی کورد ستانیشدا لقی ئەم یەکیتیە ، واتە ریکخستنیکی تایبەتی نوسەرانی ئەو پارچەیە پیك بیت ، بەلکو ریگەی بو خوش دەکات .

لەبەرئەوە پیم وایە کاك.ك.حوسامی زورچاکی بو چووە و هەقە یەکیتی ی نوسەرانی کورد ستان ــ هی هەمو نوسەرانی کورد پیك بهینند ریت و لیرەشدا ئەد یبەکانمان پیشرەوی ئەو خەباتە فیکری و سیاسیە بن کە هاوخەباتی هەمو بەشەکانی کورد ستان پیکەوە و لەگەل گەلانی دراوسیشدا بە چاکی و بەراستی دادەریژیت و لەناو چوار چیوەیەکی عیلمی دا دەیهینیتەوە کورەکەوە !

تیوری ره‌نگدانه‌وه‌و داهینانی هونه‌ری

سیامه‌ند ئامیر

هه‌والنامه‌ی کتێب

به‌رهه‌می هونه‌ری به‌ری کاری به‌هیز و توانای مروڤه ۰ ره‌نگدانه‌وه‌یه‌کی روونی سروشتی قوولی مروڤ و نیشانه‌ی پەیوەندی مروڤ و واقیعه که وه‌کو چالاکی پراتیکی و تیوری لیی ئه‌کولریته‌وه ۰

به‌رهه‌می هونه‌ری ئامرازیکه بو به‌رجه‌سته‌کردنه‌وه و گیان به به‌راکردن ودەربرینی بیری مروڤ ۰ کلیلی کردنه‌وه‌ی ئەم ره‌وته‌ش‌ته‌نیا چالاکی پراتیکییه ۰

داهینانی هونه‌ری به واتای تایبه‌تی خوی بریتییه له به‌دیهینانی به‌رهه‌می نوی له ره‌وتی تاودانه‌وه و ره‌وتی کارلیکردنی بابه‌ت و خود (ئوبژیکتیڤ وسوبژیکتیڤ).

وتراوه فه‌لسه‌فه به "من" و به"بزوتنی بابه‌تی "ش‌دەست پی ناکا ۰ هونه‌ریش وایه ۰ سه‌رچاوه‌ی هونه‌ری له "من"دا نیه ۰ به‌لکو خالو وەریکەوتنی هونه‌ر بابه‌تی‌یه ۰ به‌لام تیگەیشتنی هونه‌ر به‌بی منی مروڤ و بیری مروڤ نایه‌ته دی ۰

توانای داهینه‌ری میشکی مروڤ ریگه‌ی پی‌ئەدا که به پی‌ی یاساکانی ئیستاتیکا واقیعی دەروبه‌ری خوی بگوری ۰ له پەیوەندی خود و جیهانی واقیعدا خود هەست به بوونی تایبه‌تی خوی ئەکا و "ناواقیعی" بوونی جیهان تیدەگا ۰ واته

جیهان مروڤ رازی ناکا ، مروڤ بریار ئەدا کە بە تیکوشانی خوی جیهان بگوری ئەگەر چی جیهان بە پی‌ی یاسای بابەتی‌ی ئەگوری • واتە جیهانی بابەتی لە ئاقاری خویەوە بەرەو گوران ئەروا • ئەم تیکوشانە پرتیکیبیەی مروڤ کە لە بەرامبەر دنیای بابەتی دا راست بوتەوە ، بوگەیشتن بە ئامانجەکانی زورجار تووشی گرفتی و شکست بووە • لەگەل ئەمەش ، لەرەوتی تیکوشانیدا تەنیا لایەنی خود ی‌ی ناگریتەوە بەلکو وەکو ئیمپراتیڤی تیکوشانی پراتیکی مروڤ وزە و توانا لە واقیع وەرد ەگری •

مارکس بە رونکرد نەوەی فەلسەفەی هیگل دووپاتی کرد ەوە کە "چالاکی پراتیکی وا لە سەروو ناسینی تیوریکییەوە ، چون نە تەنیا گرنگی‌ی گشتی بەلکو واقیعی راستەوخوشی هەیە "

ئاوات و خوزگە بە بی پراتیك شتیکی خود ییە • بەلام پراتیك ئەیکا بە واقیع لە راستیدا پراتیك گورانی خود و بابەت ئەنوینی •

هونەر بە پالپشتی‌ی هوشیاری کومەلایەتی و پراتیکی مروڤ ، نوینەرەوەی واقعە و ریگەی مروڤ ئەدا واقیع بناسی و بە پیی یاسای ئیستاتیکا بیگوری •

هونەر بە کارکرد نە سەر ئاگایی مروڤ و بەدیهینانی دوخی لەبار بو تیگەیشتن لە جیهان ، واتا و ئامانج بو تیکوشانی خوی دیاری ئەکا و ئەبیتە هوی ئەوەی مروڤ بتوانی لە گورانی جیهاندا بەشداری بکات •

هونەری هاوچەرخ بە تایبەت ریالیزمی کومەلایەتی بەبی ئەوەی خوی‌ببەستیتەوە بە رەنگدانەوەی ژیان و گەلالەی توند ترین کیشەکان ، لە ناوەرۆکی رود اوەکاندایە • هونەر ئامرازیکی پەیوەندی نیوان مروڤ و کومەل و سروشتە • بەهوی پەیوەندی بابەت و خود ەوە بیری هونەری لەرووی بەرەگە و روانینەوە ، قوولی و تایبەتیەتی بیری فەلسەفییان هەیە •

بویە چاوەروانی نویی هونەر لە بەدیهینەر و بەرخور بەیەك رادەیە ، واتە چاوەروانی هونەر لەنوسەر و پەیکەرتاش و هونەر پیشە و خوینەر و بیسەر و بینەر بە یەك ئەندازەیە • بو دەستەی یەکەم وەستایی و پسپوری لە هونەردا بە ئەندازەی تیگەیشتن لە گوران و رووداوی بنەرەتی ئەمرو پیویستە •

داهینانی هونەری ئەمرو پیویستی بەیەکبونی هەست و بیر و خەیالی دانسقە و دەگمەن و چیژی سمینەر هەیە •

هونەری راستەقینە روالەتی گەلی‌ی هەیە . دەستەی دوەم ، جەماوەریش نەك وەکو "بەرخور" بەلکو بە وینەی داهینەرانی ئەو هونەرە بەشداری‌یان هەیە .

هونەرمەند تاودانەوەی واقیع لە چوارچیوەی دارژانی سادەدا نابەستیتەوە ، بەلکو روانگەی گەشە و پەرەسەندن لە بەرەگەی روانینی ئیمەدا ئەکاتەوە و داهاتومان بو گەلالە ئەکا . بەم تیگەیشتنە هونەر شتیکی کاتی نییە ، بەلکو رابردو و ئیستا و داهاتووش‌ئەگریتەوە .

کومەل فەرهەنگی رابردوو وەك ئەو زانینەی کە مروڤ پی‌ی گەیشتووە شی ئەکاتەوەو پیا ئەچیتەوە .

هەر نەوەیەك بەرهەمی مادی و فەرهەنگی خوی بەدی دینی ، شتی تازە ئەخولقینی ، بەو مەرجەی لە ناکامی کاری نەوەکانی پیشوو کەلکی وەرگرتبی ، ئەم وەرگرتنی فەرهەنگی رابردووە لەگەل ئەوەی کە ئەپاریزری ، ئەخەملی و دەولەمەند ئەبی . ئەم پروسەیە بەیانی زانستیکە واتە : میژوو ئەبی بە تیوری .

یەکەم قانوونی تیوری زانین ئەلی واقعی بابەتی جیا لەهەستی ئیمەیە و سەر بەخویە ، قەبوول کردنی ئەم ئەسلە واتە بەستنەوەی خود و بابەت بە هەستەکانەوە ، بویە ئەبن بە سەرچاوەی زانین . ئەگەر قەبولمان بی کە هەستەکانی ئیمە وینەی واقیعی بابەتی‌ی جیا لە هەستی ئیمەیە ، ئەوکات باوەرمان بە راستی‌ی جیا لە خومان ئەبی کە بناخەی تیوری مادی زانینە .

بویە هەولدان بو بوشرو سادە پیشاندانی بینینی مادی جیهان کاریکی بی بایەخە و(جیهان بو مروڤیکی ماتریالیست ، دەولەمەندتر ، زیندوترو خەملیوترە لەوەی کە بە روالەت خوی ئەنوینی ، هەر پیشکەوتنیکی زانستی لایەنیکی نوێی لی ئاشکرا دەکا ، بو ماتریالیستیك هەستەکانی ئیمە وینەی تاقانە و دوایین واقیعی بابەتین ، دوایین ، نە لەو رووەوە کە ئیستاکە واقیع بە تەواوەتی ناسرابی بەلکو لەو رووەوە کە بەدەر لەو واقیعە نە هیچ هەیە و نە ئەتوانی بیی)) .

ئەمتیزەی تیوری زانستی‌ی رەنگدانەوە ، تیوری زانین ، بو هونەر و بەکار داهینانی هونەریش‌پیویستە و گرنگی زور هەیە .

هاندەری داهینانی هونەری هەرچی بی لە شیعر و پەخشان و موسیقاو تاد بەندە بە واقیعی بابەتییەوە . بەرهەمی هونەرمەند رەنگدانەوەی ئەو واقیعە

هەولنامەی کتێب

بابەتیەیە کە خوێ تیابدا دەژی و بابەتی کارەکەش هەرچی بێ بەد یەهینانەوەی واقیع (سروشت ، کۆمەڵ ، ئەندیشە) یە . کە مرۆڤ بۆ بەرژەوەندی وەدەستهێنانی ئایدیۆلۆژی قوولی خوێ لە ویستگەی چینایەتی خۆیەوە خەبات ئەکا .

هەڵگرتنی ئەو مەسەلانەی پەیوەندی بە راستییەوە هەیە تەنیا بە یارمەتیی میتود ولۆژی و لوجیکی مادی ، کە قانوونەکانی تیشکدانەوەی قانوونی واقیعیی بەتین ، ئەگونجێ .

زۆرجار مرۆڤ پێی وایە هەڵس و کەوتی لە گەڵدا سەربەستە و گوایە لە جیهانی ژیانگەیدا سەربەخۆیە . ((لە راستیدا ئامانجەکانی مرۆڤ بە هۆی جیهانی بابەتی و پێگەی چینایەتی ئەوانەوە پێدانەبێ و دەستەوتە و شتێکی دوزراوی لودی)) .

راستی نەگۆرنییە ، بەڵکو وەک میتود ولۆژی ، چەمکەکانی رەنگدانەوەی میتولۆژی دیاردەکانە ، کە لیرەدا رەوتی تاودانەوە وەک واقیع تایبەتیەتی ناتەباەی هەیە . ئامانجی هونەر ، راستی بابەتی و راستی ژیانە . لیرەدا لوجیکی زانست و لوجیکی هونەر ئەم خاڵی یەکانگیربەیان هەیە کە لە سەرەتاوە بە هۆی خودو و تێکرای خوێان دیاری ئەکرێن . تێگەیشتن لە میتود ولۆژی پرۆسەی زانین لەو رووەوە گرنگە کە خود لایەنی سوبژێکتیڤی و ، تێکرای لایەنی بەرچاوتەنگی پەیدا نەکا . "چەمکی لوجیکی تا ئەوکاتەی "ئەبستراکت"ن ، لەو قاڵبەیاندا خودین ، سروشت ، دیار و ئەبستراکت ، دیاردە و ناوەرۆک ، تاو و پەیوەندییە ، چەمکی مرۆڤ لە کاتی ئەبستراکت و تاک بوونیدا خودییە ، بەڵام بە تێکرا ، لە رەوت ، لەکوبەند ، لە تەیبار و لە بنەمادا رووی بابەتی هەیە . " داهینانی هونەری وێنەی خودی بابەتی و خاوەنی ئەم ئاکارانەن . وە لەیەک وشەدا توانای سەرلەنوێ دروستکردنەوە و خەملاندن و رەنگداندنی جیهان واقیعی بابەتین . جەریانی سەرکردەی رەوتی زانین واقیعی بابەتی ، ئەو پرۆسەی کە لە پەسابەرین و قوول دەبێ ، تێکوشانی پراتیکی بەدیهینانی مادییە .

((نابێ لە بیری بکەین کە پێوەری پراتیک ناتوانی گومانی مرۆڤ بە دروستدانێ یا رەتی بکاتەوە)) بۆ ئەوەی ریگە نەدا زانینەکانی مرۆڤ ببن بە دۆگم ، تا ئەندازەیەک نادیارە . بەڵام ریگەی خەباتی لە ئاشتی نەماتووی دژی هەر

چه‌شنه ئوتوپیسم و ئاگنوس‌تی سیسم تا راده‌یه‌ك روون و ئاشكرایه ۰ ئه‌گه‌ر ئه‌و شته‌ی كه چالاكی پراتیكی به راستی بابه‌تی‌ی تاقا ، و ئاخری ئه‌زانی ۰ وامان بو ده‌رده‌كه‌وی كه ته‌نیا ریگه‌ی گه‌یشتن بهم راستیه ریگه‌ی ئه‌و زانستیه‌یه كه له‌سه‌ر بناغه‌ی به‌ده‌یهینانی مادی دانرابی))

زانینی ئیمه له راستی بابه‌تی سه‌ربه‌سته له رواله‌ی میژوویی‌ده‌ر نیسبیه ، به‌لام ئه‌ش زانین كه راستی سه‌ربه‌سته هه‌یه و له پسا لیی نزیك ئه‌بیته‌وه ۰ نه‌خشه‌ی تابلویه‌كی كیشراو له رواله‌ی میژوویی‌ده‌ر نیسبیه ۰ به‌لام گومان له‌وه‌دا نیه كه ئه‌و تابلویه هه‌ور كات نه‌ونه‌یه‌كی بوونی بابه‌تییه ۰ بو تیگه‌یشتن له میتود ولوژی‌په‌یوه‌ندی دووڵایه‌نی راستی بابه‌تی ، راستی بی بابان (ئه‌بسلیوت) و راستی نیسبی له خه‌بات دژی چه‌مك سازی ئوتوپیت و نیسبیه‌كان له فه‌لسه‌فه و ئیستاتیكا و هونه‌ردا گرنگی هه‌یه ۰

تیزی زانستی له سه‌رده‌وری نیشانه و ره‌مزه‌كان له ناسیندا بو به‌ده‌یهینانی هونه‌ری گرنگه ۰ به‌لام تیوری ئوتوپیتی و سوبژیكتیفی قه‌بول نییه ۰ ئه‌م تیوریه نیشانه و ره‌مزه‌كان له ناسینی مروڤایه‌تیدا به بنچینه دا ته‌نین و ئه‌بنه هوی ئه‌وه‌ی توخمیكی بی قازانجی ئاگنوس‌تی سیسم "سه‌پینن ۰ وه‌هه‌ر هه‌موو جوره به‌كار هینانی نیشانه و ره‌مز دروست نه‌بی ، مه‌به‌ستی ته‌نیا ره‌تكرده‌وه‌ی تیوری ئوتوپیته‌كانه كه خه‌یال كردن ئه‌كه‌نه سه‌ره‌شتی ، ره‌مز و نیشانه‌ش‌ئه‌كه‌نه جیگری واقیعی بابه‌تی ، نه‌یاری له‌گه‌ل "هه‌رشتیكی كیناییه" ته‌نیا له‌و روه‌وه‌یه كه "تامرازیكی باشه بو خولادان له تیگه‌یشتن و گه‌لاله كردن و شیكرد نه‌وه‌ی ئه‌و دیارده‌ی بو تیگه‌یشتنن ۰"

پروسه‌ی ره‌نگدانه‌وه تایبه‌خویی قوولی میتود ولوژی هه‌یه : "زانین ئه‌م پروسه‌ی بیركرد نه‌وه ، نزیك‌بونه‌وه‌یه له‌بابه‌ت ۰ ده‌بی ره‌نگدانه‌وه‌ی ماده له بیری مروڤ وه‌ك ره‌وتی وه‌رچاوه‌ندی جولان بی ، زاوزیی ناكوكیه‌كان و تیاچونیان تی بگه‌ین ، نه به شیوه‌ی رواله‌تیكی بی‌گیان ، ئه‌بستراكت " ، "ئه‌بزیو و كوك " ، بویه تیگه‌یشتن له پروسه‌ی ناكوكی ره‌نگدانه‌وه ته‌نیا به‌هوی میتود ولوژی یه‌وه ئه‌گونجی ۰

به‌لام چاوپوشی كردن له شیوازه‌كانی تر وه‌ك تیگه‌یشتن و وه‌سف و شیكرد نه‌وه‌له پروسه‌یه‌كدا كه واقیع به هویه‌وه له هه‌ستی مروڤدا ره‌نگ ئه‌داته‌وه ، هه‌م له سه‌ر

هه‌ولێری کتێب

ئاکامەکەی هەلە و یەك لایەنییە و ، هەم میتود ولوژیك نییە • بویە لیکولینـــەوەی پەیوەندی تیوری زانستی رەنگدانەوە و سیمیوتیك ، ستراکتورالیزم و سیمانتیك ••• تاد کە بو درك و شیکردنەوەی پروسەی داهینانی هونەری کەلکیان هەیە • واتـــــە لیکولینەوەی مەسەلەی پەیوندیدار بە دۆری نیشانەکان ، نمونەکان ستراکتور ، رەمز و ئەفسانە و •• تاد لەرەنگدانەوەی واقیع و داهینانی هونەریدا زور پیویستـــە • سیموتیك لە سیستەمەکانی نیشانەکان ئەکولیتەوە • زمانیش شوینی دیاری هەیـــە • ئەلبەت پەیوەندی هو و هوکاریش پیویستی بەو گورانە هەیە کە لە هەریمیکەوە بـــو هەریمیکی تر ، دیتە گوری ، بویە حوراوجوری ئەر پەیوەندییانە وەکو هی زمانناسی دیاری ناکری ، هەروەها هونەر وەکو شیوەیەکی هوشیاری کۆمەلایەتی ئەتوانی تـــا ڕادەیەك زمانناسی ، بە پێی ئەو گرنگیدی هونەر واتە (شیعر و ئەدەب) هەیەتی ، دابەزی ، هەر شیوەیەك لە هونەر بەپارێت بە زمان دوخیکی دیاری یا فراوانـــی هەیە • چونکە نە لایەکەوە وەرگیرانیان گرانە و لەلایەکەوە پەیوەندیەکانی هونەری ئەنوورن • شوینەواری هونەری کەلك لە نیشانە و رەمز وەردەگری ، بەلام تا ڕادەیەکی ئەوان دابەزی • چونکە هونەر ناتوانی لەویەری وتەوە خوی ببینتەوە • وینەگەری لە وینەگەری و موسیقا لە موسیقا بەدی نایەت • هونەریش بە واتای تایبەتی وشـــە زمان ـــ نییە • چونکە تایبەتمەتی دولایەنی زمانی نییە • بویە لەباشترین دوخدا هونەر شتیکی لە وت و ویژ زیاتر نییە • تەنانەت دەبی تایبەتیەتی میژوویی ئـــەو و رێنسایانەی هونەر پەیرەوی دەکا لەبەرچاو بگیری •

تیوری زانستی رەنگدانەوە لە هەموو دەسکەوتی زانستی هاوچەرخ کەلـــــك وەردەگری • زانست و هونەریش لە تیوری رەنگدانەوە کەلك وەردەگرن • کەلك وەرگرتن لە سیبرنتیك ، سیمیوتیك و شیکردنەوەی بنچینەیی و هەوالی لیکولینەوەی ئیستاتیکا دەولەمەندتر ئەکا • وەکو بەکارهێنانی کومپیوتەر و ئامیری لەو بابەتە بەلگەی ئەوە م رایەن • بەلام با بزانین ماشین ئەتوانی بو داهینان بیربکاتەوە یان نا ؟

زانایانی وەك "و • روس ئاشبی" و "ئا • کولموگوروف" رایان وایە کە لەبەرانبەردا ئەتوانری ماشینی وا دروست بکری کە بو مروڤ سەردانەمۆبنی و پیش مروڤیش بکەوی •

زانایانی وەك : ئا • برگ" و "ئا • کولمان" باوەریان وایە کە هەرچەشنـــــە سیبرنتیك تەنیا "ئامیر" و "کەرەسە" یە و قەت ناتوانن بەسەر ئینساندا زال بـــن و

داهینان تەنیا لە پاوانی مرۆڤدایە ٠

بۆ ئەوەی بزانین هەق بە کییە ، پێویستە لە لایەنە بنچینەییەکانی داهینان ، بە تایبەت داهینانی هونەری و کارکردی سیبرنتیک و کاری ماشین بە کورتە بکولینەوە ٠

حەوهەری داهینانی هونەری تەنیا رەنگدانەوەی جیهان نییە ، بەڵکو لەو کاتەشدا بەدیهێنانی بایەخی نوێیە و بە پێی ئامانجی بەرزی چینایەتی کەڵك وەرگرتن لە پەیوەندی قوڵی نێوان جەماوەر بایەخی داهینانەکە مەزنتر ئەبێ ٠ پێویستیش نییە کە لەسەر تایبەخوێی زور ئالوسکاوی داهینان لە هونەردا پێبچەقێین. ئەمە کارتێکردنی بابەت لەسەر خودە و لە نواندنەوەیدا بەکارتێکردنی خود بە سەر بابەتدا هەردوو بەیەك ئەندازە ئەگورێن ٠

لەئاکامدا ئەم پرۆسەیە چالاکی جوراجوری وەك داهینان ، ئیستاتیکا تێکوشانی ئامانجی ، پەروەردەو فەلسەفە پێکەوە ئەبەستێتەوە و لەگەڵ تیوری و تێکوشانی پراتیکی هونەردا پەیوەندی هەیە ٠ (هونەر و شوێنەوارەکەی هونەرمەند دروست ئەکەن ، چەشنەی هونەری دروست ئەکەن و جەماوەری وا پەروەردە ئەکەن کە شیاوی هەلسەنگاندنی هونەری مولتەزیم و هەلوێستی شۆرشگێرانەن ٠) هونەرێش لە پرۆسەی داهینانی هونەریدا بەدیدێ (لەم ئواڕەدایە کە دەڵێن هونەرمەند شوێنەواریکی بەدیهێنا ٠) هەروا پرۆسەی داهینانی هونەری تەنیا بەهۆی زانستێکی دیارییەوە ئەگونجێ (هونەرمەند دەبێ زانیاری تیوری پراتیکی پێویستی هەبێ) ٠ ئەم زانیارییانە بەنوڕەی خۆیان زانیاری نوێ بەدی دەهێنن و (لەڕووی چەندی و چۆنی) یەوە ئەبنە هۆی پەرەپێدانی زانیاری بەهێزبوونی زانیارییەکە ٠(پرۆسەی بێکۆتایی دوزینەوە لە زەمینەی لێکدان ،ڕەنگ ، دەنگ و ٠٠ تاد) ٠

زانست و تکنیك کاری ئینسانی سادە کردوتەوە و دەبێ ئەمەش لە ڕستەکە زیاد بکەین کە تیوری زانستی ڕەنگدانەوە ، ڕێگەی داوە باشتر لە چالاکی بەسوود بگەین و لە جۆرەکانی ڕەنگدانەوەدا تایبەخوێی چالاکی ژیرانەی مرۆڤ سەبارەت بە"چالاکی" ئاژەڵ و ماشین ڕوون ببێتەوە ٠

گرنگی میتود ولوژی تیزی زانستی ڕەنگدانەوە کە بە پێی توانای لە تاودانەوەدا بۆ تەواوی مادە پەیوەندی هەیە بەگشتی لەڕووی سیبرێنتیکەوە بۆ لێکولینەوەی

مەسەلەی داهینان و رەنگدانەوە گرنگە ٠

تیوری زانستی رەنگدانەوە لەگەل شیکرد نەوەی چەندی رەنگدانەوە (کە بەگویرەی ئەو شیوازە و جورەکانی تاودانەوەی مادە تەنیا لە روانگەی چەند پیەوە لیك جیان ٠) هەروا لەگەل ئەو بیرە کە رەنگدانەوەی مەسەلەیەکی خوبەخوبیە ناگونجی ٠

و ٠روس ئاشبی بە پیچەوانەی نەریت کە سیبرنتیك بە "تیوری ، ماشین ئەزانن ، واتە سیبرنتیك ئەو سیستەمە ماشینی یەیە کە سەرتاپای پروسەی بەرهەمهینان ئەگریتەوە و بە شیوەی بنچینەیی کارەکان ئەنجام ئەدات و ، مرۆڤ تەنیا دەوری سەرپەرشتی تیدا ئەبینی ٠"کاتی کە ماشین بە جی بەجیکردنی هەموو جولانە پیویستییەکانی هەلدەستیت ، بوچارەسەرکردنی کەرەستە خاوەکان ، بی بەشدار بونی مرۆڤ،جگە لە سەرپەرشتی کریکارەکە نەبیت ، ئابەمە دەوتریت سیستەمی ماشینی سیبرنتیك ٠" (مارکس ــ سەرمایە) بەلام ئاشبی تایبەخویی چالاکی ئەم زانستە دەستیشان ئەکا بەرای ئەو (سیبرنتیك لەوکاتەدا کە "تیوری ماشینە" ، بابەتی ئەو مادانە نییە ، بەلکو شیوەکانی کردارە) سیبرنتیك ناپرسی کە "ئەمەچییە" ؟ بەلکو ئەلی :چ کاریك ئەکا ؟ بویە ئەم دانەرە بە هینانەوەی بەلکە ، تایبەخویی چالاکی سیبرنتیك زانست بە دروست دائەنی ٠ (سیبرنتیك لە ئاستیکدا لە کردار ئەکولیتەوە کە ریك و پیك ، دیاری و ئامادەی خستنە روو بی) ٠ بەمجورە سوورە لەسەر تایبەخویی سەربەخوی سیبرنتیك ، بەلام ئەلی : (سیبرنتیك بەشیوەی بنچینەیی نەبەستراوە بە قانوونی فیزیك یا تایبەخویی مادەوە) ٠ بەشی یەکەمی قسەکەی بەکەمی دروستە ، کە پەیوەندی بە فیزیك و زانستەکانی ترەوە نییە ، بەلام بەشی دووەمی دروست نییە ، چون قانوونەکانی هەر زانستی ، لەوانە سیبرنتیك بە پیی ناودروکیان رەنگدانەوەی ئەم تایبەخوییانەن ٠ لەویوە کە سیبرنتیك بە پیی پەیوەندی بابەتی دەروونی واقیعەکە داریژراوە و لیکچونی سەمەری لەنیوان ماشین ، میشك و کومەلدا دروست کردوە ٠ توانیویەتی سەرکەوتن بەدەست بهینی لە زمینەی زانست و تکنیکدا ، بویە سیبرنتیك بە دانانی زمانیکی کەم تا زور یەکگرتوو و داهینانی "چەمکی ئالوز "تەواوی زانستەکانی بو پەیوەندییەکی ورد و تا رادەیەك روون بردووە کە بە پیی ئەو ئەگری دەسکەوتی هەرکام لە رشتەکانی زانست لە زمینەی تردا کەلکی لی وەربگیری ٠

تیلە میکانیك و ئەلکترونیك و ئیستگەی هید رو ئەلەکتریك و کارگەی ئوتوماتیکی

به‌رهه‌می کیمیاوی و چیمه‌نتو و ... تاد شیوه‌کانی که‌لك وه‌رگرتن له سیبرنتیکس ، به‌لام سیبرنتیك له ئاکامدا ریخوشکه‌ری به‌دیهینانی بالاترین پله‌کانی به‌رهه‌مداری کاره ، سه‌ره‌رای چونایه‌تی به‌رزی به‌رهه‌مه‌کان . به‌لام روس‌ئاشبی باسی ئه‌وه و داهینانه به توانایه ئه‌کا که به هۆی میشکی مروڤه‌وه سه‌لماوه و به هیز بووه . بوچه ناتوانین ئه‌وه‌ی که پی‌ی ئه‌وتری (توانای فیکری) له راستیدا وه‌کو (توانای هه‌لبژارده‌ی دیاریکراو) ی بزانین ، چونکه توانای ژماردن و لیکدانه‌وه و بیرکردنه‌وه‌ی میشکی ئه‌لکترونی ماشینیکی حساب (حاسیبه) تا سنوریکی دیاری دانراوه و له‌و رادەیه‌ تی‌ناپه‌ری . بوی هه‌یه هه‌ندی کامپیوته‌ر بتوانن وه‌لامی هه‌ندی پرسیار بده‌نه‌وه و ته‌نانه‌ت یاری شه‌ترەنجیش بکه‌ن . به‌لام ئه‌وبش له چوارچیوه‌ی حه‌سیبی (احتمالات) تیناپه‌ری .

بوچی کاتیك پرسیاریکی گران دیته‌گوری و (قوتوه ره‌شه زیره‌که) توانای‌پیویست بو وه‌لامدانه‌وه له خوی پیشان‌ده‌دا ناتوانین بلیین که له‌رووی کرداره‌وه وه‌ك بیری خه‌ملیو"ی مروڤ حیسابی بو بکری ؟

تا ئیره ره‌نگدانه‌وه‌که له شیوه‌ی میکانیکی خوی تیناپه‌ری و پیوه‌ندیبه دالکتیکی و ئامانجیه‌کان لیك نادا ته‌وه ، داهینانی هونه‌ری هیچ کات ئه تایبه‌خویی دەسته به‌ندی چینه‌کانی کومه‌ل جیانیه . هونه‌رمه‌ند که‌له‌ه‌له‌لومه‌رجی دەسته‌به‌ندی‌ئانتاگونیستی‌دا ئه‌ژی ، له‌ه‌له‌لومه‌رجی روبه‌روبونه‌وه‌ی هێزه ئیمپریالیستی و داگیرکه‌رەکان و گه‌لانی بن‌دەسته و ململانی‌ی چینایه‌تی به‌دوور بی . ناتوانی له هه‌لویستی چینایه‌تی دابپری چون هه‌ر هه‌لویستیکی مورکی رونی چینایه‌تی پیوه دیاره . ناتوانی هونه‌رمه‌ند بی ، به‌لام هونه‌ره‌که‌ی مورکی چینایه‌تی پیوه نه‌بی ، بو به‌پیی ئه‌سلی تایبه‌خویی جه‌ماوه‌ر و پروسه‌ی دەسته‌به‌ندی له‌هونه‌ر و روحی یارمه‌تیدان و هه‌ره‌وه‌ز نابی له تایبه‌تیه‌تی داهینانی هونه‌ری چاوپوشی بکری ، ئه‌م هونه‌ره له گه‌ل هیچ جوره دەستور و فه‌رمانی بیروکراتیانه و زه‌برو‌زه‌نگی ئیداریانه ناگونجی . کومه‌ل و جه‌ماوه‌ر له‌سه‌ر بناخه‌ی فیکری هونه‌رمه‌ند ، تیگه‌یشتن له ئامانجه به‌رزه‌کانیان ، ناسینی دەرده‌کانیان ، هه‌لویستگرتنی روون و ئاشکرای کومه‌لایه‌تی و هه‌لسوکه‌وتی له‌گه‌ل رووداوه‌کان ، توانای هونه‌ری‌ی توکمه‌تر و قولتر ئه‌کا و لیبراوی‌و شور و فراوانی پی‌ئه‌دا .

هونەری بەرزی گورگی و چیخوف و برشت و پیکاسو و نیرودا و مایاکوفسکی نیشانەی ئەو هەلویست گرتنە و خەباتکردنیان بوە لەبەرەی رەنجدەران ومرۆڤایەتیدا

تیزە بنچینەییەکانی تیوری زانستی رەنگدانەوە ، لەپیش‌بوونی مادە ئامانجی مرۆڤ وەک رەنگدانەوەی مادە ، میتود ولوژی مادە و ئامانج و خود و بابەت ودەوری چالاکی پراتیکی لە پروسەی زانیندا بە دروست ئەزانی و هوشیاری مرۆڤکاری‌تێدا تاودانەوەی جیهان نییە بەلکو دروستی ئەکا ، هەستەکان ، وینەی خودی لە جیهان بابەتین ، مادە وەکو هەستەکان توانای تاودانەوەی هەیە • تایبەخویی کومەلایەتی رەنگدانەوە ، روحی یەکیتی لە ئامانج ناسی و تیزەکانی تری تا ئەمرۆ وەک قانوون بەردەوامن و گەشەی زانست ، هونەر و فەرهەنگی هاوچەرخ زیاتر قولبونەوە و دروستی تیوری زانستی رەنگدانەوە و دەورە گرنگ و بەکەلکەکەی لە حل کردنی ئەو مەسەلە ئالوز و گورانکاریانەی دنیای ئەمرو ئەیهێنیتە گوری ، پیشانئەدا وشەکان

ئیمپراتیف : ئەمر ، فەرمان	لەپەسا : بەردەوام ، مستمر
بەرەگە : مەودای ئاسویی بینین	سیمیوتیك : رەمز ناسی
راستی : حقیقت	ستراکتورالیزم : ساختمان ناسی
راستەقینە : حقیقی	سیمانتیك : وشە ناسی
میتودولوژی : شیواز ناسی (علم الاصول)	زانین : معرفە ، شناخت
وەرجاوەند : ئەبەدی ، سەرمەدی	چەمك : مفهوم

ئاگنوس‌تی سیسم : اللاادریە

پیگەی چینایەتی : وابەستەبونی مرۆڤ لە رووی چینایەتییەوە •

شیعریك له نیوان نالی و کوردیدا

محه‌مه‌د حه‌مه باقی

هه‌والنامه‌ی کتێب

رەفیقان من ئەوا رۆییم لە لاتـــــان
لە مەظلومان بلّا چول بی وولاتتـــان (٤٠)

حەوت (۷) بەیتی ئەم شیعرە تا چاپ کرێنی دیوانی نالی لەلایـــــەن ماموستایان (مەلا عبد الکریمی مدرس و فاتیح عبد الکریم و محەمەد ی مەلا کەریم) ەوە ، لای زوربەی شیعر دوستانی شیعری کلاسیکی ، بە شیعری (مستەفا بەگی کوردی) ئەزانرا . دکتور مارف خەزنەدار پێش لە دیوانی (نالی و فەرهەنگی نالی) یەکەیدا ، خوی لەم شیعرە بواردووە و کەم و زور ، بورە ئیشارەتیکیشی بو نەکردوە . دیارە ئەویش پی‌ی وایە شیعرەکە ، شیعری مستەفا بەگی کوردی‌یە . ماموستـــــا (سەعید ناکام) یش هەر ئەم شیعرە بە شیعری نالی ئەزانی ..

بەلام ماموستایان مەلا عبد الکریمی مدرس و کورەکانی ، لەبەر روشنایی ئەو کومەلە تیکست و دەستنووسانەی لایانەو ، لەپال سەرنجی خوشیاندا ، ژمـــارەی (۷) بەیتیان لەم شیعرە بەناوی نالی ــ یەوە چاپ کردووە . لە پەراویزیشـــــدا بەیتیکی تر و ، رووتکرد نەوەکیان نووسیوە ، کە ئەمە پوختەکەیەتی

(ئەم پارچە شیعرە لە زوربەی دەستنووسەکانی بەرد مستیاندا دراوەتە پاڵ نالی ، جیاوازی ئەم (۷) بەیتە و (۱۳) بەیتەکەی ناو دیوانی (کوردی) ، هەندی ئالوگوری زنجیرە و ژمارەی بەیتەکانە ، بیجگە لەوەش کە بەیتی یەکەمی هەر دوو پارچەکە لە دیوانی (کوردی) دا ــ عەزیزان ــ ولای ئەمان ــ رەفیقان ــ ، بەیتی یەکەم و سییەم و چوارەم و پینجەم و حەوتەمی ئەم (۷) بەیتە ، لەو شیعرە (۱۳) بەیتییەدا هەیە کە بەناوی (کوردی ؟ یەوە لەدیوانی کوردیدا جاپ کراوە) .

پیشەکی ئەبی ئەوەمان لەبیربی ، کە ئیمەی کورد ، لەبەرئەوەی ئەرشیفی ئەدەبی نووسراومان لەو چەند دەستنووسە کون و تیکستە کەمە تیپەر ناکات کە بە رینووسی عەرەبی و فارسی ، لە هەندی کون و قوژبن و باوڵدا بومان ماوەتەوە وتا ئیستاش ئەم ئەرشیفە هەژار و پەرپوتەمان چون هاتبیتە بەردەست ، هەروا بەبی توژینەوە و باك کردنەوە ، یەکسەر وەرمان گرتووە و تیکستەکەی چون بووبی ،لای ئیمەش هەروا بی سی و دوو رویشتووە .

بەرای من ئەمە کاریکە پیچەوانەی ریبازەکانی زانست و ساغکردنەوەی زانستیانە یە . بۆیە تا ئیستا ئەو دیوانە شیعرییانەی لەلایەن ماموستا (گیو موکریانی) یەوە چاپکراون . زۆربەی شیعری شاعیرەکان ، تیکەڵ و پیکەڵ کراون . شیعری ئەم دراوەتە پاڵ ئەو ، ئەو دراوەتە پاڵ ئەم .. هەربەم جورەش هەندی نووسیاری لەمەوبەرمان وەك ئەو ماموستایەیان کردووە و ، دەستنووس و تیکستە جیماوەکانی ئەوانیش شتیکە لەم بابەتە و ، پیویستە لەسەر هەردەستنووسیك ، چەندان جار چاوی بژارو ، جیاکردنەوەیان پیا بگیرد ریتەوە . بۆ ئەوەی شیعری شاعیریك بە زورە ملی نەسەپی بەسەر شاعیریکی تردا بەبی بەڵگە و سەڵماندن . یانجیاکردنەوەی شیعری جوان ، جوان و هەڵبژاردەی شاعیریکی ترو لکاندنی بە شاعیریکی ترەوە ، لەبەر هەر مەبەستی بی ...

بۆ گەیشتن بەم مەبەستەش پیویستە ئەوە بزانین کە هەموو شاعیریك لە سنووریکی دیاریکراودا کۆمەڵیك وشە و ، وینە و ، شیوەی دارشتن و ئوسلوبی خوی هەیە . ئەو فەرهەنگەی شاعیریك بەکاری ئەهینی ، لەزور رووەوە زور جیاواز تره لە فەرهەنگی شاعیریکی تر .. ئەو تەکنیك و کەسایەتی و ، تایبەتیتەی شاعیریك هەیەتی ،گەلی

جیوازتره له جیّ پەنجه و ، سنعەتسازی و ، تایبەتیتی شاعیریکی تر ٠ که ئەنجام واهەست پی ئەکری شاعیرەکه دنیایەکی تایبەتی و بون و بەرامەیەکی سەربەخوی ئەبی یان به واتایەکی تر ، وەك (مەسعود محەمەد) ئەلی :(ناسینەوەی شیعری شاعیر ، بو زەوقی شیعر دوست ، تا رادەیەك وەك ناسینەوەی دەنگی گورانی بیژە) (٤١) ئەمە لەحالیکا که شاعیرەکه دەنگی تایبەتی و ئوسلوبی تایبەتی خوی هەبیت ، به تایبەتی بو یەکیکی وەکو نالی ، که ئیمه لەرووی ئەم شیعرەوه مەبەستمانه٠

سەبارەت بەم شیعرە ، من پیش ئەوەی ئەم چەند بەیتەش بەناوی نالی ــ یەوه چاپ بکری ، دەمیکه رام وایه سەرتاپای ئەم شیعرە هی نالی ــ یه ٠ چونکه ئەوەی نالی دوست بی ، ئەزانیت سنعەتسازی و جیّ پەنجەی هونەری شیعری نالی بە زەقی ی بەم شیعرەوه دیارە ٠ واته بون و بەرامه و کەش و هەوای نالی هاوار ئەکات تەکنیکی شیعر لای نالی وەك تەکنیکی زور شتی سروشتی وایه ، چونکه ژانی لە دایك بوونی شیعر لای نالی ، ئەوەندە سروشتی ی و بین دریژە ، که هاتوونەتە دنیاوه و چاویان هەلهێناوه ، هیچ شیماو نیشانەیەکی لەباربردن و ، زور له خو کردنیان پیوه نابینری ٠ به جوری وەك (کیتس) ئەلی : وەك چروکردنی گەلای درەختوان ٠ چون لەوەرزی چروکردندا ، بەکاوەخو چروئەکەن ، سەردەرئەهینن ٠٠ شیعریش لای نالی ، ئاوا لەوەرزی خویانەدا ، دوای دەم کیشان ، دوای پیشان ، دوای بژار و ، پەرداخەیەکی هەناسە دریژو سەلیقەیەکی بەرز ، لە دایك بوون ٠

زور جار که من له شیعریکی نالی وورد ئەبمەوه ، وا هەست ئەکەم شیعرەکە هەر لەبنەرەتدا خورسکه و ، دەستی مروڤی نەگەیشتوتی ٠٠ وەکچون درەختیك بەبی ئەوەی کەس نەخشەی چونیتی لق و پوپ دەرکردنی کیشا بی ، یان چون شیوەی هەلکەوتن و دروست بوونی چیای پیرەمەگروون و هەند رین ، هەر لە سروشتدا وان و ، ئەگەر دەست کاری بکرین ، یان ئالوگور به جیگاکانیان بکری ، یەکسەر پییانەوه دیارە ، شیعری نالی ــ یشم وا دیته بەرچاو ، که ئەگەر دەستکاری هەندی وشه و جیگاگورکییان پی بکری ، بنچینه و سروشتی بەیتەکه ، وەك ئە و شوینانەی لی دیت که بومەلەرزه کاولیان ئەکات ، یا وەك (ئەدونیس) واتەنی : وەك ئەو پایانەیان لی دیت ، که ئەگەر خشتیکیان لی دەربهینری ، سەرتاپای

پایەکە ئەروخی ٠ بە پیچەوانەی شیعری ترەوە کە گەلی جار ئالوگورکردنی وشە ، یان لی دەرهینانی وشەیەکیان ، هیچ لە تەکنیك و کیش و واتای شیعرەکە ناگوری ٠٠ ئەوەی شارەزای شیعری نالی بیت ، ئەزانیت شیعری نالی گەنجینەیەکە ، هەر بەیتیکی هەر وشەیەکی چەندان وورد هکاری و ، مەجازی و ، وینەی ئاخنراوی تیایە ٠٠ ری ئەکەوی لە تاکە بەیتیکی نالی دا ، چەندان وینەی جیا جیا و تیکەلی تیا بیت ٠ بە جوریك ئەبیتە جێی واق ورمان و حەپەسان ، کە چون ئەم شاعیرە ، ئەم هەموو وورد هکاری و سنعەتسازی و ، وینە زورەی لە تەنیا بەیتیکا کوکرد وتەوە ٠ ئەوەندەی شیعری نالی ، لای خوینەر ، جێی وورد بوونەوە ولەنگەر گرتنە ، شیعری هیچ شاعیریکی ترمان وا نییە ، بویە کە بەناو دنیای شیعری نالی دا تیپەر ئەبم ، ئەلی بەسواری ئوتومبیلیکی خیرا ، بەناوشاریکی زور جواندا تیپەر ئەبم ٠٠ ئا لەم شارەی جوانەی نالی دا ، هەموو شتەکان جیاواز و تایبەتین ، هیچ شتیکی ئەم شارە ، لە هیچ شتیکی شاریکی تر ناچێ ٠٠ ئەشی شارەکانی تر ، چاویان لەم کرد بێ و جێ پەنجە و نیشانەی ئەمیان پیوە دیار بێ ٠ بەلام شارەکەی ئەم "نالی" ، رەنگ ریژو ، دەستکرد و پەرداخەی خویەتی ٠٠ کەواتە چون ئەوەی رووباری سیروان و چیای پیرەمەگروونی دیبێ ، ئیتر شیوەیانی لی گوم نابێ و لە نزیك و دوورەوە ئەیان ناسیتەوە ، ئاوا ، شیعری نالی ـ یش ئەم سروشتە خۆرسکەی هەیە ، هەر لەدوورەوە ئەناسریتەوە ٠

با ئیستا لەگەل تەواوی شیعرەکەدا بژین ، بو ئەوەی بزانین ئەتوانین هەندێ جیاوازی و بەراوورد کاری لای نالی و ، کوردی دەست نیشان بکەین ! :

رەفیقان من ئەوا روییم لە لاتان
لە مەظلومان بلا چول بێ ولا تتان
بلا سا شار بەشارو ، دێبە دێبین
لە دەست یاران بکەین طەیی ولاتان
مەلین کەلکی نەبوو رویی جەهەننەم
سەرم قەلغانە بو تیری قەزاتان
کە من روییم جەهەننم پر مەکەن لیم
لە من خالی مەکەن کوشك و سەراتان

که ئیوه‌ن پاد شای لوتف و عه‌دالـــه‌
به خودا حه‌یفه بره‌نجینن گه‌داتـــان
ئه‌گه‌رچی (خاکوخول) ه ره‌هگـــوزارم
به‌سه‌رما خو گوزه‌ر ناکا سه‌بـــاتـــان
جه‌فاتان دام و کوژتمتان بـــه زاری
نزولی ره‌حمه‌تـــه جه‌ور و جه‌فاتـــان
وه‌ره بنواره چاوی پر لـــه خوینـــم
به ته‌فصیلات ببینن ماجه‌راتـــان
ئیلاهی من ببم روژی دووســـه‌دجار
به قوربانی گـــه‌دا و پاد شـــاتـــان
نه‌سیمی کـــوی تو خاطر ده‌کا جـه م
به‌بوی طوره‌ی پـــه‌شیوی پـــانیـــاتـــان
منم سه‌رکرد ه‌تان بو له‌شکری خـــه م
د ه‌ترسم من بروم ، بشکـــی سوپـــاتان
شکاری وه‌حشییان به‌س د ه‌ستمو که‌ن
نه‌وه‌ك به‌ربی شکـــاری خانه‌زاتـــان
ئه‌گه‌ر سه‌ربوو ، ئه‌گه‌ر د ل بوو ، ئه‌گـــه‌ر ره‌ج
هـه‌موو رویین ، چییه ئیتر ته‌ماتـــان !
سه‌فه‌رمان چونکه ری‌ی هات و نه‌هاتـه
د وعامان بو بکه‌ن ئیوه و خوداتـــان
ئه‌وه‌ند ئه‌رجوو د ه‌کا (نالی) که‌جارجار
بکه‌ن یـــاد ی موحیبی بی ریاتـــان (٤٢)

با ئه‌م هه‌ند ه بیته به سه‌ر بکه‌ینه‌وه :

ره‌فیقان من ئه‌وا روییم له لا تـــان
له مه‌ظلومان بلا چول بی ولا تتـــان
بلا ساشار به‌شار و ، د ی به د ی‌بین
له‌د مست یاران بکه‌ین طـــه‌یی ولا تان

من سەرتاپای ئەو هەردوو دیوانەی (مستەفا بەگی کوردی) م پشکنی کە ماموستایان (کوردی و موکریانی) و (گیوموکریانی) چاپیان کردووە ، وشەی (بلا) کە بە بەمانای (لی گەری ، یان قەیناکە ، یان باوایی) یە تیایاندا نەبوو ، ئەگەر چیش نالی و کوردی لەرووی فەرهەنگی وشەوە لەیەك نزیکن ، کەچی ئەم وشەیە و ئەم چەند وشەیەی دوایی ، کە لە هەندی بەیتی تری ئەم شیعرەدا باسیان ئەکەین هەر بە تەنیا نالی لە چەندان جیگای تری دیوانەکەیا بەکاری هیناون . وەك ئەم چەند نموونانەی لەم بەیتانەدا هەن :

١ ــ چونکە نەتکرد قور بەسەریا تاوەکو تەسکین ببی
مەیدەرە بەر پی لەقە . توخوا بلا بگری بەتا و (٤٣)

٢ ــ بلا بوکوند ەبووبی ، مفتی مشك و ماری کەندووبی
خەطیرەی گەنجی ویرانە ، ذەخیرەی کونجی کاشانە (٤٤)

٣ ــ گەهی ئاهو رەوش شاهی ، گەهی گەوهەر مەنیش ماهی
بلا با سینە صەحرایی ، بلا با دیدە دەریا بی (٤٥)

٤ ــ ئەگەر تەکیە ، ئەگەر شیخە ، هەموو داوای عەلایق بوون
بلا نالی بچی مەستی خەرابات و موجەرەد بی (٤٦)

یان وشەی (بنوارە) کە لەم بەیتەدا هەیە :

وەرە بنوارە چاوی پر لە خوینم
بە تەفصیلات ببینن ماجەراتان

لەم چەند بەیتەشدا ئەم وشەیەی بەم جورە دووبارە کردوتەوە :

١ ــ وا ظەن مەبە روخسارەیی تو ، غائیبە قوربان
بنوارە چلون نەقشە لە نیو دیدەیی تەرما (٤٧)

٢ ــ بنوارە بوونی ئەوولەت و چوونی ئاخەرەت
هاتی چ رووت و قووت ، هەلاتی چ لووس و پووس؟ (٤٨)

٣ ــ گەر ئاب و تابی جەننەتی بو دوزەخیت ئەوی
بنوارە نیوچەوانی بەشووش و بروی عەبووس (٤٩)

٤ ــ وەرە بنوارە دوودەستی حەناییم
حەنایی چی ؟ هەموو هەر خوینە قوربان (٥٠)

٥ ــ ئه‌ی شه‌مسی مایه پەروەر و ئیکسیری خاك
بنواره حالی هالیکی ئەم خاکه ئەحقەره (٥١)
٦ ــ بنواره وشکه صوفی و رەقصی به هەلهەلە
دیسان له بەحری وشکی هەوا کەوته پەلە (٥٢)
٧ ــ بنواره : سوروشکی من که لیلاوه ، غوباری کوهـ و هامورنه
وەره سەرچاوەکەم بنواره ، وەك ئاوینه ، چەند رووڕەه (٥٣)
٨ ــ بنواره نەوبەهار و فتوحاتی گولشەنی
گول زاری کرد ەوه ، لەد ەمی ، خونچه پیکەنی (٥٤)
٩ ــ بنواره خوشی ی رەقصی لەگەل خەرقەیی ئەزرەق
مومکین نییه بەم پاکییه ، لەم ئەرضه ، سەمابی (٥٥)

هەروەها وشەی (طوره) کە لەم بەیتەدا هەیە :

نەسیمی کوی تو خاطر د ەکا جەم
بەبوی طورەی پەشیوی بانیاتان

نالی لەم چەند جیگایەی تردا ، ئەم وشەیه بەم جوره بەکارئەهینی

١ ــ تاتایی سەری طورەیی پر پیچشی بادا
هەر تایەکی باریکی گول و نافه بەبادا (٥٦)
٢ ــ طورەت وەکو تومارى شکسته و ، سەرى کولمت
بو نووری سەوادم بووەته شەمعی موتالا (٥٧)
٣ ــ شایستەی شان ، لایقی مل طورەیی تویه
نەك طورەیی شاهنشەهی و طەوقی وەزارەت (٥٨)
٤ ــ بو مەسقی عەشقی زولفی نیگار و نیگارشی
نالی له خامەدا بووەته شاهی طورەنووس (٥٩)
٥ ــ وەك طورەیی پیچید ەیی تو ساغو شکستەم
وەك نەرگسی نادید ەیی تو ، خوش و نەخوشم (٦٠)
٦ ــ سەوادی ئەو ئیشتیباهی سەهوی جوان
بەیاضی غورەیی ئەم ئینتیباهی سوجد ەیی پیر (٦١)
٧ ــ له شەوقی رووی شەمع و ، زولفی دوور و ، طورەیی مەجمەر

هەولێر کتێبخانەی

سوپەند و ، عوود و ، پەروانە ، بخوور و غالیبە سووتن (٦٢)
٨ ــ بە طورە وەك پەری طاوس ، بە گەردەن ئاهووە یە عنی
لەسەر ئاهوویی گەردەن ، هەردوو حەلقەی داوە زولفەینی (٦٣)
٩ ــ رەیاحین پەرچەم و لالە کولاهەو ، یاسەمین طورە
بە نەخشە خال و ، نەرگس چاو و ، گول زارو ، سەمەن ساقە(٦٤
١٠ ــ لە دنیا جەننەتی باقی تەلاری شاهیبە ، ساقی
حەبیبە طورەیی طەوقی ملی شیرین وعەد رایە (٦٥)

دیسان وشەی(دەستەمو) کە لەم بەیتەدا هەیە :

شکاری وەحشییان بەس دەستەمو کەن
نەوەك بەربی شکاری خانەزاتـــــان

لەم بەیتەشدا دووبارەی کردوتەوە :

لیم حەرامە دانە و ئاوی حەماماتی حەرەم
من کە بازی دیدە بازم ، نەك شەوارەی دەستەموم

یان کە لەبەیتی کوتایید ا ئەلی :

ئەوەند ئەرجوو دەکا نالی کە جارجار
بکەی یادی موحیبی بی ریاتـــــان

وشەی (ریا) کە نالی سەرکەش و سەربلند زور رقی لی بووە ٠ لەگەلی جیگـــای تری دیوانەکەیا بە قیز و بیزەوە بەکاری ئەهینی ٠٠٠ ئەمە نیشانە گەورەکەی نالی ــ یە کە هەمیشە سەربەرز و نەفس بەرز بووە و هەرگیز چاوشوری کەس نەبووە کە(ریایی) لەبەردەمدا بکات ، بویە لە چەند شیعریکی تریدا ووشەی (ریا) بەم شیوانە بـــە کار ئەهینی :

١ ــ خاطری زاهیدی خالی ، خالی
نییە ئەلبەتە لە بینیکـــــی ریـــا (٦٦)
٢ ــ ریشەکەی پان و دریژە بو ریا خزمەت دەکا
ظاهیرە هەرکەس بە طوول وعەرضی ریشیدا ریا (٦٧)
٣ ــ خوشترە عوذری گونەهکاران لەسەد ذیکری ریا
ئەم بەنەرمی یعەفوە عەفوە ، ئەو بە توندی عەف عەفە (٦٨)

٤ ــ صوفی ریایه خه‌لوه‌تی ، بینی به‌هاری کرد
هاته‌ده‌ری له‌سایه‌ی چایه‌ر ، حه‌سایه‌وه (٦٩)
٥ ــ نالی که ویقاری نییه ، بو باکه له خه‌لقی
صوفی که سلوکیکی هه‌یه ، عوجب و ریایه (٧٠)
٦ ــ به ریا باری ته‌کالیفی رسووه‌می بو خه‌لق
چ ده‌کیشی ؟ ئه‌مه حوه‌قیکه عه‌لاوه‌ی که‌ریبه (٧١)

وشه‌ی (ریا) هه‌ر لهم تاکه بیته‌ی (کوردی) دا هه‌یه :

مه‌که‌ن مه‌نعم له ئاهو و ناله (کوردی)
سه‌بووری خوی ریاکارانه ئه‌مـــشـــه و (٧٢)

یان که ئه‌لی :

منم سه‌رکرد ه‌تان بو له‌شکری خه‌م
ده‌ترسم من بروم بۆکی سوپاتان

ئه‌م وشه لیکدراوانه‌ی وه‌ك (له‌شکری خه‌م) که به دوو وشه ئه‌م وینه سه‌یره ، دروست ئه‌کات ، شتیکه هه‌ر ئیشی نالی ــ یه ، ئه‌م نیشانه‌ی نالی ، من وام دیته به‌رچاو که دوو وایه‌ری کاره‌با : سارد و گه‌رم لیك ئه‌دا و ئه‌نجام کلپه‌یه‌ك ، بروسکه‌یه‌ك ، ئاگریك ، رووناکییه‌ك ، ئه‌داته‌به ده‌ستموه . به‌لام لای نالی ئه‌م لیکدانـــی دوو وشه‌یه ئه‌م وینه شیعرییانه دروست ئه‌کات . .

با بو وینه‌ی تری لهم باته‌ی نالی چه‌ند شیعریکی تری بگرین ، که هه‌مـــان سنعه‌تسازی‌یان تیایه :

١ ــ تیره‌که‌ی ئه‌و روژه‌م مه‌حبووبه‌م لوطفی کرد به من
گه‌ر نه‌به‌خشی مه‌رهه‌می وه‌صلی برینم کاریبـــه (٧٣)

ئه‌شی له هه‌موو ده‌رمانخانه‌یه‌کدا جوره‌ها مه‌رهه‌م چنگ بکه‌وی ، به‌لام له هیـــچ ده‌رمانخانه‌یه‌کدا (مه‌رهه‌می وه‌صل) نییه . که‌چی له حه‌قیقه‌تیشدا (مه‌رهه‌مـــی وه‌صل) هه‌یه ، مه‌رهه‌می وه‌صل لای عاشق ، ئه‌و دیده‌نی و سه‌ردانه پیرورمیـــه که دلدار ، سه‌ر له دلداره پیکراوه‌که‌ی خوی ئه‌دات . دیاره دلداره پیکراوه‌کـــه ئه‌و دیده‌نی و سه‌ردان و (وه‌صل) ه بوی ئه‌بی به ده‌رمان و مه‌رهه‌میکی کاریگه‌ر ، که زامه‌کانی ساریژ ئه‌کات .

قەسەم بەو شەربەتی دیداری پاکەت
شەرابم عەینی ژەهری مارە بی تـــو (٧٤)

یەدا (شەربەتی دیدار) جوریکە لەوینەکەی پیشوتر ٠ دیداری دلدار ئەوەنـــدە شیرینە ، هەموو شەربەتیکی تر لەعاستیا تالە ، بویە ئەگەر وەك شتی (ماددی) شەربەتی ، دیدار ، نەبی لای دلدار ، شەربەتی دیدار ، ئەو رووە خاوینـــەی دلدارە ، کە شەربەت و هەنگوین و شەکریکی روحی ی ، ئەرژینیتە گیانەوە ٠٠ ئـە و گیانەی ، ژیان پری کردووە لە تالاو ٠٠ لەکاتی ی دیدەنییدا پر ئەبی لەشیرینی ی یان : دەورانییە ، وەك هیلەکی سەودا ، سەری گیژم

بویە بەدەقیقی مەثەلە ، هەرچی دەبیـــــژم (٧٥)

تیمە هەموو هیلەك بەو شتە ئەلیین کە (کەمە) یەکی جوغزداری هەیە و ژیرەکـــەی بە تەلی کون ورد ، یان ژی چنراو و ورد ، دروست کراوە ، کەچی لـــــیردا هیلەك ، سەری نالی خویەتی ! بەلام کەللە سەریکی ئاسایی نا ٠ کەللە سەریکـی پر جوش و خروش و ئاهەنگی سووتانی عەشقیکی گەورە ٠٠ ئەو هیلەکەی سەرینالی هیلەکیکی سەودایە ٠ ئینجا ورد ببنەوە هیلەك خوی لەکاتی بەکارهینان و ئیـــش پی کردنا ، ئەجولی وە ئەخولیتەوە ٠ سەرباری ئەوەش ئەو هیلەکە ، عاشق بـــی ! ئەوە ئەو هیلەکە سەودایە دەرئەچی کە سەلیقەی نالی وای لی ئەکات ، هەرچـــی ببیژی ، لەپەند و وتەی بە قەوارە بچوك و بە مانا گەورەی لی پیك دیت ٠

یان : لە حەسرەت سەرووی قەدت چاوی نالی
دوو جوگە ، بەلکو دوو رووبارە بی تـو ! (٧٦)

ئەم وشەی (سەروو) ە لەگەل وشەی (قەد) دا لیك ئەدرین (سەروی قەد) یان لی پیك دیت ، کە تیکرا وینەی بالایەکی بەرز و ریکی دلدارەکەی نالی ـ مـــان دینیتە بەرچاو ٠

ئەگەر بو وینەی تری لەم بابەتە بگەرییـن ، کە ئەم جووتە وشە لیکدراوانەی وەك (لەشکری خەم ، مەرهەمی وەصل ، شەربەتی دیدار ، هیلەکی سەودا ، سەروی قەد) یان لی پیك هاتووە ، وینەی تر لە دیوانی نالی دا زورە ، بەلام وابزانـــم ئەو چەند وینەیە تینویتی ئەم مەبەستەمان ئەشکینی ٠٠
هەروەها ئەم بەیتەی :

ئه‌وه‌ند ئه‌رجوو ده‌کا نالی که جارجار
بکه‌ن یادی موحیبی بی ریاتـــــان

چه‌ند نزیکه هه‌ر لهم به‌یته‌ی نالی خوی :

ره‌نگی زه‌رد و سووری خه‌وف و خه‌جله‌تی ، ئاوی حه‌یای
وا تکا و ئه‌رجوو ده‌که‌ن عه‌فووی بکات وه‌ك عه‌بدی خوی (٧٧)

ئهم به‌یتانه وا ، دیسان هه‌ر به‌یتیکی تری ئهم شیعره که ئه‌لی

ئه‌گه‌رچی (خاك و خول) ه ره‌هگوزارم
به‌سه‌رما خو گوزه‌ر ناکا . سه‌باتـان

یه‌کسه‌ر ئه‌وه‌مان دیته‌وه بیر که نالی وه‌ك هه‌موو وشه سازییه‌کی ، واته : خـــوی ئاسایی ، ئه‌گه‌ر له‌وشه‌ی (خاك و خول) چه‌ند مانایه‌کی مه‌به‌ست بووبی ، یه‌کیك له‌و مانایانه ، ئه‌و گوندی (خاك و خول) ه‌ی مه‌به‌سته ، که خوی تیا هاتوتـــه دنیاوه ، که ئه‌مه هیچ گومانیك ناهیلیته‌وه له‌وه‌ی که لهم به‌یته‌دا ئه‌لی : جی نزرگه‌و ، هه‌وارگه و هاتوچوم هه‌ر بو (خاك و خول) ه . ئه‌و (خاك و خول) ه‌ی کـــه هه‌میشه له بیره‌وه‌ری نالی‌دا زیندوو بووه و له‌نزیك و دووره‌وه به عه‌زره‌تی دیده‌نییه‌و بووه . ئه‌وه‌تا له شامه‌وه ، له‌و قه‌سیده‌یه‌دا که بو سالم ـ ی نووسیوه هـــــه‌ر (خاك و خول) ئه‌ڵی :

داخل نه‌بی به عه‌نبه‌ری سارایی (خاك و خول)
هه‌تا نه‌که‌ی به خاکی سولهیمانی یا عوبـــوور (٧٨)

یا لهم شیعره‌ی تری‌دا ، که دیاره هه‌ر له‌ده‌ره‌وه‌ی کوردستان نووسیویتی

تَرَی عَینَةَ الا بْدانِ مِنْ (خاك و خول) هِ
تَرَی مندل الاوراقِ من توزِ و گَردِهِ (٧٩)

مانه‌ش کاکله‌ی شیعره‌که ، یه‌کیتییه‌کی بابه‌تی یه‌کگرتووی تیایه ، کـــه ئهم دیارده‌یه له زوربه‌ی شیعره‌کانی نالی‌دا به‌رچاومان ئه‌که‌وی و که‌متر له شیعـــری کوردی‌دا ئه‌بینری ..

ئه‌مانه و سه‌رباری هه‌موو ئه‌مانه‌ش ، ئه‌وه‌ند ده‌ی ئیمه نالی ئه‌ناسین ، زورتر وه‌ك شاعیریکی ئاواره و ، ده‌ربه‌ده‌ر و ، سه‌رهه‌لگرتوو ئه‌ینا سین . که ئهم شیعره ، ئه‌و سیما گهوره پر سه‌فه‌ر و کوچه‌ی تیایه .

کەواتە ئەم بەڵگانە بەسە بۆ ئەوەی بڵیین : ئەم شیعرە لە بنەڕەتدا ، هەرهەی نالی ــ یە ٠٠٠ جیا لەمانەش ، لەناو ئەو چەند دەستنووس و تیکستانەی هەر لای ماموستایان (مەلاعەبدولکەریمی مدرس و کۆڕەکانی) دا هەن ، لە پاکترینی دەستنووسیاندا ، کە هی ماموستا (مەلا موحەمەدی عبدولڕەحیمی چڕوستانی) بیە (٧) بەیتی ئەم شیعرە ، بەشیعری نالی دانراوە ، لەکاتیکا لەهەردوو شیعرەکە دا بەیتی یەکەم ، بیجگە لە وشەی (عەزیزان) و (ڕەفیقان) وەك یەکە و ، بەیتی دواییش لە هەردوو جیگاکەدا وەك یەکە ٠٠ ئەو تی هەڵکیش و خواستنەی کە ئەم ماموستایانە ئەڵین گوایە مستەفا بەگی کوردی ، بۆ شیعرێکی خوی ، ئەو چەندە بەیتەی نالی خواستبێ ، من وەك سەرنجم لە دیوانی هەرسێ شاعیرەکەی سەردەمی بابان : نالی ، سالم ، کوردی داوە ، شتێکی لەم خواستنەم بەرچاو نەکەوتووە ٠٠ ئەم جورە خواستنە لە نیوان شیعرەکانی (بیسارانی و مەولەوی و کوماسی) دا هەبوە ٠ بەڵام لای ئەمان نییە ٠ ئەڵیم لای ئەمان نییە ، چونکە دوای ئەمان شتی وا هەیە ٠

ماویەتی

پینج هونراوە

رەفیق سابیر

١- سوارەی مەریوان

بە بەرەیەک دەکەمەوە:
بە سەر شەوێکا دەڕوانێ
کانی مەترسی و تاوانە
شەوێ بۆنی خوێنی لێدێ
گۆڕستانی
دەنگ و ئەسپەرەو بارانە!

بەرەیەک دەکەمەوە:
ئاسۆرا
تەم و مژێکی ڕەش دیارە
وانەم شەویش.. سوارەکان نەگەڕانەوە
کەسیش نەهات
هەواڵێکی جەنگە لەکەمان بۆبێنێ.!

هەواڵنامەی کێبڕکێ

ئەم دەورو بەرە چەندە ماتا
چەند خاموّشە
دەنگی بەردێکی خنکاوە
لەناو ونبووندا وەستاوە.

یەخبەرە یەکێ دەکەوە
ئەوە کێ یە؟
پۆلە تیشکێکی جێماوە
یان سوارەکەی مەریوانە
ئەم شەوەکا بەپێشنوێی داوە؟
بەکۆلانی ترسا دەڕواو
تاریکایی دەشلەقێنێ
لەناو گۆرستانەکەدا
چراکان دادەگیرسێنێ

١٩٧٩

٥- شەوانی ئەشکەوت

بەدرێژایی شەو باران دەباری ،
سەگێ لەنزیک ماڵەکەیانەوە دەوەڕێ
لەناو جێگاوە بەردەی یەکەمجار لادا
هەورەتریشقەیەک لەناکاو تاریکایی شڵەقاندو
پێشی چاوی روونا کردەوە ،
ڕاچلەکی و بەردەکەدا یەوە
بەڵام خێرا بەخۆیدا شکایەوە و گوتی :

« گرمەی هەور لەناو ئەشکەوتا سامناکترە »!

ئەو ئەشکەوتەی
شەوان زاڵەکەیان دەبەست و
تارۆڕ دەبۆوە
ئێشکیان لەخەوی پڕئارامی یەکتری دەگرت
ئێشکیان لەئاگر و خۆشەویستی و
لەکۆمەڵە ئێسقانێکی بەجێما و دەگرت .
کۆمەڵە ئێسقانێ - تەواو لەقامیش دەچوو
بۆنی سەردەمێکی تاریکی لێ دەهات و
وەک دیواری ئەشکەوتەکە ،
وەک دەم و چاوێکی ئاوڵا وی ، کون کون ببوو
١٩٨٠

هەوالنامەی کتێب

٧- کەلاوەکانی ٢٤ی نیسان

بە مرێنی ئەستوور کەلاوەکانی داپۆشیبوو
شەوبا بەفری سەرتەپۆلکەکانی دەماڵی و
ڕێگاشکاوەکانی پێ پردەکردەوە،

هەندێ جاریش
لەدرزی دەرگاوە
تەزوو بەیی سارد و
پڕوشەی - لەگەڵ خۆی - دەبردە ژوورەوە.

خۆزگە ئەم زستانە دوایی نەدەهات
بەفرەکە بچێتەوە ناتوانین لێرە بژین
بەرامبەری شارستانی فاشیستەوئەم کەلاوانە،
بەرامبەری لاشەی زیوەکانی ژێرتان دانیشین
لاشەی براکانمان..
لاشەی ئەو دۆستانەی دەمێکە نەماندیون
شەوان چاوەڕێین لەدەرگای ماڵەکانمان بدەن
بەجلێکی ئارەقاوی و سەروڕیشێکی درێژەوە
بەکۆڵەپشتێکەوە، بێنە ژوورەوە

١٩٨٠

٢٤ی نیسانی ١٩٧٤ - ڕۆژی بەدەمانەکەی قەڵادزێ بە

٤- ئاوایی وپێشهات

I سەگوەڕ

بەناو ترسنکی کوشندەدا رەت بوون
بەهێمنی.. وەک تارمایی
بەپەنا دیوارەکاندا دەڕۆیشتین
دەنگوت پێ لەڕێان و چارەنووسی خۆمان دەنێین
سەگوەڕێکی خەستی خاموشی شەوی دەشڵەقاندو
ئاوایەکەی بێدار دەکردەوە.
ئاوایی بۆنی گۆڕستان
بۆنی تاوان
بۆنی کۆیلەیی لێ دەهات.!

رنیک لەدەرگای هەوشەوە
سەری دەرهێناو- وەک خۆی لەبەڵا بدا،
بەپەلەدەرگاکەی داخستەوە.
لەوسەری کۆڵانەوە
لادێیەکیان تێ گرتبن

هەولنامەی کتێب

کەتیان راخوڕی خێرا کۆڕاندیە وەو
تاوێک شەوەکەی لێ تاریکتر کردین.
بەڵام تاگوندەکە مان لێ ونبوو
ـــەگەکان - ئازادانە - هەردەوەڕین و
دەوەڕین.

II شەوگەڕ

کەلەمەودوا سەرت لێ داین
بەناو ڕیزە چنارەکاندا وەرە
نەک لەڕێگا مانگەشەویەکەدا
پێشت پێ بگرن.
لەدوێنێ شەوەوە، ئەم ناوەیان تەنیوە.
هەڵمی خوێن بەری ئاسۆی گرتووەو
بەستێیەکی قوڵی فستوقەدڵەوە
ترسیش وەک سواڕێکی ڕەشپۆش
بەکۆڵانانداوەگەڕێ و
دەرگاکڵۆم داوەکان دەکوتێ.

پیرتژنێک کتوپڕ نوێژەکەی بڕی

بە چرایەکی کزەوە، بەدوای کورەکەیدا ؛
یان بەدوای هەوالێکی کورەکەیدا
بە رەوتاریکایی وونبوون شۆڕبۆوە
لەوێدا ..
لەناوگوللەیەکی ئاگردارەدا ..
لەیەناتاوێرو نەبوونەدا
-بۆهەتاهەتایە- هێلانەیەکی هەمیشە بنیاتنا .

III چاوەڕوانی

سواڕەی شێوەشکانی هاتن
وەکو سێبەری ئێوارە
سەرانیان گرت ..
کۆڵانیان گرت ..
گوندەکەمانیان لەناوکۆیلەیی و بانگانقوم کرد

کەچی بیاوەخەسیوەکان
هێشتا بەهێوان

هەوالنامەی کێبڕکێ

ـــەگەکان یاسی ئەم ناوەکەن و
ـــەرفرازی و هێمنی بۆ ئاوایی بگێڕنەوە.

ئەو سەگانەی شەوان
دەورەی گۆڕستانەکە بەرنادەن
بەرامبەری تەرمەشێواوەکان هەڵدەتۆقێن و
لەپشت پەرژینە شکاوەکەوە
لەپشت سێبەری چراکەوە
تەماشان (زیوان)* هەواڵووەکەدەکەن

IV دواشوێنەوار

ئاگرێکی کزی لەناو دارستانەکەداکردەوە
بەلق و پۆپەتەرەکان
بەپاڵتۆیەکەی دایپۆشی.
لەخۆی پرسی:
ئەم گۆڕستانە چۆن واگەورەبوو؟

* زیوان: ئێشکیگۆر

من دەزانم .
ج بڕێێ بالای ئەم وەرزەی تەنیوە ؟

من دەزانم
چۆن تینوێتی سۆمایی چاوان دادێنی و
ج تاوانێ چواردەورەمی داپۆشیوە ؟!

کەچی ئەم شەو
دەستەلەم درەختە بەفرینەناکەمەوە .

ئەم شەو دەڵێی ئێسکی لەسەر بەستی دەگرم
دەڵێی هۆنراوە دەنووسم
یان دەڵێی لەغەریبیدا چاوەڕوانم
کوردستانم
بێتەژوانم

١٩٨١

رەفیق سابیر

هەوالنامەی کێبڕکێ

٥- چاوەروانی!

تاچاو برکا بەستەڵەکە تاریکی یە
زۆمم و
تەم و
مەترسی یە!

تاچاو برکا تەنیایی یە
گەردوون نوقمی غەریبی یە!

ئەی دڵواری!
ئەم شەو لەکام دەروازەوە؟
لەکام درزو؟ کام ڕۆژنەوە؟

وەک پڕوشەی دەم گەردەلوول
خۆت غزاندە ناو ڕۆمەوە.

x x x

چۆن ئه‌و خه‌ڵکانه هێنده زوو پیر بوون
به سه‌رته‌ مه‌ڵێ کورتیانداچه‌ مانه‌وه‌؟!

هه‌ردوێنێ بوو
له‌تافی لاوی و نه‌به‌رێدا بوون
حیله‌ی ئه‌ سیه‌کانیای کێوی ده‌هێنایه‌ له‌زین
سه‌رفرازی و دڵنیایی به‌ئاوایی ده‌به‌خشی
ئه‌و ئاوابیه‌ بێ نازه‌ی ئه‌مرۆ
چه‌یکێ ته‌می ناوه‌ته‌وه
ده‌ڵێی شارستانی‌ی دوکه‌ڵ دایپۆشیوه.
ده‌ڵێی زه‌وی قووتی داوه
گۆڕستانه‌که‌ی لێ ده‌رچێ
شوێنه‌وارێکی تری نه‌ماوه

١٩٧٩

هێڵانه‌ی چاپ

دو پارچەهونراوە
جوانترین کاتی مردن

هەڵاڵ کوێستانی

لە جوانترین کاتی مەرگا ،
شاخەکان پڕ بوون لە هاوار !
چی ئەستیرەی ،
د رموشاوەی ئاسمانی سەر (قەراخ) هەبوون ،
یەکە ٠٠ یەکە ، کوژانەوە و ،
بەسەر بالاّی خەفەتباری تەنگیسەزا ٠٠ رژانە خوار !
ئیدی لەوساوە تا ئێستا ،
ئەو تەنانەی ،
کە شەوانە تا بەیانی دەسوتێن و خەفەنابن ٠٠٠ ئەستیرە نین !!
تکەی خوێنی ،
زامی جەستەی ٠٠ شاسواری رێگای هەتاون !
لە ئاسمانی کەسیرە بووی کوردستانا ٠٠٠
بۆ هەزاران داگیرساون !

١٩٨٠ * *

ئەمە کۆپلەیەکە لە شیعری (جوانترین کاتی مردن) کە بۆ شەهید ئارام نووسراوە ٠

تۆ شەهیدی

بۆ فەرهاد

ئەگەر گوڵ بای ،
ڕەنگە بە سەر سنگی کچێکی شۆخەوە بای
تا سیس دەبووی ،
چەن جارێ ، بۆنی دەکردی
لە دواییدا ٠٠ فڕێی دەدای
یان ، هەر بەسەر ، لاسکە سەوزەکەی خۆتەوە
دەمایتەوە ٠٠
بۆ چەند ڕۆژێ
وەک ئەستیرە دادەگیرسای
لە دواییدا ،
بەسەر گەڵا و ڕەگەکانتا هەڵدەپرۆکای
بەڵام هاوڕێ ٠٠
خۆ تۆ گوڵ نیت ٠٠ تۆ شەهیدی
نەسیس دەبی ٠٠ نە دەشوەری
تۆ وەک خوێن و خۆشەویستی و ئازادی وای
لەناو دڵی پڕ لە زامی هەموومان دای

١٩٨٠ * *

هەولێنامەی کتێب

سەلا

نەجیبە ئەحمەد

چیایە کرنوشی بۆ شوانێك برد ،
شوانە لە پاڵیا شانی دادا ،
فووی لە بلوێر کرد ..
هەرچی فریشتەی ئاسمانیش هەبوو ،
عەرشیان بە جی هێشت .. گوێیان لێ کرد
شوانە کوڕی ئەو کیوانە بوو . ،
ئەو شەوە سەری یەگجار گەرم بوو ..
گۆرانی یەکی بۆ دایکی ووت :
ــ هۆ هۆ دایە ..
ویزەی گوللە نامتۆقێنی ،
رانا چڵەکێم ..
من دەمێکە بۆمبای عەشقێکی زۆر پیرۆز ،
لە رۆحما تەقیوەتەوە ..
ئیستا لەبەر چراخانی رۆحما ،
وێنەی منالە برسی یەکان ،
ئەکەمە کارتی جەژنە پیروزە ..
. . . . . .
دایە ئەگەر لە نیوەرۆی هاوینێکدا ،
پۆستە بەریك ، نامەی مەرگی منی هێنا ،
هەڵنەبزرکێ
ــ دەمێکە وێڵێ مەرگێکم ئەسانەی بوون و ژیانی ،
هەژاران بگێڕێتەوە ..

ـ د مه‌یکه ویلی مه‌رگیکم پاسه‌پۆرتی دڵدارانی ،
ئه‌م خاکه بێت ..
دایه .. ، ئه‌مڕۆ تابلۆی چه‌مه‌رانی‌یه‌کی یاساغکراوت
پێ نیشان دام ،
قه‌ف قه‌ف پرچی ره‌ش و سپی توّم تیا ئه‌دی ،
به‌رمو ئاسمان به‌رز ئه‌بووه وه ..
ئه‌بووه گمواله هه‌وڕێك و ،
بۆنی خاك و داری به‌ڕوو و به‌فری به سه‌رما ،
ئه‌باران ..
به‌ڵام دایه .. دایکێتی توّ ، ته‌می نیه زوو بخنکێ
دایکێتی توّ .. خه‌نجه‌ریکه ئازارم ئه‌دا و خوشم ئه‌وێ
دایکێتی توّ .. لاوکێکه بۆم ته‌واو نه‌کرا به‌جیم هیشت .
هه‌ر لمم ئاوازه به دواوه شوانه کێڤه‌ی کرد ، سروتا ..
کیوه‌که راسته پسی وه‌ستا .. بانگی لێکرد ..
(ئه‌و وه‌ك تارمایی گزنگێك له‌کمل گۆم بوو)
لاواندیه‌وه ..
ـ ڕۆڵه هه‌رگیز نمم ئه‌زانی مه‌رگیش ئاوازی خوّی هه‌یه ..
کمانچه و ساز شمشاڵم کوکرد وه ..
نه‌وای هیچیان وه‌ك کۆچی توّ خه‌مبار نه‌بوو
ئه‌وسا زانیم ، ئه‌و ئاوازه‌ی بۆتۆ بشێ ،
هێشتا له دایك نه‌بووه ...

.....

چه‌ند ساڵ رابوورد ، ئه‌مه وێرد و سۆزی کیۆ بوو ،
مه‌ل و دره‌خت و ڕێبوارانی ئه‌و ناوانه‌ش ،
فێری ببوون ..
به‌یانی‌یه‌ك بینییان وا ،
کیۆه بووه به کیشوه‌ری پیکه‌نین و بزه‌ی زێڕین

هه‌ولێر کتێب

لێیان پرسی ٠٠ گێرایەوە ٠٠
ــ لە خەونێکی بزرکاودا هاتە بەرچاوم پێ‌ی ووتم ٠
د ەستەوئەژنۆ لەبەرد مەی ،
د ەرگای شاردا دانەنیشی ، لێ‌ بکروژی ٠
ئەها لەو د یوی د ەرگاوە ؛
هەزار کوند ە بەبوو د یارە
ئەیانەوێ‌ ، شەنی بالێان ،
رەوسەی خەونی دڵداریمان بدا بە د م رەشەباوە ٠٠
ئەیانەوێ‌ لە چاوی گۆرخانەی شارەوە پێک هەڵد ەن و ،
گور و کفنی پەمەییمان نووقمی خاکیکی رەش بکەن ٠٠
د ەتۆ ببە بە رەشەبا ،
گۆرخانە هەڵ بتەکینە ٠٠ پیک بشکینە
هاوار بکە ، هەموو بستێکی ئەم خاکە
نیشتمانی دلێرانە ٠٠
هاوارم کرد ٠٠
هاوارەکەم وەک سەدای مەرگی ئەو بەرز بوو ٠
هیشتا گزنگ نەکەوتبوو ٠٠ هاوارم کرد و راپەریم ٠
روانیم د ەستم توند نووقابوو ،
کە کرد مەوە پەیامێکی تازەی تیا بوو ٠
پەیام ئەیووت :
((زامەکانمان ئەوەند ەی رووداوەکانی ئەم سەرد ەمەن ،
نە بە شیعر و نە بە چیروک تۆمار ناکرین ٠٠
ناخمان لە د ەریا قوولتێرە ٠٠
د ەستمان ئەگاتە گەرد نی ،
هەموو ئەستێرە د وورەکان ،
منالەکانمان فێر ئەکەین ،
چۆن گورانی بۆ خاک بلێین ٠٠))

پەیکەر

ف. ئەسەسەرد

هەوالنامەی کتێب

لە کەرەکیکی هەژاراندا کە هەژارترین خەلك و خلتەی کومەلگا تیایدا دەژی ، شازاد گوروبی فەرمانبەری حکومەت دەژی . هەمو خەلکی گەرەکەکە شازاد گوروبن دەناسن و بە دەگمەن یەکیك هەبی بە ناوی خوی بانگی بکا . هەمویان ناویان ناوە پیاوە بی دەنگەکە و هەندیکیان هەر بو گالتە پی کردن پیی دەلین ئەبولهول . بەلام نە " پیاوە بی دەنگەکە و نە " ئەبولهول " نمونەیەکی ریکوپیکی شازاد گوروبی فەرمانبەر دەخەنە بەرچاو . شازاد گوروبن تەمەنی بیست و پینج سالە بەلام بە رەالەت لەوە گەورەتر دیارە . کابرایەکی لەر و لاوازە و چاکەتیکی خەتدار دەکاتەبەر و لەوە ئەچی ئەو چاکەتە مایەی بەختەوەری بی چونکە کەس نیە لە بیری بیت روژی لە روژان شازادی بینیبی و ئەو چاکەتەی لەبەرا نەبی . تەنانەت لە هاوینیشدا فریی نادا و تا ئەمرۆ کەس نازانی بوچی شازاد بەو ئەندازەیە دلی بەو چاکەتە خوشبو . شازاد دەلی " هەمو مروڤیك ئازادە ، و دەتوانی بە ئارەزوی خوی چی دەوی بیکاتە بەر ! " . هەرچونیك بی جیگای خویەتی خەلکی ئەو دیاردەیان بەلاوە سەیر بی چونکە وەنەبی شازاد لەبەر ئەوە شەیدای ئەو جلە بی چونکە ریکوپیك و قۆزە پیی

نووسەری کوردستان

بەڵکو هوی تر هەیە کە بو کەسی نەگیراوەتەوە ٠ شازاد بەو جلوبەرگە زور شروشیواوەوە زور ناریکوپیکەو لەگا برایەکی شپرزەو نیگەران وسەرگەردان ئەچی ،جـــاری پانتولەکەی زور دریژە و ناچارە بینوشتینیتەوە و هەرکات بە شەقاما روشت خەلکی وا دەزانـــن گوایە سوالکەرە و داوای شتیکیان لی دەکا ٠ ناوقەدی زور باریکە ، کە پانتولەکەش دەکاتە پی ناچارە پانتولەکە تواند بگوشی ٠ لەبارەی چاکەتەکەوە هەر مەپرسە ،هیندە بور و چلکن هەڵگەراوە کەس باوەر ناکا مروڤ بتوانی بیکاتە بەر ٠ گەلیك جار بـــە تایبەتی کە ماندو دەبی بەبی ئەوەی پیلاو و حلوبەرگی داکەنی خوی فری دەداتـە سەر جیگاکەی و دەخەوی ٠ هەندی جاریش کە خەوەکەی دەماودەم و پچرپچردەبی لە نیوە شەوا جلوبەرگی دادەکەنی ئنجا دەخەوی ٠ ژورەکەی شازاد ، کە نزیکـە ی سێ ساڵە تیایدایە و هەمو کریچیەکانی گیریان بە دەستیەوە خواردبو ،بـەڵای خویەوە زور دڵگیر و ئاسودەیە ٠ ژورە تایبەتیەکەی بریتیە لە دەستیك نوین و مێزێـك و کومەلیك گۆڤار و روژنامە و کەرەستەی هونەری و سی چوار جانتا ٠٠هەرکەسیکیـش لە دەرەوە سەیری ژورەکە بکا سەرتاسەری دیوارەکان دەبینی بە لاپـــــەرەی زەرد هەڵگەراوەی روژنامە داپوشراوە ٠ ژورەکە کەوتوتە سەر هەیوانەکە و ژوریکی چولیش لە پالیایە و بە شیوەیەکی گشتی تەپ و توز هەمو شتیکی گرتوتەوە و هەر شتیك کەوتوتـە لایەك ، چونکە شازاد تاقەتی نیە ژورەکەی گسك دا (قسەیەك بو خوا بکەین هـەر دو سی مانگ جاریک گسکی دەدا) و کەم جار شتەکان لە حگای خوی دادەنی بگرە دەستی بگاتە هەر شوینیك لەوی دایدەنی ٠

شازادی فەرمانبەر زور لە شازادی ژورەکەی خوی جیایە ٠ بەریوەبەری دەزگاکـە دەڵی شازاد لە هەمو فەرمانبەرانی تر چالاکترە چونکە لەکاتی ئیش کردنا یـــەك سات بە فیرونادا و لەگەڵ کەس قسە ناکا و ئەگەر قسەشی کرد ئەو قسەیە لـــــــە " بەیانیت باش " زیاتر نیە ، جگە لەوە لەبارەی هیچ شتیکەوە لەگەڵ کەس گفتوگـو ناکا و زورجار هاوریکانی دەیانەوی بە زور قسەی پی بکەن بەڵام ئەو لە پەنایەکاخوی دەمدزیتەوە و خەریکی کاری خوی دەبی و هەمویان فەراموش دەکا ٠ گوی بگرن لە و نمونەیە : روژیکیان یەکیك لە دوستەکانی لە لادیوە بو لای ئەو هات و نامەیەکـــی دایە کە لە لایەن هەندی خزم و کەس و کاریەوە نوسرابو ٠میوانەکە پتر لە سەعاتیك هەر قسەی کرد بە بی ئەوەی شازاد سەر بەرز بکاتەوە و هەر خەریکی ئیش کـــردن

بو • دیاره میوانەکه توزی چەنەبـــاز و لەو کەسانه بوه که حەز دەکەن زور قسەبکەن و زور بلی بن تەنانەت ئەگەر کەسیش نەبی گوییان بو هەلخا • شازاد تەنانـــەت نامەکەشی هەلنەپچری چونکه دەردی خوی واتەنی ئەو ئیشانه لە کارکـــردن دوای دەخەن و کاتەکەی دەکوژن • دیاره میوانەکه سەرنجی ئەوەی دابو که شـــــازاد قسەکانی ئەوی مەبەست نییه بویه توره و نیگەران بو و دەستی کرد بە گیرانەوەی ئەو باس و خواسانەی که لەو بروایەدا بو باس و خواسی وا سەرنجی پی رادەکیشری • وتی گوایه مامی لەسەر پشتی ئەسپ کەوتوه و دەستیکی شکاوه • باسی ئەو چەمـــەی بوکرد که شازاد لە منالیا خەریك بو تیایا بخنکی ، باسی بەسەرهاتی بەریوەبـــەری قوتابخانەی لادێی بو کرد که ویستی پیوەند یەکی تایبەتی لەگەل ژنی جوتیاریکدا ببەستی و ویستبوی هەندێ کاری ناڕەوا بکا و ئافرەتەکه و کومەلیك ئافرەتی تـــــر دایان پلوسی و سەر و گویلاکیان شکاند و هەر لە هەمان روژا بەریوەبەرەکـــــــه قوتابخانەی بە جێ هیشت و نەێ ویرا بگەڕیتەوه ، هەروەها باسی ئەو دزەی بو کرد که لە شەوی جەژنا گرتیان و خەریك بون ببەنەن بە پولیس و لە دواییدا بە بونـــەی جەژنەوه بەڕەلایان کرد و هەروا ••• بەلام تەواوی ئەو باس و خواسانه ورتەی لـــه شازاد نەهینا و میوانەکه خوی پی رانەگیرا و بەبێ ئەوەی خواحافیزی لی بکا هەلسا و ڕوشت • ئەوی راستی بی شازاد بە ئەندازەیەك سەرقال بو،هەستی بەوه نەکـــرد میوانەکەی نەماوه و وەختیك سەری بەرز کردەوه بو ئەوەی بزانی چا یا قاوه دەخـــوا کەسی بەدی نەکرد •

بەلام شازاد تەنها فەرمانبەر نیه ، بەلکو پەیکەرتاشیشه • ئەوکەســانـــــــەی پەیکەرەکانیان دیوه دەلین شازاد هونەرمەندیکی یەگجار لی هاتووه • زور جـــار ویستیان هەندی خو و ڕەوشتی خوی بگوڕی بەلام هەمو هەول و تەقەللایان بە فیـرو دەچو • هەندیکیان پیشنیاریان کرد هەول دەن وردە وردە " شازادی هونەرمەند بگورن و لەو گوشه گیریەی دەربازی کەن و بە خەلکی بناسینن چونکه ــ دەردی خوێن واتەنی ــ نابی خەلکی لە هونەری پەیکەرتاشیکی مەزنی وەکو شازاد بی بەش بن • جا بو ئەم مەبەسته بریاریان دا ئاهەنگیکی ساکار سازکەن و هەندی دیـــــاری پیشکەش کەن • کەسیش نەبو بە شازاد بلی که ئەوان بریاریان داوه هەوڵێ بدەن بو ئەوەی بیگورن نەوەك نەخشەکه سەرنەگری • شازاد دەلی : " من ئەوه لە کـه س

نوسەری کوردستان

نا شارمەوە کە من لە بیرکرد نەوە و جوری ژیانم وەکو خەلکی نیم ، بەلام ئەو ژیانەم بەلاوە پەسەندە و من پیی رازیم ! " ٠ بو ئەوەی نەخشەکە بە وردی دابنری ویستیان روژی لەدایك بوونی شازاد بزانن و هەر لەو روژەدا ئاهەنگی بو بگیرن ٠بەلام کەس نەبوو ئەو روژە بزانی ، جاری هەمویان لەبارەی شازادەوە هیچ نازانن : ئەوەندەی لی دەزانن کە لەکاتی لەدایك بونیدا دایکی مردوە و لە منالیا گەلیك ناخوشی ونا رەحەتی چیشتوە ٠ ئەوەش دەزانن کە لە پەیکەرتاشیندا بەهرەیەکی سەرنج راکیشی هەیە و لە هەمو شوینیکا باسیان کردووە و بە " هونەرمەندیکی بلیمەت " ناویان بردوە ٠ بویە بریاریان دا هەر لە خوی بپرسن بەبی ئەوەی هەست بە هیچ شتیك بکا ٠

ــ نازانم کەی لەدایك بوم ، شازاد وتی ، بەلام دەلین لەروژیکی بارانا لە دایك بووم ٠

پینج روژ بەسەر بریارەکە تیپەری و کەس روژی لەدایك بوونی شازادی جنگ نەکەوت و دوای لیدوان و مشتومریکی زور وایان پەسەند کرد کە لەسەری مانگدا بە بونەی سالروژی بیست و پینجمینی لە دایك بونی شازادەوە ئاهەنگیك بگیرن

ــ"بەلام من لە یەکی ئەیلولا لە دایك نەبوم !" شازاد وتی ٠

ــ" جا چی تیایە ؟ ئیمە وای دادەنیین کە تو لە یەکی ئەیلولا لە دایك بویت٠ هەر بەو بونەیەوە ئاهەنگیك دەگیرین " ٠

شازاد گەیشتە ئەو بروایەی کە ئەم جارەیان ناتوانی خوی دەربازکا بویە بە نیا بە دلیەوە مەسەلەکەی وەرگرت ٠ پیش یەکی ئەیلول ، هاوریکانی کومەلیك دیاریان بو هینا : سەعات ، جلوبەرگ ، پیلاو ، بوینباخ ، قەلەم پاندانیك ، کلیتەیەك و گەلیك شتی تر ٠ شازاد سەری دنیای لی هاتەوە یەك و گریان گەروی کەرخ کرد و هاواری کرد : " بەلام ئەو هەمو شتە لە کوی دانیم ؟ " ٠ هەمویان بیی پیکەنین و پییان وت کەوا ئەبی جلە تازەکانی بکاتە بەر و بەشداری لە ئاهەنگەکە بکا. ئیدەم مەسەلەیە تاسەی خستە گیانی و موچرکی پیا هینا ٠

لەکاتی دیاریکراودا شازاد جلوبەرگی تازەی لەبەر کرد، خەریك بو لەتاو پەشوکی و شپرزەیی دا بخنکی و جنیوی بە هەمو جیهان‌دا و دوسی جار ویستی نەچی بەلام ئاخرەکەی بریاری دا بچی ٠ کە وەدەرکەوت وای زانی هەمو خەلکی سەریان

سەرماوە و پیی پیدەکەنن و جلەکانیان بەلاوە شتیکی سەیرە . سەری شورکرد بۆ ئەوەی کەس نەبینی . لای وابو گوایە خەلکی بە دزیەوە پیی پیدەکەنن و زۆر لێ و کەسانە تورە بو کە توشی ئەو گیچەلەیان کرد و لە دواییدا توزی هاتەوە سەرەخۆ و باری دا دلیان نەرەنجینی چونکە وەکو خوی هەستی کرد وە ئەوان خوشیان دەوی ئەگینا ئەگەر خوشیان نەویستایە بەو ئەندازەیە بایەخیان پی نەدەدا . بەلام وانەکە هەر تاوانی خویەتی . لە دلی خویا وتی : ئەبوایە لە سەرەتاوە پییان نیم کە من حەز لە ئاهەنگ و قەلەبالغی ناکەم . کی دەزانی چی لەوی رو دەدا؟ " نە گەیشتە ئەو مالەی کە ئاهەنگەکەی لی دەگیرن لە هەمو لایەکەوە گەلارویان دا و بە ئەندازەیەك ستایشیان کرد کە لە تەریقیا سور هەلگەرا و ئارەق بە ناوچەوانیا هاتە خواری و ناچاربو بیکەنی و دلیان نەرەنجینی . لەژورەکەدا هەرا و بەزم بە سەر هەمو شتیکا زال بو . جاریکی تر ستایشیان کرد و وتیان کەوا لە مەولا لە کومەلگا دورناکەویتەوە و واز لە گوشەگیری دەهینی و هەمو پەیکەرەکانی خوی پیشانی خەلکی دەدا و پیشانگا دەکاتەوە و رۆژنامەکان هەمو شتیکی لەبارەیەوە بلاودەکەنەوە و بە خەلکی دەناسینن . بەلام ئەو شتانە توزقالیك نەیان بزواند . وەکو پەیکەریك بێ دەنگ بو . لە دواییدا ناچار بو شتیك بلی . وتی :

— من .. سوپاستان دەکەم .. زۆر سوپاستان دەکەم . ئەوەتان لێ نا شارمەوە کە من لەو بروابە دام هەستی ئیوە هەستیکی دڵسوزانەیە .. منیش . منیش .. زۆر سوپاستان دەکەم و .. هیوادارم .. هیوادارم .

قسەکەی پی تەواو نەکرا ، چەپڵەیان بو لیدا ، تا لە شەرما هەرد و چاوی پر بوون لە فرمیسك .

ئاهەنگەکە دریژەی کیشا

بەتەوسفیری گشتی بەلای شازادەوە لە دوزەخ ئەچو چونکە ئەم ، بیدەنگی بە جیهانی خوی دەزانی و ئەو هەرا و بەزمە جیهانی ئەو نیە . وا هەستی کرد بیگانەیە و هیچ کەسیك لەو خەلکە ناناسی و نەیزانی چی بکا . توزی لەهەراکەدور کەوتەوە و لە پەنایەکا راوەستا و کەس نەیبینی . ئاوینەیەکی بە دیوارەکەوە بینی و تیایا سەیری خوی کرد . زەرد هەلگەرابو . ویستی بروا بەلام دودل بو . ماوەیەکی زور بیدەنگ بو تا بیریکی ویلی وای بو هات گوایە هوی ئەو وەرسی و بیزاریە سەیرە ،

ئەو جلانەیە کە کردویەتیە بەر و ئەو ئاهەنگەیە کە بویان پیکەوە ناوە ٠ بە پەلەپـــرۆزی جلوبەرگەکەی داکەند و فریدا و بە کراس و دەریی یەك مایەوە و بە بی ئەوەی کەس بیبینی چوە دەرەوە ٠

سەعات نزیکەی دەی سەو بو ، بە دەگمەن لە شەقامەکەدا خەلکی بەدی دەکرا ریـــگای مالەوەی گرتەبەر ، لەریگادا تۆشی هەندی کەس بو کە زۆر پیی پیکەنین و هەندی کەسی تر وایان زانی شیتە و لیی دورکەوتنەوە ، بەلام ئەم گویی نەدا ٠ کە چوە ژورەکەی خوی هەناسەیەکی تیر و تەسەلی هەلکیشا و جلەکانی خوی کردە بەر ٠ ئەو شەوە خەوی لی نەکەوت ٠ کەرەستەی پیکەر تاشینی هینایـــە دەر و دەسی بەکارکردن کرد و تا بەیانی نەخەوت ٠ بە دریژایی شەو خەریکی کارکردن بو و لەوماوەیەدا پیکەریکی تاشی ٠ ئەوی راستی بی پیکەرەکە یەکجار نایاب بـــو ٠ شازاد دەستی نایە سەر پیکەرەکە و زوری بە دل بو ٠ " نازانم ناوت بنیم چی ؟ " پرسی ٠ شیوەی پیکەرەکە شیوەی شازاد بو ٠ کاری هونەرمەندەکە بـــــە ئەندازەیەك ریکوپیك و قەشەنگ بو ، پیکەرەکە تەنها ئەوەی مابو قسە بکا

شازاد لە دلی خویا وتی :

ــ " بەبی ئەوەی یەك توز هەست بە ماندو بون بکەم پیکەرەکەم تاشی ، خـــو ئەبی ئەوەش هویەکی هەبی ٠٠٠ ئەی چون شەو بەسەرچو بە ئەوەی هەست بـــە ماندوبون بکەم ؟ تو بلی ی هوکەی ٠٠

لە پریکا بیری خوی پچراند ٠

بە دەنگیکی بەرزەوە نەراندی

" بەلام ئەو پیکەرە پیکەری خومە ، ئەو دەموچاوە دەموچاوی خومە ! " تاویـــك سەری سورما و تیژ لە پیکەرەکەی نوری ٠ " بەلی ، خومم ! " ٠ ئەوی راستی بـــی جیگای خوی بو شازاد بەو ئەندازەیە مەسەلەکەی بەلاوە سەیر بی چونکە خوی بـــــە کابرایەکی نەرسیسی نازانی و نە باسی خوی دەکا و نە حەز دەکا کەس باسی کـا ٠ پیکەرەکە پیکەری شازاد بو و شازاد خویشی باوەری نەدەکرد پەنجەکانی بـــــە و ئەندازەیە یلیمەت و وردبن ٠ شەکەتیەك هەمو لەشی داگرت و هەستی بماندوبون کرد ٠ بەلام بۆ ئەوەی بیتەوە سەرخو ئەبی هیچ نەبی سی چوار سەعات بخەوی ٠٠ تەماشای سەعاتی کرد و ناچار بو خوی بپیچیتەوە و بچیتە سەر ئیشەکەی ٠ لـــــە

حەوت و نیوا گەیشتە مەلبەندی کارەکەی چونکە ریگاکە دورە و خویشی بریاریدابو بە پی ئەو ریگایە ببری و بە تەواوی هیلاك و ماندو بوبو . لە لای دەرگای مەلبەندی کاردا یەکیك لە برادەرەکانی بینی و پیی وت :

ـ " هەمو برادەرەکانت لیت تورە بون ! "

بەلام ئەو باکی بەو قسەیە نەبو . لە نزیکژورەکەی توزی راما و دودل بو . برادەرە دلسوزەکانی و ئاهەنگەخنجیلانەکەیانی بیرکەوتەوە و زور پەشیمان بوو و نەیزانی چی بکا . لە دواییدا دودلی خستەلاوە و چوە ژوری . هاوریکانی تیژ لنی نەوین و زور ماندو و هیلاك هاتە بەرچاویان و بەزەییان پیدا هاتەوە .

ـ " شازاد چیتە ؟ ! "

ـ " هیچم نیە ... بەلام زور ماندوم ! "

کەس نیگەرانی نەکرد . شازاد بە دریژایی روژگار پەست و بیزار و وەرس بو و لە کاتەی کە لە مەلبەندی کارا بو هیچی نەکرد . نەیزانی بوچی داوای لە هاوریکانی کرد بینە مالەوەی و پەیکەرەکەی ببینن ، هاوریکانیشی زوریان پی خوش بو وخویان ئامادە کرد . ئەوی راستی بی هەندیکیان تیابو کە شەیدای هونەری شازاد بون ئامادە بون بچنە هەر شوینیك بە مەرجیك چاویان بە هونەرەکەی بکەوی .

لە ژورە تاریکوپیکەکەیدا هاوریکان کوبونەوە و هونەری شازاد سەرسامی کردن .

ـ " شازاد گوروون ! دەمەوی دەرفەتم بدەیتی بلیم کە شتیکی سەیرە ، بەلی شتیکی زور سەیرە کە لەو قوژبنەدا وەکو مشك خوت بشاریتەوە و خەلکی لەو هونەرە مەزنەت بی بەش کەیت . بەکورتی دەلیم ئەو رەفتارەی توم بە لاوە سەیرە و تیی ناگەم" .

شازاد وەلامی نەدایەوە .

هاوریکانی زوربەشان و بالی پەیکەرەکەیان هەلدا . نیشانەیەکی سەیر خوی بەسەر پەیکەرەکەدا داسەپاند بو و کاریکی وای کرد بو لە پەیکەریکی زیندو بچی .

ـ من لەوەیان تیناگەم ، یەکیکیان وتی ، بەلام وا هەست دەکەم لەگەل پەیکەرەکەدا قسە دەکەم . بەهەلەدا دەچم ئەگەر بلیم ئەو پەیکەرە گیانی تیا نیە ... ئەم پەیکەرە پەیکەریکی زیندوە ، بەلام بیدەنگە ، بیدەنگ (دوا وشەی بەتوندی وت) .

بو بەیانی کومەلیك روژنامەنوس خویان کرد بە ژورەکەی شازاد و ریپورتاژیکیان

هەولێر

لەگەلی تومار کرد و وینەی پەیکەرەکەیان گرت ٠ روژنامەکان سوربون لەسەر ئەوەی کە شازاد لە تەنیشت پەیکەرەکەی بوەستی ٠ کە وینەکە بلاوکرایەوە شازاد لەکابرایەکی مۆن ئەچو یاخود هیچ نەبی وا دەهاتە پیش چاو گوایە دالغەی لی داوە ، لە و کاتەوە روژ نەبو خەلکی نەچنە ژورەکەی شازاد و تەماشای پەیکەرەکە نەکەن ٠ زوربەی ئەو کەسانەی دەهاتن لەو کەسانە بون کە شازاد نەیدەناسین ٠ خەبەرەکە بە پەلە بلاوبووە و ناوی شازاد کەوتە سەر زار ٠ ئەم مەسەلەیە تا رادەیەك شازادی نیگەران کرد بە تایبەتی کە لەو ماوەیەدا ناچار بو بە هوی میوانەکانیەوە تۆزی ژورەکەی ریکو پیك بکا و کسکی بدا ٠

لەیەکەم شەوی سەری مانگدا شازاد بەبی ئەوەی نانی ئیوارە بخوا گەرایەوە ژورەکەی خوی و نزیکەی نیو سەعات لەسەر سیسمەکەی دانیشت و خەریکی بیرکردنەوە بو ٠ لە تاریکیا چەندین بیری ویل و سەرگەردان سەریان لی دا ٠ زور پەشوکاو بو ، هەر لە هەمان کاتیشدا سەری دنیای لی هاتبوە یەك و ئەو بروایەی لادەسگیر بوبوگوایە نیوەی لەشی بەنج کراوە ٠

لە پریکا دەنگیکی سەیری لە ژورەکە بەرگوی کەوت ٠

ــ " هو کابرای خوپەرست ، ئەوا ژیانت لی تال کردم !

پتر شپرزە بو و بیری ویلتر و سەرگەردانتر هاتەلای و هەستیکی وا دایگرت کە لەمەوبەر بە هیچ شیوەیەك هەستی وا دانەبو ٠

ــ کییە قسە دەکا ، بە ترسەوە وتی ، کییە لە ژورەکەم ؟

ــ" هو کابرای خو پەرست نامناسیت ، من ئەو پەیکەرەم کە خوت دروستت کرد وە" ٠

پتر شپرزە بو و دەنگی گیرا و چاوەکانی تاریك و لیل بون و بە ترسەوە سەیری پەیکەرەکەی کرد و وتی :

ــ " من خوپەرست نیم ٠ چیت هەیە بیلی "

ــ تو بیرت لەمن نەکردوتەوە ، هەر بیرت لەخوت کردوتەوە ٠ هەمو روژ دەیان کەس دین و تەماشام دەکەن ، نازانم چی بکەم ، هەموشیان بە شان و بالی تو هەلدەدەن ٠ ئەی شازاد گورون ، تو خوپەرستیت !

ــ خوپەرست نیم !

شازاد هاواری کرد و قاچی دا بە ئەرزا و لە تورەبونا هەمو گیانی هاتە لەرزین ٠

ـ " من توم د روست کرد ووه ، ئەمە راستە بەلام نازانم بوچی و چون!
ـ " بەلی ، شمو خموت لی نەکموت و تا بەیانی منت د روست کرد ! "
ئەمجار بە ئەندازەیەك تورە بو بو کە رستەی پچرپچری د ەرد ەپەراند ٠
ـ " بیرت نایە ؟ نە د ەزانم بوچی د روستم کرد یت نە چون ٠ شتیك ، شتیکی سەیرە شتیك نازانم چیە پالی پیوە نام بو ئەوەی د روستت کەم ٠ د ەمەوی ئەوەت لا ئاشکرا بی کە من نامەوی هەموو خەلکی بناسن و لە هەمو شوینیك باسم کەن "
ـ "د رو د ەکەیت ٠ لیت یاخی د ەبم ! "
ـ " نەخیر ، ناتوانی ٠ تەفروتونات د ەکەم "
ـ " تەفروتونام کە "
ـ " تەفروتونات د ەکەم "
سەرەگیژەی پی کەوت و راکشایە سەر سیسەمەکە و لە پەل و پو کەوت و خەوت ٠ بەیانی کە هەلسا زور ماند و بو ٠ کە چاوی گیرا بە ژورەکەیا پەیکەرەکەی نەبینی ٠ " یاخی بوو ، روشت ! " وەکو شیتیك ئەمەی وت بیری ویل و بی جەمسەر خویان خزاند ە میشکیەوە ٠ زور بە شپرزەییەوە چوە د ەری و هەمو گیانی د ەلەرزی ٠ لیم تورە بو و روشت ٠ ئەبی هەر بید وزمەوە ٠ تا ماوم بە د وای د ا د ەگەریم تا د ەید وزمەوە " ٠ رای کرد و هەر یەکیکی ببینیایە لەبارەی پەیکەرەکەوە لیی د ەپرسی. لەو روژەوە کەس نازانی شازاد گوروز چی بەسەرهات ٠ بەلام جاربەجار ئەوەیان بەر گوی د ەکەوت گوایە کابرایەکی پیس و پوخل ریش د ریژ کە جلوبەرگیکی شرد ەکاتە بەر لە پریکا پەید ا د ەبی و لەبارەی پەیکەریکەوە پرسیار لە خەلکی د ەکا ٠

هەولێر کتێب

قفل

ریبوار

هەمو روژی ، هەر کە لە کولانە تەریکەکەوە پی‌ی لە شەقامە گشتی یەکە دا دەگرت ، چاوی بەوینەی سەر دیوارەکەوە دەقرسا چون موگناتیس بزمار کیش دەکـــات ، ئەمیش ئاوا حلەوی رویشتنەکەی لەدەست ئەدا و ، بەرەو وینەکە پەل کیش دەبـــوو . هەموو روژیکیش کە ئەم دەردەکەوت ، لە ریزە دوکانەکەی ئەم بەروئەو بەری شەقامەکەوە چەند ملیك بو دەرەوە دریژ ئەبوون ، پاشانیش دەهاتنە سەش دوکانەکە و توانج و لاقرتییان بو یەکتر دەسەندەوە .

(هات ..دەلی‌ی رەشەبایە ، خوتان لادەن ، زەوی بیگرە و ئاسمان قووتیدە حەمە قیتەل مار هات ...)

حەمە مەبەستی نەبو ، دەستی چەپی تا رەفیسکەی بە تەنیشتیەوە دەنوساند ودەستی راستی توند رادەوەشاند ، هەنگاوی گورجی دەنا ، ملی رەپ دەکرد و تابەردەم وینە هەلواسراوەکە نەدەوەستا . لەویدا لەبەرخویەوە بلەمە بلمیکی دەکرد ، ئەکەوتـە پەنجە بەرزکرد نەوە و دەست راوەشاندن ، چەپوکی بە سەروچاوی وینەکەدا ئەکیشا ، دەستی بو ئەو قفلە دەبرد کە لچ و لیوی وینەکەی پی شەتەك درابوو ، هیند لـــە

دەست راوەشاندن و هەلچونیا زوری لەخوید ەکرد کە دەم وچاوی سووردا دەگەرا و گیانی دەکەوتە لەرزین ٠

لە سەرەتاوە خەلکی بەزەییان بو هەلئەرشت ، وورد ە وورد ە کەوتنە ئەوەی نـاوی شیتەی لی بنین و دووبارە پەریز لی ی راوەستن ٠ بە تایبەت کە ئەیان بینی هەمـوو روژێك لەو شوینەدا بەرامبەر وینەکە ئەومستیت ، قفلیکی زل لە گیرفانی دەرد ینیت و لە پیش چاوی وینەکەدا رای ئەگریت ، پاشان ئەیخاتە سەر ئەو قفلەی بە لـچ و لیوی وینەکەوەیە ، بزەیەك دەیگریت ٠ دەستی بەسەر سینگی هەلئاوساوی وینەکەدا دینیت و ، پەلەپیتکەیەك لە لووتە فشەکەیشی ئەسرەوینیت ، سەیریکی قفلـە داخراوەکەی دەستی ئەکاتەوە ، تۆزیك لی ی ئەنەویت کە بیکاتەوە ، بەلام نـاش ئەوەی هیلاکی ئەکەویتە ویزەی پەنجەکانی و ، ئارەق بەناوچاویا دیتە خواری ، تۆند بەسەروچاوی وینەکەیدا دەکیشی و دەست بە بلمە بلم دەکاتەوە ٠

* * *

ئەو روژە بو یەکەم جار هەمە قیتەلم دی ، منیش وەك خەلکی تر بە دیارەوە وەستام ، چاوم لە هەلس و کەوتی بری کات چیشتەنگاویکی درەنگ بوو ، خـور وورد ە وورد ە بەرەو ژوور هەلئەکشا و گەرمایەکەشی تادەهات بەتین تر دەبوو ٠هەمە قیتەل ، باریکەلەیەکی گەنم رەنگ بوو ، چاوەشینەکانی تیژ دەیان روانی ، دوهیلی قوول وەك دوو جوگەلەی ئاو لی براو بە سەر رومەتەکانیا کشابوون ، بە گـرژی و ئالوزیەکیدا وات هەست دەکرد ئیستا نادەمیکی دی پەلامارت ئەداتی وبیرازیکی باشت ئەکات ٠ کەچی تا ئەو ساتە (وەك دوکاندارەکان بویان گیرامەوە) تەنانەت قسەیەکی ناخوشیشی بە کەسیك نەوتبوو

ئەو روژە زور بە شەکەتیم هاتە بەرچاو ، چاکەت و پانتولە کونەکەی بە لەشیـەوە وند چەسپی بوو ، ئارەقەی لاملی و تەویلی چوراوگەیان بەستبووە ناو شان و سەر سنگی ، لەکراسە شینە تەرەکەیەوە ئارەقە سەری دەکرد ٠ چاوەکانی سوور و ، قژە رەشە پرەکەی نا ئاسایی بە سەریەکدا کەوتبوون ، لەوەی نەدەکرد بو ماوەیەکـی زور شانە ری ی پی برد بیت ٠ جارەناجاریك وەك موچرك بەلەشیا بیت دەلەرزی و بلمـە بلمەکەی گەورەتر دەهاتە گوی ٠ زور بەپەلە قفلەکەی ئەم دەست ئەو دەست پی ئەکرد ، لەگەلیا هەموو گیانی ئەجولا ، وەك لچ و لیوی تاوانیکیان کرد بیت بەرەود وا ئەیبرد ن

بە دەمیاو ئەیکروشتن ، لەگەل وورتە وورتەکەیدا کەف کەوتبووە لا لغاوی ،قفلەکەی ناو دەستی ئەخستەسەردەم و چاوی کابرای وینەکراو ، پەنجەی بو چاوە زیتەکانی ئەبرد، سمیلە شورەکانی رائەکیشا و فیکەیەکی لەسەرخوی بو ئەکرد ، تا کوتایی بە بـــــی مەنگیەکە هانی و بەسەر وینەکەیدا قیراند :

ــ تویش قسەت کرد ، نەم ووت وورتەت لیوە نەیەت ، دەبیحو دەی ، تاماوینت. ئەبی ئەم قفلە بە لچ و لیوتەوە بیت ٠

یەکەمجاری بوو بە دەنگی بەرز قسە بکات ، بویە سەرنجی هەمومانی راکیشا و ، زیاتر لی ی چووینە پیشی کە ئاوری لی دایتەوە ، کەفی لالغاوی کەوتبووە سەر ریشە پر و رەشەکەی ، رەنگی وەك چاوەکانی سوور داگەرابوو ٠ کە ئیمەی لە نزیکیەوە بینی مات بوو ، خاو بووەوە ، سەری داخست ، هەناسەیەکی قوولی هەلکیشا و ، دوو دلوپ فرمیسك لەناو برژولەکانیەوە بو سەر روومەتی گلوربوونەوە و ، پاشان بەســـەر تەلەکانی ریشیەوە فەتیس مان ٠ تا دەهات هیور دەبوەوە ، هیورتر و ، لە پـــرا رووی لە ئیمە کرد ، وەك بیەویت شتیك بلیت ، بەلام رووی کردەوە وینەکە وپەنجـەی خستەوە سەر قفلەکە ، تا توانی مستەکولەیەکی پیا کیشا ، ئەوسا پەنجەکانی لـــــە لایەکی وینەکە روکرد و تا دامینی دراندی ، پارچە کاغەزی وینە لەسەرکراوی فری دایە سەرزەوی و قاچیکی پیانا ، سەری بو لای ئیمە هەلبریەوە ، بەدەنگیکی بەرز هەمـوو نەوانەی لە جی ی خویان وەستاندەوە کە دەیانویست زوو لەوناوە دەربازبن

(ئای برادەران ٠٠ خوا بتان گریت ئەگەر خوتان قەمتەر نەکەن ، من بوئیوەمە تەنیا وەختی ناں خواردن ، بو ماوەیەکی کەم ، ئەویش لەمالی خوتاندا ، دەرگاو پەنجەرەش دابخەن ، قفلەکە لە دەمتان بکەنەوە و بەپەلە نانەکە بخون ، پیویستـە لەمەولا لە باتی دەم ودان بلیین دەم و قفل ، خراپی چیە ؟ ئیوە دەستتان هەیەو بە ئیشارەت دەتوانن داوای هەموو شت بکەن ، کاکینە ٠٠ برایینە ، بو خـــــوا ئەمەتان پی ئەلیم ، ئەی بو بەناهەق شەویلاگە و کەپووتان هەلبدرن و قفل لـــــە زمانتان بدەن ! کورینە ٠٠ کوردی نازانن ! ئای راست دەکەن قفلی لە دوایە٠ ئیستا قفل هەر بو زمانە ، کی نالیت بوچاو ٠٠ بو گوی ٠٠ بو دەست ٠٠ کورە بو قاچیش ، لەبیرم نەبو من قفل کرایە قاچیشم ٠ ئەری کی قفل دروست ئەکـــات ؟ خوزگەم بە خوی ، بەسەری ئیوە ئەمەندە دمولەمەند ئەبیت تا دەبیتە خاوەنی ئـــەم

شاره ، جا بو نه‌بیت کوره زمانتان بگرن زمانتان به برین چیت ، کوره چه‌ندم پی ووتن ٠٠)

ئه‌مجاره‌یان خه‌لکه‌که وه‌ك جارانی پیشوو نه‌بوون ، به‌ره به‌ره له‌وه‌ستاوه‌کان دادەبران و دەرویشتن ، وه‌ك ترسیان له‌وه بیت که قسه‌کانی حه‌مه قیتەل تووشی گاشه‌یه‌کیان بکات ٠ حه‌مه‌ش جاریکی دی قفله‌که‌ی ئه‌م دەست و ئه‌ودەست پی‌کرد و خزاندیه‌وه گیرفانی ، دیسان دەستی چه‌پی به لاته‌ریسکیه‌وه نووساند و که‌وتە‌وه راوه‌شاندنی دەستی راستی ، هه‌مان ریگای به‌رەو خواری جارانی له‌رگرته‌وه و بە تیژی تی‌ی تەقاند ٠

* *

بو به‌یانی ، هه‌والیك وه‌ك ره‌شه‌با گه‌یاند بیتی ، خوی به‌هه‌موو کوچه‌وکولانیکدا راپیچدا ، هه‌موو گویچکه‌یه‌کی ئه‌م شاره‌ی پرکرد ، هه‌واله‌که دلته‌زین بوو ، چونکه خه‌لکه‌که هه‌ستیان کرد دەستیکی دی نرایه سه‌رد مه‌یان تا هه‌ناسه‌یان که‌متر بیت٠

((له هه‌مان جیگای دوینی‌ی ، له‌به‌رد م وینه دراوه‌که‌دا ، لاشه‌ی بی گیانی حه‌مه قیته‌لیان چاوپی‌که‌وتبوو ، دەست و زمانی بررا بوو ، قفلیکی ئه‌ستووربه‌شیان به لچ و لیویه‌وه کرد بوو)) ٠

هەولێر کتێب

سەگی بەرەلا

صادق هیدایەت

شەمال کردویە بەکوردی

چەند دوکانێکی بچووکی نانەوایی ، قەسابی،عەتتاری ، دووچایخانە و سەر تاشخانەیەك کە گشتیان بو قەلاچوکردنی برسیەتی و دابینکردنی پیویستیەکانی ژیان بوون ، گورەپانی (دەرامین) یان پیك هینابوو .

گورەپانەکە و ئەوانەی لێی دەژیان لەژیر تیشکی بەتینی خورا نیوەسوتاو و نیوە برژاو ببوون . ئارەزووی یەکەمین شنەبای ئیوارە و سیبەری شەویان دەکرد . ئادەمیزادەکان ، تەپ و توزیکی نەرم کە بە هاتوچوی ئوتومبیلەکان خەستتر دەبو بە ئاسمانی شینەوە شەپولی دەدا . لەلایەکی گورەپانەکەش کونە چناریکی کلور بە سەر سەختیەوە لق و پوپە خوار و خیچە گەندەلەکانی پەرش و بلاوکرد بووە . سیبەری گەلا خولاویەکانی سەکویەکی پان و بەرینیان داگرتبوو ، دوو میرمندال لەسەر سەکویەکە بە دەنگی بەرز شیر برنج و تو کولەکەیان دەفروشت ، قوراویکی خەست بە خەندەکی پیش چایخانەکەدا بە زەحمەت دەکشا و رەت دەبوو . تەنیا بالەخانەیەك کەسەرنجی رادەکیشا بورجەکەی (وەرامین) بوو کە نیوەی لەشە لولەییە دارزیوەکەی بەقوتکە تەشیلەییەکەیەوە بە دەرەوە بوو . ئەو چولەکە پاساریانەی لە جی شوینی خشتە

مەرمەرە داکەرتووەکان هیلانەیان کرد بوو ، لەبەر قرچەی گەرما مات ببوون و ونەوزیان دەدا . تەنیا بۆزە نۆزی سەگیك ناوبەناو بی دەنگیەکەی دەشکاند .

سەگیکی قەپۆز رەش،قاچ بەلەك بوو دەتگوت بەناو زەلکاودا غاری داوە و ئەم خالانەی پیوە حوساوە . گوی شور و کلك قیت و مو قرژ و چلکن بوو . دووچاوی زیت بە سیما توزاوی یەکەیموە دەدەرەوشانەوە . لە قولایی چاوەکانی دا گیانیکی مروڤانە دەبینرا ، لەو نیوە شەوەوە کە کەوتبو باوەشی ژیان شتیکی لەبن نەهاتوو لەچاوەکانی دا شەپۆلی دەدا ، پەیامیکی پی بوو ، بەلام لەبەر ئەوەی لە پشتی چاوەکانیموە گیری خواردبوو ، پەی پی نەدەبرا ، نەروونائی نە رەنگ بوو ، شتیکی تری باوەر پی نەکراو بوو وەك ئەو شتەی لە چاوی کارامزیکی پیکراودا ئەبینری نەك تەنیا چاوی لە چاوی مرۆڤ دەچوو بەلکو وەك یەك وابوون . دووچاوی رەشی پر لە دەرد و مەینەت و چاوەروانی کە تەنیا دەشی لە سیمای سەگیکی سەرگەردانداو بەدی بکری . بەلام وا پی دەچوو کەس روانینە دەردناکە پر لە پارانەوەکەی بەدی نەدەکرد و تی ی نەدەگەیشت . لەبەردەم نانەواخانەکەدا شاگرد نانەواکە لی ی دەدا و ، لەبەردەم قەسابخانەکە شاگرد قەسابەکە بەردی تی دەگرت ، ئەگەر پەنا شی ببرد ایە بەر سیبەری ئوتومبیلیك پیلاوی پیلاوی بژمار ریژکراوی شوفیر پیشوازی دەکرد ، کە هەمووان لە ئازاردانی ماندوو دەبوون نورەی منداڵە شیربرنج فروشەکە دەهات کە تام و چێژیکی تایبەتی لە ئازاردانی وەردەگرت . لەباتی هەنوزەیەك خرکە بەردیکی هەوالەی سی بەندی دەکرد . قاقای منداڵەکە لەپشت سەری سەگەکەموە بەرزدەبووە و دەیگوت (دین سز) وەك ئەوەی هەمووان لەبەرخاتری خوا دەیانکوتا و بە لاشیانەوە زوڕناسان بوو سەگیکی گلاو حموت روح و نەفرین لێ کراو بو یاداشت سزا بدەن .

لە دواین دا میرمنداڵە شیربرنج فروشەکە هیندەی تەنکەتاو دەکرد کەسەگەکە بە ناچاری بەرەو کولانی بورجەکە رای دەکرد و بەسکی برسیەوە هیزی دەدایە بەر خوی و پەنای دەبردە بەر کەند ریکی ئاوەکە و سەری دەخستە نیو دەستەکانی و زمانی دەردەکیشا ، نیوە خەوالو و بیدار دەیروانیە سەوزاییەکەی کە لە بەردەمی دا کەرویشکەی دەکرد ، گیژ و ماندو ، لەهەوای شیداری کەندرکەکەدا پشوویەکی تایبەتی دەدا ، بونی سەوزایی نیومگان و کونەپیلاویکی شیدار و بوگەنی شتی زیندو

ـردووله لوتیدا یادگاری تیکەل و پیکەل و لەمیژینەیان زیندوو دەکردەوە ، هەرکە لە سەوزایی یەکە وردە بووە ئارەزوو بیدار دەبووە و یادگارەکانی رابردووی سەر لە نوی لەمیشکی دا زیندوو دەبوو- بەلام بەمجارەیان هەستەکە ئەوەندە بەهێزبوو وەك ئەوەی دەنگێك لە بنکوێیەوە هێزی بداتە بەر بجولیت . روورحەزی دەکرد بەنـــاو سەوزایی یەکەدا بازبێنی بکات و غاردات ·

ئەم هەستەی بە میراتبو مابووە چونکە باب و باپیرانی لە سکوتلاند لەنـــاو سەوزایی پەروەردە بوبون · بەلام لەشی ئەوەندە کوترابو کە توانای بچووکتریـــن جولەی نەبوو · هەستی بە ئێش و ئازاریکی تیکەل بە لاوازی و بێدەسەلاتی دەکرد. مشتە هەستیکی فەرامۆش کراو ووں لە گیانی بەجۆش کەوتن ، جاران ئـــەرك و پێویستی جوراوجوری هەبوو ، بەئەرکی خوی دەزانی بەدەنگی خاوەنەکەیەوە بچیت، بیگانەیەك یا سەگیکی تر لە مالی خاوەنەکەی وەدەرنیت و لەگەل منداڵی خاوەنەکـەی گەمە بکات، دەیزانی کەلەگەل ئاشناو بیگانەدا چون رەفتار بکات و لەکاتی خویـدا زان بخوات وناز بکات بەلام ئێستا ئەوانەی لە ئەستودا نەماوە و ئارەزووی گـــەورەی ئەوەیە کە بە ترس و لەرزەوە لەسەر ربلیك جیگەیەك بدوزیتەوە و تا ئێوارە تێهەلدان بخوات و بنوزیتەوە ·ئەمە تاکە ئاوازی بەرگری ئەو بوو ،جاران جەسوور و بوێـاك ، خاوین و ووریا بوو ، بەلام ئێستا ترسنوك و سەرکوتر بووە هەرکە گوێی لە دەنگێك یا خشپەیەك دەبێ رادەچلەکی و دەلەرزی ، هەتا وای لێ هاتووە لە دەنگی خوی دەترسا · خووی بە زبل و زاڵەوە گرتبوو ، لەشی دەخورا ،تاقەتی خولیستنـــەوە و مەگەز لەخود مرکردنی نەبوو ، هەستی دەکرد بەشێکە لەو زبل و زاڵە شتێك لـــە وجودی ئەودا مردووە و کونراوەتەوە ·

بەسەر ئەو کاتەدا کە کەوتبو ئەم دوورەخە دوورەوە دوو زستان تی دەپەری ، لەو ماوەیەدا تاکە ژەمێك تیری نەخوارد بوو ، خەوێکی ئاسودەی نەکرد بوو ،هەســت و ئارەزووی کپ ببووە ، کەسێك نەبوو دەستی نازی بەسەردا بینێت·کەسێك نەیروانێبوە· چاوەکانی ·ئەگەرچی ئەوکەسانەی لێرەبوون بە رواڵەت وەك خاوەنەکەی بوون ·بـــەلام وادیاربوو هەست و رەوشتیان لەگەل خاوەنەکەی جیاوازیان زەوی و ئاسمانە ،ئەوانـــە جاران دەیناسین و لە دنیا ئەو نزیکتر بوون و باشتر لە هەست و ئارەزووەکانـــی دەگەیشتن و ئاگاداریان دەکرد ·

لمو بونانه‌وه به‌ر لووتی د‌ه‌کموتن . بونیك که له هه‌موویان پتر گیژی د‌ه‌کرد بونی شیربرنجی به‌رد‌ه‌می منداله‌که بوو . ـ ئه‌م شوربا سپی‌یه ئه‌وه‌نده له شیری دایکی د‌ه‌چوو که بیره‌وه‌ری‌یه‌کانی منداله‌ی زیندوو د‌ه‌کرد‌ه‌وه . کتوپر له‌شی داد‌ه‌هیزرا و د‌ه‌کموته بیری ئمو کاته‌ی ساوا بوو ئمو خوراکه گه‌رمه سپی‌یه‌ی له مه‌مکی دایکی د‌ه‌مژی و زمانی نه‌رم و گه‌رمی دایکی له‌شی د‌ه‌لیسته‌وه و حاوینی د‌ه‌کرد‌ه‌وه د‌ه‌کموته‌وه یاد‌ی بونی توند و تیژی باوه‌شی دایکی و په‌نا برایه‌که‌ی . بونی توند و تووندی دایکی و شیره‌که‌ی له لوتیا زیندوو د‌ه‌بووه .

هه‌ر که تیر شیر د‌ه‌بوو له‌شی گه‌رم و ئاسوود‌ه د‌ه‌بوون له‌یه‌کی رمون برد‌ه‌وه و یه‌کانی‌دا د‌ه‌گه‌را . به‌گرانی سه‌ری له‌مه‌مکی دایکی جوی د‌ه‌بووه و له دوای دا خه‌ویکی قوول سه‌رتاپای د‌ه‌مه‌ژاند . چ لمو کاته به‌تامتر بوو که د‌ه‌سته‌کانی به پیویستی خوی مه‌مکی دایکی د‌ه‌گوشی و به ئاسانی شیر د‌ه‌هاته د‌ه‌ری . له‌شه توکنه‌که‌ی براکه‌ی و د‌ه‌نگی دایکی بو ئمو دلنه‌وایی بوو ، لانه ته‌خته‌که‌ی و ئه‌وگالته‌و گه‌فانه‌ی د‌ه‌هینایه‌وه یاد که له‌گه‌ل براکه‌ی لمو باخچه سه‌وزه‌دا د‌ه‌یکرد گازی له گوی‌یه شوره‌کانی د‌ه‌گرت و د‌ه‌کموتن و هه‌لد‌ه‌ستانه‌وه و غاریان د‌ه‌دا له دوایشدا هاویاری‌یه‌کی تری پی‌دا د‌ه‌کرد که منداله‌ی خاوه‌نه‌که‌ی بوو . له‌ناو باخه‌که‌دا له‌کموته دوای و له‌د‌ه‌وری خولی هه‌لد‌ه‌هاث و گازی له‌جله‌کانی د‌ه‌گرت .

هه‌ر که بون و باری خاوه‌نه‌که‌ی و ئمو کلو قه‌ند‌انه‌ی د‌ه‌رخوارد‌ی د‌ه‌دا ، له‌بیری نه‌د‌ه‌چووه به‌لام منداله‌ی خاوه‌نه‌که‌ی خوشتر د‌ه‌ویست چونکه هاوه‌لی بوو هه‌رگیزلی‌ی نه‌د‌ه‌دا . له‌دوا‌ییدا به یه‌کجاری دایك و براکه‌ی وون کرد ، خوی و خاوه‌نه‌که‌ی و کور و ژنی خاوه‌نه‌که‌ی و نوکه‌ره پیره‌که‌یان مابوونه‌وه ، بونی هه‌ریه‌ك لمو انه‌ی به‌باشی د‌ه‌ناسی و تریه‌ی پی‌یانی له‌د‌ووره‌وه د‌ه‌ناسی‌یه‌وه . کاتی نانی ئیواره و نیوه‌رو له د‌ه‌وری میز د‌ه‌سورایه‌وه بونی خواردنی د‌ه‌کرد ، ناوبه‌ناو ژنی خاوه‌نه‌که‌ی بی رازی بوونی میرد‌ه‌که‌ی به سوز و خوشه‌ویستی‌یه‌وه پارووی‌یه‌کی بو فری‌د‌ه‌دا ، پاشان نوکه‌ره پیره‌که د‌ه‌هات و به د‌ه‌نگیکی به‌رز بانگی د‌ه‌کرد پات . . پات " و خواردنه‌که‌ی د‌ه‌کرد‌ه ناو قاپیکی تایبه‌تی له پنای کولیته‌که .

مر بوونی پات بوو به هوی به‌د به‌ختی خوی چونکه خاوه‌نه‌که‌ی نه‌ی‌د‌ه‌هیشت پات له مالی بچیته د‌ه‌ری و بکمویته دوای دیله به‌بایان . روژیك له‌روژانی پاییز

خاوەنەکەی لەگەل دوو کەسی تر کە پات دەیناسین و زورجار هاتبوونە مالیان، لەناو ئوتومبیلیك دانیشتبوون و پاتیان بانگ کرد و لە تەنیشت خویان دانا. پات زور جار لەگەل خاوەنەکەی بە سواری ئوتومبیل سەفەری کرد بوو بەلام ئەمجارەیان خول بوو نیگەرانیەکی تایبەتی دایگرتبوو. پاش چەند کاتژمیریك لە هەمان گوڕەپان هاتنە خواری خاوەنەکەی و دووکەسەکەی تر بەرەو هەمان کولانی بورجەکە رویشتن. بەلام بونی دیلە سەگیك شوێنەواری بونیکی تایبەتی کە بونی هاوجنسی خوی بوو دەیك‌بو لی‌ی دەکەرا بە حاریك سیت و هاری کرد، دوور و نیزیك بونی دەکرد تا بەخەندرکی جوگەلەیەکدا خوی بە ناخیکدا کرد.

نزیك زەردەپەر دووجار دەنگی خاوەنەکەی بیست کە دەیگوت پات... پات دەنگی خاوەنەکەی بوو یا زرینگاوەی جەنجالی گویچکەی بوو، گەرچی دەنگی خاوەنەکەی کاریگەر بوو، ئەو ئەرك و بەلینانەی دەهینایەوە یاد کە سەباردت بە وان وە ئەستری کربوو و خوی بەقەرداریان دەزانی، بەلام هیزیکی دەروونی بەهیزتر لە هیزەکانی جیهانی دەرەوە پالی پیوەنا لەگەل دیلە سەگەکەدا بمینیتەوە. بەراد هیەك هەستی دەکرد گوێیەکانی سەبارەت بە دەنگەکانی دەرەوە گران و کەر بوون. هەستیکی تیژ دەروونی دا زیابوو. بونی سەگەکەش هێندە توند و تیژبوو کە گیژی کرد بوو، تەواوی ماسولکەکانی و هەستی و ئەندامەکانی لەشی بە گوێیان نەدەکرد هەتا وێست و ئارەزووی خوی لەدەست دا نەبوو. بەلام هیندەی پی نەچوو بە دار و کلکە بیل بەهانایەوە هاتن و بە خەندرکی جوگەلەکەدا وەدەریان نا.

پات ور و ماندوو بوو بەلام سووك و ئاسان هاتەوە سەرخو و کەوتە سوراغی خاوەنەکەی و سەری بەچەند کولانان داکرد کە سووکە بونیکی خاوەنەکەی تیدا مابووە، هەرماوەیەك دەرویشت و نیشانەیەکی بەجی دەهیشت تا کەلاوەیەکی دەرەوەی شار رویشت و گەرایەوە، چونکە دەیزانی کە خاوەنەکەی گەراوەتەوە گوڕەپانەکە، بەلام سووکە بونەکەی لەناو بونەکانی تری گوڕەپانەکەدا وون ببوو، دەبی خاوەنەکەی ئەوی بەجی‌هیشتبی؟ هەستی بەشیوان و ترسیکی شووم دەکرد. پات چون دەتوانی بی خاوەن بی! بی خوا چون بژیت چونکە خاوەنەکەی بو ئەو لە جیگای خوا بوو، لە گەل ئەوەشدا لەوباوەڕەدا بوو کە خاوەنەکەی بە سوراغیەوە دیت. بە نابەدلی بە چەند شەقاماندا غاریدا، بەلام بی هودە بوو.

شەوی شەکەت و ماندوو گەرایەوە گوڕەپانەکە هیچ سوراغێك لە خاوەنەکەیەوە نەبوو. چەند سووریکی تری بەناوشارا داو سەرئەنجام گەرایەوە دەم کەندرکی جوگەلەکەی شوینی دیلە سەگەکە بەلام لەبەردەم رارەوی ئاوەکە کەلەکە بەردێك هەلچنرابوو، پات بەگەرمی کەوتە هەلکولینی زەویەکە تا بتوانێت بچێتە ناو باخەکە بەلام بۆی نەکرا و هەر لەویش بە نائومێدی یەوە خەوبردیەوە.

نیوە شەوی پات لەدەنگی نالەنالی جوی راپەری، بەنیگەرانیەوە هەستا چەند کولانان گەرا و بونی دیوارەکانی دەکرد ماوەیەك ئاوا ویل و سەرگەردان بوو دوایی هەستی بە برسیەتیەکی زور کرد. کە گەرایەوە گوڕەپانەکە بونی خواردنی جوربەجوری وەبەر لووتی کەوت. بونی گۆشتی کون، نانی گەرم و ماست تێکەل ببوو. لەوکاتەشدا وای هەست دەکرد کەمتەرخەمی کردووە و پێی ناوەتە مولکی خەلکی تر، دەبێ چاوی لەدەستی ئەم ئادەمیزادانە بێت کە لە خاوەنەکەی دەچن، مەگەر حەریفی بو پەیدا ببێت و لەوی وەدەری نێت دەنا وورد وورد مافی خاوەنێتی بەدەست دینێ و رەنگە یەکێکیش لەوانەی خوارد ەمەنیان لەبەردەستە چاودێری بکات.

بە ترس و پاریزەوە رویشتە بەر دوکانی نانەوایەك کە تازە کرابووە و بونی تیژی هەویرەترش بەویدا بلاربببووە، یەکێکیش کە نانێکی لە ژێر هەنگل بوو بانگی کرد وەرە... وەرە... دەنگی کابرای نامو هاتە گوێ، تێکە نانێکی فرێدایە بەردەمی پاتیش دوای کەمێك دودلی نانەکەی خوارد دەستی کرد بە کلکە سووتە، کابراش نانەکەی خستە سەر سەکوی دوکانەکە و بە ترس و پاریزەوە دەستێکی بەسەریدا هێنا و ئینجا بە هەردوو دەستی ملوانکەکەی لە ملی کردەوە، هەستی بە ئاسودەییەك کرد: وەك ئەوەی ئەرك و لی پرسراوی و پێوەند هەیە لە ئەستوی کرابێتەوە، هەر کە دەستی کردەوە بە کلکە سووتە نانەواکە لێی نزیك بووە و شەقێکی توندی حەوالەی کەلەکەی کرد و دەستی لە جوگەلەکە دا گلاوکردەوە، ئەویش بە قرووسکە قرووسکێك دوورکەوتەوە. هێشتا ملوانکەی ملوانکەکەی دەنا سیەوە بە نانەواخانەکەوە هەلولسرابو.

لەو رۆژەوە پات جگە لەشەق و خرکەبەرد و دارکاری هیچی تری لەم خەلکە پێ نەدەبرا، وەك ئەوەی هەموویان دوژمنی خوێنی ئەوبن وا لە ئازاردانی تامیان دەچێشت.

پات هەستی دەکرد هاتوتە دنیایەکی نوی وە کە نە بەهێ خوی دەزانی و نە

نووسەری کوردستان

کەسیش پەی بە هەست و جیهانی ئەو دەبرد روژەکانی سەرەتای زور بە سەختی بەسەر دەبرد ٠بەلام وورده وورده خووی پیوەگرت جگە لە پیپی کولانەکە ، بە دەستە راستەوە جیگایەکی دوریبووە کە زبل و والیان لی هەلدەرشت،لە زبلەکەدا چەند تیکەیەکی بە تامی وەك ئیسك و چەوری و پیست و سەلکەماسی و چەند خوارد نیکی ترکە پی یان ئاشنا نەبوو ، وەچنگ دەکەوت و پاشان روژی لە بەرد م نانەواخانە و قەسابخانەکەدا بەسەردەبرد ٠چاوی دەبریە دەستی قەسابەکە ، بەلام هیندەی تیکە چەورەکان پتر تی هەلدانی دەخوارد ،لەگەل ژیانە نوییەکەشی ئاشنایی پەیدا کرد بوو ، لە ژیانی پیشووی شتیك باروود وخی ئالوز و فەوتاو هەندی بون و بەرانبی هیچی بو نەماببوو ٠ هەر کەتووشی ناهەمواری دەبوولە بەهەشتە وونبووەکەی خوی دا جۆرە دلنەوایی یەك و ریگای هەلاتنی دەدوزیەوە ، بی ویست و ئارەزوو بیرەوری یەکانی ئەوسای لەبەرد م دا قیت دەبوونەوە ،پیویستی نازراگرتن و لاواند نەوە پیر نە هەموو شتیك ئازاری دەدا ، وەك منداليك وابوو ، لەگەل ئەوەشدا کە لی ی دەدرا هەسی ناسکی نەدەکوژایەوە بە تایبەتی لەم ژیانە نوییەدا پتر لە جاران پیویستی بە لاواند نەوە بوو چاوەکانی سوالی دلنەوایی یان دەکرد ٠ئامادە بەو گیانی بو ئەو کەسە بەحت بکات کە توزیك سوز و خوشەویستی بو دەنوانند ٠ ئەیویست میهرەبانی و هەستی پەرستی و وەفاداری خوی بو کەسیك بنوینیت کەخوی بو بەخت بکات، تەماشای هەرچاویکی دەکرد جگە لەرق و رقینە شتیکی دی نە دەخویند ەوە ٠هەر هەلس و کەوتیکی بو سەرنج راکیشانی ئەو کەسانە وەك ئەوە وابو پتر تووڕەیان بکات و رقیان هەستینیت٠هەر لەو کاتەدا کە لە کەندرکی جوگەلەکەدا خەوبردیەوە و چەند نوزەیەکی لی هات و بیدار بووە دەتگوت تارمایی یەکان بە بەر چاوی دا رادەکەن ، لەهەمان کاتدا هەستی بە برسیتی یەکی زور کرد بونی کەباب دەهات و برسی یەتی زالمیش هەناوی وا ئەشکەنجە دەدا کە لاوازی و ئیش و ئازارەکانی تری لەبیر بردبووە ، بە ئاستەمیك هەستا و بە پاریزەوە رووی کردە گورەپانەکە ٠

* * * * * * * * * * * * *

لەوکاتەدا یەکیك لە ئوتومبیلیك بەخروهور لە گورەپانی وەرامین دا بردی بە تەپ و توز کابرایەك لە ئوتومبیلەکە هاتە خواری و بەرەو پات هات و دەستیکی بەسەرا

قینا ،ئه‌وکا برایه خاوه‌نه‌که‌ی‌نه‌بوو ،پات به‌هه‌له‌دا نه‌چوبوو چونکه بونی خاوه‌نه‌که‌ی باش ده‌ناسی‌یه‌وه ، به‌لام چۆن بوو که‌سیك پەیدا بوو نازی بکیسی؟ پات دەستی کرد به کلکه‌سووته و چاوی بریه کابرانه ،دەبی به هه‌له‌دا چووبی؛ خو ملوانکه‌که‌شی له مل دانه‌ماوه تا به‌هویه‌وه بیلا بیته‌وه ،کابرا گەرایه‌وه دووباره دەستیکی به‌سەری داهینایه‌وه پات که‌وته دوای کابرا خوی به روریك دا کرد سەرسام بوو چونکه باش دەیزانی بونی خواردنه‌کان له‌ویوه دیته دەری • که له‌سەر کورسی‌یەك که له‌پەنا دیواره‌که بوو هه‌لتوژته‌کا نانی گەرم ماست و هیلکه و خوراکی‌تریان بو هینا ، کابرا ش تیکه نانی له ماست هه‌لدەسوو و دەیخسته به‌رده‌می ، پاش له‌سەره‌تاوه به پەله و دوایی له‌سەره‌خو نانه‌که‌ی دەخوارد ،چاوه ره‌شه‌ماده‌کانی به سوپاسەوه بریبو کابراکه و کلکه سووته‌ی بو دەکرد ،جەونی دەدی یا بیدار بوو؟ بی‌تی‌هه‌لدان پر به سکی خوی نانی خوارد ، دەشی خاوه‌نیکی نوی‌ی پەیدا کرد بی ؟ کابرا له گەرمان هەستاو خوی به کولانی بورجه‌که‌دا کرد و ویستیکی کرد و نینجا به کولانه چەوت و چەویله‌کاندا رەت بوو ،پاتیش تا له ئاوەدانی چوونه دەری دوای کەوت و خوی کرد به هەمان کلاوه‌ی که شوینه‌واری چەند دیواریکی مابووه ،دەشی ئەم ئاده‌میزادانه‌ش‌بونی می‌ینه‌ی خویان کرد بی ؟ پات له‌ژیر سیبه‌ری دیواریکدا چاوه‌روانی کرد تا له دواییدا له‌ریگەیه‌کی دیکەوه گەرانەوه گوره‌پانه‌که •

کابرا جاریکی تر دەستی به‌سەری‌دا هینا و دوای کورته پیاسه‌یه‌کی دەوری کوره پانه‌که چو له‌ناو یه‌کیك‌له‌و ئوتومبیلانه‌ی پات دەیناسین دانیشت ،پات زاتی نەکرد سەرکەویت له‌پەنا ئوتومبیله‌که هه‌لتوته‌کا بوو سەیری دەکرد •

کتوپر ئوتومبیله‌که به نیو تەپ و توزدا رەت بوو پاتیش یه‌کسەر به‌غاردان که‌وته دوای ،نەیدەویست ئەم جارەیان ئەم کابرایه‌ی له‌کیس بچیت ،هانکه هانکی پێ کەوتبوو ،له‌گەل ئیش و ئازاری له‌شی به هەموو توانایه‌وه به دوای ئوتومبیله‌که‌دا رای دەکرد بازی دەدا ،ئوتومبیله‌که له ئاوەدانی وەدەرکەوت و به دەشته‌که‌دا رەت بوو دوو سی جار گەیشته‌وه ئوتومبیله‌که ئاخره‌که‌ی هەر به‌جیما ، هەموو هیز و توانای خوی کوکرد بوه‌وه ،که‌وتبوه هه‌لس و که‌وتی نائومیدی و ئوتومبیله‌که‌ش به‌گورتر دەرویشت ، به‌هه‌له‌دا چووبوو ، له‌گەل ئەوەشدا توزی نەدەشکاند بی‌هیز و شه‌که‌تیش‌ببوو ، دلی سست ئەبوو ،له‌ناکاو هەستی‌کرد ئەندامەکانی له ئیرادەی ئەو

دەرچوون و توانای کەمترین جولەیان نیە. هەول و تەقەلاکەی بی هودەبو. نـــەی دەرانو لەبەرچی غاری داوە تەمای کوێی هەبووە، ریگای چوون و گەرانەوەی نەبوو، وەستا هانکە هانکی پی کەوتبوو، زمانی دەرکیشا بوو، بەرچاوی تاریك و ســـەری داخست بوو، بە ئاستەم خوی کوتا بو روحی شەقامەکە بەرەو جوگەلەیەکی ئاقـــار کیلگەیەك. سکی خستە سەر قیری داغو شی داری جوکەلەکە، بە غەریزەی خوی کـە هەرگیز بە هەلەدا نەدەچوو هەستی کرد گیر بووە و ئیتر ناتوانی لە جیگای خـــوی بیزویت. هەست و بیری رەش دەبووە. هەستی بە سك هیشەیەکی زورکرد، تیشکی ناسوری لە چاوەکانی دا دەدرەوشانەوە لە گینگل و وەرسوراندا دەست و پی یەکانی دەوردە سست دەبوو، ئارەقیکی ساردی دەرکرد کە فینکایەتیەکی بە جی بوو.

****

زەرد هەڵسی قەلە رەشەی برسی بەسەرسەری پاتەوە دەخۆ. نەوە لـــە دوورەوە بونی پاتیان کرد بوو یەکیکیان بە پاریزەوە هات و لی نزیك بووە و بە وردی چـاوی تی بری کاتی کە دلنیا بوو پات هیشتا بەتەواوی نەمردووە، دووبارە فریـــەوە، ئەم سی قەلە رەشە بۆ دەرهینانی چاوەرەشەکانی هاتبوون.

ئەو خانووەی کەوتووتە سەرەوەی هەور

ساندرو بریسونی — کاکەباس کردویە بەکوردی

هەولێر

کورتەی ژیانی نووسەر

* لە سالی ۱۹۱۳ لە فلورنسادا لە دایك بووە ٠
* علومی سیاسی خویندووە ٠
* چەندان شانوگەری بو شانوی تاقی کردنەوەیی لاوان نووسیوە
* لە ئەکادیمیای نیشتمانی هونەرەکانی دراما یی خویندووە ٠
* ئەطروحەی دەرهینانی شانوگەری ئاماد ەکردووە لە رومانیکی گوگول بە ناونیشانی (شەیتان بە کراسیکەوە) .هەروەها شانوگەریەکی تری بە ناوی (کەلە پادشا) دەرهیناوە و ناوبانگیکی فراوانی پی وەرگرتووە ٠
* لەسالانی ۱۹۳۸ ــ ۱۹۳۹ دا لە شاری لندن لە ئەستودیوی مایکل سان دنیس ئیشی کردووە
هاوشانی زور لە شانوگەری نووسە جیهانیەکانی وەك ئەنتونیو کوپو بووە لە فەرەنسادا ٠
* دانەری شانوی ئیتالی ناودارە و زانای دیکور و جل و بەرگ بووە

ند رو بریسونی

* چالاکی‌یەکی زۆری لەسەر تەلەفزیون هەبووە ، بە تایبەتی لەدەرهێنانی بەرهەمەکانی نووسەری ئەسپانی (گارسیا لورکا) لەژێر ناوی (خوارووی ئەسپانیا ۰
* زۆربەی ولاتانی سویسرا و رومانیا و بولگاریا و بەریتانیا و فەرەنسا گەراوە
* چەندین شانۆگەری وەك :(ئەرکی پالەوان و نوانەوەی خەیال) ی‌نوسیوە لە سالی ۱۹۳۵ دا ۰

((ئەوەی هانی دام بۆ وەرگێرانی ئەم شانۆگەرییە ، زۆرترین شتپانی باری جەنگ و شەر و شۆڕی بەبراوەی بەرکاروانی کیشەی خەباتی گەلی کوردمانە ، کەوا بۆ سەدان سال دەچێ ، سەرتاپای گەلی کورد بە چاك و خراپییەوە ، چارەنوسی بەجەنگیکی نەپساوەی بەردەستی داگیرکەرانی کوردستان بەستراوەتەوە و ئەم سۆز و هەست و نەستە ناسکەی لەم شانۆگەرییەش لە دەروونی جەنگەوە دەرهاتووە ، بگرە نەوەك هەر سەرەتای ژان و ژوونی هەموو کورد یکی تیکۆشەر و پێشمەرگەیە ، بەڵکو لە گەل رەوتی سەرتاپای هەست و نەست و بوچوونەکانی کورد هواری دەربارەی جەنگ هاوبەرد و هار چارەنووسە ۰۰ هەروەها خوێنەر ئاگادار دەکەمەوە بە هوی هەندی ئەندیشەی خۆمەوە ناوی ئەکتەرەکانم گۆڕیوە بۆ ناوی کوردی و تا رادەیەك هەوڵمداو لەگەل بارودۆخی جەنگ و شەروشۆری دەڕخایەنی کوردستانی داگیرکراوی خومانی بسازێنێ ۰۰۰))

((وەرگێر))

پالەوانەکانی شانۆگەرییەکە

پێروت (۲۳) سالی
عەزیز بەگ (٤٥) سالی
ئاغا (۳۵) سالی
سوارە (۲۰) سالی
ناسکە ۰۰۰۰
شەوارە ۰۰۰۰۰

ووریکی گوندی ، دیاردەکانی بەزم و رەزمی پێوە دیاربوو ، ئێستابووەتە قۆناغێکی جەنگ و سەرپەرشتی شەر و شوری لێوە دەکری ۰۰ دەرگە و پەنجەرەی لە قوڵایی

شانوکەوەیە ، بەشیك لە سەربانە ئاشکراکەی دەمی خوی بو ئاسمانیکی تاریکی پر لە ئەستیرە کرد بوومو ۰ لە پەنجەرەوە تیشکی بورد ومانی تویەکان دین و دەچن ولە گەل زیاد بوونی بورد ومانەکە مەست بەزیاتر نزیك بوونەوەی تەقینەوەیان دەکەین ۰ بو لای راستەی بەردەم شانوکە ، بەدالەی تەلەفون بوکاروباری عەسکەری دەبینرا و ژوورەکە لیرە و لەوی کەل و پەل و ئامرازی مالەو لەگەل ئەو پیاوانەی ئیستا تیدان ، ملاوەی پی کرابوو ۰

لەسەری سەرەوە پیانو و سەعاتیکی بەندولدار لە شیوەی پەیکەری بچوەك کە لە گەل لیدانی زەنگەکە دەجولایەوە

پیروتی تەمەن بیست و سی سالی لادیی سەماعەی تەلەفونەکە هەردوو گوی ی داخستبوو هەر کە پەردە هەلدەدریتەوە ، دەرگای ئەوسەری ژوورەکە دەکریتەوە و دەنگی توپ باران چاکتر دەبیسترى و سی ئەفسەر دەبینین ، پیکەوە بەژوور دەکەون (عەزیز بەگ) لە هەمووان بە تەمەن و پلەدارترە ، لەرەوتی ژیانی مەدەنی خوی دابە هوی سەرپەرشتی کردنی مولکەکانی ژیاوە و هەروەها ماموستای ئامادەییشی کردووە ، بەلام (ئاغا) کە جاوی بازی ژنان بووە و پیاوانی تر بەخیلی یان پی بردووە لەم جوری پەیوەندی یانەی ۰ (سوارە) ش هیشتا بیست سالی تینەپەراند بوو ، کوریکی رووخوش و پاکیتی پیوە دیاربوو ، باوەری بە هەموو شتیکی دەروبەری خوی دەکرد ، لەدوای هەموویان هاتە ژوورەوە و دەرگاکەی بەدوای خویەوە داخست ۰۰

پیروت هەر بە تەلەفون کردنەوە خەریك بوو ، بی هوودە هەولی دەدا پەیوەندی بەلایەکەی ترەوە بکات ، سەری بەرزکردەوە بو ئەوەی هاتوو ببینی ۰۰ سەرلەنوی کەوتەوە کاری خوی و لە رووخساری ماندووبونی یەوە ، پیوەی دیاربوو کەماوەیەکی زوری سەردا رویشتبوو لە هەولدانە یەك بەدوای یەکەکانی ۰

پیروت ــ هەلو ۰۰ هەلو ۰ ۰ئیرە لیوای دووە ۰ ۰پەیوەندی یمان بەلیوای یەکەو پچراوە ، تکاتان لی دەکەین بەلکو بەپەلە تەلەفونەکەمان بو چاك بکەنەوە ۰۰ هەلە ۰۰

عەزیز بەگ ــ ئایا ئیرە مەلبەندی سەرکردایەتی یە ؟

پیروت ــ بەلی ۰ بەلی (زەنگی تەلەفونەکە لیدەدا) هەلو ۰۰ هەلو ۰۰ فەرموو ۰فەرموو ۰۰من پیروتم . (شوان) گوی بگرە ۰۰ دەمەوی بزانم لیوای یەك چی بە سەر هاتووە ۰۰ خو ساغو سەلامەتە ؟ من لیرە بە تەنیام ۰۰ دەترسیم لیوایەگەی

ئیمەش ·· هەلو ··· هەلو ··

عەزیز بەگ ــ ئەوە کولونیل لە کوێیە ؟

پیروت ــ لەگەل ئەوانی تر لە بنکەکانی پیشەوەن ،گەورەم ببورن · ئیوەن ئــەو ئەفسەرە نوێیانەی بۆ پالپشتی کردنی لیوایەکەی ئیمە نارد راون ؟ یارمەتید ەری کولونیل نامەیەکی لەسەرمیز بوتان بەجی هێشتووە نامەکە لەوێیە ·(لەمیزەکە نزیك د ەبێتەوە ــ بۆ من بوسراوە(د ەیخوێنیتەوە) ــ د ەیداتە د ەست (عەزیز بەگ) د وایی د ەکەوێتە د ەست (ئاغا) وە ·

ئاغا ــ بەلی قوربان من ئاغای واحید بەگم

عەزیز بەگ ــ تو ئەو ئەفسەرەی کە لەگەل ئەنوەر بەگی میران هاتبووی ! ،ئــەد ی ئەو ئیستا لە کوێیە ؟ ··· بەلی ! ؟

سوارە ــ لەکاتی سەرکەوتنمان بەسەر هەورازەکەدا ،بینیم بە شیوەیەکی نائاسایی هەناسە برکی ببوو لەناکاو بزرم کرد ·ئاورم دایەوە بوئەوەی بید وزمەوە ،بەلام ئەلی چی بوکت و پری ،بەسەر د م و چاو و سەریەوە کەوتبووە ناو ئاوەوە ·

عەزیز بەگ ــ راستە لەم حالەتەمان دا د وزیەوە ،یەکەم شەهید ە ، کە ببینم لــە گورەپان دا سەر بنیتەوە ·

سوارە ــ بەلی قوربان وایە ·

عەزیز بەگ ــ (بەد م خویند نەوە) هەموو پەیوەند ی بە لیوای یەك بکەن ··· بەم زووانە چاومان بەیەکتری د ەکەوی ،پیم بلی :فەرماند ەی لیوای یەك لە کوێیە ؟

پیروت ــ گەورەم ناتوانری بەبی شارەزا پی ی بگەن · ·هەتا منیش ئیستا بــــوم ناکری بە تەلەفون وەری بگرم ·

ئاغا ــ توپ باران زور د ریژە د ەکیشی ؟

پیروت ــ لە بەیانی یەوە ،هێرشی کت و پر د ەستی پی کرد ووە و کولونیل بریاری د اوە کە سەنگەر نەگوری و لە شوینی خوی نەجولیتەوە هەتا بەرەو پیشەوە هەنگــــا و نەنی · وەپیش ئەوەی بنکەکەی بەجی بهێلی ، لەهەوالی گەیشتنی ئەفسەرە نوێیــە کانی د ەپرسی و یارمەتید ەرەکەی ئەم فرمانانەی د اوە و سەنگەرەکانی لو ئیوە د ەست نیشان کرد ووە کە هەر یەکەتان بوی بچن ·بەلام کولونیل گوتی :ئەگەر گەیشتن ومن لێرە نەبووم ،پێویستە لەسەرتان چاوەروانم بن هەتا خوم د یمەوە و چاوم پێتـــــان

دەکەوی ، بەلام کولونیل شەهید بوو و فەرماندەی لیوای دوو سەرکرد یەتی گرتووتە ئەستو ٠

ئاغا ــ (بەکەرەی پێدەکەنی) دەیەویست چاوی پیمان بکەوی

عەزیز بەگ ــ جەنگاوەرەکان پێویستە لەسەرمان ئیستا بکەوینە ری لەگەڵ پیروت بەلام یەکێك هەیە بتوانی باس و خواس و فەرمانمان بداتی ٠٠ کەس نییە ؟

سوارە ــ (بەدەور و پشتی خویەوە دەروانی) ، پێویستە لەسەرمان لـــــێرەو چاوەروانی بکەین ٠

پیروت ــ هەلو ٠٠هەلو ٠٠ بنکەی سەرکردایەتی؟ ٠٠ دەڵێی چی ؟٠٠ هیچ ڕەلاحیك نییە ، دووبارە هەوڵ دەدەم ٠٠(دەسکی تەلەفونەکە بادەدات)٠٠کەس وەلام ناداتەوە ٠٠ (سەعاتە خاوەن بەندوڵ دروستکراوە لەپەیکەری بچووك ،کەوتــە زرینگە زرینگ و وەختی دیاردەکرد ، ئاغا و عەزیز بەگ و سوارە چاویان بڕیبووە ئــەو پەیکەرە بچووکانەوە کە خولیان دەخواردەوە ٠)

ئاغا ــ ئەم سعاتە هەر بەردەوامە لە ئیش کردن ٠ بەختیارە لەدروست بوونی

عەزیز بەگ ــ (بەپێکەنینەوە) بەڵێ ٠٠دیارە ئەو کەسە لەکاتی دروستکردنــی وردبیر ساف بووە ٠

پیروت ــ هەلو ٠٠ هەلو ٠٠ ئیرە لیوای دووە ٠٠

عەزیز بەگ ــ(بەسوارە دەڵی) تۆگەنجیکی ئازای (دەنگی بوردومان نزیــك دەبێتەوە) ٠٠تەپ و توز دنیای خنکاندوە (دەچێتە لای یەنجەرەکەوە) ــ بورد ــ ومانەکە نزیك بووەتەوە ٠

سوارە ــ پاش کەمێکی تر گەلە ئیرە (بەرەو پەنجەرەکە دەچی) ٠

عەزیز بەگ ــ ئەوە چی دەکەی شێتە ٠٠ بەپەلە سەرت بینە خوارەوە ٠

پیروت ــ هەلو ٠٠هەلو٠٠ هەلو (تووشی شپرزەیی دەبی) ٠کەس وەلام نا داتەوە ٠ کپ و بێدەنگی یەکی تەواو (تیشکێك بە هێز دەبریسکێتەوە و ژوورەکــــە رووناك دەکاتەوە و لەناکا و توپ باران نامینی) (لەئیستاوە ئەکتەرەکان بە هێمنــی دەکەونە قسە کردنەوە

سوارە ــ سەیرە بوردومانەکە راوەستا ٠

پیروت ــ نەما ٠٠ بەشێوەیەك باوەر ناکریت ٠٠چەند رۆژێکە بوردومان هەرگیــز

نەوەستاوە ٠ بەتایبەتی ئەم بەیانیەش ٠٠ بەبی پسانەوە لە لیدانمان نـــــە وەستاون !؟

ئاغا ــ رەنگبی لە کت و پریکەوە پیلانەکانی خویان گوریبیت ٠

سوارە ــ پێش ماوەیەکی کەم ، موچرکی هەستیکی سەیرم پیدا هاتەوە : ئەمــە وا دوا سعاتی ژیانمانە ٠٠ هەستم بەوەکرد ٠ ناهەقیش نیم کەبەو هویەوە رەنگ وروومجی سەرنج راکیشانە

پیروت ــ (دووبارە دەسکی تەلەفونەکە دەنوێنێتەوە ، بەلام هیچ دەنگیک نەبو ئەم دیاردەیە سەرنجی کەسیانی رانەکێشا) هیچ نەبوو ٠٠ سەرەرای ئەم هەمــوو هەولدانە) هیچ وەلامیکم دەست ناکەویت ، ستێکی سەیرە ، هەرگیز ئەمە رووی نەداوە ٠٠ دەبێ هەتاکەی چاوەروان بین ؟

عەزیز بەگ ــ دەبێ هەر چاوەروان بین ٠٠ یەکیک هەر پەیدا دەبێ ٠٠ فەرمانەکان ٠ چاوەروانی یە لیرە

پیروت ــ راستە گەورەم ، بێ ی کوتین لیرە چاوەروان بین

سوارە ــ ویستویەتی لیرە بمێنیێنەوە ٠ (کەس ئەوەی لەبیر نیە کە کولونیل کوژراوە جولانەوە و گفت و گویەکانیان زور ئاسایی بوو ، هەموو شتیک بە لەسەرخویی یەکــی سەرنج راکێشەرانە ئەنجام دەدرا ٠)

ئاغا ــ وام لی هاتووە لە هوی هەبوونی ئەم سعاتە بەندولی یە ناکەم ٠٠ ٠ بەلام شتیکم بە بیرد ەهێنیتەوە ٠٠

عەزیز بەگ ــ هەست بە ماندووبوون دەکەم ، سەرکەوتنەکەمان زور ناخوش بوو ، ماوەیەکی زوری خایاند ، بە تایبەتی بە گوێرەی منەوە تەمەنی گەنجیتیم بەسەر چــووە شان دەداتە لیواری پەنجەرەك و پی دەکەنی) ٠

سوارە ــ سەری بەرز کرد ەوە ، بوئەوەی ببینم ئایا هەر زیندووە ٠٠ دەم و چاویــم بو بەدی نەکرا ٠٠ سەری خوینی لی دەتکایەوە ٠

پیروت ــ وادەزانم دوژمن لەو هەموو توپ بارانە ماندوو بووە ٠٠ هەتا ئــــەم بەیانی یە ٠٠ دوژمن لە توپ باران کردن بەرد موام بوو ٠٠٠

ئاغا ــ (لەبەر پینو دادەنیشی و بە پەنجەکانی کلیلیکی موسیقی دەجولینیتەوە شیوەی دەنگی خوی ، دەنگی بەند ەلولی موسیقی سعاتە هەلواسراوەکەی قولایی

شانوکه) ٠بەلی ٠ د ملی ی د منگی بەند ولەکەیە

سوارە ــ ئیستا وەختی موسیقایە !

ئاغا ــ نەخیر ٠٠ بەلام واچاکترە بلیم :بەلی ٠(پەنجە د محاتەوە سەرکلیلیکی موسیقایەکی تری پیانوکە ٠٠) د مزانی تەو ئیوارەیە چی ـ مژەی ٠

عەزیز بەگ ــ کیلگەکان لەم ثوینە حوانن ، بەد م سەرکەوتنی گەیشتنە ئیـــــرە چاوەد نیریم د مکرد ٠

سوارە ــ پیش ئەوەی شەهید بی پی ی گوتم :سەیری تەو تولە جوانانەی د مورو بەرت بکە ٠ کچەکانی ولاتەکەم د مهێننەوە یاد ٠٠ وەلام تەد ایەوە ، بەلام بـــــە ماشینەکە بەرەو پیشەوە بوی د مرچووم ٠

ئاغا ــ لەو ئیوارە ــ نازانم بو ــ هەستم بەوە د مکرد کاتیك لەد ووری ئـــەوەوە بەسەر بەرم ٠چووم د مرگا بکەمەوە ، سەربازیك لەتەکی یەوە وەستا بوو ،تی گەیشتم هاتبوو بانگەوازی بانگی نیشتمانی بو هێنا بووم ٠٠بەی د منگ لەبەرد م سەکوی د مرگـــاوە وەستام ٠٠بەلام ئەو نەجولا یەوە ٠٠ئەو هەر بەرد موام بوو لەژەنپنی هەمان ئاواز ٠

عەزیز بەگ ــ ئەوە ژنت بوو ؟ ٠٠بۆرە کەخوم د مخەمە ناو کاروباری تایبەتیتەوە ٠

ئاغا ــ بە پیچەوانەوە گەورەم ٠٠ سوپاست د مکەم بەو بایەخ دانەتان ،پینج ساڵە هاوسەری ژیانی یەکترین ، پیم گووت بو خزمەتی ولات بانگیان کرد ووم ،د مبی ئـەم ئیوارەیە بو بەرەی شەر بەری بکەوم ، هەرکە گوێی لێمە بوو ، بەد انیشتنەوە کەوتەناوی گریانیکی هیمنەوە ، ئیستا دوا د یمەنیم کەوتەوە یاد :فرمیسکی کەمیك گەشی گونـای چەپی د مسکاری کرد بوو ٠ پیم گووت ئیستاش قەرزاری نرخی غاز و کری و بەرگ د روم

عەزیز بەگ ــ من هەتا ئیستا ژنم نەهیناوە ٠

پیروت ــ (پشتی لەبەد الەکە د مدات) ٠ئیمە لەلا د ی ئەم هەموو تەم و مژەمان لە لا نی یە ، گەورەم ، من کە د مگەمە مالەوە ٠٠٠٠

ئاغا ــ(بە بریتی قسەکانی پیروتەوە) د مرەوە زور سارد بوو ،د اوام لی کرد لە مالەوە د مرنەچی ، شەمەند مفەری یەکەم ٠٠لە سعات سی ی د وای نیوە شەود مکەویتە ری ٠٠ لە ئیستگا هەند ی شەرابم نوش کرد ٠ لەنیوەی شەودا بوو ،هەستم بـــە پەشیمانی کرد کە ریگای هاتنیم بو ئیستگە نەد اوە ٠بەلام هەستم یە چاکەی ئـــەو د مکرد ، بەتەلەفون د اوام کرد ٠٠٠ بەلام سوود ی نەبوو ٠

عەزیز بەگ ــ دەتەویست چی بلێی ٠ کە گەرایتەوە چی دەکەی .

پیروت ــ رورتر بایەخ بە ژنەکەم دەدەم بە تایبەتی چاوەروانی مندال بوونی دەکەین ٠

عەزیز بەگ ــ پیروزبایی‌مان ٠٠٠ لە قولابی دلەوە تاوانە حوازم مندالیکی جوانکیلەتان ببی ، توش ٠٠٠ خوش سوارد ٠٠ تە چیت هەیە ؟

سوارە ــ ناوم سوارەی بابانە ٠٠ بەلی گەورەم ٠٠ من ژنم نەهیناوە ٠٠ تەنیا دەستگیرانم نیشان کرد بوو ٠٠ بەلام ئیستا ئەویسم چوو ٠

عەزیز بەگ ــ ئای شەیدان ٠بو ؟ دیارە بینەو بەردەیەکی گەورەتان لە نیوان دابووە ٠٠ چی بووە

سوارە ــ گەورەم یەکیکی تر هەبوو لە خوشەویستنی بەربەرەکانی دەکردم

پیروت ــ کەواتە بەم جورە بوو ؟ !

سوارە ــ دەستەخوشکی دەستگیرانەکەم لە زانکو لەم راستی‌یەی ئاگادارکرد مەو کە بە گالتەوە پێی گوتم ، ووچانی چەژنی قوربانتان لەناوچەی دەریاچەکان بەسەر بردووە و (گولار) چوار پلیتی بو ناردووم ،کەچی تو هیچ شتیکت بو رەوان نەکردووم ! لە راستی‌دا من لە روژانی جەژن شارم بەجی نەهیشتبوو ، چونکە خوی بو تاقیکردنەوە ئامادە دەکرد و دەستگیرانەکەم (گولار) لەم ماوەیەدا خوی لێم دوور دەخستەوە . بەو بیانووەی کە گوایە نەخوشە و توانای هیچ نامەنووسینیکی نەبووە

ئاغا ــ توشوازت لی هاورد ؛

سوارە ــ حەزم دەکرد مندالیکم هەبی ،بەلام ئەم هیوایە جی‌بەجی نەبوو ، وا بزانم هەر ئەوەش‌بووەتە هوی ئەوەی زیاتر پیوەی بەند ببم ٠

پیروت ــ لە شارشتی سەیر روو دەدات کە عەقل پێی ری ناکات ٠٠ ئەگەر راستیت دەوی ؟ ژیان زور لەمە ساکارترە ٠

عەزیز بەگ ــ گووتت چاوەروانی مندال بوونن ٠٠ وا نی‌یە ؟

ئاغا ــ رەنگبی لەو ماوەیەدا مندالەکە بوو بی !

پیروت ــ من زور بەجوشەوم بو ئەوەی بچمەوە و لەتەند روستی ژنەکەم دلنیا بم ٠٠ پێش چەند روژیک داوای ووچانم لە کولونیل کرد و ئەو پێی گووتم : پیروتی

خوشەویست ٠٠ئەگەر کاروباری بەرەکانی جەنگ باش بوو هەتا رۆژی (٢٠) ی ئە مانگە . ئەوە ووچانت پی دەدەم و دێیند بە سەرەف دەخوم کە بوتی جێبەجێ بکەم تەنیا سی رۆژیش بۆ گەیشتنە ئەو کاتە ماوە ٠

عەزیز بەگ ــ وا هەست دەکەم یەکێك لە دەرگا دەدات

دەنگی ژنیك ــ پیروت ٠٠ پیروت ٠٠ تکاتان لێ دەکەم پێیە بڵێن ،ئایا جەنگاوەرێا ــ یە لیرە بەناوی پیروت ؟

پیروت ــ (بەرەو دەرگاکە دەڕوات) ناسکە ١٠٠٠ ناسکە ! (دەرگا دەکاتەوە ٠٠ ژنێکی گەنج منداڵێکی پێچراوەی لەباوەشدا و لەسەکوی دەرگا وەستاوە ٠) ٠٠٠ ناسکە !چۆن چۆنی یەك گەیشتووتیە ئیرە ؟ سێ هاوردەکەی تری سەـــــــری ژن و منداڵەکەیان دەکرد و ناوەزیان بە چاوی خۆیان نەدەکرد ٠

ناسکە ــ پیروت ٠٠٠ رۆشتنی زۆر ماندووی کردووم ، بۆئەوەی بکەمە ئیـــرە هەر دەبوایە بەرگەی ئەم سارد و سڕیە بگرم ، بەراستی ڕێگا ترسێنەر و تاریکـــەر بەختی من ئاسمان ساماڵ و پڕ لە ئەستێرە بوو هەموو ترسم لە منداڵەکە بوو ، بە دڵی خۆمەوەم نووساند بوو ، بۆئەوەی سەرمای نەبێت

پیروت ــ بەڵام تۆ و چاوی خاتوو (مریم) ی پیرۆر چۆن سەیشتیتە ئیرەوە ؟

ناسکە ــ لیگەڕی با تیر بتبینم ؟ ٠٠٠ زۆر لاواز بووی (لەتەك بەداڵەکەوە بـــە جووتە لێی دانیشتن ،ئەوانی تر بە پانایی شانۆیەکە دابەش ببوون و بەبێ دەنگی چاوەدێریان دەکردن ٠) بۆ کۆلۆنیلم نووسی کە بەڵکو ڕێگام بدات چاوم پێـــت بکەوێ ، بەراستی پیاوێکی چاك بوو ، ڕێگای دام بۆ ماوەیەکی کورت دێدەنێت بکەم پیروت لە دەرەوە ئێوارەیەکی زۆر جوانە ، ئاسمان بە ئەستێرەی ئەوتۆ تەنراون کە لە ئێوارەکانی دێیە خۆشەویستەکەی خۆمان دەکات ٠٠٠ دێتەوە بیرت ، ئەوکاتەی لـــە ژێر دار زەیتونەکان پێکتر دەگەیشتین و ناوناوە گوێم لەبانگی پوورم (ئەستێ) دەبوو کە لە کۆتایی ڕێگای چاوەڕوانی دەکردم و داوای ئەوەی لێ دەکردم لە نافورەی ئاو بگەڕێمەوە و ئێوارە دڕەنگ داهاتووە ٠

پیروت ــ ناسکە ئایا دەزانی ، من بەردەوام بەوپەڕی شانازییەتووە لەبەردەم بڕا ئەفسەر و سەربازەکان قسە دەکەم و هەمیشە ئاواتم ئەوەیە کە دوای جێبەجێکردنـی ئەرکی سەرشانم بەڕانبەر نەشتمان بۆ دێیەکەی خۆمان بگەڕێمەوە ، بۆ ئەوەی پێکـەوە

دەست لە ملی ژیانیکی سەربەرز و هیمنانە بکەین بەلام ئەم روخسارە چی یە؟ـ ئای لە پیرۆزی خاتوو مریم ـ ئەم منداڵە بەتەواوی لەخوم دەچی

ناسکە بەلی پیروت٠ ٠منداڵی هەرد ووکمانە ،کوریەیەکە وەك تو بە هیوای بووی و زور عەجول و منجەرە و ناوی توم لیناوە ، هەرچەند ە ئەمە باویش نیە ٠

پیروت ـ ئای چەند بەختەوەرە ٠٠٠ بورد ومانەکە کزبوو هیور بووەتەوە و ئەم کەوووتە خەویکی قوولەوە ، بەلام بر د ەربارەی د ی یەکەمان قسە ناکەیت ؟

ناسکە ـ هەندی کاری ناهەموار رووبان کراو بەلام مادام تو لەوپەری ساغ و سەلامەتی دایت ، ئەمانە گرنگ نین کولونیل پی ی راگەیاندم :لەم نزیکانە بـــو ووچان دەگەڕیتەوە ٠

بیروت ـ پی ی گووتی

ناسکە ـ چەند لەسەر تەلەفون داوام کرد ی ،بەلام بی سوود بوو هەمیشـــە وەلام ئەوەبوو (بوکاریکی تایبەتی خەریکە) و لەدوایی دا ریگای دیدەنی تویان پـی دام و لەم ئیوارە سارد ەدا کە پانایی ئاسمان بە ئەستیرەی زور پر کراوەتەوە بەیـەك گەیشتین ٠

پیروت ـ ئیستاش هەست بەسەرما دەکەیت ٠٠ ئەوەتە دەلەرزی ٠

ناسکە ـ نازانم ٠٠ واهەست دەکەم خەو دەبینم ٠٠ هەست بە ماندووییـــی دەکەم ،سەیری کە چون خەوتووە ، دەلی ی فریشتەیە ٠

سوارە ـ پیم بلی رەنگی چاوی منداڵەکە چونە ؟

عەزیز بەگ ـ بەلی ، رەنگی چاوەکانی چونە ؟

ناسکە ـ شینن ٠٠ بەلی لە رەنگی شینی کراوە دەکەن ٠

عەزیز بەگ ـ مادامەکەی منیش حەزی لەوە بوو ، منداڵەکەی ئیمەش چاوشین بی منیش پی دەکەنیم و گالتەم لەگەڵ دەکرد ٠لەبیرمە جاریکیان ،بەگریان تەقی یەوە وئـم جارەیان سوور و سپیاوی نەکرد بوو ٠٠٠

سوارە ـ دەموی ئەمجارەش بیبینم ٠٠ بو بەحیت هیشت ؟

ناسکە ـ پیروت ٠ ئەوە چی دەلین ؟

عەزیز بەگ ـ هیچ نی یە ناسکە ٠٠ شایەنی بایەخ پیدان نی یە وئیوەش خەریکی سەیرکردنی ئەم منداڵە بن

ئاغا ــ پیویستە بەم هەموو وەرە وەرە بی سوود مان منداڵە کە لەخەو دەکەین ٠

سوارە ــ سەیرە هەموو بیرەوەریەکان پیکەوە سەریان هەڵداوە و لەیەک دەچن عەزیز بەگ ــ گوێبگرە ئەگەر من منداڵیکم بووایە . بەد یاریەوە دادەنیشتم چەندان سعات بە دوای یەکترەوە وەک خوم هەڵپەرینم ، یاریم لەگەڵدا دەکرد واتە من لەگەڵ منداڵی خوم دەخواڵ ، وەک ئەوەی منداڵیک لە ئاوینە یاری لە گەڵ خوی بکات

ئاغا ــ دەتوانین هەڵەکانی جوانی بۆ سەرژمێر کەین ، لەئیش و ئازارەکانی جوانی ئاگادا بکەینەوە

سوارە ــ ٠٠ بەبی ئەوەی بتوانین هیچ لەمەسەلەکە بورین ٠

عەزیز بەگ ــ ئازایەتی تیرادەچینین بوئەوەی ژیان بەخوێوە بگری ، جوان و ناشیرینی تیدا دبی ، پێی دەڵیم : سەیرکە کورپەکەم خوشەویستەکەم ٠٠ ئەوکاتەی خوشم وەک تو بووم و بەناو تەمەنەوە کەوتم ٠٠ هەستم بە ژانی جومجومەی چوکم کرد ٠ دەتوش بەوردی سەیر کە ٠٠ ئایا سەرووی پیپیلکەکەت دیتووە

ئاغا ــ پیویستە بە چاکترین شێوە ئەرکی قوتابخانە جێبەجێ بکەیت بەڵام نەکەی مل هوری بکەی لەوەی کە دەوانی هەموو کارێک ئەنجام بدەیت ٠ ئەگەرچی خوێندنی سالێک یا خود دو سالت لەکیس بچێ ، هەتا هەموو ژیانی خوشت لەسەر دانابی ، لەڕاستی لامەدە ٠ بەڵام جگەرگوشەکەم بەپێی ڕەوانی ویژدانی خۆت بجولێوە ، کاری چاکە هاوسەنگی هیچ خراپەیەک نییە ، ئەگەر ماموستاکەت گەمژەل بوو ، ئەم ڕاستیەی پی بڵێ و من لە تەکتەوە دەبم

سوارە ــ بچکۆلانەکەم لەپاش تەرکردنی سەرت ، هەموو بەیانی یەک قژت دابەینە و دەم و چاوت بە چاکی بشو و لەوە بیزار مەبە ٠ باوەڕم پی بکە بەرخولەکەم دوایی لە سەری ڕادێیت و لە ڕەوشتی ڕۆژانەی دوا ڕۆژت جێی خوی دەگری ٠ خوشم کە بچووک بووم هەمان شتم کرد ووە ٠ گوێ لە قسەکانم بگرە و کاری پی بکە ٠٠ ٠ هەر کە پشتم تی کردی زمانم لی دەرمەهێنە ، دوایی بەخوت دەبینی پێگەیشتن و پیشکەوتن پلە لە دوای پلەوە دەبی بو ئەوەی ببێتە پیاوێکی سوود بەخش ٠

پیروت ــ گوێبگرە پیروتی بچکۆلانە ، چون چونی یەک گورانیت بو دەڵین و ڕێگای ژیانت نیشان دەدەن ، تو بەختەوەری ، جێی جگەرگوشە ئازیزەکەم بوئەوەی جێی

نوسەری کوردستان

ئەم هەموو بایەخدانە بیت ٠

عەزیز بەگ ــ ئای لەم ماستاوچی یانە ٠

ئاغا ــ دەبینی چەند گوشادن بەکورپەکەت ،لەپیادا هەلگوتنی نابرنەوە٠

سوارە ــ جیهانی ئەم مندالە زورگەش و سپی یە ،نازانم لە شەکرە یاخود لە هەمور ٠

عەزیز بەگ ــ لەدیر زمانەوە دەکیرمەوە :پیاوە حوش گوزەرانەکانی دیوەخانی پاشا کە دەچوونە بەرەی جەنگەوە ،رق و کینەیان لی دەباری ٠٠گریاون و لی یان پرسیون :بودەگرین : گووتوویانە: لە دوای مردنمان کەس نی یە بەدوامانەوە بگری!

ئاغا ــ کەچی ئەوان بەتو گەیشتوون

سوارە ــ ئیستا و دوای ئەوەی ئەو دوو چاوە جوانەی تویان دیوە ،زانیویانە ژیان ئەوەندە دەهینی کە دووبارە بژیت ٠

ئاغا ــ بو ئەوەی مندالمان هەبی ٠

عەزیز بەگ ــ منداڵیکی چاونەترسی وەک خومان ٠٠بەڵکو لە خوشمان چاکتر داکوکی لەوڵات بکا

ناسکە ــ کات درەنگە پیروت ٠٠٠ ناتوانم لەوە زیاتر بمینمەوە ٠

عەزیز بەگ ــ چی تیدایە ٠٠دەتوانن زیاتر بمینمەوە ،ئیمە دەبی بروین ٠

پیروت ــ ئایا دەزانی ناسکە ،بورد ومانەکە چەند توند و بەرد موام بوو٠٠هەتا وام دەزانی هەرگیز نابریتەوە ٠٠٠ قومبەلەکان هەمیشە دەتەقینەوە٠٠یەک بە دوای یەک ٠٠ بەبی کوتایی ٠

ناسکە ــ بەڵام ئەم ئیوارەیە ٠٠ پیروت هەموو شتیک هیمن بوو ،هەتا کولونیل ، هیمنی یەکەی لەو قسانەی لەگەڵی کردم ،سەرسامی کرد بووم ٠

پیروت ــ دەزانی دەبی وابیت ،هەتا بەدالەکەش بی دەنگ بووە ،تەلەفونی ئەولاش ورتەی براوە ،رەنگبی هەموو لایەک تووشی بی دەنگی و خەوتن بووبن٠ یا خود کی دەزانی ، بەڵکو بە گوێرەی ئیمەوە جەنگ کوتایی هاتووە ٠

ئاغا ــ ئەگەر جەنگ برابیتەوە ،ئەوە بو لای تو دەگەڕیمەوە ،زور لیت دوور کەوتومەتەوە ،قسە و سکالای زورم پی یە ،دەمەوی بەسەر تویدا ببارینم ،توش بە هەمان رەنگا زورت بو من پی یە ٠٠نازانم چی دەلیین ٠٠گلەیی و گازەند مان چون

دەبی !

عەزیز بەگ ــ هەموو ئەوەی شکی دەمم دەبیتە ملکی ئەو دوو منالە :کچەکانی خۆشکەکەم بەلام کە دەگەریمەوە خوم دەزانم چی دەکەم هەردووکیان بوکوشکەکەی خوم دەگویزمەوە ٠هەتا سالانی پیگەیشتنیان پەروەردەیان دەکەم ،هەردووکیان بە یەکەوە دەبن بو یاری کردن ،باخچەکەمان دەکەمە دارستانیکی سەرسورهینەر ، خانووەکەمان دەکەمە قەلا یەك هەروەك ئەوەی جورە خانووبەرەیەکی تیدا بیت کە تەنیا بە خەیال بیری لی بکریتەوە ،رەنگبی باجی نازەنین لە جی بەجی کردنی ئەم خەونە یارمەتیم بدات بەزوریش هەتا ئیستا میردی نەکردووە چاوەروانی من دەکات، ئای لەم کچە دلپاك و دلسوزە ٠٠بەراستی جی ی پیکەنینم کە تا ئیستا نەمهیناوە، بەلام کی دەزانی ؟ ٠٠٠هەر کە جەنگ تەواو بوو ٠٠

سوارە ــ ئەگەر بارود وخیکی گونجاوم بو بسازی ،بە هەموو توانایەکم هەولەدەم ئەم چوار پلیتە لە بیربکەم ،ئەم چوارە مەلعونە ٠٠ رەنگبی سەرلەنوی خوشەویستی بولای من بگەریتەوە ٠٠ کی دەزانی ؟

ناسکە ــ پیروت ٠٠دەبی من بروم ٠٠بوئەوەی منداڵەکە بحەسیتەوە ،لەمالـ بوونی زامن تیرە

پیروت ــ دەربارەی هیرشە ئاسمانی یەکان قسەم بو بکە٠٠ ئایا ئیستاش بوسەر دیی یەکەمان بەردەوامە ؟

ناسکە ــ نا ٠٠لە جاران کەمتر بووەتەوە ٠٠٠لەکاتی ئەم هیرشانەدا بە چاکی دەزانم لەمالەوە دەرنەچم ،بەلام کابرای ریش دار ئەم حالەتە بە هەلکەوت دەزانی٠ بو ئەوەی بیتە گیانم و زورم لی بکات کە بچمە ژیر زەمینی دائیرەی پوستە ٠

پیروت ــ ئای چ پیاویکی ترسنوك و بوگەنە

ناسکە ــ ئەم هەموو داخ هەلکیشانەی بو چی یە پیروت ؟ تو دەزانی من مەرگم پی چاکترە لەوەی فیل لەتو بکەم ٠٠ من چاوەروانی تو دەکەم ٠لەگەل هەمـــــوو ئەوەشدا ،کولونیل گفتی پی داوم کە تو بو ناوچەیەکی نزیکی خومان بگوازیتـــەوە٠٠ ئیستاش تکات لی دەکەم کە لەسەرخو بیت ٠٠ ئیتر هەتا چاوپیکەوتنیکی تر ٠٠پیروتی بچکولانە ماچ بکە٠٠ (ماچی دەکات) ٠٠دیتت ماچ کرد نەکەت لە خەوی نەکرد ٠٠ وەك ئەو هیمن بە ٠٠ بەتەواوی لەتو دەکات ٠٠ بای بای ٠٠٠ بەریزان بەخیـــــر

هەولاڵنامەی کتێب

بەجی بمێنن ۰ (بەبێ دەنگی دەچێتە دەرەوە ، هەر چوار ماوەیەکی کەم بەپێ جولانەوە دەمێننەوە) ۰

پیروـــ دورەم کوی بگرە ناتوانم بەم جورە ڕێگای بدەم بە تەنیا بڕواتەوە ۰۰۰ ناتوانم ۰۰ دەمەڕی بێکەمی بوتەوەی پێی ڕابگەیەنم کە ئەم کارایە ترسناکە بـــەدە ووریا بیت ۰۰ نا ۰۰ ووچانێکی بەپەلە و ئیستاکیم دەوێ ، بوەوەی دەرسیکی ئەوتو بدەمە ئەو ناوانکارە کە هەتا هەتایی لەبیری نەکات ۰۰۰ تۆش گەورەم ئەفســـەرە دەرەجەدارەکە ، بەهەر حالێک هەروەک خوت دەبینێ چاوەڕوانی سوود وەرگرتنـی لێ ناکرێ ، کارناکات و هیچ سوود یکی نییە منیش بەتەکیەوە بەند بم و دەتوانـم بڕوم (لەدەرگاکرد ئەوە ، تووشی پیاوێک دەبێ لە کۆسپی دەرگاکە وەستاوە) ۰

یاوە شەوارەکە ــ پیروت پێویست بەوە ناکات بیبیتەوە دێ بۆگەڕان بەدوای مندا دڵنیا بە من لەمەو دوا ناسکە سەخڵەت ناکەم ۰ لەسەرەتای ئەم ئیوارەیە کەلەبـــەر پەنجەرەی دائیرەی پۆستە دانیشتبووم ، فرۆکەیەکی دوژمن بارگەی قومبەلەکانی بـە سەر گوند مکمان دا هەڵرشت و یەکێک لە قومبەلەکان لە نزیک من تەقیەوە و لـــە پەنجەرە سەیرم دەکرد ، هەستم بە هیچ نەکرد ، تەنیا ئەوە نەبێ مەرگ بالی بـــە سەردا کێشام و دەنگی تۆم بەرگوێ کەوت کە ناوی منت دەهێنا ۰۰ بۆیە هاتمەلات تا ئەم ڕاستییەت بۆ ڕوون بکەمەوە ، پێش ئەوەی بەیەکجاری دووربکەومەوە ۰ (شەوارەکە بە بێ دەنگی دەچێتە دەرەوە و پیروت لەدوایەوە دەرگا دادەخات هەرچوار کەسەوای پێشان دەدەن کە گوێیان لێ نەبووە ۰ کەچی پیروت هاتووتەوە هێمنی خـوی و گەراوەتەوە سەر ئێشەکەی)

عەزیز بەگ ــ ئێستاش پێویستە شتی بەشتی بکەین ۰

پیروت ــ ڕاستە ، ئێستا سەر لەنوێ دەکەومەوە ئێش پێکردنی بەدالەکە ، دەبـی یەکێک وەربگرم ۰ (لەبەر بەدالەکە دادەنیشی)

سوارە ــ وا زەن دەکەم ، ئێمە چاوەڕوانی یەکێکین ، نازانم کێیە ؟

ئاغا ــ دەمەوێ بڕوانمە دەرەوە (بەرەو دەرگاکە دەچێ)

پیروت ــ هەلو ۰۰۰ هەلو ۰۰ تیپی دوو ؟ ۰۰

ئاغا ــ (بەتەواوی دەرگاکە ناکاتەوە ، هەتا بەتوندی پێوەی دەداتەوە ، دوایـی بە ڕەقی دەوەستێ و ترس لەچاوێیەوە دەبارێ) ۰

عەزیز بەگ ــ چی بوو ؟ !
سوارە ــ چی هەیە لەم ٠
پیروت ــ گەورەم !
ئاغا ــ لەوی ٠٠ لەوی ٠٠ هەموو شتیك لەد مور و پشتمان نەماوە ، ئەو خانووەی ئیمەی تیدایە ، لەرەگ و ریشەوە هەلتەکینراوە ، لە هەواوە مەلە دەکات تەنیا ئەستیرە بەد مووری خۆمەوە دەبینم ٠٠٠ ئەستیرە ٠٠٠ هەروەها هەوری سپی کە لە د موری دونیا پیچی خواردوتەوە ٠
سوارە ــ چی دەلی ی ؟ !
پیروت ــ ئەمانە مانای چی یە ؟ !
عەزیز بەگ ــ بو هەموو ئەم بی دەنگی یە قورسی یە بالی خوی بەسەر ئەم ژوورەدا کیشاوە لەکاتی قسەکانماندا
ئاغا ــ ئەم بی دەنگی یە ! بەلام کەی دەستی پی کرد ووە ٠
سوارە ــ هەر کە بەبیرم دیتەوە ، هەست دەکەم موچرکی سەرما بەگیانیادا دیتەوە
پیروت ــ لەبەیانی زووەوە بورد ومان دەستی پی کرد ووە و بەرد عوام رووبەرووی ئیمە بووە ٠٠٠
عەزیز بەگ ــ (رووبە سوارە دەکات) ــ گوتت : ئەوان پاش ماوەیەکی کەم دینە سیرە دوایی بولای پەنجەرەکە رای کرد بوئەوەی ببینی لە دەرەوە چی روو دەدات ٠٠
سوارە ــ بەلی بیرمە ، هاواری لی کردم : لە پەنجەرەکە دوورکەوە ٠٠ بەلام پاش ئەوە ٠٠ چی رووی دا ؟ چی رووی دا ؟
پیروت ــ هەر کە لەسەر تەلەفون بووم ٠٠ داوای ژمارەیەکم دەکرد و دووبارەی دەکردەوە ، بەلام بی ئەوەی سوودی هەبێ ٠٠ لەناکاو یەیەندیمان بە جیهانی دەرەوە پچرا
ئاغا ــ یەکیك ناتوانی وەلام بداتەوە ، قومبەلەکە راستەوخو بەسەر ئیمەدا تەقیوەتەوە ، بەبی ئەوەی توانامان هەبێ و هەست بەوە بکەین لەد مور و پشتمان چی روو دەدات :
پیروت ــ کەواتە ؟ !
سوارە ــ کەواتە ٠٠ چی ؟ ٠٠٠ شەهید بووین ٠

ئاغا ــ ئیمه ئیستا له جیهانیکی تزیر ٠

پیروت ــ ئەدی ناسکه !؟

عەزیز بەگ ــ ئەم ووشانەمان که یه زەوی‌مان د ەبەستیتەوه .د وایی ٠٠٠٠ دوور د ەکەوینەوه ٠٠ لی ی د وورد ەکەوێنەوه ٠

سواره ــ ئەوەی سەرنجی من راد ەکیشی ، هەموومان بەیەك بیر قسەد ەکەیــــن (پەنجه بو پیروت راد ەکشی) بو هەموومان بیر له ژن و مند الەکەی ئەم د ەکەینەوه

عەزیز بەگ ــ ئەم له د ایك بوونه پەیوەندی یه هەموومانەوه هەیه ٠٠بو پیکــــەوه بیرمان لی کرد وینەوه ٠٠

ئاغا ــ هەموومان شتیکمان تیدا بەرد ەواه د ەبی و سەرەرای نەمانمان هــــه ر د ەمینیتەوه ٠

عەزیز بەگ ــ ئەو به د وای ئیمەوه د ەمینی و لەپاش ئیمەدا د ەژی

سواره ــ ئیمەش ئیستا ٠٠٠شەهید بن

پیروت ــ بو ئیمه ئیستا مرد وویی (بەتووڕەیی یەوه د ەتەقیتەوه

ئاغا ــ لەروی زەوی کوم د ەبین ، بەبی ئەوەی شتیك به جی بهێلین ٠٠٠

عەزیز بەگ ــ ئەم زووره بچووکەدا ٠ راستە ئیمه مال ئاوایی‌مان له ژیان کرد ووه ، بەلام لەپیناوی ئەوه سەهید بووین که مند الەکانی ولاتەکەمان بمینێنەوه و تووشی قاتی و قڕیوون نەبن ٠٠ ئەمه شانازی و مانەومانه ٠ ئیمه له پیناوی بەختەوەری نیشتمانی خومان بەخت کرد ووه ٠

ئاغا ــ له پیناوی سەربەرزی نیشتمانی ژیانی خومان کرد ه قوربانی

سواره ــ له پیناوی خەونی مند الە بچووکه د روست کراوەکانی ناو شەکر وەهەوری سپی ، شەو د ەبرین و هەموومان بەربەستی د وژمن د ەکەین و خومان د ەخەینــــــه مەترسی یەوه بەبی ئەوەی بپرسین رەنگی چاوی ئەو مند الانه چونه که به هیمنی و کامەرانی د ەخەون ٠ (پەیکەرەکانی سعاتەکه بەهیمنی د ەجولایەوه و خولەکەکانــی د ەلەری یەوه)

ئاغا ــ کەلەشەکانمان ئیستا خەریکه بەسەر رەوی یەوه سارد د ەبیتەوه ٠٠

عەزیز بەگ ــ ئەمر هەتا هەتایی (د ەنگی لیدانەکان د ەوەستن)

سواره ــ چارەنووسمان بەچی د ەگات ؟

ئاغا ــ (لەدەرگا نزیك دەبیتەوە و دەیکاتەوە) براکانم .. تەماشای کــەن ، هەر وەك ئەومیە ریگا لە رووناکی بەرد ریژ کرابیت (هەموو نزیك دەبنەوە بو ئەوەی لە دەرگاوە تەماشا بکەن)

* * * * * * *

سەرنج : ئەم ئانوکەرییە لە رۆژگاری دووەمین جەنگی جیهانەوە نووسراوە لــــە گوڤاری (دراما) ی ئیتالی ــ ژمارە (٣٥٩) ی ئایی ساڵی ١٩٤١ بڵاوکراوەتەوە جارێکی تر لە گوڤاری (الثقافه الاحدبیه) ی عیراقی ــ ژمارە (٢) بڵاوکراوەتەوە •

هەوالنامەی کتێب

ناوەرۆك

وتەی ژمارە ....
دیدارێك لەگەل ئەدیبی كوردی سوفیەتیدا حاجی جندی
دڵداركردووبە بە كوردی .... ٤ ـ ١٣
پیم وایە كاك كەوسامی زور باشی بو چووە
جەلال تاڵەبانی .... ١٤ ـ ١٨
تیوری رەنگدانەوە و داهینانی هونەری
سیامەند مامێر ئامادەی كردووە .... ١٩ ـ ٢٨
شیعرێك لە نیوان نالی و كوردی دا
محمد حمە باقی ..... ٢٩ ـ ٤٠

شیعـــر

پینج هونراوە ـــــــــ رەفیق سابیر ..... ٤١ ـ ٥١
دوو پارچە هونراوە ـــــــــ هەڵاڵ كویستانی ..... ٥٢ ـ ٥٣
سەدا ـــــــــ نەجیبە ئەحمەد ..... ٥٤ ـ ٥٦

چیـــــرۆك

پەیكەر ـــــــــ ف . ئەسەدی ..... ٥٧ ـ ٦٥
قۆڵ ـــــــــ رێبـــوار ..... ٦٦ ـ ٦٩
سەگی بەرەڵا
صادق هیدایەت ، شەمال كردووبە بە كوردی ..... ٧٠ ـ ٧٨

شانوگـــەری

تەو خانووەی كەوتوتە سەرەوەی هەور
ساندرو بریسونی . كاكە باس كردووبە بە كوردی ..... ٧٩ ـ ٩٥

هەوالنامەی کتێب

کلیشەی بەرگی یەکەم : سیامەند مامیر .
بەرگی دووەم : (داگیرکردن) تابلۆی هونەرمەند ئاسۆ عومەر

KURDISTAN'S WRITER No. 4
Magazine of the Union of Kurdistan'S Writers. May 1982

هەوالنامەی کتێب

نووسەری کوردستان

ژمارە (٥)

هەواڵنامەی کتێب

نووسەرانی

کوردستان



کوردستان

ژمارە ٥ گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کوردستان ئابی ١٩٨٠

هەوالنامەی کتێب

نووسەری کوردستان

گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کوردستان
ژمارە (٥)
ئابی ١٩٨٢

نووسەرانی کوردستان لەناوچەیەکی ئازادکراوی کوردستان و
لەسایەی شۆرشی پیرۆزە دیموکراتخوازی گەلەکەمان رۆژی
۱۰/ ئابی/ ۱۹۸۳ وەکوو بەشێکی کاریگەری دەستەی گشتی یەکێتیی
نووسەرانی کوردستان کۆبوونەوەی خۆیان ساز کردو لەنێوان خۆیان دا
دەربارەی زۆر مەسەلەی پەیوەست بەربەرەوی ئەدەبیو چۆنیەتیی
کارکردنی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان - گرنگی پەرەپێدانی ئەم
ئەم ربەرەوە گفتوگویان کرد.

لەم کۆبوونەوەیەدا دووپاتی ئەو راستیە کرایەوە کەمەسەلەی
خاتنە کایەی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان هەم پێداویستیەکی
میژوویی و دیموکراتیەو هەم خواستێکی رۆشنبیری و ئەدەبیی ئەم
قۆناغەی گەلەکەمانەکەدەبوایە بخولقێو شانبەشانی سەرجەمی
جموجوولە شۆرشگێرەکانی دێکەی ناو کوردستان بێتە مەیدانی
تێکۆشانی بوێرووچان بەمەبەستی کۆکردنەوەی جوڵانەوەو یەکخستنی
ووزەو بەهێزکردنی رۆڵی شۆرشگێرانەی نووسین و نووسەر لە
سەنگەری بەگژدا چوون و بەرپەرچ دانەوەی ئەو نەخشەو پیلانە
رەشانەی کەرژیمە فاشیستەکەی بەغدا بەمەرامی شێواندنی کەسایەتیی
روشنبیریمان پێرەوی دەکات.

نووسەرانی کوردستان، لەپێناوی جێبەجێکردنی ئەم خواستە
پیرۆزەدا هەر وەکوو چۆن بەدرێژایی سالانی خەباتی گەلە
قارەمانەکەمان هەرگیزا و هەرگیز خۆیان لەئاستی لێپرسینەوەی
میژوویەکان نەدزیوەتەوەو هەمیشە دەنگی زوڵال و راستەقینەی

ئازارو ئاواتی گەلی کوردمان بوون . لەم قوناغە گرنگەشدا هەر بەهەمان دلسوزی و گیانی لەخوبردن و نەفەس دریژی یەوە بەدەنگ بانگەوازەکەی لیژنەی ئامادەکردنی " یەکیتیی نووسەرانی کوردستان " هاتن و بەقەوارەی راستەقینەو جێی متمانەی خویانیان زانی بەچەندین شێوە دەستی هاریکاری و یارمەتی دانیان بو دریژ کرد .

پاش تێپەڕبوونی پتر لەسال و نیویك بەسەر بلاوکردنەوەی بانگەوازەکە ئەندامانی کوبوونەوەکە لەکارو چالاکیەکانی لیژنەی ئامادەکردن وورد دەبنەوە بەوپەری نەوازشەوە ریزی لێدەگرن و بەشانازیەوە هەلیدەسەنگینن . بەڕاستی ئەو کارو کوششەی ئەوان بوو یەکیتیی نووسەرانی کوردستانی کردە نوێنەری راستەقینەو ئازادو سەربەخوی هەموو قەڵەم بەدەستێکی دلیرو خورشگیری کوردستان .

نووسەران بەم کوبوونەوەیەدا جارێکی دیکەش هەڵوێستی یەکگرتووی خویان بەرامبەر بەمەسەلەی پێویستی ڕوخاندنی ڕژیمە ڕەگەزپەرستە فاشیستەکەی بەغدا لەڕێی بەرەیێکی نیشتمانی و دیموکراسی یەکگرتوەوە دووپات کردەوە .

بەشدارانی کوبوونەوەکە مەسەلەی بەرەنگار بوونەوەی ڕژیمە فاشیست و ڕەگەزپەرستەکەی بەغدا بەئەرکێکی سەرەکی نەتەوایەتی و نیشتمانی و مرۆڤایەتی دەزانن ، کەپێویستە هەموو نووسەرێکی پێشکەوتنخواز و شۆرشگێر لەم پێناوەدا چەکی ووشەی ڕەسەنی گەل بەڕستی بکەنە شان و بێ سڵەمینەوە لەتەك پێشمەرگەی قارەمانەکاندا ڕووبەڕوی ئەرکە مێژووییە هەنگاو بنێن چونکە نووسەران سەبارەت بە بەرچاو ڕونی و بینینی بێڕو لێکدانەوە و ناسکی هەست و نەستیان زیاد لەکەرتە کومەڵایەتیەکانی دیکەی حەقیقەتی مەرامی ئەو ڕژیمە فاشیستە دەبینین ، کەنەك هەر ڕژیمێکی وابەستەیە بەئوردوگای ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو

هەولێر

کونەپەرستیو ری لەوەدی هینانی ئاوات و ئامانجەکانی گەل دەگریو تینزە بە خوینی کومەلانی خەلکی عیراق ، بەلکو رژیمیکی فاشیستی ئەوتویە کە بەوپەری بی شەرمیەوە دەیەوی ناوەروکی خاوین و خیر خوازی مروف دا پلوسینیو ویژدانی رەسەن و گیانی ئازادو جەوهەری گەشی مروفایەتیش بەیوینی .

ئەندامانی کوبوونەوەکە بەپیویستی دەزانن لەم هەلەدا دووبارە بانگەوازی هاوکاری کردن و یارمەتی دان و بەتەنگەوە هاتنی بەکیتیبەکەمان ئاراستەی هەمزو نووسەرو ئەدەب پەروەریکی نیشتمانیو پیشکەوتنخوازی کوردستان بکەن . چ لەناوەوەی وولات و چ لەدەرەوەی دا بەمەبەستی فراوان کردنی بواری ئیش کردن و گور بەخشینیکی گورج تر بەگیانی زیندووی بەکیتیبەکەمان چونکە هەر وەکوو ئاشکرایەە بەکیتیی نووسەرانی کوردستان تەنیا بەکیتی دەستەیەك نووسەری ناو شورش نیەە ئەگەر چی بارەقورسەکە کەوتوتە سەرشانی ئەوان بەلکو ریکخراویکی ئەدەبی ئازادو سەربەخۆی هەموو نووسەریکی خیرخوازەو هیچ جورە پیوانەیەکی سیاسیش بەکارناهینی بو کارکردن و چالاکی نواندن لەناو چوارچیوەکەی دا جگە لە پیوانەی دلسوزی و خوبەستنەوە بەگەل و بەرژەوەندیەکانیەوە نەبیەە لەهەمان کاتدا ئەندامان بەپیویستی دەزانن پر بەدل سوپاسی ئەو بزاوتە نوووسەرانەی ناو شارەکانی کوردستان بکەن کە بەوپەری دلسوزی یەوە در بەزولمەتی شەوی فاشیزم دەدەن و دەستی یارمەتیان بو دریژ دەکەن . هەروەها نەفرەتی گەل و خاك و ووشەی سەرکەشیش بو ئەو قەلەمانەی لەرزۆکانە بنیرن کە بی شەرمانە بی لەویژدانی خویان دەنین و دەبنە تو تی دەرباری دوژمنانی گەلەکەیان .

دیسان کوبوونەوەکە بەوپەری شانازی و نەوازشەوە سوپاسی بیبایانی هەموو ئەو حیزب و لایەنە سیاسیانەش دەکا کەبی پەروا و لەروانگەی گیانیکی دیموکراتیانەو تیگەیشتنیکی زانستیانەوە

زەمینەیەکی لەبار یان بو یەکیتیەکەمان رەخساندوە و بەپـــــــی
توانا پیداویستیەکانی کارکردنیان بو دابین کردووە .

سلاو بو گیانی نەمری شـــــەهیدان .
سلاو بو پیشمەرگە نەبەزەکـــــان .
سلاو بو ووشەی رەسەنی شورشگیـــر .
سەرشوری بو رژیمە فاشیستەکەی بەغدا .
ریسوایی بو ئەو قەلەمە ترسنوکانەی
لە سەنگەری دژ بەخواستی مـــروف و
لەخزمەتی فاشیزم دان .

یەکیتی نووسەرانی کوردستان
١٩٨٢/٨/١٠

حەوالنامەی کتێب

ک. و بلیخانوف

مسته فا غه فور

له فارسیه وه کردویه به کوردی

بروای هونه ر بۆ هونه ر ئـــه و
کاته سه رهه لده دا که هونه رمه نـد
له گه ل چوار چێوه ی کۆمه لایه تی خـۆی
دا نه گونجێت . ره نگه بڵێـن بـۆ
هه لێنجانی ئه نجامێکی ئاوا به نمونـه
هێنانه وه ی پوشکین به س نیه نکوڵـی
له م وته یه ناکه ین و ره تیشـی
ناکه ینه وه و ئه مجاره یان چه نـد
نمونه ی ترله مێژووی ئه ده بیاتـی
فه رانسه ده هێنینه وه واتـه لـه
مێژووی ئه ده بیاتی وڵاتێك که ڕێـازی
ڕۆشبیرانه ی به لای که مه وه تانیـوه
چه رخی دوایی (چه رخی نوزده هه م)
کارێکی به ربڵاوی کردبوه سه ر سه رتـا
سه ری ئه وروپـا .

هاوچه رخه کانی پوشکیـن
رومانتیسته کانی فه رانسه چه نـد
که سێکیان نه بێ که له په نجه ی ده ست
تێ نه ده په ڕین هه مویان موریدانـی
له کوڵی (هونه ر بۆ هونه ر) بـوون
ره نگه سه رسه خت ترینیان تئوفیـل
گوتیه (۱) بوریێ که ئاوا سه رزه نشتـی
ئه وانه ی ده کرد که به رگریـان لـه
(دیتنی سود به رستی) (۲) ده کرد .
((ناشێتینه نا ، ئه ی ئه وانـه ی
گرێی که م مێشکیتان هه یه کتێبێـك
نابینه شۆڕبای ژه لاتین هـه روا
داستانێك نابێته جوتیك پۆتینی بـێ
بینه ... سوێند به هه موو پایه کانـی
ئێستاو داهاتوو ناو هه زار جـاری
دی ده ڵێم نا ... من یه کێکـم
له وانه ی بوونی شتی بێ که لك بـه
پێویست ده زانم .. ئه وینی مـن
سه باره ت به شت و مه ك و خه ڵـك و
به وخزمه ته ی له ده ستیان دێـت ،
ڕێزه یه کی پێچه وانه ی هه یه)) .

له یاداشتێك دا له سـه ر
ژیانی (بۆدلێر) (۳) هه ر ئه و گوتیـه
به کوڵ و کۆیه کی گه رمه وه ده که وێتـه
پیا هه ڵدانی نوسه ری (گوڵه دزیوه کان)(۴)
له به ر ئه وه ی ئه و ((پاسه وانـی
سه ربه خۆیی و خود ده ختاری مرۆڤ قـی

هونەر و رێگە نادات شیعرو شاعیر لە خۆیان بەولاوە یاجگە لە وەکوول هێنانی هەستی جوانی - پڕ بە مانای ووشەکە - مەبەستێکی تریان هەبێت)

بۆ ئەوەی بزانین کە (خەیاڵی جوانی) لە بیری گۆتیە دا دەیتوانی تاج رادەیەک بەیوەندی لەگەڵ بیروڕای سیاسی و کۆمەڵایەتی دا هەبێت دەتوانین لە وتەیەکی خوارەوەی ئەودا دەستان بکەوێت

((بەشادمانیەکی زۆرەوە بە ناونیشانی فەرەنسیەک و هاونیشتمانیەک مافی دیتنی یەک رافائیلی هەرزەکار یارێکی جوان و رووتم هەیە))

بەدڵنیاییەوە ئەوە ئیتر کۆتای کارەکە لەگەڵ هەموو ئەوەشدا هەموو (یارناسیان) ەکان هاوڕای گۆتیە بوون. هەرچەندە دەگونجێ هێندێک لەوانە بەو چوارچێوە لە یاسایی بەدەرەی کە گۆتیە لە تافی لاوبەتیدا بۆ دەربینی بیروڕای (سەربەخۆی موتلەقی هونەر) بە کاری هێناوە بە تەواوی لەگەڵ گۆتیەدا نەبووین.

چی بووە هۆی ئەم بیروڕایەی یارناسیان و رۆمانتیستەکانی فەرانسە؟ ئایا ئەوانیش لەگەڵ دەربەرە

کۆمەڵایەتی خۆیاندا نەگونجاون؟ تئوفیل گۆتیە لەساڵی ١٩٥٧ لە بارەی ژیاندنەوەی شانۆگەری (شترتسون)ی ئالفرید وینی (٥) کە ئەو بەروارەی نیشاندانی ١٨٣٥ز داناوە - ووتارێکی نووسی و ناوای گوورت..

((بشت ئەو شانۆبەی کە شترتسون قەمەی لەسەر دەکرد پڕ بوو لە لاوی بۆج دڕێژو رەنگ زەرد کە سەرکێشانە لەو بڕوایەدا بوون کە جگە لەهەڵبەست نرسینی و یا وێنەکیشان هیچ کارێک بەشکۆو گەورەتر نیە... هێندەی بێزاری قوتابیانی ساڵی یەکەم و دووەم و - (ئەندامی یەکیەتی قوتابیانی زانکۆ)ی هایدڵبێرگ و ئیەننا لە ناتێگە یشتوان و پتر لە بڕژواکان بێزار بوون)).

ئەم بڕژوا خوارو پەستانە کێ بوون؟ گۆتیە دەڵێ ((ئەوانە تارادەیەک هەموو - خاوەن بانق و دەڵاڵ و - جێگرو بازرگان و دوکاندارەکان و... هی تر بوون - ئەو کەسانە بوون کە سۆفیەکان (واتە تێکڕای رۆمانتیستەکانی گ. پ) یان خۆش نەدەویست واتە هەموو ئەوانە بوون کە ژیانیان بەپیشە ژێر بێ کە وتووەکانی رۆژگار بەسەر دەبرد))

گەواهی پێشترین لەبەردەست دایە تیودۆر دوبنویل (٦) لە لێکدانەوەی یەکێك لە (هۆنراوە سەیرەکان)ی خۆی دا ئەوە دەسەلێنێ کە خۆشی تووشی بیزاری لە (بڕژواکان) بووە و ڕوونی دەکاتەوە کە مەبەستی لەم زاراوەیە چیە .

(بەزمانی ڕۆمانتیستەکان ووشەی (بڕژوا)) بەمانای ئەوکەسە دێت کە تاکە خواکەی پێنج فرانك بوو وە هیچ ئارەزوویەکی نەبوو تەنیا ئەوە نەبێ کە خۆی لە هەموو جۆرە زەڕەوڕوو زیانێك دوربخاتەوە و لەبواری هەڵبەستدا گۆڕانی پەسەند و قینی خۆش دەوێست وێ لە بواری داتاشین و وێنەکێشانیش دا لیتوگرافی)) .

دونبویل بەدەربڕینی وردتر یەکسا وا داوا لە خوێنەر دەکات کەسەرسام نەبێت ئەگەر ڕچی (هەڵبەستەسەیرەکان)ی ئەو کە تا ڕادەیەك لە تۆخی ڕۆمانتیك دا نوسراون دانیشان دەدەن کە خەڵکی لەکەسانی بڕوبۆچ بەوڵاوە هیچی ترنین . ئەویش لەبەر ئەوەیە کە زیانی بڕژوایی دەکەنە ڕێبازی خۆیان و ڕیز بۆ هەڵکەوتووەکانی ڕۆمانتیك دانانێن .

ئەم نموونانە بەئەندازەی پێویست بەڕۆڤ دەسەلێنن کە ڕۆمانتیستەکان بەڕاستی لەگەڵ دەوروبەری کۆمەڵایەتی بڕژوایی خۆیان نەگونجاون . بەڵام ئەوی ڕاستی بێ ئەم مەسەلەیە مەترسی نەبوو بۆ سەر پەیوەندی کۆمەڵایەتی بڕژوایی . زۆربەی ڕۆمانتیستەکان لاوە بڕژوایەکان بوون کە ئەو پەیوەندیانە ڕەت نەدەکردەوە و بەڵام دڵی پەستی و یەك ڕەنگی و پوچەڵی ژیانی بڕژوایی هەڵچوو بوون . هونەری نوێ کە ئاوا بەسەختی شەیدای کردبوون ، بۆ ئەوان ڕێگای ڕزگاری بوو لە چنگی ئەم پەستی و پوچەڵییە . لەسەڵانی کۆنایی ڕستۆراسیون (٧) و نیوەی یەکەمی دەسەڵاتداری لوئی فیلیپ . واتە لە باشترین قۆناخی ڕۆمانتیزم پتر لە هەموکاتێکی تر گونجان لەگەڵ ژیانی ڕاڕاو مەینەت بارو یەکرەنگی بڕژوا بۆلاوەکانی فەرانسە دژوار بوو چونکە کەمێك پێشتر فەرانسە تۆفانی سەرسوڕهێنەری شۆڕشی گەورە و تۆناخی ناپلیون دەڕیا کە بەڕاستی هەست و نەستی ئادەمیزادی گۆڕی بوو کاتێك کە ئاگری خەبات تازادی ژیانی گەرم نەکردەوە ، هونەری نوێ جگە

له‌ وه‌ ی ره‌ تکردنه‌ وه‌ ی شێوه‌ ژیانی بورژوا بکات به‌ رێیازێك، چاره‌ یه‌ کی نه‌ ما له‌ راستیدا هونه‌ ری رۆمانتیك ئه‌ م رێیاز ره‌ خساندنه‌ بوو . رۆمانتیسته‌ کان هه‌ وڵیان ده‌ دا نه‌ ته‌ نیا له‌ کار و پیشه‌ ی هونه‌ ریدا به‌ ڵکو به‌ ره‌ نگ و رواڵه‌ تیش نیشانی بده‌ ن که‌ میانه‌ ڕۆیی و گونجان و یه‌ کده‌ نگی بورژوا ره‌ ت ده‌ که‌ نه‌ وه‌ . که‌ مێ پێشتر به‌ نوسینه‌ که‌ ی گوتیه‌ دا بۆمان ده‌ رکه‌ وت که‌ ئه‌ و لاوانه‌ ی له‌ یه‌ که‌ مین نیشاندانی شانۆگه‌ ری شترتوون پشت شانۆ بورکردبوو و کڵاوی کۆلکنیان له‌ سه‌ ر نابوو کێ یه‌ له‌ گی سوری گوتیه‌ ی بیستووه‌ که‌ بوو به‌ هۆی بێزاری (خه‌ ڵکی ئارایش کردوو) . به‌ لای رۆمانتیسته‌ لاوه‌ کانه‌ وه‌ پرچی درێژ هۆیه‌ ك بوو بۆ جوێ کردنه‌ وه‌ ی خۆیان له‌ بورژوا ره‌ زیوه‌ کان . سیمای زه‌ رد هه‌ ڵگه‌ ڕاوبۆن دیمان یه‌ کێك بوو له‌ و هۆیانه‌ . ده‌ ڵێن ره‌ نگ و ڕووی پڕ ڕێو نیشانه‌ ی بێزاریه‌ له‌ سکی تێری بورژواکان .

گوتیه‌ ده‌ ڵێت (ئه‌ وسا له‌ ناو رۆمانتیسته‌ کان واباوبوو تا ده‌ توانن ره‌ نگیان زه‌ رد هه‌ ڵگه‌ راو بێ و شین هه‌ ڵگه‌ راوبن و که‌ م تا زۆر ره‌ نگ و ڕووی مردوویه‌ کیان هه‌ بێت . ره‌ نگیکی ئاوا سیمای کڵۆڵی بایرونی ده‌ دا به‌ ئاده‌ میزادو به‌ ڵگه‌ ی ئه‌ وه‌ بوو که‌ وا نوقمی کول و کوو داخ و په‌ شیمانی یه‌) هه‌ ر وه‌ ها گوتیه‌ ده‌ ڵێت .. به‌ لای رۆمانتیسته‌ کانه‌ وه‌ هه‌ ڵبواردن و له‌ به‌ ر چاو نه‌ گرتنی رواڵه‌ تی بڕ ڕیزو ئارایشت کراوی فیکتۆر هۆگۆ کارێکی دژوار بوو زۆر جار له‌ وتو وێژی خۆیاندا بۆ ئه‌ م که‌ م وکورتیه‌ ی شاعیری گه‌ وره‌ به‌ داخه‌ وه‌ بوون چونکه‌ ئه‌ م که‌ م و کورتی یه‌ (ئه‌ وی به‌ مرۆڤایه‌ تی و بگره‌ به‌ بورژوایی یه‌ وه‌ ده‌ به‌ سته‌ وه‌) به‌ م پێ یه‌ ده‌ بێ سه‌ رنج بده‌ ینه‌ ئه‌ وه‌ که‌ سه‌ ولدان بۆ بوونی سه‌ رو سیما و رواڵه‌ تێکی دیاری کراو جێگای سه‌ رنج هه‌ میشه‌ ره‌ نگدانه‌ وه‌ ی په‌ یوه‌ ندی کۆمه‌ ڵایه‌ تی تۆناخی تایبه‌ تی خۆی بووه‌ و ئه‌ م زه‌ مینه‌ یه‌ ش بۆ لێکوڵینه‌ وه‌ و ناساندنی کۆمه‌ ڵگا شایانی سه‌ رنج دانه‌ به‌ م تێ روانینه‌ ی رۆمانتیسته‌ کان لاوه‌ کان له‌ بورژوا ئاسایی بووه‌ که‌ بیرورای (هونه‌ ری به‌ که‌ لك) بیانوڕینی به‌ بۆچوونی ئه‌ وان گۆڕینی هونه‌ ر بوو هونه‌ ری سوده‌ ند مانای به‌ کار هێنانی هونه‌ ر بۆ خزمه‌ تی ئه‌ و بورژوایه‌ ی که‌ ئه‌ وان هێنده‌ لێ ی بێزارن .

ئه‌ م توندره‌ وبه‌ ی گوتیه‌ به‌ ه‌ ر

مامۆستایانی هونەری سودەندا کە بۆیان دەڵێ (شێتینە ئەی ئەوانەی گرێی کەمێشکیتان هەیە) ئەوە وەرون دەکاتەوە. بەڵگەی ئەمەیە نائاسایی یە کە نیخۆڵەکەن و بەو خزمەتەوە کە دەیکەن لە چاوی گوتیە دا رێزە یەکی بەراوەژوویان هەیە ئێستاش هەر هەیە. ئەم هەموو تووندڕەویەو بیروڕاسە یرانەی گوتیە لە بنەڕەتەوە وەک تووندڕەوی و بیروڕایەکانی نائاساییەکانی بوشکین.

دوورکەوتنەوە ئەی وشکە سۆفیەکان (۸) شاعیری ئاسودەچاکی چارەنووسی ئێوە یەتی پارناسیان و یەکەمین واقع بینانەی فەرانسەش ((گنکورەکان ملوملەرو... هی تر) کۆمەڵگای بڕوای خۆیان زۆر بە جەوت و نالەبار دادەنا پەیتا پەیتا (بڕوا) دژیەکانیان تاوانبار دەکرد. ئەگەر ئەوسا وەکانیان چاپ کردبا. خۆیان گووتەنی لەبەر کەڵکی وەرگرتنی خۆیانەران نەبوو بەڵکو بۆ ژمارەیەکی هەڵبژێراو بوو یا هەروەک فلوبەر لە نامەیەکی دا دەڵێت بۆ (دۆستانی نائاشنا) بوو ئەوانە بڕوایان وابوو کە تەنیا شێوە و نووسەرەی لە ئامادەیی و زەوقی واقعی بۆ بەرێیە دەتوانێ بە کۆمەڵێکی بەرفراوان لە خوێنەران شاد بێت. لوکنت دولیل(۹) لەو بڕوایەدابوو کە خۆشەویستی نووسەرێک لەلایەن جەماوەرەوە بەڵگەی پوچەڵی مێشکی نووسەرەکەیە. رەنگە پێویست بەوە نەکات کە بڵێن پارناسیانیش لە ڕوانتیستەوە فادارەکانی هونەر بۆ هونەر بوو.

دەتوانین زۆر نموونەی وەک ئەوە بهێنینەوە بە لام لە راستیدا پێویستیمان بەم کارە نیە. بە ئەندازەی پێویست رووندەکەوە بڕوای هونەر بۆ هونەر ئەو کاتە سەر هەڵدەدات کە هونەرمەندان لەگەڵ کۆمەڵگای خۆیاندا نەگونجێن. بە لام پێناسەی وردتری ئەم نەگونجانە بێ سەرچاوە نابێت.

لە کۆتایی چەرخی هەژدەهەم لە قۆناخی پێش شۆڕشی مەزنی فەرانسە هونەرمەندانی پێنکەووتوی فەرانسە لەگەڵ کۆمەڵگای (سەرکەوتووی) ڕۆژگاری خۆیان نەدەگونجان دافیدو(۱۰) هاوەڵەکانی دەمی(کێشی کۆن) بوون ئەم نەگونجانە لەبۆ چارەیەوە بوو چونکە لەراستیدا گونجانی ئەوانلەگەڵ کێشی کۆن نەدەلوا. بتر لەوەش

نەگونجانی دافیدو هاوەڵەکانی لەگەڵ کێشی کۆن لەڕادەبەدەر لەنەگونجانی ڕۆمانتیستەکان لەگەڵ کۆمەڵگای بەرزوابی قۆڵ تربوو . دافیدوهاوەڵەکانی دەیانویست کێشی کۆن لەناوبچێ ونەمێنێ بەڵام گۆڕینێ و هاوبیرەکانی وەک چەند جاری ترینی گوتومە بەیوەندیەکانی کۆمەڵگای بەرزوابیان ڕەت نەدەکردەوە ئەوەی دەیانویست ئەوبوو ڕۆمانسی بەرزوا دەست لەخۆبەرستی و نەریتی بەرزوابی هەڵگرێ .

دافیدو هاوەڵەکانی بەڕابەریان دەیی کێشی کۆن بەباشی دەیانزانی دەستە و تاقمەکانی چینی کۆمەڵایەتی سێیەم بوونەتە حەریفیان و هەنگاو هەڵدەنێن تاسیر (١١) واتەنی بەسەر بەهەبوو شتێك . دوایی لەناو ئەوان دا هەستی هاوەدەنگی لەگەڵ کۆمەڵگای نوێ کە لە مندالدانی کۆمەڵگای کۆن دا گەشەی کردبوو دەهات تاجێگای بگرێتەوە و تابەهەستی نەگونجانەوە لەگەڵ کێشی سەرکەوتووەکەوتەڕێ . بەڵام ئێمە شتێکی وا لە ڕومانتیستەکانو پارناسیەکان دا نابینین .. ئەوانە نە چاوەڕوانی گۆڕانێك بوون لەناو ڕۆمەکەی سەردەمی خۆیان و نە ئامادەبوون ڕەخنەکانی شتێکی واشیان دەکرد لەبەر ئەوەیە کە نەگونجانی ئەوان لەگەڵ کۆمەڵی دەوروبەریان لەبێ چارەیەوە بوو (بوشکین) یش چاوەڕوانی گۆڕانی ڕوسیای ئەوکاتە نەبوو بتر لەوەش لەسەردەمی نیکولادا لەئارەزووی هیچ گۆڕانێك دانەبوو هەرلەبەر ئەوەش بوو بەچاوێکی هاوڕێ لەگەڵ بەدبینی دا دەبڕوانیە ژیانی کۆمەڵایەتی . ئێستا ئیتر لام وایە دەتوانین نجامەکانی پێشوو بخەمەروو بڵێم ..

بڕوای (هونەر بۆ هونەر) ئەوکاتە سەرهەڵدەدا کە هونەرمەندان و هونەر دۆستان ناچاربن لەگەڵ چوارچێوەی کۆمەڵایەتی خۆبانەدا نەگونجێن .

بەڵام مەسەلەکە لێرەدا دوایی نایەت . نمونە هێنانەوەلە (کەسانی شێت ساڵە)ی ئێمە کە زۆر سەختە بڕوایان بەسەرکەوتنی ئەوسای خۆیان هەبوو یاڵە دافیدو دۆستەکانی کە ئەوانیش ئاواسەختە بڕوایان بە بیروباوەڕی خۆیان هەبوو دەری دەخات کە دینێنی بەناو سودبەرستی لە هونەردا مانای داشکان بەو لایەنەدا کە دەسکەوتە هونەرییەکانی بەبنەداوەری دەیاردەکانی ژیانی .

هەولێنامەی کتێب

هەروەها ئارەزووی بەشداری کردن لەوکێشە کۆمەلایەتییەی کە هەمیشە هاوڕێی ئەوداشکانە بووە، ئەوکاتە سەرهەڵدەداو پەرەدەستێنی کە یەک دڵی لە نێوان بەشێکی شایستەی کۆمەڵ و خەڵکێك پێك بێت کە دۆستی. نۆر چالاکی هونەریداهێنەر ئەم وتەیەی سەرەوە بۆ بێ و پەنا ئەو راستییە دەردەخات کە ئێستا دێتە گۆڕێ.

کاتێك کە تۆفانی بەهێزی شۆڕشی فەوریەی ۱۸٤۸ز نیشتەوە نۆر لە هونەرمەندە فەرەنسیانەی باوەڕیان بە تیۆری (هونەر بۆ هونەر) بوو بە تۆندی رەتیان کردەوە هەتا بۆ دڵێر کە گۆنیە بە مامۆستاو نموونەی هونەرمەندی دادەنا بڕوای تەواوی بەوە هەبوو کە دەبێ هونەر سەربەخۆبێ، کتوبر دەستی کرد بە لەچاپدانی ڕۆژنامەیەك بە ناوی (سڵاو بۆخەڵك) لە راستیدا ئەم بڵاوکراوەیە نۆری نەخایاند بەڵام لە ساڵی ۱۸۵۲ز بۆدلێر لە پێشەکیەکەی کە یدا کە لەسەر گۆرانیەکانی (پیردۆبۆن) نوسیویەتی تیۆری هونەر بۆ هونەر بە هەڵکاری دادەنێت و دەڵێت پێوستە هونەر ئامانجێکی کۆمەلایەتی هەبێت تەنیا سەرگەرمی دۆزمنانی وای لە بودلیرو هونەرمەندانی پەیرەوی ڕیبازی ئەو (بودلیر) کرد کە بگەڕێنەوە سەر تیۆری هەڵا نەی هونەر بۆ هونەر. دوای ئەوە پەکیك لە ڕووە برشنگدارەکانی (پارناس) لوکنت دولیل بایەخی (ڕەوانناسانەی) (۱۲) ئەم گەرانەوەیە (بۆ سەرەوای پیشوو بە ڕوونی لە پیشەکی کتیبەکەی خۆیدا (کۆمەلە دیرینەکان) کە بۆیەکەم جار لە ساڵی ۱۸۵۲ لە چاپ درا خستە ڕوو. گوتەکە شیعر ئیتر ئەنجامی کردەوەی قارەمانانە و ئامۆژگاریکەری کۆمەلایەتی نیە چونکە ئیستا وەك هەموو قۆناخە لەناوچووەکانی ئەدەب زمانی پیرۆزی شیعر تەنیا دەتوانی سۆزی دەروونی شەخصی بوچەڵ دەربڕێت ئیتر شایانی ئەوە نیە خەڵکی تیر بکات لوکنت دولیل ڕوودەکاتە شاعیران و دەلیت ڕەگەزی مرۆڤایەتی کە ئیوە کانی خۆی مامۆستای بوون ئەوەتا ئیستا پتر لە ئیوە گەشەی کردووە ئەوەتا بە واتای پارناسیان ئەرکی ئەوکاتەی شیعر (فیرکردنی ڕیبازی ژیان) بوو بۆ ئەوەی کە (ژیانی واقعی) یان نەبوو ئەم

ووتە پرمانایە نهینی رەوانناسانەی بروابوون بە هونەر بۆ هونەر بەتەواوی بۆچەل دەکاتەوە . لەداهاتوودا هەلی ئەوەمان دەبێت کە بگەڕینەوە سەر پێشەکیەکەی لوکنت دولیل کە ئێستا بە شێکیمان خستە روو .

لەگەل بەئەنجام گەیشتنی لالایەنی ئەم مەسەلەیە دەبێ ئەوەش بڵێین کە دەسەلاتی سیاسی هەمیشە بوچوونی سوودیەرستی لەهونەردا بەباش دەزانی تارادەیەک کە هەرگیز سەرنج نادات خودی هونەر . ئەم مەسەلەیش شایانی یەکی پێ بردنە .. چونکە دەسەلاتی سیاسی قازانجی لەوەدایە هەرچی ئایدیولۆژی (جیهان بینی) هەیە بۆ خزمەتی ئەو ڕیبازە بەکاری بێنی کە خوی خزمەتی دەکات و دەسەلاتی سیاسیش ـ هەرچەند شورشگێڕیش بێ زۆر جار خوێرست و کۆنە پەرستە کەواتە ڕوون دەبێتەوە ئەم بیرۆ ئەندیشەیەی کە شورشگێران یاخەڵکی ڕووناکبیر بروایان بێیەتی لەمەر سودبەرستی لە هونەردا بەهەڵەدەردەچێت . میژووی ئەدەبیاتی ڕووسی بەڕوونی نیشان دەدا کە لەڕمانرەوایەکانی ئیمە لە شتێکی وا دوور نەکەوتونەتەوە چەندە نموونەیەك دینمەوە .. کاتێك کە سێبەشی یەکەمی داستانی نارۆنی بەناوی (ژیل بلاسیکی رووس یا بەسەرهاتی کونت کاروبل سیمونوفیچ چیستیاکوف) بلاوکرایەوە لەسەر داوای وەزیری بەروەردەی گشتی کونت رازاوموفسکی خێرا دەستی بەسەردا گیراو قەدەغە کراو وەزیر لەم هەلە هەلکەوتووەدا بیرورای خوی دەربارەی پەیوەندی نێوان ئەدەبیات و ژیان بەم شێوەیە خستەروو ..

(زۆربەی داستان نووسان هەرچەند بەروالەت دژی تاوان و داوین پیسی خەبات دەکەن بەڵام لە داستانەکانیان دا گیانێکی پرشنگدارو جوانی یان بەبەردادەکەن کە لاوەکان بەرەو ئەو (تاوان و داوین پیسی یەکە) پاڵ پێوە دەنین . وابباشتر بوو کە تاوان و داوین پیسی هەر ناوێان نەهێندری . داستانێك هەرچەندە شایستە بێت تەنیا کاتێك ڕێگەی دەدرێت کە بەراستی ئامانجێکی بەرزی هەبێت) .

هەروەك دەبینین رازومۆفسکی لەو باوەرەدابوو کە خودی هونەر نابیت بە ئامانج ئەو دەستەیە لە خزمەتکارانی نیکولای کە بەهۆی پلە وپایەی پیشەیی خوبانەوە ناچار بوون بروایەکی وایان لە بارەی ئەم مەسەلەیەوە هەبیت هەرچەم شیوەیە بوهۆنەر دەچوون . دەبی ئەوەمان لە بیر بیت بنکە ندروف هەولی دەدا پوشکین بێنیتە سەر ریگای راست . دەمەلاتی سیاسیش لەم رووەوە لە بەرامبەر ئوستروفسکیش (۱۳) وا دریغی نەکرد . کاتی کە لە مارتی ۱۸۵۰ز کومیدایەکی ئەو بەناوی (خەلکی ئیعە خوی چارەسەری گیروگرفتی خوی دەکات) بلاوکرایەوە ترسی خستە دلی روناکبیرانی ئەدەب و بازرگانی تانەکاشەم مەسەلەیە بیبیتە هوی ئازاردانی سودبەرستان ، وەزیری پەروەردەی - گشتی ئەوکاتە (کونت شیرنیفسکی شیخماتوف) فەرمانی دا بەلی‌پرسراوی بەشی پەروەردەی موسکو تا لە شانوگەری نهمی لاو بگێڕێتەوە تابیتە سەردانی و تێی بگەیەنی کە ئامانجی بەرزو بەکەلکی هونەر تەنیا ریکخستن و نیشاندانی زیندووی کردەوەی سەیرو سەمەرەو درندانە نیە بەلکو تاوانبارکردن و رونکردنەوەی ئەم شتانەیە ئەوبش نەك بە نیشاندانی گالتە جاری بەلکو بە نیشاندانەهەستی رەوشت بەرزی.. بە بەراورد کردنی تاوان و چاکە بیروکرداری خراپ و درندانە لەگەل ئەو بیرو کردارانەی کە گیانی پاك بەرز رادەگرن بە ئامانجی بەهیز کردنی ئیمان کە بۆژیانی تاکەکەسی و کومەلایەتی بایەخیکی زوری هەیە هەروەها خستنە رووی ئەو مەسەلەیە کەوا کرداری خراپەهەرلیرە لەم دنیایەدا بەسزای خوی‌و پاداشتی شایستەی خوی دەگات .

ئەیسەر نیکولا پتر لە روانگەی (رەوشت)ەوە دەیوانیە هونەر ئەو شوینەی کە ئاگامان لێیە لەگەل بنکەندروف دا لە وبروایە دابوون کە ربنمونی کردنی پوشکین ئەنجامیکی باشی دەبیت . لە بارەی شانوگەریەکەی ئوستروفسکی‌یەوە کە بەناوی (سواری گالیسکەیەکی ترەبە) و لە ژیر نفوزی روناکبیرانی سلافی‌دا نووسیبووی و حەزی دەکرد لە میوانیەکان دا بلیت بە یارمەتی ئوستاکانی (هەموو ئیشیکی بیتەر پووچ) دەکاتەوە نیکولای

بە ریزە وە گوتنی ..
(ئەمە شانوگەری نییە بەڵکو دەرسێکە
بۆ ئەوەی نمونەی زیاتر بینمە وە
وتەکەم بە دەست نیشان کردنی
ئەم دوو راستە قینەی خوارەوە دوایی
بۆ دێنم . کاتێک کە رەخنەی
ئاڵە باری ف. پولیفی لە سەر شانوگەری
(نیشتمانی) کوکولینک نوسراوە بە
ناوی (دەستی ئەوکەسەی لە
هەموان بەرزترە یا خاکی بابیرانی
ئیمە رزگار بکات) لە رۆژنامەی
سەنکوتیلگراف دا لە چاپ درا بۆ رای
وەزیرەکانی نیکولای رۆژنامەکە
ئاوانبارکراو تەدەغەش کرا . بە لام
کاتێک خودی پولیفی چەند
شانوگەریەکی نیشتمانی بە ناوی
(باوکی گەورەی هیزی دەریایی رووس)
نووسی . بە وتەی پولیفی خۆی تەسەر
بە توانای شانوگەری نووسینی ئەو
زۆر خوشحال بوو گوتی (نوسەریکی
هەڵکەوتووی بۆینەیە و پێویستە
بنووسی و هەر بنووسی بەڵێ بنووسی
نەک رۆژنامەدەربکات) .

لاتان وانە بۆ فەرمانرەوایەکانی
رووس لەم رووەوە بەتەنیا بووبن ئا
مامۆستاو نمونەی خوبەرستی وەک لوئی
چواردەهەمی فەرانسە بە هەمان
سەرسەختیەوە بەروای وابوو کە هونەر
ناببێت بە ئامانج بەڵکو دەبێتە
هۆیەکی پەروەردەکردن . ئەم
بیرویاوەڕە خۆی خزاندبوو ناو هەموو
هونەرو ئەدەبیاتی سەردەمی پەر
لەهەرای لوئی چواردەهەم . ناپلیونی
یەکەمیش هەربە چاوی لوئی چاردەهەم
دەیروانیە تیئۆری هونەر بۆ هونەرو
بەداهێنانی زیانبەخشی (فەیلەسوف)ەکانی
دەزیوەکانی دادەنا . ئەویش دەیەوێست
هونەرو ئەدەبیات لەخزمەتی ئامانجی
پەروەشت بەرزی دابێ بوو وەکارخستنی
ئەم ئامرازەزۆرەش تارادەیەکی زۆر
سەرکەوتووبوو . بەڵگەی ئەم راستیەش
ئەوەیە کە بابەتەکانی وێنەکێشان و
شانوگەری (رارەوەکان)ی ئەوسەردەمە
شاکارەکانی کۆنسۆنەمانەو ئیمپراتۆری
بوون . هەرازا بچوکەکەی ناپلیونی
سێیەم لەگەڵ ئەوەشدا سەرکەوتنی
کەمتربوو کەچی هەر ریگای ناپلیونی
گرتەبەر . هەوڵی دەدا هونەرو
ئەدەبی بخاتە خزمەتی هەرشتێک
بێ بگۆتری پەروەشت . لەنوسەری
١٨٥٢ پروفیسور لاپراد لە (هەجوێک)
دا بە ئاوازیکی رووبەروونەوەو
بڕ لەتانەو توانج داشکانی خەڵکی
لیون بەلای هونەری فیرکردندا خستە

بە رگالتە جاری پێشبینی کرد کە (مروف دەبی لە بەرباران و هەتاو
بە فروانە وەختێك دێت کە (هونەری شادمان بێت) لە گەرمان) لە
دەولەتی) بەرو جوامێری مروف دەخاتە سەرمان .. رووخسارت سوور هەلبگەری
ژێر دەسەلاتی دێسپلینی سوبایی من لەکەسانی رەقی هەلگە راوورەنەک
خوێی ئەسپا یاسا حاکم دەبێو تاکە زەرد بێزارم . ئەوکەسەی پی
نووسەریکێش زاتی ئەوە ناکات کە مێرین ناکەنیت پاداشتی لە سێدارە دانە) .
بێزارن دەوبەری .

* لە نامە ناراستە نەکراوەکان و هونەری ژیانی کۆمەلایەتی (موسکو ۱۹۵۷) ز

۱) نووسەریکی فەرنسیە (۱۸۱۱ – ۱۸۷۲) ز

۲) دێتنی سوود پەرستی یا سودوبستی بێرواوەریکە سوند بە بەرژەوەری
هەلسەنگاندن دادەنی .

۳) شارل بودلێر شاعیریکی فەرەنسیە (۱۸۲۱ – ۱۸۶۷) ز

٤) (گولە دزێوەکان) کۆمەلە هونراوەیەکە لەسالی ۱۸۵۷ز نووسراوەو
چەند بەشیکی لەژێر ناونیشانی (گولانی ئازار) کراونەتە فارسیو
لەسالی ۱۳۳۵ هەتاوی بلاوکراونەتەوە .

٥) شاعیریکی فەرەنسیە (۱۸۲۳ – ۱۸۹۱)

٦) نووسەر شاعیریکی فەرەنسیە (۱۷۹۷ – ۱۸٦۳) ز

۷) تۆناخی گەرانەوەی بنەماڵەی بوربون بو سەرتەخت کە لەسالی ۱۸۱٤
دەستی پێ کردوو بە شۆرشی ۱۸۳۰ دوای هاتی پێی دەلیەن
رستورا سیون .

٨) مه‌به‌ستی ئه‌و که‌سانه‌یه که خویان به‌راست و پاك ده‌زانن

٩) شارل ماری لوکنت دولیل (١٨١٨ -١٨٩٤) ز شاعیریکی فه‌ره‌نسایی و دامه‌زرینه‌ری قوتابخانه‌ی ئه‌ده‌بی پارناسه

١٠) دافید وینه‌کیشی کوفاری خوازی فه‌ره‌نسیه (١٧٤٨ -١٨٢٥) ز

١١) فه‌شه ئیمانوئیل ژوزیف سیس (١٧٤٨ - ١٨٣٦) ز یه‌کیکه له شۆرشگیرانی فه‌رانسه .

١٢) علم النفس

١٣) ئه‌لیکساندەر نیکولایچ ئه‌ستروفسکی دڕام نووسی رووسه (٨٢٣- ٨٨٦) ز

★★★

هه‌ولێر کتێب

ئەدەبی بوون

* صەباحی غالب *

مەولەوی شاعیری هەتا هەتا
زیندووی دل نەرو پاراو، مەولەویەك
کە نەتوانین بو گەرە کردنی
زور کەڵە بیاو مەوی تاریف بکەین
بەڵام بە پارەکەی دیکەدا ئەستەم
دەبی مەولەوی بە هەموو مەزنە
مروڤیك بگرین، چونکە مەولەوی نەك
هەر بلند وەوشت و ناسك خەیاڵو
بیر وردو سوز وەك تۆپی ئاوە بەڵکو
بلندیکە ئیجگار کەم کەس گوڵەو
چنی شاخەوانی بزورگی ئەویان
پیدەگری.

کەسیك هیند گەورە بی
بتوانی بەقەدەر دونیای عشق ئەقین
و خوشەویستی بە ئیمە بدا، دیارە
ئەگەر رژدی تیدا نەکری، دەتوانری
سەدان بەشی خوشەویستی وەك
ئەوەی مەولەوی بە مروڤانی بەوەفاو
بەرزی میللەتەکەمان رەوا ببینین.

لە یادماندایە، جارێك
مەولەوی دوو کاغەز لە دوو کەسەوە
وەردەگری، دوای خوێندنەوە یەکان
دوشەکان و نووسینەکان بەمەر دوو
گروپدا دابەش دەکا، گروپی
کاغەزی یەکەمیان، بە کومەڵەی
دوشەی وەفاو دڵسوزی، جوانودڵگیر
ئاواز دارو خوێست بزوین لەقەڵەم
دەدا، کومەڵەی کاغەزی دووەمیشیان
بە دوشەی بێوەفاو ناراستی، دزیوو
دڵتەنگ، ناتەباو نەگونجاو، ئاو
دەبا... یەکێك لەوانەی لە
خزمەتیدا دەبن عەرزی دەکا:

— قوربان گیان هەرگیز لە
راستگوی و بو چوون و لێکدانەوەی
ئیوە گومان ناکری،
وێژدان و هەڵسەنگاندتان دەگاتە
ئاکامی دروست و راستینە، بەڵام
پێم خوشە بزانم چون ئەو دوو کاغەزو
کومەڵە دوشانەتان لێك جودا کردنەوە
بە چدا گەیشتنە ئەو بریارە گرنگە؟

مەولەوی دەفەرموی

— دوشەکانی کاغەزی یەکەم

زیندوون ، گیانیان تیدایه و باوه شم بو ده‌که‌نه‌وه ، هه‌ست به لیدانی دلیان ده‌که‌م ، خوینیان گه‌رم و شیرین ، به‌م چاوانه‌م ده‌بینی خاوه‌نه‌که‌یان له‌ته‌ك نوورساوه‌که‌دا هاتووه ، که‌ده‌م خوینده‌وه هه‌ستم ده‌کرد له ناخی ئه‌وه‌وه هه‌لده‌قوڵین و ده‌ژینه سه‌ر به‌ره‌که‌و ئه‌وجا به شیوه‌ی قه‌لبه‌زه‌ی زیوین ، قوڵایی ده‌روون و هه‌ناوی منیان بو ده‌بیته ریزگه ... به‌و باردا نامه‌ی دووه‌م ، ووشه‌کانی له حه‌وت سالان راست بوونه‌وه ، ساردو سڕو بی گیان هه‌رچی بۆن و ره‌نگ و چێژ بێ تیپاندا به‌دی ناکری ، به‌ره‌نوورساو نوورساوه‌که‌ش گورستانیکه چه‌ندان لاشه ووشه و قسه‌لوکۆ له شانان ئزیه‌تی نده به زه‌حمه‌تی هه‌لگرتبوون . له‌ده‌ست ئه‌و زوڵمه‌ی لێیکراوه دادو هاواریتی . کابرای بنووسێش به‌راوێژی نووسینه و نه‌بتوانێوه ڕوودێك له نیوان دڵی من و خوێدا هه‌لبه‌ستی .

به‌ڵێ ... ووشه‌ی زیندوو ووشه‌ی مردوو ، هه‌ن ، له‌و ڕوانگه‌وه نووسه‌ری به‌راستی و بنووسی دڵسۆز و وشه و خوێی پیرۆزیش هه‌ن . ئه‌مه بۆ خوێی که‌سایه‌تی و نه‌خشه‌ی گشتی و تایبه‌تی خاوه‌نه‌کانیان ده‌گێڕێن . هه‌ر یه‌که‌ره‌نگدانه‌وه‌یی گه‌لێك پرۆسیسی جودا و لێك نزیك و دوورن . به‌ڕه‌هه‌ی هه‌ردوو دیوی هه‌ژان و هه‌ڵچوون و بێبڕکردنه‌وه‌ن ناکامی هه‌ڵوه‌ستێی بوون و نه‌بوونی ئه‌قین و دڵسۆزیێن .

باده‌نوشی ڕاسته‌قینه و سه‌ر کاروانی ڕێره‌وی گه‌وهه‌رناسان ، به‌و چه‌ند ووشه‌یه ، تاقیکردنه‌وه‌ی شیعری ده‌رده‌بڕی ، شاعیرانی ئه‌زموونی بڕ ده‌سکه‌وت و به پێز له‌ورده شاعیری بی ده‌ست مایه و بی به‌ره‌که‌ت هه‌ڵداوێڕی و ئه‌دیبان له ماکه‌وه ده‌کاته‌دوو به‌ره .

له‌و دونیایه‌دا ، که‌م شته‌هه‌یه ، مرۆف هێنده‌ی تاسوق و به‌ په‌رۆش بی خوێی به‌هێڵه‌له و شته‌بزانێ ، شیعری هه‌ڵه‌وێ له‌وه‌ش نزیده‌تر ، ڕه‌ها ده‌کا ووشه‌و بیری هه‌ڵه‌ هه‌ڵه‌وه‌ڕێم به‌سه‌ر خوێنه‌ردا ڕژاڵ ده‌بی و خوێی به بچووڵکه‌ده‌سته‌وسان و سه‌رسوڕماو ده‌بینی بی ئه‌وه‌ی به‌خۆ بزانی له جیهانی ده‌روبه‌ر ده‌رده‌چی و ده‌چیته جیهانی شاعیره‌وه . به‌ڵام له‌وێ که‌م که‌س شاره‌زایه‌کی باشی لیده‌رده‌چی

هه‌ولێری کتێب

و دەبنە خاوەن مال و حال ئەوانی دیکە ووەن دەبن و سەری لێشێوەر ناکەن و ئەوەندەی پیناچی دینەوە سەر خویان و هەستیە راستەقینە کە بەجێ دیلن و دوایی بە خەوبکی خوشی دەزانن .

راستگویی و دلسوزی هەولەوی لەوەدا بووە بە چاکی خوی ناسیوە هەولینی داوە لە خەلکی و ژیانگەکەی شارەزا بی ، ئەوەبو گەیشتنە ئاکامێك - جوری دوستایەتی مرۆڤ لەگەل خەلك، کات، شوێندا بەقوولی و گەرم بەرو ئەوەری ، بیری کردوتەوە ، پەیوەندییەکەی خۆیشی هەر لەبەر ئەو رێشنایەدا ، ئەنجامی لێکدانەوەی نزیك بوونەوەی خوی بووە بەرامبەر ئەو کەسە یا شتە ، لەبارەی گیان و خووشی شیعرەکەشەوە بەوەستایانە بە ئەوەری گرنووە میانا هەرگیز بو یەکێکی گەورە شیعرێکی بچوکی نە نزیکبوون ، یا بەجێوانەی نەکردبێوە

بەلگەی هەرە زیندووی ئەم باسە ، هەموو شیعرەکانێتی ، ئەوانەی بەرەو ڕوونی یالە لەش بۆیاندا کومیدینی ، نەو تولەپ هەلدانی هەندێو فرمسکی خوبنین رشتنەی هەولەوی بو عەنبەر خاتوونی کردووە ، کەسێکی دیکە گەرەک شینی وای بو هاوگیان و خوشەویستەکەی نەکردووە . ئەو سوور لە دل هاتن و جەرگ سووتانەی بو قادر بەگی کە یخەسرەو و بەگی دەربریوە ، یەکێکی دیکە لاوانەوەی بەو جورەی بو دوست و برادەری نەکردووە و لەهەولەوی یان تینە پەراندووە .

خوبەستنەوە و توانەوەی هەولەوی لە خاتوو عەنبەردا ، وای لێکردووە بانگی مرۆڤ بەرەوری و دوستایەتی لەگەل تەواوی مرۆڤانی بە ئەگدا هەلبدا ، لە شیعرەکانیدا سوزو هەژانی گیان وەدیار بکەوی .

ئیمە دەلێین دەکری ئەفسانەی هێندەی تەنی ژیان بێ ، چونکە یەکێك هەم مرۆڤی و هەم ئافرەتی لە خویدا کۆبکاتەوە تەنها دلداریکی پەتی نابێ ، بەڵکە دەبێتە هەویاو ئاواتان ، یادەوەری و هاوبەشێتی بژینەرانە لە بیرو کردەوەی مرۆڤەیاوەکەیدا دەکا ، پێکەوە بەرەو ئاکامان دەچن ، ئەگەر ئەنجامەکان بەوان بگیرێن دەبێنین هەر لەدوێرا چەند ئەوان بویان دەڕۆن ، ئەوان چەندان جار باوەشیان بەو

ره‌که‌نه‌وه . هه‌رگیز شتێکیش له‌و که‌ردوونه‌دا به‌دی ناکری ئه‌مسان نه‌توانن وه‌ده‌ستی بینن ، ئه‌مه‌ش له‌به‌ر ئه‌وه‌یه سه‌رجه‌م دروست کراوه‌کان له‌به‌رژه‌وه‌ندی و که‌لکیاندا له‌هاتو چودان ... ئاشکراشه کسان و سه‌رچاوه‌ی گه‌وره‌بی و جوانی به‌ه‌مه‌دان و هه‌زاران و بگره‌بی ئه‌ندازه‌مه‌زن و به‌ده‌ویان لی هه‌لده‌قولی .

قسه‌یه‌کی وا هه‌یه ده‌لێ ((خاك مه‌یل بره‌)) ره‌نگه ئه‌مه‌و وته‌یه بو ئه‌وان که‌سانه راست ده‌رچی که باوه‌ریان به ((ئه‌وه‌ی له‌به‌ر چاوانه له‌به‌ر دلانه)) قایم بی و بو به‌شتگیری لیکدانه‌وه‌ی خویان بیهێننه‌وه . دیاره تیروانینی به‌و شیوه‌ زیده‌خوویستی و که‌لك وه‌رگرتن بو مرۆڤانی خاوه‌نیان ده‌نه‌خشینی ، به‌مانایه‌کی دیکه که به‌رژه‌وه‌ندی مادییه‌ت له‌به‌یان چوو له‌روانگه‌ی ((مانگا مردوو دۆ بڕا)) یه‌وه‌بو خه‌لکی چاو ده‌که‌نه‌وه .

مه‌وله‌وی دلسوزو به‌ئه‌مه‌گ بو دلداره‌که‌ی و دوستانی له‌داری دوور که‌وتنه‌وه به‌ری جووت بوون و به‌کێتی چنیوه وای بیرکردوته‌وه که ده‌بێ دووره‌وتنه‌وه‌ی لاشه‌یی هه‌بێ و به‌پێوستی کاروانی نیوان لانکه و گل کوشی بینیوه ، روزگار ئه‌و کاره‌ئه‌نجام بدا ، وه‌کی دی لەرووی گیانییه‌وه کات و شوین ناکه‌ونه نێوان دلداران و خوشه‌ویستانه‌وه . تا بێ جوشی دل و خروشی هه‌ناویان هێنده به‌رز نه‌بێته‌وه لیکدا لیکدا له‌بارته‌قای ئه‌فینه‌که‌یان نه‌باته ئاسمانان .

هه‌یه ئه‌مه‌والیك ده‌ڵێته‌وه که بیرکردنه‌وه‌یه‌کی ئایدیانه‌یه . بو ئه‌وانه ده‌گوتری .

باوه‌ڕ ئه‌وه‌یه خاوه‌ن باوه‌ڕخوی بو روبێنێ ، هه‌ڵسه نگاندنی پیچه‌وانه‌ شتێ له‌مه‌سه‌له‌که ناگوری چونکه شتێکه له‌ئاوه‌دانی دلدا جێی بوته‌وه دیاره که‌سیکیش له‌و جیهانه‌دا بسا ئیجگار که‌له‌گاو زوردارێش بی ده‌سه‌لاتی به‌سه‌ر دلی گه‌وره‌ی عاشقدا نیه‌و ناتوانی گه‌ردی لی بنیشینی .

★★★

بەرەو لێکدانەوەی فۆلکلۆری کوردی

* خالد جوتیار *

دیارە نەتەوە جۆر بە جۆرەکانی ئەو دونیا پان و بەرینە هەریەکەی ئاکارو سیمای تایبەتی خۆیان هەیە کە بەو بارى بوون و مۆرکانە هەم لە نەتەوەکانی دیکە جیودا دەکرینەوە هەم لە ریگەی ئەوانەشەوە دەتوانرێ رووی وێکدی چوون و لێکدی نزیکیان دیاری بکرێت .

سالانی سەدەی نوزدەهەم و بە تایبەتیش وەختی هەردوو شۆرشەکەی گەورەکەی فەرەنسایی و پیشەسازی بەتەواوەتی لاسەنگی فولکلۆریان خستەوە مەودایەکی خوێ و لە هەرلای ئەو دونیا پان و بەرینەدا زانستاوو فولکلۆریستی وەکو (برایانی گریم ، کراب ، فریزەر ، سوکولوف ، بسلایيف ، بنفی) هەریەکەیان بو کوکردنەوە و هەلسەنگاندنی گەلی باس و بابەتی پر سوودیان بلاوکردەوە و هەرشەو سەرەتایەکی بوو لیرە و لەوێ نووسەرانی بو ئەو وێست و مەرامە هانداو گەلی ریچکە و قوتابخانەی زانستی یانەش بەیدا بوون و هەر دامەزراندنی قوتابخانەی بنیادەمی بەریتانی و کومەلەی فولکلۆرناسانی ئینگلیزو میتولوژیای ئەلمانی و قوتابخانەی سایکولوژی و هی ترینش بەرگەری ئەو بەرابی سەرهەلدان و مانەوانەبوون .

ئەوجا هەرلەوێ روژئاوە ئەو زاراوەی فولکلۆرە وەک ریچکەیەکی ژیانی نەتەوەکان هاتونە پیشی و قوتابخانەکانیش ریسانی بەرەو هەلدانەوە و زیتر تیگەیشتنی لایەنەکانیان گرت و رووی تەمەرنیشتووی روژانیکی نەتەوەکانیان گەش تر کردەوە و هەرئەو هاناى زگ بە خوسووتان و خولە هامیز نانەوەی نەتەوەش ریازی ئەو فولکلۆرەی رەخساندوو رەباسی کرد . هەرلەمەیدانی لیکولینەوە و لیکدانەوەی فولکلۆریشدا گەلی تەگەرەو کوسپی وەها

پەیدا بوون هەر لە بەرایی یەوە
زاناکان بیروڕاو بۆچوونی خۆیان
لا پەسندترو لە بارتر بێتە بەر چاوان
دیارە هەر سەرەڕای لێدانی قوتابخانە
جوراو جورە کانیش ڕەنگدانەوە و دەنگ
دانەوەی ئەو بارە بوو . هەوەلیسن
جارێش کە (برایانی گریم) چیرۆکی
بەر ئاگردانیان بلاوکردەوە هەر لەو
خەیاڵە شدا نەبوون حەکایەتی ئەوها
لە دونیاشدا هەبێت بەڵام وەختێ
وێستیان دووبارە لە چاپی دەنەوە
بیستیان لە هەندێ لای ئەو دونیایە
حەکایەتی هەر لە بابەتە بڵاوکراوەتەوە
خەڵکیش هاوبیر دەکرێنەوە .

و هەر ئەو وێکدی چوونەش ئەو
سەرەڵە هەڵەگرینگ و تێڕوانینی
قۆڕاوەی دونیای لێکدی نزیکی و
پێکدی چوونەی فولکلۆری خستە ڕووی
لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە . هەرفولکلۆرێش
بەخۆی بەڵگە نامەو کێانی نەتەوایەتی
و بارو هەستو ڕەوشی ئەوانەو
هەر دوورێش نێیە بابەتێکی فولکلۆری
لای دوو نەتەوە یان زێتر وەک یەک
یان پێک چوو پەیدا بێی و باسی
لایەنێکی ژیانی پێکدی چووبان بکات .
ئەو لایەنەش هەر لە سەرەتای
دروست بوونی دونیاو بنیادەم و

تۆفانەکەی (نوح) و هەتا
ئەسەلەی دیوو دڕنج و دینداری
و ئەفسانەو پەندی پێشینان و زۆربەی
بابەتەکانی دێکەی فولکلۆر هەستی پێ
دەکرێت . ئەگەر چی ئەو نەتەوانەش
لە ڕووی پێگەیشتن و تێگەیشتنەو
هەزارەتیشەوە ئاێری بوون کە چی
لێکدانەوەو بەڕی دونیا دێدەیی
خۆیان هەبارەت بەو ڕووداووبارەی
سایکۆلۆژیانە هەر بەو بەرهەمانە
دەڕبڕوە بوێ دەشبێنین یەک
بەرهەمی پێکدی چوو لای نەتەوەکان
مۆرک و سیمای هەرێەکیانی پێوە یەو
لێکدێش هاوبیر دەکرێنەوە .

بەرایی سەرهەڵدانی
قوتابخانەکانی فولکلۆرێش هەر خۆڕوی
دابووە وەختو شوێنی سەرهەڵدانی
حەکایەتەکان و شێوەی کۆچو بەرینەوە
یان هەتاوەی لێ هاتەدی
لایەنی پێوبست بو سەردەمی ئەوان
پشت گوێ خراو بایی گرینگی و لە
بارێی بڕەوبان بێ نەدان بوێی
هەر لە کۆنی ئەو قوتابخانە ڕێبازو
تەوژمی سەرهەڵدانی حەکایەتەکان
زێتر مشت و مڕی لێ کراو هەتا
دەشبات بەرەیان لێکدی دەگرت
و هەر بەیدا بوونی / پێڕەوی

هەولێر کتێبخانەی گشتی

میژووی ـ جوگرافیابی ـ بەری ئـــەو کیشە یە بـــوو .

ئەو لایەنە بەکەی چووانـــەی بەرهەمی فولکلۆری هەندیکیان هـــەر هی نەتەوەکە خۆیەتی و هەندیکـــی دیکەیان لیك وەرگیراون و تیکـــەلاو بـــوون ئەوانی دیکە موتیفەی لیـــك وەرگیراو ئیك چەسپاوە و فولکلـــور ناسانیش بەپێی باری روشنبیری خۆیـان ئەو ئیك سەرأویبەی هەکایەتەکان هەر بە بەربلاوی و بەردابری و هەستـ نزیکی نەتەوەکان دەزانن و ڕیوشوێنی هاتن و کوچ و بیشکەی بەرابیبـــان بیرتیژی و چاوتیری و لەخەم کەوتنـــی نەتەوەکانیانە . مادامەکی فولکلۆریش گیانی نەتەوەیی و هەست و هۆش و بیری سەردەمانیکیان بێ دیارە هەر دریژ دادری و یەخەگیر بوونیشیان هەر مافە ڕەواکەیە و ئەدی نەتـــەوەش ئەگەر سەرو سەربردە و ڕابردووی خۆی لێ بزڕیبێت دەبێ لە کوێوە دەستـ بێ بنکات و ئەو شالاوودرندایەتیـــەی میژووی بنیادەم دەیگێڕیتەوە چـــون بەربەست بکات و بوون و میـــژووی بسەلمێنـــێ .

هەروەکو ئیستاکی دەبینین و دەبیسین وەختی خۆشی هیرشی درندانـــەو شوون بزر کردن و نغرۆکردنی ئاکـــاری بنیادەم و هەزارەت و مروڤایەتـــی هەر هەبووە و بەردەوام هیـــزی خێرو شەڕ کێشەیان هەبـــووە .

بوبە نەتەوە بـــەگشتـــی و ڕووناکبیرو دونیادیدە و زاناکانیشیـان ئەو کەلەپوور پارستن و زیندووکردنەوەیان بە هیـــزو تونديی قەڵەبەستانیی ئەو ژیانـــەبڕ کارەساتە داناوە .

بنجی بە (ئاری) زانینی ئەفسانەکان و بەڕەو خوراکیشانەوەی زانایانی ئەلەمانی دیاردەی ئەو سەردەمە بوو زانایانی دیکە عەدالدانـــی ئـــەو ئەفسانەیان بە (هیند)ی دادەنا و هەندی نووسەری دیکەش بەپەسیی هەستی نەتەوایەتیان بەهێی خوبـــان دەزانی و بوبە هەڕەلەو سەردەمیش گەلی داستان و حەکایەت و پەندی پیشینان بلاوکرانەوە و هەرکتیبـــی (میتولۆژیای ئەلەمانـــی)ەت کردنەوەی ئەو بیروڕایانەی سەردەمیان بـــوو .

بو ئیمە مانانی کورد کە بـــاری ڕوشنبیری سەردەمی پیشینانمـــانو سەرتاپای میژووی بوون و خەباتـــی بەڕەو پێش چوون و مل ملانـــێی

روزگاری تووش و بد کاره‌ساتی
خوبناوبان هه‌موی هه‌ژل و خوی
ته‌کاندنی به‌ره‌و مانه‌وه‌و نه‌توانه‌وه
بووه بوبی هه‌ر ئه‌و گوروتەزمه‌ی
سالانی سه‌ده‌ی نوزده‌هه‌شه‌وه‌لای
بنیاده‌می کورد به‌جوریکی دیکه‌که‌وته‌وه
و نووسه‌رو روناکبیرو به‌ناوبانگیش
شاعیرانمان بوونه‌خه‌م خورو ده‌مراستی
مرازو به‌ته‌نگه‌وه چوونی فولکلورو
راراستنی ئه‌و ساماته‌ته‌وایه‌تی‌یه
زنجیره‌یه‌ك له‌دوای یه‌که‌کی
شوڕش و رابه‌ڕین و چاوبوونه‌وه‌و زۆر
به‌خوبووتان و ئاشبه‌تال و
هه‌لسانه‌وه‌کان له‌ولاشه‌وه ئه‌و
دینه ئیسلامه‌تیه‌ی پتر له‌هه‌زار
ساله ڕیو شوێن و ڕه‌گ و ریشه‌ی
گه‌بشتووته ئه‌م کوردستانه‌ی ئیمه‌و
گه‌لی بابه‌ت و لایه‌نی ئه‌فسانه‌و
دینداری و نه‌ریت و هه‌لس و که‌وتی
نه‌ك هه‌ر لیکۆڵین بگره هه‌ندیکی هه‌ر
شوێن بزوو سوور گوم کردوو ئه‌مرو هه‌ر
ئاکاریشیان نه‌ماوه‌و له باتی ئه‌وانه
ئاکارو ڕیره‌وو بیری فه‌لسه‌فی خه‌وی
ڕه‌پیش کردووه‌و هه‌تا هه‌ندی لایه‌نیشی
هه‌ر حه‌رام کراو سرانه‌وه وه‌تی
بگه‌م فولکلور ناسیکی کورد ئه‌گه‌ر
بیه‌وی له سیتولوژیای کوردی بان له
بنه‌تانی ڕیچکه‌ی دینداری ڕووت
بکولیته‌وه‌و بیبینیته‌وه گۆڕی ناموبانه
وه ده‌وری خوی و هه‌ندی سه‌ره‌شای
لیره‌و له‌وێی بینه‌گه‌یشتوو ده‌سوریته‌وه
هه‌گه‌ر شاره‌زابی‌به‌کی زۆرو هه‌ولیکی
تاقه‌که‌سی و به کۆمه‌کیشی بو بره‌خسی
ئه‌وجا بتوانی سه‌ره‌گری‌به‌کان لیك
وه ده‌رکات و بابه‌تیکی کورده‌واری بنووسی
پشت‌گوی خستن و به‌ڕچاو نه‌خستنی
ئه‌و ڕاستی‌یانه‌و گه‌لیکی دیکه‌ش سه‌ر
له‌خوو له‌خه‌لك شیواندنه‌و قه‌ت مه‌ودا
ڕاست و ڕه‌وانه‌که‌ی هه‌واری بیرو
لیکدانه‌وه‌ی فولکلوری کوردیمان پڕ
ناکات .

- ماویه‌تی

★★★

سەرەتایەکی کورت لە مێژووی ئەدەب

* محەمەد ڕەنجاو *

زۆر جار بە مندالی هەردوو لەپێ دەستمان لەناو یەکتریدا گرێولە دەکردوو دەماننا بەدەمانەوە و بە فووپیا کردنی بۆشایی بەنجەکانمان مۆسیقایەکی بەنیسبەت خومانەوە چێژداری لێ دروست دەبوو پێی دەگوتینە سەرمایەکی لائیرادی بەتامەوە .

چیرۆکەو مۆسیقا ناربکە تەنها ڕەنگدانەوەیەکی ئەو هەستە کە کراوە بە بوو خومان پێشتر گوێمان پێی ئاشنا بوە وەک لاسایی کردنەوەیەکی ڕووتی شتەکانی دەوروبەر وەک واقیعی خومان چیوە کە شی تەنها پەیوەندی بە هەست و ئارەزووی کێ کراوەی خومانەوە بوە هەر بۆیەش بوو زۆر جاران گەورەکانی دەور بەرمان ئەوانەی کە لە ئێمە وە نزیک بوون بە شوێن و لە هەست و دەربڕین دوور بون لە ئێمە بە تۆرە بونی دەنگدانیکەوە مۆسیقاکە یان پێدەبڕین ئەدەب و هونەریش لەوەتەی مرۆڤایەتی هاتوتە سەر ئەم زەمینەوە هاوەڵیکی بەئەمەک و جیانەبوەوە یا بە واتایەکی ڕونتر بەشێک بووە لە ژیانی مرۆڤ و ڕەنگدەڕەوەی دەورو بەرو واقیع و قوناغەکانی گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵ بوە و لێی دانە براوە هەر کە مرۆڤ هەستی بەوە کردەگەدەبوستی بە خواردن و تێربوونەوە بەدوای کوکردنەوەی خواردندا گەڕا لەوساوە هونەریش وەک پێویستیەک هاتە مەیدانەوە و وەک ڕەنگدانەوەی ئەو بەدوا گەڕانو هەوڵەی مرۆڤ بو ژیان و بەردەوامی خوی بە سەر هوش و بیرکردنەوەیدا سەپاندو سەرەتا بنچینەیەکانی هونەرو ئەدەب هاتنە کایەوە بو بەشداری کردنی ئەو ژیانە سەرەتاییەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و مرۆڤەکانی سەرەتایش هونەریان وەک پێویستیەکی گرنگ داهێناوە بو ڕەنگدانەوەی وێستو و

ئامانجه‌کانی مروڤی ئه‌وسا. هه‌ر بۆیه‌ش ده‌بینین کاتی مروڤی سه‌ره‌تایی له‌چه‌رخی به‌ردینی کۆندا ته‌نها به‌راو کردنی ئاژه‌ل و گیان له‌به‌ره‌کان ژیاوه‌و به (کۆکردنه‌وه‌ی خواردن) که فردریك ئینگلیس له کتیبی ـ اصل العائله و الملکیه الخاصه والدوله ـ به سه‌رده‌می (الوحشیه) ناوی ده‌بات توانیویه‌تی پیوبستیه‌کانی ژیانی سه‌ره‌تایی دابین بکات داهینانه‌ه هونه‌ریه‌کانیشی له‌و سه‌رده‌مه‌دا ره‌نگده‌ره‌وه‌ی پیوبستیه سه‌ره‌تاییه‌کانی ئه‌وه‌و قوناغه‌ی پیوه‌دیاره، هه‌ر وه‌ك ئه‌و نه‌خشه‌و وێنانه‌ی که ئیستاش نوێ له ـ شوێنه‌وار ناسه‌کان ـ له‌ئه‌شکه‌وت و ئاسارگه کۆنه‌کان ده‌یدۆزنه‌وه، هه‌روه‌کو وێنه‌ی نه‌خشه‌ی مروڤیك که خه‌ریکی راو کردنی ئاژه‌لیکه‌و داهینانی هونه‌ری ئه‌م وێنانه‌ش ره‌نگدانه‌وه‌ی ئاره‌زوو مه‌رام و بیرو باوه‌ڕانی پیوبستیه‌کانی ژیانی مادی مروڤی ئه‌وساته‌ی به‌رهه‌مه هونه‌ریه‌که‌یه قوناغی مروڤی چه‌رخی به‌ردینی کۆن مروڤه‌کانی ئه‌و چه‌رخه‌ش پیوبستیه‌کانی ژیانی خۆیان به‌راوکردنی ئه‌وه‌و گیاندارانه به‌ئه‌نجام ده‌گه‌یانده‌و به‌هوی فراوان نه‌بونی هۆش و بیر کردنه‌وه‌وه‌له‌ئاستی نیعچه ئاژه‌لی ژیانیان به‌سه‌ر ده‌بردو به‌هوی ئه‌و ئامیره سه‌ره‌تاییانه‌ی خۆیان راوبان ده‌کردو زیاتر له‌وه نه‌یانده‌توانی ده‌ست به‌سه‌ر سروشتدا بگرن و به‌سه‌ر نهێنیه‌کانیدا زال بن که‌ئه‌مه‌ش ره‌نگیکی روونی بۆ سه‌ر بساره هونه‌ریه‌که‌ی ئه‌و سه‌رده‌مه‌ی مروڤدا دابووه وه‌ك ره‌نگدانه‌وه‌یه‌کی سروشتیه‌تی ده‌وروبه‌ری ئه‌و سه‌رده‌مه‌ بۆ سه‌ر هۆشی مروڤه‌کانی سه‌رده‌می به‌ردینی کۆن. ره‌نگدانه‌وه‌ی هۆشیان بۆ ئه‌مه‌له هونه‌ریه‌که‌وه‌ك به‌رهه‌میکی هۆش ـ خۆی نه‌یتوانیوه جگه‌له ره‌نگدانه‌وه‌یه‌کی که‌له کاری پیوبستیه‌تی روژانه‌ی خۆیانه‌وه هه‌لدێنجن زیاتر به‌ره‌به‌هونه‌ره‌کەیان بده‌ن به‌لام ئه‌مه‌ش ئه‌وه ناگه‌یه‌نی هه‌روه‌ك ئه‌وه‌ی که هه‌ندی له زانا ـ ئه‌نثروپولۆژی یه‌کان بۆی ده‌چن که گوایه (مروڤی چه‌رخی به‌ردینی کۆن خاوه‌نی هیچ پله‌یه‌کی گۆرانی بیرکردنه‌وه نه‌بووه و ئه‌و وێنانه‌ی که له‌سه‌ر ئه‌شکه‌وته‌کان هه‌لکه‌نراون بۆ هیچ ئامانجیك نه‌بووه و ته‌نها به‌رهه‌می کاته‌یی ئیشیه‌کانی راوچیه‌کانن) (۱) چونکه ده‌یی ئیمه بروامان به‌وه هه‌یی که هه‌ر شتیك

هەولێنامەی کتێب

زادەی بیری مرۆڤ و تاقی کردنەوەکانی
ژیان و پیوەستیی روژانەی بێ بەسی
ئامانج نابینیت و هەموو دیاردەیەکیش
رەگیکی میژوویی و ئابووری و پیشکەوتنی
کۆمەلایەتی خۆی بووە و یاسایەکی جدەلی
بەیەکیانەوە دەبەستیتەوە مرۆڤی
سەردەمی بەردینی کۆنیش ئەگەر هەر
بۆ پڕکردنەوەی ئەو پێشبینیە کاتیە
(الزمە) بوبێ کە ئەوان بە
هەلکەندنی ئەو وێنانەوە بەسەر ڕیان
بردووە ئەوا ڕەنگدەڕەوەی ئامانجە کانی
روژانە و واقیعی دەوروبەرو پیوەستیە کانی
ژیانی خۆیان نەدەبوو ئەو شتانەیان
لە داهێنانەکانیاندا دەرنەدەبڕی
کە روژانە لە هۆش و بیرکردنەوە یاندا
چەسپیوو ژیانیانی پێوە بەستراببووە
مرۆڤی سەرەتایی وێنەی مرۆڤێکی دەکرد
کە تیرەکەی لە گیانداربکی کێوی
ڕاست کردوتەوە ئەوەش ڕەنگدەڕەوەی
ژیان و بیرکردنەوەیان بوو ئامانجەکانی
مرۆڤی بەردینی کۆنی دەردەبڕی و
ڕەنگدانەوەی باری ئابووری و ژیانی
سەرەتا بوو هەروەکو مارکسیەت
فیرمان دەکات کە (هۆنەر لەگەل
دەرکەوتنی کۆمەلگای مرۆڤایەتیدا
دەرکەوتوە و لە بواری ئیش کردندا
بەستراوەتەوە بە بواری چالاکی

ڕاهێنانی مرۆڤەوە) (۲)

لە سەردەمی چەرخی بەردینی
کۆنیش مادام چالاکی مرۆڤ ئیش
کردن هەبوبێت لە پیناوی ژیاندا
ئەوا هۆنەرێش وەک بەشێکی لێک
گرێدراوی ژیان هەبوو و هۆشی مرۆڤ
ڕولی نیسبیانەی خۆی لە هەست کردن
بە ئامانجەکانی ژیان و دەربینی
مەڕامەکانی لە ڕوانگەی داهێنانی
نەخشەکردنی سەر دیواری
ئەشکەوتەکاندا بینیوە . هۆنەرێش
بوتە بەشێکی جیانەکراوە لە ژیانی
سەرەتایەکیان و لەگەڵ ڕەوتی
قۆناغی گورانی ژیان وەک ڕەنگدانەوەی
واقیع و لایەنێکی گرنگی ژیان لە و
گورانەدا براوە و هەموپەڕەسەندنێکی
هۆشیش کە بوتە هۆی گوڕینی واقیع
بەڵە و باریکی پێشکەوتوتر هۆنەرێش
وەک بەرهەمێکی چالاکی هۆش بوتە
ئامرازێکی زیندووی. کاربگەر بو دوزینەوە
و گەڕان بەدوای شتی نوێداو هەر
بۆیەش چەرخی بەردینی نوێی کە
گوردونتشایل بە قۆناغی (بەرهەم
هێنانی خواردن) (۳) ناوی دەبات
و فریدریک ئەنگلس ئەم قۆناغەی بە
سەردەمی (بەربەریەکان) ناو بردە
بە هۆی فراوان بوونی نسبیانەی هۆش

و بیرکردنه‌وه‌ی مروف خویه‌وه هاته‌دی پله‌یه‌کی به‌رزی له ژیانی کومه‌ل خویدا بری مروفایه‌تی توانی تا رادەیه‌کی چاك خوی له سروشت جیاکاته‌وه و زیاتر بیخاته ژیر رکیفی هه‌ولدانی مروفانه‌ی خویه‌وه .

مروفه‌کانی ئه‌و قوناغه توانیان بو خوراك و ژیانی روژانه‌یان ته‌نها بشت به‌و گیاندارانه نه‌به‌ستن که راویان ده‌کردن به‌لکو ئه‌و قوناغه‌ی چه‌رخی به‌ردینی نوی توانی بیارو دوخ وه‌هه‌لیکی گونجاو بو مروف بینیته ئاراوه که ئه‌وبش به‌هوی فراوان بونی نیسبیانه‌ی هوشه‌وه بوو که له پیشکه‌وتنی نیسبیانه‌ی که‌ل و په‌لی به‌رهه‌م هینان و که‌ره‌سه‌ره‌تاییه‌کانی ژیاندا خوی‌ده‌نوانه مروف له‌و سه‌رده‌مه‌دا توانی بهۆی فراوان بونی هوش و پیشکه‌وتنیه‌وه که‌ل و په‌لی به‌رهه‌م هینان و که‌ره‌سه‌ره‌تاییه‌کانی ژیان مسوگه‌ر بکات نه‌مه‌ش به‌رهه‌می سه‌ره‌تایی کشتوکال هاته‌دی ئه‌مه‌ش وه‌که کوده‌تای ئه‌م قوناغی ژیانه‌ش کارتیکردنیکی گه‌وره‌ی هه‌بو بو سه‌ر ژیانی مروفی کون و یه‌کجاره‌کی مروفی له ئاژه‌ل دابری و شیوازی مروفایه‌تیه‌کی نوێی دایه که ئه‌م گورانه‌ش له ئه‌نجامی کارکردنه‌وه‌ی هاته ئاراوه و کار کردن وای له مروفی ئه‌و چه‌رخه کرد که چیتر نه‌بیته کویله‌ی سروشت و له به‌رامبه‌ر مه‌ترسیه سروشتیه‌کانیدا نه‌بیته ته‌زاو ته‌ده‌رو به‌هوی کار کردنه‌وه توانی شورشیك به‌سه‌ر مه‌ل که‌چی مروڤی چه‌رخی به‌ردینی کونیدا بکات کارکردن لای مروفی سه‌ره‌تایی بوو به‌هوی گواستنه‌وه‌ی قوناغی ژیان له (کوکردنه‌وه‌ی خوراك) بو (به‌رهه‌م هیناني خوراك) چونکه هه‌روه‌کو فردریك ئه‌نگلس ده‌لی (کارکردن سه‌رچاوه‌ی هه‌موو شورشیکه) (٤) کارکردن وای له مروڤی چه‌رخی به‌ردینی نوی کرد که به‌هوی که‌ره‌سه‌کانی سه‌ره‌تایی کشتوکال و به‌رهه‌م هینانه‌وه شورشیکی مه‌زن به‌سه‌ر چه‌رخی به‌ردینی کونیدا بکات و ژیر خانه کومه‌لایه‌تیه‌که‌ی مروڤ شیوازیکی پته‌وی خوی وه‌ربگری . ـ گورینی واقیع و ژیانی مروڤ ره‌نگدانه‌وه‌ی پیشکه‌وتنی هوشی مروڤ خویه‌تی هونه‌ر و ئه‌ده‌بی سه‌رخانی کومه‌لیش به‌رهه‌میکی دانه‌براوی چالاکی هوشی مروڤه و ئه‌وبش له‌گه‌ل ره‌وتی شته‌کاندا ده‌رواو له و پیش که‌وتنه نسبیه‌ی ژیانی

هەولێری کتێب

کومەڵ دانابوبێت و دەبێتە بەشێکی گرنگی ژیانی کومەڵایەتی . لەگەڵ بەرەو پێش چوونی هەر قۆناغێکدا وەک رەنگدانەوەیەک بۆ گۆرانی واقیعە مادیەکەی دەوروبەر ئەویش لە گۆران و هەنگاونانێکی بەردەوامدایە گۆرانی واقیعی چەرخی بەردینی کۆنیش کاری کردە سەر گۆڕینی تەواوی بەرهەمەکانی هۆش کە هۆنەرێش لایەنێکی گرنگی بوو لە چەرخەدا راوکردن و ئامانجە سنوور بۆ دانراوەکانی ژیانی سادەی ئەو سایان لە بەرهەمە هۆنەرییەکان رەنگی دەدایەوە لە ئەنجامی رەنگدانەوەی واقیعی سەردەم بۆ سەر هۆش و بیرکردنەوەی مرۆڤی سەرەتایی . بەڵام کاتێ شێوازی ژیان و ئابووری گوێزرایەوە بۆسەردەمێکی پێشکەوتوتر کە ئەوەش شێوازێکی پێشکەوتوی هەوڵدان بوو بۆ شێوازێکی پێشکەوتوتری ژیان و لە بەرهەمی هۆشی و پەرەسەندنی بیری مرۆڤەوە لەدایک بوو . مرۆڤ کاتێ لە کۆمەڵگای سەرەتایدا دەژیا پەیوەندی بە نهێنیەکانی سروشت و جەوهەری واقیع و گیانی ناکۆکیەکانی سەردەمەکەو نەدەبرد ـ هۆش ـ لای مرۆڤی سەرەتایی بە و شێوەیە نەخەڵکی بوو کە هەست بە هەموو شتەکانی دەوروبەر بکا و بە قۆڵی بچێتە ناو ڕووداوەکانەوە تەنها لە سنوورێکی تەسکی واقیعەکەی دەوروبەر ئەوێش لە گەڵ ئەوەدا لە سنوورایەوە لە گەڵ ئەوەشدا پێشکەوتنێکی نیسبی بەسەر هۆش و بیرکردنەوەیدا هاتبوو لە ئەنجامی تعامل کردن لەگەڵ واقیعی دەوروبەری خۆی و پێوبستیەکانی ژیانەوە بەڵام ئەوەش نەدەگەیاند کە توانای هەست کردنی هەیە بە ڕاهێر ئەو شتانەی کە زۆری بیر لێدەکردنەوە و بێونە گری کوێرەیەک لە ڕووی ژیان و هۆشە نەکاملەکەی بە تایبەتی ئەو کارە ساتانەی کە ترسێکی قوڵیان خستبوە دەروونیەوە و لە ئەنجامی نهێنیەکانی سروشتەوە سەربان هەڵدابوو وەک لافاوو بۆمە لەرزە و کارەساتە سروشتیەکانی تر .

پەی نەبردنی هۆش بە ڕاهێر بەو گری کوێرانە کە ئەویش بە هۆی نەبوونی زانستی کەوە بووکە بەیتە کێلێکی کردنەوەی ئەو نهێنیانەو دەرگەی نەکردنی بەو ڕووداوانەو تەسکی بیروهۆشی مرۆڤی سەرەتا بۆنە هۆی

داهینانی ئه‌فسانه‌و سه‌رنامگیری بو چونی خه‌یال. بیروڕای میسالیست له‌م قوناغه‌ی کومه‌ڵگادا خوی دارشت ئه‌وه‌یش له ئه‌نجامی پیشنه‌که‌وتنی که‌لوپه‌له‌کانی به‌رهه‌م هینان بو و رادەیه‌کی که بتوانی پەی بو نهێنیانه به‌ری و ببیان به‌ره‌و ڕووی واقیعی ده‌وروبه‌ر ببیته‌وه. هۆشی مرۆڤی ئه‌وکاته ئه‌وه‌ی له باران‌دا نه‌بو زانستیانه مه‌سه‌له نبینیه‌کان هه‌ڵه نگینی و به‌ووردی له هوو ئه‌نجامه‌کانی بکولیته‌وه و چوك دادانی مرۆڤ به‌رامبه‌ر کاره‌سانه‌کانی سروشت بو به شتیکی چاوه‌ڕوانکراوو پیرۆز باربو له هیزیکی غه‌یب و له‌توانادا نه‌بووی مرۆڤ بو هه‌ڵسه‌نگاندنی و لێکدانه‌وه‌ی ناکۆکی و دژه‌کانی سروشتیه‌تی شته مادیه‌کان و هه‌ر له‌وکاته‌شدا بو که هونه‌ر ئه‌ندیشه‌یه‌ك که به‌یان به نهێنیه‌کانی واقیع نه‌ده‌برد هاتنه‌کایه‌وه که تا رادەیه‌کی زۆر ده‌بونه ئاوێنه‌ی ڕه‌نگدانه‌وه‌یه‌کی دروستی ڕوداوه‌کانی ڕۆژانه‌ی خه‌ڵك و بینین به‌و واقیعه نه‌ڕۆژاوانه‌ی که مرۆڤی ئه‌و ساته تێیدا ده‌ژیا.

له‌گه‌ڵ به‌ره‌و پیش چونی ژیان و کۆمه‌ڵ و تێکه‌ڵ بونی زیاتر له‌گه‌ڵ تراژیدیای ڕۆژانه‌ی ده‌روبه‌ر هونه‌رپیش وه‌ك بینینی ئه‌و ڕوله‌ی که ده‌که‌وێته سه‌رشانی که‌وته زیاتر ده‌ڕوبینین و زیاتڕ له ژیانی مرۆڤ و ڕوداوه‌کاندا ده‌توایه‌وه و تێکه‌ڵ به‌هه‌موو لایه‌نه‌کان ده‌بوو له‌گه‌ڵ گه‌شه‌سه‌ندنیکی ڕوونی شته‌کانی ده‌وروبه‌ر ڕوداوه‌کان هونه‌ر ئه‌ده‌بیش زیاتر ده‌که‌وته گه‌شه‌و ڕولی کاره‌کانیان گه‌وره‌تر ده‌بوو.

هه‌ركه کومه‌ڵگای مرۆڤایه‌تی و هه‌نگاوه‌کانی که‌وتنه قوناغێکی نوێ و ڕوداوێکی گه‌وره‌ی ژیان به‌گواستنه‌وه‌ی سه‌رده‌میکی میرۆیی ڕوبه‌ڕوئه‌ده‌بو هونه‌رپیش که‌وتنه داهینانی گه‌وره‌ی نهێنیانه به‌رامبه‌ر به قوناغی ڕابوردوی خوی و هه‌ربویه‌ش بوو کاتی مرۆڤ که‌وته به‌ر ته‌وژمی چه‌وساندنه‌وه و پێشێل کردنی‌که‌رامه‌ت و مافه مرۆڤانه‌که‌ی ئه‌وا ئه‌ده‌ب و هونه‌رپیش وه‌ك ڕه‌نگدانه‌وه‌یه‌ك ئه‌و بارو واقیعه‌ی ژیانی مرۆڤیان پیشان داوه وه‌ك به‌شداری کردن و کار کردنه سه‌ری به‌رهه‌می هۆشی مرۆڤ له ڕووداوه‌کانی مرۆڤو واقیعی ده‌وروبه‌ر هه‌ر له‌سه‌رده‌می کۆیلایه‌تیه‌وه چه‌ند دیارده‌یه‌ك له

هەوالنامەی کتێب

هۆشی مرۆڤدا ڕوبدا وەک بەرەو ڕو
بونەوە و بەگژداهاتنەوە یەک بەرامبەر بە
مولکیەتی تایبەت . الملکیه الخاصه ـ
و ناربک و شێرژە بی ئەو مولکیەتیەی
تایبەتە لەگەل جەوهەری مرۆڤایەتیدا
و دابەش بونی مرۆڤ بەسەر چینەکانی
چەوساوە و چەوسێنەر کۆیلە و خاوەن
کۆیلە دەست بەسەراگرتنی هەندیکی
کەم لە مرۆڤی دەسەلاتدار بەسەر
زۆربەیەکی زۆر لە مرۆڤی ژێر دەستەی
هەر لەوساتەوە ئەدەب و هونەر ڕیش
بەرولیکی گەورە تروو بەرژتر هاتنەی
مەیدانی چالاکی گورانکاریەکانی
کۆمەڵگای مرۆڤایەتیەوە و دەوری ئەدەب
و هونەر تەنها لەوسنورە تەسکەدا
نەمایەوە تەنها لە مەداریکی ڕوونی
ڕەنگدانەوە و دەربڕینی مەبەستەکانی
مرۆڤی سەردەمەکانی چەرخی بەردینی
کۆن و نوێدا بسوڕیتەوە و بەوبنەی
کردن و دەربڕینی ئەو شتانەی
بوەستیت کەلەهۆش و بیر کردنەوە یەکی
تەسکی ڕۆژانە پیدا گینگلی دەدا بەلکو
ئەدەب و هونەر لەگەل سەردەمەدا
هەلدانی چەوساندنەوە و پەیدابونی
چین و توێژی کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا لە
گەل گورانی گەورەی واقیعیەتی
شتەکاندا گۆڕەپانیکی گەورەتری

وەرگرت و بەرهەمی گەورەی هاوشانی
ڕوداوە گەورەکانی ژیانی هینایەوە
بەرهەم و داهینانیکی گەورەی خولقاند
هۆشی مرۆڤایەتی لەو سەردەمەشدا
نەیدەتوانی زانستیانە دەرک بەکێشە
قۆل و بنچینەی دژایەتیەکان بکات و
لەتوانای بیرکردنەوەی مرۆڤەکانی کەو
سەردەمەشدا نەبوو بەتەوای بچیتە
ناو قوڵایی مەسەلە شاردراوەکانی
ژیانی مرۆڤ و بەهۆشەندیەکی
فراوانەوە بەشداری گورانکاریەکانی
ئەو قۆناغە بکات بوبەهەرلەو
ساوە ئەدیب و هونەرمەندەکان
هۆشەندەکانی ئەو سەردەمۆ قۆناغە
بەهوی خوبەناموزانین ـ التغرب ـ
لەو کۆمەڵگایەی کە تیبدا دەژیان و
نەگونجان و ڕازی نەبوونی کەسیتیان
بەرامبەر ڕوداوەکانی واقیع و دەوبەرو
مەجرای جولانەوەکانی ئەو قۆناغە
کەوتنە یاخی بون و لەبەدیلێک
دەگەڕان کەئەو واقیعە تاڵو
چەوساندنەوەیەی کە مرۆڤ تیایدا
کەڕەسەیەکی بی بایەخ بو بە
واتیەکی لەبارو بی چەوساندنەوەی
بگورن . بەڵام بەهوی فراوان نەبونی
هۆش و بیرکردنەوە بەبارتەقای ئەم
داوایەی ژیان و پیویستی بەو

رادەیەیەی کە بتوانری دەرك بـە و کێشە و ناڵە باریانە بکرێت کە بونەتـە هۆی چەوساندنەوە و دەرنەچونـی ـ الانطلق ـ هۆشی مرۆڤەکانی ئـە و ساتە لە قۆناغی هەستکردن بـە و چەوساندنەوەیە بە هۆی تێبەڕنەبونی ڕەگەزەکانی ئەو هەستە بە نامـۆی کردنە بکەن هەر بۆیەش ئەو دیـب و هۆنەرەندەکانی ئەو سەردەمـە ڕەگی ڕوداوەکانی واقیعیان لێوون ، دەبوو لە ئەنجامی بیشنەکەوتنـی کەڵ و پەلەکانی بەرهەم هێنـان و نەبونی زانستێك کە دەرك بـە و شتانە بکات کە ببونە گری کوێـرەی خەون و خەیاڵەکانی بۆیە کەوتنـە. دروست کردنی جیهانێکی دوور لـە واقیع کە ئەوان خەونیان پێـوە دەبینی جیهانێك کە دوربێت لـە چەوساندنەوە ژیانێکی ئاسـودە و بەختەوەری تێدا بەدی بکرێـت هەر بۆیەش بوو هۆنەرەندو ئەدیبەکانو ئەو سەردەمە کەوتنە هۆنینـەوەی جیهانێکی خەیاڵی جیهانێـك کـە دوربێت لە واقعی دەوروبەر بەڵام ئامانجی مرۆف بوو خەونی پێوە دەبینی ئەو خو بە ناموزانینەی مرۆفـە هۆشەندەکانی ئەو سەردەمە بـوە هۆی دامەزراندنی ـ کۆمەڵگای خەیاڵی یوتوپی ـ و دارشتنی خەیاڵیانـەی ـ شاری پیرۆز ـ و ـ دۆرگەیبەختیار ـ کە مرۆف تیایانا هەستی بە برایەتـی و هەرزانی و دادگەری و خۆشـی و بەختیاری دەکرد هەروەکو ئـە و ئەدیبە کۆنانەی کە هەستیان بـە بونی ئەو جیهانە خەیاڵیە دەکـرد بو بڕکردنەوەی ئەو هۆشاییـە وبستیانەی کە ئامانجەکانی خوبانیـان تێدا دەبینیەوە .

ئەفلاتون لەسالانـی (٤٢٧ ـ ٣٤٧) ـ ی پێش زایـن کە ـ شاری پیرۆز ـ ی دارشـت و قەدیس ئۆگستین لـەسـالانـی (٣٥٤ ز ـ ٤٣٠ز) شـاری خوای دارشت ئەمانە هەموگەرانیکـی ئاوەزەکانی هۆش و بیرکردنـەوەی مرۆف بوو بو ئەو جیهانەی کە خوبـان دەیانەوێست و مەرامە کە بـەسـت کراوەکانی ئەوسای دەردەبڕی .

لەبەر زاڵ نەبونی هۆشیـان بەناوەوەی شتەکان و بنچینـەی ڕوداوەکان و لەتوانادا نەبونی مرۆفـی ئەو سەردەمە بو گۆڕینی بـاری کۆمەڵایەتیان بەرەو باریکـی پێشکەوتوتر پەنایان بردە بـەر

هەوالنامەی کتێب

ئەندیشە و داڕشتنی دنیایەکی تری ناو واقیع و بی چەواندنەوە لەسەر بالی خەیال . دوورکەوتنەوە شیان لە واقیع هەر لەو ڕیبازو بارەوە سەری هەلداو هەر لیرەشەوە بیرۆکاوەری ئایدیالیزم ـ المثالیە ـ ڕەك ڕیبازێك گەلالە بوو سەرەتای بنچینەکانی خوی لەسەر شانی تەسکی هوش و نە بونی ڕیبازێکی زانستیانە داڕشت بەڕادەیەر واقعی ژیان و پەیدا کردنی بەدیلیکی ناواقیعیانەی خەیالی بو پڕ کردنەوەی ئەو واقیعە دروستەی کە هوشیکی بیشکەوتوترو تاقی کردنەوەیەکی دەولەمەندتری دوور دریژی مرۆڤایەتی دوژمنەوەی نبینیەکانی بوو دەسەلات بەسەر ڕانەشکانی هوشی مرۆڤکانی ئەو قۆناغەش بەسەر یاسا نەدۆزاوەکانی سروشت و بنچینەکانی ناکۆکی یاساکان و چەواندنەوەی زۆربەلایەن کەمەوە بوە هوی داڕشتنی ئەو جیهانە خەیالیەی خەونیان بیوە دەبینی کەهەموئەمانە لەسەر بالی ئایدیالیزم بەرەو دەکراو بەدەوری نوقتەیەکی وون بودا دەسوڕایەوە لەگەل ئەوەشدا ئیمە دەتوانین دان بەوەدا بنیین کەئەدەب وهونەر لە قۆناغی کوبلایەتیدا ئەرکیکی گەورەترو نویتری کەوتە سەرشانی ئەویش بەشداری کردنی نسبیی و سەرەتابی نازانستیانەی ئەدەب و هونەر بوو لەژیانی کۆمەڵ و هاتنەمەیدانی بەرهەمیکی گەورەی هوش و بیرکردنەوەی مرۆڤ بو کەئەویش لە فراوان بونی نسبی هوش خوبەوە هاتە کایەوە وەك ڕەنگدانەوەی بوینی دوو قۆناغی دواکەوتی گورانی کۆمەڵی سەرەتابی کەقۆناغی چەرخی بەردینی کۆن و نوی بو .

ناقی کردنەوەکانی ژیانی مرۆڤایەتی لەکۆمەڵگای کوبلایەتیدا بەرهەمیکی گەورەی هوشی مرۆڤ بوو پەوەی کە توانرا لەو سەردەمەدا مرۆڤ شیوەکۆمەڵایەتیەکەی خوی وەربگری و چیتر دەستە پاچەی سروشت نەبیت و بەتەواوی ژیانی لەئاژەڵی دابڕیت بەڵام مرۆڤایەتی ئەو قۆناغەش کەوتە بەر چنگی چەواندنەوەیەکی گەورە لەبەردەم کەمەتیکی زۆر لاوانی دەست ڕویشتودا کەئەو لایەنەکەمەش بەهوی مولکیتی تایبەتی و هوبەکانی بەرهەم هینانەوە هاتە

مه‌یدانه‌وه‌ و به‌ته‌قینه‌وه‌ی ئه‌وه‌ و
پاله‌په‌ستویه‌ی که‌چه‌وسینه‌ره‌ خاوه‌ن
کوبله‌کان به‌سه‌ر کوبله‌کانیاندا
ده‌سه‌پاند تاله‌ئه‌نجامی پاله‌په‌ستوی
ئه‌و چه‌وساندنه‌وه‌یه‌ گه‌نده‌ل بونی
واقیعه‌که‌یان له‌ناو بوته‌ی یه‌کیه‌تی
ده‌رهکاندا ـ وحده الاضداد ـ
دوایی به‌م قوناغه‌ش هاته‌وو
هه‌نگاوه‌کانی ئه‌م قوناغی کوبلایه‌
بو کومه‌لگای ده‌ره‌به‌گایه‌تی
گوازرایه‌وه .

ئه‌ده‌ب و هونه‌ریش له‌گه‌ل گواستنه‌وه‌ی
هه‌ردو قوناغیکی کومه‌لایه‌تیدا
ره‌نگده‌ره‌وه‌ی گه‌وره‌بونی کیشه‌کانی
ناو کومه‌ل بوون و زیاتر له‌گه‌ل
ده‌سه‌له‌کانداناویته‌ده‌بو بوبه‌به‌
گواستنه‌وه‌ی هوبه‌کانی به‌رهه‌م هیناان
له‌ژیر ده‌ستی خاوه‌ن کوبله‌کانه‌وه
بو به‌رده‌ستی ده‌ره‌به‌گایه‌تی ئه‌ده‌ب
و هونه‌ر بو به‌خاوه‌نی ده‌وایه‌کسی
فراوانتر و قوناغیکی تری هاته‌سه‌رده‌م
چونکه (روشنبیری وه‌ک زاراوه‌یه‌کی
زانستی کومه‌لایه‌تی سه‌رخانی
کومه‌لگایه که له هونه‌ر و ئه‌ده‌ب و
بیری سیاسی و به‌رهه‌وده‌بی‌ده‌ارشتنه‌کانی
ئه‌لیه‌ته‌و زانست و یاسایه‌وه‌ دیته
ئاراوه) .

ئه‌ده‌ب و هونه‌ر له قوناغی
ده‌ره‌به‌گایه‌تیشدا ره‌نگده‌ری مه‌سه‌له‌ی
مروف و گه‌وره‌بی رودا‌وو کیشه‌کانی
بوو ئه‌وبش به هوی ده‌ست به‌سه‌را
گرتنی هوبه‌کانی به‌رهه‌م هیناان و
چه‌وساندنه‌وه‌ی جوتیارانه‌وه ده‌ستی
پیکرد به هوی گواستنه‌وه‌ی به‌یوه‌ندیه‌کانی
به‌رهه‌م هینان له‌سه‌ره‌ک خیله‌کانی
سه‌رده‌می کوبلاتیه‌وه بو سه‌رده‌می
پیشکه‌وتوی نسبی ده‌ره‌به‌گایه‌تیه‌وه
هاته‌کایه‌وه ئه‌مه‌ش له ئه‌نجامی
ده‌ستبه‌سه‌راگرتنی ده‌ره‌به‌گایه‌تی
به‌سه‌ر که‌لوپه‌له‌کانی به‌رهه‌مهینانه‌وه
بوو . ژه‌وبش ده‌وریکی سه‌ره‌کی هه‌بوو
بو ده‌ره‌به‌گایه‌تی و جوتیاره‌کوبله‌کانیش
بونه‌ژیرده‌ستی ده‌ره‌به‌گه‌کان
به‌لام هه‌ر چونیك بیت ئه‌وه‌ بازدانیکی
گه‌وره‌بوکه له‌سه‌ر به‌رده‌بانی
کوبلایه‌تیدا روبدا چونکه مروفی
ئه‌و قوناغه به‌یه‌کجاری نه‌به‌ستراببوه
به‌ده‌ره‌به‌گ و تا رادیه‌یه‌ک‌سه‌ربه‌خوی
گه‌ستی خوی هه‌بوو هه‌ر بوبه‌ش
بو له قوناغی ده‌ره‌به‌گایه‌تیدا
ئه‌ده‌ب و هونه‌ر له کیشه‌چره‌کانی
گونه‌لی ئه‌و روژیه‌دا که‌وته‌خودارشتن و
هه‌ست کردن به قولبونه‌وه‌ی بنچینه‌کانی
چه‌وساندنه‌وه‌و خوبه‌نامرزانینی مروف

هه‌ولێرله‌ی کتێب

نووسەری کوردستان

بەرامبەر واقیعی دەروبەرو مەبەستە
بنچینەیەکانیان و گوزینی ژیر خانی
مادی ئابووری بو دەستەیەکی تری
چەوسینەر لە دەرەبەگایەتی چونکە
(روشنبیری کوەل سنوور بو
داناوە و بەیوەندیە فراوانەکانی
بەرهەم هینان دەربەری و
داویژەری راستیە بنچینەیەکانە لە
واقیعی مادی مەوزیی دا واتە
بوون ـ الوجود ـ خوی سنور بو
هەرچی دیاری دەکاو لیکی دەداتەوە)
کە واتە هەر لیکەوە دەتوانین دان
بەوەدا بنین کە ئەدەب و هونەر
پەیوەندیەکی دیالیکتی تیندو تواین
بەژیر خانی مادی کومەلەوە هەیە و
ئەو ژیر خانە مادیەش کاریگی راستە
و خۆ دەکاتە سەرخانە رۆشنبیریەکە
ئەدەب و هونەرویش بەشیکی گرنگی
سەرخانی کومەلایەتین هەمەست و
ووی ناسکی دونیا بەرامبەر ژیان و
واقیع و ژیرخانە کومەلایەتیەکە .
ئەدەب و هونەر لە سەردەمی رۆژهی
دەرەبەگایەتی ئەبایە تالوتە
بو دەبەتەیی لە گەرنە چونکە بەرهەمی
بەرهەم هینانی هیزی دەرەبەگایەتی
لەدنیا بەشیوەیەکی لە ژیان و
ئاوازەکانی سەردەم کاریگەر دەانە کانی

جوتیاران ببو ئیش و ئازارەکانی
ئەوانی دەردەبەری .
ئەو قوناغە میژوویەی کە کە لوبەلی
بەرهەم هینان و ژیرخانە مادیەکەی
کومەل بنەڕادەیەک بەرەی سەندو
کامل بو تاوای لیهات پیویستی بە
قوناغیکی گەورەترو بەهیز تر بوو بو
ئەوەی بتوانی خوی بخاتە ئامێزی
ئەو گەل و پەلە بەرهەم هینەرە
گەورانەو بە تایبەتی کاتیک کە
جوتیارو پیشەوەرەکان ـ الحرفیین ـ
ی سەردەمی دەرەبەگایەتی کە وتنە
خو بو پەرەدان بە داهاتی
کەشتکال و داهاتی بەرهەمی تری
و سودەرگرتنی زیاتر لە مەسرو
لایەنەکانی بەهری داهینانی تیدی
هیش بەرهەم هینان و انطلاق کردن
لەو تەمگەبەرەی کە بەیوەندیەکانی
بەرهەم هینانی دەرەبەگایەتی سەپاندە
بەسەر و بەلیان زۆلایەتی شارەراوەی"
تری زیان هاویشت .
ئەو جگە لەوەی کە دوزینەوەی
هەندی هونی جوگرافیایی گرنگ لە
کرتابی سەدەی پانزەهەم و سەرەتای
سەدەی شانزەهەم کەبوە هۆی
دوزینەوەی دەریکو ویگای دەریای
هند کە ئەوانە چەند نبینیەکی

گەورەیان لە بەردەم مرۆڤایەتیدا ئاشکرا کردبوو هەوڵی ئەوەی کە ئەو رژیمەی دەرەبەگایەتی نەتوانێ بەرگەی ئەو هێزە مەترسیدارەی پێشکەوتنی کۆمەڵ بگرێ و نەتوانن بەو شێوە کلاسیکیەی هۆش و تێروانینیان بەرامبەر دینامیکیەتی ژیان مانیفاکتۆرەکانی پێشکەوتن رەکابێنن. بۆیە جیهان پێویستی بە رژێمێك بوو کە بە هۆش توانایەکی گەورەتری بێتە مەیدان بۆ ئەوەی ئەو ژێر خانە کۆمەڵایەتیەی کە مرۆڤایەتی لە بریتی قوناغەکانیدا وەدەستی هێنابوو رابگرێ.

دەرەبەگایەتی و رژێمە گەندەڵەکەی نەیاندەتوانی لەگەڵ سروشتیەتی تەو گۆڕانکاریو پێشکەوتنە شارستانیەتە خۆی بگونجێنی کە ژیانی نوێی مانیفاکتۆرە لەناو جەرگەی دەرەبەگایەتیەکە خۆیەوە دەریهێنا چونکە هەر وەکو مارکس دەڵێت (گۆڕانی هێزەکانی بەرهەمهێنانی نوێ بەردەوام کەوتە دژایەتی لەگەڵ پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان و مانیفاکتۆرەش پێویستی بە کریکاری ئازاد هەبوو و دەرەبەگایەتیش جوتیاری بە زەویەکەوە دەبەستەوە) ٦ ئەرکی وەلانانی قوناغی گەندەڵ بوو رژیمی دەرەبەگایەتی کەوتە دەستداهێنانە نوێکانی مانیفاکتۆرەو شارستانیەتی کۆمەڵ بۆ ئەوەی بە شۆرشێکی نوێی تەکنیکی و کودەتایەکی روشنبیری قوناغێکی نوێ و پێشکەوتو بۆ ژیانی مرۆڤایەتی بینیتە دی تا لە ئەنجامدا بەو دەسکەوتە مەزنانە چەرخی رابەرینی ئەورپاو شارستانیەتی پێشەسازی کۆمەڵی مرۆڤایەتی رووبداو ئەم گۆڕانەش بۆ بە هۆی گواستنەوەی پەیوەندیە سەرەکانی بەرهەمهێنانی دەرەبەگایەتی بۆ پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی نوێی سەرمایەداری. ئەو دەبێ بە رابەری ئەو چەرخە نوێیەی کە گۆڕانێکی نوێ و گەورەی بەسەر ژیانی مرۆڤایەتیدا هێناو شۆرشێکی پێشکەوتنخوازانەی بەسەر رژیمی دەرەبەگایەتی داکرد کە وتەی قوناغێکی گەورەتری بۆ رووداوی وا کە دەرفەتێکی لەبار بۆ داهێنانەکانی بڕەخسێنی و چرتڕو بە پێز تر بێتە مەیدانەوە و بەرگەی ئەو گۆڕانکارییە نوێیانە بگرێ کە بەسەر ژیان و سەردەمەکەدا هات و ببێتە ئاوێنەی دەسکەوتە مەزنەکانی مرۆڤ و ئامانجی کەرەسە نوێکانی بەرهەمهێنان و لەگەڵ قۆناغەوەی کێشەکانی مرۆڤ و

هەڤاڵتامەی کتێب

پیشکەوتنی شتە مادیەکان زیاتر
رەگ داکوتی و بە ناوەرۆك وداهینانیکی
نوێی وە بەرەوروی واقیع و بەربەستەکان
ببیتەوە داهینانی ئەو کەرەسە
نوێیانەی بەرهەم هینانی پیشکەوتنی
مرۆڤایەتی و ئەو بازدانە گەورەی
مرۆڤایەتی هاوبشتی و ئەو ژیر خانە
یەهیزەی کە بەیوەندیەکانی بەرهەم
هێنان لە ژیر سایەی هیزەکانی
بەرهەم هینانی وەدەستیان هینان
پێویستیان بەئەدەب و روشنبیریەك
هەبوو کە بتوانی بەرگەی ئەو
پیشکەوتنە تەکنەلوجی و زبانە
هاوچەرخەیە بگریت کەوەك
دەسکەوتیکی دوور دریژی میزوویی
مرۆڤ هاتبونە گوری و پیشکەوتنخوازی
سەردەمەکەی خوی بوو .

لەگەل قۆلبونەوەی رژیمی سەرمایەداری
بە ناکۆکیەکانی خویدا کە لەئەنجامی
پەرەسەندن و پیشکەوتنی رژیمەکە
و ژیرخانە مادیەکەیدا دروست ببوو
وورده وورده لەگەل جەوهەری
کیشەکاندا کە وتە خودورانەدن و
پیشکەوتنخوازیەکەی خوی وەك ئامانجیك
بو پاشە رۆژی داهاتو لەدەست دا
بەتایبەتی لەسەرەتای دوا چارەکی
سەدەی نوزدەهەم کە رژیمی
سەرمایەداری گەیشتە دوا قوناغی
پەرەسەندن و پوبەی چەوساندنەوە و
دەست بەسەراگرتنی مونوپولیانەی
ـ الاحتکاریە ـ هەروەکو لینین دەلی
(ئیمپریالیزم بالاترین قوناغی
سەرمایەداریە) بەهوی
پەرەسەندن و فراوان بوونی سەرمایە و
پەیوەندیەکانی بەرهەم هینان
چەوساندنەوەی مرۆڤیش گەیشتە
تەقینەوەی لەئەنجامی پیگە یشتنی
چینیکی شورشگیری هوشەندو ژیر
دەستە کە ئەویش چینی کریکار بوو .

ئەو شورشە پیشەسازیەو
رژیمە سەرمایەداریەکەی کەلە
سەرەتادا روبەکی پیشکەوتنخوازانەی
دار بویەو بەهوی دەسکەوتەکانی
بەکودەتایەکی مەزن دەژمیرا کە
چەند هەنگاویکی گەورەی بو
شارستانیەت هاوبشت و ئەو رژیمە
دەرەبەگایەتی یەکونە پەرستەی
هەلتەکاند کە نەیتوانی کیشەکان
چارەسەر بکات . بەلام ئەم شورشە
لەراستیدا تەنها شورشیك بو بە
سەر پەیوەندیەکانی بەرهەم هینانو
دەسەلات و هوکانی بەرهەم هینان
لەدەرەبەگەکانەوە گواسترابووە بە
سەرمایەدارەکان چینەژیر

ده‌سته‌کانی خواره‌وه‌ واته‌ هیزه‌کانی
به‌رهه‌م هینه‌ر هیچ گورانیکی
ئه‌وتویان له‌ژیان و ده‌سکه‌وته‌کانی
ئه‌م رژیمه‌ش به‌دی نه‌کرد که‌وه‌ك
هه‌قیکی خویان بیته‌دی چونکه‌
(شورشی به‌سه‌ر ـ که‌ره‌سه‌کانی
به‌رهه‌م هیناندا ـ ناتوانیت له‌
به‌رژه‌وه‌ندی موفایه‌تی دابیت ته‌نها
شورشیك نه‌بیت به‌سه‌ر په‌یوه‌ندیه‌کانی
به‌رهه‌م هینان ـ دا که‌ئه‌ویش
ناوه‌روکه‌که‌ی گواستنه‌وه‌ی رژیمی
سه‌رمایه‌داربه‌بو رژیمی شوسیالیستی) ۷
نووسه‌رو که‌دیبه‌کانی ژیر بالی
ئه‌و رژیمه‌ش که‌تیروانینیکی وورد یان
هه‌بوو به‌رامبه‌ر واقیع و کیشه‌
گه‌وره‌کانی موفایه‌تی و خاوه‌ن
هوش و بیرکردنه‌وه‌یه‌کی به‌رین و
لیکدانه‌وه‌یه‌کی زانستیانه بون به‌
هوی فالبونه‌وه‌یان له‌و داهاته‌
زانستیه‌ی که‌ته‌کنه‌لوجیای رژیمی
سه‌رمایه‌داری پیشکه‌وتوو دای هینا بو
وه‌ك ره‌نگدانه‌وه‌یه‌کی ناکوکیه‌کان و لیك
ترازانی په‌یوه‌ندیه‌کانی به‌رهه‌م هینان
نوسه‌رانیش که‌وتنه‌ جموجولیکی
هوشمه‌ندانه‌و ئه‌ده‌ب و هونه‌ریش
گه‌یشته‌ پله‌یه‌کی به‌رزی داهینان
و هه‌ست به‌لیپرسراویه‌تی میژویی خوی
ئه‌مانه‌ش هه‌موو ره‌نگدانه‌وه‌ی ئه‌و
ناکوکیه‌ی کیشه‌کانی کریکارو سه‌رمایه‌دارو
پیشیل کردنی نرخی موفایه‌تی سه‌رده‌می
سه‌رمایه‌داری و تیکوشانی رزگاریخوازانه‌و
داواکاری مافی رامته‌قینه‌ی موفایه‌تی
بوو

تی‌بینی / ئه‌م نوسینه‌ به‌شیکی نوسینیکی
دریژه‌ به‌ناوی (ئه‌ده‌ب و شورش) .

★★★

هەولێر کتێب

* سەرچاوەکان *

١) الفن والمجتمع / تاليف ـ هوبرت ريد/ ترجمه فارس مرى ظاهـــر/ ص٢٤ منشـورات ـ دار القلم ـ بيـــــروت

٢) اسس الفلسفه الماركسيه / تاليف ـ ف . افاناسيف / ترجمـــــه عبدالرزاق الصافى / ص٣٣٧/ منشورات الطريق الجديد / دار الرواد

٣) ماذا حدث فى التاريخ / جوردون تشايلد / ترجمه ـ جورج حـداد ص ١٨ / القاهره / سنه ١٩٦٦

٤) فردريك انجلس / دور العمل فى تحول القرد الى الانسان

٥) مقدمه فى نظريه الادب /ل٤ /تاليف ـ د. عبدالمنعم تليمـــــه دار العوده ـ بيـــــروت

٦) اسس الفلسفه الماركسيه /ف . افاناسيف / ترجمه ـ عبدالرزاق الصافى ص ١٧٦

٧) مقدمه فى نظريه الادب / د. عبدالمنعم تليمه /دار العوده ـ بيروت ص ٧٠

وتاریک باسی ده‌رباره‌ی نووسه‌رو ئه‌زموون

* نه‌وزاد ره‌فعه‌ت *

نووسه‌رو ئه‌زموونه تایبه‌تی و گشتی و تاقیکردنه‌وه هه‌مه‌چه‌شنه‌کانی ژیان چه‌ندان ئه‌لقه‌ی توندی پیکه‌وه به‌ستراوی لیک نه‌پچراون و کارتیکردنیکی کاریگه‌ربان به‌سه‌ریه‌که‌وه هه‌یه .. ده‌یاره چه‌ند نووسه‌ر خاوه‌نی ئه‌زموونی گه‌وره و جوراوجوری ئه‌وه‌نده ئاسوی خه‌یال و بیرکردنه‌وه‌ی فراوانتروزه‌مینه و بنه‌مای خولقانه‌ی ئه‌ده‌بی ره‌سه‌ن و نه‌مرو گرنگی له‌بارتر بو ده‌ره‌خسێ و ماوه‌ی نووسین و به‌رهه‌مدانی زیاتر ده‌بی ئه‌مه‌شیان به‌رادەیه‌کی زور به‌مه‌سه‌له‌ی به‌هره‌و توانا و کاراهه‌یی و لیهاتووبی و پله‌ی روشنبیری‌ی نووسه‌ره‌که‌وه به‌ستراوه‌ته‌وه که تا چ رادەیه‌ک ده‌توانی ئه‌م ئه‌زموونانه‌ی له قالب و شیوازیکی سه‌رکه‌وتووانه دابریژی و به‌رهه‌میکی ئه‌ده‌بی نه‌مرو چاکیان لی‌یخولقینی ئه‌ده‌بیکی وا که به دریژایی ته‌مه‌ن و روژگار تام و چیژی له‌ده‌ست نه‌دا و سال به سال سه‌رکه‌ش بمینیته‌وه و نه‌بیته کاریکی کاتی‌ی واکه‌کزی تیبه‌ری ئه‌ویش بمری .. چونکه ئه‌زموون هه‌رگیز بی لایه‌نه ته‌واوکه‌ره‌کانی تری هیچ ناکه‌یه‌نی ئه‌زموونه‌ش ده‌رباره‌ی نووسه‌ری گه‌وره و راسته‌قینه و ئه‌ده‌بی نه‌مر زۆرن و ده‌توانین ده‌ستنیشانی سه‌دان ئه‌زموونه‌ی له‌م بابه‌ته بکه‌ین نووسه‌ری وا که به‌رهه‌مه‌کانیان ره‌نگدانه‌وه و زاده‌و سه‌دای ژیان و گوزه‌ران و بیروباوه‌ر و بوچوون و هه‌لویستیانن ئه‌لبه‌ته ژیانی مروف له‌سه‌رچه‌می بارو دوخ و لایه‌نه‌کانی سه‌رخان و ژیرخانی کومه‌ل جیا نابیته‌وه بی شك ئه‌ده‌به‌که‌ش ره‌نگی ئه‌و سه‌رده‌مه ده‌گری و له‌گه‌ل تونا‌غیکی تری جودا ده‌کاته‌وه ئه‌وه‌تا به هۆی له ریگای رومانی (دونی کارام) ی نووسه‌ری گه‌وره‌ی روسی خاوه‌ن خه‌لاتی نوبل (میخائیل

شولوخوف) ە وە لە نزیکـــــــەوە
قوزاغەکانی دەروێشتی کە ناری روسـاری
(دون) دەناسین و ئاشنـــــــای
گوزەران و هەلسوکەوت و شەڕو شـوڕو
سیمای تایبەتیی و تووڕە بوون و هیور
بوونەوە یان دەبینن و تریقـــــــەی
پیکەنین و هەڵسکی گریانیانمان دێتەوە
بەڕگوی و کەفی لالغاوو ئارەقی لە شی
وولاخ و دیمەنی گوندو ئاسمـــــان و
کێلگەکانیانمان دێتەوە بەرچـــــاوو
یاد جگە لەوەی شارەزای ئـــــەو
فەترە میژوویە ناسکەی رووسیـــــا
دەبین .. ئاشکرایە گەر (شولوخوف)
لەوی نەژیاباو قوزاق نەباو ئاکـاداری
ڕووداوەکان نەبا نەیدەتوانـی بـــەم
وردەکارییە ئەو ڕومانە بنووسیتـــــەوە
بەهەمان شێوە (دوستویفسکـــی)
کەلە نووسەری بی هاوشانی رووسیـــاو
دنیا بوی نەدەکرا کۆمەلیک رومـــان
بنووسی کە بەڕاستیی ئاوینەیەکـــی
بی گەردی سەردەمی خۆیانـــــن
بەسەرهات و دڕاوەیی ژیان ، کێنگلی
شەوانی (ڕاسکولینیکوف) ی قارەمانی
ڕومانی (تاوان و سزا) چ خوێنەرێک
نابزوێنی ؟ من بەشی بەحالی خـوم
ئیستایش مرۆچرکم بەلەشدا دێ کـــە
ئەو ساتانە بیر مەترسی و ساماناکانـــەم
بێیر دەکەوێتەوە وەختێ (ڕاسکولینیکوف)
کێردەکە دەکێشی مەسەر پیرەژنـــــە
مارەدە خورەکەداو خوێن فیچقە دەکـاو
دوایی چی خشڵ و ستڵی بەهـــاداری
ڕەهن کراو هەیە دەیدزی .. هتد
(دوستویفسکی) ئەم ساتە ترسناکانە
زۆر بەوردی دەگێڕێتەوە لە ڕومانەکانی
تریشدا بەهەمان بەهرە هاتوتـــــە
پێشەوە تەنانەت لەهەر ســـــی
بەرگی شاکارەکەیدا (برایـــــان
کارامازوف) لەهەوەڵووشەوەتـــــا
دوا ووشـــــە لەنگیەک) ســـــەر
لێشێوانیک نابینی تێی کەوتبـــــی و
بوونبێتە هۆی دوودڵی یا ڕمانـــــی
قەناعەتی خوێنەر بەزنجیرەی دارشتنی
ڕووداوەکان و چۆنێیەتیی پیکـــــەوە
بەهەمان و باری دەروونی پاڵەوانەکان
و گۆڕانی .. هەر شیکردنەوەدەروونی
پاڵەوانەکانیشی بووبووە بناغـــــەی
دروستبوونی تیۆرە دەرووناسیەکانـــی
زانای بەناوبانگ (فرۆید) ئەوەی بـو
ئەو دوو ڕومانە ووترا بو ئەوانـــــی
تربێشی دەووترێ .

نموونە زۆرن بو سەلماندنـــــی
ڕاکان ئەوەتا (ئەندری مالـــرو) و
ئەزموونەکانی لە کاتی بەشدار بوونیدا
لەشەڕی چین و ڕەنگدانەوەیان لـــە

رومانی (خازبیه‌کان) (بوریس باسترناك) و عه‌یامی شه‌ری ئوکتوبه‌ر و رومانی (دکتور زیفاکو) .. هتد .

له بواری شیعریشدا (ئه‌لیوت) شایه‌تی ئه‌نجامی شارستانیه‌تی بوگه‌نی ئه‌وروپای سه‌رمایه‌داری‌ی پاش شه‌ری دووه‌مه‌و له چامه به ناوبانگه‌که‌یدا (ویرانه خاك) دوخ و باری دژواری ئه‌و سه‌رده‌مه به دی‌ی ده‌کری که پاش شه‌ری ناوبراو به‌سه‌ر ئه‌وروپادا هات .

(ئه‌لیوت) له شوینیکی چامه‌که‌یدا ده‌لی ..

من ژیانم
به‌که‌وچکی قاوه ده‌پیوم

ئه‌و په‌ری وه‌رسی و بیزاری له دونیا کانیدا وه‌دی ده‌کری . چامه‌ی (ویرانه خاك) هه‌تا ئیستا وه‌رگیردراوه‌ته سه‌ر زۆربه‌ی زمانه زیندووه‌کانی جیهان و سه‌رده‌مان لیکولینه‌وه‌ی زانستی و نا زانستی له‌سه‌ر نووسراوه‌و بوته مایه‌ی گفتوگۆ قسه و باسی سه‌رده‌مان کۆرو کاری کردوته سه‌ر به‌رهه‌می ده‌یه‌ها شاعیر .

(نازم حیکمه‌ت)ی شاعیری ناسراوی تورکیش شیعره‌کانی له ئازاری خۆی و میلله‌ته‌که‌یه‌وه ، له ئازاری مرۆڤه‌ره‌شو رووته‌کانه‌وه ، له به‌ندیخانه‌وه شیعری وه‌ك (یوسفه‌ی شه‌ل) و (داستانی شیخ‌به‌دره‌دین) ی هۆنیه‌وه ، له خوشه‌ویستی‌و ئه‌وینی (مه‌وه‌ر)ی ژنیه‌وه ناسکترین شیعری هه‌لینجا . له شیعریکیدا بو (مه‌وه‌ر) ده‌لی ..

به‌خیربی‌ی ژنه‌که‌م به‌خیر بی‌ی
نه‌گولاوم‌هه‌یه قاچه‌کانتی بی بشۆم
نه‌ته‌ختی زێڕ
ئه‌وچه‌ند دیره ئیجابیکی سه‌یر بۆمن ده‌دا .

چه‌وساندنه‌وه‌ی میلله‌تی کوردی زۆر - لی کراویش له‌لایه‌ن داگیرکه‌ران و بیگانه و دوژمنه‌وه و پی شیل کردنی‌سه‌ربه‌ستی و ده‌ستنانه بینی‌و کپ کردنی چریکه‌ی سه‌رفرازی بوونه‌ته کانی‌ی هه‌لقولانی گه‌لی ئه‌سیده‌ی دره‌وشاوه و ره‌سه‌ن و گه‌رم و گوری کلاسیکی‌و رومانسی و واقیعی و .. به‌رهه‌می ئه‌ده‌بی‌تر.

شۆرشی رۆژگاریخوازی ئه‌مجاره‌یش هه‌ر له‌سه‌ره‌تای هه‌لگیرسانیه‌وه له ئه‌یلوولی ((١٩٦١)) ه‌وه‌و هه‌تا ئه‌مرۆ مادده‌یه‌کی گه‌وره‌و به‌پیتی ئه‌ده‌بی‌ی بووه‌و نووسه‌ران کۆم‌و زۆر به‌رهه‌میان لیوه هه‌لینجاوه ئه‌نانه‌ت پاش سالی (١٩٧٠) نووسه‌ری کورد به

هێرالنامه‌ی کتێب

گيانيكى تازە و زيندووى بە گورەوە هاتە
پيشەوە و زۆر شيعرى هيژاو جوان و
رەسەنى لەو ماوەدە خامە خولقاندى
كە هەندێكيان لە ئاستى شيعرى
جيهانيداين.. هەروەها لە بوارى
كورتە چيرۆكيشدا بەلام لە شانۆگەرى
و رۆماندا بۆشاييەك بەدى دەكرى .

بەڕاستى ئەو تاقيكردنەوەيەى
شۆرشى كورد هەقى خۆى نەداوەتى
و بەشى سەدان شيعرى گرنگ وكورتە
چيرۆكى بەرزو رۆمان و شانۆگەرى چاك
چاك دەكا .. رووداو هەن لە
داستان و ئەفسانە دەچن كارەساتى
جەرگبرو دڵتەزين ، سەركەوتن و
نوشوستى ، بەسەرهاتى زيندانييەكان و
ژيانى پر چاوەروانى و كوڵنەدانيان ، هێندەرانەى كە هەميشە خەونيان
سووتاندنى رەزو باخ و گوند.. ترس وناپەسەوە دەبينين .
ئاسوودەبى .. خوئەدىيەكان خوێان

شايەت و قارەمانى هەندى لە و
رووداوانەن و بەچاوى خويان
رووداوەكانيان دىوە و بەشدارى بوون
نيايانداوە .

راستەئەدەب بەيوەندى بە
سەربەستى دەربڕينەوە و بەزووفى
مەوزووعى كوردەوە هەيە بەلام بە
ئەوەندە لە خومانيان نەكەينە كۆپ
رەى داهێنانمان لێ بگرى .. دڵنياشين
لەمەودوا بەخشاننوسى لە باريش دێنە
كايەبو نووسينى رومان و دەقى
شانۆگەرى خومالى . جا بەئومێدى
هيواى هينانە دى خواستەكە
ئەدەبيەكانين دڵنياشين دەگەينە
ئەو داهێنانە مەزن و سەرسور

بەیانی بوو لە "کانیسکان"
بەچاوی خۆم :
" قەڵاچوالان "م دی
بوو بە شارۆچکەیەکی شاڵاوئاسا ..
ئازا .. ئازا ..
هەر خۆی ئازا ..
دڵێکی پڕشنگ
قژی کەتیس قوتابی
سیانزە ساڵان پڕ ئەکێشێ !!
- هەهۆلە . هەهۆلە . هەهۆلە .
نیوە ڕۆژ بوو لە ناو قەیسەری نە قیب دا
بەچاوی خۆم :
" سەعدی کوڕی وەقاس " م دی
تیرە لە چاوی بەرەو نەبەری

هەولێر بنکەی کتێب

لە بازاری ماڵی تووڕا
قەڵەی دوکانێکی شکان
هەووە ژووری
ئازا .. ئازا
وە خێڕی ڕووسەر ڕاتەکەری
ئارەقی زۆری ڕشتبوو
بەدەس هەڵدەوەشێ هێلکەو
وە دەسی تر هەڵدەگرێ خۆی ،
هەڵنگر نبوو .
- هەڵدەگرێ . هەڵدەگرێ . هەڵدەگرێ

★★★



هەواڵنامەی پێنج

ئەم کەوارەی پێ جێ هێشتی
بۆ ڕۆیشتی ..؟

نەڕۆیشتبای ..
تاخر تازە منداڵەکان
زمانی تاگر فێر دەبن
تازە خەرمانێک لە گوڕزە
تۆزی دوژمن تێر دەبن
نەڕۆیشتبای ..
تاخر سبەی کە، بەزمانێکی پەوان
لە گەورەکانیان بپرسن :
- ئەڕێی دایە
- ئەڕێی بابە
ماموستا گەورەکانمان کوان ..؟
کوانێ ئەو ماموستا جوانەی
کە هەموو ڕۆژێ بە خەندەوە
لە سەرەتا ، گوتنەوەی وانە بە وانەی
پێی دەوتین :
+ منداڵینە ..
هەتە لێکیان بۆ دەبێژم

ئەوەی بڵانێ هەڵبێنێ
دیارە شایستەی هەڵەیەکی زۆر بە تینە
(وەڵا تێیش گەورە هەیە
هەتا چاو بڕ دەکات دەشت و
کانیاوی چاو بەگریانە
لە هەر چوار دەوری سنووری
دیوارێکی بەستوو هەیە
هەزار سالە ..
گوڵنگ و بنیلی لێ دەڕێ
نارەوخی و هەر ..
دیوارەکۆنەی چارانە
چیای بەرز بەرزی تیایە
بەرزی تیایە
بەڵام ئەوەی داخی دڵی دانیشتوانە
وەتێ ئەم وڵاتە هەیە
بێ ئاڵایە ..
بێ فەرمانڕەوا سوڵتانە)
دەی بڕۆم .
هەڵگرە رەندو ئازایێ
هەڵگرە خاسێ
ئەم وڵاتە زنجیرەیێکە دەناسێ ..؟

هەوالنامەی کتێب

- من مامۆستا
- مامۆستا .. مامۆستا .. مامۆستا
+ بڕۆ « کەریاد »
دەی بڕۆ خۆم زۆر ئاسانە
- مامۆستا بەڕەحمەت تۆنەبووی
کەبێژی و نەبێژی کوردستانە
+ کوردستانە ..

کەر بپرسین ..
دەبێ وەڵامی ڕەوانیان بدەیتەوە
پێیان بڵێین ..
هەرسن مامۆستا بۆچی
بە جێی هێشتن
بۆ کام کەوار بوو کۆچی
با هەوڵ دەین سەبەی تۆڵەی بکەیتەوە

× × ×

کەتۆبەی بەزەیی پێبووی
لە سەر لووتکەی بەرزەبانەدە نیشتی
لەم وڵاتە سەربەتەکەوەبووی
ئاغایی نەم هەواری پێجێ هێشتی
تۆ ڕۆیشتی ..؟

تازە هەتاو کەوتبێ دەبێ و
بۆ ماڵی خەو و پاو دەنێ
تازە کۆترێکی پەڕ پێ دەگرێ و
بەرەو بە هارێنی خەملیو هەڵفڕاو دەنێ
کۆڕەزاوا بووک ڕەبەنە
هەڵبڕۆ باشن نەبێ چاوی ،
دەڵاڵی یانی بە خەڵە
« هەوالێ ماڵی زاوای سوورە »
« دەڵاڵێ زاوا ئەڵقەی دوورە »
« هەوالێ کۆچی زاوای شینە »
« دەڵاڵێ کۆڕ ماڵی خەڵتینە »
« دەڵاڵێ کۆڕ هەڵە قوڕ باتینە »

هەڵبۆیەکی بەزەفر بووی
هەڵسەر لووتکەی بەزنەبا نەدەنیشتی
هەڵدەڵاتە سەر بەتەختەوڕە ببووی
ڕەنجبەرێکی چاو قایم بووی
ئاغایێ نەهاتەوە ماڵی هێشتی
بۆ ڕۆیشتی ..؟
ئاخر سبەی .
[illegible]

هەڵوێستی کێتێب

سیبەی نۆرەی بەرێنی
قۆناغێکی دژوارە
"هەرەوەزە"
تۆ خوا ماموستا وەرەوە
نەمجارەیان ..
وانەی مێژووی قارەمانێتی
بەمنداڵە هەژارەکان بڵەرەوە

★★★

ژه‌نه‌رال مه‌قیقه‌ت

* هاشم کوچانی *

پیشه‌کی :

وه‌نه‌رال مروڤیکی ژه‌حمه‌ت‌کیشی ئه‌م کوردستانه‌ چه‌قو له‌ سینگـــــا چه‌قیوه‌یه ..

له‌ گوندیکی ده‌شتی گه‌رمیاندا به‌ شوانکاری ژیانی ده‌برده‌ســـه‌ر.. له‌ برسه‌دا سه‌ره‌خوشی له‌ خه‌لکی ده‌کردو له‌ شـــایـــــی دا بیروزبابی، حه‌ز‌ی له‌ کچی بالابه‌رزده‌کردو شنه‌باو، خـــــوش ده‌ویست . رقی له‌ پولیس‌و جه‌للادو چه‌وساندنه‌وه‌ ده‌بیته‌وه، بـو نه‌مانی چه‌وساندنه‌وه‌ چومیك خوینی له‌ جیاتی پشتین لـــه خـــوی ئالاندووه‌ . بوبه‌ فاشسته‌کان گرتیان و چه‌ندان زیندانیان بی‌کـــرد ئازاروئه‌شکه‌نجه‌یان دا ، تا له‌ نیوان رق و خوشه‌ویستی دا شیـــت بوو .. کاتیکیش‌جه‌للاده‌کان که‌ زانییان شیت‌بووه‌ به‌ره‌للایـــــا ن کرد .. ژه‌نه‌رال ده‌داته‌ قاقای پیکه‌نین .. بـــــه‌عه‌قلـــــی ره‌گه‌زیه‌رستان بی‌ده‌که‌نی .. کوه‌لیك ئه‌ستیره‌و نیشانـــــه‌ی وه‌نه‌رالیتی ده‌خاته‌ سه‌رشانی‌و به‌رده‌وام هه‌ربی‌ده‌که‌نی .... ژه‌نه‌رال لای خومان ناوی (حمید)ه‌و له‌ ئاستـــــی نیـــــه ده‌وله‌تانیشدا وه‌ك خوی ده‌لی به‌ ژه‌نه‌رال ده‌ناســـــری !

ژه‌نه‌رال شورشگیریکه‌ .. به‌ پیش‌چاوی هه‌موانه‌وه‌ له‌ سیـــدا ره‌ دراوه‌و هه‌موروژیك ده‌بینین و داوای له‌ قه‌ناره‌دانی سیـــدار ده‌کات !!

زامەکانی
دەبنە گەردەلوول بۆگبانی
جار جارە دەبنە کۆتی
جار جارەیش
وەک بە سێبی سێبەر لەلیدەگرن.
کاتێ خەولیای خەتوەت گرتن لە لەی دا
خۆی لە ناو لەوری سێبی دا نوقم دەکا و
پۆل پۆل بە ستێرە سوورەکان
بۆ دوورگە شێوەزەنگەکان بەری دەکا !!

× × ×

لە لەرکوێ دا
کۆنگرەیەک سازدەکرێ
لە دوورەوە
بە زۆر دەروانە ژوورەوە
بەبێ فایل ..
بەبێ نوو سین ..
بەبێ جانتای دیپلۆماسی ..
وەک لە شێر
لەلدە کوشتە سەر شانۆ
زامو خەمی نیشتمانەکەی دەخۆنێ !!

لە دوا پیشدا
چەرمی سپاسی خۆی دادەڕێژن
بۆ وەکانی گوێڵێ فرمێسکی بێ دەنگی هەڵدەڕێژن
ژوورەکانی ئەشکەنجەدان
زیندانەکەی « ابوغریب »
جەڵادەکان ناوخۆس دەکاو
گۆڕستانەکە جێ دەهێڵێن . .

× × ×

ژەنەڕاڵ کێیە
شوانێک لە دەشتی گەرمیانا
لەبن ئاسمانێکی شینا
لەگەڵ ڕەوڕەی
لە کاڵ سپێدەی بەیانا
گۆرانیەکی بۆ جێ دەهێڵێ
گۆرانیش
بۆ ڕۆحی « ئاوەسپی » دا
هێڵانەکەی بەرەو دێ دەگەڕێتەوە . .

× × ×

هەوالنامەی ئێپ

باران نم نم دادەباری
لە تەنیشت ماڵی حمیدا
تیۆتایەکی
بەرەبەرە ماشینەکەی
لەقەرەنی تاوانی لێ دا ...
سەبەتەی کاتیک ڕۆژ بووەوە
مێگەڵ بێ شوان کۆبووەوە
خۆڕ تادەهات بەرزتر دەبووەوە
حمید سەری نەدایەوە ..

× × ×

لە ڕۆژنکیدا تاریک و تەنک
دەست و پێی بە سوابەوە
دوو بەرەڵا کە وتیان لێدابنێ
دەستیان نابە بیناقامی چاوەکانی
لە ڕۆژەوە حمید مردو
قامچەکانی بوونە تۆڵەی سەرشانی
کاتێک لە دڵەوە بیستدا
کە فسەرەکان، دەمیان نابەگوێی یەکەوە
قاقادەستی کردبەگۆیان
بەکوڵ ناتوانێ پێکەنێ
لە ڕۆژەوە شێتەعەودان

ئەو ژنە ژەنە ڕاڵ !
ئێستاش کاتێ
ناوی شێتی بەرگوێی کەوێ
دەمو چاوە ماندووەکەی
ئەڕیشیا دەشارێتەوە
چاڵو چۆڵیشی ، نەهێشتە نەهێشتی دەستە و
ووڵێ هەڵدەتۆزێتەوە ..

× × ×

ژەنە ڕاڵ ئەمانەوە تەنیا
دایکێکی هەفتاساڵ نەبێ
کەس شک ناباتە
ئێستاش کاتێ

بەر دەست دەکاتە باخەڵی
دایکی ژەنە ڕاڵ
بەرماڵەکەی هەڵدەگرێتەوە
بەکۆمەڵ دەڕوا
بەرەو بەهەڵەی نێودێ
دێتەوە بەدوای تاتانەکەی دا دەگەڕێ !!

هەوالنامەی کتێب

گۆرانی سوتاو

* شەهاب عوسمان *

بەهاری ١٩٨٠

بۆ سوتاوەکە
مژدەی بەدڵەژانی!
بەهەنی دەکرد بە سووتوو
هەناسەکانی،
تیکڵ دووکەڵی .. گوندەکە دەبوو
بۆنی بەفر لەدوور .. سواری گەمانی
بارانی عەشقی ژاوەژاو گیانی
نیشتا گۆرانی سوتاوی دێیە
پێشەوازی لێدەکا
بەستەی شۆڕش بزگاری بێیە

(٢)

کۆچیکی پایزی

وەک زەردەی
ئاوا دەبێت .. هێم دەڵێی
تەنها تاڵی ماوە و تیشکی هاوەڵ شانەت
بۆ ڕاوەدەی نەهێشە وشکاوەم جێ ناهێڵێی !
بە هێم دڵێی و نامەوێی
گیر بێ شەوان ئاوا بێت وەک
هێشتوی سەرنجی هاوارم ئاوا بێت وەک

× × ×

بە هێم هێشتی
کاتێ هاوی گوڵ کۆچ دەکا !
زەردەخەنەو .. خۆشەویستی تیا نەمرا ،
بە هێم هێشتی .. کاتێ سەرما
بانگەوازی خۆتێی نەدا
گیانم کردە ..
تۆشتوی ئاو سەرگەری بەسی

هەوڵدەری کتێب

بۆ بە و گە لەی ،
بە سەر میلی تەنگاوە گیانی بەزی
من دە بۆم و پەنگە نیێ ..
نە نیشتەوە
دڵگیر نەبی
بە ستۆری دەروونی گەرمت
لۆمەم مەکە و
سەرێ مەخە چاوی شەرمت
با لەم چاوت .. وەکو جاران
ڕێگا لەدڵی شنەگ هیوا بێ
با لەم گەشی و چاوەڕوانی گەرانەوەی
نەمگیانەبێ و بە تەما بێ
نەگەڕێ نە شەما
ژوانێ دێ .. لەگەڵ لەمەوە شە لەدانا
دەگەڕێمەوە بۆ ژیان
چاوەڕوانیت دەکەم بە شیعری
نەی دەمڵە بە ژوتی وێدا ⊙

١٩٨١ / ٧ / ٨
نووسەر



نامەیەک بۆ تۆلەئازادەکان

■ سەمەد اللە بەردەش ■

تەڵەکەرگێژەنەو زریانی سەربەرەو خۆتین
تەڵەکەزیندەوی کۆمەڵەی سەردشاخین
تەڵەکەتاسەی،
بەهێوەت مردن لەگەڵ ئەڵاو
خاکی ماڵەوەگردن لەگەڵ بەرەو
تەڵەکەعەشقی
ڕەنگینەوە لەگەڵ گیاو،
گەنمەکەی دان لەگەڵ شێعر
تەڵەکەهەوچێرکی لەزینی دەمتای مەنیەت
تەڵەکەبەسایەوەتی غوربەت
جارێکی تر
بەزەمینەوە بازنەکەی تر
گیانمەوە بارەگای دەنگ
لێدمەوە دەخاڵەتی شێعری تفەنگ

چەند
ڕۆژاوەیەک
ئاگری

* ڕیسواس جاف *

هەڤالنامە

لەم وەشەی ئاسکی دەروونی تۆیە
هەوارەکەمن لە غاری داوێ گیان

(٦

بۆ وا ئالەم
با لەم هەوارە نامەشم بۆ بنێرێت
با لەسەر لاپەڕەی سەری ژوانەکانا بنووسن
با بێنێرم دڵ نەوایم بۆ تۆ
ئا داوێ گیان
من لەم گێژاوە با وەرە ئالەم
بۆ بێ بڵێی تۆ چیت کردبێ
هاوارێکی لە ئاوەشێکی کەوەی تۆدا سەرم داوەتێم
وەشەو فرمێسک ، سۆزی دڵ نیە نەبێت ملوانکەی گەردنم

بۆ وا ئالەم بۆ وا ئالەم
چۆن بارانی لای خوا هاتوو دڵی دێت
تۆی نەستێرەی نەگۆڕاوەی ئاسمانی ژینی
هەوەت ژینواری ماندووی کاروان
بداتە دەست گەردەلوولی نەمانەوە

نەوێش وەرد وەرد
ملوانکەی ژین و بیری

ئادابه‌گیان بۆ وا ئاکه‌م
تۆ له‌باوه‌شی نه‌مانا ڕاکشابی
نه‌وه‌ک هاژه‌ی ده‌نگی دڵته
له‌مه‌و سبه‌ینێ سه‌رودی نیشتمان ده‌ڵێت
گۆڕێ تفه‌نگ نه‌دابه‌ده‌ستمان
له‌تاریکی شه‌وه‌زه‌نگ دا
ده‌بێته‌ چراو ڕێگه‌ی خه‌باتمان نیشان ده‌دا

ئادابه‌گیان بۆ وا ئاکه‌م
بۆیه‌ نه‌مچۆ لێیان ڕێسیم
دایکت بۆیه
ووتم دایم پێشمه‌رگه‌یه
بۆیه‌ک له‌شانه
له‌شتی خه‌باتی
له‌له‌ناری سه‌ری ڕزگاری دا
له‌نامه‌ده‌گرێ

دایکم دارتاڵی سه‌وزی به‌رزی له‌وه‌ره‌یه
ڕێبواره‌کان
له‌سێبه‌ری دادەنیشن
گۆڤی لێ ده‌گرن

هێواڵنامه‌ی کتێب

نەمرانیا لەی جیهانیان دەکا تەل
بەردەوام بێ رۆژگارم
رەمیان سورە و رۆژی کەیل
لە کەلی گوڕستانی شە کەیلانا
دەردەکەوێ .

(٤)

لە ناو بلیبلەی چاوی یەمای
لە ناو خونچی کاشوەکووی دڵی ژیمای
تۆلە کەڵمای
تەنیا ساتێک لەیاد ناچی
من وەک ستێرە بە دوایەوەم
بۆ کوێ لە ڕۆی من لەکەڵم
کەف دایەکیان جێم مەهێلە
کەر دەست زانی بێ دایکێتی هەندگرانە
بەوا وەک خوا دەچووی بەگریە
لافاوی شەوی کاشووی لوتکەی کەشا
کەر دەست زانی بێ دایکێتی هەندگرانە
بەوا چەمکی کەوڕت دەگرێ و
تۆزانیەکت بۆ دەوتن .



وەرزی بازار

* عبدالقادر سعید *

(٣)

ئەم دوورەوە چاوی گەشی دڵدارێکە و
دەستی زەردی هەوسارەیی و
ژانی سەختی نیشتمانە نازیزەکەم
هەتا کۆتە دێت گەورە ئەبن
نازانم گیانی ماندوو بووم
هەندێک هەنگاوی ڕێگە بڕێ
بۆ ئەمەی هیوا بۆم لە کۆڵ ناوە
بۆ گەی هەموو تۆسپ و سنووری ڕێ ئەگرێ .

(٤)

ئەم دوورەوە من ئەتبینم
وەکو وەرزی زەردی پایز
هەر چی بەرگی ڕەنگاو ڕەنگە
لە بەر خۆتا داتە دڕێوە .
لە هەموو کۆتە باخی بووی
وەکو پایز بەگیانی ڕووتی عەشقەوە
سنگت بەرەو زریان و باوو بۆران و
دەنگت بۆ ترۆپکی هیوای
بێ داڵدەکان هەڵبڕیوە .

(٥)

سەرەشت لە گەڕەکا تێکا
لە گەڕەکا دوورگەو ئۆقیانوس و کەنارێکا
سالێ جوار وەرز لەبەر لەکات
تۆی عاشقیش لە وەتی گەڵیت
بێ وەرزیت و لەبەر باڵای بەڵێنی نازدا
گیان رانەگریت.
ئەی بۆ ئەی خوێنەر سوڕیت
ئەی بۆ چیت گیان بۆ لێ دێت
لە سەرەشتیش کەوەرە ترێت

(٦)

لە ٢٠٠٠ ساڵ
لە دیو سنوری ئەستێرە
دیواری بەرگەی سەرداڕێژراوا
بەستەی مرۆڤێکی لە خوێنی خۆیا غەڵتان بوو،
بەسەر گەڵەمووی گەڵدێرە سنورا
بەناو تەنێ تاریکایی بەرنەبێ
باوەشی ئەکا بۆ چەپڵە تێشکی گەڵاوا.

هەژاری کتێب

دوو هۆنراوە
* سامی شۆرش *
بەهەزارەها ئازیزی کورد بڵێن ..
هەزارەها گوڕیسە خوێن
بەتۆڕەها بەستێوە ،
بەسیوانی دەربەدەری بیابان بڵێن
بۆهەر کوێ یەک فڕێت بدەن ..
هەزارەها سەرچاوەی ڕوون
بەتۆڕەها بگەیەنێوە ،
بەکێوو دەشت و دەر بڵێن
بەهەتاو و سێبەر بڵێن
بەنەفەنگ و هەجەر بڵێن
ڕۆژی دادێ ..
ڕەشەبا بەردەرگای سەرای سڵێمانی دەگێوە ،

رۆژی دادێ ..
هه‌وری تووڕه‌ی شۆڕشی ده‌جێ و
لافاوی سووری پێشه‌وا .. جارێ دی
هه‌ڵده‌ستێته‌وه ،
به هه‌زاران کورد بڵێن ..
وه‌ختە کێو به کێو ناگات .. به ڵام
بێته به تۆ ده‌ڵێ نیه‌ وه .

ئایی ۱۹۷۵

« ۲ »

نووکی قه‌ڵه‌م خه‌ڕه‌ناو هه‌ڵه‌کێشی بیابانه‌وه
هه‌ستی ده‌ڵێ به خۆێن ته‌پڕی دڵه‌ڕه‌قه‌کانه‌وه .. بنووسه
ئه‌م ژه‌مێنه ..
ده‌ڵێ هه‌ڵده‌ڵێی ئۆکه‌ی ته‌پڕی سه‌ر ڕێنه ،
ئه‌وه‌نده بارانی هه‌ڕه‌تی بیا بارێ
ئه‌وه‌نده لافاوی خوێنی تیا هه‌ڵسا وه ،

هه‌واڵنامه‌ی کتێب

[illegible] ..
تۆیی قەڵەم بخەیتە ناو
دەشت و شاخ و خێڵی و بیابان و دەریاوە
تاکی خۆیێ ئەم زەمینە ..
[illegible]
بۆمان دەبێ بە [illegible]

هەولێر ١٩٧٧

★★★

لە دایکی بوونیکی تر

شیعری فروغ فرووغزاد

وەرگێڕانی سامان کەردوبە بەکوردی

هەواڵنامەی کۆنتر

منالێك بێت لەقوتابخانە بگەڕێتەوە

ژیان دەشێ
لەگەڵ هەڵەڕەتی بێت نێوان ماوەی
سستی دەوڵەمێ
یانیگای وەری ژیوارێك
گاڵەوەی لەسەر ڕادەبا
بۆ ژیوارێکی لەو بەزەردەخەنەیەکی بێ مانا
پێی دەڵێ «بەیانی باش»
ژیان بێی ئەو چەند داخراوەیە
کە نیگای من لە نێو بیلبیلەی چاوانی تۆوژیان دەبەو
لەسەتەیە
کە من تێگە یشتنی ماناکەو بەگرتنی تاریکی
تێگەیشتن بەوادەچم
لەوژوەری کە بەهەندازەی بۆشەتەنهایی
دڵی من
کە بەهەندازەی بۆشایی عیشقەت
بە بیانۆگانی سادەی بەختەوەری دەڕوانێ
بە بەمانی جوانی گۆڵەگانی ناو شیانە
بە بەوەنەمانی ، تۆلە بارچەی مالەکەمانا چاندووتە
بە ئاوازی قاقڵی بازان

(٣)

هەوالنامەی کتێب

کە شەوێك (یا) هەڵگیرست و هاتە لای خۆیا بردی

× × ×

کۆچەبێتی هەیە کە دڵم بۆی دەسووتێ
هاتە ڕەگەزانی منالێکا دزیوە

× × ×

کە شتت هەوارە بۆ هێنای زەمان
بۆ هەوارەی هێنای و شتی زەمان و ئاوس بووینی
هەوارە بۆ وێنەی کێی تێی ئاگایی
کە لە میوانی ئاوێنەی کۆ دەگەڕێوە

× × ×

هەڵەبجەم خۆزە
کە سێی بڕێ
کە سێی هێشتەوە

× × ×

هێنج پراوی کە ژنێ لە خۆگەلەی کچووکا ، کە دەڕێنێ
ناو هێلانە ، هەوارێکی پراونا کا

× × ×

من بۆ ڕی بچکۆڵەی هەباری دەناسم
کە خانووەکەی لە ناو ئوقیانوسێ
دڵی خۆشەویستی لێدەدا
هێواش ، هێواش



ئێستا مردن زۆر بە ئاسانی دەتوانێ بمگرێتە
خۆی .. بەڵام من تا بتوانم بژیم ، نابێ
بچم بە پێشوازی مەرگەوە .. ئەگەر کاتێ
بە ناچاری رووبەرووی مەرگ بوومەوە
کە دەشبمەوە گرنگ نیە ، گرنگ ئەوەیە
کە ژیان یا مەرگی من تا چ رادەیەك
کاردەکاتە سەر ژیانی کەسانی دی .

صمدی بەرزنگی
ماسی یە رمشە بچکولەکە"

هەولێر

بەختەوەری

سیمری فاضل عزاوی

ئازاد احمد

لە عەرەبیەوە کردوویە بە کوردی

«ئەی بچووکەکەم چۆن پێتانەوە دەرەختەکانی لێرەببینم!»
شاعیر وای وت، کاتێ بەرەو زیندان بەڕێدەکەوت...
دارتاشێکیان هێنا بۆ بڕینی دارەختەکەی داخست
شاعیر وتی:
«ئای! کە خۆنیم، کاتێ گوێم لە گەڵەی بایە دارەختەکان
نەهەژێنێ»
داربڕێکیان هێنا گشت دارەختەکانی لەڕەگ و ریشەوە هەڵکەن
شاعیر وتی:
«نەوەندەم بەسە کە گوێم لە گەڵەی بایە»
شورەیەکی وا بڵندیان بۆ دامەزراند، بایشی لێ نەبێتە ژووری

شاعیر وتی .

« هێندەم بە سەر کەس نەژیم »

لەناو گۆڕەپانەکاندا شێدارەیان بۆ هەڵواسی !

شاعیر نووسی بۆ گرتی

« هێندەم بە سەر ، لە پێناوی ئازادی دا ؛ بەمردنما هەڵدەگەڕێم

★★★

تۆ هەستی خۆشەویستیت بەمن بەخشی
بەرامبەر بەو کەسانەی نەم دەناسین
تۆ هێزیکت خستە گیانمەوە
هەموو گیاندارانی پێ دەژی
تۆ وەک یەکەم کاتی لەدایک بوون
جارێکی تریش
نیشتمانت دابەمن
ئازادیت دابەمن
تۆ فێرت کردم کەمەینەتی و ئازاری تاکە کەسی
لەناو سەرکەوتنی گشتیا ئەتوێتەوە و لەناو دەچێ

پابلۆ نیرودا

هەوالنامەی کتێب

ئەگەر نەمەوە.. ئەبێ نەمەوە

(وسو)

- ١ -

هات بنوی • ئەی زانی نانوی • راخەرو پێخەفی درکە سەری نا بە دەرگاکەوە • گوی ی هەلخست • دالانەکە خامو هاواری بردەبەر کونی کلیلی دەرگاکە • ئەموستە چاو بـ

- دێن یا نایەن ؟!

- شەوی سێهەمە •

- ئەم ئازارە جەرگبرترە •

هات ئازارم بگری • ئەی زانی ئازارم ناگری • لەناو گەرو بوو • بە تاریکستانا هات و چوو • بێزار بوو • خوی بە هەلسپارد • چاوی بری یە ئەموستەچاو • بێزار بوو • هاو سەری نایەوە بە دەرگاوە • گوی ی هەلخستەوە • چاوی ئانایە ناو کونی کلیل :

- مەبەسیان چی یە ؟

- شەوی سێهەمە •

- ئەم ئازارە جەرگبرترە •

× × × ×

- ٢ -

تیشکیکی کز •• تربەی پی لەدوور •• وورتە وورتیك ئەبنەوە •• نزیکتر •• نزیکترین •

ئەوەستن •• چەن ساتیك خاموش ئەبن •• دەرگا یەك لەا یەوە ئەکەنەوە •

زرم‌و کوتیك .. پالەپەستویەك .. رستیك‌جنیوی بوگەن . زرم‌و گوت ئەگەویتە ری . پالەپەستوکەس .. جنیوە بوگەنەکانیس دەر ئەگەونەوە ..

ـ دوورتر .. دوورترین .

ـ ئەوەستن .. خاموش ئەبن .

× × × ×

هات دانیشی . ئەی زانی دانانیشی پەیکول ئەچەقیتە گۆلمی دلی . بەتاریکستانا هات و چوو . هەر هات و چوو . هەر هات و چوو . ماندوو بوو . دەرگا . کونی کلیل :

ـ بەنۆرەیە ؟!

ـ شەوی سێ هەمە .

ـ ئەم ئازارە جەرگ‌برتر .

× × × ×

ـ ٣ ـ

تیشکە کزەکە ...
دەرگا یەك لەلای چەپەوە
زرم‌و کوتەکە ...
خاموشی ...

× × × ×

هات هاوارکا نۆرەی‌بینێنە سەر . ئەی زانی هاوار ناکا بشکوی مەردایەتی زمانی داخ ئەکرد .

سەر لەنوی هات‌بیت و بچی .

هات دابنیشی .

هات‌بنوی .

سەر لەنوی دەرگا

ـ کەی نۆرەی دی ؟!

ـ شەوی سێ هەمە .

هەژاڵنامەی کتێب

ـ ئەم ئازارە جەرگبڕترە .

× × × ×

هەر هات و چوو ..
تەوا و ماندوو بوو ..
بەرەبەیانی شەوێ هەم بوو .
نەی ئەویست دانیشێ .. دانیشت .
بەبەریا نەئەهات ئارام بگری .. ئارامی گرت .
باوەری نەئەکرد بنوێ .. نووست .

× × × ×

ـ ٤ ـ

تیشکێکی تیژ .. نووکە شەقێکی تیژ .. مشتە کۆلەیەکی تەزو .
رستێك جنێوی بوگەن وتیژ .
خەوی نەئەدی .. نۆرەی هاتبو .

× × × ×

ـ ٥ ـ

ئەگەرایەوە .. نەبینرایەوە .. بەلام ئەوانەی بردیان ، شەو
لە جێگەدا بەسەر سورماندوە بو خویانیان باس ئەکرد ئەیان ووت :
ـ تا دوا هەناسەمان لەبەر بڕێ ، هەر ئەیبووت :
ئەگەڕێمەوە ... ئەبینڕێمەوە .

گورگ و ...
الجانوکەو ...
کوتر ...

تیبینی ۱

شوین ناو بیریکی هیجگار قوولە . زور کەس خویان وا میلاوەتە ناویەوەو تەقەلایان داوە بگەنە بنی .. نەگەیشتوون .

تیبینی ۲

ناو بیرەکەی گورگیك و جالجالوکەیەك و کوتریکی تیایە کە لە هیچ شوینیکا ئارام ناگرن و سەرەوت ناەدەن . بەردەوام دین و دەچن و بەیەکا دێن .

تیبینی ۳

ئەم چیروکە بەکورتی لەحالی ئەو سیانە ئەدوێ لەناو ئەو بیرەدا .

- ۱ -

گورگەکە هەمیشە برسی بوو .. هەمیشە لووڕەی لەبرسانا لە ناو بیرەکەدا وەك هەورە تریشقەی شریخەی ئەدا . هەردوو چاوی دوو گومی خوین بوون و وەك دوو گلوپی هیجگار بەتیشکیان تیا چەسپ کرابێ، پرشنگیکی ئالی ترسینەریان ئەهاویشت . بەردەوامیش وەك بەبالبفڕی بەناو بیڕی بی بنا ئەخولایەوە .

جالجالوکەکە هەمیشە داوی بەناو بیرکەدا ئەچنی . بەسات لەداو چنینی خوی نەئەکەوت . تاوای لێ هاتبوو سەراپای بیرە بی بنەکەی بەداو تەنی بوو .

کوترەکەش بەسات لە هەلفرینی خوی نەئەکەوت لەم سەر بو ئەو سەر .. لەو سەر بو ئەم سەر ... بەردەوام بە پەلە بوو .

بەردەوام وەك نامەیەکی گرنگی خیرای پی بی ، تیژ تی ئەپەڕی و ئەهات و ئەچوو .

- ۲ -

گورگ و جالجالوکەو کوتر، دانوویان پیکەوە نەئەکولا . یەك بەگلەیی بوو لەوانی تر . یەك بڕ بوو لەوانی تر . یەك دوژمنی سەری ئەوانی تر بوو .

گورگە ئەیویست هەردوکیان حول داو خوی سەروەر بـــــی بالجالوکەکە ئەیویست سەرانسەری ناو بیرەکە بەداو بتـــەنـــی و ئەوان لەجوولە بخات ٠ کوترەکە ئەیویست بەگورج و گولـــی خـــوی لەراگەیاندنی نامەکانیدا ئەوان لەدەستەلات بخا ٠

کەچی هیچیان دەرەقەت نەئەهات ٠ نەگورگە ئەوانی بـــــو ئەخورا ٠ نەجالجالوکەکە ئەیتوانی لەجوڵەیان بخات ٠٠ نـــــە کوترەکە لەوزەیدا بوو دەستەلات بەوان نەهیلی ٠

- ٣ -

تاروژیکیان ریکەوتن سێ قولی کوببنەوەو بیکەوە لەم وەزعەی خویان بدوین ، بەلکو بگەنە ئەنجامیك و یا ئەوەتا یەکیکیـــان لەسەر هەق و دوانەکەی تر ئەبی کەلاکەوون ٠ یا ئەوەتـــــــا هەرسێکیان لەسەر هەقن و بیکەوە ریك ئەکەوون

- ٤ -

کەکوبوونەوە ، یەکەمجار گورگەکە قسەی کردو بەلەبزیکـــــی شیرین بەجالجالوکەی ووت :

- بو ئەوەی شوینی کوبوونەوەکەمان لیل نەبیو بەرووتی یەکتر ببینین ، داوەکەی دەمت بقرتینەو جاری مەچنە ٠

جالجالوکەکە کەهیشتا هەر بەدەوری خویا ئەخولابـــــــەوەو گرۆلەیەك داوی ئالوزی بلاو ئەکردەوە ، ساتیك لەسەری وەســـتا ٠ بیریکی لی کردەوە ٠ ئینجا ووتی :

- تو زور راست ئەکەیت ٠٠ ئەوەی ئەتەوی ئەیکەم ٠ بەلام لـــە پێشا تو ئەو تیشکە ترسناکەی ناو چاوی خوت بکوژینـــەرەوە ٠

کوترەکە ئەمەی بەهەل زانی وتی :

- هەردووکتان راست دەکەن ٠

ئەوان هەردووکیان روانی یانە ئەم - سەرنجیان لەدەنووکی گـــیر کرد ٠ بیکەوە لەیەك ساتدا وتیان :

- بەلی ٠٠ فەرمایشتێبەجێیە ! ئەی جەنابت ؟!

دەتوش دەنووکت لەو نامەیە بەردە کەتوند قەپت پیا گرتووە،
کوترەکە ساتی بیری کردەوە . وتی :
- با هەر سیکمان . پیکەوە .
گورگ و جالجالوکەکە لەدلی خویاندا وتیان :
- با ئەوان بیکەن .. من نایکەم .
بەسەرزاریش پیکەوە وتیان :
- دەی باشە !
کوترەکە دەنووکی لەنامەکە بەردا . نامەی لەدەم بەربوەوە .
روانیبە ئەوان . ساتیك و دوان و سیان . چاوی گورگەکە هیشتا
تیدەکە سامناکەکەی ئەدا . جالجالوکەکە هیشتا هەر دەم بەدا و بوو.
زوو لەفیڵەکە گەیشت . دای لەشەقەی بال و هەلات بەدوای گرتنەوەی
نامەکەیدا .

- ٥ -

گورگ و جالجالوکەو کوترەکە ، چوونەوە دوخی حالی جارانیان .
گورگەکە هەمیشە ئەی لووران ...
جالجالوکەکە داوی ئەچنی ...
کوترەکە نامەی ئەبرد .

تیبینی

چیروکەکە بو منالان نیە

نوسینی
وسوو

★★★

هەوالنامەی کتێب

* ٤٠زیان *

ـ ئەگەر نەهاتمەوە، چاوەریم مەکە ... کەبۆ یەك نەبین .. جیا .. بوو ... نەی هیشت قسەکانم تەواو بکەم .

ـ درۆ لەگەل خوت دەکەی . نا .. نا .. تۆ ناتوانی .. بەلام ئەگەر تۆش نییەوە من دیمەوە هەمان شوین و چاوەریت دەکەم .. هەموو رۆژی چاوەریت دەکەم .. من تۆانای لە بیرچوونەوەی یادە سەوزەکانم نیبە .. توانای لە بیرچوونەوەی ژان و زامە جەرگبرەکانم نیبە .. من لەمندالدانی ئیشەوە لەدایك بوویمە .

من خوشیم لەوەدابە کەقول و باسکی خەمو ناسور لەئامیزم دەگریّ .

قسەکانی وەکو قولابی ماسی گریّ لەناخم گیر دەبوو . من پرم دەدایە قولابەکەی و قولابەکەش پتر نووکی لەملی وورده ماسیەکانی ناخم توند دەکردو بەهیزتر رایدەکوشین ..

کەئەو بەرگەی هەلمژینی تالیو بی ئارامی چاوەروانی ئەم ماوە دوورە پر غەریبیبەی هەبی .. بوچی منیش؟ خۆنم نازانم چون لەدەمم دەربەری ئەمەم پی گووت ..

" چاوەریم مەکە ... نایمەوە . "

ئاگام لەخوم نەبووە دەتگووت هیزیکی ئەفسوناوی بالم پینو دەنی ..

بەشیمان بوومەتەوە .. دەچمە نەوی .. دەبی بچم .. بەفر وکەر توایەوە ناو رووبار .. کی توانای جیابوونەوەیانی هەیە ... گیان و لەش ئەگەر تیکەل یەك تر بوون کی توانای لەیەك

کردنه‌وه‌یانی هه‌یه؟! که‌دوینی به‌م سارده سریه به‌کتـــرمـان جی هیشت .. به‌زوره‌ملی قاچه‌کانم به‌دوای خومدا راکیشا .. هـه‌موو شتی به‌نجه‌ی تاوانی بو دریژ ده‌کردم.. شور ببومه‌وه ناوئوفبانوسی لیکدانه‌وه‌یه‌کی بی سه‌رو شوین .. به‌دوای روخی که‌ناری ده‌گـــه‌رام جنگی لی تونند که‌م‌وخوم ده‌ربازکه‌م .. به‌لام ئه‌وه‌نده‌ی کـــــردم‌و سیـــده خوم هینا و برد ده‌ربازبووتم بو نه‌بوو .

له‌هه‌موو ساتی زیاتریش هه‌ستم به‌ته‌نیایی‌و ناموبی ژیـــــان ده‌کرد .. به‌نزم‌ترین ده‌نگ ده‌وروژام‌و ده‌مکرده قیژه‌و پرتـــــه‌و پۆله .. پتریش کرمی ئوقره لێ هه‌لگیران به‌قولایم هه‌لده‌گـــه‌را و ده‌می‌ره‌نایه خوینی هه‌ناوم .. هه‌لینه‌ڤژی .. ده‌یخواردەوه . دنیـــا له‌به‌ر بینایی گلینه‌کانم له‌نیو کونیکه‌وه خوی نیشان ده‌دا .. ته‌نیا دیویکم ده‌بینی، دیوی نابوتی‌و که‌ساسی‌و له‌یه‌ك دابران و دووری و ئیش .. وه‌کو خه‌نجه‌ر .. پیست‌و ئیسقانه‌کانمی گرتبوه خـــو... له سه‌یرکردنی ریگا و شه‌قام‌و شارو هه‌موو شته‌کانی دی بیزار بـــووم .. له‌هه‌نگاونان و به‌رزکردنه‌وه‌ی قاچه‌کانم وه‌رس بووم . هاتمه‌وه مالی .. جگه‌ره‌یی .. دووان .. پاکه‌تی .. دوکه‌لی جگه‌ره وه‌کو سوپایه‌کی بێژمار سنگی گه‌مارودام . هه‌ناسه‌م سواربوو .. هه‌ر خوله‌میشـــی جگه‌ره بوو له‌به‌نجه‌کانم به‌ره‌و خوار ده‌بووه .. له‌گه‌ل مـــژی هـــه‌ر جگه‌ره‌یه‌کیش چه‌ند دلوپی له‌خوینی لیوه ووشك بووه‌کانم بـــ فلته‌ره‌کانه‌وه ده‌نووسان و به‌زه‌حمه‌ت فلته‌ره‌کانم بو لی ده‌بوونه‌وه.

× × × × × ×

٢ —

له‌نیوان جامی به‌نجه‌ره‌ی ژووره‌که‌مه‌وه .. چاوم بریبووه ئاسوی دووره بینایی ببووبه‌چاوی ته‌له‌سکوبی .. شه‌قام به‌شه‌قـــام .. شار به‌شار ده‌چووه به‌شه‌وه، به‌ئه‌سپایی له‌دول و چیاکان ده‌به‌ریـــه‌وه .. نه‌ده‌وه‌ستاه تا ده‌گه‌یشته سه‌ر یه‌کیك له‌به‌زرایه‌کان .. نزیـــك ئـــه‌و ینه‌ی هه‌موو روژی ، له‌وی یه‌کترمان ده‌گرته باوه‌ش ..

سەیری سوچە تەنیا کانم دەکردو .. لەژیر سیبەری دار بەرووەکە دەمدوزیەوە بەهەمان شیوە چاوەریم بوو .. لەگەل بی دەنگی و خاموشی گەلاکان دەست لەملانێی بوو .. بەقولی چرووبووە نا و رووبەری گەلاییکەوەو وینەی منی تیدا دەبینی .. دەیدوانەدم .. بزەیەکی پر مانای دەهاتی . بەلام چولەکەیەك بەقاچە بچووکەکانی گەلاکەی دەهەژاندەوە .. منی لەبەر چاو وون دەکرد .. ئوقرەی لی هەلدەگیری .. دەشلەژی .

ئەهات ، شتیکی لی هاتووە .. ئەو قسانەی دوینی کردی لەداخا بوو .. باوەر ناکەم .. ئەو ناتوانی بی من بژی .. مروڤ ئەگەر نائومید بوو .. ئاگای لەخوی نامینی .. خورەوشتی دەگوری ! .. سبی لی دەبی بەرەش .. سەوزو سوور لەیەك ناکاتەوە .

دەروانیتە گەلاکە . دیسان لەبەر چاوی قیت دەبمەوە . نەم جارە وا دەزانی لێی دەچمە پێش ، گوی بو تریپەی هەنگاونانەم شل دەکا .. دەقیقەیەك .. دوو .. سی .. چارەگی . ناگەمە لای .. بێئارامی تەمیکی خەست لەبەر بینایی دروست دەکا ، لەنا و تەمەکە رونم دەکا . لەداخا هەلدەستی .. بەدەورو بەری خویدا دەروانی .. هەنگاو دەنی .. ئوینەکە جێدیلی ..

((ئیتر برایەوە ، نایی .. نەهات .. بو نەهات ..؟ جاریکی تر نایبینمەوە .. نامبینیتەوە .. نە دەیبینمەوە؟ . نا دەمبینیتەوە ، بوّ نا ..)

× × × ×

کەمنال بووم ، کەلی جار لەجیاتی پایسکل و جل وبەرگ و بووک شووشە بەلینە جێیەجی نەکراوەکانی باوکم بەتورەیی ئەقوزتەوە ، لەبەیانیوە تائیوارە خەونم بەگەرانەوەی دەبینی .. کەباوکیشم دەگەرایەوە خوزگەی ئەوەم دەخواست کەنەگەرابووایەوە .. بابە کوانێ؟ بوم تەواو نەدەکرا .. گریان قورگمی دەگرت .. ئەوەندە

نه‌ده‌ما دهم شه‌ق ببا .. نه‌مده‌توانی چی تر بلیم .. بویه بـــه قینه‌وه چاوم ده‌بریه باوکم‌و له‌نیو کوشی دایکم ده‌مدایه بـــرمه‌ی گریان ..

به‌یانی بوت دینم .. نیوه‌رو .. ئیواره .. به‌یانی . نیوه‌رو .. ئیواره .. ئیتر نامه‌وی .. نامه‌وی ..

چه‌ند دلوپی باران به‌دیوی ده‌ره‌وه‌ی جامه‌که‌دا ده‌چوریتـــه‌وه و چوراوگه‌ی ئاوه هه‌موو وینه‌و بیرکردنه‌وه‌کانم لیل ده‌کـــــا وینه‌کان .. تابلوی شارو دول و باغچه‌و ره‌زه‌کان سه‌رو ژیر ده‌بن. (قه‌ی ناکا .. چی تیدایه با باران ببارێ .. باران یانی نـــوی بوونه‌وه .. یانی ژیاندنه‌وه .. یانی هاتنه‌وه‌ی خه‌نده سو ســـر لیوه خه‌م له‌سه‌ر نیشتووه‌کان .. ده‌بی بچمه‌وه لای .. ئه‌ی به‌لێن و به‌یمان و ژوانی به‌ترس و بر ده‌ده‌سه‌ری شه‌وانی تووشی زستان .. نابی له‌باران بترسم .. چه‌ترم نیه‌ه چی تیدایه‌ه جا چه‌تـــرم بوچی‌به؟ .. با سه‌ر تاقاچم ئاو له‌شمدا بچوریته‌وه .. ئه‌گـــه‌ر یه‌کی مه‌له‌وان بی چون له‌ته‌ربوون ده‌ترسی؟ . هه‌ر ئیستا هـــه‌موو شته‌کانم تیك ده‌نیم‌و ئیش و کاره‌کانم هه‌موو به‌جی دیلم .. هـــه‌ر یه‌کی له‌جێی من بووایه .. تا ئیستا به‌ناو به‌سته‌له‌ك و زریانـــدا هه‌نگاوی ده‌نا .. ئه‌وه‌ی چاوه‌ریمه .. له‌هه‌موو شتی گه‌وره‌تـــره .. ئه‌و له‌من و براکانی من .. زیاتر کێی هه‌یه .. ئه‌و منه‌و منیـــش ئه‌وم .. هیچ که‌سی له‌من بتر به‌ته‌نگی ئاسوده‌یی‌و به‌خته‌وه‌ری‌و سه‌ر به‌رزی ئه‌و نی‌به .. یه‌کی که‌من بی چون له پیناویدا خوی نـــادا به‌کوشت .. یه‌کی که‌ئه‌و بی چون به‌دویدا ئاواره نابی .. باشـــم وه‌بیردیته‌وه چه‌ند مانگی له‌مه‌وبه‌ره خه‌ریك بوو له‌ناو گـــیژاوی وون بووندا بخنکیم .. که‌چی ئه‌و بالای خوی کرد به‌پردو قـــزو به‌نجه‌کانی کرد به‌گوریس .. خوی بوم شورکرده‌وه .. منیش نـــوند خوم له‌قژو به‌نجه‌کانی لوول داو هاتمه ده‌ری و به‌سه‌ر بالایـــدا به‌ریمه‌وه ناو میرگ و کوبستانیکی پر سه‌وزایی . ده‌بی خیراکـم ..

کاتوا بەرەو تاریکی دەروا .. هیچ نەماوە .. تاڕەگەمە ئەوی پیویستم بەوەختیکی زور هەیە .. تا دەگەمە ئەوی .. ژیانی لێی دڵبی بەدوزەخ .. ئیستا لەوانەیە هەزارویەک خەیاڵ گەلێی بتەنی ..

ووشەکانی دوینی وەکو چەقۆ بەرەو رووی دەربەرین .. جارێکی تر هاواریان لی هەستایەوە .

ـ ئەگەر نەهاتمەوە .. یانی ئیتر .. بومەبنە لیتجیا دەبمەوە .. لەبیرم بەرەوە .. جیابوونەوەمان باشترە .

× بۆ ؟ . نابێ .. چون ؟ ! .. تو ناتوانی .

ـ کەبەیەک نەگەین ...

× تەواوی مەکە .. جیابوونەوە یانی مردن .. یانی غڵبوونەوە لەسەر کێویکی هەزار بەهەزار .

کەوتمە ناو دوزەخی دوو دڵیەوە .. ناچم وازی لێ دێنم .. جیابوونەوەمان باشترە .. ژان و ئازار لێرەوە ببڕیتەوە نە چون !! .. یانی .... ئاخر خو ناشتوانم لێی جیا بمەوە .. دەبێ بەسەر نەخوشی ئەوان زاڵ بم .. ئەوان نەخوش .. پیویستمان بەشورینەوەی دەماخ هەیە .. من کەی ویستوومە ئازاری ئەو بدەم .. کەی ویستومە بێ ئارامی خوینی ناخی هەڵمژی .. دەبێ بجولیمەوە .

بەپەڵە هەموو شتە پیویستەکانم کۆکردەوەو دەرگاکەم کردەوە هاتمە دەرەوە .. نەمتوانی دەرگاکە دابخەمەوە .. بەراکردن دابەزیم، ڕیژنەی باران دەمو ڕووخساری کوتی مەوە .. جل وبەرگم بوو بەجل وبەرگی کابرایەکی خنکاو .. ئیستا هیچ شتێ ناتوانێ لەبریارەکەم پەشیمانم کاتەوە، نابێ بوەستم .. بەئوتومبیل دەچم .. نە . کەراجەکە گەلێ قەرەباڵغە ؟ .

بەڵام ئوتومبیل خیرایەوە زوو دەمگەیەنێ .. نە بەئوتومبیل ناچم؟ چونکە شەقامەکان هێندە پڕن .. توانای چاوەروانی ترم نییە .. وەرس دەبم وا باشترە بەپێ بکەومە ڕێ و لەکۆلانەکەی ئەو دێو

ده‌به‌رمه‌وه‌وه تاخیراش بروم چاکتره .. خو ئه‌وه‌ی خیرا بروا به‌شیت دانانری .. چی تیدایه .. بابلین شیته .. که‌گووتت عاشق .. ئاسن ده‌تویته‌وه .. هه‌موو شتی ده‌توقی .. ده‌ریا ووشك ده‌کا .

- کویر بووی ه بو به‌رچاوی خوت نابینی ؟ .

× ئا کویرم .. شه‌لم .. شیتم .. عاشقم .. ئا عاشقم .. چی ده‌لیی بلی .

له‌گه‌ل یه‌کی خومان لیك دا به‌سه‌ر لاته‌نشتی که‌وتم .. هه‌ستم کرد شتی وه‌کو چه‌قو له‌ژیره‌وه .. له‌خواره‌وه‌ی ناوقه‌دم له‌له‌شم ده‌چه‌قی .. خوم وه‌رگیرا .. ده‌ستم خسته گیرفانمه‌وه .. ملوانکه‌یه‌ك خه‌وی هاویشته ناو له‌پی ده‌ستم .. ده‌رم هینا .. ئه‌ولاو ئه‌م لام پی‌کرد .. بیرم هاته‌وه چاوه‌روانی هه‌موو شتیکی له‌بیر بردومه‌ته‌وه .. دوینی پاش له‌یه‌ك دابران ئه‌م ملوانکه‌یه‌م کری .. بو ئه‌وه‌ی که‌ئامیزم پیدا کرد له‌دواوه له‌ملی کهم .. جا ملوانکه‌و نرخه‌که‌ی چی‌یه .. هه‌زار .. نه‌ ملیونی دینار .. شتی وا له‌ملی ئه‌و به‌پاره ناگوردریته‌وه .. ئه‌و ژیانمه .. بیرو هوشمه .. یاده‌کانمه خه‌مه‌کانمه .. ژانه‌کانمه ..

ده‌بی تاماوم وه‌کو سیبه‌ر به‌دوایه‌وه بم .. وه‌کو پاسه‌وانه‌ش بیبا‌ریزم .. ئه‌وه‌ی چاویشی تی ببری وه‌کو چه‌قو بچمه سه‌ر ملی .

★★★

رۆژانەی هێرۆی

پێ دانی تن

* پێنجوار *

ئەگەر چی تیشکی خورەکە تا دەهات زیاتر گەرمایی دەبەخشی و ئارەقەی دەخستە ناو چاوو سنگ و بەروکان ، بەلام نەیدەتوانی شەپولەکە رابگری و گەرووی خەلکەکە بەتەنگ بینیت . شەقام و کولانانی شار وەك پوورەی هەنگ پیکدا دەهاتن و دەچوون و تیکڕا بەرەو شوین ژوان دەبوونەوە کە دەگەیشتنە سەر شەقامەسەرەکیەکە ریزی خویان دەبەست و لەگەل هاوریکانیا ندا گەرویان دەخستە گەر

دانیشتوانی شار یادی ناخوشی ئەو رووداوە ناهەمواریان دەکردەوە کەچەند سالیك لەودو بەر فروکەی دوژمن شارەکەیانی دایە بەر توپ و خاپووری کردە گەلیك کوڕوکالی لی کوشتن و گەورە پیاو و کیژی رەندی کردە خوراکی ئاگرەکەی وائیستا خەلکی بەرەو گورستانی ئەو خوشەویستانە دەبنەوەو جاریکی تر بەیمانی وەفایان لەگەلدا نوی دەکەنەوە .

شەبولی ریز بەستوان تادەهات گەورەو فراوان دەبوو و وەك دەمیك بیت دەمی بورکانیك نرابیتەوەو ئیستا هاتبیتە تەقین و بلیسە . داخە هەمیشە نویکەی دوژمنیش جاریکی تر سەری کردو تامی کوشتن و خوینی لەزریاندا گیراە بووە گورگی برسی و دەماری درندانەی بلیدا : دەست ریژیك و دوان و سیان . شەهیدی نوی کەوت و شەپولی خەلکەکەیش لیك ترازا . هەندیك بەرەو کولان و کەلەبەرو هەیش بوو بەناو شیوەلوك و جارەگەنمدا خویان گەیاندە گوندە نزیکەکان .

له‌دوای دواوه‌ی ریزه‌که‌دا منداڵیکی ده ساڵانه‌ی یه‌ك قاچ به‌خوی و دارشه‌قه‌که‌یه‌وه که‌وتبوه دوای خوپیشاندەران ، نه‌یده‌ویست له‌و کاروانه دوا بکه‌ویت ، له‌به‌رەوازه بووندا دارشه‌قه‌که‌ی له دەست به‌ری و نه‌یتوانی بچیته‌وه سه‌ری ، ناچار تلاوتل هات تاخوی گه‌یانده گوندیکی نزیك ، به‌دیواری یه‌کەم ماڵی دامینه‌وه خوی گرت و به‌هه‌نگڵه شه‌ڵی گه‌یشته به‌ر دەرگای دەره‌وه ، له‌تاو ئه‌وه‌ی نه‌ك دوژمنی به‌دواوه بێت خوی خسته ئه‌و دیو دەرگاکه ، که‌پیاوی ماڵه‌که منداڵه‌که‌ی به‌و شه‌ڵاڵیه بینی تێی ڕاما و دڵی لێی دا ، به‌ره‌و پیری هات ، پێش ئه‌وه‌ی له‌باوەشی بگرێت و ببیاته ژووری پێی ووت :

- ئه‌ری کاکه بچکۆڵ تو چیت له‌مه داوه‌ه به‌تاقه قاچێکه‌وه چون خوپیشاندانت بۆ دەکریت ؟

منداڵه‌که به‌دەم خۆته‌کاندن و درك له‌دەست و پێی دەرهێنانه‌وه بزه‌یه‌کی هاتی ، سه‌ری هه‌ڵبڕی ، چاوه زیته‌کانی بڕیه کابرا و به‌بڕوا به‌خۆ بوونێکی فره‌وه پێی ووت :

- بۆ خاڵه گیان من کورد تیم !!

★★★

کە - بەروین - بەیانی هەلساو کالەکانی لەبەر کرد دایکی زانی بو کوی دەچیت ، چونکە روژانی پیشوتریش - سامان - و - فەرهاد - هەروا خویان گورج کردو ئیتر نەهاتنەوە . بەدەم سەیرکردنی بەروینەوە گەلیك ختووری بەدلدا هات ، لەچرکەیەکدا هەموو ژیانی خوی بەسەر کردەوە ، لەو کاتەوە کەلەمندالی ئەماندا باوکیان مردوو ئەم بەبیوەژن کوشی بەخیوی کردن و نازاردنیەوە قوتابخانە . ئیستا دوو کورەکەی لەئامادەیی و ئەم تاقە کچەیشی لەناوەندیە ، هەموو هیوایەکی پیگەیاندن و هەستانەوەیان لە سیبەریاندا ، بەلام وائیستا دوانیان مەگەر خوا بزانیت لەکام زیندان و لەژیردەستی کام جانەوەردا دەنالینن و کی نالیت نەیان کوژراون ، خوپیشاندانی شاریش تادیت زیاتر گەرم دەبیت و رەنگ نیە بەم زوانە سووسەی گیراوەکان بکریت ، تەنیا بەروین هاوەڵو ئەویش سەرەی کالە لەبی کردنیەتی ، خوایش دەزانیت چی بەسەردیت . بەروین لەهەستی دایکی گەیشتبووە ویستی بیدویتیتەوە پێی ووت :

- ئەلیی چی دایکە ... هەز دەکەیت ناچم .

دایکی چاوە پر لەفرمیسکەکانی هەلبری و نەیتوانی بەری دلوپەکانی بگریت ، بەخورزانە دامینی ، بەدەم هەناسەیەکی قوولەوە گەرووی پەرداخت و پێی ووت :

- کەیفی خوتە ، بەلام سبەی چی بەهاوریکانت دەلیت ؟

ئەی شەرمەزاری لای فەرهاد و سامانی برات نابیت !!

بەروین ئەوەندەی تر گەشە گرتیەوە هەستا چاوەکانی دایکی ماچ کردو وەك مامزی ناو چیا بوی دەربەری .

کەتاریکی بەسەر شاردا هات بووە - ئامین - هیشتا لەبەر دەرگا چاوەروانی دەکردە کە لەدوورەوە یەکیك دەردەکەوت چاوی ئەم دەبووە چوارو تیز تیژ دەیروانیەوە بەلام بەروین هەر دیار نەبووە شەو گەیشتە نیوەی ، شار کر بووە کەس بەدەرەوە نەما ، نەسووسەی مەل و نەدەنگی ریبواریك نەدەهات . ناچار بووە

ئامین ـ هەستاە پالی بەدەرگاوە دا تا تەزووی قاچی دەربچێتە بە لارە لارە قاچە جەماەکانی بەدوای خویدا کێش کردە بەناو ژوورەکەیاندا کەوتە هەلروانین ە دەستی بەکتێبی فەرهادا دەهێناو بونی بەکراسی سامانەوە دەکردە کەچووە سەر کارتونەپر لەکتێبەکەی پەروێنیش تەواو هێزی قاچی براو لەشوێنی خویدا چوار مشقی دانیشت ە یەک یەک کتێبەکانی هەلگیرو داگیر دەکردە تا ئەلبوومە بچووکەکەی هاتە بەر دەست ە لەیەکەم لاپەرەیدا وێنەی هەرسیکیانی پێوە بووە چاوی تێ برین ، تەواو لێبان وورد بوەوە ، ئاگای لەخوی براو کەوتە لاواندنەوە ، پاشان لەگەلیاندا دەستی بەگفتوگو کردو سکالای ژیان و تەنیایی خوی بو هەلرشتن .

مایسی ١٩٨٢

هەولێر کتێب

ناوەرۆك

وتەی ژمارە ١ـ٣

لیکولینەوە

دەربارەی هونەر بو هونەر

مستەفا غەفوری لە فارسیەوە کردویە بە کوردی ٥ـ١٦

هەویەنی بوون

صەباحی غالب ١٧ـ ٢٠

بەرەو لیکدانەوەی فولکلوری کوردی

خالد جوتیار ..... ٢١ ـ ٢٤

سەرەتایەکی کورت لە میژووی ئەدەب

محەمەد رەنجاو ..... ٢٥ ـ ٣٩

کورتە باسیك دەربارەی نوسەر و ئەزموون

نەوزاد رفعەت ..... ٤٠ ـ ٤٣

شیعر

شیعری کاریکاتیر

جوامیر ..... ٤٤ ـ ٤٥

کۆچی زاوایەکی نامۆ

جەوهەر کرمانج ..... ٤٦ ـ ٥١

ژەنەرال حەقیقەت

هاشم کوچانی ..... ٥٢ ـ ٥٦

گۆرانی سووتاو × کۆچێکی پایزی

شەهاب عوسمان ..... ٥٧ ـ ٥٩

نامەیەك بو لوتکە ئازادەکان
سەعدالله بەروش ..... ٦٠ ـ ٦١
چەند هۆنراوەیەکی ئاگراوی
ریواس جاف ..... ٦٢ ـ ٦٥
وەرزی ئازار
عبدالقادر سێ عید ..... ٦٦ ـ ٦٨
دوو هونراوە
سامی شورش ..... ٦٩ ـ ٧١
لە دایك بوونێکی تر ... فروغی فەرووخزاد
مەوجود سامان کردویە بە کوردی ..... ٧٢ ـ ٧٦
بەختەوەری .... فازل عزاوی
ئازاد ئەحمەد لە عەرەبیەوە کردویە بەکوردی ..... ٧٧ ـ ٧٨
چیروك

ئەگەریمەوە .... ئەبیتریمەوە
وسوو ..... ٧٩ ـ ٨٤
جیا بوونەوە
م. زریان ..... ٨٥ ـ ٩٠
بی داگرتن (روژانە چیروك)
ریبوار ..... ٩٦ ـ ٩٤

هاوڵاتی کتێب

شاعیری شۆرشگێڕی شەهید

جەمیل ڕەنجبەر

ئەم ژمارەیە بەکۆتایی نووسەرانی کوردستان

KURDISTAN'S WRITER No. 5
Magazine of the Union of Kurdistan'S Writers. AGU. 1982

هەواڵنامەی کتێب
نووسەری کوردستان

نووسەرانی کوردستان

هەواڵنامەی کتێب
نووسەری کوردستان